هەرێمی کوردستان - عێراق
پەرلەمانی
کوردستان - عێراق

# پرۆتۆکۆلەکان

# 91

سالْ/ 2013 – بەرگی نەوەت ویەك

چاپی یەکەم/ سالْی 2013

له بڵاوكراوەكانی پەرلەمانی كوردستان - عێراق

ناوی كتێب: پرۆتۆكۆڵەكانی ساڵی(2013)ی پەرلەمانی كوردستان - عێراق
بەرگی: 91
چاپی یەكەم: 2013
تیراژ: 250
پێداچوونەوە: محمد حسن رۆژبەیانی
نەخشەسازی: سنوبر صابر حسن
ئینصات كردن: شەرمین خضر، نەورۆز شێرزاد، گزەنگ ابراهیم، دلێر اكرم، بەختیار جمیل، شوان محمد، نەهلە اسعد. كۆڤان خسرۆ، مروان ابراهیم.
ژمارەی سپاردنی بە كتێبخانەی نیشتمانیی هەرێمی كوردستان:

# پێرِیست


پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (9) خولی سێیەمی هەڵبژاردن – دوو شەممە 2013/4/22 ل 5

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (10) خولی سێیەمی هەڵبژاردن – سێ شەممە 2013/4/23 ل 47

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (11) خولی سێیەمی هەڵبژاردن – چوار شەممە 2013/4/24 ل 133

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (12) خولی سێیەمی هەڵبژاردن – دوو شەممە 2013/4/29 ل 155

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (13) خولی سێیەمی هەڵبژاردن – سێ شەممە 2013/4/30 ل 211

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (14) خولی سێیەمی هەڵبژاردن – دوو شەممە 2013/5/6 ل 279

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (15) خولی سێیەمی هەڵبژاردن – سێ شەممە 2013/5/7 ل 341

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (16) خولی سێیەمی هەڵبژاردن – چوار شەممە 2013/5/8 ل 359



# پەرلەمانی كوردستان - عێراق

**پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (9)**

**دوو شەممە رێكەوتی 22\4\2013**

**خولی سێیەمی هەڵبژاردن**

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (9)

## دوو شەممە رێکەوتی 2013/4/22

کاتژمێر (11)ی پێش نیوەڕۆی رۆژی دوو شەممە رێکەوتی 2013/4/22 پەرلەمانی کوردستان - عێراق بە سەرۆکایەتی د.ارسلان بایز اسماعیل سەرۆکی پەرلەمان و، بە ئامادەبوونی بەڕێز د. حسن محمد سورە جێگری سەرۆك و، بەڕێز فرست أحمد عبداللە سکرتێری پەرلەمان, دانیشتنی ژمارە (9)ی خولی سێیەم, ساڵی (2013) ی خۆی بەست.

**بەرنامەی کار:**

بەپێی حوکمەکانی برگە (1)ی مادده (20) لە پەیرەوی ناوخۆی ژمارە (1)ی هەموارکراوی ساڵی 1992ی پەرلەمانی کوردستان - عێراق, دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان بڕیاری درا دانیشتنی ژمارەی (9)ی خولی سێیەمی هەڵبژاردن لە کات (11)ی پێش نیوەڕۆی رۆژی دوو شەممە رێکەوتی 2013/4/22 دا بەم شێوەیە بێت:

1/ بەردەوام بوون لەسەر خستنە ڕوو و گفتوگۆ کردنی پرۆژە یاسای هەموار کردنی یەکەمی یاسای ئیمتیازاتی زیندانی کراو و ڕاگیراوی سیاسی ژمارە 11ی ساڵی 2011.

2/ خوێندنەوەی یەکەمی پرۆژە یاسای هەموار کردنی ماددەی 4 لە یاسای ژمارە 22 ی ساڵی 2003 ی یاسای لەکارخستنی ماددەگەلێك لە یاسای بنەمای دادگایی کردنی سزایی ژمارە 23 ی ساڵی 1971.

3/ خوێندنەوەی یەکەمی پرۆژەی هەموار کردنی یاسای وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی لە هەرێمی کوردستان ژمارە 12 ی ساڵی 2007.

4/ خوێندنەوەی یەکەمی پرۆژە یاسای جێ بەجێ کردنی نفازی یاسای ئیمتیازاتی لێکۆڵەرە دادیەکان ژمارە 80 ی ساڵی 2012ی ئیتحادی لە هەرێمی کوردستان.

5/ خوێندنەوەی یەکەمی پرۆژە یاسای هەموار کردنی سێیەمی یاسای پارێزەرایەتی لە هەرێمی کوردستان ژمارە 17 ی ساڵی 1999.

6/ خوێندنەوەی یەکەمی پرۆژە یاسای هەموار کردنی سێیەمی یاسای سەندوقی خانەنیشینی پارێزەران ژمارە 18 ی ساڵی 1999 .

7/ خستنەڕوو و گفتوگۆ کردنی پرۆژە یاسای دیاری کردن و وەرگرتنی شایستە داراییەکانی هەرێمی کوردستان ـ عیراق لە داهاتەکانی فیدڕاڵ.

8/ خستنەڕوو و گفتوگۆ کردنی پرۆژە یاسای هەموار کردنی یەکەمی یاسای دەستەی گشتی هەرێمی کوردستان بۆ ناوچە ناکۆکی لەسەرەکان ژمارە 2 ی ساڵی 2010.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

بەناوی گەلی کوردستان. دانیشتنی ئەمرۆمان دەست پێ دەکەین، پەرلەمانی کوردستان، خولی سێیەمی هەڵبژاردن، ساڵی چوارەم، خولی گرێدانی دووەم، ژمارەی دانیشتن 9، ڕۆژی دانیشتن 2013/4/22، بەرنامەی کار، بە پێی حوکمەکانی بڕگە 1ی ماددەی 20 لە پەیڕەوی ناوخۆی ژمارە 1ی هەموار کراوی ساڵی 1992 ی پەرلەمانی کوردستانی عیراق. دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان بڕیاری دا بەرنامەی کاری دانیشتنی ژمارە 9 ی ئاسایی خولی سێیەمی هەڵبژاردن لە کات 11ی پێش نیوەڕۆی ڕۆژی دوو شەممە ڕێکەوتی 2013/4/22 بەم شێوەیە بێ:

1/ بەردەوام بوون لەسەر خستنە ڕوو و گفتوگۆ کردنی پرۆژە یاسای هەموار کردنی یەکەمی یاسای ئیمتیازاتی زیندانی کراو و ڕاگیراوی سیاسی ژمارە 11ی ساڵی 2011.

2/ خوێندنەوەی یەکەمی پرۆژە یاسای هەموار کردنی ماددەی 4 لە یاسای ژمارە 22 ی ساڵی 2003 ی یاسای لەکارخستنی ماددەگەلێك لە یاسای بنەمای دادگایی کردنی سزایی ژمارە 23 ی ساڵی 1971.

3/ خوێندنەوەی یەکەمی پرۆژەی هەموار کردنی یاسای وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی لە هەرێمی کوردستان ژمارە 12 ی ساڵی 2007.

4/ خوێندنەوەی یەکەمی پرۆژە یاسای جێ بەجێ کردنی نفازی یاسای ئیمتیازاتی لێکۆڵەرە دادیەکان ژمارە 80 ی ساڵی 2012ی ئیتحادی لە هەرێمی کوردستان.

5/ خوێندنەوەی یەکەمی پرۆژە یاسای هەموار کردنی سێیەمی یاسای پارێزەرایەتی لە هەرێمی کوردستان ژمارە 17 ی ساڵی 1999.

6/ خوێندنەوەی یەکەمی پرۆژە یاسای هەموار کردنی سێیەمی یاسای سەندوقی خانەنیشینی پارێزەران ژمارە 18 ی ساڵی 1999 .

7/ خستنەڕوو و گفتوگۆ کردنی پرۆژە یاسای دیاری کردن و وەرگرتنی شایستە داراییەکانی هەرێمی کوردستان ـ عیراق لە داهاتەکانی فیدڕاڵ.

8/ خستنەڕوو و گفتوگۆ کردنی پرۆژە یاسای هەموار کردنی یەکەمی یاسای دەستەی گشتی هەرێمی کوردستان بۆ ناوچە ناکۆکی لەسەرەکان ژمارە 2 ی ساڵی 2010.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان):**

بەخێرهاتی بەڕێزان وەزیری کاروباری شەهیدان و وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان و وەفدە یاوەرەکانیان دەکەین بەخێر بێن، ئێستا ژمارەیەك لەو خاڵانەی کە لە بەرنامەی کار هاتووە خوێندنەوەی یەکەمە بۆ پرۆژەکان، کاك حەمە سعید فەرموو.

**بەڕێز حەمە سعید حەمە علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من دەست خۆشی دەكەم بۆ بەرنامەی كار و خوێندنەوەی یەكەم و گفتوگۆ لەسەر ئەو پرۆژە یاسایانە، بەڵام ئەمە لیستێكە كە جەنابتان ناردووتانە بۆ لیژنەكان كە بە لیست بە 56 پرۆژە یاسا كە ئەم 56 پرۆژە یاسایە هەیانە 2 ساڵ و زیاترە، هەیانە ساڵێك زیاترە خوێندنەوەی یەكەمی بۆ كراوە و لە لیژنەكان دایە، ئەو پرۆژە یاسایانە زۆریان هەیە كە گرنگن و دەبێ ئەولەویەتیان پێ بدرێ جەنابت جەخت بكەیتەوە، بۆنموونە هەموار كرنی لایحەی پەرلەمان، داواكاری گشتی و كۆمسیۆنی هەڵبژاردنەكان، یاسای حیزبەكان، بودجەی ئەحزاب و سندووقی داهاتە نەوتی و غازیەكان، سەندوقی داهاتەكانی كوردستان، باجی كۆمپانیاكانی بەرهەمهێنانی نەوت لە هەرێمی كوردستان، ڕێكخستنی خۆپیشاندان، چەندین یاسای تر هەیە بەڕەنگاربوونەوەی گەندەڵی، كە ئەوانە پێموایە یاساگەلێكی گرنگن، ڕاستەهەموو یاسایەك گرنگی خۆی هەیە، بەڵام ئەولەویەت بدرێ بەو یاسایانە من پێموایە وسوپاست دەكەم هەر وەكو بیر خستنەوەیەك و لەگەڵ ڕێزدا.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆكی پەرلەمانی كوردستان):**

یەكەم/ دیارە كە هەموو یاسایەكان بەیەكەوە موناقەشە ناكرێ، دووەم/ هەندێ لەو یاسایانە لە هەندێ لیژنەكان تەواو نەبوون، سێیەم، حكومەت كە ئەداتی تەنفیزی و تەرەفی تەنفیزیە لە جێ بەجێ كردنی ئیش و كارەكانی حكومەت یاساكان بە زەرورتر دەزانێ، دەبێ ئێمە موراعاتی ئەو مەسەلانە بكەین، تكا لە هەموو لیژنەكان دەكەین دەست و برد بكەن لەو پرۆژە یاسایانەی كە لەبەردەستیانە بۆ تەواوكردنی، فەرموو كاك دڵشاد.

**بەڕێز دڵشاد حسین:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

وەك ئاگادارن ئەمڕۆ ساڵیادی ڕۆژنامەگەری كوردیە، بۆیە حەقە ئێمەی پەرلەمانتار چەند پرسیارێك كە پەیوەستە بە وەزعی ڕۆژنامەگەری كوردی و ئازادی گواستنەوەی دانیشتنەكانی پەرلەمان پرسیار بكەین، پرسیارمان لەسەر ئەوەیە دانیشتنەكانی پەرلەمان بە چ ئالیەتێك دەگوازرێتەوە؟ بڕیاردان لە داخستنی كەناڵەكە و ئەو ئالیەتانەی كە دانراوە.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆكی پەرلەمانی كوردستان):**

ئەوە نوقتەی نیزامی نیە تكایە، لە شوێنی خۆت دانیشە، نوقتەی نیزامی نیە دەتوانی وەك پێشنیارێك تەقدیمی بكەی بۆ سەرۆكایەتی پەرلەمان و موناقەشەی بكەین، چونكە ئەوە لە لەبەرنامەی كاردا نیە، دەتوانی وەكو داواكاری، وەكو سوئالێك، پێشنیارێك ئاراستەی سەرۆكایەتی پەرلەمانی بكەی، پێشنیاری ئەوە هەیە كە ئەو خاڵانەی كە خوێندنەوەی یەكەمی بۆ كرا، پێشیان بخەین، ئینجا دوایی بێینەوە سەر خاڵی

یەکەم کە بەردەوام بوون و خستنەڕوو و گفتوگۆ کردنە، کێ لەگەڵ ئەوە دایە خاڵی 2 و 3و 4و 5 و 6 خوێندنەوەی یەکەمی پرۆژە یاساکانن پێش بخرێت تکایە دەست بەرز بکاتەوە؟ 54 کەس لەگەڵ دایە، کێ لەگەڵ دانیە؟ 2 کەس لەگەڵ دانیە، بە زۆرینەی دەنگ پەسەند کرا، فەرموون لیژنەی یاسایی بۆ سەکۆی لیژنەکان، نوقتەی نیزامیت هەیە فەرموو.

**بەڕێز عبدالله محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە قسەکەی بەڕێزتە.... .

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان):**

تکایە ئەوە جێگەی ئەوە نیە، دەتوانن بێن بۆ سەرۆکایەتی پەرلەمان و بۆتانی شەرح بکەین نە لە بەرنامەی کارە و نە نوقتەی نیزامیشە و عیلاقەی بەو مەوزوعانەوە نیە، تکایە لە شوێنی خۆت دانیشە و دەتوانن بفەرموون لە خزمەتتان دەبین، پرسیارەکانتان وەڵام دەدەینەوە لەسەرۆکایەتی پەرلەمان، کاك عونی فەرموو.

**بەڕێز عونی کمال بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پرۆژەیەك لەلایەن سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانەوە پێشکەشی پەرلەمان کراوە تایبەت بە هەموار کردنی ماددەی 4 لە یاسای ژمارە 22 ی ساڵی 2003 ئەم پرۆژەیە لە 3 مادده پێکهاتووە داوا لە سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان دەکەم ئاراستەی لیژنەی تایبەتمەند و ئەندامانی پەرلەمانی بکات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان):**

خاڵی یەکەم ئاراستەی لیژنەی قانونی و سەرجەم پەرلەمانتارە بەڕێزەکانی دەکەین، خاڵی دووەم، فەرموو.

**بەڕێز عونی کمال بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

خاڵی دووەم، پرۆژەی دووەم لە لایەن سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانەوە پێشکەش کراوە، بۆ هەموار کردنی یاسای وەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتی، پرۆژەکە لە 7 مادده پێکهاتووە، داوا لە سەرۆکایەتی پەرلەمان دەکەم ئاراستەی لیژنەکانی تایبەتمەند و ئەندامانی پەرلەمانی بکات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان):**

ئاراستەی لیژنەکانی یاسایی و کۆمەڵایەتی و سەرجەم پەرلەمانتارە بەڕێزەکان دەکرێ، کاك عونی فەرموو.

**بەڕێز عونی کمال بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پرۆژەیەك لەلایەن ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمانەوە پێشكەش كراوە سەبارەت بە ئینفاز كردنی یاسای موحەققینی قەزائیین ژمارە 80 ساڵ 2012 لە هەرێمی كوردستان، ئەم پرۆژەیە لەلایەن ئەو ئەندامە بەڕێزانە واژوو كراوە، (د.احمد وەرتی، عونی بەزاز، كاردۆ محمد، گۆران ئازاد، ئاسۆ كریم، عمر عبدالرحمن، ئارام قادر، فاضل حسن، یەشار نجم الدین، عبدالقادر بازرگان، گوڵیزار قادر، د.جیهان اسماعیل، حەمە سعید حەمە علی، ئارام شاهین داود، عمر عبدالعزیز)، ئەم پڕۆژەیە لە 5 مادده پێك هاتووە لەگەڵ هاوپێچەكەی یاسای ژمارە 80 ی ساڵی 2012 (قانون امتیازات المحققین القضائیین العراقی)، داوا لە سەرۆكایەتی پەرلەمان دەكەم ئاراستەی لیژنەكانی تایبەتمەند و ئەندامانی پەرلەمانی بكات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆكی پەرلەمانی كوردستان):**

ئەم پرۆژە یاسایە ئاراستەی لیژنەكانی یاسایی و دارایی و وێنەیەك دەنێردرێ بۆ حكومەتی هەرێمی كوردستان و سەرجەم پەرلەمانتارە بەڕێزەكانی دەكەین، كاك عونی بۆ خاڵێكی تر فەرموو.

**بەڕێز عونی كمال بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەم پرۆژەیە لەلایەن ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمانی كوردستانەوە پێشكەش كراوە، سەبارەت بە هەمواركرنی سێیەمی یاسای پارێزەرایەتی هەرێمی كوردستان ژمارە 17 ی ساڵی 1999 ی هەموار كراو، ئەم پرۆژەیە لەلایەن ئەو ئەندامە بەڕیزانە واژوو كراوە، (عونی بەزاز، كاوە محمد امین، ئەڤین عمر، ئارام قادر، كاردۆ محمد، دڵشاد حسین، ئاسۆ كریم، ئاواز عبدالواحد، د.احمد وەرتی، نەژاد عزیز، هاژە سلیمان) ئەم پرۆژەیە لە 10 مادده پێكهاتووە، داوا لە سەرۆكایەتی پەرلەمان دەكەم ئاراستەی لیژنەكانی تایبەتمەند و ئەندامانی پەرلەمانی بكات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆكی پەرلەمانی كوردستان):**

ئەم پرۆژە یاسایە ئاراستەی لیژنەكانی یاسایی و وێنەیەك بۆ حكومەت دەنێردرێ و بۆ سەرجەم پەرلەمانتارە بەڕێزەكان، بۆ خاڵێكی تر كاك عونی فەرموو.

**بەڕێز عونی كمال بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پرۆژەیەك لەلایەن ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمانەوە پێشكەش كراوە، سەبارەت بە هەمواركردنی سێیەمی یاسای سەندوقی خانەنیشینی پارێزەران ژمارە 18 ی ساڵی 1999 ی هەموار كراو، ئەو ئەندامانەی كە واژوویان كردووە(عونی بەزاز، كاوە محمد امین، ئەڤین عمر، ئارام قادر، كاردۆ محمد، دڵشاد حسین، ئاسۆ كریم، ئاواز عبدالواحد، د.احمد وەرتی، نەژاد عزیز، هاژە سلیمان) ئەم پرۆژەیە لە 7 مادده پێكهاتووە داوا لە سەرۆكایەتی پەرلەمان دەكەم ئاراستەی لیژنەكانی تایبەتمەند و ئەندامانی پەرلەمانی بكات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆكی پەرلەمانی كوردستان):**

ئەم پرۆژە یاسایە ئاراستەی لیژنەکانی یاسایی و دارایی دەکەین، وێنەیەکیش بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕەوانە دەکەین لەگەڵ سەرجەم پەرلەمانتارە بەڕێزەکان، ئێستا دەگەڕێینەوە سەر بەرنامەی کاری خاڵ یەکەم، کە دەبێتە خاڵی شەشەم بۆ بەردەوام بوون لەسەر خستنەڕوو گفتوگۆ کردنی پرۆژە یاسای هەموار کردنی یەکەمی یاسای ئیمتیازاتی زیندانی کراو و ڕاگیراوی سیاسی، ژمارە 11 ی ساڵی 2011 . داوا لە لیژنەی شەهیدان دەکەین فەرموون بۆ سەکۆی لیژنەکان، ئێمە لەسەر سیاغەی ماددەیەك وەستابووین، ئێستا ئێمە چاوەڕێی سیاغەکەی ماددەکە دەکەین، بۆ ئەوەی بیخەنە دەنگدانەوە، کاك عونی فەرموو.

**بەڕێز عونی کمال بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دوای تێبینی کردنی ڕاو سەرنجی ئەندامانی پەرلەمان بۆ سیاغە کردنی ماددەی دووەمی پرۆژە یاسایەکە سیاغەکە بەو شێوەیەیە:

المادة الثانية:

تعدل المادة الرابعة من القانون وتقرأ كالاتي:

اولا/ تشكل الوزارة لجان في مراكز المحافظات في الاقليم وادارة گەرميان برئاسة قاضي يرشحه مجلس القضاء في الاقليم و عضوية ممثلي الوزارات الاتية بدرجة مدير للبت في طلبات المشمولين باحكام هذا القانون.

1/ وزارة شؤون الشهداء والمؤنفلين.

2/ وزارة الداخلية.

3/ وزارة المالية والاقتصاد.

ثانيا/ يثبت السجين او المعتقل السياسي امام اللجنة بالطرق القانونية وفقا لاحكام قانون الاثبات المرقم 107 لسنة 1979 المعدل النافذ في الاقليم.

ثالثا/ تصدر اللجنة قرارها بالاغلبية وعند تساوي الاراء يرجح الرأي الذي يصوت معه الرئيس ويكون قرارها قابلا للطعن امام المحكمة الادارية وفقا لاحكام قانون مجلس شورى الاقليم رقم 14 لسنة 2008.

رابعا/ تتولى الوزارة رفع القرارات المتخذة من قبل اللجنة الى الوزارات المعنية لاتخاذ المقتضى القانوني بصددها وفقا لاحكام هذا القانون.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان):**

جەنابی وەزیر فەرموو.

**بەڕێز ئارام احمد (وەزیری شەهیدان وئەنفالکراوان):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

زۆر سوپاس بۆ بەڕێز سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان و بۆ ئەم دانیشتنەش بۆ بەڕێزتان، سەبارەت بە ئەو ماددەیە ئێمە پێکەوە دانیشتین لەگەڵ ئەو بەڕێزانە پێشتر بۆ ئەوەی پوختی بکەینەوە، بۆیە ئێمە پێمان باشە و تەحەفوزی ئەوەمان هەیە تۆزێ وەکو هەفتەی ڕابردووش باسمان کرد، ئەو لیجانانە وەکو حاکم تەقریبەن قەرارێکی موتڵەقیان هەیە، ئێمە پێویستمان بەوە هەیە پرۆسەیەك هەبێ لەڕووی داڕشتنی سیاسەتی گشتی ئەم ئەرکە لە وەزارەتەوە، یەعنی لیژنەیەکی ناوەندیمان هەبێ بۆ تەماشا کردن یان ئەو بڕگەیەی کۆتایی کە جەنابی باسی کرد (تتولى الوزاره رفع القرارات) یەعنی هەر رەفع نەبێ تەدقیقیشی لەگەڵ بێ، ئەو دەقە ئەوەی بڕگەی 4 دەڵێ (تتولى الوزاره رفع القرارات) یەعنی (تدقيق ورفع القرارات)، یەعنی تەدقیقیش هەبێ، چونکە ئەشکالی مەحەلی دروست دەبێ.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان):**

ئێمە وەختی خۆی زۆر موناقەشەمان کرد، ئێستا دیسان بەنوقتەی نیزام چەندین کەس موناقەشەی کرد، دیسانەوە دەست پێ بکەینەوە؟ کاك عبدالسلام فەرموو.

**بەڕێز عبدالسلام بەرواری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تکایە ئەگەر نیزامی نەبێت پێم بڵێ، ئێمە گفتوگۆیەکی درێژمان کرد لەسەر چەند خاڵ و چەند پێشنیار هات، بەڵام پێشنیارەکان ڕەچاو نەکراون، دەبێ بخرێنە دەنگدان پێش ئەوەی دەقێکی نیهائی ببێت، مەسەلەن ناوهێنانی ئیدارە، ئیدارات بێ، گەرمیان بێ، هەر ناو نەهێنی ئەوە تەقریبەن سەعاتێك ئەو موناقەشەیە کرا، وەکەئەنەهو ئەو نەبووە، بۆیە بەتەسەوری من ئەم نوقتەیە دەبێ پێش ئەوەی دەنگ بدەین لەسەر ماددەکە، ئەو پێشنیارانە بخرێنە دەنگدان و ئەگەر ڕەد کران تەواو، ئەوە یەك، دوو/ ڕەئیەك هەبووکە باسی گەرمیان وەکو ناونەهێنن بڵێن (الادارات المستقله)، ڕەئیەك هەبوو (وكافه الاشكالات الاداريه)، ڕەئیەك هەبوو دەیانگوت هەر باسی نەکەین، چونکە ئەو ئیداراتی موستەقیلە هەرچەندە ڕەسمیەن سەنەدی قانونی نیە، بەڵام ئێمە تەعامولیان لەگەڵ دەکەین و وەکو ئەوانە دوو، سێ ڕەئی هەبوو، مەسەلەی لیجنەکە (ترتبط بالوزارة) من مودیر عامم لە وەزارەتێك مورتەبت نیم بە وەزارەتی شوهەدا، مورتەبتم بە وەزارەتەکەی خۆم، ئێمە لە چەند لیژنەی موشتەرەکی ترمان کردووە، (برئاسه أو بأشراف مەسەلەن فلان وەزیر)، نەبووە تۆ لیژنەیەك تەشکیل بکەی تەرتەبت بە وەزارەت، چونکە ئەندامەکانی لە وەزارەتێکی ترن، نەسەکە بخوێننەوە، موهیم ئەوە بوو نوقتەی نیزامیەکەم، ئەو چەند ڕەئیە دەبێ بخرێنە دەنگدان، دوو، ئەمە ئەگەر تەرتەبتی بە وەزارە بێ ئەوانە موەزەفی وەزارەتی ترن، ناکرێ، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان):**

گوڵیزار خان فەرموو.

**بەڕێز گوڵیزار قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە لە کۆبوونەوەی ڕابردوو چەند سەعاتێك ئێمە لێرە موناقەشەمان کردووە و ڕەئی یەك ئەندام پەرلەمان لێرە نەخراوەتە دەنگدانەوە و نەنووسراوە لەلایەن ئەم لیژنەیە، ئێمە لە کوردستان بن بەردو لە دێ و شار و دێهات نەماوە کە ئەنفال و سجن و شەهیدی تێدا نەبێ، بۆچی یەك ئیدارە بە تاقی تەنیا بێ و یان موحافەزەکان بێ، یان ئەوەتا هەمووی بگرێتەوە بەڕاستی، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان):**

سۆزان خان فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، من پشتگیری لە تەرحەکەی بەڕێز وەزیری شەهیدان دەکەم، بەوەی کە فیعلەن دەبێ ئەو قەراراتە موتڵەقە تەنها لەلای ئەو لیژنەیە نەبێ، ئەو لیجانانە لە کۆتایی دا لە وەزارەت بە فلتەری ئەخیردا بڕۆن، بەڕێزان ئەمە کارێکی قەزائی نیە کەس نەتوانێ تەعنی تیا بکات، بەڵێ دەبێ فلتەر هەبێ، لەبەرئەوەی هەندێ تەجاوزات هەیە، لەبەر بوونی ئەو تەجاوزاتانە من پشتگیری لەو ڕەئیە دەکەم، بۆ ئەوەی ئەو تەجاوزاتانە نەهێڵدرێ، ئەگەر حەز دەکەن لە دوایی دا دەیڵێم، بەڵام حەز ناکەم لەم مینبەرەوە باسی تەجاوزاتەکان بکەم، بۆیە من پشتگیری وەزیر دەکەم.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان):**

لیژنەی هاوبەش، کاك عونی فەرموو.

**بەڕێز عونی کمال بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە لە دانیشتنی ڕۆژی 4/16 وەڵامی ئەو پێشنیارانەمان دا کە ئەندامانی پەرلەمان پێشکەشیان کرد، وتمان ئەو پێشنیارانە ئەگەر موخالفی قانونە و یان موخالفی قەوانینی مەعمولە و یان موخالفی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانە، ئێمە پێمان وەرنەگرتووە، تەنها ئەو پێشنیارانە کە قانونیە جێ بەجێ مان کردووە، جەنابی کاك عبدالسلام بەرواری دەڵێ تەرتەبت بە وەزارە، ئێمە لە پرۆژەکەی کە ئێستا خوێندمانەوە نووسیومانە (ترتبط بالوزارة) دووبارەی دەکەمەوە بەو شکلەیە:

تعدل المادة الرابعة من القانون وتقرأ كالاتي:

اولا/ تشكل الوزارة لجان فى مراكز المحافظات فى الاقليم وادارة گەرميان برئاسة قاضى يرشحه مجلس القضاء فى الاقليم و عضوية ممثلى الوزارات الاتية بدرجة مدير للبت فى طلبات المشمولين باحكام هذا القانون.

1/ وزارة الشؤون الشهداء والمؤنفلين.

2/ وزارة الداخلية.

3/ وزارة المالية والاقتصاد.

واتە ئێمە نەمانگووتووە تەرتەبتی بە وەزارە، وەزارەت لەبەرئەوەی خۆی لیژنەکان دادەمەزرێنێ.

ثانيا/ يثبت السجين او المعتقل السياسى امام اللجنة بالطرق القانونية وفقا لاحكام قانون الاثبات المرقم 107 لسنة 1979 المعدل النافذ فى الاقليم.

ثالثا/ تصدر اللجنة قرارها بالاغلبية وعند تساوى الاراء يرجح الرأى الذى يصوت معه الرئيس ويكون قرارها قابلا للطعن امام المحكمة الادارية وفقا لاحكام قانون مجلس شورى الاقليم رقم 14 لسنة 2008.

رابعا/ تتولى الوزارة رفع القرارات المتخذة من قبل اللجنة الى الوزارات المعنية لاتخاذ المقتضى القانونى بصددها وفقا لاحكام هذا القانون.

ئەم چوار بڕگەیە لە ماددەی 2 کە بەو سیاغەیە داڕێژراوە و ئێستاش ڕەئی ئەندامانی پەرلەمانە ئەگەر دەنگی بۆ نادەن دەتوانین دیسانەوە بیگۆڕینەوە، بەڵام ئەوە بەڕاستی کارێکی قورسە، چونکە زۆر موناقەشەمان کرد و لە ئەنجامی ئەو موناقەشانە ئەو سیاغەمان دانا.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان):**

کاک عمر فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو سیاغەیەی کە کاک عونی خوێندیەوە تورقی تەعنیشی تیایە و حەقیش دراوە بە لیژنەکە ئەوەی کە سۆزان خان باسی لەسەر دەکات، کە تەدقیقی موقەرەراتی ئەو لیژنەیە، یەعنی نە تەدقیق کردنەوە لەسەر ئەوە، یەعنی تەدقیق کردنی ئەو موستەمسەکاتانە و ئەو شەهاداتانەی کە پێشکەش کراوە بەو لیژنەیە ئەمە لێرە دەری دەخات ئەو کەسە سەجینە یان سەجین نیە، بەهەر دوو حاڵەتەکەی ئەگەر سەجین بێ و ئەگەر سەجین نەبێ، حەقی تەعنی دراوەتی لەبەردەمی مەحکەمەی ئیداری، ئەمە لەلایەك، لەلایەکی دیکەوە ئێمە پێویستە ئەو پرسیارە لە جەنابی وەزیر بکەین بۆمان ڕوون بکاتەوە، ئایا ئێستا لە وەزارەتەکەدا مودیریەتێك هەیە هەستێ بە کاروباری ئەم سەجینە سیاسیانە، دەکرێ جەنابی وەزیر بە گوێرەی ماددەی 18 لە یاسایەکەی خۆی کە ئیستحداسی مودیریەت و شوعەب و ئەقسام و ئەمانە بکات، دەکرێ ئەم عەمەلیەتی تەدقیقە لەلایەن جەنابی وەزیر لە وەزارەتەوە بکرێ، ئەگەر مودیریەتێکیان هەیە، دوای ئەو لیژنەیە تەدقیقی ئەو قەرارانە بکەن دواتر کێ بەدڵی نیە تورقی تەعن بگرێتە بەر بۆ خۆی و سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان):**

کاک قادر فەرموو.

**بەڕێز قادر حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە لە دانیشتنی پێشوومان ژمارەیەك كە تەسەور دەكەم حەوت تا هەشت ئەندامی بەڕێزی پەرلەمان بوو داوامان كرد كە ئیدارەی ڕاپەڕین داخڵ بكرێ، من ئێستاش دووبارەی دەكەمەوە ئەو ڕایەی خۆمان، ئیدارەی ڕاپەڕین بە فەرمانێكی ڕەسمی سەرۆكایەتی هەرێمی كوردستان بە مەرسوم دانراوە جیاوازیەكی نیە لەگەڵ ئیدارەی گەرمیان، بۆیە دەبێ ئیدارەی ڕاپەڕینیشی بۆ زیاد بكرێ، یان پێشنیار دەكەم وەكو جاری پێشوو وابكرێ بۆ ئەوەی ئەگەر لە ئاییندەش دا ئیدارەی تر كرانەوە بڵێین ئیدارە سەربەخۆكان یان هەر عینوانێكی تری لێ دەنرێ، چونكە ناكرێ فەرمانی مەرسومی سەرۆكایەتی هەرێم لەبەرچاو نەگیرێ كە بۆ ئیدارەیەكی تایبەت بۆ سنوورەكە دەرچووە، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆكی پەرلەمانی كوردستان):**

جەنابی وەزیر فەرموو.

**بەڕێز صباح احمد(ئارام) (وەزیری شەهیدان و ئەنفالكراوان):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمە دەربارەی ئەم خاڵە چەند جار دووپاتمان كردووەتەوە، یەعنی لایەنی سیاسی تیایە دەبێ دەسەڵاتی موتڵەق نەدرێتە مەحەلی، باسی پرۆسەی شەهیدان دەكەم، یەعنی هاوشێوەیە، یەعنی ساغ كردنەوەی یەكێك شەهیدە یان شەهید نیە، دوو فلتەرمان داناوە، لەناوچەكان، لە بەڕێوبەرایەتیەكان لیژنەیەك هەیە، لەڕووی مەحەلیەوە ساغی دەكەنەوە دوای ئەوە ڕەئی خۆشیان دەردەبڕن، بەرزی دەكەنەوە بۆ ئێمە لەوەزارەت لیژنەیەكی ناوەندیمان داناوە دیسان پێداچوونەوە دەكەن، ئەو لیژنەیە هەم دەرفەتی ئەوە دەدات سیاسەتی گشتی كارەكە ببینێ چۆنە، هەم ڕێگەش دەگرێ بەڕاستی ئەم پرۆسانە زۆر ساغ نین، یەعنی دەیان دەرگا و بەڵگەی جیاجیا هەیە دەبێ ئێمە دەسەڵاتێكمان هەبێ بۆ ساغ كردنەوە و پێداچوونەوەیەك، نەك لە ڕووی مەحەلیەوە ئەو كارە بكرێ دوایی ئێمە دەسەڵاتمان نەبێ و بڵێین (تو لەیت) یەعنی ئێستاكە پرۆسەی شەهیدان وایە و پرۆسەی زیندانی سیاسیش پێمان وایە دەبێ تەدقیق بكرێتەوە لە وەزارەتەوە، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆكی پەرلەمانی كوردستان):**

بەخوای ناوی هەمووتان دەنووسم حەز دەكەن هەتا سبەینێ دادەنیشین، هیچ موشكلەمان نیە، ئەم بەڕێزانە ناویان نووسراوە، پەیام خان، كاك عبدالرحمن، كاك سەردار، كاك گۆران، كاك ئارام، د.احمد، تەبعەن ئەوە پێشتر زیاد لە سەعاتێك موناقەشەمان كردووە، ئەم ناوانە ئیزافە كران، كوێستان خان و تارا خان، پەیام خان فەرموو.

**بەڕێز پەیام احمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

دیارە ئێمە پێشتر موناقەشەیەكی زۆر كرا لەسەر ئیدارات، هێشتا ئەوە نەخراوەتە دەنگدانەوە و یەكلایی نەكراوەتەوە، بەڵام لیژنە بۆخۆیان ناوی ئیدارەی گەرمیانیان تەنها هێناوە، چەند كەسێك باسی ئیدارەی

ڕاپەڕین و ئیدارەکانی تری کرد، بەڵام ئەگەر بێتو ئەوەش نەکرێ، چەند پێشنیارێك هەبوو کە حەسر نەکرێ ئەو لیژنەیە، یەعنی ئەو لیژنەیە لە محافەزەی سلێمانی دائەنرێ، ئەو لیژنەیە بۆی هەبێ سەردانی شوێنەکانی تر بکات، نەك خەڵکەکە لە جێگە دوورەکانەوە بێن بۆ سلێمانی یان بێن بۆ هەولێر یان بۆ دهۆك، چونکە ئەوانە وەك خۆمان دەزانین ئیمکانیەتی مالیان زۆر کەمە، ئەو خەڵکانە پێویست دەکات لیژنەکە خۆی بڕوات بۆ ئەو شوێنانە دوو/ جگە لەوە ئەو پێشنیاری بەڕێز وەزیر کە تەدقیق بکرێ، ڕاستە ئەو تەدقیق کردنە زۆر گرنگە، بەڵام سەڵاحیەتی وەزیرە، تۆ ئێستا شەرت نیە مودیریەتێك دامەزرێنی کە لە قانونەکە دا ئەو مودیریەتە ناوی نەهاتووە، بەڵام ئەم سەڵاحیەتی وەزیرە  کە ئەو بتوانێ یەکێك لەو مودیریاتانەی خۆی کە ئێستا هەیە تەخویلی بکات بۆ ئەو فەترەیە تەدقیق بکات، چونکە ئەمە زیندانی سیاسی ئێمە هەتاهەتایە نیە، هەمووی زیندانی سیاسی ئەگەر ئیشێکی زۆر زەبتی لەسەر بکرێ بە 6 مانگ و بە ساڵێك تەواو دەبێ، دوای ئەوە ئیشی نامێنێ ئەو مودیریەتە کە ئێمە بێین و قانونەکە هەموار بکەین و ئیستحداسی ئەو مودیریەتە بکەین، بۆیە سەڵاحیەتی وەزیرە و دەتوانێ مودیریەتێکی خۆی تەخویل بکات بۆ ماوەی ئەوەندە تەدقیق بکات لەو ئەوراقانە، هیچ پێویستی بە هەموار کردن و هیچی تر نابێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان):**

کاك عبدالرحمن فەرموو.

**بەڕێز عبدالرحمن حسين ابابكر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕاستی جەلسەی پێشووش چەند پەرلەمانتارێك قسەیان کرد لەسەر ئەو ئیدارانە، یەعنی ئیدارەکان هەر هیچی نەمێنێ، هەر سێ پارێزگاکان بن، یان هەموو قەزاکان بگرێتەوە، چونکە ئەگەر بێین و سەیر بکەین قەزاکان، زۆر قەزا هەیە دوورە لە پارێزگا، ڕاستە حەقی خۆیانە و بۆ تەسهیل کردن و ئەم جێ بەجێ کردنی ئەم پرۆژەیە، من پێموایە لە پاڵ پارێزگاکان قەزاکانیش بخەنە ناو، هەموو قەزاکانی هەرێم بگرێتەوە، تەسهیل دەبێ و ئاسانکاری دەبێ بۆ ئیش و کارەکان و قەزاکان بگرێتەوە یان هەر ئیدارە نەمێنێ، هەمووی هەر سێ پارێزگاکان، ڕاستە، بەڵام ئاستەنگ دەبێ بۆ ئەو کەسەی کە بێتە لیژنە، لیژنەش لە پارێزگاکان بە تەنها بێ، زۆر قەزا هەیە دوورە، زەحمەت دەبێ و لەوانەیە وەزعی خراپ بێ و پێشنیار دەکەم قەزاکانیش بگرێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان):**

کاك سەردار فەرموو.

**بەڕێز سەردار رشيد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەڕاستی دا زیندانیانی سیاسی حەق نیە بەو شكلە ڕۆتینیاتیان بۆ دروست بكرێ، ئەم لیژنەیە دێت و چوار كەس دەبێ شایەتی بۆ بدات، چوار كەس دەبێ قورئانی با، حاكم دەبێ قورئانی با، ڕۆتینیاتێكی زۆری بۆ دروست كراوە، من تێ ناگەم یەعنی سەر لەنوێ وەكو سەرەتای گرتنەكەیان تەحقیقیان لێ دەكرێ، یەعنی مەنتق نیە جارێكی دیكەش، بەڕاستی من ڕێزم هەیە بۆ ڕەئیەكەی جەنابی وەزیر، ناكرێ مادام حاكمێك و لیژنەیەك بڕیارە ئەمە سجنی سیاسیە وزائیدەن ئەوەی كە لە بەغداش پشت ڕاست دەكرێتەوە، یەعنی پێویست ناكات ئەم هەموو هینە، هەیانە تەمەنا دەكات سجنی سیاسی نەبووایە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆكی پەرلەمانی كوردستان):**

كاك گۆران فەرموو.

**بەڕێز گۆران ئازاد محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

دیارە قسە كردنی من لەسەر ئەم ڕوونكردنەوانە هات كە درا لەسەر مەسەلەی تەدقیق كردن لە قەراراتی حاكم، یەعنی نازانم پرۆسەكە بەو شێوەیە پرۆسەی زیندانی سیاسی، كۆمكارێك هەیە مەحزەریان بۆ پڕ دەكاتەوە و تەدقیقی هەموو ئەوراقیان دەكات، دەینێرێ بۆ بەڕێوبەرایەتی زیندانیە سیاسیەكان كە سەر بە وەزارەتی شەهیدانە، ئەم بەڕێوبەرایەتیە دێ هەموو ئەوراقی لێ وەردەگرێتەوە و فۆرمی بۆ پڕ دەكاتەوە، یەك كۆمەڵ ئەوراق و ئیستنساخ و موستەمسەكاتی لێ داوا دەكات و شاهیدی لێ داوا دەكات، ئەی ئەمە تەدقیق نیە؟ ئێ كە لەوێ ئەو ئەوراقە تەواو نەبوو بۆ دەینێری بۆ بەردەم حاكم، ئەی تەدقیق بۆ دەبێ لەدوای قەراری حاكم بێ؟ كە دەچێتە بەردەم حاكم موستەمسەكات و شاهێد و ئەوراق و فۆرم و سوێند و ئەوراقی مەحكەمە هەموو شتێكی تیایە، ئەوجا حاكم لەسەر ئەو ئەوراقانە دێ ئیجرائاتی سوێند خواردنەكە دەكات، ئێمە ئەوە بكەین یەكەم جار و دوایی بیدەینە حاكم و دوایی دیسان بیهێنینەوە و وەزیر تەدقیقی تیا بكات، تەدقیقەكە لە پێشەوە هەیە، ئەمە یەك، دوو/ بەشێك لە ئەندامان كە هەندێ مولاحەزە هەیە بەڕاستی كە لە جێی خۆیەتی لەسەر مەسەلەی سوێند خواردن و ئیجرائاتە قورسەكان، بەڵام ئەمە پەیوەستە بەو تەعلیمات و بەو ئەنزیمەیەی كەوا بۆ ئەم یاسایە دەرچووە، زەرورە لە دوای هەموار كردنی ئەم یاسایە وەزارەت و بەڕێوبەرایەتی زیندانیە سیاسەكان لە ئەنجومەنی وەزیران جارێكی دیكە موراجەعە لەو ئەنزیمەیە بكەنەوە كە بۆ تەنفیزی ئەو قانونە دەرچووە و هەندێ ئیجرائاتی تیایە ئێستا ئێرە شوێنی نیە باسی بكەین، لەگەڵ یاسایەكە ناگونجێ و زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆكی پەرلەمانی كوردستان):**

كاك ئارام فەرموو.

**بەڕێز ایوب نعمت (ئارام):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لە كۆبوونەوەی پێشوو بەڕێز حاكم عونی دەقێكی دەستووری هێنایەوە كە دەبێ پابەند بین بە دەستوورەوە و نابێ ناوی ئیدارات بێنین تەنها پارێزگاكان و ئیداراتی مەحەلی، جا من لە بەڕێزیان دەپرسم و لە لیژنەكەش، ئایا بە چ دەقێكی دەستووری یاخود بە چ دەقێكی قانونی هەرێمی كوردستان باس لە ئیدارەیەك دەكرێ و باس لە ئیدارەكانی تر ناكرێ؟، بۆ مان ڕوون بكاتەوە؟ زۆرسوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆكی پەرلەمانی كوردستان):**

كاك د.احمد فەرموو.

**بەڕێز د.احمد ابراهیم علی(وەرتی):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ئیدارەكان، هەڵبەتە جگە لە ئیدارەی گەرمیان، ئیدارەی ڕاپەڕین و هەروەها ئیدارەكانی تریش وەكو هەڵەبجە و سۆران، ئەوانەش بڕیاریان بۆ دەرچووە، ئەگەر قەرار بێ بەڕاستی ئەگەر ئیدارەیەك زیاد بكرێ دەبێ ناوی ئیدارەكانی تریش بێ، بەڵام من نازانم دوێنێ سیغەیەكی تر بوو ئیدارەی گەرمیانیشی تێدا نەبوو، ئەگەر بەو شێوەیە (تشكل لجنة خاصة برئاسة قاضی فی المحافظات والادارات والوحدات الاداریة الاخری عند الاقتضاء یرشح مجلس القضاء ..... الخ) بەڕای من بەو شێوەیە بێ، چونكە ئەگەر ناوی ئیدارەیەك بێنین بەڕاستی گلەیی هەبێ لەسەر ئیدارەكانی تریش كە پێویستە ئەوانی دیكەش داخل بكرێن، سەبارەت بەو لیژنەیەی بەڕێز جەنابی وەزیر باسی دەكات من پێمولیە ناكرێ ئێمە گومان بخەینە سەر ئەو لیژنەیە و نەزاهەتی لیژنەكە مادام ئەو ئەركەمان پێی سپاردووە پاشانیش بڕیارەكەی قابیلی تەعنە لەلای مەحكەمەی ئیداری، كە مادام قابیلی تەعنە ئێمە بەڕاستی نابێ گومان و شەك دروست بكەین لەسەر مەحكەمە و یان لەسەر بڕیارەكانی لیژنە، پێمولیە ئەوە كافیە ئەگەر زۆر مەرجەعیشمان بۆ دروست بكەن ڕەنگە دیسانەوە ئیشەكە ئاڵۆز تر بێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆكی پەرلەمانی كوردستان):**

كوێستان خان فەرموو.

**بەڕێز كوێستان محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من هەر وەك ئەوەی كاك ئارام باسی كرد، ئەو ئیدارانە ئەگەر نا دەستووریش بن تازە دروست كراون و دوو ئیدارەش هەیە كە بڕیاری بۆ دەرچووە و ڕەسمیە تا ئێستا، گەرمیان و ڕاپەڕینە، بۆیە بەڕای من ئێستا دوو ڕا هەیە لە بەردەمی ئەندامانی پەرلەماندا كە یەعنی دەبێ بخرێتە دەنگدانەوە بە پێی پەیڕەو، یەكەمیان ئەوەیە كە ئایا ئیدارەی گەرمیان و ڕاپەڕین ئەو لیژنانەی بۆ دروست بكرێ یان نا؟ ڕەئی دووەم ئەوەیە كە كاك پێشەوا پێشنیاری كردووە و چەند ئەندام پەرلەمانێك پشتگیریان كرد كە لیژنەكە لەسەر ئاستی محافەزە بێ و بتوانێ سەردانی هەموو قەزاكان بكات بۆ بەدواداچوونی ئەمە، بۆ مەسەلەی ئەو

بەڕێوبەرایەتیەش کە باسکرا پشتیوانی لە پەیام خان دەکەم، بەڵام دەبێ بەڕاستی ئەمە تەدقیقی تیا بکرێ، چونکە زۆر سجنی سیاسی هەیە کە ئێستا وەك باس دەکرێ و سەردانمان دەکەن لە نووسینگە بەهۆی نەبوونی شایەت و زۆر ئەو ڕۆتیناتانەی هەیە هێشتا نەیتوانیوە وەك زیندانی سیاسی دابندرێت، خەڵکیش هەیە لەناو ئەوانەدا کە زیندانی سیاسیە و ئیش دەکات و ببێتە زیندانی سیاسی و فیعلەن زیندانی سیاسی نیە، بۆیە هەر دوو حاڵەتەکە پێویستی بە تەدقیق هەیە و زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان):**

تارا خان فەرمووو.

**بەڕێز تارا تحسین ئەسعەدی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕاستی مەوزوعی زیندانی سیاسی کە قسەی زۆری لەسەر کراوە و هاوکارانم لەسەری ڕۆیشتوون، ئێمە تاوەکو ئاسانکاری بکەین بۆ زیندانی سیاسی هەڵبەتە وەکو قەرەبوویەکی مەعنەویە بۆ ئەو کەسانەی کە بە هیچ نەوعێ بەو ماددانەی لەناو قانونەکە هەیە ناتوانین حەقیان بدەین، بەڵام بەڕاستی پشتگیری خۆم دەکەم بۆ ئەو ڕایەی جەنابی وەزیر لەبەرئەوەی ئەو تەدقیق کردنە نە تەعن کردنە بە حاکم و قانون، نە تەعن کردنە بە هیچ کەم کردنەوەیەك لە لایەنەکانی تر، بەڵکو لە مەسڵەحەتی سجینە سیاسیەکەیە، لە مەسڵەحەتی ئەو کەسەیە کە زیاتر وردبینیەك هەبێ لەسەر ئەو موستەنەدات و ئەو شتانەی کەوای کردووە کە بیلفعل ئەوە زیندانی سیاسیە، لەبەرئەوەی بەداخەوە مومکینە خۆیان لە وەزارەتەکە باشتر دەزانن، مومکینە ئەگەر بە حەقی زیندانی سیاسی دابنێین ڕەنگە چەند هەزار کەسێ بێ، یەعنی سێ بۆ چوارێك بێ ئەوەی کە زانراوە، بەڵام ئێستا زیاتر لە 30 هەزار سەجینی سیاسی هەیە، لەبەرئەوە بۆ ئەوەی پێشێل نەکرێ و مافەکان بەڕێك و پێکی بێ، ئەم بەدواداچوون و تەدقیقە باشە و پشتگیری دەکەم، ئەگەر بێتو ئەمە لەسەر بنەمایەك بێ کە بۆ مەسڵەحەتی ئەو زیندانیە سیاسیە بێ، دووەم شت بەڕاستی من نازانم ئەم یاسایە لەگەڵ سەرۆکی لیژنە قسەم کردووە، بەڵام حەزم دەکرد زیاتر ڕوون کردنەوەیەك لە بەشی یاسا و بەشی پێشمەرگە بۆم بکرێ، ئەگەر زیندانی سیاسی هەموو ڕژێمە دوابەدواکان بێ ساڵی تایبەت هەیە ڕێگر بێ بۆ ئەوەی حەوت سەد کەس هەیە لە دوای ساڵی چلەکانیشەوە مەلەفیان ماوەتەوە وەکو زیندانی سیاسی ئەوەیان حساب ناکرێ ئایا لە شەستەکانەوە حساب دەکرێ تاوەکو ئەمڕۆ، یان ئەوانیش دەگرێتەوە، هەست دەکەم ئەوەش نا ڕوونیەك هەیە بۆم پیشان بدرێ و سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان):**

تکایە بێ دەنگ بن، بەش بەحاڵی خۆم پێم وابێ شەرحەکەی کاك گۆران شەرحێکی زۆر شافی و وافی بوو، ئەسڵەن ئەو ئەوراقانە یەکەم جار لە وەزارەت خۆی دەکرێ، با وەزارەت خۆی کۆنترۆڵی مەسەلەکان بکات، کە وەزارەت خۆی ئەوراقەکانی دی دێتە بەردەستی ئەگەر بەدڵی نیە با نەیکات، بەڵام کە خۆی ئۆکەی

لەسەر کردووە و ڕەوانەی مەحکەمەی کرد، دوای ئەوە خۆی کە لە دوای ئەوەش حەقی ئیعتزازیان هەیە، موناقەشە تەواو بوو، بەس بزانم ڕەئی جەنابی وەزیر؟ کاك عونی فەرموو.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من دووبارە قسەکانی خۆم دەکەمەوە، تەبیعی پێشنیاری ئەوە کرا کە بڵێین ئیدارات، ئەگەر ئێمە بێینەوە سەر دەستووری عیراقی و قەوانینی خۆمان لە کوردستان و لە قانونی ئەنجومەنی پارێزگاکان دەبینین وەحەداتی ئیداری لە هەرێمی کوردستان پێك دێت لە چ پارێزگا و قەزا و ناحیە، واتە ئیدارات هەرچەندە ئیشی پێکراوە عەمەلیەن، بەڵام لە قانونەکانمان نیە، ئەو پێشنیارەی کە کرا سەبارەت بە زۆربەی زۆری ئێمە کە گەرمیانمان بەتایبەتی لە پرۆژەکە داخل کرد، لەبەرئەوەی گەرمیان تایبەتمەندی خۆی هەیە، زۆرترین شاڵاوی ئەنفال و شەهید و کاولکاری ئاڕاستەی گەرمیان کراوەتەوە، لەبەرئەوە ئێمە تەنها ئەوەمان حەسر کرد، ئەگەر بڵێین ئیداراتی دی بەڕاستی پەرت و بڵاو دەبێت، لەگەڵ ئەوەشدا کە دەڵێن تشکل الوزارە لجان واتە چەند دەتوانێ لیجانی لە مەراکزی محافەزات دابنێ، نا لجنەك، چەند لیجنەك دەتوانن ئەو کارانە ئەنجام بدەن کە پەیوەستە بە زیندانی سیاسی و ڕاگیراوە سیاسیەکان، دوو/ جەنابی کاك ئارام دەڵێ کاك عونی قسەی کرد لەسەر دەستوور کە ئیشارەی بە ماددەی دەستووری دا، ئێستاش دەڵێم ماددەی 116 لە دەستووری عیراقی بە وازحی باس لەوە دەکات و هەروەها ماددەی 122 لە دەستووری عیراقی هەمیشەیی دەتوانێ مراجعەتی بکات و بیخوێنیتەوە، پێی ناوێ خۆ ئیمتیحان نیە لێرە لوجنە دانیشین و وەکو ئەوەی لێ هات بەداخەوە کەئەنەما ئێمە دانیشتووینە ئیمتیحان دەکرێین و جوابی ئەندامانی پەرلەمان دەدەین، ئایا ئەو ماددەیەت لە کوێ هێناوە، تەبیعی ئێمە وەکو لیژنە هەردوو لیژنە پرۆژەك تەقدیم کراوە بۆ ئێمە ژمارەی یاسایی ئەندامانەوە، ئێمە پرۆژەکەمان دیراسەت کردووەتەوە، پەیوەندیمان بەلایەنی پەیوەندار کردووەتەوە، دوای ئەوەی ڕەئی حکومەتیشمان وەرگرتووە لەسەر پرۆژەکە کە حکومەتیش تێبینی هەیە لەسەر ئەو پرۆژەیە کە ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمان، بەڵام ئەندام پەرلەمان بەداخەوە خۆی موتابەعەی مەشروعەکان ناکات، موتابەعەی قەوانینەکان ناکات، ئێمە لە لیژنە و لەسەر مەنەسە دەورمان چیە؟ ئێمە تەنها کە موناقەشەکەی دەکەین وەکو لیژنەی قانونی ئێمە بەرپرسین لەلایەنی دەستووری قانونی ئەو پرۆژانە کە تەقدیم دەکرێ بۆ پەرلەمان، واتە هیچ لەگەڵ ئەوەی دانینە پرۆژەیەك لە پەرلەمان پێشکەش بکرێ موخالفی دەستوور بێ و موخالفی قەوانینی مەعمول بێ، یان فەراغی قانونیمان نەبێ ئێمە جێگیری بکەین بە ماددەی قانونی لە پرۆژەیەك لەپرۆژەکان کە تەقدیم دەکرێ، دوو/ ئێمە کە وەکو لیژنە ڕەئی خۆمان دەدەین، هی ئێمەش خۆ ڕەئی نیهائی نیە، پێشنیارە، ئێوەی ئەندامانی پەرلەمانی بەڕێز قەراری لەسەر دەدەن، ئایا ئەو ڕەئیە یان ئەو سیاغەیە قەبوڵ دەکەن یان نا؟، ئەگەر قەبوڵتان نەکرد، ئێمە هیچ مانعمان نیە و دووبارە سیاغەی

بكەینەوە ئینجا بخرێتە بەردەستی ئەندامانی پەرلەمانی بەڕێز قەراری لەسەر بدەن قەبوڵی دەکەن یان قەبوڵی ناکەن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان):**

ئێمە گوتمان موناقەشە تەواو کاک ئارام، فەرموو.

**بەڕێزایوب نعمت قادر(ئارام):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوەی کە کاک عبدالسلام باسی کردو وتی بۆچی ناخرێتە دەنگدانەوە، بەڕێز کاک حاکم عونی وتی لەبەرئەوەی کە ئێمە مانعی دەستووری و قانونی هەبووە، بۆیە نەمان خستووەتە دەنگدانەوە کە باس لە ڕاپەڕین وئیداراتی تر دەکات، من داوای بەڵگەکەم کرد کە چ مانعێکی دەستووری و قانونی هەیە باس لە گەرمیان دەکرێ و باس لە ئیدارەکانی تر ناکرێ؟، لە کاتێك دا کە یاسای پەرلەمانی هەرێمی کوردستان هەیە کە باس لە سێ ئیدارە دەکات، هەڵەبجە و ڕاپەڕین و ئاکرێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان):**

جەنابی وەزیر؟ فەرموو.

**بەڕێز ئارام احمد (وەزیری شەهیدان و ئەنفالکراوان):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من هەر بۆ ڕوونکردنەوە تەدقیق ئەو تەدقیقەی ئێمە کە داوای دەکەین جیاوازە لەوەی کە بەڕێزان کە کاک گۆران و کاک سەردار باسیان کرد، ئەوەی بۆ زیندانی سیاسی کە سەرەتا پرۆسەکە دێتە پێشەوە پێوەرەکەیە، ئێمە پێوەرەکە بە پێی ڕێنمایی ئاسانکاریان بۆ دەکەین، یەعنی ئەوەی کە شکات لەوە دەکرێ کە چوار شایەد و ئەوەندە بەڕاستی ئەوە دەبێ ئاسانکاری تیا بکرێ، ئێمە ئەو پرۆسەیە بە پێی ڕێنمایی نوێ دوای ئەم یاسایە ئاسانکاریان بۆ دەکەین بۆ ئەوەی ئاسانتر بێنە لای بەڕێوبەرایەتی، دوای ئەوە تەدقیقەکەی لای ئێمە جیاوازە لەوە، بۆ ڕوون کردنەوە، ئەمە بۆ سیاسەتی گشتی و بۆ بەرژەوەندی گشتی بۆ ئەوەی کە دەسەڵاتە مەحەلیەکان بەڕاستی ئێمە واقعێك هەیە کە دەبێ ئێمە بیزانین، ئێمە لە بەڕێوبەراتیەکان هەمانە و لەوەی شەهیدان هەمانە، بۆ ئەوەی لە وەزارەتەوە سیاسەتی گشتی دابڕێژرێتەوە بۆ هەر ئەرکێك ئەوا پێویستە ئەو وردەکاریە بکرێ، تۆ بە وردەکاری ئەوە ناکەی کە تەوەرەکانی چیە؟ شاهیدێکی هەیە یان دوو شاهید؟، پێوەری ئەوە دەکەی ئەم بڕیارانە بە شێوەیەکی گشتی چۆن دەدرێ.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان):**

لیژنەی هاوبەش کۆمەڵێك پێشنیار هەیە، ئیلحاح دەکەن لەسەر پێشنیارەکانی خۆیان، دوو، کەس و سێ کەس و چوار کەسیش تەبەنی کردووە، لەبەرئەوە موراعاتی ئەوە بکەن بۆ ئەوەی بیخەینە دەنگدانەوە، ئەو مەسەلانە، کاك صباح فەرموو.

**بەڕێز صباح بیت الله شکری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە نیسبەت دروست کردنی لیجان لە ئیدارات پێمان باشە وەکو لیژنەی پێشمەرگە و لیژنەی یاسایی کە سیاغەکە بەم شێوەیە بێ، (تشکل اللجان الخاصة برئاسة قاضی فی المحافظات والوحدات الاداریة فی الاقلیم اذا اقتضت الحاجة).

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان):**

فەرموو.

**بەڕێز محمد احمد علی(شارەزووری):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من ڕوون کردنەوەیەکم لەسەر قسەکانی جەنابی وەزیر هەیە، ئێمە لە لیژنەش بەڕاستی زۆر موناقەشەمان لەگەڵی کرد، من نازانم بەڕێوبەرایەتیەك هەیە بەڕێوبەرایەتی زیندانیە سیاسیەکان سەر بە وەزارەتی شەهیدانە، ئەم بەڕێوبەرایەتیە ئایا سیاسەتی وەزارەت پیادە ناکات کە جەنابی وەزیر دەڵێ ئێمە سیاسەتێکی عامامان هەیە؟، ئەو بەڕێوبەرایەتیە وەکو کاك گۆران باسی کرد، بەڕاستی سجنی سیاسی دەچێتە ئەوێ، لەوێ تەقدیمی هەرچی موستەمسەکێك دەکات بە هەموو تورقێکی قانونی کە وەزارەتی شەهیدان، بەڵام من بەداخەوە دەیڵێم ڕێنمایەکان کە دەرچووە لە بەڕێوبەرایەتی زیندانیە سیاسیەکان موعەرقیلە لەبەرئەوەی جوابێکە کە دێمەوە سەر جوابەکەی تارا خان شمولی ناکات، سجن هەیە لە ساڵی 1950 گیراوە، زیندانیە ساسیەکان ڕێنماییان دەرکردووە و دەڵێ 4 شاهێد بێنێ حازر و دوو شاهێد قورئانی بۆ بخوات، کابرا کەس نەماوە، ئەمەیە دروست کردنی موعەرقیل لەبەردەمی نەچوونی زیندانی سیاسی، بۆیە من جارێکی دیکەش تەئکید دەکەمەوە بەڕێوبەرایەتی زیندانیە سیاسیەکان و سیاسەتی وەزارەتی شەهیدان پیادەی دەکات، بۆیە ئەگەر زیادەی حەلقەیەکی دیکە من پێموایە دەبێتە هۆی عەرقەلەی زیاتر لەبەردەمی زیندانی سیاسیە.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان):**

خۆی دوو شت هەیە خیلافی لەسەرە، یەکێکیان مەسەلەی ئیداراتە، دووەم، ئەو پێشنیارەی جەنابی وەزیرە، ئەبێ ئەو دووانە یان لە سیاغەکەی خۆتان جێ بکەنەوە و بیدەنە تەسویتەوە بۆ ئەوەی ڕەئی پەرلەمانتارەکان وەربگرین، کاك عونی فەرموو.

**بەڕێز عونی کمال بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو سیاغەیەی دوای وەرگرتنی پێشنیارەکانی ئەندامانی پەرلەمان بەو شکلەیە:

المادة الثانية:

تعدل المادة الرابعة من القانون وتقرا كالاتي:

اولا/ تشكل الوزارة لجان في مراكز المحافظات في الاقليم او اية وحدة ادارية تقتضي وجود اللجنة فيها برئاسة قاضي يرشحه مجلس القضاء في الاقليم وعضوية ممثلي الوزارات الاتية بدرجة مدير للبت في طلبات المشمولين باحكام هذا القانون.

حاڵەتەکانی دیکە بەردەوامە، نازانم ئەم پێشنیارە یان قەبوڵە یان نا؟.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان):**

ئێوە بەو سیاغەیە ڕازین دەربارەی ئیدارات، باشە، بزانن تەدقیقەکەش، فەرموو.

**بەڕێز عونی کمال بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوەی ئەخیری دەبێتە فەقەرەی 5 (تتولى اللجنة الخاصة القائمة حاليا باعادة تدقيق اضابير المشمولين بهذا القانون).

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان):**

جەنابی کاك فرست هەندێ تێبینی هەیە لەسەرەتاوە، ئێستا دەیەوێ تێبینیەکانی خۆی بڵێ، فەرموو.

**بەڕێز فرست احمد (سکرتێری پەرلەمان):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەڵەو بابەتەکە تەوزیح کرا بەڕاستی، وەزارەت بۆی هەیە پێش ئیحالەی موعامەلە بۆ لیژنەی قەزائی بکات تەدقیقی موعامەلەکە بکات، بزانێ کەموکورتیەکان چیە لەلایەك و بزانێ مەشمولە بە قانون یان مەشمول نیە؟، دوو/ کە قەرار لە هەیئەی قەزائی دەرچوو، قانونەن ئەوە لە بەدیهیاتی قانونە، نابێت هیچ جیهەتێکی غەیرە قەزائی تەدقیقی قەراری جیهاتی قەزائی بکات، باوەڕ ناکەم حقوقیەك لێرە هەبێت بتوانێ ڕەئیەکی عەکسی ئەو ڕەئیە بدات، چونکە ئەوە بەدیهیاتەکە، یەعنی سبەی ئێمە ئەگەر نەسەکی وا دابڕێژین باوەڕ بکەن سوڵتەی قەزائی هیچ حاکمێك تەرشیح ناکات بۆ سەرۆکایەتی ئەو لیجانانە، قەزا قەبوڵ ناکات و قانون نابێت قەزا خازعی تەدقیقی جیهەتەکی غەیرە قەزائی بێ، ئەوە بەدیهیەتە، من حەز دەکەم برادەران بزانن، نوقتەی تر کو مافی وزارەتە پاش دەرچوونی بڕیار هەر کە بڕیاری حاکم

بەدیلی نەبێت، بزانێ ئەو کابرایە مەشمول نیە بەو قانونە یان بڕیارەکە غەڵەت بێت حەقی هەیە داوا بکات لە مەحکەمەی ئیداری تەدقیقی بڕیاری ئەو هەیئەتە بکات، داوای ئیلغای بکات و داوای نەقزی بکات و داوای تەعدیلی بکات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان):**

کاکە دووبارە بیخوێننەوە، فەرموو.

**بەڕێز عونی کمال بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادە 2

تعدل المادە 4 من القانون وتقرأ کالاتی:

اولا/ تشکل الوزارة لجان فی مراکز المحافظات فی الاقلیم أو اية وحدة ادارية تقتضی وجود اللجنة فيها برئاسة قاضی يرشحه مجلس القضاء فی الاقلیم وعضوية ممثلی الوزارات الاتية بدرجة مدير للبت فی الطلبات المشمولين باحکام هذا القانون.

1/ وزارة شؤون الشهداء والمؤنفلين.

2/ وزارة الداخلية.

3/ وزارة المالية والاقتصاد.

ثانيا/ يثبت السجين او المعتقل السياسی امام اللجنة بالطرق القانونية وفقا لاحکام قانون الاثبات المرقم 107 لسنة 1979 المعدل النافذ فی الاقليم.

ثالثا/ تصدر اللجنة قرارها بالاغلبية وعند تساوی الاراء يرجح الرأی الذی يصوت معه الرئيس ويکون قرارها قابلا للطعن امام المحکمة الادارية وفقا لاحکام قانون مجلس شوری الاقليم رقم 14 لسنة 2008.

رابعا/ تتولی الوزارة رفع القرارات المتخذة من قبل اللجنة الی الوزارات المعنية لاتخاذ المقتضی القانونی بصددها وفقا لاحکام هذا القانون.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان):**

کێ لەگەڵ دایە تکایە دەست بەرز بکاتەوە، 61 کەس لەگەڵدایە، کێ لەگەڵ دانیە؟ 3 کەس لەگەڵ دانیە، بە زۆرینەی دەنگ پەسەند کرا، بەخێر وبەرەکەت، الحمدلله، فەرمون بۆ ماددەیەکی تر فەرموو.

**بەڕێز صباح بیت الله شکری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة 3

تعدل الفقرة اولا من المادة السادسة من القانون وتقرأ كالاتى:

1/ تخصص قطعة ارض سكنية بدون بدل على ان لايكون مستفيدا كسجين سياسى.

2/ تضاف فقرة بتسلسل ثانيا الى المادة السادسة وكالاتى:

يمنح السجين او المعتقل السياسى منحة تساوى مبلغ سلفة العقار التى تصرف للمواطنين.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆكی پەرلەمانی كوردستان):**

فەرموو.

**بەڕێز عونی كمال بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لیژنەی یاسایی پێشنیار دەكات ماددەكە لە پرۆژەكە ڕەت بكرێتەوە، ئەسڵی ماددەكە كە لە یاسایەكە دا هاتووە وەك خۆی بمێنێتەوە، ئەمەش لەبەرئەوەی فشارێكی زۆری دارایی دەخاتە سەر حكومەت و پێچەوانەی ڕێوشوێنەكانی پێدانی پێشینەی خانووبەرەیە و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆكی پەرلەمانی كوردستان):**

لیژنەی پێشمەرگە، فەرموو.

**بەڕێز محمد احمد علی(شارەزووری):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لیژنەكەمان ڕای وایە وەكو خۆی بمێنێتەوە.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆكی پەرلەمانی كوردستان):**

جەنابی وەزیر فەرموو.

**بەڕێز صباح احمد (ئارام)/ وەزیری شەهیدان و ئەنفالكراوان:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمە دوو دەقمان بۆ هاتووە هیچی ئەم هەمواركردنەی تێدا نیە، لەبەرئەوەی ئێمە ئامادەنین موناقەشەی بكەین، پێموایە بمێنێتەوە باشە.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆكی پەرلەمانی كوردستان):**

ئەم بەڕێزانە ناویان نووسراوە، كاك نەریمان، نەسرین خان، كاك لوقمان، كاك عبدالسلام، بێریڤان خان، هاژە خان و كاك سەردار و كاك شڤان، د.احمد، بەفرین خان و كاك حمە سعید، كوێستان خان وكاك ئارام، كاك كاردۆ و كاك عمر عبدالعزیز، كاك نەریمان فەرموو.

**بەڕێز نەریمان عبداللە:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لەڕاستی دا من لەگەڵ ئەوەم ئەو نەسەی کە خوێندرایەوە بەو ئیمتیازاتانەی ئەقار و بەرامبەر بە قتعەی ئەرز و ئەو شتانە، لەبەرئەوە بەڕاستی ئێمە ناکرێ زیندانیانی سیاسی خۆمان بە کەمتر بگرین لە زیندانیانی سیاسی عیراق، لەبەرئەوە لە یاساکەی عیراق دا ئەو ئیمتیازاتانە بە زیاتریشەوە هاتووە، من پێموایە زیندانیانی سیاسی ئێمە بە تایبەتی ئەوانەی سنووری ماددەی 140 ئەگەر زۆریشیان لێ بکەی نایەن لە کوردستان دا بەڕاستی موعامەلاتی زیندانیانی سیاسی بکەن، من بۆ خۆم کەسی خۆم هەیە، چووە لە خوار کردوویەتی، لەبەرئەوەی ئەو ئیمتیازاتانە لێرە نیە، بەڕاستی خۆش نیە کەسێك کە لە پێناوی ئەو وڵاتە و لە پێناوی ئەو خاکە و ئەو خەڵکە زیندانی سیاسی بووە و لەسەر قەزیەیەکی سیاسی گەورە کە مەسەلەی کوردستانە بەڕاستی بچێ لە بەغداوە ئەم ئیمتیازاتانە وەربگرێ، بۆیە بەڕاستی من لەگەڵ ئەوەم هەمان ئەو ئیمتیازاتانەی بۆ زیندانێکی سیاسی لە حکومەتی عیراقی دابین کراوە بۆ هەرێمی کوردستانیش دابین بکرێ، من پێموایە ئەوە بیانوو نیە کە مەسائیلێکی ئیقتسادی یان مەسەلەیەکی دارایی دەخاتە سەر هەرێمی کوردستان، من پێموایە ئێمە 17٪ ەکە وەردەگرین و ئەوانیش هەمان ئەو حاڵەتەیان هەیە، بۆیە ناکرێ کەمتر لە زیندانیانی سیاسی لە سنووری حکومەتی عیراقی کەمتر وەربگرن، بۆیە داوا دەکەم ئەو ئیمتیازاتانەیان پێ بدرێ، ئەمەش یاسایە و یاساش بۆ ئەمڕۆ دانانرێ، لەوانەیە سبەینێ وەزعی داراییمان باشتر ببێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان):**

نەسرین خان فەرمووو.

**بەڕێز نەسرین جمال:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە من بەلامەوە پەسەندە کە ئەو ماددەیە وەکو خۆی بمێنێتەوە، هەروەکو هاوکارم کاك نەریمان ئاماژەی پێدا و لیژنەی کاروباری شەهیدان و زیندانیە سیاسیەکانیش خۆیان بە لایانەوە پەسەندە کە ئەم ماددەیە بمێنێتەوە، هەروەکو باسمان کرد زیندانیانی سیاسی ئێمە هیچی کەمتر نیە لە بەغدا ئەگەر لێرە 20 ملیۆنیان دەنێ بە مینحە لە بەغدا مینحەی ژیانیش هەیە کە دەیان دەنێ، یەعنی نەك 20 ملیۆنە بەڵکو 20 ملیۆنەکەشیان بۆ زیاد بکرێ بۆ 30 ملیۆن، لەبەرئەوە ئەوە حەقێکی زیندانیانی سیاسیە کە ئەمە وەکو خۆی بمێنێتەوە و بتوانین بۆیانی دابین بکەین، بۆ بەرچاو ڕوونیشمان ئێستا هەندێ لە زیندانیانی سیاسی کە دەزانن ئەو مینحەیەی هەرێمی کوردستان ناکرێ یاخود کەمە دەچن لە بەغدا موعامەلە تەقدیمی ئەوێ دەکەن و یان موعامەلە تەقدیمی ئەوێ دەکەن بۆ ئەوەی ئەو مینحانەیان شمول بکات، لەبەرئەوە، ئەوە حەقێکی خۆیانە کە دەبێ ئەم ماددەیە بمێنێتەوە و سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان):**

کاك لوقمان فەرمووو.

**بەڕێز لقمان سلیمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەروەکو لای هەمووان ئاشکرایە بەڕاستی زیندانیانی سیاسی توێژێکی قوربانی دەر و تێکۆشەرن کە لێرەدا پێویست ناکات زۆر لەسەری بڕۆین، بەڕاستی ئەو پرۆژەیەی کە کۆمەڵێك پەرلەمانتار پێشکەشیان کردووە، زۆر شتی باشی تیایە لەوەی کە ئەو مینحەیە کە 20 ملیۆنە بدرێ بە زیندانیانی سیاسی، ئەوە زۆر ماددەیەکی باشە و مافی زیندانیانی سیاسیە، من داوا دەکەم کە ئەوە نەبەسترێ بە سلفەی عەقارەوە، چونکە بەڕاستی لەبەرئەوەی زیندانیانی سیاسی لە بەشەکانی تری عیراق ئیمتیازاتێکی زۆریان هەیە، لێرە ئیمتیازاتی زیندانیانی سیاسی بەڕاستی کەمە، بۆیە من داوا دەکەم و هیوادارم هاوڕێیانم پشتگیریم لێ بکەن، کە ئەو مینحە 20 ملیۆنیە موافەقەتی لەسەر بکرێ و نەبەسترێ بە سلفەی عەقارەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان):**

کاك عبدالسلام فەرموو.

**بەڕێز عبدالسلام بەرواری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

کاتی ئەوە نەماوە موناقەشەیەکی مەزمونەکە بکەین، ئایا ئەوە عەدالەتی ئیجتماعی تێدا یان نا، دەبووایە بیکەین لە ڕۆژی یەکەم لە قانونەکە، بەڵام من دەبینم ئەم پێشنیارە هیچ نیە غەیری ئەوەلەن بکرێتە ئەوەلەن وسانیەن، من نازانم حیکمەت تێدا چیە، ئەگەر مەسەلە ئەو نیقاشەیە ئەوە کەیە مەنحی هی مەبلەغ ئەو مەعنایە نادات کە مینحەیە، شتی وا نیە، ئەوەی عەرەبی دەزانێ مینحە وازحە، بۆیە من نازانم ئەو تەعدیلە هەدەفەکەی چیە؟، تەئکیدە لەوەی پارەکە بەلاش وەربگرێت مواتنی تریش بیگەڕێنیتەوە، ئەسڵەن من لەگەڵ ماددەکە ئەو ئەساسە نیمە هەر نەبیت، بۆیە ئەو تەعدیلە بە تەسەوری من هیچ ئیزافە ناکرێ بۆیە وەکو خۆی بمێنێتەوە.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان):**

بێریڤان خان فەرموو.

**بەڕێز بێریڤان سەرهەنگ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پشتگیری لە لیژنەی پێشمەرگە و شەهیدان دەکەم بەوەی کە دەڵێن ئەو ماددەیە بمێنێتەوە بەڕای منیش بمێنێتەوە، چونکە خۆی پرۆژە یاسایەکەی ناوی ئیمتیازاتە، ئەمە چۆن دەبێ ئیمتیازەکی لێ بسێنینەوە؟، لەبەرئەوەی لەگەڵ ئەوەم کە ئەو ئیمتیازاتەیان بدرێتێ کە مینحە جێ بەجێ بکەن و بۆ ئەوەی بتوانن خانووەکان بکەن، چونکە من زیندانی سیاسی دەناسم کە حوکمەکەی 20 ساڵ بووە و ئێستا لە خانووی کرێیە و ئەگەر ئەرزیشی پێ بدرێ و پارەی نەدرێتێ ئەگەر بە مینحەش بێت ناتوانن خانوو دروست بکەن، بۆیە بە زەروری دەزانم کە ئەو ماددەیە وەکو خۆی بمێنێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان):**

هاژە خان فەرموو.

**بەڕێز هاژە سلیمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش پشتگیری لەو نەسە دەکەم کە لە هەمواری پرۆژەکە دا هاتووە، ئەویش بە پێدانی مینحەکەیە، چونکە بەڕاستی ئێمە و زۆر لە هاوکارانیشم باسیان کرد، پێدانی مینحە لێرە لیژنەی یاسایی باس لەوە دەکات کە فشاری دارایی دەخاتە سەر حکومەت، بەڵام من پێموایە حکومەت مولزەمە بە خۆشگوزەران کردنی ئەو چین و توێژانەی کە زیاتر زەرەرمەند بوون لە کۆمەڵگاکەدا، بۆیە پێویستە ئەو مینحەیان پێ بدرێ و زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان):**

کاک سەردار فەرموو.

**بەڕێز سەردار رشید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەڕاستی دا زیندانیانی سیاسی هەموومان دەزانین ئەو تێکۆشەرانە بوون کەلە ڕۆژە سەخت و دژوارەکان دا بە گیانی خۆیان، بە جەستەی خۆیان مقاوەمەی سەرسەختانەیان بەرامبەر بە فاشیەکان دەکرد، یەعنی خەڵکێکی زۆر لەم وڵاتەی ئێمە موستەفید بووە، بە چ حەقێك ئەمان موستەفید نەبوون؟، روحی یاساکە، بەڕاستی روحی یاسایەکە ئەوەیە کە ماف و ئیمتیازاتیان بۆ دابین بکەی، کەوا بوو من پرسیار دەکەم، ئێمە ئەم یاسایەمان بۆچی دەرکردووە بەدەر لە ماف و ئیمتیازات؟ بۆچی دەرمان کردووە؟ ئەم هەموو موناقەشەیە، دوو مانگە ئێمە خەریکین وپێشتر لە پارەوە لە ساڵی 2011 ەوە ئێمە یاسایەکمان دەرکردووە بە بێ ئەوەی یەك حەرفی لێ جێ بەجێ بووبێ، لەبەرئەوە من داواتان لێ دەکەم زیندانیانی سیاسی زۆر لەوە زیاتر دەهێنن، زیندانیانی سیاسی بەڕاستی ئەو قارەمانانەن کە ئەم ڕۆژگارەیان دروست کردووە لە دوای شەهیدانەوە، شەهیدی زیندوون کاکە، هەیانە کە تاوەکو ئێستا کە من دەیناسم ناسکترین و عەزیزترین ئەعزای خۆی لە دەست داوە، یەعنی 20 ملیۆن دینار لەم وڵاتە موستەفید بووە، بۆیە من داواتان لێ دەکەم هەموو مان ڕەئی بدەین بۆ ئەو 20 ملیۆن و بۆ ئەو ئەرزەی کە لە یاسایەکە هاتووە و یاساکەش هەر ئەوەیە کە باسی لێوە کراوە و زۆر سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان):**

کاك شڤان فەرموو.

**بەڕێز شڤان احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

حەقیقەتەن ئەم یاسایەی زیندانیانی سیاسی تابعێکی تەمامەن شیعی پێوە دیار بوو کە ئێمە نەقڵی کوردستانمان کرد بە هەمان نەزرە و بە هەمان تەعامول کە کە بەغدا و شیعە بۆ خەڵکی خۆیان دەکرد،

ئێمە لە کوردستان بەو شێوەیە جێ بەجێمان کرد، ئەمە جانبێکی زۆر باشە ئەگەر خزمەت بە شەریحەیەك بکەین کە زیندانیانی سیاسیە، بەڵام لەسەر حسابی کێ، ئایا دەزانن ئەولەویەت بۆ شەهیدانە، هەموومان موتەفقین لەسەر ئەوەی دەرەجە یەك شەهید ئەوجا زیندانی سیاسی، هیچ خلافمان لەسەر ئەوە نیە، هەمووەمان، ئایا دەزانن ئەم یاسایە چەند تاغیە لەسەر ئیمتیازاتی شەهیدان، بەو مەعنایەش نیە کە من دژی زیندانیانی سیاسی و مافەکانی ئەوان بم، بەڵام ئەگەر چاکی ناکەین با خراپی نەکەین، یەعنی با هەزارەها کەسوکاری شەهیدان لێمان تورە نەبن، ئەگەر سەقف و ئیمتیازاتی شەهیدان نەیەنینە ئەو ئاستەی کە شایستەی خزمەت و خەبات و قوربانی دانی وان بێت، ئێمە لەسەر حسابی ئەوان ئیمتیازات بە شەریحەیەکی دیکە نەدەین کە قەد بەو مەعنایە نا تیکراری دەکەمەوە کە من دژی ئەوان بم، بەڵام زۆر، زۆر خەتەرە و زۆر تاغیە، دووەمیش خسوسیەتی ئێمە وەکو کورد و کوردستان بەو مەعنایە نیە کە هەر یاسایەك لە بەغدا دەربچێ ئێمە تەبق ئەسڵ ئێمە لێرە جێ بەجێ ی بکەین، ئێمە 17٪مان سابتە وەکو حەرارەتی زیبەق سابتە، بەغدا لە ئیمتیازات و لە موخەسەسات و لەو شتانە هیچ سنوورێکی نیە، هیچ مەشروعێکی نیە، بۆیە هەمووی دەکاتە موخەسەسات و ئیمتیازات، دیسانەوە تیکرار دەکەمەوە کە بەو مەعنایە نیە کە من دژی بەرژەوەندی ئەوان بم، بۆیە من لەگەڵ ئەوەمە وەکو شەهیدان ئەو مینحەیە نەمێنێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان):**

د.احمد فەرموو.

**بەڕێز د.احمد ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش پێموایە کە ئەو هەموارکردنە هیچ ئیزافەیەکی نەکردووە، چونکە تەنها بڕگەی یەکەمی لە ماددەی 6 کردووەتە دوو فەقەرە، هیچ زیادەیەکی نەکردووە، منیش لەگەڵ ئەوەم ئەسڵی یاسایەکە وەکو خۆی بمێنێتەوە، لەڕاستی دا مەسەلەی زیندانی سیاسی ماددەیەکی ریعایەت کردنی زیندانی سیاسی ماددەیەکی دەستووریە، ماددەی 132 لە دەستوور دەڵێ (تكفل الدولة رعاية ذوى الشهداء والسجناء السياسيين والمتضررين من الممارسات التعسفية للنظام الدكتاتورى البائد) ئەمەش بە یاسا ڕێك دەخرێ، دیارە ئەمان یاسایان بۆ دەرکردووە، ئەوەی کە لە دەستوور هاتبێ تەنها بۆ بەغدا نیە، بەڵکو بۆ هەموو ئەنحای عیراقە و بۆ ئیقلیمی کوردستانیش، لەبەرئەوە من لەگەڵ ئەوەم ئەوەی کە هاتووە لە ماددەی 6 لە یاسایەکە ئەگەر کەم نەبێ زیاد نیە، لەبەرئەوە لەگەڵ ئەوەمە وەکو خۆی بمێنێتەوە، بەڕاستی خۆی هەموار کردنەکەش هیچ ئەعبایەکی مالی دروست ناکات، وەکو ئەوەی کە لە ڕاپۆرتی لیژنەی یاسایی دا هاتووە و کە من نازانم ئاگام لێی نەبوو و ئیمزام نەکردووە، هیچ فشارێك دروست ناکات، چونکە لەوێش بە هەمان شێوە هاتووە، دەڵێ (پارچەیەك زەوی نیشتەجێ بوونی بێ بەرامبەر پێ دەدرێ بە مەرجێك پێشووتر وەکو زیندانی کراوی سیاسی سوودمەند نەبووبێ، پێشینەکەشی هەر لەگەڵ دایە، نازانم ئەعبای مالی هیچ دروست ناکات،

بەس من یەك پێشنیارم هەیە، یەك زیاد كردنی بۆ بكرێ، باس لە پێشینە كرا، كە باس لەوە كرا كە ئەو بڕە پارەیەی كە پێی دەدرێ، لەگەڵ بڕی پێشینەی عەقار بۆ بینایەكی نیشتەجێ بوون هاوتا بێ، من لەگەڵ ئەوەم، چونكە ئێمە لە یاسای بودجەدا ئەو مەسەلەیەمان كرد بە دوو بڕگە، ئەوانەی كە لە ناوچە زەرەرمەندەكانن 25 ملیۆنیان پێ دەدرێ لە شارەكان 20 ملیۆنە، لەبەرئەوە من لەگەڵ ئەوەم كە ئەو فەقەرەی یەكەمە هەموار بكەین بەو شێوەیە، لەگەڵ پێشینەیەك كە بڕەكەی لەگەڵ بەرزترین پلەی پێشینەی عەقار بۆ بینای یەكەیەكی نیشتەجێ بوون هاوتا بێ بۆ ئەوەی لایەنی زۆرەكە ئەگەر لە شاریش دابنیشێ لایەنی زۆرەكەی پێ بدرێ كە دەكاتە 25 ملیۆن دینار، زۆرسوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆكی پەرلەمانی كوردستان):**

بەفرین خان فەرموو.

**بەڕێز بەفرین حسین:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، لەڕاستی دا گیراوان و ڕاگیراوانی سیاسی بەشێكی قوربانی دەری نێو بزووتنەوەی رزگاریخوازی گەلی كوردستانن، بەشێكن لەو سەروەریانەی ئەمڕۆ لە كوردستان تۆمار كراون، دەتوانین بڵێین دۆكیۆمێنتێكی زیندوو و بەرجەستەن لەبەرامبەر ئەو زوڵم و زۆر وستەمانەی كە لە بەرامبەر گەلەكەمان لە ڕابردوودا لە سەر دەستی رژێمە یەك لە دوای یەكەكان كراوە، بۆیە پێویستە ژیانێكی شایستەیان بۆ فەراهەم بكرێ، زیندانیانی سیاسیش هەروەك شەهیدە سەربەرزەكان و وەكو پێشمەرگە دێرینەكان پێموایە هاوشانن لە بەدیهێنانی ئەو دەسكەوتانەی كە ئەمڕۆ لە هەرێمی كوردستان دا هەن و گەلی كورد لەسایەی دا حەساوەتەوە، بۆیە من پشتگیری هەمواری ئەو ماددەیە دەكەم كە لە ئەسڵی ماددەكە هاتووە بە پێدانی ئەو مینحەیە لەبەرئەوەی كە یاسای شەهید و ئەنفالكراوان واتە لە ئیمتیازاتی شەهید و ئەنفالكراوان دا هاتووە كە خیزانی شەهیدی خەباتگێڕی یان ئەنفالكراو مافی پێدانی یەكەیەكی نیشتەجێ بوون یانیش پارچەیەك زەوی هەیە بە هەمان شێوە لە یاسای ئیمتیازاتی پێشمەرگەش دا هاتووە كە كار دەكرێ بۆ پێدانی یەكەیەكی نیشتەجێ بوون بەو كەسانەی كەوا نیانە، بۆیە منیش پشتگیری پێدانی ئەو مینحەیە دەكەم، ئەگەریش دەڵێن وەڵلا ئەمە قورسایی دارایی لەسەر هەرێمی كوردستان و بودجە دروست دەكات لە توانای حكومەت دانیە كە 17 تا 18 هەزار كەس خۆی بە زیندانی سیاسی تۆمار كردووە و لەوانەیە لە داهاتووشدا زیاتر بێ، بۆیە من پێشنیار دەكەم، بۆیە وەكو ئەو دوو یاسایەی دیكەی لێ بێتەوە، وەكو ماف و ئیمتیازاتی شەهیدی خەباتگێڕ و ئەنفالكراوەكان و پێشمەرگەی سەنگەر دەكرێ ئەوانیش یەكەیەكی نیشتەجێ بوون یان پارچەیەك زەویان پێ بدرێ بە تایبەتی ئەوانەی كە نیانە، بەڵام ئەوەی كە موشكیلە لێرەدا ڕێنمایی ئەوانەی كە زەویەكانیان فرۆشتووەتەوە ناتوانن

سوودمەند بن لە پێدانی ئەم مینحەیە یان ئەم پێشینەی کە پێیان دراوە، بۆیە پێویستە وەزارەت پێداچوونەوە بە ڕێنماییەکانی خۆی بکات دا لە دوای پەسەند کردنی ئەم هەموارەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان):**

کاك حەمە سعید فەرموو.

**بەڕێز حەمە سعید حەمە علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش پشتگیری لیژنەی پێشمەرگە و قوربانیانی جینۆساید دەکەم کە ماددەکە بمێنێتەوە و زیندانیان ئەو ئیمتیازەیان پێ بدرێ، بەڕاستی ژمارەی زیندانیان مەحدودە، یەعنی بارگرانی دروست ناکات، ژمارەیەکی دیاری کراوە، کە هیوادارم کە گەلی کوردستان تووشی زیندانی هیچ زیندانێکی سیاسی نەبێتەوە، سنووردارە و کە هیوادارم ئەم سنووردارییە زیاد نەکرێ بۆ ئیعتباراتی تر، بۆیە انشاءالله ئەو ئیمتیازە  حەقی خۆیانە شەهیدی ئێستان و، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان):**

کوێستان خان فەرموو.

**بەڕێز کوێستان محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش پشتگیری لە پرۆژە پێشنیار کراوەکە دەکەم، کە ئەو 20 ملیۆنە نەبەستڕێتەوە بە مەسەلەی پێشینەی خانووبەرەوە، ئەو 20 ملیۆنە بیاندرێتێ وەکو مینحەیەك هەموو زیندانێکی سیاسی بگرێتەوە، هۆکارەکەشی هاوڕێیانم ڕوونیان کردەوە، من دوو بڕگە زیاد دەکەم و داوا دەکەم و پێشنیار دەکەم  کە زیاد بکرێ کە کۆمکاری زیندانیە سیاسیەکان پێشنیاریان کردووە، یەکەم/ هەروەکو چۆن بەشێك لە چین و توێژەکان، بۆ نموونە منالی شەهید و کەم ئەندام و خوێندنی زانکۆ ئەهلیەکان حکومەت تەکالیفەکەی دەگرێتە ئەستۆ، منالی زیندانی سیاسی ئەوەی بۆ بکرێ، هەروەها نەخۆشەکانیان لە خەستەخانەی حکومی و ئەهلی تەکالیفەکەی حکومەت بیگرێتە ئەستۆ هەروەك ئەو چین و توێژانەش کە بۆیان کراوە و زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان):**

کاك ئارام فەرموو.

**بەڕێز ایوب نعمت (ئارام):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتیوانی لە قسەکانی هاوکارەکانم دەکەم و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان):**

کاك عمر فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەندامە بەڕێزەکان من ناچمەوە تەفسیلی دەوری زیندانی سیاسی، ڕۆڵی شەهیدە سەربەرزەکانیش کەم نانرخێنم، بەلام ئێمە وەکو ناحیە یاساییەکەی سەیرێکی بکەین، من لە ڕاپۆرتەکەی لیژنەی یاسایی دا ڕەئیەکی موخالفم هەیە تیایدا، ئەسڵەن لە ئەسڵی پرۆژەکە و ئەسڵی یاسایەکە هاتووە کە لە ماددەی 6 ی دا لە فەقەرەی 1 دا کە دەڵێ قیتعەیەك ئەرز بدرێ بە سەجینی سیاسی و مینحەیەك موساوی (مبلغ مساوی لمبلغ سلفة العقار لبناء وحدة سكنية) هەدەفی موشەریع لێرە دەڵێ (منحة مبلغ مساوی لمبلغ سلفة العقار)، یەعنی (من حيث المبلغ) یەعنی لە بڕەکە موساوی بێ بۆ بڕی قەرزە عەقاریەکە، نەك لە شروتدا موساوی بێ بۆ شروتی دانی قەرزی عەقاری وە هەدەفی موشەریع ئەوەیە وەکو برادەران باسیان لەسەری کرد خزمەتکردنی ئەو چینەیە کە پێی دەوترێ زیندانی سیاسی، ئەگەر نا یاسایەکە خۆی لە ئەسڵدا ئیمتیاز و حقوقی زیندانی سیاسیە، لێرە ئەگەر ئێمە بێین سەیری بکەین، زیندانی سیاسی هەیە 5 ساڵ لەمەوپێش و 10 ساڵ لەمەوپێش، خانوویەکی کردووە و بەهەر شێوەیەك بێ بە قەرز و قۆڵە بێ، بە یارمەتی بێ و بە مەعاش بێ بە هەر شتێ بێ خانوویەکی کردووە، ئێستا خانوو ناتوانێ بکات، کە نەیتوانی خانوو بکات، چونکە بەگوێرەی ئەو یاسایە دەڵێ نابێ موستەفید بووبێ وەکو سەجینی سیاسی لە قیتعە ئەرزەکە، وە مینحەکەش شەرتی بینای وەحدەی سەکەنیە، کەواتە ئەم کەسە کە پێنج ساڵ لەمەوپێش پێش دەرکردنی ئەم یاسایە خانووی کردووە موستەفید نابێ لە مینحە عەقاریەکە کێ موستەفید دەبێ ئەگەر من بێم ئێستا خانوویەك دەکەم و زیندانێکی سیاسی ئەمڕۆ بێ خانوویەك بکات لەو زەویەی کە وەری گرتووە، هەم قەرزی عەقاریەکەش وەردەگرێ و هەم مینحەکەش وەردەگرێ، ئەمە ناعەدالەتیەك دروست دەکات، جیاوازیە لە نێوان زیندانیە سیاسیەکان، جەنابی سەرۆکی پەرلەمان لە تەعلیماتی ژمارە 10 ی ساڵی 2011 بە نەسی سەریح، ئەنجومەنی وەزیران ئیشارەتی پێیداوە، هیچ مەناعەتێکی نەبووە لە مینحەکە، وەکو ڕاپۆرتەکەی لیژنە هیڵی ئەعبائی مالی دروست دەکات، خۆ ئەگەر ئەعبائی مالی دروست بکردایە یاسایەکە تەسدیق نەدەبوو وەکو تەسدیقی مەجلسی وزەرا ناڕەزامەندی خۆی لەسەر دەربڕی، بە پێچەوانەوە لە ماددەی 6 ی تەعلیمات نیزامی ژمارە 10 ی ساڵی 2011 باس لەوە دەکات دەڵێ وای وردکردووەتەوە و وای حەقەکەی داوەتێ دەڵێ میراتگرەکانیشیان لە فەقەرە یەك و فەقەرە 3 مەشمولن بەم مینحە و بەم ئیمتیازەی کە دەدرێ، لەبەرئەوە من ڕام وایە و بۆ خۆم ڕەئیم لەگەڵ ڕەئی ئەو بەڕێزانەیە کە مینحەی 20 ملیۆنەکەی بدرێتێ، ئەگەر ئێمە ڕەچاوی یاسایەکە لە بەغدا ئیمتیازاتی زیندانی سیاسی زۆر لەوە زیاترە وەکو هەندێ لە برادەران باسیان کرد ئێمە دەیبیستین زۆر کەس چوون لە کەرکووك و لە شوێنەکانی دەرەوەی هەرێم خۆیان دەنووسن ئەمە کارێکی باش نیە، ئەمە کەم کردنەوەیە لە شان و باڵی زیندانیانی سیاسی کوردستان، لەبەرئەوە پێویستە وەك پرۆژەکە بڕوا بەڕێوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان):**

ڤیان خان فەرمووو.

**بەڕێز ڤیان عبدالرحیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەرەڕای پشتگیری لە قسەکانی نەسرین خان و کاك نەریمان، من دەمەوێ ڕوونکردنەوەیەکم دەست بکەوێ لەلایەن لیژنەی یاسایی و لیژنەی پێشمەرگە کە لەوێ دانیشتوون، لێرەکە دەوترێ پارچەیەك زەوی پێ دەدرێ بە بێ بەرامبەر، دواتر لە بەشی دووەم دەڵێ ئەگەر هاتو پێشتر سوودمەند نەبووبێ، ئەم بێ بەرامبەرە تا ڕادەیەك مەتاتیە، یەعنی ئەمە ڕوونکردنەوەمان دەوێ کە دەوترێ بێ بەرامبەر ئایا مینحەیە؟، چونکە ئەگەر مینحە بێ لە بەشی دووەمی رستەکە بەتاڵ دەکاتەوە، کەواتە ئەگەر پێشتریش سوودمەند بووبێ جارێکی تر هەر دەتوانێ سوودمەند بێتەوە وەکو زیندانی سیاسی؟، ئەمە لێرە لەم بێ بەرامبەرە پێویستە ڕوون بکرێتەوە، بە نیسبەت بەشی دووەمەوە ڕوونکردنەوەیەکی تر ئەم مینحەیەی کە بڵێین لەناو هەموارەکە بوونی هەیە ئایا زیندانیانی سیاسی پێشووتریش، چونکە ئێمە دەزانین یاسایەکە کە دەردەچێ لە ڕۆژی دەرچوونیەوە جێ بەجێ دەکرێ، ئایا ئەوانەی پێشتووتریش هەمان مینحە سوودمەند دەبن لێی؟ چونکە من پێشنیار دەکەم بە هەمان شێوە ئەوانەی پێشووتریش سوودمەند بن لەو مینحەیەی کە ئێمە دواتر دەنگی لەسەر دەدەین، بە نیسبەت هاوسەنگی ڕاگرتن ئەگەر ئێمە بمانەوێ دادپەروەری لە نێوان شەهیدان و زیندانیانی سیاسی دا ڕابگرین، ڕاستە زیندانیانی سیاسی شەهیدی زیندوون و زۆر لەوە زیاتر پێویستە ئێمە خزمەت و ماف و ئیمتیازیان بۆ دابین بکەین، بەڵام ئەگەر بمانەوێ تاڕادەیەك دادپەروەر بین، ئێستا یاسای هەمواری شەهیدان لە پەرلەمانی کوردستانە، ئێمە دەتوانین لە ڕێگەی هەموارەکەوە بتوانین مووچە و هەموو ئیمتیازەکانی کەسوکاری شەهیدانیش بەرزتر بکەینەوە، چونکە ئەمە دەگەڕێتەوە بۆ دەنگی پەرلەمانتارە بەڕێزەکان نەك ئێمە بێین جارێکی تر ماف و ئیمتیازی زیندانیانی سیاسی کەم بکەینەوە، پێویستە بەرزتری بکەینەوە، پشتگیری هەردوو پێشنیارەکەی کوێستان خانیش دەکەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان):**

لیژنەی هاوبەش؟ کاك محمد فەرمووو.

**بەڕێز محمد احمد علی (شارەزووری):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تەنها کوێستان خان پێشنیارێکی تازەی هێنا، ئێستا من تەئیکد لە جەنابی دەکەمەوە لە یاسایەکە هەیە، ئەو دوو پێشنیارەی کە جەنابی باسی کرد، یەك/ ئەمە قبوڵە دیراساتی عولیا بە بێ ئیستسنای عومر (تتحمل الحكومة نفقات دراسته أو احد أولاده فى احدى الجامعات)(تتحمل الحكومة تكاليف المعالجات فى المستشفيات الحكومية) جا من تەوزیحێکی دیکە بدەم، ئێمە ئەم تەعدیلە کە هاتووە، من چوومەتە کۆمکاری

زیندانیە سیاسیەکان، کاك احمد تەعدیلێکی کردووە، ئەو دوو، سێ ئیزافەی بۆ کردووە، ئەگینا لە یاسایەکە هەیە.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان):**

کوێستان خان فەرمووو.

**بەڕێز کوێستان محمد عبداللە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من ڕوونکردنەوەی ئەوەی یاسایەك ڕاستە، یەك منالە، من دەڵێم منالەکانی، دووەم/ دەڵێ لە خەستەخانەی حکومی خۆی بە خۆڕایی و بێ بەرامبەرە، من دەڵێم لە خەستەخانەی ئەهلی یان ئەگەر بکرێت ئێستا خەستەخانەیەکی تایبەت هەیە بە شەهیدان، زیندانی سیاسیش بگرێتەوە، نەشتەرگەریشیان بۆ دەکرێ، کۆمەڵێك ئەشیعە وئەوانەشیان بۆ دەکرێ، لەبەرئەوەی ئەو حکومی باس دەکات من دەڵێم ئەهلی، حکومی خۆی بەلاشە، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان):**

کاك عونی فەرمووو.

**بەڕێز عونی کمال بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشنیاری ئەندامانی بەڕێز حەسر کرابوو لەبەرئەوەی بەشێکیان پشتگیری لە پرۆژەی هەموار کردنەکە دەکەن، بەشێکی تریان داوایان کرد ئەسڵی ماددەکە وەکو خۆی بمێنێتەوە، لێرە پێش ئەوەی سیاغەی ئەو پێشنیارە بکەین، داوا لە سەرۆکایەتی پەرلەمان دەکەم پێشنیاری یەکەم کە داوا دەکەن پرۆژەکە وەکو ئەوەی کە تەقدیم کراوە وەکو خۆی بمێنێتەوە، چونکە سیاغەکەی موەفەق نیە لەگەڵ ڕێزم بۆ پێشکەشکارانی پێشنیارەکە، هەتا بتوانین سیاغەی بکەین، لەبەرئەوە پێموایە ماددەکە ڕەفز بکرێتەوە بۆ پێشنیاری یەکەم.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان):**

کاك عمر فەرمووو.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بۆ پرۆژە پێشکەشکراوەکە کە پرۆژەی تەعدیلی پێ دەوترێ، 12 کەس تەئیدی ئەوەی کرد کە ئەوەی لە پرۆژە تەعدیل کراوەکە هەیە بەجێ بگەیەنرێ، سێ کەس داوای کرد بچێتەوە ئەسڵی یاسایەکە، بەواتا مینحەکە کە لە پرۆژەکە هاتووە لەگەڵ ئەرزەکە جیا کراوەتەوە بۆتە دوو فەقەرە ئەوە 12 کەس دەنگی لەسەر داوە، دەڵێ دەنگی بۆ بدرێ، سێ کەس دەڵێ نا با وەکو ئەسڵی یاسایەکە بمێنێتەوە، لەبەرئەوە

پێویسته ئێستا ئەو 12 بەڕێزەی که داوایان کردووه ڕەئیەکەی لیژنەی یاسایی قبوڵ نەکرێ، ڕەئی پرۆژەکه قەبوڵ بکرێ و بخرێته دەنگدانەوە و سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان):**

ئێستا دوو ڕەئی هەیە، ڕەئیەکیان دەڵێ وەکو خۆی بمێنێتەوە، ڕەئیەکیان دەڵێ هەموار بکرێ ماددەکە، ئێستا ئەوەی که دوورترە، هەموار کردنەکه دوورترە، نا کاکه وەکو خۆی بمێنێ ئەوە سابتە، کاك فرست فەرموو.

**بەڕێز فرست احمد (سکرتێری پەرلەمان):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەموار کردنەکه دەخەینه دەنگدان، ئەگەر دەنگی نەهێنا مەعنای ئەسڵەکه وەکو خۆی دەمێنێ.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان):**

هاژە خان فەرموو.

**بەڕێز هاژە سلیمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

یەك مولاحەزە هەیە بەڕاستی له ئەسڵی یاسایەکه هاتووە به عەرەبیەکەی دەڵێ لەگەڵ پێشینەیەك، به کوردیەکەی به عەرەبیەکەی مینحه، فەرقی هەیه لەگەڵ مینحه، مولاحەزەیەکی تر ئێستا ئەگەر ئێمه ئەو پرۆژە یاسایەی که له هەموارکردنەکه هاتووە ئەگەر بیکەین به دوو فەقەرە، ئێمه ئەو وارسی زیندانی کراوی سیاسی مەحروم دەکەین له پێشینەکه، چونکه له ئەسڵی یاسایەکه هاتووە له 10 دەڵێ ماف و ئیمتیازاتی مردووەکان ئەوانەی که له هەردوو بڕگەی یەکەم و سێیەم، واته ئەگەر ئەوە ئیزافه بکەین ئەوا نایانگرێتەوە، بۆیه دەبێ بکرێت به یەك بڕگە، بڕگەی تر زیاد نەکرێ، چونکه ئەوانه مەحروم دەبن له مینحەکه و زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان):**

کاك عمر فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

عەرەبیەکه موتەبەعە، ئیعتمادی لەسەر دەکرێ، به مینحه و به سلفه هاتووە به هەردوو بەشەکە، ئەمەی که له پرۆژە تەعدیل کراوەکەی ئێستا پێشکەش کرابوو جیاشی کردووەتەوە و برادەران 12 کەس دەنگی لەسەر ئەوە دا لەبەئەوە پێویسته پرۆژە تەعدیل کراوەکه بخەیته دەنگدانەوە و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان):**

کاك عبدالسلام فەرموو.

**بەڕێز عبدالسلام بەرواری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من جارێكی تر دەبێ بگەڕێمەوە عەقلی بچووكی خۆم، من وا تێ گەیشتوومە ئەو سێ ساڵە، یاسایەك هەیە و پێشنیارێكی پێشكەشكردووە بە هەمواركردنی ماددەیەك، واتە مەوزوعی دەنگدان و موناقەشەمان ئەو پێشنیارەی هەمواركردنی ماددەیەكە ئێستا پێشنیار هاتن، دوورترین پێشنیار ئەوەیە كە دەڵێت ئەم ماددەیەی لە پرۆژەكە هاتووە ڕەد بكرێ، واتە یەكەمین شتی كە دەنگی لەسەر دەدەین ئەوەی دوورە لە ئەسڵی پرۆژە یاسایەكە، پرۆژە یاسایەكە دەڵێ ماددەیەك هەموار بكرێ، واتە نابێت ئەو خودی ئەوە ئەوەڵ جار بخرێتە دەنگدان، ڕەئیەك هەیە لە دژی ئەم ماددە ئەسڵیەكەی پرۆژە یاسایەكەیە، ئەو دوورە بەڕەئی من واتێ گەیشتوومە من تەسەور دەكەم.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆكی پەرلەمانی كوردستان):**

كاك عمر فەرمووو.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێستا پرۆژە تەعدیل كراوەكە ئەوەی كە ناوی (مشروع قانون التعدیل الاول لقانون امتیازات السجناء والمعتقلین السیاسیین) دەبێ ئەمە بخەیتە دەنگدانەوە، ئەگەر ئەمە دەنگی هێنا ئەوە تەعدیلەكە ڕۆیشتووە و دەنگی نەهێنا، ئەوا ئەسڵی ماددەكە لە شوێنی خۆی دەمێنێتەوە وەكو خۆی و سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆكی پەرلەمانی كوردستان):**

جەنابی وەزیر فەرمووو.

**بەڕێز صباح احمد (ئارام)/ (وەزیری شەهیدان و ئەنفالكراوان):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێستا تەماشاكە ئێمە وەكو وەزارەت ئاگامان لێی نیە لەم تەعدیلە كە نەهاتووە پێمان وایە وەكو خۆی بمێنێتەوە، بەڕێزان لیژنەی یاسایی و لیژنەی پێشمەرگەش هەمان ڕەئیان هەیە كە وەكو خۆی بمێنێتەوە، بڕگەی ئەساسی لێرە لەم ئامادەییە باوەڕیان وایە ئەگەر پێداویستیەك هەبوو بۆ گۆڕانكاری، ئێمە پێشنیارمان وایە لە داهاتوو دیراسە بكرێ و هەموار بكرێتەوە، بەڵام ئێستا بەم سەرپێیە ئێمە ناتوانین هیچ بكەین.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆكی پەرلەمانی كوردستان):**

كاك عمر فەرمووو.

**بەڕێز عمر صدیق هەورامی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من ئەوەی تێی گەیشتم تەعدیلەکە لەسەر ئەوەیە کە مینحەکە جیا بکرێتەوە، ئەمە بابەتێکیانە، چۆنیەتی مامەڵە کردنەکەی لەگەڵ ئەم بابەتە بە باوەڕی من دەبێ بەم شێوەیە بێ، ئایا لە ئەسڵدا ئێمە لەگەڵ هەموارین یان نا؟، پاش ئەوە چەند پێنشیارێك هەبوو، پێشنیارەکان بە پێی دووری و نزیکیان بخرێنە دەنگدانەوە، بەو شێوەیە بەڕێوەبچێ.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان):**

د.ڕۆژان فەرموو.

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوەی لە ئەسڵی پرۆژەکە هاتووە باس لە دوو بابەت دەکات، لە یەك فەقەرە، پێدانی پارچە زەویەکە لەگەڵ سلفەی عەقار وەکو مینحە، نازانم تەعدیل کردنەکە بە چ مەبەستێك کراوە؟ تەنها ئەوەی لە خاڵی یەکەمی ئەسڵی یاسایەکە هاتووە کردوویەتە دوو بڕگە، پێویست بەو تەعدیلە ناکات، کە ئێمە دەڵێین لەگەڵ ئەسڵی قانونەکە بین، مانای ئەوە نیە دژی ئەوە بین کە پارچە زەوی بدرێتە زیندانی سیاسی، یاخود مینحەکەیان بدرێتێ، لەبەرئەوەی ئەو دوو مافە تەسبیت کراوە لە بڕگەی 1 ی ماددەی 6 ئەسڵی یاسایەکە، تەعدیل کردنەکە تەنها یەك مەفهومە، یەك بڕگەی یەکەمە، کراوەتە دوو بڕگە کە یەکەم و دووەمە، لەبەرئەوە داوامان کردووە کە پێویست بەتەعدیلەکە ناکا و لەسەر ئەسڵی یاسایەکە بمێنینەوە، لەبەرئەوەی هەردوو ماف چەسپێنراوە لە بڕگەی یەکەمی ماددەی 6 بۆ زیندانی سیاسی، هەر ئەوەندەیە و سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان):**

کاك سەردار فەرموو.

**بەڕێز سەردار رشید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە بۆیە داوای ئەو هەموارکردنەمان کردووە، کە جەخت لەو ئیمتیازاتانە بکەینەوە، یەعنی ئەگەر وەکو یاسایەکەیە ئێمە بۆچی ئەمەمان پێشکەش کردووە و هەموو ئەو ئەندام پەرلەمانە بەڕێزانە تەئیدیان کردووین، یەعنی جەخت کردنەوەیە لە مینحەکە، ئەو مینحەیە ئێستا کاك عمر زۆر جوانی باس کرد، خۆ ئەوەش قانونیە، ئەوە ئێمە هیچ لە قانون نازانین.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان):**

لیژنەی یاسایی، ئەوە بخوێننەوە بۆ ئەوەی بیخەینە دەنگدانەوە، کاك عونی فەرموو.

**بەڕێز عونی کمال بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەگەر ئەو بڕگەیە بخرێتە دەنگدان سیاغەکە قانونی نیە، دەبێ چاکی بکەینەوە، بەڵام پێش ئەوەی سیاغەکەی بکەینەوە، ........ .

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆكی پەرلەمانی كوردستان):**

ئێستا كاكە دوو بۆچوون هەیە، هەموار بكرێ، هەندێكیشیان دەڵێن ئەسڵەكەی بمێنێتەوە، دوورەكەی هەموار كردنەكەیە، كێ لەگەڵ ئەوە دایە هەموار بكرێت، تكایە دەست بەرز بكاتەوە، 27 كەس لەگەڵ دایە هەموار بكرێ، كێ لەگەڵ دایە لەگەڵ ئەسڵی ماددەكە بێ، تكایە دەست بەرزبكاتەوە؟ 31 كەس لەگەڵ ئەسڵی ماددەكە دایە، كەواتە بە زۆرینەی دەنگ ئەسڵی ماددەكە وەكو خۆی مایەوە،كاك صباح فەرموو.

**بەڕێز صباح بیت الله شكری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

مادة مضافة وتقرأ كالاتي:

تشكل مديرية عامة لشؤون السجناء والمعتقلين السياسيين وترتبط بالوزارة يرأسها مدير عام حاصل على شهادة جامعية اولية ومن ذوي الخبرة والاختصاص وتتألف من المديريات التالية:

1/ مديرية الادارة والذاتية.

2/ مديرية الحسابات والتدقيق.

3/ مديرية الاحصاء والتخطيط.

4/ مديرية الخدمات وشؤون السجناء والمعتقلين السياسيين في المحافظات.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆكی پەرلەمانی كوردستان):**

فەرموو.

**بەڕێز محمد احمد علی(شارەزووری):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی 4:

لیژنە پێشنیار دەكات زیاد كردنی ماددەیەك بۆ یاسایەكە و بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە:

پێكهێنانی بەڕێوبەرایەتیەكی گشتی زیندانی كراو و ڕاگیراوانی سیاسی و بەستنەوەی بە وەزارەتی كاروباری شەهیدان و ئەنفالكراوان، بەڕێوەبەرەكەی هەڵگری بڕوانامەی زانكۆیی بێ و خاوەنی شارەزایی و پسپۆڕی بێت و لەم بەڕێوبەرایەتیانە پێك دێت:

1/ بەڕێوبەرایەتی بەڕێوەبردن و خۆیەتی.

2/ بەڕێوبەرایەتی ژمێریاری وردبینی.

3/ بەڕێوبەرایەتی ئامار و پلاندانان.

4/ بەڕێوبەرایەتی خزمەتگوزاری و كاروباری زیندانیان و گیراوانی سیاسی لە پارێزگاكانی هەرێم و ئیدارەی گەرمیان.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆكی پەرلەمانی كوردستان):**

لیژنەی یاسایی؟ كاك عونی فەرموو.

**بەڕێز عونی کمال بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لیژنەی یاسایی داوا دەکات ماددەکە ئیلغا بکرێ، لەبەرئەوەی بابەتەکە پەیوەستە بە هەموارکردنی یاسای وەزارەتی شەهید و ئەنفالکراوەکان ژمارە 8 ی ساڵی 2006.

ئەوە لێرە جێگای نابێتەوە.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان):**

لیژنەی پێشمەرگە؟ فەرموو.

**بەڕێز محمد احمد شارەزووری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەڵڵا دیارە دوای ڕوونکردنەوەی لیژنەی یاسایی بۆ ئەوەی کە تەعدیلی ئەوە و عیلاقەی بەو تەعدیلەوە هەیە، ئێمەش پشتگیری دەکەین.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان):**

جەنابی وەزیر؟ فەرموو.

**بەڕێز صباح احمد (ئارام)/ وەزیری شەهیدان و ئەنفالکراوان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە وەکو ئەرك ئەگەر هەڵی سەنگێنین، ئەم کارە زۆر بووە، پێداویستی بەوە هەیە بەڕێوبەرایەتیەکی گشتی هەبێ، بەڵام لەبەرئەوەی ئەمە لە قانونی وەزارەتی ئێمەدا ئەوە جێگەی نیە، ئەگەر بۆ داهاتوو ئەو یاسایە داڕێژرایەوە و هەموار کرایەوە بۆ ئەو کاتە.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان):**

کاك عبدالسلام ئەوانە دەیانەوێ ڕەد بکرێتەوە، ئێمە موناقەشەی چی لەسەر بکەین؟ کێ لەگەڵ ئەوەیە ڕەد بکرێتەوە تکایە دەست بەرز بکاتەوە؟ کێ لەگەڵ دانیە؟ بە کۆی دەنگ ڕەد کرایەوە بۆ ماددەیەکی تر فەرموو.

**بەڕێز صباح بیت الله شکری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادە 5

لمجلس الوزراء اصدارالانظمة والتعلیمات اللازمة لتسهیل تنفیذ احکام هذا القانون.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان):**

کاك محمد فەرموو.

**بەڕێز محمد شارەزووری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی 5: ئەنجومەنی وەزیران بۆی هەیە پەیڕەو و ڕێنمایی پێویست بۆ ئاسانکاری جێ بەجێ کردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە دەربکات.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان):**

لیژنەی یاسایی؟ فەرموو.

**بەڕێز عونی کمال بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەبەرئەوەی ئەمە لە بڕگەی 1 ی ماددەکەدا ئەنجومەنی وەزیرانمان لادا، بۆیە پێویست ناکات لێرە بڵێین ئەنجومەنی وەزیران نیزام دەردەکات، تەنها حەسر بێت بە وەزارەتی شەهیدو ئەنفالکراوان ئەوان تەعلیمات دەربکەن.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان):**

لیژنەی پێشمەرگە؟ فەرموو.

**بەڕێز محمد شارەزووری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتگیری ڕایەکەی لیژنەی یاسایی دەکەین.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان):**

جەنابی وەزیر؟ فەرموو.

**بەڕێز بەڕێز صباح احمد (ئارام)/ وەزیری شەهیدان و ئەنفالکراوان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی 5 هاوشێوەی یاساکانی تر لەبەرئەوەی ئەمە پابەندە بە وەزارەتەوە ئێمە بە پێویستی دەزانین وەزارەت بۆی هەبێ پەیڕەو ڕێنمایی دەربکات نەك سەرووتر.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان):**

کێ تێبینی هەیە ناوی بنووسین، کاك نەژاد نوقتەی نیزامت هەیە؟ باشە د.ڕۆژان فەرموو.

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ڕێنمایی لە دەسەڵاتی وەزارەتە و وەزیرە ڕێنمایی دەربچوێنی، بەڵام بە نیسبەت ڕێساکان و ئەنزیمە ئەوە پێویستە ئەنجومەنی وەزیران ئەگەر پێویستی کرد ئەوان ئەنزیمەی پێویست و ڕێسای پێویست بۆ جێ بەجێ کردنی ئەو یاسایە دەربچوێنێ، با ئەو دەسەڵاتە لە ئەنجومەنی وەزیرانە نەستێنین، ماددەیەك هەبێ

که مەجلسی وزەرا ئەنزیمەیەك دەربكات نیزامی پێویست، ماددەیەكیشە بۆ ڕێنمایی كە لە دەسەڵاتی وەزیرە دەربچوێنێ و زۆر ئاساییە لە هەموو یاساییەكان ئەو شێوەیە پەیڕەو كراوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆكی پەرلەمانی كوردستان):**

لیژنەی پێشمەرگە؟ فەرموو.

**بەڕێز محمد شارەزووری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من وەكو خۆم قسەم هەیە ئەگەر یارمەتیم بدەی، دیارە یاسا كە لەم پەرلەمانە دەردەكرێ بۆ خزمەتی هاووڵاتیانە، بۆیە منیش لەگەڵ ئەوەم كە وەزیر ڕێنمایی دەربكات، من تەوزیحێك دەدەم ڕێنماییەك دەرچووە پێشتر بۆ جێ بەجێ كردنی ئەم یاسایە بەداخەوە دەڵێم ڕێگر بووە لەبەردەم جێگرتنی ئەم یاسایە، چونكە كۆمەڵێك تەحقیقاتی بۆ سجنی سیاسی دەركردووە زۆر بە زەحمەتە، لەوانە مەسەلەن من یەك نموونە دەهێنمەوە، ئەگەر من لە بەسرە گیرابم خۆم بە تەنها و كەس ئاگادار نەبووبێ كەس نازانێ ئەم یاسایە كە شمولی من ناكات، دەبێ چوار كەس لەگەڵتا بووبێ، دوو كەس مەعاشی سجنی سیاسی هەبێ ئینجا بۆی هەیە، بۆیە من داواكام جەنابی وەزیر و وەزارەت ڕێنمایی دەربكەن و بەو ڕێنماییە بچنەوە بۆ ئاسانكاری جێ بەجێ كردنی ئەم یاسایە، نەك بۆ ئەوەی بێتە بەردەست لەبەردەمی سجنی سیاسی داو وەكو ئێستا سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆكی پەرلەمانی كوردستان):**

كاك عمر فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەم یاسایە لە ئەسڵدا نیزامی ژمارە 10 ی بۆ دەرچووە كاتێك كە سەر بە ئەنجومەنی وەزیران بووە و یەك لیژنە هەبووە، ئێستا لەم پرۆژە تەعدیل كراوە گۆڕانكاری بەسەر لیژنەكانیان دا هاتووە، لەبەرئەوە ناكرێ پێویستی بە نیزام نەبێ، مەجلسی وزەرا نیزامێكی بۆ دەرنەكات، وەكو باقی یاساكانی تر دەبێ مەجلسی وزەرا ئەم نیزامەی كە دەری كردووە ژمارە 10 ئێستا لەگەڵ ئەم واقعی تەعدیلە ناگونجێ، دەبێ ئەو نیزامە گۆڕانكاری تیا بكرێ، نیزامی تازەی بۆ دەرچێ و بە گوێرەی ئەو تەعدیلەی كە ئێستا كراوە.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆكی پەرلەمانی كوردستان):**

كاك شێرزاد فەرموو.

**بەڕێز شێرزاد عبدالحافظ:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

دیارە ئێمە كۆمەڵێ یاسای باشمان بەڕاستی لەم پەرلەمانە دەرچوواندووە، بەڵام بەهۆی ئەو ڕێنماییانەی كە دەردەچێ لە وەزارەتەكانەوە زۆربەی یاساكانمان واڵێ دەكەن كە بەڕاستی ئیشی پێ نەكرێ، یەكێ لەو

کێشانەی کە ئێستا لەم یاسایە هەیە خەڵك هەبووە کە چووە بۆ خۆمی باس کردووە بە شەخسی کە دەڵێ خۆتان دەزانن ئەو ژنانەی کە گیراون کاتی خۆی ژن لەگەڵ پیاودا نەبووە ژنان بە جیا گیراون، ڕەنگە دوو، سێ ژن بەیەکەوە بووبێ، ئێستا داوای ئەوە دەکرێ ئەوەی کاك محمد شارەزووری من تەئکیدی لێ دەکەمەوە کۆمەڵێك ژن هەبووە کە ئێستا داوای دوو شایەتیان لێ دەکەن کە لەگەڵیا بووبێ، لە هەندێ شوێن بەڕاستی کە بەداخەوە باسی ئەوەیان کردووە کە ئەبێ دوو ژن بە شایەتێك بێ داوای 4 ژنیان لێ کردوون، کە ئەمە شتێکە بەڕاستی حەقی وایە لەم پەرلەمانەیە باسی بکرێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان):**

سۆزان خان فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بێگومان کە نیزامەکە دەرچووە پێش تەعدیل کردنی یاسایەکە بووە، لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە دەرچووە، ئێستا یاسایەکەمان هەموار کردووە، هەر دەبێ نیزامەکە جارێکی تر هەموار بکرێتەوە، بۆیە دەبێ ئەنجومەنی وەزیران نیزامەکەی خۆی بڵێین نیزامەکەی خۆی هەموار دەکاتەوە، دوای ئەوەش خۆمان لە هەموو یاسایەك ئەوە دەڵێین (على الوزارە اصدار التعليمات) وەزیر تەعلیماتی پێویست دەردەکات بۆ جێ بەجێ کردنی ئەم یاسایە، یەعنی هەردوو بابەتەکەی دەبێ تیایدا بێ، هەم نیزامەکەش هەموار بکرێتەوە و هەم ڕێنماییەکەش دەربکرێ لەلایەن وەزارەتەوە و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان):**

کاك فرست هەندێ تێبینی هەیە، فەرموو.

**بەڕێز فرست احمد (سکرتێری پەرلەمان):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

قانونی ئەسڵی مافی دەرکردنی نیزام بە مەجلسی وەزیرانمان داوە، نیزامەکەش دەرچووە، ئێستا قانونەکە تەعدیل دەکرێ، مەفروزە مەجلسی وەزیران تەعدیلی نیزامی خۆی دەکات، نە نیزامەکی تازە دەربکات، دوو/ موحتاجی نەسیش ناکات، چونکە مەبدەئێکی قانونی هەیە، دەڵێن (من يملك الكل يملك الجزء) ئەوەی حەقی هەبێ نیزام دەربکات، حەقی تەعدیلی نیزامیشی هەیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان):**

کاك عونی فەرموو.

**بەڕێز عونی کمال بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە ئەنجامی ئەو گفتوگۆیە سیاغەی ماددەکە بەو شکلە دەبێت:

على وزارة شؤون الشهداء والمؤنفلين فى اقليم كوردستان اصدار التعليمات اللازمة لتسهيل تنفيذ احكام هذا القانون.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان):**

بەو شێوەیەی کە خوێندرایەوە تکایە کێ لەگەڵ دایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ کێ لەگەڵ دانیە؟ بە کۆی دەنگ پەسەند کرا، فەرموون بۆ ماددەیەکی تر، کاک شڤان فەرموو.

**بەڕێز صباح بیت الله شکری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة 6

على مجلس الوزراء والجهات ذات العلاقة تنفيذ احكام هذا القانون.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان):**

کاك عونی فەرمووە.

**بەڕێز عونی کمال بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتگیری ماددەکە دەکەین بەو شێوەیەی کە خوێندرایەوە.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان):**

جەنابی وەزیر؟ فەرموو.

**بەڕێز بەڕێز صباح احمد (ئارام)/ وەزیری شەهیدان و ئەنفالکراوان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

زۆر سوپاس، بەس ڕوونکردنەوەیکم پێویستە، چونکە ئەمە تەبیعەتی لیژنەکە تۆزێ جیاوازە، حاکمی تیایە و سەر بە ئەنجومەنی دادوەریە و من نازانم ئەو ئالیەتە چیە؟.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان):**

کاك عونی فەرموو.

**بەڕێز عونی کمال بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو (جهات ذات العلاقة) ئەوە هەمووی حەل دەکات.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان):**

جەنابی وەزیر؟ فەرموو.

**بەڕێز صباح احمد (ئارام)/ وەزیری شەهیدان و ئەنفالکراوان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەها ئەوە هەمووی دەگرێتەوە.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان):**

کێ لەگەڵ دایە تکایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ کێ لەگەڵ دانیە؟ بە کۆی دەنگ پەسەند کرا، فەرموون بۆ ماددەیەکی تر فەرموو.

**بەڕێز صباح بیت الله شکری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة 7: ايعمل بای نص قانونی أو قرار يتعارض مع احكام هذا القانون.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان):**

کاك عونی فەرموو.

**بەڕێز عونی کمال بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتگیری لە ماددەکە دەکەین بەو شێوەیەی کە خوێندرایەوە.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان):**

تێبینیتان هەیە؟ باشە کێ لەگەڵ دایە تکایە دەست بەرز بکاتەوە؟ کێ لەگەڵ دانیە؟ بە کۆی دەنگ پەسەند کرا، فەرموون بۆ ماددەیەکی تر، کاك عونی فەرموو.

**بەڕێز عونی کمال بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی دوایی لە پڕۆژە یاسایەکە بەو شکلەیە:

ينفذ هذا القانون اعتبارا من تاريخ نشره فی الجريدة الرسمية (وقائع كوردستان).

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان):**

کێ لەگەڵ دایە تکایە دەست بەرز بکاتەوە؟ کێ لەگەڵ دانیە؟ بە کۆی دەنگ پەسەند کرا، فەرموون بۆ ئەسبابی موجبە.

**بەڕێز صباح بیت الله شکری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**الاسباب الموجبة**

لقد ظهرت من خلال تطبيق قانون امتيازات السجناء والمعتقلين السياسيين مشاكل ومتاعب متعددة يواجه المشمولين باحكامهم، وجعل عبأ على كاهلهم خصوصا البعيدين عن العاصمة اربيل، بسبب تواجد لجنة مختصة واحدة فيها وصعوبة احضار شهود اثبات امام تلك اللجنة حصرا بسبب بعد المسافات ومخاطر الطرق

وغلاء كل التنقل والمبيت وخدمة لهؤلاء المناضلين ولتفادى تلك الصعوبات وتسهيلا لتطبيقها فقد شرع هذا القانون.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆكی پەرلەمانی كوردستان):**

كاك محمد فەرموو.

**بەڕێز محمد شارەزووری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**هۆیەكانی دەرچوونی ئەم یاسایە**

لە میانەی جێ بەجێ كردنی یاسای ئیمتیازاتی زیندانی كراو ڕاگیراوانی سیاسی كوردستان كە چەندین كێشە ڕووبەڕووی ئەو كەسانە بوویەوە كە حوكمەكانی ئەم یاسایە دەیانگرێتەوە، لەوانە بوونی تەنها لیژنەیەك لە هەولێری پایتەخت ودووری ڕێگا و ئامادە كردنی شایەت و تێچوونی كرێی ڕێگا و مانەوە لە پێناو خزمەتكردنی ئەم تێكۆشەرانە و دووركەوتنەوە لەو گرفتانە و ئاسانكاری لە جێ بەجێ كردنی دا ئەم یاسایە دەرچوێنرا.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆكی پەرلەمانی كوردستان):**

جەنابی وەزیر تێبینیت هەیە؟ هۆكارەكانی دەرچوونی ئەم یاسایە لەگەڵ هەمووی یاسایەكە كێ لەگەڵ دایە تكایە دەست بەرزبكاتەوە؟ كێ لەگەڵ دانیە؟ بە كۆی دەنگ پەسەند كرا، دەست خۆشیتان لێ دەكەین، پیرۆزباییش لە زیندانیەكان دەكەین ئەوانەی كە وەكو دەڵێن لە ڕۆژانی سەخت لە زیندانەكان بوون و مقاوەمەتیان كرد لەبەرامبەر دامودەزگا تۆقێنەرەكان و سەركوتكەرەكانی ڕژێمی عیراقی، ئومێد دەكەین ئەمە ببێتە كار ئاسانیەك و بەسەركردنەوەیەكی باش بۆیان و بۆ ژیانی خۆیان و منداڵەكانیان، ئێستا بزانین جەنابی وەزیر ئەگەر تێبینی هەیە، قسەیەكی هەیە با بفەرموێ.

**بەڕێز صباح احمد (ئارام)/ (وەزیری شەهیدان و ئەنفالكراوان):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

زۆر زۆر سوپاسی بەڕێزان لە سەرۆكایەتی پەرلەمان و هەموو لیژنەكان و هەموو ئەندامانی بەڕێز دەكەین بۆ ئەو هاوكاریە كە ئەم ئاسانكاریە كرا بۆ ئەم توێژە گرنگەی گەلەكەمان هیواداریین یاسای شەهیدان لە پێشدایە و ئەوەش هەموار بكرێت و زۆر سوپاستان دەكەین بۆ هیمەتتان.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆكی پەرلەمانی كوردستان):**

بەیانی سەعات 10 ی پێشنیوەڕۆ كۆبوونەوەكانمان دەست پێ دەكاتەوە، تا ئەو كاتە بەخواتان دەسپێرم و هەر بژین.

فرست احمد عبدالله
سكرتێری پەرلەمانی
كوردستان – عێراق

د.حسن محمد سوره
جێگری سەرۆكی پەرلەمانی
كوردستان – عێراق

د. ارسلان بایز اسماعیل
سەرۆكی پەرلەمانی
كوردستان - عێراق

# پەرلەمانی كوردستان - عێراق

## پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (10)

## سێ شەممە ڕێکەوتی 23\4\2013

## خولی سێیەمی هەڵبژاردن

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره (10)

## سێ شەممە رێكەوتی 2013/4/23

كاتژمێر (10)ی پێش نیوەڕۆی رۆژی سێ شەممە رێكەوتی 2013/4/23 پەرلەمانی كوردستان - عێراق بە سەرۆكایەتی د.ارسلان بایز اسماعیل سەرۆكی پەرلەمان و، بە ئامادەبوونی بەڕێز د. حسن محمد سوره جێگری سەرۆك و، بەڕێز فرست أحمد عبدالله سكرتێری پەرلەمان, دانیشتنی ژماره (10)ی خولی سێیەم, سالی (2013) ی خۆی بەست.

**بەرنامەی كار:**

**بەپێی حوكمەكانی برِگە (1)ی مادده (20) له پەیرەوی ناوخۆی ژماره (1)ی هەمواركراوی ساڵی 1992ی پەرلەمانی كوردستان - عێراق, دەستەی سەرۆكایەتی پەرلەمان بڕیاری درا دانیشتنی ژمارەی (10)ی خولی سێیەمی هەڵبژاردن له كات (10)ی پێش نیوەڕۆی رۆژی سێ شەممە رێكەوتی 2013/4/23 دا بەم شێوەیه بێت:**

1. خستنه ڕوو و گفتوگۆكردنی پرۆژه یاسای دیاریكردن و وەرگرتنی شایسته داراییەكانی هەرێمی كوردستانی عێراق، له داهاتەكانی فیدڕاڵ.

2. خستنه ڕوو و گفتوگۆكردنی پرۆژه و یاسای هەمواركردنی یەكەمی یاسای دەستەی گشتی هەرێمی كوردستان بۆ ناوچه ناكۆكی له سەرەكان ژماره (2)ی ساڵی 2010.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/ سەرۆكی پەرلەمان:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

بەناوی گەلی کوردستان، دانیشتنی ئەمڕۆمان دەست پێ دەکەین، پەرلەمانی کوردستان خولی سێیەمی هەڵبژاردن ساڵی چوارەم، خولی گرێدانی دووەم، ژمارەی دانیشتنی (10) ڕۆژی دانیشتن 2013/4/23، بەرنامەی کار: بەپێی حوکمەکانی برگە یەکی مادده (20) لە پەیڕەوی ناوەخۆی ژمارە یەکی هەموارکراوی ساڵی 1992ی پەرلەمانی کوردستان ـ عێراق، دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان بڕیاری دا، بەرنامەی کاری دانیشتنی ژمارە (10)ی ئاسایی خولی سێیەمی هەڵبژاردن لە کات (10)ی پێش نیوەڕۆ، ڕۆژی سێ شەممە ڕێکەوت 2013/4/23، بەم شێوەیە بێت

1. خستنە ڕوو و گفتوگۆکردنی پڕۆژە یاسای دیاریکردن و وەرگرتنی شایستە داراییەکانی هەرێمی کوردستانی عێراق، لە داهاتەکانی فیدڕاڵ.

2. خستنە ڕوو و گفتوگۆکردنی پڕۆژە و یاسای هەموارکردنی یەکەمی یاسای دەستەی گشتی هەرێمی کوردستان بۆ ناوچە ناکۆکی لە سەرەکان ژمارە (2)ی ساڵی 2010.

بەخێرهاتنی بەڕێزان وەزیری دارایی و وەزیری سامانە سروشتیەکان و وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان دەکەین لەگەڵ وەفدە یاوەرەکەیان، ئێستاش داوا لە لیژنەی یاسایی و لیژنەی پیشەسازی ووزە دەکەین فەرموون بۆ سەر سەکۆی لیژنەکان، لیژنەی دارایی نوێنەری ئێوەش بێتە سەر سەکۆی لیژنەکان تکایە، فەرموو کاک عونی،

**بەڕێزعەونی کمال سعید (بەزاز):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمانی**

بڕگەی یەکەمی بەرنامەی کاری ئەمڕۆمان خستنە ڕوو و گفتوگۆکردنی پڕۆژە یاسای دیاریکردن و وەرگرتنی شایستە داراییەکانی هەرێمی کوردستانی عێراق، لە داهاتەکاتەکانی فیدڕاڵدا، لیژنەی یاسایی ڕاپۆرتەکەی ئامادەکردووە سەبارەت بە پڕۆژەکە بەم شێوەیە:

**الى/ رئاسة برلمان كوردستان ـ العراق**

**م/ تقرير لجنة الشؤون القانونية حول مشروع قانون تحديد واستحصال المستحقات المالية لأقليم كوردستان - العراق من الواردات الأتحادية**

عقدت لجنة الشؤون القانونية بتأريخ 29/نوروز/ 2713 الكوردى المصادف ليوم 2013/4/18 ميلادى اجتماعاً لدراسة مشروع قانون تحديد واستحصال المستحقات المالية لأقليم كوردستان - العراق من الواردات الأتحادية، المقدم من قبل رئاسة مجلس الوزراء بموجب كتابها المرقم (3234) في 2013/4/8 والمحال الى لجنتنا بعد القراءة الأولى له في البرلمان بجلستها الأعتيادية المرقمة(7) في 2013/4/16، بعد المناقشة والمداولة توصلت اللجنة الى ما يلي: 1. تأييد المشروع وفقاً لما هو مقدم، لكونه جاء مطابقاً مع احكام دستور جمهورية العراق الأتحادي لسنة 2005 وتنفيذاً لأحكام المادة (40) من قانون الموازنة العامة لأقليم كوردستان - العراق لسنة 2013 والتى تنص بإلزام حكومة الأقليم بأتخاذ الطرق القانونية لتحصيل جميع مستحقات حكومة الأقليم لدى الحكومة الأتحادية حسب أحكام الدستور، وبما أن الأقليم يلتزم في القرارات والأجراءات التي

تتخذها وفق هذا القانون بأحكام قانون النفط والغاز المرقم (22) لسنة 2007، من ضمنها تعامله مع الواردات المستحصلة ويمارس مسؤولياته وفق المبادئ والمعايير الخاصة بمبادرة شفافية الصناعات الأستخراجية (EATA)وان المشروع يحقق الهدف المستوفاة منه في تحصيل جميع مستحقات حكومة الأقليم لدى الحكومة الأتحادية بالأجراءات والأليات الواردة في بنوده،

2.اضافة الأسباب الموجبة التالية للمشروع:

**الأسباب الموجبة**

حيث ان دستور العراق قد نص على ان حقوق الأقليم المالية سواء ما يستحقه من الواردات الأتحادية بما فيها النفط والغاز أو ما يستحقه من تعويضات لما فات الأقليم من منافع وما لحقه من أضرار جراء حرمانه من استحقاقاته من واردات الدولة العراقية لعقود من الزمن وما لحق مواطن الأقليم من خسائر في الأرواح والأموال جراء السياسات التمعية الجائرة للحكومات العراقية المتوالية، وتنفيذها سياسة الارض المحروقة لكوردستان والابادة الجماعية لشعبها ولما نص عليها للدستور من صلاحية الأقليم وما اناط بهم من أختصاصات ولضمان حقوق الاقليم من المستحقات المالية فقد شرع هذا القانون، راجين التفضل بالأطلاع وعرض التقرير ورأى اللجنة القانونية بشأنها على البرلمان للمناقشة وابداء الرأى المناسب للمشروع والتصويت مع التقدير.

**بەڕێز د. ارسلان بايز اسماعيل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك ياووز،

**بەڕێز ياووزخورشيد عثمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تەبعەن ئەو پڕۆژە یاسایەی کە ئێستا موناقەشەی لە سەر دەکرێ 4/16 خوێندنەوەی یەکەمی بۆ کرایە ئاراستەی لیژنەکەمان کرایە، تەبعەن 4/22 لە بەرنامەی کار دانرایە کە دەکا تەقریبەن (7) ڕۆژ، ئێمەش پڕۆژە یاساکە دوێنێ گەیشتە دەستمان وەکو لیژنە، بۆیە ئێمە ڕاپۆرتمان نیە بۆ ئەو پڕۆژە یاسایە، هەرچەند من پێم وایە ئەو پڕۆژە یاسایە هەر پێویست نەبوو ئاڕاستەی لیژنەکەمان بکرێتەوە، چونکە وابزانم تەبعەتی پارەی تێدایە، و هەرچەندە باسی نەفت و غاز و ئەو شتانە دەکرێتن، بۆیە ئێمە لێرە ڕاپۆرتمان نیە، و داوای تەئجیلیش ناکەم، ئەمە لیژنەکە ئەمەی دەزانی من ناتوانم بڕیار لە سەر ئەوە بدەم، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بايز اسماعيل/ سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

فەرموو کاك کاردۆ

**بەڕێز کاردۆ محمد پيرداود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمانی**

پێش ئەوەی بچینە ناو موناقەشەکردنی ئەو پڕۆژە یاسایە وەکو کاك یاووز ئیشارەی پێکرد، ئەمە بەپێی پەیڕەویش بەپێچەوانەی پەیڕەوە، من دەمەوێ سەرەتا یەك تەئکید بکەمەوە، ئێمە لەگەڵ ئەوە داین هەموو مافە داراییەکانی هەرێمی کوردستان، و مافە داراییەکان کە لە دەستوری عێراق جێگیر کرایە، یەك دینار بە فیڕۆ نەدرێ، بەڵکو وەرگیرێتەوە، و بەرپرسیاریەتەکەی یەکەم لە ئەستۆی نوێنەرانی کوردە کە لەوێ کە ئەوە بەپێی دەستور ماددەی (106) کە پێویستە هەیئە هەبێ بە قانون هەیئە دروست بکرێ، ئەوە سەرەڕای ئەوەی ئێمە پێمان وایە لە کوردستان هەندێك گرفتمان هەیە کە پەیوەندی بە داهاتی نەوتەوە هەیە، چەندین پڕۆژەی یاسای داهاتی نەوت لەلایەن حکومەتەوە ناردراوە بۆ پەرلەمان، و هەموو جارێ ئێمە پرسیار لە حکومەت دەکەینەوە دەڵێن کاکە پەرلەمان بەرپرسیارە، من دەمەوێ :-

1. بۆ ئەو پڕۆژە یاسایانەی کە پەیوەندی بە نەوت و کومپانیاکان و داهاتی نەوتەوە هەیە نایهێنە موناقەشە؟، پڕۆژە یاسایەك 16ی مانگ خوێندراوەتەوە هێشتا لیژنەکە دوێنێ بەدەستی گەیشتیە بەو پەلە پەلە دەیهێنن دەیخوێننەوە ئەوە بەو مانایە نیە، ئەمە بەپێچەوانەی ئەوە بین کە یاسایەك هەبێ بەپێی دەستور کە دیفاع لە مافە داراییەکان و دەستوریەکانی هەرێم بکات، بەڵام ئێمە یەکەم جار نوێنەرانی خۆمان ئیلزام دەکەین ئەمە یەکیان کە بەپێی دەستوری عێراقی دەبێ ئیش بکەن،

2. لە هەرێمی کوردستان تا چەند ئەو داهاتە شەفاف دەبێ بەتایبەتی داهاتی نەوت، ئەوە بەڕێزان لێرە دانیشتوون، وەزارەتی دارایی و وەزارەتی سامانە سروشتییەکان دەبێ ئەم مەسەلەی پڕۆژەی نەوتە یەك لایی بکەینەوە، ئینجا دوایی قسە لە سەر ئەو یاسایە بکەین بۆ ئەوەی بتوانین پارێزگاری لە مافە دەستوری و داراییەکانی خۆمان بکەین، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

فەرموو سۆزان خان

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من لە پێشدا جارێ باسی ئەوە دەکەم کە لە ناو پەیڕەوی ناوخۆدا لە ماددەی (71)دا، لە خاڵی چوارەمدا دەکرێت بە سورەتێکی موستەعجەل داوا بکرێ، کەوا یاسایەك، ڕاپۆرتێك تەواو بکرێ لەبەر گرنگی ئەو یاسایە، خاڵی دووەم کە دەمەوێ باسی بکەم، لە (25) ڕۆژی موناقەشەی بودجەدا (111) ئەندام پەرلەمان هەڵساوە لە ئەوەندە سەعاتەدا هەر هەمووی جەختمان لە سەر ئیستیحساڵی مافەکانی هەرێمی کوردستان کردۆتەوە کە دەبێ حکومەتی هەرێمی کوردستان، هەر بگرە هەندێك لایەنیش بە نیازی ئەوە بوون کە دەعوا قەید بکەن لە سەر وەزارەتی دارایی، وەزارەتی سامانە سروشتیەکان کە بۆچی کەم تەرخەم بوون لە ئیستیحساڵەکەدا، ئێستا کە ئێمە ئەمانەوێ ئەمە بە یاسایەك بکەین من بە لامەوە سەیرە کۆمەڵێ قسە دەکرێ، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

فەرموو ناسك خان،

**بەڕێز ناسك توفيق عبدالكريم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە بەپێی پەیڕەوی ناوەخۆ مەفروزە هەموو ئەو پڕۆژە یاسایانەی کە دێتە بەردەست لیژنە (10) ڕۆژیان لەبەر دەست دابێ بۆ دیراسەکردنی، ئەم پڕۆژەیە 21 مانگ گەیشتۆتە بەردەست لیژنەی پێشەسازی وزە، پێش ئەم پڕۆژەیە شەشە پڕۆژەی تری زۆر گرینگ کە من پێم وایە تەقیدی صندوقی داهاتەکەش دەکا، من لەگەڵ ئەوەم موستەحەقاتی خۆمان بەپێی دەستور هەرچیمان هەیە بە قانونیش ڕێك بخرێ، هەرچەند ئێستا ئێمە بەسەریعی من سەیرێکم کردووە، هەمووی دەڵێی کۆکراوەی مادده دەستوریەکانە، بۆیە من پێم وایە یەعنی دەبوایە نووسراوێك لە سەرۆکایەتی پەرلەمانەوە ئاراستەی لیژنەکان بکرایە، بیان گوتبایە پەلەمانە لەوە بۆ ئەوەی ئێمە دوێنێ هاتووین یەکسەر دانیشین دوو دێڕ بنووسین بڵێین موافقین، خۆ دەمانتوانی ئێستا کۆبونەوەی لیژنەی پیشەسازیمان هەبوو لە سەر مەوزوعێکی تر دەمانتوانی ئێمەش بۆ ئەوەی لیژنەکەمان هین نەبێ دوو دێڕ بنووسین بڵێین هەمووی یاساییە و دەستتان خۆشبێ، بڕوا، بەس یاسا بەڕاستی وا دانانرێ خاسەتەن یاسایەکی وا حەساس، نە ئەوەی کە دوو ساڵ یاسایەك لە لیژنە دەکەوێ و کەس لێی ناپرسێتەوە، نە ئەوەی 21ی مانگ هاتۆتە لیژنەو 23ی مانگ موناقەشەی بکەین، بەڕاستی من داوای تەئجیل دەکەم عەلەل ئەقەل دوو ڕۆژ با ئێمەش دیراسەیەکی بکەین، بە دوو ڕۆژیش دیراسەی ئەمە ناکرێ، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بايز اسماعيل/ سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

ئەزانی چۆن ئەو هەموو خەڵکە هەڵناسێنرێ بەڕاستی، فەرموو کوێستان خان،

**بەڕێز کوێستان محمد عبدالله::**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەك هاوڕێکانم باسیان کرد، ئەم پڕۆژە یاسایە (7) ڕۆژە خوێندنەوەی یەکەمی بۆ کراوە، من بۆ خۆم ڕۆژی چوارشەممە و پێنج شەممە تەلەفۆنم کردووە کاك عەونی وای پێ ڕاگەیاندین کە بەرنامەی کار هەر ئەوەی حەفتەی پێشووە، ڕۆژی یەکشەممە سەعات (11) واتا (24) سەعات پێش دانیشتنی دوێنێ قسەم لەگەڵ کاك فرسەت کرد وتی هەر بەرنامەی کاری پێشووە، کەواتە کە بەڕێز سکرتێری پەرلەمان نەزانێ بەرنامەی کاری ڕۆژی دووشەممە ئەم دوو خاڵە ئیزافە کراوە، منی ئەندام پەرلەمان چۆن بزانم؟ و دوێنێ کە هاتووینەتە ئێرە زانیومانە ئەو دوو بڕگەیە زیادکراوە، چۆن دەبێت ئێمە پڕۆژە یاسایەك لە شەوو ڕۆژێکدا دیراسە بکەین، کە پڕۆژە یاسایەکی گرنگیشە بۆیە من پشتگیری ناسك خان دەکەم کە دوا بخرێ بۆ حەفتەی داهاتوو بۆ ئەوەی لیژنەی پیشەسازی ڕاپۆرتی خۆی بنووسێ ئێمەش دیراسەی بکەین، و ئاگادار بین، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بايز اسماعيل/ سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

ئیجازە بدەن تکایە، ئێمە دائیمەن گلەییمان لە  هەندێك لە لیژنەکان هەبوو کە لیژنەکان وەکو پێویست دیراسەی ئەو پڕۆژە یاسایانە ناکەن کە دەچێتە بەردەستیان، ئەوە لیژنەی قانونی هەمووتان لێرە دانیشتوون، من چەندین جار خۆم وەکو شەخسی هاتوومەتە لیژنەی قانونی تکاو رجام لێکردوون، بۆ ئەوەی دوو مادده بۆ بەرنامەی کار ئامادە بکەن بۆ ئەوەی قسەی لە سەر بکەین گەلێ جاری وا هەبووە مەشروعمان نەبووە لە بەرنامەی کار دایبنێن، بۆیە حەفتەکە بەبەلاش رۆیشتووە، یەعنی حەق نیە ئێوە گلەیی لەوە بکەن، ئەوە یەکێکیان: دووەم: حکومەت خۆی دەزانی کام پڕۆژە یاسا گرنگە رەبتی حکومەت بە هەموو مەعیشەتی حەیاتی ئینسان و هەموو بوارەکانی ئینسان و کوردەوە هەیە، سێیەم: ئێمە هەموومان تێکڕا داوامان کردووە، وتوومانە دەبێ حکومەتی هەرێم رێگایەکی قانونی بگرێتە بەر حەتا ئەگەر مەحکەمەش بێ بۆ وەرگرتنی موستەحەقاتی ئەم هەرێمە ،ئەمە ئەوەیە، بۆ مەسەلەی پیشەسازی و وزەش بەڕاستی هیچ رەبتێکی بەوانەوە نیە، وەکو چەند رەبتی بە لیژنەکانی تر هەیە ئەوەندەش رەبتی بەوانەوە هەیە، چونکە مەسەلەن ئیستیحقاقاتی داراییە، ئەگەر ئیلحاح دەکەن لە سەر ئەوەی بڵێین تەئجیل بکرێ دەیخەینە تەصویتەوە بزانین تەئجیل بێ یان بەردەوام بێ؟ کەسی دیکە قسە ناکات بەڕاستی ناسك خان و کویستان خان دەتانەوێ تەئجیل بێ، بەهەرحاڵ ئێمە دەیخەینە دەنگەوە، کێ دەیەوێ تەئجیل بێ، تکایە دەست بەرزکاتەوە؟ (19) کەس لەگەڵ دایە، کێ لەگەڵ ئەوەدایە بەردەوام بین؟ ناژمێردرێ، زۆرە بەڕاستی، لەبەر ئەوە ئەکسەریەت بڕیاری دا بەردەوامبین، فەرموو بەردەوام بین،

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

فەرموو کاك خورشید،

**بەڕێز خورشید احمد سلیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**بۆ/ سەرۆکایەتی پەرلەمان**

ئاماژە بەنووسراوی بەڕێوبەرایەتی کاروباری پەرلەمان ژمارە (ك) (654) لە 4/21 هاوپێچ لەگەڵ وێنەیەك لە دەقی پڕۆژە یاسای دیاریکردن و وەرگرتنی شایستە داراییەکانی هەرێمی کوردستانی عێراق لە داهاتەکانی فیدڕاڵ، لەلایەن سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانەوە پێشنیارکراوە، و لە دانیشتنی ژمارە (8)ی ئاسایی رۆژی شەممە رێکەوتی 2013/4/16 پەرلەمانی کوردستان خوێندنەوەی یەکەمی بۆ کردووە، هەرچەندە ئەم پڕۆژە یاسایە لە بەرواری 2013/4/21 بە ژمارە هاتووەتە، لیژنەکەمان لە 4/21 بەدەستمان گەیشتووە، و لەبەر گرنگی بابەتەکە کە میکانیزمی پەیوەندی حکومەتی هەرێم دیاری دەکات لەگەڵ حکومەتی فیدڕاڵ لە چواچێوەی دەستوری عێراق لە رووی داراییەوە، و دوای راوێژکردنی راستەوخۆ لەگەڵ بەڕێز لیژنەی یاسایی لە پەرلەمانی کوردستان کە پێیان راگەیاندین پشتگیری دەکەن لە مادده یاسایەکانی ئەم پڕۆژە یاسایە بەهۆی گونجاندنی لەگەڵ بەندەکانی دەستوری عێراقی فیدراڵ، بۆ ئەم مەبەستە لیژنەکەمان کوبوونەوەی ئەنجامدا لە هەمان رۆژی گەیشتنی پڕۆژە یاساکە کە بە کۆبوونەوەی

ئاسایی ژماره (392)ی لیژنەکەمان ئاماژە دەکرێ بە لێکۆڵینەوە، و بڕیار دان لە سەر پڕۆژە یاسای ناوبراو، و بەزۆرینەی دەنگی ئامادەبووان گەیشتینە ئەم بڕیارەی خوارەوە، بڕیار: پەسەندکردنی گشت مادده یاساییەکانی پڕۆژە یاسای ناوبراو وەکو لە پڕۆژە یاساکەدا هاتووە، و ئەم پڕۆژە یاسایە دەقاو دەق گونجاوە لەگەڵ دەستوری فیدراڵی عێراق بۆ پێدانی موستەحەقاتی دارایی بە هەرێمی کوردستان، و دواتر بڕیاری کۆتایی بۆ ئەندامانی پەرلەمانی بەڕێزە لە کاتی گفتوگۆکردن لە ناو هۆڵی پەرلەمانی کوردستان، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

مادده مادده بیخوێنەوە، فەرموو کاک عونی،

**بەڕێزعونی کمال سعید (بەزاز):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی یەکەمی پڕۆژەکە المادة الأولى: یقصد بالمصطلحات الأتیة المعانی المبینة إزاءها لأغراض هذا القانون:

اولاً: الحکومة الأتحادیة: حکومة جمهوریة العراق الأتحادیة.

ثانیاً: الدستور: دستور جمهوریة العراق الإتحادي لسنة 2005.

ثالثاً:الإقلیم: إقلیم کوردستان ـ العراق.

رابعاً: البرلمان: برلمان کوردستان ـ العراق.

خامساً: مجلس الوزراء: مجلس وزراء الإقلیم.

سادساً: واردات النفط والغاز: واردات الحکومة الأتحادیة المستحصلة من العملیات النفطیة و من ضمنها مبیعات النفط والغاز والریع والعائدات الأخرى للعقود النفطیة المبرمة مع الشرکات الأجنبیة والمحلیة من قبل الحکومة الإتحادیة أو حکومة إقلیم.

سابعاً: الهیئات الأتحادیة: هي الهیئات التي یوجد ما یماثلها في الإقلیم.

ثامناً: جداول النفقات: جداول مبالغ النفقات الحاکمة والسیادیة المرفقة بقوانین الموازنة العامة السنویة الإتحادیة منذ سنة 2004.

تاسعاً: یقصد بکل من المصطلحات( النفط، النفط الخام، الغاز، الغاز الطبیعي، حقل النفط، الحقل الحالي، الحقل المستقبلي، العملیات النفطیة) المعاني الواردة إزاءها في المادة الأولى من قانون النفط والغاز لإقلیم کوردستان - العراق رقم 22 لسنة 2007.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

کوردیەکەتان هەیە، فەرموو کاک عمر،

**بەڕێزعمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی یەکەم: مەبەست لەم زاراوانەی خوارەوە ئەو مانایانە کە لە بەرامبەریاندا هاتووە بۆ شیکردنەوەی ئەم یاسایە:

یەکەم: حکومەتی فیدڕاڵ: حکومەتی کۆماری عێراقی فیدڕاڵ.

دووەم: دەستور: دەستوری کۆماری عێراقی فیدڕاڵ ساڵی 2005.

سێیەم: هەرێم: هەرێمی کوردستان ـ عێراق.

چوارەم: پەرلەمان: پەرلەمانی کوردستان ـ عێراق.

پینجەم: ئەنجومەنی وەزیران: ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێم.

شەشەم: داهاتەکانی نەوت و گاز: داهاتەکانی حکومەتی فیدڕاڵ کە لە نەوتەوە دەست دەکەون فرۆشەکانی نەوت و غاز و بەروبووم و داهاتەکانی دیکە دەگرێتەوە کە لەو گرێبەستە نەوتیانە دەست دەکەون لەگەڵ کۆمپانیا بیانی و خۆماڵیەکان دەبەسترێن، لەلایەن حکومەتی فیدڕاڵ یان حکومەتی هەرێم.

حەوتەم: دەزگا فیدڕالیەکان: ئەو دەزگایانەن کە لە هەرێمیشدا هاوشێوەیان هەیە.

هەشتەم: خشتەی خەرجیەکان: خشتەی بڕی خەرجیەکان و حوکم کردن و بابەتە سیادیەکانە کە لەگەڵ یاسای هاوسەنگکردنی گشتی ساڵانەی فیدڕالەوە دانراوە لە ساڵی 2004.

نۆیەم: مەبەست لە هەموو ئەو زاراوانە (نەوت، نەوتی خاو، گاز، گازی سروشتی، کێڵگەی نەوت، کێڵگەی ئێستا، کێڵگەی ئایندە، کاروبارەکانی پەیوەست بە نەوت) ئەو مانایانە کە لە ماددەی یەکدا هاتووە لە یاسای نەوت و گازی هەرێمی کوردستانی عێراق ژمارە 22ی ساڵی 2007.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمانی کوردستان:**

فەرموو لیژنەی یاسایی،

**بەڕێزعونی کمال سعید (بەزاز):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمانی**

لیژنەکەمان هیچ تێبینی لە سەر نیە، تەنها بڕگەی دووەم دستور جمهورية العراق الاتحادی (الإتحادية) نیە، لسنة 2005، واتا ناحیەی زمانەوانی دوایی دەتوانین چاکی بکەینەوە،

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمانی کوردستان:**

فەرموو کاك خورشید،

**بەڕێز خورشید احمد سلیم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

وەکو لیژنە تێبینیمان نیە، بەس فەقەرەی نۆ ئەگەر سیاغەکەی ئیعادە بکرێ لە رووی زمانیەوە، چونکە تەوزیحێك لە سەر بکرێ باشە،

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمانی کوردستان:**

فەرموو لیژنەی یاسایی،

**بەڕێزعونی کمال سعید (بەزاز):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

تەوزیحێك دەدەم لە سەری، دەڵێ: (يقصد بكل من المصطلحات)، ئەوە لە بڕگەی نۆ داهاتیە دەگەڕێنەوە ماددەی یەكی لە قانونی نەوت و غاز لەوێ تەعریفەكی تەفسیل كرایتەوە لە فەقەرەی پانزە تا ئاخیری ماددەكە ئەگەر پێتان باشە بیخوێنمەوە یان پێویست ناكات؟.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمانی كوردستان:**

فەرموو كاك خورشید،

**بەڕێز خورشیداحمد سلیم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

یەعنی ئەگەر بەو شكلە بێت وازیح تر دەبێت لە سەر (يقصد بالمصطلحات الأتية المعاني الواردة إزاءها في المادة اولاً من قانون النفط والغاز لإقليم كوردستان - العراق رقم (22) لسنة 2007، (النفط، النفط الخام، الغاز، الغاز الطبيعي، حقل النفط، الحقل الحالي، الحقل المستقبلي، العمليات النفطية) زۆر وازیح دەبێت، و ئەمە داوای لیژنەی هینە، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمانی كوردستان:**

فەرموو جەنابی وەزیر.

**بەڕێز ئاشتی هەورامی(وەزیری سامانە سروشتییەكان):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمە موافقین لە سەر ئەو تەعدیلاتە، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمانی كوردستان:**

كێ تێبینی هەیە؟ ئەم بەڕێزانە ناویان نووسراوە، (كاك سەرهەنگ، كاك عبدالسلام، كاك جمال، كاك حەمە سعید) فەرموو كاك سەرهەنگ،

**بەڕێز سەرهەنگ فرج محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

دیارە بە بڕوای من ئەم یاسایە لە حاڵەتی دەرچوونی پەیوەندیەكی زۆری بە مەسەلەی شەفافیەت هەیە لە هەرێمی كوردستاندا، یەعنی ناكرێ ئێمە باس لە شەفافیەتی فرۆشتنی نەوت و موشتەقاتەكانی بكەین لە هەرێمدا موناقەشەی ئەم یاسایە بكەین لێرە، ئێستا فرسەتێكی باشە هەست دەكەم بەڕیز وەزیری سامانە سروشتیەكان و وەزیری دارایش لێرەیە لە ئەسنای بودجەدا كە ئێمە بە بەڕێز وەزیری داراییمان وت داهاتی نەوت چەندە؟ وتی وەزیری سامانە سروشتیەكان دەزانێ ئێستا لێرەیە ئێمە تكا دەكەین كە باسی موستەحەقاتی خۆمان دەكەین لە عێراق، بەڕێز وەزیری سامانە سروشتیەكان پێمان بڵێی كە داهاتی نەوتی هەرێمی كوردستان چەندە؟ وەك ئەوەی كە پەرلەمان بەبەردەوام داوای كردووە، و بە بڕوای من ئەم یاسایە بۆ فرۆشتنی نەوتە لە رێگەی توركیاوە، و هیچ مەبەستێكی تر نیە، و لە ماددەكانی دوایی زۆر بە

وازیحی هاتووه كه مەبەست لەم یاسایه بۆ ڕەوانەكردن و فرۆشتنی نەوته لە هەرێمی كوردستانەوە بە ڕێگەی توركیا، ئەگەر وا نیه ئێمە لە پێناسەی زاراوەكان یەكێك لە موشكیلەكان كە بەبەردەوام باسمان كردووە لەگەڵ حكومەتی ناوەندی دا هەمانە مەسەلەی موستەحەقاتی پێشمەرگەیە، موستەحەقاتی پێشمەرگە لە كوێ هاتووە لەناو ئەم یاسایە؟ بۆچی باس نەكراوە؟، یەكێك لەو پارانەی كە بەبەردەوامی ئێمە داوامان كردووە كە پێویستە بێ بۆ هەرێمی كوردستان موستەحەقی خۆمانە، موستەحاقاتی پێشمەرگەیە، و یەكێكی تر لەو داهاتانەی كە لە ئەسنای موناقەشەی بودجە بەڕێز وەزیری دارایی باسی كردووە كە پێمان نادەن لە حكومەتی عێراقیەوە یان لێیان گلدایتەوە، مەسەلەی داهاتی خاڵە سنوورییەكانە، بۆ مەسەلەی داهاتی خاڵە سنوورییەكان لێرانە نیە؟، بۆیە من دڵنیام لەوەی كە تەنها مەبەست لەم یاسایە ئەوەندەی بۆ مەسەلەی شەرعیەت دانە بە فرۆشتنی نەوت لە ڕێگەی توركیاوە، سەرەڕای ئەو غموزە گەورەی كە لە سەر داهاتی نەوت هەیە لە هەرێمی كوردستان، و تا ئێستاش ئێمە نازانین چەندە؟ بۆ ئەوە نیە كە موستەحەقاتی دارایی هی هەرێمی كوردستان و خەڵكی كوردستان لە بەغدا وەرگریەوە، سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆكی پەرلەمانی كوردستان:**

فەرموو كاك عبدالسلام،

**بەڕێز عبدالسلام مصطفى صدیق:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەرەتا شانازی دەكەم بەوەی پێشمەرگەی شۆڕشی ئەیلول و گوڵان بووم، و دەنگم دەخەمە پاڵ دەنگی هەر ئەندام پەرلەمانێك دیفاع بكات لە مافی پێشمەرگە، بەڵام وابزانم ئەم یاسایە یاسای ئیستیحسالی واریداتی نەوتە، پاشان هاوڕێم هانی منیدا جارێكی تر یاسایەكە بخوێنمەوە، وشەی توركیام نەدۆزیەوە لە ناو یاساكە، چونكە دڵنیا بوو لە مەبەستی یاساكە ئەگەر دۆزیتەوە پیشانم بدە پاشان، ئەمە یەك: دووەم سابعاً: الهیئات الأتحادیة: هي الهیئات التي یوجد ما یماثلها في الإقلیم، وەكو چۆن وشەی توركیام نەدۆزیەوە لەناو ئەو یاسایە وشەی (الهیئات الأتحادیة)م نەدۆزیەوە، هەیە من جەوابی كەسم نەداوە بابە، تۆ تەسەور دەكەی، چۆن ئەو تەسەوری كرد ئەو یاسایە فرۆشتیانە توركیا كە وا نیە، تۆش تەسەورت دەكرد كە من باسی خۆم و پێشمەرگاتی خۆمم دەكرد، جەوابی ئەوە دەدەم خوشكم، وەڵلاهی كەیفی خۆتە ئینجا دوو تەسەورە، جێگای موناقەشەیە،(الهیئات الأتحادیة)،

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگیری سەرۆكی پەرلەمان:**

داوا لە ئەندامانی پەرلەمان دەكەین وەختی قسە دەكەن ڕوو لە سەرۆكایەتی بكەن، بۆتان نیە ڕوو لە ئەندامی پەرلەمان بكەن. فەرموو كاك عبدالسلام.

**بەڕێز عبدالسلام مصطفى صدیق:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

(الهيئات الأتحادية) نەهاتووە، بۆیە تەسەور دەکەم، ئەگەر ئەو فەقەرەیە یان لا بدەن، یان ئەگەر بتەوێ بلێ (الهيئات الأتحادية) ، هەیئات ئیتیحادی تەعریف بکا، بلێ ئەم دام و دەزگایە سەر بە حکومەتی ئیتیحادی عێراقن، سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگیری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك جمال،

**بەڕێز جمال طاهر ابراهيم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێشەکی لە عینوانی یاساکە دەست پێ دەکەم،(قانون تحديد وأستحصال) ئەگەر بێن و سەیری رابوردوو بکەین تەعامولمان لەگەڵ حکومەتی عێراقدا نسبەی (17٪) تەحدیدکراوە، ئیتر پێویست ناکات جارێکی تردووبارە تەحدید بکرێت، پێم باشە بکرێت بە (قانون استحصال) وشەی تەحدید لابدرێ، تەنها (أستحصال مستحقات الإقليم الى اخره) ئەمە یەك، خاڵی دووەم: لە دیباجە هاتووە (استناداً الى احكام المواد كذاو كذا الى اخره) من نارۆمە ناو تەفاسیلی ماددەی (106) لە دەستوری عێراق کە پەیوەندی بەو مەسەلەوە زۆرە ، بۆیە پێویستە، من دەبینم ئەو ماددە لێرە بنووسرێت یەعنی ئیشارە پێ بدرێ لە ماددەی (106) لە دەستور جمهوریە عێراق ئەگەر بێینو سەیر بکەین بە تەفاسیل باسی ئەوە دەکات (تأسس بقانون هيئة عامة لمراقبة تخصيصات الواردات الأتحادية والى اخره) بە باشتر دەبینم ئەو ماددەیە ئیزافە بکرێت لێرە، سەبارەت بە موستەلەحات ثانياً: الدستور: دستور جمهورية العراق الإتحادية سنة 2005، (جمهورية العراق الإتحادي لسنة) ئیزافە بکرێ، ئەگەر بێینو باسی موستەحەقاتی ئیقلیم بکەین موستەلەحی ثامناً: جداول النفقات: جداول مبالغ النفقات الحاكمة والسيادية المرفقة بقوانين، النفقات الحاكمه والسياديه مانای ئەوەیە هەمووی لە خۆ دەگرێت، هی پێشمەرگەش لێرە دێت، ئەگەر ئیشارەی نەکردبێ وشەی پێشمەرگە لێرە نەهاتبێ ئەوا لە زمنی ئەوانە دێت، سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگیری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك حەمە سعید،

**بەڕێز حەمە سعید حەمە علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەموو لایەك لەگەڵ ئەوەین کە موستەحەقاتی هەرێمی کوردستان وەربگیرێ لە هاووڵاتیەکی ئاساییەوە تا بەرزترین باڵا دەست لەگەڵ ئەوەدایە، و دەبێ هەموو جوهدێك بخەینە کار، ئەم یاسایە راستە ئیلتیزام بۆ حکومەت دروست دەکات، و ئیلزامیشی دەکات کە هەوڵ بدات کە موستەحەقاتی هەرێم دروست بکات، بەڵام ئایا ئەم یاسایە بەهێزە یان دەستوری عێراق، لە دەستوری عێراقدا وەکو ئاماژەی پێکرا لە ماددەی (106) و چەند ماددەی تردا تەئیدی ئەوە دەکات کە ئێمە موستەحەقاتی حکومەتی هەرێم دەبێ حکومەتی فیدراڵ خۆی بیدات، و ئێمە داوای بکەین بەپێی دەستور، دەستور بەهێزترە لەم یاسایە، کەواتە یاسایەکە

نەشبێ ئێمە بەپێی دەستور  دەتوانین موستەحەقاتی خۆمان دەربێنین، و دەبێ پەرلەمانی کوردستان لێپێچینەوە و لێپرسینەوە لەگەڵ حکومەت بکات، بۆ بەپێی دەستور تا لە ساڵانی رابوردوودا داواکاری نەکردووە؟، هەموو کارتێکی فشار و هەموو رێگایەکی یاسایی و دەستوری و قانونی، وە پەنای بۆ مەحکەمە نەبردووە و ئەمانەی نەکردووە؟، خاڵێکی تر من لەو بەشە پشتگیری کاک سەرهەنگ دەکەم کە لە راپۆرتەکەی لیژنەی یاساییشدا هاتووە، دەڵێ (وبما ان الإقليم يلتزم في القرارات والأجراءات التي تتخذها وفق هذا القانون بأحكام قانون النفط والغاز رقم 22 لسنة 2007 من ضمنها تعاملهم عن الواردات المستحصلة ويمارس مسؤلياته وفق مبادىء ومعايير خاصة بمبادرة الشفافية) خۆی دەڵێ دەبێ موبادەرەی شەفافیەت بکا، ئایا شەفافیەت هەبووە لە داهاتی نەوتدا؟، کوا؟، پەرلەمانی کوردستان شەفافیەت نیە لە داهاتەکە کەواتە

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگیری سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەم ماددەیە، ماددەی تەعاریفە تکایە قسە لە سەر ماددەکە بکە، فەرموو کاک حەمە سعید،

**بەڕێز حەمە سعید حەمە علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من باسی قانونەکە و عینوانی قانونەکە و قوەتی قانونەکە دەکەم، کەواتە شەفافیەت نییە ئێمە پێش ئەوەی ئەم قانونە دەربکەین، قانونەکانی تر، پڕۆژە یاسای کوردستان بۆ داهاتەکانی نەوت، پڕۆژە یاسای باجەکانی نەوت، پڕۆژە یاسای داهاتی هەرێمی کوردستان لە نەوت و غاز ئەبێ ئەوانە دەرکەین، و تەحسیل حاسلە بەپێی دەستور ئێمە موستەحەقات حەقی خۆمانە، ئەم قانونەش راستە ئیلتزام و ئیلزام دروست دەکات بۆ حکومەت، بەڵام بەپێی دەستور حکومەت مولزەمە، و دەبێ حکومەتی فیدڕالیش موستەحەقاتمان بداتێ، و دەبێ هەموو رێگایەکی دەستوری و قانونی بگرین، و پەنا بۆ هەموو مەحاکمێك ببەین لە ئاستی ناوەخۆ و دەرەوە بۆ داواکاریەکان، سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگیری سەرۆکی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر تێبینیت هەبوو؟ فەرموو،

**بەڕێز ئاشتی هەورامی( وەزیری سامانە سروشتیەکان):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دوو، سێ شت روونکردنەوە دەکەم، کەلیمەی تەحدید ئەگەر نەبێ چۆن ئیستیحساڵ دەکەی؟، من پێم باشە کەلیمەی تەحدید لە عینوانی یاسایەکە بمێنێ، ئەم یاسایە بۆ شەفافیەت نیە، بۆ ئیستیحسالی مافی خۆمانە کەلە دەستور هاتووە، ئێمە ئامادەین هەرچی داواکاری پەرلەمان هەیەتی لە داهاتی نەوت، شرینیەکانە، بێن لێرە هەمووی خاڵ خاڵ بڵێین هیچمان نەشاردۆتەوە شەفافیەت لە کوردستان بەرزترە لە هەموو شوێنەکانی عالەم بەتایبەتی لە عێراق، ئینجا من بە سەیری دەزانم بەڕێزان لێرە باسی شەفافیەت بکەن لە جیاتی ئەوەی دەعمی مافی کورد بکەن هوجوم بکەنە سەر مافەکەی، بەڵام ئێمە ئامادەین کە بێن

لەم دانیشتنە بۆ هەموو میللەتی کورد ئاخیر دۆلار کە وەرگیراوە لە داهاتی نەوت پێشانی بدەین، ئامادەین کەی لە دانیشتنەکە داواکرا و ئێمە دێین لەگەڵ جەنابی سەرۆك وەزیران هەمووتان ئاگادار دەکەینەوە، و سەریشتان بەرز دەکەینەوە، ئینجا باسی شەفافیەت لەم پرۆژەدا نیە، بەڵام ئامادەین بۆی، با بێینەوە سەر ئەوەی نەختێ غموز هەیە لە خاڵی حەوتەم راستە ئەو تێبینیە؟ منیش هەمان تێبینیم هەیە، دەڵێ(الهیئات الأتحادیة: هي الهیئات التي یوجد ما یماثلها في الإقلیم) ئەوانەی کە شارەزان لەمە ئێمە دەزانن مانای چییە، بەڵام ئێمە تەعریفی یەکەم کە نوسیبوومان شوورِا لایبردووە، ئەمە بوو(الهیئات الأتحادیة: هي الهیئات التي یوجد ما یماثلها في الإقلیم وهي رئاسة الإقلیم، برلمان کوردستان، مجلس الوزراء، رئاسة مجلس الوزراء، مکتب نائب رئیس الوزراء، حرس الإقلیم البیشمرکة، مجلس حمایة الأمن الوطني، هیئة حقوق الأنسان، هیئة النزاهة، الجنسیة والحدود، جهاز الأمن) ئەوە ئێمە لە هەرێم هەمانە کە لە بەغدا هەیە ئێمە نووسیومانە ئەگەر پێتان باشە ئەو تەعریفە بێتەوە ناو تەعریفەکە ئێمە هیچ موشکیلەمان نیە، حەزیش دەکەین لەوێ بێ، وابزانم تێبینیەکان هۆ بوون،

**بەڕێزحسن محمد سورە/ جێگیری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو لیژنەی یاسایی بەپێی ئەولەویات،

**بەڕێز عونی کمال سعید (بەزاز):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە لە قسەکانیشدا وتمان بەنیسبەت بڕگەی دووەم (الدستور: دستور جمهوریة العراق الإتحادیة لسنة 2005)ئەوە چاکی دەکەینەوە، و سەبارەت بە تەوزیحی جەنابی وەزیر (هي الهیئات التي یوجد ما یماثلها في الإقلیم) مادام دیاری کرد موعەڕەفە پێیناوێ ئێمە دووبارە ئەوانە ئیزافە بکەین لە قانون ئەو موستەلەحاتانە دووبارە بکرێتەوە، پەسەند نیە زۆر، سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگیری سەرۆکی پەرلەمان:**

تکایە ماددەکە بخوێننەوە بۆ ئەوەی بیخەینە دەنگدان، فەرموو،

**بەڕێز عونی کمال سعید (بەزاز):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة الأولى: یقصد بالمصطلحات الأتیة المعانی المبینة إزاءها لأغراض هذا القانون:

اولاً: الحکومة الأتحادیة: حکومة جمهوریة العراق الأتحادیة.

ثانیاً: الدستور: دستور جمهوریة العراق الإتحادیة لسنة 2005.

ثالثاً:الإقلیم: إقلیم کوردستان ـ العراق.

رابعاً: البرلمان: برلمان کوردستان ـ العراق.

خامساً: مجلس الوزراء: مجلس وزراء الإقلیم.

سادساً: واردات النفط والغاز: واردات الحكومة الأتحادية المستحصلة من العمليات النفطية و من ضمنها مبيعات النفط والغاز والريع والعائدات الأخرى للعقود النفطية المبرمة مع الشركات الأجنبية والمحلية من قبل الحكومة الإتحادية أو حكومةالاقليم.

سابعاً: الهيئات الأتحادية: هي الهيئات التي يوجد ما يماثلها في الإقليم.

ثامناً: جداول النفقات: جداول مبالغ النفقات الحاكمة والسيادية المرفقة بقوانين الموازنة العامة السنوية الإتحادية منذ سنة 2004.

تاسعاً: يقصد بالمصطلحات الأتية المعاني الواردة إزاءها في المادة الاولى من قانون النفط والغاز لإقليم كوردستان رقم 22 لسنة 2007، ( النفط، النفط الخام، الغاز، الغاز الطبيعي، حقل النفط، الحقل الحالي، الحقل المستقبلي، العمليات النفطية) داوا لە سەرۆکی پەرلەمان دەکەین بخرێتە دەنگدانەوە،

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگیری سەرۆکی پەرلەمان:**

نوقتەی نیزامت هەیە؟ فەرموو،

**بەڕێز کاردۆ محمد پیرداود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە پێشنیار دەکەین (20) خولەك کاتمان بدەنێ وەکو فراکسیۆن بۆ کۆبونەوە بۆ ئەوەی نەچینە ناو دەنگدان و تووشی ئیشکالاتی ئێوە بین، حەقی خۆمانە،

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگیری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەس خرایە دەنگدان، تەصویت لە سەر ئەو ماددەیە دەکەین، ماددەیەکی تەعریفیە، نیو سەعات کۆبونەوەکە تەئجیل دەکەین،

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

لیژنەی هاوبەش ماددەی یەکەم موناقەشەکرا رەئی هەموو لایەك وەرگیرا ئێستا دەچینە سەر ئاخیر سیاغەی ماوەتەوە، فەرموون،

**بەڕێز عونی کمال سعید (بەزاز):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة الأولى: يقصد بالمصطلحات الأتية المعانى المبينة أزاءها لأغراض هذا القانون:

اولاً: الحكومة الأتحادية: حكومة جمهورية العراق الأتحادية.

ثانياً: الدستور: دستور جمهورية العراق الإتحادية لسنة 2005.

ثالثاً:الإقليم: إقليم كوردستان ـ العراق.

رابعاً: البرلمان: برلمان كوردستان ـ العراق.

خامساً: مجلس الوزراء: مجلس وزراء الإقليم.

سادساً: واردات النفط والغاز: واردات الحكومة الأتحادية المستحصلة من العمليات النفطية و من ضمنها مبيعات النفط والغاز والريع والعائدات الأخرى للعقود النفطية المبرمة مع الشركات الأجنبية والمحلية من قبل الحكومة الإتحادية أو حكومة الاقليم.

سابعاً: جداول النفقات: جداول مبالغ النفقات الحاكمة والسيادية المرفقة بقوانين الموازنة العامة السنوية الإتحادية منذ سنة 2004.

ثامناً: يقصد بالمصطلحات الأتية المعاني الواردة أزاءها في المادة الاولى من قانون النفط والغاز لإقليم كوردستان رقم 22 لسنة 2007، ( النفط، النفط الخام، الغاز، الغاز الطبيعي، حقل النفط، الحقل الحالي، الحقل المستقبلي، العمليات النفطية) داوا له سەرۆكی پەرلەمان دەكەین بخرێتە دەنگدانەوە،

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمانی كوردستان:**

بەو سیغەیەی كە خوێندرایەوە، كێ لەگەڵ دایە تكایە دەست بەرزكاتەوە؟(60) كەس لەگەڵ دایە، كێ لەگەڵ دا نیە؟ بەكۆی دەنگ پەسەندكرا، فەرموون بۆ ماددەیەكی تر، فەرموو كاك ئاراس،

**بەڕێزد. ئاراس حسین محمود:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**الفصل الثاني**

**اهداف القانون**

المادة الثانية:

يهدف هذا القانون الى:

اولا: رسم اليات قانونية لتحديد واستحصال الحقوق المالية المستحقة للاقليم ضمن الواردات الاتحادية.

ثانيا: تمكين الاقليم من استحصال مستحقاته المالية من واردات النفط والغاز عيناً أو نقداً حسب الدستور.

ثالثا: استحصال مستحقات الاقليم من المنح والمساعدات والقروض الدولية المقدمة الى الحكومة الاتحادية وذلك استناداً الى البند اولاً من المادة 106 من الدستور.

رابعا: استحصال حصة الإقليم من اية موارد اخرى او تعويضات المستحصلة من قبل الحكومة الاتحادية.

خامسا: توفير الأليات اللازمة لاستحصال مستحقات الاقليم من الموازنة الاتحادية اخذاً بنظر الأعتبار المبالغ المتراكمة غير المدفوعة كالنفقات السيادية والحاكمة والمدرجة ضمن الموازنة الاتحادية منذ سنة 2004.

سادسا: استحصال التعويضات المستحقة للاقليم عن الاضرار الناتجة عن الممارسات المجحفة من قبل النظام السابق من خلال القمع الجماعي والابادة الجماعية وسياسية الارض المحروقة حسب الفقرة اولا من المادة 112 من الدستور.

سابعا: تحقيق العدالة في توزيع الموارد الاتحادية ضمانا لحماية وحدة شعب العراق و دولته الاتحادية منسجماً مع المادة الاولى من الدستور.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

بەکوردیەکەی

**بەڕێزعمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**بەشی دووەم**

**ئامانجەکانی ئەم یاسایە**

ماددەی دووەم: ئەم یاسایە بۆ ئەم ئامانجانەی خوارەوە دانراوە:

یەکەم: دانانی ئامرازی یاسایی بۆ دیاریکردن دەست خستنی مافە داراییەکانی هەرێم لە داهاتەکانی فیدراڵ.

دووەم: توانا دارکردنی هەرێم بۆ دەست خستنی مافە داراییەکانی لە داهاتی نەوت و غازدا چ بەرەچاوی عەینی بێت یاخود پارە بەپێی دەستور.

سێیەم: دەسخستنی مافی دەرکەوتەکانی هەرێم لە بەخشش و یارمەتی و ئەو قەرزە نێو دەوڵەتیانەی کە پێشکەشی حکومەتی فیدراڵ دەکرێن ئەمەش بە پشت بەستن بە بەندی یەکەم لە ماددەی (106)ی دەستور.

چوارەم: وەرگرتنی بەشی هەرێم لە هەر داهاتەکی دیکە یان ئەو قەرەبووانەی دەست دەخرێن لەلایەن حکومەتی فیدراڵ.

پێنجەم: دابینکردنی ئامرازی پێویست بۆ دەست خستنی مافە بەرکەوتووەکانی هەرێم لە هاوسەنگکردنی فیدراڵی بەلەبەرچاوگرتنی ئەو بڕە پارە کەڵەکە بووانەی کە نەدراون وەك خەرجیەکانی سیادی و حوکمڕانی و کە لە هاوسەنگکردنی فیدراڵی ریزبەندکراوە لە ساڵی 2004.

شەشەم: دەست خستنی ئەو قەرەبووانەی کە ماڧ هەرێمن لەو زیانانەی کە لە ئەنجامی کردەوە ستەمکاریەکانی رژێمی پێشوودا روویان دا لە بابەتی سەرکوتکردنی بەکۆمەڵ و جینۆساید و سیاسەتی سووتاندنی زەوی بەپێی بڕگەی یەکەم لە ماددەی (112)ی دەستور.

حەوتەم: دابینکردنی دادپەروەری لە دابەشکردنی داهاتەکانی فیدراڵ لە پێناو پاراستنی یەکێتی گەلی عێراق و دەوڵەتە فیدڕالیەکەی بەشێوەیەك کە لەگەڵ ماددەی یەکەمی دەستوردا بگونجێت.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

فەرموو لیژنەی یاسایی،

**بەڕێزعونی کمال سعید (بەزاز):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لیژنەی یاسایی پشتگیری لە ماددەکە دەکات وەك خۆی، تەنها لە بڕگەی سێیەم (وذلك استناداً الی البند اولاً) بکرێتە (استناداً الی الفقرة اولاً من المادة (106) من الدستور)، و بڕگەی چوارەم (استحصال حصة الإقليم من اية موارد اخرى او التعويضات المستحصلة من قبل الحكومة الاتحادية) ئەلف لامێکی کەمە،

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

فەرموو لیژنەی دارایی،

**بەڕێز د. ئاراس حسین محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمانی**

ئێمەش پشتگیری لە ماددەکە دەکەین، و پشتگیری لەو گۆڕانکاریە دەکەین کە بەڕێز لیژنەی یاسایی پێشنیاری کرد. سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

جەنابی وەزیر، کێ تێبینی هەیە؟ ئەم بەڕێزانە ناویان نووسراوە (کاك نەریمان، کاك دڵشاد، کاك سەرهەنگ، شلێرخان، کاك جلال، ناسك خان، کاك فاضل، کاك ئاسۆ، کاك برهان، کوێستان خان، کاك کاردۆ، عظیمة خان، کاك سالار) فەرموو کاك نەریمان،

**بەڕێز نەریمان عبدالله قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمانی**

ئێمە باس لە پڕۆژە یاسایەك دەکەین کە باس لە موستەحەقاتی هەرێمی کوردستان لە بەرکەوتەکانی لە بودجەی فیدڕاڵ و ئەو مافانەی کە بەپێی دەستور لە حکومەتی فیدڕاڵیدا بۆ هەرێمی کوردستان دانراوە، و نادرێتەوە بە هەرێمی کوردستان، و لەمەو پێش کێشەیەکی دارایی و ئابووری زۆری بۆ هەرێمی کوردستان دروستکردووە، و ئامانجی ئەم یاسایەش بەدەست هێنانی ئەو مافانەیە لەو کاتەی کە حکومەتی فیدڕاڵی نەتوانێ یان نەیەوێ مافەکانی گەلی کوردستان بدات، بە هەمان شێوە ئەمە نا شەفافیەتێکی گەورەی تێدا بووە، حکومەتی فیدڕاڵی هەمیشە فێڵی لە حکومەتی هەرێمی کوردستان کردووە، و بەهەمان شێوە لە هەرێمی کوردستان هەمان کێشەی شەفافیەتمان هەیە لە داهاتەکانی خۆشماندا، بۆیە من پشتگیری ئەم ماددەیە دەکەم، و تێبینیەکم هەیە، بۆ ئەوەی ئێمە چەند دەمانەوێ حکومەتی فیدڕاڵی لەگەڵ ئێمە بە شەفافانە کار بکا، یان کە بە شەفافانە کار نەکا؟ ئێمە بەپێی یاسایەك مافەکانی خۆمان ببەین لەو داهاتانەی کە لە هەرێمی کوردستان هەیە، ئەمە مافێکی ڕەوای گەلی کوردستانە، بۆیە من داوا دەکەم هەمان شەفافیەت لە هەرێمی کوردستاندا ئێمە جێبەجێی بکەین، لە بڕگەی یەکەم من پێشنیار دەکەم کە وەهای لێبکرێ، دانانی ئامرازی یاسایی بۆ دیاریکردن دەست خستنی مافە داراییەکانی هەرێم لە داهاتەکانی فیدڕاڵ، ئەمە وەکو خۆی ئیزافەی ئەوە بکرێتە سەری، و ئەو داهاتانە دەخرێتە صندوقی داهاتەکانی هەرێمی کوردستان لە بودجەی هەرێمی کوردستاندا تەسبیت دەکرێ، پاش ئەوەی کە تەحدید دەکرێ، و

دیاری دەکرێ، و وەری دەگرینەوە لە بودجەی خۆشماندا، با گەلەکەی خۆشمان پێی ئاگادار بێ ئەو شەفافیەتەی پێ ببەخشین، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

فەرموو کاك دڵشاد،

**بەڕێز دڵشاد حسین قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئامانجەکانی ئەم یاسایە، جاری یەکەم پرسیارێك بۆ لیژنەی یاسایی ئەگەر روونکردنەوەیەك بدات کە ئەمە خۆی یاسا بێ دانانی ئامرازی یاسایی لێرە بڵێین سیاغەیەکی یاسایی هەیە، یان دانانی هەموو ئامرازەکان بەپێی یاسا و دەستور نازانم چون سیاغە دەکرێ، بەڵام لای من جێگەی پرسیارە بڕگەی یەکەم، دووەم: ئێمە مادام ئامانجمان بەدەست هێنانی ئەو داهاتانەی کە لە حکومەتی فیدڕال بۆ ئەوەی بە شێوەی شەفافی ئێمە بەشداربین، یان ئاگادار بین لە داهاتی فیدڕال، بۆیە پێم باشە بەندێکی بۆ زیاد بکەین، ئاشکراکردن و خەرجکردنی داهاتەکانی ناوەخۆی هەرێم بەدەست هاتووی بەهەموو رێگاکان بەپێی یاسای نەوت و غازی هەرێمی کوردستان ژ 2007/22 زیاد بکرێ، سێیەم: پێشنیار دەکەم موستەحەقاتی پێشمەرگە لە ساڵی 2004 کە لەلای حکومەتی فیدڕالەوە زیاد بکرێ، ئەویش بکرێ بە یەکێك لە ئامانجەکان، لە بڕگەیەکی دیکە وەرگرتنی بەشی هەرێم لە داهاتی دیکەی ئەو قەرەبوویانەی بەدەست دەخرێن لە لایەن حکومەتی فیدڕال، پێم باشە موستەحەقاتی فەرمانبەران و خانەنشینانیش کە سەڵانە لە حکومەتی عێراقی کە زیاد دەکرێ ئێمە ئەو موستەحەقاتانە کە پێم وایە کە بەڕێز وەزیری دارایی لە گفتوگۆکردنی بودجە ساڵانە پێمان دەڵێ ئێمە ئەو موستەحەقاتە وەك خۆی وەرناگرین، و ئێستا لە عێراقدا بڕیار دراوە خانەنشینان بودجەیەکیان بۆ زیاد کراوە ئەوانەی (500) هەزار کەمترە، بەڕاستی موستەحەقاتی فەرمانبەران و خانەنشینانی هەرێم حەقە بکرێ بە ئامانجێك لەم بڕگەیە زیاد بکرێ، لە بڕگەی شەشەم دەست خستنی ئەو قەرەبووانەی کە ماڧی هەرێمن لەو زیانانەی کە لە ئەنجامی کردەوە ستەمکاریەکانی رژێمی پێشوودا روویان داوە لە بابەتی سەرکوتکردنی بەکۆمەڵ و جینۆساید، پێم باشە بڕگەیەکی دیکە زیاد بکرێ، ئەمە دەست خستنی قەرەبوو ئەوە ماڧی هەرێمە، وەك دەزگا، وەك موئەسەسەیەکی حوکمڕانی، بەڵام ئەی ماڧی ئەو هاووڵاتیانەی کە بەدەست ئەم سیاسەتەوە بڵێین زەرەرمەندبوون، کە بەپێی دادگای فیدڕاڵی تاوانەکانی عێراق ماڧەکانیان بۆ چەسپێندراوە بەتایبەتی جینۆساید، ئەنفال و کیمیابارانی هەڵەبجە کە حوکمی خۆی دراوە کە دەبێ قەرەبوو بکرێنەوە، ئەوەش موستەحەقاتی خەڵکە پێم وایە حکومەتی هەرێم بەس ئەو بڕگەیە دائەنێ کە ماڧی هەرێم بە داهات حیساب دەکا، ماڧی خەڵکیش حیساب بکات لەم بڕگەدا، بۆیە پێم باشە ئەوەش زیاد بکرێ، ماڧی ئەو خەڵکانەی کە تووشی زیان لێکەوتوو بوون، بۆ ئەوەی سیاسەتەکان بەپێی رژێمی پێشوو کە بەپێی دادگای تاوانەکانی عێراق بڕیاری لە سەر دراوە بۆ ئەوەی ئەو هاووڵاتیانە قەرەبووبکرێنەوە، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

فەرموو کاك سەرهەنگ،

**بەڕێز سەرهەنگ فرج محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە بڕگەی پێنجەم کە باس لە دابینکردنی ئامرازی پێویست یەعنی ئامراز بەعەرەبی (ادات) وەابزانم ئەگەر بەهەڵە نەچووبم، ئامرازی پێویست یەعنی چی؟ با حکومەت بۆمان روون کاتەوە ئامرازە پێویستەکان مەبەستی لە چییە؟ چی هەیە وەکو ئامرازی پێویست دابین بکرێ بۆ وەرگرتنەوەی ئەم موستەحەقانەو بەدەست خستنی، لە دیڕی دووەم دەڵێ بۆ دەست خستنی مافە بەرکەوتووەکانی هەرێم لە هاوسەنگکردنی فیدڕاڵی مەبەست لە هاوسەنگکردنی فیدڕالی چییە؟ ئەمە کۆمەڵێك موستەلەحاتە بەڕاستی لە ناو ئەم یاسایە پێویستی بە روونکردنەوە هەیە، پێویستە زۆر بە تەحدید ئێمە دیاری بکەین مەسەلەن ئەم بڕگانە شی بکەینەوە مەجالی تەفسیر و تەئویل هەڵنەگرێ، من بەتەواوی پشتیوانی قسەکانی کاك دڵشاد دەکەم، و پشتیوانی قسەکانی کاك نەریمان دەکەم لە سەر ئەو بڕگەیەی کە ئەو داهاتانەی یان هەر داهاتێکی تر کە وەردەگیرێتەوە بخرێتە ناو صندوقی داهاتەکان هەرچەندە لە ماددەی چواری ئەم یاسایە لە بڕگەی (ج) باسێکی کردووە کە دەڵێ ئەنجومەنی وەزیران بەڕەزامەندی پەرلەمان تایبەتمەندە بە دیاریکردنی چۆنیەتی مامەڵەکردن بەو داهاتانەی کە لەلایەن هەرێمەوە وەدەست دەخرێن بەپێی حوکمەکانی ئەم یاسایە، نابێ بەپێی حوکمەکانی ئەم یاسایە بە بڕوای ئێمە، بەبڕوای من دەبێ بچێتە ناو ئەو صندوقە، صندوقی داهاتەکان، و لە ناو بودجە کە بەشێکە تری بودجە مەسەلەی داهاتە پێویستە ئەمە بە روونی دەرکەوێ، و پێویستە بێتەوە بەردەستی پەرلەمانی کوردستان، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

فەرموو شلێر خان،

**بەڕێز شلێر محمد نجیب**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەنیسبەت ماددەی سێیەم کە دەڵێ (ثالثا: استحصال مستحقات الاقليم من المنح والمساعدات والقروض الدولية المقدمة الى الحكومة الاتحادية وذلك استناداً الى البند اولاً من المادة 106 من الدستور) بەپێی دەستور سەیری ماددەی (106) دەکەی هەر ئەو بڕگەیەی تێدا نیە، بۆچی بەس تەرکیزی کراوەتە سەر من پرسیارەکەم ئەوەیە، چونکە ماددەی (106) زۆربەی زۆری دەبێ یەعنی هەر ئەوە نەبێ کە منەح و موساعەدات بێ، بەڵکو بڕگەکانی تر هەر لە بیدایەتی ماددەکەوە کە دەڵێ ئەو هەیئە عامەیە دروست بکرێ بۆ موراقەبەی تەخسیسی واریداتی ئیتحادی ( وتتكون الهيئة من خبراء الحكومة الأتحادية) وابزانم ئەوە گەورەترین کێشەمانە کە لەو خەبیرانە کەسی کوردی تێدا نیە، کە باسیش دەکا دەڵێ (الأقاليم والمحافظات وممثلين عنها) لەبەرئەوە با ئێمە بە تەنیا باسی ئەوەلەن نەکەین، دوایی لە سێیەمدا کە دەڵێ (ضمان

الشفافية والعدالة عند تخصيص الأموال لحكومات الأقاليم أو المحافظات غير المنتظمة في إقليم)، ئەوەش بەڕاستی ئێمە بەنیسبەت حکومەتی عێراقی تا ئێستا ئەو پارەیەی کە ئێمە ئاگامان لێیە لە موازەنە کە دێت هیچی ئەو بڕگەیەی تێدا نیە لەبەر ئەوە ئیشارەت بە هەموو (106) بکرێ، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

فەرموو کاك جلال

**بەڕێز جلال علی عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەم ماددەیە، و ماددەی پێشووتر ئەوەی من ئاگادارىم ئەو فەقەرانەی خوشك و برایان باسیان کرد لە مەسەلەی خانەنشینی و لە مەسەلەی پارەی پێشمەرگە، کە دەڵێ نەفەقاتی سیادی و حاکیمە دەیان ماددەیە، و من وای تێگەیشتووم کە زیاتر لەوەیە کە ئێمە وتوومانە، چونکە باسی حاکیمە و سیادی کردووە، من پێشنیارێکم هەیە بۆ لیژنەی یاسایی و لیژنەی دارایی ئەگەر بکرێ لە رووی یاساییەوە دەتوانین ئێمە داوا بکەین کە حکومەتی هەرێم موشارەکە بکات لە دانانی بودجە و دانانی نەفەقاتی سیادی و حاکیمەو نەفەقاتی حکومەتی هەرێم، ئەگەر جێی ببێتەوە ئەوە بکرێ شتێکی باشە، لە شەشەم کە دەڵێ (استحصال التعویضات المستحقة للأقلیم عن الأضرار)، ئەزرار نیە، من وا تێبگەم مەئساتی گەورەیە (عن المأساة) ئەزرار شتێکە کە لەوانەیە لە نەتیجەی شەرێك یان لە نەتیجەی حەریقێك، بەڵام کورد تووشی مەئسات بووە، ئەم ئەزرارە بکرێ بە مەئسات،(عن الممارسات المجحفة) مماراساتەکان زالمیشە موجحیفەیە، بڵێین (عن الممارسات الظالمة والمجحفة من قبل النظام السابق)، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

فەرمووناسك خان،

**بەڕێز ناسك توفیق عبدالکریم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من دیسان جارێکی تر دەیڵێمەوە خۆزگە سەرۆکایەتی پەرلەمان ئیلزامی لیژنەی پیشەسازی بکا، کە ئەم عەسرە راپۆرتی خۆی ئامادە بکا لە سەر باقیەکەی تریش، کە من پێم وایە ئەگەر ئەمە تەنها ئیستیحسالی دارایش بێت لە (95٪) داهاتی عێراق بە گشتی لە سەر نەوت و غازە هەر بەڵگەی ئەوەی جەنابی وەزیر لێرە زۆرترین موناقەشەکان دەکا، بەڵگەیەکە لیژنەی ئێمە مەعنیە، بەس یەعنی بەڕاستی یەك رۆژ لەبەر دەستی لیژنەیەك دابێ قورسە لەبەر ئەوە فەراغێکی زۆر گەورەیە کە لیژنەی موختەس راپۆرتی نیە، زۆر پەلە کراوە لەم یاسایە، من مولاحەزەم هەیە لەسەر ئەم ئامانجانە ئەویش ئەوەیە کە لە خاڵی یەکەمدا کە دەڵێ ئامرازی دانانی یاسایی، تەبعەن ئامانجەکان زۆر گەورەن، بەڵام کام لەو ئامرازانە، ئەو ئامرازانە چین؟، یەعنی ئەو ئالیاتانە چین؟ من بەپەلە ئێستا نیو سەعاتێك سەیرێکم کرد تەنها لە یەك ماددە شتێکی تێدایە دەڵێ ئەگەر حکومەت ئیلتیزامی نەکرد بە دەفعی مالیەکانی خۆی، ئێمە بۆمان هەیە

پڕکردنەوەی ئەو کەم و کورتیانە بکەین بەهەر ڕێگە و شوێنێك کە حکومەتی هەرێم پێی باشە، یەعنی تاقە ئامرازێ ئەم ئامرازەیە، ئایا ئەمە دەگونجێ لەگەڵ دەستوردا؟ ئایا ئەمە کێشەمان بۆ دروست ناکات؟ ئایا کرانەوەی بەم شێوەیە لەبەر دەست حکومەتدا بەهەر ڕێگە و شوێنێك کە خۆی بەباشی دەزانێ دواتر کێشەی دەستوریمان بۆ دروست ناکات؟ لەبەر ئەوەی من پێم وایە ئەم خاڵانەی تر تەقریبی (7 تا 8) خاڵە یەعنی دەڵێی تواناداركردنی هەرێم، بەچی تواناداری دەکەی؟ ئەوا هەرچی موستەحەقات هەیە بەدەستور، چ شتێك هەندی دەستور بەقوەتە؟، لە دەستوردا دیاری کراوە، ئێستا ئەم یاسایە هاتووە تەجمیعی ماددەکانی دەستوری کردووە، بەچی بە توانای دەکەی؟ یەعنی کە دەڵێ بەتواناداركردنی هەر لە خۆیدا ئامانج نیە، ئەمە شێوازی ئامانج نووسین نیە، بە چ ئالیاتێك تۆ حکومەتی هەرێم بە توانا دەکەی، ئەی ئەم چەند ساڵە لە 2005 ەوە دەستورمان هەبووە ئەگەر تا ئێستا ئەم ئیستحقاقانەمان نەکردووە، خۆ ئەمە کەمتەرخەمیە، دەبێ لێپرسینەوەی لەگەڵ بکرێ، ئەگەر کردوویەتی بەچ قانونێك کردوویەتی؟، دیارە بەپێی دەستور کردوویەتی، کەواتە ئێستا تەجمیعی ماددە دەستورییەکانی هێناوە، بۆیە من دەڵێم ئەگەر ئەم ئامانجانە بخەینە تەصویت کردن، بەڵکو ئەم ئامانجانە بخەینە دوای ماددەکانی تر، بۆ ئەوەی بە فیعلی بزانین ئایا ئەم ماددە یاساییانەی دواوە ئەم ئامانجانەمان بۆ تەحقیق دەکا؟ ئایا بە فیعلی ئەم ماددە یاساییانەی دواوە ئامرازی تێدایە بۆ دەستخستنی ئەو موستەحەقاتانەی خۆمان، بۆیە من پێشنیار دەکەم کە ئەم ماددەیە تەصویت لە سەری تەئجیل بێ بۆ دوای ماددەکانی تر بۆ ئەوەی بە فیعلی بزانین ئەو ئامانجانە تەحقیق بووە؟ بۆ ئەوەی نەبێتە عەیبەیەك بۆ یاساکە، و ئەگەر تەئجیلیش نەبوو خاڵی چوارەم کە باس لە وەرگرتنی بەشی هەرێمە لە هەر داهاتی دیکە یان قەرەبوو من پێم وایە قانونێك هەیە، قانونی ژمارە 16ی 2010 قانونی (المتضررين من قبل النظام) ئەمە هەموو کوردستان لێی ئیستیفادە دەکات، بە ئاوارەکانەوە بە موتەزەڕەرینی کیمیابارانەکانەوە، بە ئەنفالەوە کە مەعەل ئەسەف تا ئێستا حکومەتی عێراقی ئەم قانونەی جێبەجێنەکردووە، ڕاستە کە دەڵێ هەموو ئەو یاسایانە دەگرێتەوە، بەس ئەگەر تایبەتمەندی لێ بدرێ بەم یاسایە ئەوە خاڵێکی ترە، خاڵێکی تر ئێمە کە دەڵێین لە (17٪) کە بە قانون نیە، تاکو ئێستا بە ڕێکەوتنە، ساڵانە نەفەقاتی سیادی و حاکیمە تەئسیر لە کەمبونەوەی ئەم (17٪)یە دەکات، ئایا ئەم خەلەلە گەورەیە، ئەم یاسایەی ئێمە توانیویەتی ئەمە چارەسەر بکا؟، کە بە فیعلی دەبوایە ئێمە لە خەمی ئەو ماددەیە بین، بۆیە جارێکی تر دەیڵێمەوە ئومێدەوارم پشتگیری بکرێم، ئەم ئامانجانە زۆر گەورەو باشن، تەصویت کردنی با بکەوێتە دواوە، بۆ ئەوەی بە فیعلی بزانین قانونیەکان ئەم ئامانجانە تەحقیق دەکا؟، ئینجا تەصویتی لە سەر بکەین، بۆ ئەوەی قانونەکەمان تووشی کەم و کورتی نەبێ، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بايز اسماعيل/ سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

فەرموو کاك فاضل حسن،

**بەڕێز فاضل حسن:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەم ماددەیە زۆر بە دوورو درێژی نووسراوە، و بەشێك لە بڕگەكانی بڕگەی دووەم و سێیەم و پێنجەم ئەوە هەر دەكرێ لە ماددەی سێیەم لە مافە داراییەكان بێ، لەبەر ئەوەی یان دەبێ هەمووی بنووسرێ لە مافە داراییەكان، چونكە لە پێشەوە كە لە بڕگەی یەكەم هاتووە، دەڵێ یەكەم: دانانی ئامرازی یاسایی بۆ دیاریكردن دەست خستنی مافە داراییەكانی هەرێم لە داهاتەكانی فیدراڵ، یان دەبێ هەموویان بنووسرێ، یان ئەو سێیە لە ماددەی سێیەم كە باسی مافە داراییەكان دەكات لەوێ شوێنی دەبێتەوە، بڕگەی دووەم و سێیەم و پێنجەم، لە بڕگەی چوارەم و شەشەم یەكێكیان بنووسرێ، كە دەڵێ، وەرگرتنی بەشی هەرێم لە هەر داهاتەكی دیكە یان ئەو قەرەبووانەی دەست دەخرێن لەلایەن حكومەتی فیدراڵ، لێرە لە شەشەم تەنها یەك قەرەبوو نووسراوە، جا دەكرێ یەكێكیان بنووسرێ، یان شەشەم یان چوارەم، بەم مانایەی كە ئەم ماددەیە دەبێتە سێ بڕگە، بڕگەی یەكەم یان بڕگەی چوارەم یان شەشەم، لەگەڵ بڕگەی حەوتەم، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمانی كوردستان:**

فەرموو كاك ئاسۆ.

**بەڕێز بكر كریم محمد (ئاسۆ):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من پێشنیار دەكەم ئەم ماددەیە تەنها لەیەك بڕگەدا كورت بكرێتەوە، و بەم شێوەیەی دابڕێژرێتەوە:

یەكەم: دانانی میكانزم و ئامرازی یاسایی بۆ دیاریكردن و، وەدەستخستنەوەی مافە داراییەكانی هەرێم لە داهاتەكانی فیدڕاڵ وەك لە ماددەی سێیەمی ئەم یاسایە داهاتوون بەگوێرەی دەستوری عێراق، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمانی كوردستان:**

فەرموو كاك برهان

**بەڕێز برهان رشید حسن:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

دەربارەی ئەم ماددەیە بەڕاستی ئامانجی جوانی دیاریكردووە و شتی جوانی وتووە، بەڵام من پێم خۆشە شتێك بە بیر ئەندامانی پەرلەمانی بەڕێز و سەرۆكایەتی پەرلەمان و وەزیرە ئامادەبووەكانو ئەو بەڕێزانە بێنمەوە لە مادده (106)ی دەستوری ئیتیحادی عێراقی ساڵی 2005 بە نەص هاتووە دەڵێ دادەمەزرێت بە یاسا دەستەی گشتی چاودێری كردنی دابەشكردنی واریداتی ئیتیحادی دەستەكەش پێك دێت لە خوبەرای حكومەتی ئیتیحادی و هەرێمەكان و پارێزگاكان ئەم ئەركانەی لە ئەستۆیە:

یەكەم: دڵنیابوون لە عەدالەتی دابەشكردنی مینحە و هاوكاری و قەرزی دەولی بەپێی ئیستیحقاقاتی هەرێم و پارێزگاكان كە نەلكاون بەهەرێمەكانەوە،

دووەم: دڵنیابوون لە بەکارهێنانی باشی مواریدە مالیە ئیتیحادییەکان و دابەشکردنی،

سێیەم: گرنتی کردنی شەفافیەت و عەدالەت لە دابینکردنی پارە بۆ حکومەتی هەرێمی و پارێزگا نەلکاوەکان بە هەرێمەوە بەپێی رێژەی بڕیار لێدراو،

لە ماددەی (115)دا هاتووە دەڵێ: هەرچی بەدەق نەهاتبوو لە ئیختیساساتی دیاریکراوی دەسەڵاتی ئیتیحادی لە دەسەڵاتەکانی هەرێم و پارێزگا نەلکاوەکان بە هەرێمەکان دەسەڵاتەکانی تر هاوبەشە لە نێوان حکومەتی ئیتیحادی و هەرێمەکان، ئەوەلەویەت بۆ یاسای هەرێم و پارێزگا نەلکاوەکانە لە کاتی وجودی جیاوازی لە نێوانیادا،

مەبەستم لە خوێندنەوەی ئەم دوو ماددە یاسایە موقارەنەکردنیەتی بەم یاسایە، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، کە ئەم ماددەیەلە قانوون دا، لە دەستوری عێراق دا هەبێ بەپێی ماددەی (13) بە نەص تێدا هاتووە لە دەستوری عێراق دا دەڵێ (لا يجوز سن أي قانون يتعارض مع أحكام هذا الدستور ويعتبر هذا القانون، القانون الأسمى والأعلى في العراق ويعتبر ملزماً فيها حي كافة بما فيها الأقاليم والمحافظات) واتە نووسینی ئەم یاسایە بە رەئی دەستوری من ئەگەر بەپێی ماددەی (93) بڕگەی یەك و بڕگە دوو لە دەستوری دائیمی عێراق کە بڕگە یەکەکەی باس لە رەقابیەتی دەستوریەتی قەوانین دەکا لە عێراقدا بڕگەی دوو باس لە تەفسیری نصوصی دەستور دەکا ئەگەر داوایەك لە مەحکەمەی ئیتیحادی عولیا واتە مەحکەمەی دەستوری عێراق قەید بکرێ ئەم یاسایە لە ئەلیفەوە بۆ یای باتل دەبێ، لەبەر ئەوەی ماددەیەکی دەستوری هەیە بەپێیی ماددەی (13)ی مولزەمین موقەیەد بین پێوەی، بۆمان نیە زیاتر داوا بکەین ئەم یاسایە ئەگەر تۆ پەنا ببەی بۆ ماددەی (115) ئیختیساسات دابەش بکەی، ئەمە ئیختیساسات نیە تۆ دابەشی بکەی، لەبەر ئەوەی ئەمە ریزبەندی باب و فەسل و ماددەکانی دەستورە، لە بابی سێیدا باسی سوڵتاتی ئیتیحادی کراوە، لە بابی چوارەمدا باسی ئیختیساساتی سولتەی ئیتیحادی و لە بابی پێنجەم سوڵتاتی ئەقالیم، ئیختیساسات دابەش دەکرێ، سوڵتات دابەش ناکرێ، ئەگەر سەیری بکەین بۆچی فەسل و بابەکەی جیاوازە، ئەوە شتێك هەیە لە تەفسیری قانون دا پێی دەوترێ قەسدی موشەریع، بگەڕێینەوە بۆ قەسدی موشەریع کە بە جیاواز دایناوە نە لە زمنی ئیختیساساتی هەرێمەکانە، تا لە زمنی ئیختیساساتی حکومەتی مەرکەزین و هی مالیکیش دا نیە ئەمە، ئەگەر سەیری ماددەکانی (109) و (110)ی دەستوری دائیمی عێراق بکەین، بەڵکو ئەمە لە زمنی هەیئاتی موستەقیلە کە نەخراوەتە بابی ئیختیساساتی هەرێمەوە، نە بەغداوە، باسکراوە هەیئاتی موستەقیلە کە ماددەکانی (102) بۆ (108) لە پاڵ ئەم هەیئاتانە باسی بانکی ناوەندی عێراقە ئەگەر تۆ بۆت هەیە لە هەرێمدا ئەم هەیئەتانە دابەش بکەی، دەبێ بانکی ناوەندی عێراقیش دابەش بکەی لێرە بانکێکی ناوەند بکرێتەوە، لەبەرئەوە ئەمە من پێم باشە تەدقیقی تێدا بکرێ، لەبەر ئەوەی لە رووی دەستوریەوە خیلافی زۆری لە سەرە، موشکیلە دروست دەکات، دڵنیاشم دەبێ بەپێی ماددەی (106) ئیشارەی پێ بدرێ، هەرچی لە خارجی ماددەی (106) بەدەر بێت لە دەستوری دائیمی عێراق لەم بڕگەیە ئیشارەتی پێ نەدرێ، قانونەکە باتل دەکاتەوە، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمانی كوردستان:**

فەرموو كوێستان خان،

**بەڕێز كوێستان محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من پشتگیری زیادكردنی ئەو دەستەواژەیە دەكەم كە كاك نەریمان كردی بۆ بڕگەی یەك، و نەصەكەشی ناردووە لەبەردەستی لیژنەی هاوبەش دایە، ئەویش لە پێناوی دیاربوونی شەفافیەتی نەوت، ئێمە ئەزانین كە ساڵی پار چەندین بڕە پارە خرا بەردەستی وەزارەتەكان لە پارەی نەوت بە ئیعتیرافی خۆیان لەبەردەمی پەرلەمان دا من بۆ خۆم ئەو پرسیارەم ئاڕاستەی سەرۆكی حكومەت كرد لە وەڵامەكەدا دەڵێ ئەوە لە صندوقی وەزارەتی سامانە سروشتیەكان بوو، دواتر چۆتە صندوقی وەزارەتی دارایی و ئەوان،حیسابی وەزارەتی دارایی و ئەوان ئەو پارانەیان خەرجكرووە، بەڵام دواتر قسەم لەگەڵ بەڕێز وەزیری دارایی و بریكارەكەی كرد تەواو بێ ئاگایی خۆیان لەو مەسەلەدا دەربڕی كە ئەوان بەهیچ شێوەیەك ئاگایان لەو پارەیە نیە، كەواتە پێشتر داهاتی نەوت بەبێ ئاگاداری وەزارەتی داراییش مامەڵەی پێوە كراوە، بۆیە لە پێناوی ئەو شەفافیەت و خراپ بەكارهێنانی داهاتی نەوتە، پێویستە ئەو دەستەواژەیە زیاد بكرێ، تێبینی دووەم ئەوەیە كە هەروەك هاوڕیانم كاك دڵشاد و برادەرانی دیكە باسیان كرد كە بۆ بڕگەی پێنج موستەحەقاتی پێشمەرگە زیاد بكرێ، ئەگەر هەبێت لە شوێنێكی دیكە بۆ تەئكیدكردنەوە پێویستە موستەحەقاتی پێشمەرگە بنووسین خۆمان ئەزانین وەزعی پێشمەرگە چۆنە، مووچەیان كەمە بەتایبەتی ئێمە كە لە بودجەی ساڵی 2013 یەكێك لە بڕگەكانی ماددەی (5)مان تەسبیت كردووە كە پێویستە موستەحەقاتی لە 2004 ەوە وەرگرین، تەعویزی پێشمەرگەی پێ بدەینەوە، بۆیە پێویستە ئەوەش ئیزافە بكرێ كە موستەحەقاتی پێشمەرگە لە 2004 وەربگیرێتەوە، خاڵی سێیەمیشم هەر پشتگیریە لەو پێشنیارەی كاك دڵشاد كە هەموو زیادكردنێكی فەرمانبەر و خانەنشین ئیزافە بكرێت بەتایبەتی ئێستا هەرێم لەبەردەستی ئەوەدایە (100)هەزاردینار مانگانە بدات بە خانەنشین تا ئێستا ئەم زیادەیەی سەرف نەكردووە، بۆ ئەوەی ئێمە لەو شتانە رزگارمان بێ، پێوستە ئەوەش ئیزافە بكەین، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمانی كوردستان:**

فەرموو كاك كاردۆ

**بەڕێز كاردۆ محمد پیرداود:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

خۆی لە راستیدا ئامانجەكانی ئەو یاسایە دەكرێ لەیەك بڕگە كۆ بكەیتەوە، چونكە ئێمە بەپێ دەستوری عێراقی كە مافەكانی ئێمە دیاریكراوە، و دانانی ئامراز هەر لە ماددەی (106)ی دەستوری عێراقی ئەو هەیئەتەی كە بەپێی یاسا دەبێت پێك بێ لە خەڵكی بەتوانا و پسپۆر بۆ ئەوەی كە بتوانێ ئەو موستەحەقاتانەی كە پەیوەندی بە ئێمەوە هەیە دابینی بكا دەتوانین بڵێین یەكێك لەو ئیزافانەی كە

پێویستە بکرێ ئەوەیە کە ئەم یاسایە ئامانجی لە بەدی هێنان و دەستخستنی مافە داراییەکانە بەپێی دەستوری عێراقی کە لەوێ ئاماژەیەکی زەقی پێکراوە ئەوە یەکیان، دوو: پابەندکردنی نوێنەرانی کورد بۆ بەدەست هێنانی یان گرتنەبەری رێکارە یاساییەکان لە بەرامبەر بەدەستهێنانی ئەو مافە دەستوریانەی کە لە عێراق هەمانە، یەعنی یەکێك لە ئەرکە گرنگەکانی نوێنەرانی خەڵکی کوردستان لەوێ بەدیهێنانی ئەو مافانەیە کە ئەمە من پێم وایە ئەو رێکارە یاساییە لە ئەستۆی ئەوانیشە بیگرنە ئەستۆ، یان ئامانجی ئەو یاسایە ئەم خاڵەی تێدا بێ، خاڵێکی تریش: ئایا دەتوانین لێرە جێی بکەینەوە کە ئێمە بەڕاستی دەبێ یاسا خۆی جێبەجێ بکرێ، بەڵام یەکێك لەو گرفتانەی ئێمە هەمانە ئەم یاسایانەی کە پەیوەندن بە بەدیهێنانی ئەم بەرکەوتە بەلای منەوە گرنگە ئەو پڕۆژە یاسایانەی کە رۆڵیان دەبێ لە بەکارهێنانی ئەو بەرکەوتەیە یان ئەو مافە داراییانەیە بەشێوەیەکی شەفاف، و بەشێوەیەك کە لەگەڵ ستراتیژی هەرێمی کوردستان بێتەوە بۆ بەهێزکردنی ژێرخانەکەی مەسەلەی نەوتە وا بکەین ئامانجی ئەو یاسایە جێبەجێکردنە یان بەدیهێنانی ئەو یاسایە کە یاسای نەوت و گازە ئێمە لە کوردستان پێم وایە جێبەجێمان نەکردووە، یەعنی پێم قورسە لە یاسا داوای شتێکی وا بکەین، بەڵام بەڕاستی بەلای منەوە گرنگە کە حکومەتیش پابەند بکەین لەوەی کە ئەم پڕۆژانە بە خێراترین کات بێتە پەرلەمان و موناقەشەی لە سەر بکەین بۆ ئەوەی بەدیهێنانی ئەو مافانە لە هەمان کاتدا دەبێتە مایەی شەفافیەت لە جێبەجێکردن یان لە خەرجکردن لە داهاتی کوردستان، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

فەرموو عظیمة خان،

**بەڕێز عظیمة نجم الدین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە خۆی ئەم پڕۆژە یاسایە بە رەئی من پێویستی بە یاسا نەدەکرد، لەبەر ئەوەی لە دەستوردا مافێکی دەستوری کە لە عێراقدا چەسپی بێ بۆ کورد، بۆ هەموو ئەو داهاتانەی کە بۆ هەرێمی کوردستان هیچ پێویست ناکات ئێمە بە دەستوری بکەین، چونکە دەستور لە سەرووی یاساوەیە، هەموو ئەو مافە دەستوریانە ئێمە دەتوانین لە هەرێمی کوردستان دا ئەو مافانە بەدەست بێنین، بەڵام لێرەدا یەك خاڵ جێی سەرنجە توانا دارکردنی هەرێم بۆ دەست خستنی مافە داراییەکان، توانا دارکردنی هەرێم، من لە وەزیری سامانە سروشتیەکان دەپرسم توانا دارکردنی هەرێم بۆ دەست خستنی مافە داراییەکانی لە داهاتی نەوت مەبەستان چییە؟ جگە لەو مافە داراییانەی کە لە دەستوردا هاتووە، ئەمە خاڵێکە جێی گومانە، لێرەدا لە خاڵی یەکەم ئامانجەکانی ئەم یاسایە بۆ خۆی ئامرازی یاسایی نیە بۆ بەدەست هێنانی مافە داراییەکان، چونکە مافە داراییەکان بە دەستور رێکخراوە و بەدی هاتووە، بەڵام ئەوەی کە ئامرازی یاسایی بێ لەم یاسایە ئیمە دەکرا لە کوردستاندا یاسایەك دەرکەین بۆ ئەوەی کە هەموو ئەو مافە داراییانەی کە لە داهاتەکانی فیدراڵ دا هەمانە لەگەڵ داهاتە ناوەخۆییەکاندا بە یاسایەك لە هەرێمی کوردستان دا

ڕێکبخرابایە لەگەڵ هەموو داهاتە ناوەخۆییەکاندا، بەڵام ئێمە تەنها یاسایەك دەردەکەین بۆ ئەو مافە دەستوریانەی کە لە عێراقدا بە یاساو بە دەستور هەمانە و چەقیوە لەگەڵ ئەوەشدا هەموو داهاتە ناوەخۆییەکان و ڕێکخستنی ئەو داهاتانەی کە لە ناوەخۆ هەمانە لە نەوت و هەموو ئەو داهاتانەی کە هەمانە ئێمە یاسایەکمان نەبێ بۆ ئاشکراکردن و بە شەفافیەت کردنی ئەو بابەتانەی هەمانە لە مەسەلەی داهات لە هەرێمی کوردستاندا، چەندین جار لە کاتی بودجە داوای ئەوەمان کردووە با یاسایەك هەبێ، با صندوقی داهاتە نەوتیەکان هەبێ، کەچی بەداخەوە ئەوانە نیە، یاسایەك هاتووە بۆ بەیاسایی کردنی دەستور لە هەرێمی کوردستاندا، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

فەرموو کاك سالار،

**بەڕێز سالار مجمود مراد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە ڕاستیدا وەکو (مبدأ)بەشداری پێکردنی پەرلەمانی کوردستان لەم پرسەدا بابەتێکی زۆر زۆر گرنگە، هەرچەند درەنگ وەختە دەبوو حکومەت بۆ ئەم شەڕەی خۆی زووتر پەرلەمانی هاوبەشی پێ بکردایە، چونکە ململانێ لە نێوان حکومەتی ئیتیحادی و حکومەتی هەرێم دا بەردەوامە، حکومەتی ئیتیحادی کۆمەڵێك ڕێ و شوێنی نێو دەوڵەتی گرتۆتەبەر بۆ بردنەوەی خۆی لەم شەڕە ئابووری و سیاسیە، دەبوو حکومەتی هەرێمی کوردستان زووتر بەدەم داخوازی پەرلەمانەوە بهاتایە، بەڵام ئێستاش دەکرێ ئێمە جدی تر قسە لە سەر ئەم بابەتە بکەین، وەکو کاردانەوەیەك وەری نەگرین لە ڕاستیدا بۆیە بەدیدی من ئەم شەڕە شەرعیەت پێدانی کاتێك زیاتر دەبێ پشتیوانی حکومەت بێ لەم پرسەدا، بەبێ پشتیوانی پەرلەمانی کوردستان، حکومەت ناتوانێ خواستەکانی خۆی لەم پرسەدا بەدی بهێنێ هەرچەندە هەنگاویشی بۆ ناوە، من پێشنیار دەکەم کە سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان و وەزارەتی سامانە سروشتیەکان لە ئایندەیەکی نزیکدا بێنە پەرلەمانی کوردستان بۆ ڕوونکردنەوەی هەموو ئەو پرسیارانەی کە پەرلەمانتاران لە یاسای بودجە، و لە کۆمەڵێ پرسی تردا کردیان قسەکەشم پشت ئەستورە بە ئامادەیی بەڕێز وەزیری سامانە سروشتیەکان ، و هیواداارین ئەم بابەتە لە ئایندەیەکی نزیك دا لەلایەن سەرۆکایەتی پەرلەمان و حکومەتی هەرێمی کوردستاوە کاری جدی بۆ بکرێ، ئەوەی پەیوەندی بە ماددەی دووەمەوە هەیە زۆربەی ماددەکان پشت ئەستوورن بە بڕگەی دەستوری ئەمە کارێکی گرنگە، بەڵام لە بڕگەی شەشەمی ماددەی دووەمدا کە قسە لە سەر تاوانەکان دەکا هیوادارین وەکو دیکۆمێنت تاوانی ئەنفال و کیمیاباران یاداشت بکرێ، و ئەوەی نووسراوە بابەتی سەرکوتکردن و سیاسەتی سووتاندنی زەوی لابدرێ، تاوانی شەڕ و دژە مرۆڤایەتی و تاوانی جینۆساید (ئەنفال و کیمیاباران) ئیزافە بکرێ، مەبەستیشم لە تاوانی شەڕ و دژە مرۆڤایەتی و جینۆساید سێ روکنی تاوانی نێو دەوڵەتین، و پەیوەندیدارە بە قەرەبووکردنەوە، چونکە پەرلەمانی عێراق و پەرلەمانی کوردستان لە 2008/4/14دا ئیقراری بڕیاری دادگای باڵای تاوانەکانی

کردووە، و بەپێی ماددەی (112)ی دەستوریش هاتووە کە ئەم ئیستیحقاقانە بە قانون تەنزیم بکرێ، کاتی خۆی لە دەستوری هەمیشەیی عێراق دا هەڵەیەکی ستراتیژی گەورە کراوە، کە لە هیچ لە ماددەکاندا مەسەلەی تۆمارکردنی تاوانی کیمیا باران و ئەنفال نەدەخرا ناو ماددەکانەوە بەتایبەتی ماددەی (112) دەکرێ ئێمە ئەمە وەکو دیکۆمێنتێك بەکاربێنین، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

فەرموو لیژنەی دارایی،

**بەڕێزد. ئاراس حسین محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو خاڵانەی کەوا تا رادەیەك پەیوەندی بە لیژنەی داراییەوە هەیە، وا دیار بوو زیاتر لە یەك پێشنیار هەبوو کە ئەو موستەحەقاتانەی دەستمان دەکەوێ یان بەدەستی دێنین بچێتە ناو صندوقێکەوە، بەحەقیقەت ئەو موستەحەقاتانەی کە حکومەتی هەرێم هی خۆیەتی بەپێی یاسا بە رای لیژنەی دارایی دەتوانین لە ماددەیەك لە ماددەکان ئیزافە بکەین، یان هەر لە خاڵی یەك دا بتوانین بەم (تدخل ضمن موازنة الإقليم) بەم شێوەیە دەتوانین کۆتایی بەکێشەکە بێنین، ئیقتراحێك هەبوو کەوا ئاماژە بدەین بە موستەحەقاتی پێشمەرگە و هاووڵاتیان و موزەفین و موتەقاعیدین لەو موستەحەقاتە مالیانە، بەحەقیقەت ئەوەش بەجێی ئەهێڵین بۆ لیژنەی یاسایی بزانین موستەحەقات شمولی هەموو لایەك دەکات یان ئەوانە جیا بکرێتەوە یان ئاماژەی پێ بدرێت، باشتر وایە لیژنەی یاسایی ئەم وەڵامانەمان بداتەوە، دەربارەی دەمج کردنی بڕگەی چوار لەگەڵ بڕگەی شەشدا، لە راستیدا ئێمە وای لێ تێ دەگەین لێرە لە لیژنەی دارایی کە ئەوە دوو فەقەرەی جیان، یەکێکیان هەموو عێراق دەگرێتەوە کە هەرێمی کوردستان بەشێکە لە عێراق، ئەوەی شەشەمیان مافی هەرێمی کوردستانە بەسەر عێراقدا، لەبەر ئەوە پێمان باشە وەکو خۆی بمێنێتەوە، بۆچوونێکی دیکە هەبوو ئەوەش هەرچەندە ناحیەی یاساییە موشارەکەی حکومەتی ئیقلیم لە دانانی نەفەقاتی سیادی و حاکیمە وا تێ دەگەم ئەوە ماددەیەکی دەستوریە، ئیشارەی پێ دراوە، نازانم چۆن لێرە بتوانین جێگای بکەینەوە، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

فەرموو کاك خورشید،

**بەڕێز خورشید احمد سلیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەنیسبەت موستەحەقات حەسری موستەحەقات لەناو یاسا زۆر زەحمەتە، چونکە موستەحەقات زۆرن، موستەحەقات هەر ئەوە نیە مافی پێشمەرگە، موستەحەقات مافی پێشمەرگەیە، موستەحەقات ئێستا پارەی ئێمە ساڵانە دەخورێ لە داهاتە سنورییەکان، موستەحەقاتی پارەی پترۆ دۆلارە بە ئێمەی نادەن، موستەحەقاتی زیادەی ساڵانەیە کە تەقدیری بەرمیلێك نەوت دەکرێ بە (90) دۆلار بە (110 و 115)

دۆلار دەفرۆشرێت، موستەحەقات ئەو پارەیە کە تەخسیسی دەکەن بۆ نەفەقاتی سیادی و حاکیمە کە بەشێك لێ دەمێنێ 17٪ بۆ ئێمە بۆمان ناگەڕێننەوە، موستەحەقات جۆراو جۆرە،زۆرە، لەبەر ئەوە بەرەئی من کەلیمەی موستەحەقات کافیە، ئەو وشەیە هەر ئەوە بمێنێ نەچینە حەسر، چونکە ئەگەر حەسری بکەین ناتوانین هەموو ئەو شتانە حەسر بکەین لە ناو یاسادا هەیە، لەبەر ئەوەپێویستە هەر کەلیمەی موستەحەقات بمێنێ ئەوی تر هەر حکومەت بە خۆی دەزانێ موستەحەقات چییە و چۆن موتابەعە دەکەن،؟ سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

فەرموو لیژنەی یاسایی،

**بەڕێزعونی کمال سعید (بەزاز):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەشێك لە پێشنیارەکانی ئەندامانی پەرلەمان کەوا لە بڕگەی یەکەم لە نیهایەتی جوملەکە ئەو عیبارەیە ئیزافە بکرێتەوە، دانانی ئامرازی یاسایی بۆ دیاریکردن، دەست خستنی مافە داراییەکانی هەرێم لە داهاتەکانی فیدڕاڵ، و دەخرێتە صندوقی داهاتەکانی هەرێمی کوردستان و بودجەی هەرێم، ئێمەش پێمان باشە، بەڵام ئێرە جێگای نیە، لە مادده حەوتەم باسی لێ کراوە بەشێوەیەکی روون تر لەوێ ئیزافەی دەکەین، و ئەو بابەتانەی کە قسەیان لە سەر کرد بەڕاستی بابەتەکان لە ناحیەی دەستور و لە ناحیەی قانونی لە پڕۆژەکەدا زۆر بە وردەکایەکی باش دا هاتۆتەوە، ئێمە پابەندین بە دەستوری عێراقی، و مافەکانمان چەسپاوە بەپێی دەستوری عێراقی دەتوانین بە دواداچوونی بۆ بکەین ،وەرگرین، ئەم یاسایە ئامراز و چۆنیەتی وەرگرتنی داهاتەکانی واتا ئیستیحقاقاتی حکومەتی هەرێم لە حکومەتی عێراقی فیدڕالی بە وردەکاریەکی زۆر باشەوە هاتووە وابزانم ئەگەر دەستکاری بکەین، یەعنی زەرەر لە پڕۆژەکە دەدەین، واتا بڕگەکان وەك خۆی بمێنێتەوە تەنها ئەو پێشنیارەی کە کرا لایەنی زمانەوانی چاکی بکەینەوە، هەندێك غەڵەتی قواعیدی تێدایە ئەوانەش دەتوانین چاکی بکەینەوە، سەبارەت بە ئیستیحقاقاتی هاووڵاتیان و پێشمەرگە و تەقاعود تەبیعی بڕگەکان زۆر بە وازیحی دیارە، مەرج نیە خۆ ناوی هەموو شتەکان بێنین بە وازیحی، (استحصال التعویضات المستحقة للأقلیم عن الاضرار الناتجة عن الممارسات المجحفة من قبل النظام السابق)واتا هەموو ئەو زەرەرانەی کە بە خەڵکانی هەرێمی کوردستان گەیاندراوە بە ئەزراری جەماعی، ئیبادەی جەماعی (سیاسة الأرض المحروقة) هەموو ئەوانە تەسبیت کراوە، و هەروەها قەردەکانی حکومەت کە دەڵێ لە بڕگەی پێنجەم (توفیر الالیات اللازمة لاستحصال مستحقات الاقلیم من الموازنة الاتحادیة اخذاً بنظر الاعتبار المبالغ المتراکمة غیر المدفوعة کالنفقات السیادیة والحاکمة والمدرجة ضمن الموازنة الاتحادیة منذ سنة 2004) واتا ئەگەر بگەڕێینەوە بودجەی حکومەتی عێراقی لە ساڵانی 2007 تا ئەمڕۆ ئەو مافانە لەوێ تەسبیت کراوە، بەڵام تا ئێستا وەرنەگیراوە، بەپێی ئەو قانونە دەتوانین وەریگرینەوە، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

فەرموو کاك عمر،

**بەڕێزعمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئیزافە بۆ ئەو تەوزیحەی کە کاك عەونی و کاك ئاراس باسیان لە سەر کرد، و ئەو مولاحەزاتانەی ئەم بەڕێزانە دیارە خەم خۆریە بۆ موستەحەقاتی ئیقلیم لە هەموو لایەکانەوە لەلایەنی پارەی پێشمەرگە، پارەی موتەراکیم ئەگەر ئێمە بێتو سەیری ئەم ماددەیە بکەین دەقاو دەق نەصی ماددەکانی (105 و 106 و 112 و 121)ی دەستوری عێراقە کە دەستورێکی نافیزە ئێستا، لێرە لە ناو دەستوردا موستەحەقاتی ئیقلیم بە ئیستیحقاق هاتووە تەوزیح نەکراوە لە سەر چ بابێك باس دەکا ئەم یاسایەش کە ئێستا ئێمە موناقەشەی لەسەر دەکەین، باس لە فەقەرەی پێنجە، کە باس لە مەبالغی موتەراکیم دەکا، (الغیر مدفوعة) کەواتە هەرچی ئەو مەبلەغانەی هەرێم (ئیقلیم) ماویەتی لە ملی حکومەتی عێراقدا بە مبالغی موتەراکیم باسی دەکەین،لە فەقەرەی پێنج دا ئیستیحقاقی خۆمانە لێیان وەربگرین، ئیزافە بۆ ئەوەی کە لە فەقەرەی چوار باسی لە سەر کرا کە تەوحید کرێ لەگەڵ فەقەرەکەی تردا، کاك ئاراس تەوزیحێکی دا زیاتر بۆ رونکردنەوە، فەقەرە چوار (خاصة من اية موارد اخرى او تعویضات) ماددەکانی دیکە ئیستیحقاقات مەبالغی موتەراکیمە فەقەرە شەشە، عیبارەتە لە تەعویزات لە نەتیجەی مومارەساتی دەسەڵاتەکانی یەك لە دوای یەکی عێراق کە ئەم ناوچانەی هەرێمی کوردستان بە ئیبادەی جەماعی، جەرائیمی زدی ئینسانی، سیاسەی ئەرزی مەحروقە، بەگوێرەی ماددەی (112) لە دەستوری عێراق کە باسی لە سەر کراوە ئەو ناوچانە دەبێ سوودمەندبن لە موستەحەقاتی نەوت کە چۆن زەرەریان بەرکەوتووە لە نەتیجەی تەسەروفات، بۆیە ئەم مولاحەزاتانە خەم خۆریە، بەڵام بەڕاستی بەموتڵەقی لە فەقەرەکاندا هاتووە کە پێویست ناکات وردبکرێتەوە، پێویستە خۆی وەك خۆی بخرێتە دەنگدان و سوپاس،

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

فەرموو کوێستان خان،

**بەڕێز کوێستان محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دوو پێشنیار چەند ئەندامێکی پەرلەمان پشتگیریان کردووە، یەکەم: زیادکردنی ئەو دەستەواژەی کاك نەریمان باسی کرد، لەبەرئەوەی ئەمە ئامانجی یاساکەیە کە ئەمە گرنگترین شتە پێویستە ئیزافە بکرێ، با لە ماددەکەی دیکەش هاتبێ، لەبەرئەوەی ئامانجی یاساکە پێویستە دەلالەت لە شەفافیەتی داهاتی نەوت بکات ئەمە یەك، دووەم: مەسەلەی موستەحەقاتی پێشمەرگە کە ئێمە دەڵێین زیاد بکرێ بۆ ئێرە، بۆ نووسراوە وەك خەرجیەکانی سیادی حوکمڕانی، بۆ موستەحەقاتی پێشمەرگە زیاد نەکرێ، پێویستە زیاد بکرێ، لەبەرئەوەی کە هەمووساڵێك کورت هێنانی بودجەی هەرێمی کوردستان پەیوەندی بە

موستەحەقاتی پێشمەرگەوە هەیە، پارەیەکی زۆرە، و لە 2004 تا ئێستا پارەیەکی زۆرە کە بدرێتەوە بە پێشمەرگە، بۆیە پێویستە ئەم دووانە بخرێتە دەنگدانەوە، و ئەوە مافی ئەندامانە، چونکە زیاتر لە (3) ئەندام پەرلەمان پشتگیری کردووە، تکایە بیخەنە دەنگەوە، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

کاك نەریمان ئەگەر شتی ترە فەیناکە، بەڵام ئەگەر هەمان قسەی کوێستان خانە نابێ، فەرموو

**بەڕێز نەریمان عبدالله قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێزان لیژنەی یاسایی ئاماژەیان دا بە ماددەی (7) ئەو پێشنیارەی کە کراوە زیاتر لە (5 تا 6) کەس پشتگیری کرد، ئاماژەی دا بە ماددەی (7) کە هاتووە، بەڵام ئەوە ماددەی (7) لەبەر دەستی هەموومانە لە دوور و لە نزیك ئەو مەبەستە ناپێکێ، بۆیە من داوا دەکەم بەڕاستی بخرێتە دەنگدانەوە، و جێگەی خۆیەتی کە باس لە ئامانج دەکەین ئامانجەکەمان ئەوەیە کە مافەکانمان لە حکومەتی فیدڕالی بەشێوەیەکی شەفافانە وەرگرینەوە، و بەشێوەیەکی شەفافانە با هەمان ئامانجمان هەبێ لە هەرێمی کوردستانیشدا روون بێ، بخرێتە بودجەوە، پێم وا نیە رێگریەك هەبێ کە دابنرێ، بۆیە لە ماددەی (7) دا ئەوەی کە بەڕێزان لیژنەی یاسایی دەڵێن ئەو مەبەستەی تێدا نیە، دەتوانن بیخوێننەوە ماددەی (7)، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

فەرموو لیژنەی یاسایی،

**بەڕێزعونی کمال سعید (بەزاز):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تازە ئەوەی کاك نەریمانیش هەر ئەو بابەتەیە، ئێمە نەمان وتووە وەری ناگرین، پێمان باشە، پشتگیری لێ دەکەین، بەڵام گوتمان جێگای لە برگەی یەکەمی ماددەی دووەم دا نیە، بچێتە ماددەی (7)، لەوێ باسی شەفافیەت دەکا، دووەم: بەنیسبەت قسەکانی خوشکی بەڕێزم کوێستان خان موستەحەقاتی پێشمەرگە نەفەقاتی سیادیە، خۆ لەوێ کە دەڵێ نەفەقاتی سیادی، مانای نەفەقاتی سیادیشی تێدایە،

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

فەرموو لیژنەی دارایی،

**بەڕێز د. ئاراس حسین محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەگەر بکرێت بەڕای من ئەو نیقاشە بەوە کۆتایی پێ بێنین لە برگەی ئەوەلەن کە بڵێین، (و تدرج ضمن موازنة الإقليم) چونکە ئەوە ئەساسەن ئەوە حصەی خۆمانە شتێکی زیادە نیە کە بێت، هەر دەبێ بچێتە

موازەنەوە، چونكە موشكیلەی ئێمە لە موازەنە دایە كە زۆر شت لە بەغداوە دێت تەحسیل حاسلە دەچێتە ناو موازەنەوە لەبەر ئەوە (و تدرج ضمن موازنة الإقليم) بە رای من كۆتایی بەو نیقاشە دێ، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمانی كوردستان:**

فەرموو لیژنەی یاسایی،

**بەڕێزعونی كمال سعید (بەزاز):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

دوای بە رەچاوكردنی ئەو پێشنیارانەی كە ئەندامانی پەرلەمان پێشكەشیان كرد، سیاغەی ماددەكە بەو شێوەیە،

**الفصل الثاني**

**اهداف القانون**

المادة الثانية:

يهدف هذا القانون الى:

اولا: رسم اليات قانونية لتحديد واستحصال الحقوق المالية المستحقة للاقليم ضمن الواردات الاتحادية، وتدرج ضمن الموازنة العامة للإقليم.

ثانيا: تمكين الاقليم من استحصال مستحقاته المالية من واردات النفط والغاز عيناً أو نقداً حسب الدستور.

ثالثا: استحصال مستحقات الاقليم من المنح والمساعدات والقروض الدولية المقدمة الى الحكومة الاتحادية وذلك استناداً من الفقرة اولاً من المادة 106 من الدستور.

رابعا: استحصال حصة الإقليم من اية موارد اخرى او تعويضات المستحصلة من قبل الحكومة الاتحادية.

خامسا: توفير الأليات اللازمة لاستحصال مستحقات الاقليم من الموازنة الاتحادية اخذاً بنظر الأعتبار المبالغ المتراكمة غير المدفوعة كالنفقات السيادية والحاكمة والمدرجة ضمن الموازنة الاتحادية منذ سنة 2004.

سادسا: استحصال التعويضات المستحقة للاقليم عن الاضرار الناتجة عن الممارسات المجحفة من قبل النظام السابق من خلال القمع الجماعي والابادة الجماعية وعمليات الأنفال وسياسية الارض المحروقة حسب الفقرة اولا من المادة 112 من الدستور.

سابعا: تحقيق العدالة في توزيع الموارد الاتحادية ضماناً لوحدة شعب العراق و دولته الاتحادية منسجماً مع المادة الاولى من الدستور.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمانی كوردستان:**

تكایە كێ لەگەڵ دایە دەست بەرزكاتەوە؟ كێ لەگەڵ دا نیە؟ بەكۆی دەنگ پەسەندكرا فەرموون بۆ ماددەیەكی تر، فەرموو كاك خورشید.

**بەڕێز خورشید احمد سلیم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**الفصل الثالث**

**الحقوق المالية للإقليم**

**المادة الثالثة**

**اولا: يكون للإقليم الحق في حصة عادلة من واردات النفط والغاز المستخرج في عموم العراق على ان تتناسب مع التوزيع السكاني فيه استناداً الى كل من المادة (111) والبند اولا من المادة (112) من الدستور.**

**ثانيا: يكون للاقليم الحق من حصة عادلة من جميع الايرادات الاخرى المستحصلة اتحادياً أو المنح والمساعدات والقروض الدولية لتتمكن حكومة الاقليم من القيام باعبائها ومسؤولياتها استنادا الى البند ثالثا من المادة (121) من الدستور.**

**ثالثا: للاقليم الحق في حصة اضافية من واردات النفط والغاز لتعويضه عن الاضرار الناتجة عن ممارسات النظام السابق استناداً الى البند اولاً من المادة (112) من الدستور.**

**رابعا: للاقليم حق المشاركة الفعلية في تشكيل وعضوية هيئة عامة لرقابة وتخصيص الواردات الاتحادية من خلال تمثيلة فيها بخبراء وممثلين عنه بموجب احكام المادة (106) من الدستور.**

**خامسا: يحق للاقليم مطالبة الحكومة الاتحادية بانجاز التشريعات التي تجسد شراكته الفعلية في ادارة الدولة ومؤسساتها استنادا لحكم المادة (105) من الدستور ودرء الضرر عن حقوق الاقليم المالية والاقتصادية وتشريع قانون توزيع واردات النفط والغاز استنادا الى الفقرة اولا من المادة (112) من الدستور لتعجيل التنمية في الاقليم والمحافظات.**

**سادسا: يحق للاقليم المشاركة الفعلية مع الحكومة الاتحادية لتسويق النفط والغاز المنتجة من الحقول الحالية، و ان يلعب دوره الحصري في ادارة الحقول المستقبلية في الاقليم، من ضمنها تسويق النفط والغاز المنتج منهم، والتي حرم منها الاقليم بسبب رفض الحكومة الاتحادية وتقاعسها عن اداء دورها الايجابي في رسم السياسات الاستراتيجية اللازمة لتطوير ثروة النفط والغاز والمشار اليها في البند ثانيا من المادة (112) من الدستور.**

**سابعا: يحق للاقليم ان تخصص له حصة عادلة، من النفط والغاز الخام والمنتجات النفطية المعدة للاستهلاك في عموم العراق على ان تتناسب مع التوزيع السكاني فيه والأخذ بنظر الاعتبار الظروف الخاصة للاقليم وازالة مظاهر التمييز المتبعة ضده.**

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

**فەرموو کاك عمر،**

**بەڕێزعمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**بەشی سێیەم**

**مافە داراییەکانی هەرێم**

**ماددەی سێیەم:**

یەکەم: هەرێم لە داهاتەکانی نەوت و گازی دەرهێنراوی سەرەپای عێراق مافی خۆی هەیە بەمەرجێ لەگەڵ دابەشبوونی دانیشتوان دا گونجاو بێت لە وڵات، بە پشت بەستن بە هەر یەك لە ماددەکانی (111) و بەندی یەکەم لە ماددەی (112)ی دەستور.

دووەم: هەرێم لە هەموو داهاتە وەرگیراوەکانی دیکەی فیدراڵ و بەخشش و یارمەتیەکان و قەرزە نێو دەوڵەتییەکان مافی هەیە، بۆ ئەوەی حکومەتی هەرێم بتوانێت بە ئەرك و بەرپرسیاریەتیەکانی خۆی هەڵسێت بە پشت بەستن بە بەندی سێیەم لە ماددەی (121)ی دەستور.

سێیەم: هەرێم مافی لە بەشی دیکەش هەیە لە داهاتەکانی نەوت و گاز بۆ قەربووکردنەوەی ئەو زیانانەی کە لەلایەن رژێمی پێشوو پێی گەیشتووە بە پشت بەستن بە بەندی یەکەم لە ماددەی (112)ی دەستور.

چوارەم: هەرێم مافی بەشداربوونی راستەوخۆی هەیە لە دروستکردنی ئەندامەتی دەزگای گشتی چاودێری و تەرخانکردنی داهاتە فیدڕالیەکان لە رێگەی دانانی نمایندەی خۆی لە شارەزاو نوێنەر بەپێی حوکمەکانی ماددەی (106)ی دەستور.

پێنجەم: هەرێم مافی خۆیەتی داوا لە حکومەتی فیدڕاڵ بکات بۆ دەرکردنی ئەو یاسایانەی کە هاوبەش بوونی دروست لە بەڕێوەبردنی دەوڵەت و لە دامەزراوەکانی بەرجەستە دەکات بەپێی حوکمی ماددەی (105)ی دەستور و دوورخستنەوەی زیان لە مافە دارایی و ئابووریەکانی هەرێم و دانانی یاسای دابەشکردن و بەڕێوەبردنی کاروباری نەوت و گاز بەپێی بڕگەی یەکەمی ماددەی (112)ی دەستور بۆ خێراکردنی گەشەکردن  لە هەرێم و پارێزگاکان.

شەشەم: هەرێم مافی خۆیەتی لەگەڵ حکومەتی فیدڕاڵ بەشداری کارا لە بەڕێ کردنی نەوت و گازی بەرهەم هێنراو بکات لە کێڵگەکانی ئێستا دا، هەروەها رۆڵی دیاری خۆی بگێڕێ لە هەڵسوڕانی کێڵگە ئایندەکانی هەرێم، لەوانەش فرۆشتنی ئەو نەوت و گازانەی کە لێیانەوە بەرهەم دەهێنرێن و هەرێم بە هۆی رەتکردنەوەی حکومەتی فیدڕاڵ لێی بێبەش بووە لە نواندنی رۆڵی ئیجابی لە دانانی سیاسەتی ستراتیجی پێویست کەمتەرخەمی دەنوێنێ بۆ پێش خشتنی سامانی نەوت و گاز کە لە بەندی دووەمی ماددەی (112)ی دەستور دا ئاماژەی پێکراوە.

حەوتەم: هەرێم مافی خۆیەتی کە بەشێکی عادیلانەی لە نەوت و گاز و ئەو بەرهەمە نەوتیانەی بۆ بەکاربردن ئامادە دەکرێن دیاری بکرێت لە عێراق بەمەرجێك لەگەڵ دابەش بوونی دانیشتوانی وڵات گونجاو بێت و بارودۆخە تایبەتیەکانی هەرێم لەبەرچاو بگیرێت و هەموو دیاردەکانی رەگەز پەرستی نەهێڵدرێت کە لە دژی دا ئەنجام دەدرێت.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

فەرموو لیژنەی یاسایی،

**بەڕێزعونی کمال سعید (بەزاز):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لیژنەی یاسایی لە سیاغەکە پێشنیار دەکا لە جیاتی (البند) لە فەقەرەی یەکەم، ئەوەلەن ببێتە (والفقرة اولأمن المادة)، لە دووەم: بە هەمان شێوە (الی الفقرة الثالثة من المادة)، و لە سێیەم بە هەمان شێوە (استناداً الی الفقرة)، بەندەکان ببێتە فەقەرە، و لە بڕگەی پێنجەم دا بەو شێوەیە بێت: (یحق للاقلیم مطالبة الحکومة الاتحادیة بانجاز التشریعات التي تجسد شراکته الفعلیة في ادارة الدولة ومؤسساتها استنادا لحکم المادة (105) من الدستور ودرء الضرر عن حقوق الاقلیم المالیة والاقتصادیة وتشریع قانون توزیع واردات النفط والغاز استناداً الی الفقرة اولا من المادة (112) من الدستور لتعجیل التنمیة في الاقلیم والمحافظات)، و سەبارەت بە بڕگەی شەشەم، لە جیاتی (و ان یلعب) سیاغەکە بەو شکلە بێ: (وأن یقوم بدوره الحصري في ادارة الحقول المستقبلیة في الاقلیم من ضمنها تسویق النفط والغاز المنتج منهم)، و بەهەمان شێوە نسبەت بەند ببێتە (الفقرة) لە کۆتایی مادده دا، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

فەرموو لیژنەی دارایی،

**بەڕێزد. ئاراس حسین محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من لە رووی داراییەوە ماددەکان پەسەندە لای ئێمە، و پشتگیری لەو گۆڕانکاریەش دەکەین کە لیژنەی یاسایی داوای کردووە، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

فەرموو جەنابی وەزیر،

**بەڕێز ئاشتی هەورامی( وەزیری سامانە سروشتیەکان):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە بەشێوەیەکی عام رازین لەو تەعدیلاتە، بەڵام قانونی وابزانم لە دەستوریش ئیشارەت بە بەند دەدات نەك بە فەقەرە، ئێمە فەقەرەمان نووسی بوو، ئەنجومەنی شورا کردیان بە بەند، ئینجا وابزانم بە بەند بمێنێ وەکو خۆی باشترە، ئێمە کردوومان بە فەقەرە لە بیدایەتەوە شوورا کردی بە بەند ئەوە یەك، دووەم: یەك مولاحەزەم هەیە لە ئەوەش شوورا هێناویێتیە ناوی حەوتەم: دەڵێ (یحق للاقلیم ان تخصص لە حصة عادلة، من النفط والغاز الخام) شتی وا نیە (النفط الخام) غازەکە لادە، ئیزافەکە کراوە، بەڵام موناسب نیە، ئێمە باسی تەسفیەی نەوت دەکەین لێرە، لەبەر ئەوە غازەکە لا دەدرێ، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

کێ تێبینی هەیە؟ ئەم بەڕێزانە ناویان نووسراوە، (ناسك خان، د. صباح، د. أحمد، کاك دلێر، کاك جمال، هاژە خان، ئاهەنگ خان، کاك دڵشاد، کاك پێشەوا، ئاشتی خان، کاك سەرهەنگ، کاك شوان، کاك عمر هەورامی ، د. بەشیر، کاك فاضل) فەرموو ناسك خان،

**بەڕێز ناسك توفيق عبدالكريم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەم ماددەیە بڕگەی یەکەم و بڕگەی سێیەم و بڕگەی پێنجەم و شەشەم و هەموو ئیستیحقاقێکی خۆمانە کە بە ماددەی (112) تەحقیق کراوە، یەعنی یەك بڕگە، دوو، سێ، چوار، پێنجی پەیوەندی بە ماددەی (112) هەیە لە دەستوری عێراقی دا، و ئیستیحقاقی خۆمانە، بەڵام ماددەی (112) لە بڕگەی یەکەمی کە لە دەستوردا هاتووە، حەز ناکەم سەرتان بێشێنم هەمووی بخوێنمەوە ، بەڵام بە تەفسیل کە باسی مافەکانی حکومەتی فیدڕاڵ لەگەڵ هەرێم و پارێزگا بەرهەم هێنەکانی نەوت و غازی بەرهەم هێنراو تا ئەخیر ئەم مافانەی کە لەوێ دیاری کردووە کە دەمان داتێ لە ئەخیردا دەڵێ ئەمەش بە یاسا رێك دەخرێ، کێشەی ئێمە لەگەڵ بەغدا تا ئێستا ئەوەیە کە ئەوان تا ئێستا یاسای نەوت و غازیان نیە، ئایا ئەم یاسایە حکومەت دروست ناکات کە دواتر ئێمە محاسەبەیان بکەین بڵێین بۆچی ئەم ئیستیحقاقانەمان بۆ دەست ناخەن کە مادام پەیوەندی بە شتێکەوە هەیە کە لە دەسەڵاتی ئێمەدا نیە، یەعنی ئێمە ئەوە، چەند ساڵە، پێنج ساڵە، زیاترە هەوڵ دەدرێ ئەم یاسایە دەرچێ، ئەم ماددە دەستوریە کە چوار ئیستیحقاقاتی بۆ ئێمە دیاری کراوە، بەندە بەوەی کە ئایا مەرکەز یاسای نەوت و غاز دەردەکات یان نا؟ سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بايز اسماعيل/ سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

فەرموو د. صباح،

**بەڕێز د. صباح محمد نجيب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی سێیەم بە بۆچوونی من هەندێك ئیشکالی تێدایە، یەعنی لەگەڵ تەئیدکردنی ئەو ئیستیحقاقاتەی کە لەو ماددەدا باسکراوە هەمووی ئیستیحقاقاتی دەستوریە، من پێم وایە کە تەحسیل حاسلە کە تۆ بڵێی (يحق للاقليم)، و مەجموعەیەك شت ریزکەی، چونکە شتێك کە لە دەستوردا جێگیر بێ، یەعنی وەکو حەقبێ قانون بۆ ئەوەیە کە تەرەفەك مولزەم کەی بە جێبەجێکردنی ئەو حەقانە، بەڵام موجوڕەد تەنها ئیسباتی حەقبێ وەکو ئیعلانێکی لێ دێ، بۆیە من ئیقتیراحی ئەوە دەکەم، بۆ ئەوەی ماددەکە ئیلزامی تێدابێ بۆ حکومەتی ئیقلیم کە موتالەبەی ئەو ئیستیحقاقانە بکا لە حکومەتی ئیتیحادی، بۆچی؟ چونکە کە بڵێی (يحق للاقليم مطالبة الحكومة الاتحادية)، ئەمە حەقێکێکی سابتە لە حاڵێکدا ئێمە دەبێ قانون بۆ ئیلزامی جیهەتێکی موعەییەن بێ، کێ تەمسیلی ئیقلیم دەکات حکومەتی ئیقلیم، کەواتە دەبێ بڵێی(على حكومة الإقليم مطالبة الحكومة الاتحادية)، چونکە ئەگەر بڵێی (يحق) عەلا کولین، چونکە ئێمە ناتوانین ئیلزامی حکومەتی ئیتیحادی بکەین لە رووی دەستوریەوە، چونکە ئێمە لە تەرەفی نزمترین، کەواتە هەموو

ئەوانە کە لێرە نووسراوە دەبێ بڵێی (على حكومة الإقليم مطالبة الحكومة الاتحادية)، بەپێی ماددەی یاسای سەرۆکایەتیش بێ بەڕاستی سەرۆکایەتی هەرێم (يتولى التنسيق بين السلطات الأتحادية وسلطات الإقليم) یەعنی بەشێك لە ئەرکەکەی دەکەوێتە ئەستۆی سەرۆکایەتی هەرێم، بۆیە من ئیقتیراحی ئەوە دەکەم، ئیلزامی حکومەتی هەرێم بکرێ بە هەموو ئەوانەی کە لێرە وەکو ماف باسکراوە، چونکە فیعلەن ئیقلیم ئەو مافانەی هەیە بەپێی دەستور کەسیش ناتوانێ موناقەشەی تێدا بکا، بەڵام چ کەسێك موتاڵەبە بەم قانونە، کە بڵێی ئیقلیم موتاڵەبە بەم قانونە، بەڵێ شەخسیەتێکی مەعنەوی ئیعتیباری هەیە، بەڵام جیهەتی تەنفیزی بەڕاستی موکەلەفە بەوەی ئەو کارانە بکات هەموو ئەوانە کە وەکو حەق باسکراوە، دەبێ ببێ بە واجیب لە سەر شانی حکومەتی ئیقلیم، بۆ نموونە (على حكومة الإقليم المشاركة الفعلية مع الحكومة الاتحادية) نەك بڵێ (يحق) چونکە مومارەسەی حەق ناکەم، یەکێك کە حەقێکی بدەیتێ وەکو حەق یەعنی بە حوکمێکی جەوازی بیهێنی بڵێ (له) بۆی هەیە سبەینێ بڵێ نەخێر مومارەسەی ئەو حەقە ناکەم، بۆیە ئەگەر سیغەکە بمانەوێ ئیلزامی تێدابێ، دەبێ لەو حوکمە جەوازیانە بڕۆینە دەرەوە بۆ ئەحکامی وجوبی، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

فەرموو جەنابی وەزیرتێبینیت هەبوو؟

**بەڕێز ئاشتی هەورامی( وەزیری سامانە سروشتیەکان):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو مولاحەزەی ئێمە راستە سەبەبی جەوهەری کە ئەم یاسایە دەردەکەین، چونکە بەغدا رەفزی کردووە کە یاسا دەرکات، ئینجا لەبەر ئەوە دەبێ تەفاسیلی تێدابێ خۆی دەستور دەڵێ مافمان چییە، بەڵام دەڵێ (ينظم بقانون) قانونەکەش ناکا مافەکەش وەرناگری، ئێمە هینەکەمان هێناوتە لای خۆمان بە یاسا داوای حقوقی خۆمان دەکەین، دووەم: د. صباح مولاحەزەتەکانی راستە، بەڵام ئەم فەسلە باسی ئالیەتەکان ناکا، باسی ئەوە دەکات حقوقمان چییە، فەسلەکانی تر ئالیاتی بۆ داناوی کە چۆن داوای دەکەی، تێبینیەکە راستە، بەڵام دانراوە لە قانونەکە فەسلی داهاتوو بزەبت ئەو قسانە دەکات کە باست کردووە، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

فەرموو د. أحمد،

**بەڕێز د. أحمد ابراهيم علی (وەرتی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پشتگیری ئەو ماددەیە دەکەم وەکو مەزموون کە هەرێمی کوردستان مافی خۆیەتی کە مافە داراییەکان خۆی لەلایەن حکومەتی ئیتیحادیەوە داوا بکات، و ئەوە حەقێکی مەشروعە، بەڵام مولاحەزە لە سەر هەندێك دارشتنەوەکانی هەیە، ئەمە بۆ دەوڵەمەندکردنی ماددەکە لە بەند ئەوەی خۆی مولاحەزەی دا جەنابی وەزیر فیعلەن لە دەستوردا بەند هاتووە، با بەند بێ فەقەرە نەبێت لە ثالثا: (للاقليم الحق في

حصة اضافية من واردات النفط والغاز لتعويضه عن الاضرار الناتجة) به راى (الاضرار الناتجة) له (الناتجة) چونكه له كورديەكەدا واى هێناوه دەڵێ: بۆ قەربووكردنەوەى ئەو زيانانەى كه لەلايەن رژێمى پێشوو پێى گەيشتووه، لەگەڵ ناتيجه پێم وايه ناجيمه گونجاو تره، رابعا: للاقليم حق المشاركة الفعلية في تشكيل وعضوية هيئة عامة لرقابة وتخصيص الواردات الاتحادية) من پێم باشه بەو شێوەى لێ بكرێ، (للاقليم حق المشاركة الفعلية في تشكيل وعضوية هيئة عامة لمراقبة تخصيص الواردات الاتحادية) چونكه ئەو ماددەى (106) له دەستور ئاماژەى پێكراوه دەڵێ: (تأسس بقانون هيئة عامة لمراقبة تخصيص الواردات) نەك (لرقابة) بۆ ئەوەى موتابيق بێ لەگەڵ دەستور، ئەمه يەك، دواتر (مراقبه وتخصيص) نيه، يەعنى واوەكه زيادە لێره، بۆ ئەوەى لەگەڵ دەستورەكه دا بێتەوه (لمراقبة تخصيص الواردات الأتحادية) نەك (لرقابه وتخصيص) واوەكه زيادە بەپێى دەستورەكه، ماددەى (106) له فەقەرەى يەعنى بۆيه دەڵێم بكرێته (الهيئة العامة) راسته دەستور دەڵێ هەيئەتێكى عامه دروست دەكرێ، بەڵام كه وەختێك هەيئه عامه دروست بوو ناوى دەنرێ (الهيئة العامة للرقابة) ناوى نانرێ (هيئة العامة) به نەكيره، چونكه ئەوە ئەو كاتەى بڵێى دەستەيەكى گشتى، دواى ئەوەى لێره كه دروست دەبێ حەقى خۆته بەشدارى فيعليت هەبێ له تەشكيل و ئەندامێتى له ئەو (هيئة العامة) كه دروست دەبێ (لمرقابة تخصيص الواردات الاتحادية)، سەبارەت به (المشاركة الفعلية) كه له فەقەرەى چوارەم و پێنجەم و شەشەم (المشاركة الفعلية) هاتووه، بەڵام سەير دەكەين له كورديەكەدا، له چوارەمدا دەڵێ: (بەشداربوونى راستەوخۆ) يەعنى هەمووى (المشاركة الفعلية) له عەرەبيەكه، له يەكيان دەڵێ: (بەشداربوونى راستەوخۆ) لەوى تريان دەڵێ: (هاوبەش بوونى دروست) لەوى تريان دەڵێ: (بەشدارى كارا) بۆيه له هەمووشيان له عەرەبيەكه واته (المشاركة الفعلية) بەڕاى من هەر بڵێ: بەعەرەبيەكه بنووسرێ (هاوبەشى فيعلى) گونجاوتره، سەبارەت به (دور الحصرى) له كورديەكەدا پێم وا نيه رۆڵى ديارى هەبێ، چونكه ديارە جياوازە لەگەڵ ئەوەى كه تۆ دەورى حەسريت هەبێ، يەعنى خۆت تەنها هەرێم سەرپەرشتى دەكات، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بايز اسماعيل/ سەرۆكى پەرلەمانى كوردستان:**

فەرموو كاك دلێر،

**بەڕێز محمد دلێر محمود:**

**بەڕێز سەرۆكى پەرلەمان.**

بەگوێرەى ماددەى سێ من واى به باش دەزانم، بەندى يەكەم و دووەم و چوارەمئەتوانرێ كورت بكرێتەوه بكرێ بەيەك بەند هەمووى، يەعنى بەو شێوەيە نەبێت، لەبەرئەوەى لەگەڵ مادده ياساكانى ناو دەستور بۆ ئەوەى تەعاروز نەكا يان پێك نەچن لەگەڵ يەكدا وا باشترە بەم شێوەيه بێت بڵێين، يەكەم: هەرێم له داهاتەكانى نەوت و گازى دەرهێنراوى سەرەپاى عێراق داواى مافى خۆى بكات به پشت بەستن به به هەر يەك له ماددەكانى (111) و بەندى يەكەم له ماددەى (112)ى دەستور، و هەروەها به پشت بەستن به بەندى سێيەم له ماددەى (121)ى دەستور و ماددەى (105) و (106)ى دەستور، ئەمه زياتر هينى ئەوە

دەكات يەعنى هەر سێ بەندەكە لەيەك بەند دا كۆ بكرێتەوە، و لە هەمان كاتيشدا ئيشارەت بە ماددەی (142)ی دەستوری عێراقی بدرێت هەر لەم ماددەيەدا باشترە ئەمە خاڵێك، من پێم باشە بەندێكی تر زياد بكرێ بۆ ئەم ماددەيە بەم شێوەيە بێت: پێويستی بەشداری پێكردنی حكومەتی هەرێمی كوردستان لە كاتی ئامادەكردنی پرۆژە ياسای بودجەی ساڵانەی حكومەتی فيدراڵی عێراقدا، لەبەر ئەوەی بە فيعلی ئيسپاتی ئەوە بكرێ كە حكومەتی هەرێم بەشدارە لەدەسەڵاتدا، نەك هەر تەنها بەنووسين، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بايز اسماعيل/ سەرۆكی پەرلەمانی كوردستان:**

فەرمووو كاك جمال،

**بەڕێز جمال طاهر ابراهيم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەگەر بێينو سەيری داڕشتنی ئەم ماددەيە بكەين، بەشێوەيەك داڕێژراوە كە تازە وەفدێك لە كوردستان دەڕواتە بەغدا مفاوەزاتێك دەكەن و دەستور دادەنێن، چونكە هەموو بەسيغەی موستەقبەلە (يحق كذا، يحق كذا، يحق كذا) بۆيە من دەبينم ئەوە دووبارەيە، مانای نابێت، ئێمە شتێك لە دەستور بەدەستمان هێناوە ئەوە بوويتە حەقێك، يەعنی ئيشەكە تەواو بووە و ڕۆيشتووە، بۆ چارەسەركردنی ئەم بابەتە من بۆ ليژنەی ياساييش نووسيومە، بڵێين (المادة الثالثة: للأقليم الحقوق التالية) ئيتر ئەو (يحق ويكون للإقليم) هەتا كۆتايی ئەگەر بڵێن (يحق للإقليم، يحق للإقليم) هەر دووبارەيە تەقريبەن يەعنی زمانەوانيش جوان نيە، و لە ڕووی داڕشتنەوەش جوان نيە، پێشنيار دەكەم ئەو عيبارەی يەكەم بخرێتە بيدايەتی ماددەكە و ئەو (يحق) و نازانم چ تا دوايی هەمووی لەغو بكرێتن و من بۆيانم نووسيوە، سەبارەت بە وشەی بەند و فەقەرەلەگەڵ جەنابی وەزيرم وشەی بەند بەكاربێت، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بايز اسماعيل/ سەرۆكی پەرلەمانی كوردستان:**

فەرمووو هاژە خان،

**بەڕێز هاژە سليمان مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من پشتگيری لە ماددەكە دەكەم وەكو مەزموون، بەڵام تەنها دوو مولاحەزەی شكليم هەيە لە سەر ماددەكە ئەويش ئەوەيە لە فەقەرەی يەكەم و دووەم هاتووە (يكون للإقليم) من پێم وايە لە ڕووی لوغەويەوە ئەو (يكون)ـە شياو نيە دەبێ هەڵبگيرێ، چونكە لە فەقەرەكانی تردا ئەو (يكون)ی تێدا نيە، تەنها بەس لە فەقەرەی يەكەم و دووەم (يكون)ی تێدايە، و مولاحەزەی ترم لە سەر ئەوەيە كە هەر يەك لە فەقەرەی يەكەم و سێيەم و شەشەم، باس لە ماددەی (112) دەكات بەڕاستی ئەمە دەبێ دابڕێژرێتەوە، و سيغەيەكی تری بۆ هين بكرێ، و دەمج بكرێتەوە هەموويان بەيەكەوە لە ماددەيەكدا بۆ ئەوەی هەموو ئەو تەفاسيلە لە ناو ماددەكە نەبێ، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بايز اسماعيل/ سەرۆكی پەرلەمانی كوردستان:**

فەرموو ئاهەنگ خان،

**بەڕێز ئاهەنگ عارف ڕؤوف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پرسیارێکم لە بەڕێز وەزیری سامانە سروشتیەکان هەیە، من لێرە زۆر پێم خۆشە وشەیەك لێرە تیکرار دەبێتەوە (حصة عادلة)، لە هەموو فەقەرەکان دووبارە دەبێتەوە، حەزم دەکرد لە فەقەرەی تەصویتیش دووبارە بێتەوە، چونکە فیعلەن (حصة عادلة) شتێکی موهیمە، بەلام من لە جەنابی وەزیر دەپرسم بە چ پێوەرێك (حصة عادلة) دادەنرێ؟ ئەگەر بە پێوەری دانیشتوان و تیعدادی دانیشتوان بێ ئەوە قیاسەکە ئەوان دەتوانن بڵێین ئێمە هەندە کوردین و ئەوان دەڵێن ئێوە کەمترن، بەلام هەر لە کۆدی هەندەسی و مەشاریعی ئاو پێوەر هەیە، کۆد هەیە بۆ حسەی عادیلە و تیکراری ئەو مەسەلەیە، مەسەلەن من پێویستم بە (60) لیتر ئاو هەیە، بەلام مودیری ئاو دەڵێ ئیقلیم دەتوانێ ڕۆژێ (50) لیتر ئاوت بداتێ، من ئەو حیسە عادیلەی خۆم دەبێ بیکەمە (50) یان دەبێ بیکەمە (60) یان دەبێ بیکەمە (90) ئایا چ قیاسێکی عالەمی چ ستانداردێکی عالەمی هەیە ئێوە کە مفاوەزات لەگەڵ بەغدا بکەن ئەو حیسە عادیلەیەی بتوانن بە قانون یان بە ستانداردێك یان بە کۆدێکی جیهانی تەسبیتی بکەن، چونکە هەروەکو جەنابی دەزانێ ئەمڕۆ نەوت شتێکی زۆر گرنگە لە عالەم (85,5) ملیۆن بەرمیل پێویستیە لە دونیادا، و ئۆپیك وابزانم بەڕێز جەنابی وەزیر ئەگەر غەڵەت نەبم (46٪) ئیحتیاجات، ئەوەی تر چەند تەکنەلۆجیای بەقوەت بێ، چەند ستاندەری بەقوەت بێ، چەند پێوەری بە قوەت بێ، ئێمە دەتوانین بەو فاکتەرەی لەگەڵ ئەوەی کە دوژمنداریمان دەکا شەڕی لەگەڵ بکەین، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

فەرموو جەنابی وەزیر،

**بەڕێز ئاشتی هەورامی (وەزیری سامانە سروشتیەکان):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

(حصة عادلة) خۆی موعەرەفە لە دەستوردا ئێمە ئیشارەتمان دا کە (حصة عادلة) تەفسیرەکەی چییە بە فەقەرەی یان بەند ئەوەلەن من ماددەی (112) لە الدستور، لەوێ تەفسیر کراوە، دەڵێ تیعدادی دانیشتوان یان تەحسیل حاسلە ئەوە لە دەستوردا دانراوە(حصة عادلة) بە موجەبی تیعدادی دانیشتوانە، ئەمە یەك، ئەگەر ڕێگا هەیە دوو، سێ مولاحەزە لە سەر برادەران د. احمد ئیشارەتی لوغەوی هەبوو پیچمان باشە ئەو لوغەویانە بێتە ناویەوە، بەڕێز کاك دلێر وابزانم فەقەرەیەك بوو ئیشارەی بکەین حەقمان هەیە موشارەکە بکەین لە دانانی موازەنەی ئیتیحادی خراب نیە ئەو فەقەرە بچێتە سەری، و هەروەها کاك جمال وتی ناحیەی لوغەوی (یحق) لا بدرێ بیکە بە (حقوق) موشکیلەمان نیە لە سەری ئیشارەی پێ بکەین

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

فەرموو کاك دڵشاد،

**بەڕێز دڵشاد حسين قادر:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من پێشەكی تەنها بە كۆی ئەو زۆرینەی ئەو بەندانەی كە دانراوە تەقریبەن نزیكەی چوار بەندی ئیستینادی كردۆتە سەر ماددەی (112)، نە دەكرا بەپێی ئەم ئیستینادە هەموو ئەو بەندانە لە بەندێك دا كۆ بكرێنەوە؟چونكە ماددەی (112) لە دەستور لە دوو بڕگە پێك هاتووە هەرچەند لێرە هەندێ جار نووسراوە بەند، هەندێك جار نووسراوە فەقەرە، ئیتر یان بەندەكە بەكار بێ یان فەقەرەكە بەكار بێ، و ئەوانەی كە پەیوەستن بۆ نموونە بڕگەی یەك ئیستینادی كردۆتە سەر ماددەی (112)ی دەستور و بڕگەی دوو لە ماددەی (112)ی دەستور و بڕگەی پێنجی (112) دەستور، بڕگەی شەش لە ماددەی(112)ی دەستور هەموو ماددەی (112) دەستور لە دوو بڕگە پێك هاتووە یەعنی نەدەكرا ئەو چوارە پێكەوە كۆ بكرێتەوە لە یەك بڕگە كە ئیستیناد بە بڕگە یەك و دووی ماددەی دەستوری (112) دەكات ئەمە وەكو مەسەلەی قانونی، هەر لە مەسەلەی قانونی لە ماددەی (7) كۆتاییەكەی نووسراوە (ازالة مظاهر التمييز المتبعة ضده) بە بڕوای ئێوە ئەمە لە رووی یاسا ئەكرێ بنووسرێ؟، چونكە ئەمە یەعنی (متبعة ضده) یەعنی تا ئێساش دەكرێ بەرامبەری، یەعنی جۆرێك ناڕواتە خانەی با بڵێین ئیتیهام و ئەوانە بۆ تەمیز و ئەمانە لە رووی یاسا حەز دەكەم من پرسیار بكەم، سێیەم لە ماددەی شەش دا تەواو مەقسود لە یاساكە دەركەوتووە لە ماددەی شەش دا ئەویش ئەوەیە حكومەتی هەرێم پێی وایە لە مستەقبەل دا  دەتوانێ نەوت بفرۆشێ و غاز بفرۆشێ كە بەرهەمی هێنا لە كوردستان پێشم وایە هەدەفی یاساكەش ئەوەیە ئەگەر بەڕێز وەزیر ئەو ماددەی شەشە جوان روون بكاتەوە، چونكە بەپێی ئەوە دەڵێ جگە لەوەی حكومەتی ئیقلیم كە دەتوانێ لەو حقولانەی كە ئێستا هەیە دەور بگێڕێ (و ان يلعب دوره الحصري في ادارة الحقول المستقبلية في الاقليم من ضمنها تسويق النفط والغاز المنتج منهم) یەعنی دەتوانێ لە داهاتوو حەسریەن بەپێی ئەم یاسایە ئیتر بێگومان نازانم موتەناقز لە دەستور دەبێ یان نا؟ ئەم حەقەیە ئێمە لە راستیدا من پشتگیریی سیاسەتی سەربەخۆبوونی ئیدارەدانی نەوت لە هەرێمی كوردستان دەكەم، و پشتگیری ئەوە دەكەم كە ئێمە هەرێمی كوردستان بتوانین نەوت پەرە پێ بدەین، و بەو رێگایەی تەشجیعی وەبەرهێنەكانی وڵاتان بكەین بۆ دەرهێنانی و فرۆشتنی، بەڵام كێشەی گەوری ئێمە لە كەشف كردنی داهاتوو خەرجیەكانێتی، بەڕێز وەزیر ئامادەیی پیشان دا كە لە دانیشتنی داهاتوو، داهات و خەرجیەكان بۆمان ئاشكرا بكا، هیوادارم ئەو وەعدە بباتە سەر لە داهاتوو لە پەرلەمان ئەوە ئاشكرا بێ، و ئەم ماددەیە ئەگەر ئێمە بكرێ لە راستیدا دەبێ فەقەرەیەكی بۆ زیاد بكەین كە حكومەتی هەرێم ئیدارەی حەسری حقولی موستەقبەلی ئیقلیم بكا بۆ دەرهێنان و فرۆشتنی نەوت بە هەموو رێگاكانی ئەو كاتە دەبێ رێگا قاچاغەكانی فرۆشتنی نەوت كۆتایی پێ بێ، چونكە دەبێ بە شێوەیەكی رەسمی بێ، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بايز اسماعيل/ سەرۆكی پەرلەمانی كوردستان:**

تێبینیت هەیە؟ فەرموو جەنابی وەزیر،

**بەڕێز ئاشتی هەورامی وەزیری سامانە سروشتییەکان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تێبینیەکانی کاك دڵشاد ئێمە مولاحەزەمان نیە، بەڵام یەك مولاحەزەم هەیە، راستە زۆر جار ئیشارەت لە سەر ماددەی (112) دەکەین، بەڵام کێشەی ئێمە هەرێمی کوردستان وەزارەتی ئێمە یان میللەتی کوردستان خۆی دەستور هەیە فەقەری (112) دەتوانین بڵێین بۆ پیوستمان نیە، بەڵام یاسایەکت پێویستە غموزی تێدا نەبێ بۆ ئەوەی بتوانین جێبەجێ ی بکەین، لەبەرئەوە هیچ زەرەر ناکەین دووبارەی کەینەوە، فەقەرەکان جیاکەینەوە، لەبەرئەوە حەز دەکەین ئەو فەقەرانە وەکو خۆیان بمێنێنەوە، ناحیەی شەفافیەت ئەوە دەزانین هەموو جارێ ئێمە دووبارەی ئامادەین کە بێن بۆ ئەم پەرلەمانە بەڕێزە کە هەموو شتێك ئاشکرا دەکەین، و ئیشارەتیشمان داوە کە ئەو داهاتە کە وەری دەگرین لە رێگای ئەم یاسایەوە یان یاسای نەوت و غاز دەچێتە صندوقی داهاتی کە لای جەنابتانە بۆ پەسەندکردنی، یەعنی هەمووی دانراوە لە یاساکەی تردا کە مسودەکەتان لەلایە کە ئەویش ببێ بە یاسا ئینجا هەمووی تەواو دەبێ، ئەمە ئەوەیە کە حقوقی خۆمان چییە لە دەستوردا دەبێت غموز نەهێڵین هەتا ئەگەر بوو بە کێشەیەکی دەستوری، ئێمە دەتوانین دیفاع لە خۆمان بکەین، لەبەر ئەوە پێویستە فەقەرەکان جیا جیا بن، و لە ناحیەی حەسریش و لە ناحیەی دەستوریەوە ئێمە مافێکی حەسریمان هەیە ئیستیشاراتی قانونی دەولیمان کردووە، حقوقی موستەقبەلی حسریە بۆ کوردستان، و تەبعەن لە یاسای نەوت و غازیش نیە ، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

فەرموو کاك پێشەوا،

**بەڕێز پێشەوا توفیق مغدید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەڵلا من پێم وایە ئەم ماددەیە ئەگەر بەم شێوەیە بمێنێتەوە ئەم سیاغەیە رێك یەك ناگرێتەوە لەگەڵ ناوەڕۆکی یاساکە، و لەگەڵ ئەهدافی یاساکە، و لەگەڵ بەشی پێنجەمی ماددەی شەشەم، بۆچی؟ چونکە ئێمە لە ناوەڕۆکی یاساکە باس لە تەحدید و ئیستحسالی موستەحەقاتی مالی دەکەین، بەڵام ئەم ماددەیە باس لە حقوقی مالی دەکا، حقوقی مالی لەگەڵ ئیستحقاقی مالی دوو شتی زۆر جیاوازن، کرۆکی ئەم یاسایە، و گرنگی ئەم یاسایە لەو ماددەیە دایە، چونکە تۆ کۆمەڵێك ئیستحقاقی موستەحەقاتی خۆت هەیە، حکومەتی بەغدا پێت نادا لەبەر هەر هۆکارێك بێ، ئایا خەلەل لای ئەوانە یان لێرەیە، ئەوە شتێکی دیکەیە، بۆیە مەفروز وایە هەروەکو لە ماددەی شەش ئەهدافەکان باس لەوە کراوە کە ئەم یاسایە تێدەکۆشێت بۆ بەدەست هێنانی کۆمەڵێك موستەحەقات کە بەغدا نایدا بە هەرێمی کوردستان، و لە ماددەی یەکەم برگەی شەشەم باس لەوە دەکات کە حکومەتی هەرێمی کوردستان پێویستە داوا لە حکومەتی مەرکەزی بکات لە خیلالی (90) رۆژ، لەو رۆژەوەی کە داواکاریەکەی دەگاتە دەست ئەو موستەحەقاتانەی کە هی هەرێمی کوردستانە بیداتەوە، ئەگەر نا لە دوای ئەو رێکاری تر دەگرێتەبەر، بۆیە

من داوا دەکەم ئەم سیاغەیە بەم شێوەیە نەبێت، یان ناونیشانەکە بگۆڕن بە (المستحقات المالية) یان بیکەن بە (تحديدالمستحقات المالية) خاڵەکان دیاری بکەن، بۆ نموونە موستەحەقاتی مالی بودجەی پێشمەرگەیە، بۆ نموونە پترۆ دۆلارە، بەم شێوەیە تەحدیدی کەن، تەسەور دەکەم یەعنی لەگەڵ یاساکە زیاتر خزمەت دەکا، ئەوەی کە هەیە بەم شێوەیە هیچ سوود بەیاساکە ناگەیەنێ، زیادەشە،

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

فەرموو ئاشتی خان،

**بەڕێز ئاشتی عزیز صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من چەند تێبینیەکم هەیە لە سەر ماددەی سێیەم؟ بە بڕوای من کۆمەڵێك لە خاڵەکان دووبارەکردنەوەیە بۆ ئامانجەکان، لە یاسا کە تۆ ئامانج دەنووسی لە کۆی ئامانجەکە یەعنی قانونەکە خۆی هەدەفی گشتی ئەوەیە کە لە نەتیجەدا کۆمەڵێك حقوق بۆتۆ ئیستیحساڵ بکات، کە تۆ لە لاپەڕەی ئەو دیوی ئامانجەکە دەڵێی ئەوانە هەمووی مافی منە کەواتە ئامانجەکانی ئەو دیو چ زەرورەتێکە؟، یەعنی تۆ لێرەدا جۆرێك لە ئومێد و ئامانجەکانتان هەیە کە من هەوڵی ئەو شتانە دەدەم ئەمە ئامانجی قانونەکەمە، هەر لە لاپەڕەکەی ئەو دیو دەڵێی ئەمانە مافی منە، یەعنی بۆیە بە بڕوای من ئەم دوو لاپەڕەیە وازبێنین لەوەی کە ئێستا زەرورەتێکە (إلا) دەبێ ئەم یاسایە دەرچێ، ئەگەر چوارچێوەکەی قانونی بێ، یان قانونی نەبێ، یاساکە دەبێ دەرچێ چونکە زەرورەتێك هاتۆتە پێشەوە با ئەمە ببیەین بەو لاوە منیش وەکو حەقی کورد بە زەرورەتی دەزانم، بەڵام وەکو چوارچێوە قانونیەکە بەڕاستی ئەم دوو لاپەڕەیەش تەناقوزە بەیەکتری لەم دیو هەمووی هاتۆتەوە باس لە حەق دەکا، ئایا ئێمە جارێکی تر حەقی تەصویت دەدەینەوە لەسەر دەستوری عێراقی لە ناو پەرلەمانی کوردستان دا کە بە دەستور رێکخراوە، جەنابی وەزیر وەڵام دەداتەوە دەڵێ هیچ ئیشکالێکی تێدا نیە با جارێکی تر ئێمە حقوقەکان تەدوین کەینەوە، تەقنین کەینەوە لێرە، وردی بکەینەوە، بەڵام بەم شێوەیە بۆیە بە بڕوای من بەڕێزێکیش ئیشارەی بەوە دا کە ئێمە لە مەرحەلەیەك داین کە لە نەتیجەدا ئێمە حقوقەکانمان بۆ دەستەبەر نەبووە، بۆیە دەبێ ئەم حقوقانە ورد بکرێتەوە بۆ یاسا بۆ جێبەجێکردن، بەوە جێبەجێ ناکرێ جارێکی تر قانونەکە لە دەستوردا دەهێنیتەوە وەکو خۆی دەق دایڕێژێتەوە، بۆ نموونە ئێمە یاسای نەوت و غازمان دەرکردووە ئەوە میکانزمە بۆ وردکرنەوەی دەستور، کە تۆ یاسای سەربەخۆی خۆتت هەیە ماددەیەکی دەستوری لە رێگەی ئەم یاسایە جێبەجێ دەکەی، بەڵام جارێکی تر تۆ نەصی دەستوری دادەڕێژیتەوە، ئەمە چۆن جێبەجێ دەکرێ؟، چونکە هەر یەکێك لەم حەقانە قانونێکی دەوێ بۆ جێبەجێکردن، بەم شێوەیە جێبەجێکردنی لەوانەیە عەمەلی نەبێ کە نووسراوە، بۆیە من پێشنیازی ئەوە دەکەم لە هەموو حاڵەتێکدا دڵنیام کە ئەم مافانە ئاوا دەڕوات کە من تەسەور دەکەم لە رووی تەشکیلی داڕشتندا خەلەلی زۆر زۆر دروست دەکات لەگەڵ ئامانجەکاندا، لە ئامانجی سێ دەڵێ: (استحصال مستحقات الاقليم من المنح والمساعدات والقروض الدولية) لە

خاڵی دووی مافەکاندا عەینی شت نووسراوەتەوە، یەعنی بەبێ کەم و زیاد کە هەردووکی تەزاروبە بەرامبەر بەیەکتری، بۆیە پێشنیاز دەکەم بۆ لیژنەی هاوبەش کە لەگەڵ ئەوەی کە بەیەك مادده هەموو حقوقی مالیەکان بنووسرێتەوە وەکو چەند بەڕێزێك ئاماژەیان پێکرد سیاغەیەکی بۆ دابنرێ؟ چونکە هەمووی، زۆربەی زۆری لە ماددەی (112) دایە، و دواتریش باس لەوە بکرێ مافێك زۆر گرنگە بۆ هەرێمی کوردستان کە تێدا تەدوین بکرێ کە مافی بەدواداچوون بۆ ئیستیحسال کردنی ئەو مافانەیە کە لە ئامانجەکاندا نووسیمانە، دەبێ لە دوو بڕگە یێك بێت، یەکیان پێك بێ لە بڕگەیەك بۆ موتابەعەکردنی ئەو مافانە، ئەویتریان هەموو ئیستیحقاقە قانونیە دەستوریەکانمان لەیەك بڕگەدا بنووسرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

فەرموو جەنابی وەزیر،

**بەڕێز ئاشتی هەورامی(وەزیری سامانە سروشتیەکان):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەم یاسایە تەبعەن ئێمە دەتوانین زۆر کورتی بکەینەوە بیکەن بە دوو لاپەڕە، حکومەتی هەرێم نامەیەك بنووسێ بۆ بەغدا لە ماوە (90) رۆژدا ئەمەمان بۆ نەکەن ئێمە نەوتی خۆمان دەفرۆشین، ئەمە هەدەفەکەیە، بەڵام دەبێ ئالیات دابنێی تەعاریفمان داناوە، ئەهدافی قانونیمان داناوە، ماددەی سێیەم دەڵێ، مافەکانمان چییە بەپێی دەستور دەبێ ئیشارەتی پێ بدەی (أليات أسس تعويض) یان ماددەی دوایی، ئەگەر ئەوە تەنفیز نەبوو ئالیاتی بۆ داناوی، ئینجا لەبەر ئەوە زەروریە روون بێ بۆ هەمووومان بۆ ئەوەی با بڵێین سبەی سەرۆکی حکومەت دەچێ بۆ بەغداد بۆ مفاوەزات، ئەمەی بە دەست بێ مەوقیفی بەقوەت ترە تەفسیر ناکا ئەو وەختە ئەم ئەندامە بەڕێزانەمان کە لە پەرلەمانی بەغدان ئەزانن مافەکانمان چییە، لەبەر چاویانە، ئەو شەڕەمان بۆ دەکەن، بەڵام ئەگەر کورتی دەکەیتەوە موشکیلەی دەستور ئەوەیە خۆی کورتە، تەفسیرمان هەیە بۆ ئەوەی بزانین حدودی خۆمان لە کنە، من داوا لە بەڕێزتان دەکەم با وەکو خۆی بمێنێ، پێویستمان پێیە تی راستە تیکراری تێدایە، بەڵام زەروریە، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

فەرموو کاك سەرهەنگ،

**بەڕێز سەرهەنگ فرج محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە پشتیوانی بەشێکی قسەکانی ئاشتی خان دەکەم ،ئێمە یەعنی بەسەراحەت دەبێ ئیقرار بکەین ئەوەندەی من لێی تێگەیشتبم یەعنی لە ناو ئەم یاسایە، لە ناو ئەم رەشنووسە ئەوەی کە ئێستا ئێمە موناقەشەی دەکەین ئێمە بە دیوێك موناقەشەی ئەو رەشنووسە دەکەین کە کاتی خۆی سەرکردایەتی سیاسی کورد پێشکەشی کردووە بۆ بەغداد، یاسای نەوت و غازە بەڕاستی، چونکە مەفهومی موخالەفە لە ناو ئەم قانونە تەسدیق کردنی ئەو مەشروعەیە ئێمە دەبێ بەسەراحەت دان بەوە دابنێن لە ماددەی شەش

دا زۆر بە وازیحی هاتووە کە ئەگەر تۆ موستەحەقاتی خۆم لە نەوت پێ نەدەی ئەگەر پارەی کۆمپانیاکانم پێ نەدەی ئەگەر نەهێڵی بەشدار بم لە ئینتاجی نەوت، لە فرۆشتنی نەوت، ئەوە من خۆم دەیکەم یەعنی ئەوە ئیقرارکردنێکە بەڕاستی، راستە مەسەلەی حەق، حەق هەیە یان حەق نیە؟ ئەوە مەوزوعێکە، بەڵام لێرە کاری یەکەمی پەرلەمان دەرکردنی یاسایە، و نابێ یاسایەك دەرکەین کە موخالف بێ لەگەڵ دەستور، موخالف بێ لەگەڵ یاسا، ناوەڕۆکی موناقەشەکەی هەندێك لە برادەران ئەوە بوو بەڕاستی مەسەلەن لە برگەی پێنجەم هاتووە، هەرێم مافی خۆیەتی داوا لە حکومەتی فیدڕال بکات بۆ دەرکردنی ئەو یاسایانەی کە هاوبەش بوونی دروست لە بەڕێوەبردنی دەوڵەت و لە دامەزراوەکانی، باشە ئێمە پەرلەمانی عێراق هەیە، کورد ئەندامی لە پەرلەمانی عێراق هەیە سێ، چوار فراکسیۆنی کوردی لە پەرلەمانی عێراق هەیە، ئەمە کاری ئەوانە بەڕاستی ئێمە چۆن لە ناو یاسایەکدا داوا بکەین حکومەتی عێراقی یاسا دەربکات لە کاتێکدا ئێمە خۆمان هاوبەشین ،بەشدارین لە پەرلەمانی عێراقدا، ئەمە وەکو خاڵێك، خاڵێکی تر کە بەڕاستی لە چوارەمدا دەڵێ، هەرێم مافی بەشداربوونی راستەوخۆی هەیە لە دروستکردنی ئەندامەتی دەزگای گشتی چاودێری و تەرخانکردنی داهاتە فیدڕالیەکان، وەڵلاهی ئەمە با بینووسین، بەڵام رەنگە ئەو کاتە ئەوان بە ئێمە بڵێن جارێ بچن دەزگای چاودێری خۆتان دروست بکەن، ئەنجومەنەکەی بۆ دروست بکەن، ئینجا بە ئێمە بڵێین، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

فەرموو کاك عمر،

**بەڕێز عمر صدیق محمد (هەورامی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشەکی دەست خۆشی لە حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکەین بۆ ئەوەی کە ئەم پڕۆژە یاسایەی ناردووە بۆ پەرلەمانی کوردستان ئەمە یەکێك بوو لە داواکاریەکانی دەتوانم بڵێم زۆرینەی پەرلەمانتاران یان تەواوی پەرلەمانتارانی کوردستان بەوەی کە حکومەتی هەرێمی کوردستان بکا بە میکانزم و بە رێکەی جیاواز بۆ بە دەست هێنانی مافە داراییەکانی لە داهاتوودا، وا ئەزانم ئەو یاسایەش یەکێکە لەو رێگایانەی کە حکومەتی هەرێمی کوردستان لەو رێگەیەوە دەتوانێت مومارەسەی ئەم بابەتە بکا، تێبینیەکانم بە کورتی لە سەر ئەم خاڵە یان ئەم ماددەیە، سەرەتا من لەگەڵ ئەوەم ماددەکە بە تەفسیلی وەکو خۆی بمێنێتەوە، چونکە زۆر بابەت لە دەستوری عێراقی و لە دەستوری وڵاتانی دیکە دەوترێ، دواتر بە یاسا رێك دەخرێ، واتە ئەم یاسایە ئەگەر دووبارەشی تێدابێ یان تەفسیلی تێدابێ بۆ ئێمە زەرورەو پێویستە بەڕێزان لە لیژنەی یاسایی و دارایی هاوکاریم بکەن لەم بابەتە، و جەنابی وەزیریش، برگەی یەکەم کە باس لە مافی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکا دەڵێ بەپێی تەوزیعی دانیشتوان من پێشنیار دەکەم لە کۆتایی بنووسرێ (مع مراعاة اولاً من المادة الرابعة)، بۆ؟ چونکە ماددەی چوارەم دەڵێ نسبەی (17٪) ئێمە بە دەست دەهێنین تا ئەو کاتەی تیعدادی دانیشتوان دەکرێ، واتا دەبێ جۆرێك لە پێکەوە گونجان لە نێوان

ئەو بڕگەیە لەگەڵ ئەو بڕگەیە یان ئەو ماددەیە هەبێت، چونکە لێرە بەس تەنها باسی ئەو حاڵەتە دەکات کە تەعدادی دانیشتوان لە عێراق کرابێ، و حکومەتی هەرێمی کوردستان داوای مافە داراییەکانی خۆی بکا لە سەر ئەو بنەمایە، بۆ ئەوەی پێویستە کە لێرە ئەم بابەتە بەهەند وەربگیرێ، و ئاماژەی پێ بدرێ، خاڵێکی تر لە بڕگەی پێنجەم دەڵێ: (یحق للإقلیم مطالبة الحکومة) من پێشنیار دەکەم یان راوێژ لە لیژنەی یاسایی وەردەگرم، ئایا پێویست ناکات بڵێین موئەسەسات، چونکە هەندێك بابەت هەیە ئیمکانە بەس تەنها تەشریعات نەبێ، ئیمکانە ئەنزیمەش بێتە گۆڕێ کە ئەنجومەنی وەزیران دەری بکات هەندێك بابەت بۆ ئەوەی بە خێرایی ئێمە کار بۆ ئەوە بکەین کە هەرێمی کوردستان بەشەراکەت لەگەڵ عێراق بژی، و بەشەراکەت دارایی عێراق بەڕێوەبچێت، و بەهەمان شێوە لە کۆتایی ئەم بڕگەیە گەشە پێ دان یان (التنمیة في الاقلیم) ئەم تەشریعاتانە کران یان ئەم رێگایانە گیرانە بەر خۆ تەنمیە بەس تەنها لە هەرێمی کوردستان روونادات، لە عێراقیش روودەدات، بۆیە تەسەور دەکەم ئەم بابەتە جارێکی تر پێداچوونەوەی پێویستە، خاڵی شەشەم: بەڕێز جەنابی وەزیر، و لیژنەی یاسایی جارێ تر ئەم بابەتە لەوانەیە زۆر گرینگ بێت، دەڵێ: بۆ هەرێمی کوردستان کە بەشدار بێ لە بازاڕکردنی (الحقول الحالیة)، ئەم یاسایە کە لە ساڵی 2013 دەردەچێ، واتە ئەو حەقلانەی کە حالین، بۆیە من پرسیار دەکەم، ئایا مەبەستتان لە حقولی حالی ئەو حەقلانەیە کە لە پیش رووخانی سەدام حسین هەبوون یان ئەوانەی کە ئێستا هەن؟ ئەگەر مەبەستمان ئەوە بێ، دەبێ لێرە ئاماژە بەوە بکرێت، بۆ ئەوەی دواتر تەفسیری بەشیوازی تر لێکدانەوەی بۆ نەکرێ، تێبینیەکانم هەر ئەوەندە بوون، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

فەرموو د. بشیر،

**بەڕێز د. بشیر خلیل توفیق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من دەرچواندنی ئەم یاسایە بە گرنگ دەزانم هەرچەندە تەئخیرە دەبوایە زووتر بکرێ، بەڵام ئێستاش ماوە ماوە، و پێویستە لەگەڵ دەرچواندنی ئەم یاسایە حکومەتی هەرێم بەشێوەیەکی کاریگەر تر، و بەشێوەیەکی بەهێز تر لەگەڵ بەغدا مامەڵە بکا، (بما فیە) مامەڵە لەگەڵ دادگای فیدڕالی عێراق دا، خاڵ یەکەمم لە سەر ئەو ماددەیە ئەوەیە کە بەڵێ منیش پشتگیری لە رایەکەی کاك جمال دەکەم لە هەموو بڕگەکانی ئەم ماددەیە بەعەرەبی (یحق، یحق، یحق) بە کوردیش (هەرێم، هەرێم، هەرێم) بۆی هەیە، من داوا دەکەم لە سەرەتای ماددەکە ئەو مەنتوقەی بۆ زیاد بکرێ، ماددەی سێیەم، بەپێی دەستوری فیدڕالی عێراق، هەرێمی کوردستان ئەم مافە داراییانەی هەیە، ئینجا لەوانی دیکە بەکورتی مافەکان دیاری بکرێت، خاڵەکەی تریشم ئەوەیە کە لە نەصە عەرەبیەکە دا هاتووە لە کۆتایی ماددی حەوتەم دەڵێ: (وازالة مظاهر التمییز المتبعة ضده)، لە کوردیەکەی وشەی تەمیز زۆر بە نارێکی تەرجومە کراوە بۆتە، و هەموو

دیاردەکانی ڕەگەزپەرستی، ڕەگەز پەرستی بەڕێزان دیارە عونسوریە وابزانم ئەوە نیە، بیکەینە هەموو دیاردەکانی جیاکاری نەهێڵێت نەك ڕەگەز پەرستی، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

فەرموو کاك فاضل،

**بەڕێز فاضل حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەڵڵای دیارە من لە ماددەی پێشووتریش باسم کرد کە هەندێك بڕگەی هاوبەش هەیە لە نێوان ماددەی دووەم و ماددەی سێیەم، بۆ نموونە لە بڕگەی دووەمی ماددەی سێیەم هەمان بڕگەی سێیەمی ماددەی دووەمە، ماددەی سێیەمیش لە بڕگەی شەشەمی ماددەی دووەم هاتووە ئەو تێکەڵاویە هەیە پێشتریش کە داوام کرد، من سەبارەت بە گشتی لە سەر ئەو ماددەیە لە بڕگەی یەکەم من پێم وایە مەسەلەیەك یەکەم: هەرێم لە داهاتەکانی نەوت و گازی دەرهێنراوی) ئەمە دیاری کراوە وەکو (17٪)ی داهات لە عێراق بە نەوت و غازیشەوە دیاری کراوە، نەك تۆ بڵێ تەنها شتێك هەیە بە مەرجێك لەگەڵ دابەش بوونی دانیشتوان تا ئەو کاتەی سەرژمێری دەکرێ ئەوە هەر بەم شێوەیە یەعنی من ئەو بڕگەیە بە زیاد دەزانم، بڕگەی دووەمیش هەر زیادە لەبەر ئەوەی لە ماددەی دووەم هاتووە، سێیەمیش هەر زیادە سەبارەت بەڕگەی چوارەم کە بەو تەفاسیلە نووسراوە من پیشم وایە بە موختەسەری بنووسرێ، (بەشداریکردنی هەرێم لە سیاسەتی دارایی و دانانی بۆدجەی عێراق) ئاوا بە موختەسەری، نەك بەو تەفاسیلەی ئێستا هەیە، چونکە هەموو شتەکان ناگرێتەوە، لە ماددەی پێنجەم نازانم ئەوە ئەگەر هەر هەڵە بێتن لیژنەی یاسایی ئەگەر ئاگاداربن، دەڵێ: هەرێم مافی خۆیەتی داوا لە حکومەتی فیدڕاڵ بکات بۆ دەرکردنی ئەو یاسایانە) حکومەتی عێراق توانای دەرکردنی ئەو یاسایەی هەیە، یان ئەوە دەوڵەتی عێراقە؟، ئەوە ئەگەر ڕاستی بکەنەوە، پاشان من پیم وایە ئیمە نوێنەرانی خەڵکی کوردستان لە پەرلەمانی عێراق و لە حکومەتی عێراق ئەوە ئەرکی ئەوانە لەوێندەر ئەوان هەوڵ بدەن، چ لە حکومەتی عێراق لە ڕێگای پێشکەشکردنی پڕۆژە یاسا بۆ ئەو یاسایانەی کە پێویستن، و چ لە پەرلەمانی عێراقیش بۆ دەرکردنی ئەو یاسایانەی کە ئێمە لێرەدا مەبەستمانە، بڕگەی شەشەم، دیارە ئەوەش بەڕاستی جیاوازە لەگەڵ ئەو مافانەی کە هەرێمی کوردستان هەیەتی بڵێین بەشێکی خوراوە وەکو لە بودجەی 2013 لە ڕاپۆرتی دارایی حکومەتی هەرێمی کوردستان کە بە تەفاسیل باسی مافە داراییەکانی هەرێمی کوردستانی کردووە کە لەبەر ئەوەی بەشێوەیەکی باش نەهاتووە، بۆیە لە مەسەلەی کورت هێنان کە ئەوەی لە ڕاپۆرتەکە هاتووە دەقیق ترە، بۆیە دواتر دێمەوە سەر ئەو خاڵەی کێشەی لە سەرە جیاوازە لەگەڵ ئەو مافانە، کە لەوێ باس دەکاتن ئەو بڕە پارانەی لە خەرجی سیادی و حاکیمە دەمێنێتەوە، بودجەی پەرەپێدانی پارێزگاکان بەتەواوی نایێ، داهاتە سنووریەکان وەکو پێویست ناگەڕێنەوە بۆ هەرێمی کوردستان کە بەشی خۆمانە، موستەحەقاتی پێشمەرگە ئەوە چەندین ساڵە بەتەواوی نەهاتووە، داهاتی پترۆ دۆلار و بەرهەمە

نەوتیەکان تر یەعنی بەتەواوی نایێ، جگە لەوەی کە لە کێشەی بودجەی تەواوکاری و ئەوانەش هەیە، بۆیە لە مەسەلەی بڕگەی شەشەم، ئەوە کێشەیەکی گەورە هەیە کە لە مەسەلەی ماددەی(112)ی دەستوری عێراق کە حکومەتی عێراق بەشێوەك تەفسیری دەکات حکومەتی هەرێم بەشێوەیەکی تر، بۆیە من پێم وایە کە ئەم بڕگەیە بەم شێوەیە نایەت،یەعنی لەگەڵ ئەو مافانەی تر کە هەن نادرێن یان بە ناتەواوی دەدرێن، لە بڕگەی حەوتەم کە باسی بەشێکی عادیلانە دەکرێ هەرچەندە جەنابی وەزیر وەڵامی دایەوە منیش ئەو مولاحەزەیەم هەیە، یەعنی ئێمە ئەگەر حەقێکمان هەبێ عادیلانەکە چییە؟، یەعنی حەقەکە چەندە؟ ئەوەندەیە، لە سەر مەسەلەی دانیشتوان و ئەوانە لەبەر ئەوەی سەرژمێری نەکراوە بەهەمان شێوە، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

فەرموو لیژنەی یاسایی،

**بەڕێزعمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دوای ئەو مولاحەزات و پێشنیارانەی کە ئەو بەڕێزانە پێشکەشیان کرد، بە سوپاسەوە دیارە ئەمە خەم خۆریەکی زۆرە بۆ ئەوەی کەوا ئەو حەقانەی هەرێمی کوردستان هەیە، سیاغەیەکی باش بکرێ، زیاتر پێزی یاسایی خۆی ببینێ، باس لەوە کرا کە ئەم بابە حقوقی مالی ناوە، و باس لە ئیستیحقاقاتی حقوق کرا، خۆی ئەسڵەن یاساکە یاسای موستەحەقاتە، یەعنی حەقێك هەیە، چونکە ئەو حەقە موستەحەقە، چونکە حەق هەیە ئێستا موستەحەق بێ بدرێ، یان حەق هەیە موئەجەل بێ؟، بۆیە لێرە بەچەند فەسلێك باسی لە سەر کراوە لەم یاسایە، یەکەم وەکو جەنابی وەزیر باسی لەسەر کرد حقوقەکان بە ئاشکرا دیار بێ ئێمە لە ماددەی دوو باسمان لە مەبالیغی موتەراکیم کرد -، وترا مەبالیغی موتەراکیم تەوزیح نیە پێویستە مەبلەغەکان، حقوقەکان تەوزیح کرێ، لێرە بۆچی لەسەر ماددەی (111)ی و (112) کراوە بە حەوت فەقەرە؟ بۆ ئەوەی ئەو حەقانەی کە هەرێمی کوردستان هەیەتی بەوازیحی ئاشکرا بێ لە هەردوو ماددەکانی (111) و (112)ی دەستوردا، ئەم حقوقانەی کە لێرە باسی لەسەر کراوە، برادەرینە هەرچەند باس لەسەرئەوە کرا کە حکومەتی هەرێم چۆن ئیلزامێتی داواوکردنی دەبێ، ئەمە دەکەوێتە سەر فەسلی چوار باسی لەسەر بکەین ئەمە مافەکانی ئیقلیمی کوردستانن لە فەسلی چوار باس لە ئوسس کراوە، یەعنی رێکارەکان یان ئەو ئالیەتەی کە چۆن داوای ئەو حەقانە دەکرێ، لە فەسلی پێنجەم باس لە ئجرائاتەکەی کراوە، ئەگەر بچینە سەر ماددەکانی ئەخیری باس لەم یاسایە دەکات کە لەسەر هەرێمی کوردستان دا تەنفیزی بکا لە رۆژی دەرچوونیەوە، ماددەی شەش باس لە ئالیەتی چۆن جێبەجێکردنەکەی دەکا، ئەوەیە کە حکومەتی هەرێمی کوردستان لە (90) رۆژدا چۆن داوا لە حکومەتی ئیتیحادی دەکا ئەگەر هاتو ئیستیجابەیان هەبوو، و یاخود نەیان بوو، کەواتە ئەم یاسایە کە بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان دەردەچێ ئیلزامیەتێکی تەواو دەدا بە حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ کارکردن لەسەر ئەم یاسایە

وجێبەجێکردنی بڕگە و ماددەکانی، بۆیە بە تەفسیلی باسی لەسەر کراوە، چونکە بەڕێزان لە ماددەی (111)ی دەستورداو، لە ماددەی (112) دەستوردا، لە ماددەکانی دیکەی دەستوردا باس لە حەقەکان کراوە بە جیا جیا حقوقی ئیقلیم تەعویزات، ئەزرار، بەشی نەوت، حقولی حالی، حقولی موستەخرەجە، و باس لەوە کرا کە حقولی حالی لە ماددەی (112) باسی لەسەر کراوە ئەوە بەو سیغەیە باسی لەسەر کراوە کە لە ساڵی 2005 دا دەستوری عێراقی دەرچووە حقولی حالی پێ وتراوە، بۆیە ئەمە کە بە نەص لەگەڵ ماددەکانی دەستوری عێراقی دەرچووە، بۆ ئەوەی تەناقوزی تێدا نەبێ، و ئالیەتێکی بۆ تەحدیدکراوە، چۆن جێبەجێکرێ، و نەفازیەتیشی هەیە و قوەتیشی هەیە، بەڵام ئێمە لەبەر رۆشنایی ئەو مولاحەزاتانەی بەڕێزان پێمان وابوو فەقەرەی یەك و دوو باقی فەقەرەکانی دیکە کە هەرچەند قسە لەسەر ئەوە بوو بەند بێ یان فەقەرە، بەڵام لە دەستوردا بە بەند و بە فەقەرەش هاتووە، پێمان باش بوو، و قوەتی زیاتر بە حکومەتی هەرێمی کوردستان بڵێین (للإقليم الحق في المطالبة) بە واتای ئیقلیمەکان بگۆڕین بە (للإقليم الحق) ئەمە لەلایەك، لەلایەکی دیکە بەڕێزان باسیان لە فەقەرە حەوت کرد کەوا (ازالة مظاهر التمييز المتبعة ضده)، ئێمە وامان پێ باشە (المتبعة ضده) لا بچێ تەنیا (ازالة مظاهر التمييز) بمێنێتەوە، جیاوازکاری و بەو سیغەیەی کە ئێستا گۆڕانکاریمان تێدا کردووە و دەخوێندرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

فەرموو دوا سیاغەتان بخوێننەوە،

**بەڕێز عونی کمال سعید (بەزاز):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**الفصل الثالث**

**الحقوق المالية للإقليم**

المادة الثالثة: للإقليم الحق في:

اولا: حصة عادلة من واردات النفط والغاز المستخرج في عموم العراق على ان تتناسب مع التوزيع السكاني فيه استناداً الى كل من المادة (111) والبند اولا من المادة (112) من الدستور.

ثانيا: حصة عادلة من جميع الايرادات الاخرى المستحصلة اتحادياً والمنح والمساعدات والقروض الدولية لتتمكن حكومة الاقليم من القيام باعبائها ومسؤولياتها استنادًا الى البند ثالثا من المادة (121) من الدستور.

ثالثا: حصة اضافية من واردات النفط والغاز لتعويضه عن الاضرار الناتجة عن ممارسات النظام السابق استناداً الى البند اولاً من المادة (112) من الدستور.

رابعا: المشاركة الفعلية في تشكيل وعضوية الهيئة العامة لرقابة تخصيص الواردات الاتحادية من خلال تمثيله فيها بخبراء وممثلين عنه بموجب احكام المادة (106) من الدستور.

خامسا: مطالبة الحكومة الاتحادية بانجاز التشريعات التي تجسد شراكته الفعلية في ادارة الدولة ومؤسساتها استنادًا لحكم المادة (105) من الدستور ودرء الضرر عن حقوق الاقليم المالية والاقتصادية وتشريع قانون توزيع واردات النفط والغاز استنادًا الى البند اولا من المادة (112) من الدستور لتعجيل التنمية في الاقليم والمحافظات.

سادسا: المشاركة الفعلية مع الحكومة الاتحادية لتسويق النفط والغاز المنتجة من الحقول الحالية، و ان يقوم بدوره الحصري في ادارة الحقول المستقبلية في الاقليم من ضمنها تسويق النفط والغاز المنتج منهم، والتي حرم منها الاقليم بسبب رفض الحكومة الاتحادية وتقاعسها عن اداء دورها الايجابي في رسم السياسات الاستراتيجية اللازمة لتطوير ثروة النفط والغاز والمشار اليها في البند ثانيا من المادة (112) من الدستور.

سابعا: ان تخصص له حصة عادلة من النفط والغاز الخام والمنتجات النفطية المعدة للاستهلاك في عموم العراق على ان تتناسب مع التوزيع السكاني فيه والأخذ بنظر الاعتبار الظروف الخاصة للاقليم وازالة مظاهر التمييز.

**بەڕێز د. ارسلان بايز اسماعيل/ سەرۆكی پەرلەمانی كوردستان:**

بەو سيغەی كە خوێندراوە كێ لەگەڵ دايە تكايە دەست بەرزكاتەوە؟ كێ لەگەڵ دا نيە؟ بە كۆی دەنگ پەسەند كرا، فەرمون بۆ ماددەيەكی تر،

**بەڕێز عونی كمال سعيد (بەزاز):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**الفصل الرابع**

**اسس تحديد واستحصال الحقوق المالية للاقليم**

المادة الرابعة:

اولا: تكون نسبة 17٪ المعتمدة في قوانين الموازنة الاتحادية اساسا لتحديد حصة الاقليم من مجموع النفقات التشغيلية ونفقات المشاريع الاستثمارية للموازنة العامة السنوية الاتحادية لحين اجراء تعداد سكاني عام في العراق، ويكون للاقليم نفس النسبة من ماياتي:

أ. اجمالي واردات الموازنة العامة الاتحادية من ضمنها الواردات الناجمة عن تصدير النفط الخام.

ب ـ إجمالي النفط الخام المكرر والمعد للاستهلاك في عموم العراق من ضمنها النفط الخام اللازم لتشغيل محطات توليد الكهرباء.

ج- إجمالي النفقات الحاكمة وتخصيصات الاعمار وتنمية مشاريع محافظات الاقليم والزيادات المتحققة في الايرادات عن صادرات النفط الخام المصدر وتخصيصات النفقات السيادية للهيئات الاقليمة وحسب جداول النفقات.

د- على وزارتي المالية والاقتصاد والتخطيط في الاقليم احتساب المشار اليها في الفقرة (ج) من هذه المادة بالتنسيق مع الجهات المعنية الاخرى في الاقليم.

ه- على وزارة الثروات الطبيعية في الاقليم احتساب المستحقات المشار اليها في الفقرتين الفرعيتين (أ، ب).

**بەڕێز د. ارسلان بايز اسماعيل/ سەرۆكی پەرلەمانی كوردستان:**

فەرموو لیژنەی دارایی،

**بەڕێزد. ئاراس حسين محمود:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ثانيا:

أ - اضافة الى حصة محافظات الاقليم من بترودولار عن النفط الخام المصدر من الاقليم منذ 2009، يستحق الاقليم بترودولار عن كل برميل نفط خام منتج ومكرر او معد للاستهلاك في محافظات الاقليم، على ان تحتسب هذه المستحقات.

ب - من قبل وزارة الثروات الطبيعية حسب المعايير المعتمدة من قبل الحكومة الاتحادية.

ج - تعاد الايرادات المتحققة فعلاً في المنافذ الحدودية لمحافظات الاقليم وتخصص حصرًا لتأهيل واعادة اعمار المنافذ الحدودية التابعة لكل محافظة.

د - يختص مجلس الوزراء وبمصادقة البرلمان بتحديد كيفية التعامل مع الواردات المستحصلة من قبل الاقليم وذلك حسب احكام هذا القانون.

ثالثا: على مجلس الوزراء تشكيل لجنة وزارية لغرض تقدير التعويضات المستحقة طبقًا للفقرةالثالثة من المادة الثالثة من هذا القانون بمبالغ نقدية او مايقابلها عينا من النفط الخام من الاقليم على ان تسدد التعويضات المقدرة باقساط سنوية لمدة لاتتجاوز (5) سنوات من تأريخ نفاذ هذا القانون.

**بەڕێز د. ارسلان بايز اسماعيل/ سەرۆكی پەرلەمانی كوردستان:**

فەرموو لیژنەی یاسایی،

**بەڕێزعمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمە لە لیژنەی یاسایی و لیژنەی موشتەرەك مولاحەزەیەكمان هەبوو، ئەم فەسلە نووسراوە (اسس تحديد واستحصال الحقوق المالية للاقليم)، بەڵام بەخوێندنەوەی ماددەكە و هەموو بڕگە كانی تەنیا تەحدید كردنی مافەكانی ئیقلیمی كوردستانی تێدا تەحدیدكراوە،لەبەر ئەوەی لە فەسلی پێنجەم باس لە ئیجرائاتی ئیستیحسال كراوە، وا موتەفقین ئێمە، ئەمە بكرێ بە (اسس تحديد الحقوق المالية للاقليم) بە واتای ئیستیحسالەكەی دەربكرێ، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بايز اسماعيل/ سەرۆكی پەرلەمانی كوردستان:**

لیژنەی یاسایی تێبینی ترتان هەیە؟ لیژنەی دارایی تێبینیتان هەیە؟

**بەڕێزد. ئاراس حسين محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە پشتگیری لەو بۆچوونەی لیژنەی یاسایی دەکەین، و هەموو فەقەراتەکانی ئەو ماددەیە پەسەندە لای ئێمە، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بايز اسماعيل/ سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

تێبینیت هەیە؟ فەرموو جەنابی وەزیر،

**بەڕێز ئاشتی هەورامی( وەزیری سامانە سروشتییەکان):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

یەك ئیزافەمان هەیە، وابزانم بە غەڵەتی ئیمیلایی هاتووە، پترۆ دۆلار باس دەکەین

ثانيا:

أ. اضافة الى حصة محافظات الاقليم من بترودولار عن النفط الخام المصدر من الاقليم منذ 2009، يستحق الاقليم بترودولار عن كل برميل نفط خام أو متر مكعب غاز منتج ومكرر او معد للاستهلاك في محافظات الاقليم، على ان تحتسب هذه المستحقات.

**بەڕێز د. ارسلان بايز اسماعيل/ سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

کێ تێبینی هەیە؟ ئەم بەڕێزانە ناویان نووسراوە (کاك شوان، سۆزان خان، کاك عبدالسلام، کاك جمال، کاك سالار، کاك یاووز، ناسك خان، ئاهەنگ خان، کاك نەریمان، هاژە خان، د. احمد) فەرموو کاك شوان،

**بەڕێز شوان عبدالکریم جلال:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وێڕای پشتگیریم بۆ ناوەرۆکی ماددەکە، دوو تێبینیم هەیە، یەکێکیان پشتگیری لەو رایەی لیژنەی قانونی دەکەم کە بەتەئکید ئەمە ئوسسی دیاری کردنە، ئوسسی با بڵێین بەدەست هێنانەوەیە یاخود وەرگرتنەوەی نیە، پێویستە ئیستیحسالەکەی لابرێ، هەر بنووسرێ (اسس تحديد الحقوق المالية للاقليم)، عنوانی فەسلەکە، دووەم: ئەگەر تێبینی بکەن بەڕێزان پێم وایە نازانم یەعنی ئەمە چۆنە یان من هەڵەم یان ئەمە تێپەڕیوە بە سەر برادەرانی لیژنەی تایبەتمەند کە دەڵێ اولا: تكون نسبة(17٪) دوايي ويكون للاقليم نفس النسبة من مايأتي: (أ، ب،ج) تەواوە، بەڵام (د، هـ) دوو شتی تری جیاوازن پەیوەندی بە ئەو نسبەیە نیە کە حەقی هەرێمە، یەعنی کە دەڵێ (أ، ب،ج) (اجمالي واردات الموازنة العامة)، یان (إجمالي النفط الخام) یان (إجمالي النفقات الحاكمة) دوایی لە (د، هـ) پەیوەندی بەو نیسبەتەوە نیە، یان بەو هینەوە نیە کە هەرێم مافێتی، دوو: ئەرکی ترە، ئەرکی وەزارەتی دارایی و وەزارەتی سامانە سروشتیەکانە دیاری کراوە لەم ماددەیە لەبەر ئەوەی بە ڕای من دەبێ ئەم (أ، ب،ج) تەواوە یان دەبێ ئەمە بکرێ بە دووەم و سێیەم، دوایی دووەم بکرێ بە چوارەم یاخود ئەو دوو هینە لە دوای دووەمەوە بێت لەگەڵ (أ، ب)کەی تر، و هەروەها تەبعەکە پێم وایە هەڵەکراوە (على ان تحتسب هذه المستحقات) لێرە شتێك بووە بە (ب) (على ان تحتسب

هذه المستحقات من قبل وزارة الثروات الطبيعية وإلى أخره) جيمەكەی خوارەوە بكرێ بە (ب) تـەواو، دوایـی (د) بكرێ بە (ج)، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمانی كوردستان:**

فەرموو سۆزان خان،

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لە ئەوەلەن (لحين اجراء تحديد سكاني) نیە، تعداد سكانیە، چونكە لە عێراقدا ئەوەی دەكرێت پێی دەڵێن تعداد سكانیە، نەك تەحدید سكانی، ئەمە خاڵێك، هاوڕام لەگەڵ بەڕێز كاك شوان(أ، ب،ج) یەكسەر (د، ه) دەكرێ بە دووەم و سێیەم دوای ئەو دووەم دەبێتە چوارەم، بەڵام كە دێتە سەر ئەو (أ ، ب) ئینجا دوایی (د) باسی ئەوە دەكات دەبێ بكرێ بە پێنجەم، چونكە لێرە ئالیەتێكی دیار كردووە، دەڵێ، حكومەتی هەرێمی كوردستان بە رەزامەندی پەرلەمان دیاری دەكات كە ئەم واریداتانە چۆن تەسروفی پێوە دەكرێ، یەعنی هیچ عیلاقەی بەوەوە نیە كە ئەو ئیجرائاتانەی كە دەكرێ، بەڵام من پێم باشە بە پێنجەم بێ، بۆ ئەوەی ماددەكە تەسەلسولی مەنتیقی خۆی وەربگرێ، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمانی كوردستان:**

فەرموو كاك عبدالسلام،

**بەڕێز عبدالسلام مصطفى صديق:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

..............................، لیژنەكانی هاوبەش پێشكەشكرا، دووەمیان: بەڕاستی حەزم دەكرد لیژنەی یاسایی گوێی لێ بێ، ئەگەر بێنە ئەوەلەن پاش (اجراء تحديد سكاني) تەحدید سوكانی نیە، تەبعەن (اجراء تحديد سكاني عام في العراق، ويكون للاقليم نفس النسبة من مایاتي) ئەگەر تەماشای (أ، ب،ج) بكەین، فیعلەن نسبەی ئەو بوارە تەحدید دەكەن، بەڵام (د ، ه) ناچنە بن (نفس النسبة من مايأتي)، بۆیە پێشنارم هەیە، پاش (اجراء تحديد سكاني عام في العراق) بنووسرێت (وعلى وزارة) تەبعەن تاكو تێك نەچێ (وزارة التخطيط و وزارة الثروات الطبيعية و المالية والأقتصاد في الإقليم إحتساب النسب المشار اليها في المجالات التالية بعد التنسيق مع الجهات المعنية الاخرى): (أ، ب، ج) دێن ئەوكاتە ماددەكە زۆر رێك و پێك دەبێت، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمانی كوردستان:**

فەرموو كاك جلال،

**بەڕێز جلال علی عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

له فەسلی چوارەم ئەوەلەن کە دەڵێ: (تكون نسبة 17٪ المعتمدة في قوانين الموازنـة الاتحاديـة اساسا لتحديـد حصة الاقليم) پێویست ناکات بڵێی (من مجموع النفقات التشغيلية ونفقات المشاريع الاسستثمارية للموازنـة العامة السنوية الاتحاديـة) ئـەو نسبـەیەی (17٪) دوو، سێ جار کـە وتـت (الموازنـة الاتحاديـة) ئەسـاس بـێ، پێویست ناکات نەفەقاتی تەشغیلی و ئیستیسماری کە بڵێی موازەنـەی عامـە ئەوانـە یـە هـەر سـێکی زیـادە، پشتگیری قسەکانی سۆزان خان و کاک شوان و کاک عبدالسلام دەکەم، بەڵام مولاحەزەیەکی دیکـەم هەیـە لـە دووەم کە دەڵێ، (اضافة الى حصة محافظات الاقليم من بترودولار عن الـنفط الخـام المصدر مـن الاقليـم منـذ 2009، يستحق الاقليم) ئـەو پترۆیـە لێـرە زیـادە (دولار عـن كـل برميـل) تکـام وایـە لابـبرێ، چـونکە ئـەوە غەڵەتە، دوو جار پترۆ دۆلار هاتووە بڵێ (دولاراً عن كل برميل)، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

فەرموو کاک سالار،

**بەڕێز سالار محمود مراد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

له راستیدا من رام وایە ئەوەی پەیوەندی بە ئیستیقاقاتی مالیەوە هەیە، حەق وایە وەزارەتی سامانە سروشتیەکان نەبێتە بەرپرسیاری یەکەم، و گرینگتر ئەوەیە وەزارەتی سامانە سروشتیەکان سیاسەتی گشتی نەوت و ئیدارەی ئینتاج بەڕێوە ببات، و مەسەلەکانی پەیوەست بە داهات و ئیستیحقاقاتی مالی زۆرتر بڕژێتە ئیختیساساتی وەزارەتی مالیەوە، و لە رابوردوودا لە سەر ئەم سێکتەر و ئەم بابەتە زۆر قسەمان کردووە، و مەسەلەی کردنەوەی حیسابێکی تایبەتی بۆ دەسهاتە نەوتیەکان یەکێك بوو لەو بابەتە، بۆیە پێشنیار دەکەم لە بڕگەی (هـ) خاڵی یەکەم دا لەگەڵ وەزارەتی سامانە سروشتیەکان ناوی وەزارەتی داراییش بهێندرێ چونکە بڕگەی (أ ، ب) کە ئاماژەی پێکراوە پەیوەندیدارە بە ئەو دەست خستنە مالیانەوە، خاڵی دووەم: لەگەڵ ناوهێنانی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستاندا هیوادارم ناوی ئیدارەی گەرمیانیش ئیزافە بکرێ، ئەویش لەبەر چەند هۆکارێك، یەکێك لەو هۆکارانە ئەوەیە ئەگەر باسی خاڵی سنووری دەکرێ چەندین خاڵی سنووری سەر بەو ئیدارە هەیە لە رووی میزانیەی گشتی لە رووی تەختیتەوە پارێزگای سلێمانی و ئیدارەی گەرمیان لەو دوو حیسابەدا جیاوازن، سوپاس،

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

تێبینیت هەیە؟ فەرموو جەنابی وەزیر،

**بەڕێز ئاشتی هەورامی (وەزیری سامانە سروشتییەکان):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە ئیزافەیەکمان هەیە، بەڵام پێش ئەوە پشتگیری لە مولاحەزاتی کاک شوان و سۆزان خان بۆ سیاغەکە، رەئی وابزانم کاک عبدالسلام بوو ئێمە پترۆ دۆلارەکە ئەگەر فەقەرەکە بخوێنیتەوە وتومانە (حسب الاليات المتبعة فى الحكومة الأتحادية) ئەوە شمولی دەکا، ئەوەی کاک سالار مانعمان نیە وەزارەتی مالیە زیاد بکرێ

لەگەڵ وەزارەتی سامانە سروشتیەکان بۆ ئەو فەقەرەیەی ئیزافەکە ئەوەیە کە هەمانە، و هەروەها دوای فەقەرەی (ج) ئەوەلەن ببێ بە ماددەیەکی تایبەت، دووەم لە سەر (أ ، ب) موشکیلەمان نیە لە سەر ئەوەش، بەڵام ئەوەی کە ئیزافەی هەیە لە فەقەرەی ( اولاً: ج- اجمالي النفقات الحاكمة وتخصيصات اعمار تنمية مشاريع محافظات الاقليم والزيادات المتحققة في الايرادات عن صادرات النفط الخام المصدر وتخصيصات النفقات السيادية للهيئات الاقليمة وحسب جداول النفقات) ئێمە تەعریفێکمان هەبوو هەیئاتی سیادی لامان برد، ئینجا لەبەرئەوە لێرە زەروریە بەینی قەوسە دوای هەیئاتی ئیقلیمی ئەمە بڵێین (رئاسة الإقليم، برلمان، مجلس الوزراء، رئاسة مجلس الوزراء، مكتب نائب رئيس مجلس الوزراء، حرس الإقليم، البيشمركة، مجلس حماية الامن الوطني، هيئة حقوق الأنسان، هيئة النزاهة، الجنسية، الحدود، جهاز الأمن) ئەوە بچێتە ئەو شوێنە، چونکە تەعریفەکەمان لابرد، ئێمە کە دەڵێین هەیئاتی ئیقلیمی دەبێ روون بێ لە سەر چی دەچین داوای (17٪)کە دەکەین، ئەوە تەعریفەکەمان لابرد، ئینجا زەروریە کەدەڵێین هەیئاتی ئیقلیمی بچێتە شوێنی خۆی، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

فەرموو ناسک خان،

**بەڕێز ناسك توفيق عبدالكريم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەم ماددەیە تێکەڵیەکی زۆری پێوە دیارە وابزانم جەنابی وەزیر هەندێك رێکخستنی کرد، بەس من مولاحەزەی ئەوە دەدەم کە باس لە دیارکردنی (17٪) کەی کە لە بودجەی خەرجیەکان و بەکاربردن، ئایا کە دەڵێ فەرعی أ - سەرجەم داهاتی هاوسەنگ کردنی گشتی فیدڕاڵ بەو داهاتەی ناردنە دەرەوەی نەوتیش) ئایا هەر خۆی لە (17٪)کە، یان با بڵێین بودجەی میزانیەی عێراق لە ناردنە دەرەوەی نەوت نیە بەشی زۆری، کەواتە ناکرێ بیکەینە بەوەی کە دەڵێین لە کۆی خەرجیەکانی بەکاربردن و خەرجیەکانی پرۆژەکان ئەمیش ببێتە خاڵێك، چونکە تۆ دەڵێی دیاریکردنی رێژەی لە(17٪) لە مانەی خوارەوە: أ: - بودجەی بەکاربردن و یەعنی خەرجیەکانی بەکاربردن یان با بڵێین یەکەم جار سەرجەم داهاتەکانی نەوت بێ کە دەچێتە دەرەوە، ئینجا بێیتە سەر فەرعەکانی تر (أ ، ب ، ج) سێ فەرعن دوایی (د ، هـ) لا ببەی، چونکە باس لە ئیستحصاڵ دەکا، لە رێگەکانی دەستخستن دەکا، باسی ئوسسی دیاریکردن ناکا، بەڵام ئەلفی بڕگەی دوو دیسان سەرە ڕای بەشی پارێزگاکانی هەرێم ئەوەش هەر دیسان دەچێتەوە سەر فەقەرەکانی یەکەم، چونکە ئەوەش تۆ دەتەوەێ لە (17٪) دەسکەوێ یەعنی دەبێتەوە بەشێك لە فەقەرەی یەکەم یەعنی فەرعی (أ)ی بڕگەی دووەم بیکەین بە فەرعی (د)ی فەقەرەی یەکەم لەگەڵ ئەو داهاتانەی لە خاڵە

سنووریەکان یەعنی فەرعی (ب) ببێتە (هـ) یەعنی ئەگەر لیژنەی یاسایی گوێیان لێ بێ یەکەم ببێتە (أ، ب ، ج، د، هـ)بەڵام (أ ، ب)ی بڕگەی دووەم ببێتە (د ، هـ) یەعنی (أ ، ب) ی بڕگەی دووەم ببێتە (د ، هـ)ی بڕگەی یەکەم، (د ، هـ)ی بڕگەی یەکەم لەگەڵ (ج) هەر سێکی باس لە شێوازی دەست خستن و ڕێگاکانی دەست خستنە، یان بکرێتە فەقەرەی دووەم لەم ماددەیە، یان بچێتە ڕێگەکانی دەست خستن، سوپاس،

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

فەرموو ئاهەنگ خان،

**بەڕێز ئاهەنگ عارف رؤوف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پرسیارێکم لە جەنابی وەزیر هەیە، ماددەی سێ، (على مجلس الوزراء تشكيل لجنة وزارية لغرض تقدير التعويضات المستحقة) چ لیژنەی وزاری؟ بە چ ئالیەتێك؟ دوو: تەقدیری تەعویزات عادەتەن دەبێتە کولفە، دەبێتە میزانیە، ئەو موازەنەیە بۆ ئەوەی تۆ موسادەقەی لەسەر بکەی بزانی موستەحەقاتی خۆت وەرگرتیە یان وەرنەگرتیە؟ بە راست هاتووە یان بە راست نەچووە؟ مەفروزە موسادەقەی پەرلەمانی لەگەڵ بێ، حەسر نەبێ لە سەر مەجلیسی وزرا، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

فەرموو جەنابی وەزیر،

**بەڕێز ئاشتی هەورامی( وەزیری سامانە سروشتییەکان):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تەبعەن ئەمە فەقەرەیەکی قورسە بەڕاستی، ئێمە چاومان لە ماددەی (112)ی دەستورە، شەڕێکی گەورەمان کردووە، کە دەڵێ دەبێ ئەو ئەزرارە دراوە بە میللەتی کورد تەعویزاتی بۆ بێت، ئینجا حکومەتی ئیتیحادی نایکا، تا ئێستا (7) ساڵە نەبووە، پەرلەمان دەڵێتە مەجلیسی وزەرای هەرێم دەبێ لیژنەیەك دابنێی ئەمە تەقدیر بکا بۆ خۆت، کە تەقدیرت کرد دەچی داوای مافی خۆت دەکەی، ئینجا لەبەر ئەوە ئێمە تەبعەن ئیستیشاری و ئەو شتانە دەهێنی مەعلومات کۆ دەکەینەوە بە موجەبی ئەو مەعلوماتە بڕیار دەدەین ئەو لیژنە وزاریەی تێدایە کە تەعویزاتەکەمان چەندە، خەسارەتەکەمان چەندە، لە کەرکووك لە مەناتیقی موتەنازیع، لە هەولێر، لە هەڵەبجە، ئەو ئەوانەت هەموو بۆ حیساب دەکا، بەموجەبی ئەوەی بڕیاری لە سەر دەدەین تەعویزاتەکە چەندە، ئەمە ئالیەتێکە قوەتت داوە بە مەجلیسی وزەرا کە بچێ ئەم ئیجرائاتە بکات، ئەگەر سیاغەکەی گۆڕانکاری بکەی بۆ ئەم هەدەفە مانعمان نیە، بەڵام دەبێ حکومەت شتێك بکا بۆ ئەوەی مافەکەی وەربگرێ، دەبێ یەکەم تەقدیری بکا، ئەگەر بەبێ تەقدیرە داوای چی دەکا، دەچێتەوە سەر دەستور دەڵێ تەعویزاتم بدێ بەپێی ماددەی (112) ئەوەلەن ئێ هەر نات داتێ، ئینجا

ئێمە پێویستمان بەو فەقەرەیە وابزانم قوەتێکمان دەداتێ کە لیژنەیەکی وزاری دانێن ئیستیشاری و ئەوانە بێنین مەعلومات کۆ دەکەینەوە، دەڵێین زەرەرکەمان ئەوەندە تریلۆن دینارە، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

فەرموو کاك نەریمان،

**بەڕێز نەریمان عبدالله قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من چەند پێشنیار و تێبینیم هەیە، لەم بڕگەیە کە بەشی چوارەمە دەڵێ: بنچینەکانی دیاریکردن و دەست خستنی مافە داراییەکانی هەرێم) یەعنی لەوێ وەستاوە ئەگەر بچینە تەفاسیلی ماددەکەوە باس لە خەرجکردنیشی دەکا، بۆیە من پێشنیار دەکەم (بنچینەکانی دیاریکردن و دەست خستنی مافە داراییەکانی هەرێم و خەرجکردنی بێ) لە سەرەتای بەشی چوارەم دا هاتووە، لە بەر ئەوە لە بڕگەکانی تر ئاماژەی داوە بەوەی کێ و چۆن خەرج دەکرێ، ماددەی چوارەم بڕگەی یەکەم، من پێم وایە هەندێك درێژەی تێدایە یاساکە خۆی لە ئەسڵدا یاسایەکی زۆر دوورو درێژە، و چەند بکرێ لە رووی زمانەوانیدا کورت بکرێتەوە باشە من پێم وایە ئەوەی کە لەوێ دەڵێ لە کۆی خەرجیەکانی بەکاربردن و خەرجیەکانی پڕۆژەکانی وەبەرهێنان، ئەو خەرجیەکانی پڕۆژەکانی پێم وایە زیادەیە، هەر بنووسرێ لە کۆی خەرجیەکانی بەکاربردن و وەبەرهێنان، کە وتت پڕۆژەکانیش تەحدیدی دەکەی بۆ پڕۆژە، بۆیە وەبەرهێنان تەنها بەس پڕۆژە نیە، بڕگەی (أ) دەڵێ سەرجەم داهاتی هاوسەنگ کردنی گشتی فیدڕاڵ بەو داهاتەی ناردنە دەرەوەی نەوتی خاو دەست دەکەوێ) بۆیە من پێم باشە نەوتی خاو غازیشی بۆ زیاد بکرێ، تەنها نەوتی خاو جیاوازە نازانم لەوانەیە من شارەزاییم نەبێ، نەوتی خاو ئایا غازیش دەگرێتەوە، لەبەر ئەوە تەنانەت پێوەری فرۆشتنەکانیشیان جیاوازە لە تەبەقاتی ئەرزیش دا جیاوازن نەوتی خاو و غاز، لە بڕگەی (د) دەڵێ ( لە سەر وەزارەتی دارایی و ئابووری لەگەڵ وەزەراتی پلاندانانی هەرێم پێویستە، بۆیە من لێرە داوا دەکەم لە راستیدا لە سەر وەزارەتی دارایی و ئابووری و سامانە سروشتیەکان لەگەڵ وەزەراتی پلاندانان پێویستە، لەبەرئەوە دەڵێ پێویستە ئەژمارکردن بۆ بڕگەی (ج)ی ئەم ماددەیە بکەن، بڕگەی (ج)ی ئەگەر بگەڕێینەوە سەری دەبینین باس لە داهاتەکانی نەوت دەکا، بۆیە دەکرێ وەزارەتی سامانە سروشتیەکانیش بەهەمان شێوە لەوێ ناوی بێ، و هەروەها بە پێچەوانەوە لە بڕگەی (ه) دەڵێ لە سەر وەزارەتی سامانە سروشتیەکان پێویستە کاری ئەژمارکردن بۆ هەردوو بڕگەی (أ ، ب) بکات کە ئاماژەیان پێکراوە، بەڕێزان ئەم بڕگەیە ئەگەر بچینەوە سەری (أ ، ب) سەیری بکەین تەماشا دەکەین، دەڵێ سەرجەمی داهاتەکانی هاوسەنگ کردنی گشتی فیدڕاڵ بەو داهاتانەشەوە کە لە ناردنە دەرەوەی نەوتی خاو) کە پێشنیارمان کرد غازیشی بۆ زیاد بکرێ، بۆیە بڕگەی هامشەکەی سەر بە وەزارەتی سامانە سروشتیەکان کەچی وەزارەتی دارایی ئاماژەی پێ نەکراوە، بۆیە دەبێ وەزارەتی دارایی و ئابووری لەگەڵ وەزارەتی سامانە سروشتیەکان لە سەرجەم داهاتەکانیان (هاوسەنگ کردن) کە پەیوەندی بە ئەوەوە هەیە ئیزافە بکرێ بۆ ئەو دوو بڕگەیە، لە بڕگەی

دووەم فەرعی (ب) لە داهاتەکانی گومرك و خاڵە سنووریەکان دەست دەکەوێ، من دەپرسم نازانم ئەوە تەنها مەبەست گومرگەکەیە یان داهاتی تری خاڵە سنووریەکانە، ئەگەر گومرگەکە بێ ئایا ئێمە لە دەستوردا گومرگەکە بە نەصی سەریع هاتووە کە دەگەڕێتەوە بۆ حکومەتی فیدڕالی، و لە هەمان بڕگە پشتگیری لە رایەکەی برای بەڕێزم کاك سالار دەکەم کە لە پارێزگاکانی هەرێم دا هاتووە گەرمیانیش بگرێتەوە، لەبەر ئەوە بە هەمان شێوەی پارێزگاکان سنووری هەیە، و زەرەرو زیانی بەر دەکەوێ، بەرهەمی لەوێ کە دەست دەکەوێ بۆ ئەو ناوچانە سەرف نەکراوەتەوە تاوەکو ئێستا، لە بڕگەی (ج) دەڵێ ئەنجومەنی وەزیران بەڕەزامەندی پەرلەمان تایبەتمەندە بەدیاریکردنی چۆنیەتی مامەڵەکردن بەو داهاتانەوە، من ئەمە بە خاڵی باش دەزانم، بەڵام وەکو لە راستیدا بەخاڵی لاوازی دەزانم، دەبێت ئەمە لێرە زۆر بە روونی و ئاشکرا بەڕێز وەزیر زۆر جار ئاماژە بەوە دەکات کە بۆ ئەوەی وردەکاریەکانی تێدا بێ مولابەسات هەڵنەگرێ، ،تەفسیری تر هەڵنەگرێ، من داوا دەکەم ئەم بڕگەیە بەو شێوەیەی لێ بکرێ، حکومەتی هەرێمی کوردستان بەبێ رەزامەندی پەرلەمان ناتوانێ مامەڵە و خەرجکردن ئەنجام بدات لەو داهاتانەی کە بەدەست دێت لەلایەن هەرێمی کوردستانەوە ئەمەش بەپێی حوکمەکانی ئەم یاسایە، بۆیە ئەمە قاتیعە روون و وازیح دەبێ ئەو کاتە بەبێ رەزامەندی پەرلەمان ئەو بابەتانە تەعامولی پێوە ناکرێ، بڕگەی سێیەم لە سەر ئەنجومەنی وەزیران پێویستە لیژنەیەکی وزاری پێك بهێنێت ئەمە مەتاتیەتێکی تێدایە، بنووسرێ لیژنەیەکی وزاری تایبەتمەند پێك بهێنێت، ئەوە پێشنیارەکانی منە، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

فەرموو د. احمد،

**بەڕێز د. احمد ابراهیم علی (وەرتی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە بڕگەکان هەمان رەئی هاوکارەکانم هەیە، بڕگەی (د، ه) لە ماددەی یەکەم بکرێنە دووەم و سێیەم، چونکە پەیوەندی نیە بە ئەو نسبەی (17٪)، سەبارەت بە خاڵی (د) کە دەبێتە دووەم: د- على وزارت المالية والاقتصاد والتخطيط في الاقليم احتساب المشار اليها في الفقرة (ج)، بنووسرێ، من اولآ من هذه المادة، تەواو دەبێ، سەبارەت بە دووەمی ئەسڵی پڕۆژەکە کە هاتووە لێرە ئەگەر گۆڕانی تێدا بێ دەبێتە چوارەم (اضافة الى حصة محافظات الاقليم) لە (ب) کە (ج) خۆی غەڵەت نووسراوە ئەوەی سەرەوە غەڵەتە، ج ـ تعاد الايرادات المتحققة فعلا في المنافذ الحدودية لمحافظات الاقليم وتخصص حصراً لتأهيل واعادة اعمار المنافذ الحدودية التابعة لكل محافظة)، تەبعەن لێرە بەڕاستی مولاحەزە هەڵدەگرێ، چونکە لەعەرەبیەکەدا دەڵێ (اعادة اعمار المنافذ الحدودية) لە کوردیەکەی باشتر هاتووە کە دەڵێ بۆ ئامادەکردن و بونیاتنانەوەی ئەو ناوچە سنووریانە تەرخان دەکرێن کە سەر بە پارێزگاکەیە، چونکە تەنها ئەگەر بۆ مەنافیزی حدودی بێ تەنها خاڵی سنووریەکە دەگرێتەوە، بەڵام ئەو ناوچە سنووریانە ناگرێتەوە، بۆیە لە عەرەبیەکەش بکرێتە (وتخصص حصراً لتأهيل واعادة اعمار المناطق الحدودية التابعة لكل محافظة)بەڵام منیش ئەو

تێبینیەی کاك نەریمانم هەیە سەبارەت بە داهاتەکان، ئایا داهاتی گومرگیش دەگرێتەوە؟ چونکە بەپێی ماددەی (114) لە دەستوری عێراقی لە ئەو دەسەڵاتانەی کە موشتەرەکن لە نێوانی دەسەڵاتی ئیتیحادی و دەسەڵاتی هەرێمەکان ئەوەلەن دەڵێ (ادارة الکمارك بالتنسیق مع حکومات الاقالیم والمحافظات غیر المنتظمة في إقلیم وینظم ذلك بقانون) ئەم ئیدارەی گەمارکە ئەگەر لێرە داهاتەکان مەبەست گومرگیش بێ بەڕاستی ئەمە کێشەیەکی دەستوریمان بۆ دروست دەکات، بۆیە پێویستە زیاتر وردبوونەوەی تێدا بکرێ، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

فەرموو جەنابی وەزیر.

**بەڕێز ئاشتی هەورامی(وەزیری سامانە سروشتیەکان):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تێبینیەکمان هەیە فەقەرە (ج) (تعاد الایرادات المتحققة) بزەبت ئەوە سوورە لە موازەنەی ئیتیحادی حکومەتی ئیتیحادی وای کردووە، ئێمەش عەینی شتمان کردووە، موتتەبەعە، هەموو ساڵ موازەنەی ئیتیحادی ئەو فەقەرەی تێدایە، ئینجا لەبەر ئەوە مونسەجیمە لەگەڵ موازەنەی ئیتیحادی، ناحیەی شیکلی نازانم تێگەیشتم یان نا؟ فەقەرەی (د ، ه)ی ئەوەلەن ببێ بە ماددەیەکی تایبەت، بەڵام لە دوای هینەوە بێت، (علی مجلس الوزراء تشکیل لجنة) ئەو ماددەیە لەوێ دایبنێن، چونکە یەکەم ئجرائاتەکەیە، دووەم وەزارەتەکان، هەرسێ وەزارەتەکان با بەشدار بن لە ئیجرائاتەکان، نەك هەر وەزارتی مالیە، با هەر سێ وەزارەتەکە خاڵەکە جێبەجێ بکەن، و مەجلیسی وزراش ئەو ئیجرائاتە دەکات یان دوو فەقەرەی تایبەت، سوپاس،

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

فەرموو لیژنەی یاسایی،

**بەڕێزعونی کمال سعید (بەزاز):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشنیار دەکەین ماددەی (5)ی پڕۆژەکە بخوێندرێتەوە هەتا سیاغەی ماددەی چوار ئامادە دەکەن،

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

ماددەی (5) بخوێننەوە تا سیاغەکە تەواو دەبێ،

**بەڕێزعونی کمال سعید (بەزاز):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة الخامسة:

على الوزارات والجهات المشار اليها في المادة الرابعة من هذا القانون اكمال مهامها خلال مدة لا تزيد على(60) ستون يومًا من تاريخ نفاذ هذا القانون، وتقديم تقريرها النهائي الى مجلس الوزراء للمصادقة عليها خلال مدة لا تتجاوز(30)يومًا من تاريخ وصولها الى المجلس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

ئێوە خۆتان تێبینیتان لە سەر هەیە لیژنەی یاسایی،؟ لیژنەی دارایی هەتانە؟

**بەڕێز د. ئاراس حسین محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وشەی (تقریرها) بیکەین بە (تقاریرها النهائیة)، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

کێ تێبینی هەیە لە سەر ماددەی (5) بۆ ئەوەی ناوی بنووسم، دوایی ناوی کەسی تر نا نووسم سێ کەس ناویان نووسراوە، تەواو (کاك کاردۆ، ئاشتی خان، کاك حەمە سعید) فەرموو کاك کاردۆ،

**بەڕێز کاردۆ محمد پیرداود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەم ماددەیە بەڕاستی روون نیە، مەبەستی چییە لە سەر وەزارەت و لایەنە ئاماژە پێکراوەکان لە ماددەی چوارەمی ئەم یاسایە پێویستە ئەرکەکانیان تەواو بکەن لە ماوەیەك کە (60) رۆژ زیاتر نەبێت، رۆژی بەکاربوونی ئەم یاسایە دوا راپۆرتەکانیان لە ماوەی (30) رۆژ پێشکەش ئەنجومەنی وەزیران بکەن، یەعنی ئەم تەحدیدکردنی رۆژە، یەعنی پرسیار لای من دروست دەکات بەڕاستی، چونکە دوایی دێنە سەری بەشی پێنجەم و رێگاکانی دەست خستنی مافە داراییەکانی هەرێم کە تەحدیدی رۆژ کراوەو ئەگەر نا هەرێم هەڵوێستی تری دەبێ و بە رای من هەموو ئەو کارانە بەبێ پەرلەمان نابێ ئەنجام بدرێ، یەعنی لەوەش راپۆرتەکەش دەبێ بۆ پەرلەمانیش بێت،

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

فەرموو ئاشتی خان،

**بەڕێز ئاشتی عزیز صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تێبینی من لە سەر ئەو ماددەیە ئەوەیە کە لە ماوەی (60) رۆژدا بەو ئەرکانەی کە دانراوە، ئەرکەکان هەمووی کۆمەڵێ ئەرکن کە پەیوەندی بە مفاوەزاتەوە هەیە بە دانوستانەوە هەیە، ئایا لە ماوەی ئەو (60) رۆژە ئێمە دەتوانین ئەو وەڵامانە بکەویێتە دەست و دواتر بە راپۆرت بخرێتە بەردەم ئەنجومەنی وەزیران، ئێمە لە ماددەکانی پێشووتردا ئاماژە بەوە نەکراوە کە ئێمە کێشەمان نەبێت وەکو وابێت یاسایەکی تازە بێ و سەرەتایە بۆ دروستکردنی جۆرێك لە پەیوەندی لە سەر ئەم موستەحەقاتانە کە کێشە نەبێت، بەڵام ئێمە هەموومان دەزانین کە کێشەیە، کەواتە ئێمە مادام ئێمە لەگەڵ واقیعەکە مامەڵە بکەین بە بڕوای من ئەو (60) رۆژە نە دەتوانرێ راپۆرتێکی ورد لە سەر ئەو مەسەلەیە بنووسرێ، و ئەنجومەنی وەزیرانیشی لێ ئاگادار بکرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

فەرموو جەنابی وەزیر،

**بەڕێز ئاشتی هەورامی (وەزیری سامانە سروشتیەکان):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە یاسایەکمان ناوێت هەر یاسایەك بێ داینێن، نامانەوێ وەکو دەستورەکەی عێراق بێ دوای (7) ساڵ هەیە، بەڵام کەس تەنفیزی ناکات، ئەمە ئیلزامی وەزیرەکان دەکەی، مەجلیس وزەرا دەکەی دەبێ ئیشەکەی خۆت بکەی، ئەم گلەییانەت هەیە، ئێمە ئالیەتمان داوە بە تۆ واجیبە لە سەرت لە ماوەی (30) رۆژدا ئەم تەخمینانە بکەی، و دوای (60) رۆژ ئەمە بکەی، لە ماوەی ئەوەندە تەسلیمی حکومەتی ئیتیحادی بکەی، ئەگەر وەڵامت نەبوو ئەم ئیجرائەتانە بکەی، ئەمە وەکو شەرێکی دەستوریە، ئەگەر ئیجرائاتی بۆ دانەنیێ و وەقتی بۆ دانەنیێ ئیشەکە ناڕوا، دژی قانون دەبێ ئیشەکەی خۆی نەکا، ئەو وەختە تۆ دەتوانی من راکێشی بۆ پەرلەمان بەپێی ئەم یاسایە لە ماوەی (30) رۆژدا دەبوایە وات بکردبایە بۆ نەتکردووە؟، ئەگەر ئەمەی تێدا نەبێ، من هیچ ناکەم، ئەمە بۆ خۆمان باشە، بۆ خۆتان باشە، بۆ هەموو میللەت باشە کە روون بێ، ئێمە مەبەستمانە ئەم یاسایە نەهاتووە بۆ ئێرە کە دابەزین وازی لێ بێنین، هاتووە کە ئالیەتێکە کە بچین دەستور جێبەجێ بکەین، دەبێ تەحدیدی بکەین دەبێ وەقت دابنێن، ئەگەر بە رەئی بەڕێزتان (30) رۆژ و (60) رۆژ زۆرە یان کەمە ئەوە قابیلن بۆ موناقەشە، بەڵام تەحدیدی دەوێ، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

فەرموو کاك حەمە سعید،

**بەڕێزحەمە سعید حەمە علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من جارێ پێم وایە جەنابی وەزیر دوای قسەی هەموو پەرلەمانتاران تەوزیح و تەعقیب و قسە بدا باشترە، چونکە ئیحتیمالە قسەی تر دوایی بێ یەك جار هەڵسێ بۆ ئەوە، بەنیسبەت ئەو ماددەیەوە من پێم وایە (وتقديم تقاريرها النهائية الى مجلس الوزاراء لإرسالها خلال (15) يومًا الى البرلمان للمصادقة عليها) بۆ ئەوەی پەرلەمان موسادەقەی بکا، وەزارەتەکان بینێرن بۆ مەجلیسی وزەرا، مەجلیسی وزەرا بینێرێ بۆ پەرلەمان بۆ ئەوەی پەرلەمان موسادەقەی لە سەر بکا، پەرلەمان ئاگای لەو بەیاناتە بێ، ئەگینا ئێمە یاسایەکمان دەرکردووە ئەگەر لیژنەی دارایی و لیژنە پەیوەندارەکان، لیژنەی سامانە سروشتیەکان ئاگایان لێ نەبێ و بەدواداچوون نەکەن و چاودیری ئیشەکانی حکومەت نەکەن کەواتە پەرلەمان رۆڵی هەیە، بۆیە بۆ پەرلەمان بێ، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

فەرموو کاك عونی ماددەی چوار بخوێنەوە،

**بەڕێزعونی کمال سعید (بەزاز):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**دوای بە رەچاوکردنی ئەو پێشنیارانە کە لەلایەن بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان کراوە سەبارەت بە ماددەی چوارەم سیاغەی ماددەکە بەم شێوەیە دەیخوێنمەوە،**

**الفصل الرابع**

**اسس تحديد الحقوق المالية للاقليم**

**المادة الرابعة:**

**اولا: تكون نسبة 17٪ المعتمدة في قوانين الموازنة الاتحادية اساسًا لتحديد حصة الاقليم من مجموع النفقات التشغيلية ونفقات المشاريع الاسستثمارية للموازنة العامة السنوية الاتحادية لحين اجراء احصاء سكاني عام في العراق، ويكون للاقليم نفس النسبة من مايأتي:**

**أ- اجمالي واردات الموازنة العامة الاتحادية من ضمنها الواردات الناجمة عن تصدير النفط الخام.**

**ب - إجمالي النفط الخام المكرر والمعد للاستهلاك في عموم العراق من ضمنها النفط الخام اللازم لتشغيل محطات توليد الكهرباء.**

**ج- إجمالي النفقات الحاكمة وتخصيصات اعمار وتنمية مشاريع محافظات الاقليم والزيادات المتحققة في الايرادات عن صادرات النفط الخام المصدر وتخصيصات النفقات السيادية للهيئات الاقليمة المماثلة للهيئات الاتحادية المتكونة من رئاسة الإقليم، والبرلمان، ومجلس الوزراء، ر مجلس القضاء، مكتب نائب رئيس الوزراء، حرس الإقليم، البيشمركة، مجلس حماية الأمن الوطني، هيئة حقوق الأنسان، هيئة النزاهة، الجنسية والحدود، وجهاز الأمن،**

**ثانياً: على وزارات المالية والاقتصاد والتخطيط والثروات الطبيعية احتساب المستحقات المشار اليها في الفقرات (أ ، ب ، ج) من الفقرة اولآ من هذه المادة بالتنسيق مع الجهات المعنية الاخرى في الاقليم.**

**ثالثاً:**

**أ - اضافةً الى حصة محافظات الاقليم من بترودولار عن النفط الخام المصدر من الاقليم منذ 2009، يستحق الاقليم بترودولار عن كل برميل نفط خام أو متر مكعب غاز منتج ومكرر او معد للأستهلاك في محافظات الاقليم، على ان تحتسب هذه المستحقات من قبل وزارة الثروات الطبيعية حسب المعايير المعتمدة من قبل الحكومة الاتحادية.**

**ب - تعاد الايرادات المتحققة فعلاً في المنافذ الحدودية لمحافظات الاقليم وتخصص حصرًا لتأهيل واعادة اعمار المنافذ الحدودية التابعة لكل محافظة.**

**ج - يختص مجلس الوزراء وبمصادقة البرلمان بتحديد كيفية التعامل مع الواردات المستحصلة من قبل الاقليم وذلك حسب احكام هذا القانون.**

**رابعاً:**

على مجلس الوزراء تشكيل لجنة وزارية لغرض تقدير التعويضات المستحقة طبقًا للفقرةالثالثة من المادة الثالثة من هذا القانون بمبالغ نقدية او مايقابلها عيناً من النفط الخام من الاقليم على ان تسدد التعويضات المقدرة باقساط سنوية لمدة لاتتجاوز (5) سنوات من تأريخ نفاذ هذا القانون.

**بەڕێز د. ارسلان بايز اسماعيل/ سەرۆكی پەرلەمانی كوردستان:**

كێ لەگەڵ دايە تكايە دەست بەرزكاتەوە؟ كێ لەگەڵ دا نيە؟ يەك كەس لەگەڵ دا نيە، بەزۆرينەی دەنگ پەسەند كرا، فەرمون بۆ خوێندنەوەی سياغەی ماددەی (5)،

**بەڕێزعونی كمال سعيد (بەزاز):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ئاخير سياغەی ماددەی (5) بەو شكلەيە:

المادة الخامسة:

على الوزارات والجهات المشار اليها في المادة الرابعة من هذا القانون اكمال مهامها خلال مدة لا تزيد على(60) ستون يومًا من تاريخ نفاذ هذا القانون، وتقديم تقاريرها النهائية الى مجلس الوزراء للمصادقة عليها خلال مدة لا تتجاوز(30)يومًا من تاريخ وصولها الى المجلس.

**بەڕێز د. ارسلان بايز اسماعيل/ سەرۆكی پەرلەمانی كوردستان:**

كێ لەگەڵ دايە تكايە دەست بەرزكاتەوە؟ كێ لەگەڵ دا نيە؟ سێ كەس لەگەڵ دا نيە، بەزۆرينەی دەنگ پەسەند كرا، فەرمون بۆ ماددەيەكی تر،

**بەڕێز ئاراس حسين محمود:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**الفصل الخامس**

**اجراءات استحصال الحقوق المالية للاقليم**

المادة السادسة:

اولا: على مجلس الوزراء بعد تحديد وتخمين الحقوق المالية للإقليم بموجب احكام هذا القانون مطالبة الحكومة الاتحادية بتسديد المستحقات المالية المقدرة وفق هذا القانون خلال مدة 90 تسعون يوما من تأريخ تبلغها بالمطالبة وقيامها بتشريع قانون توزيع واردات النفط والغاز استناداً الى البند اولاً من المادة 112 من الدستور.

ثانيا: في حالة عدم اشعار حكومة الاقليم من قبل الحكومة الاتحادية، خلال مدة 30 ثلاثون يوماً من تاريخ تبلغها، استعدادها للتباحث حول مستحقات الاقليم المالية، او مضي 90 تسعون يومًا من تأريخ بدء التباحث دون التوصل الى اتفاق حول هذه المستحقات، او مضي 90 تسعون يوماً من تأريخ استلام

الحكومة الاتحادية طلب الاقليم دون الاستجابة له وذلك بسكوتها عنه او رفضها له صراحةً او ضمنا، يحق للإقليم، حينئذ اتخاذ مايراه مناسبا من الاجراءات لاستحصال حقوقه المالية بموجب احكام هذا القانون بما فيها انتاج وتصدير وبيع النفط الخام والغاز لتغطية اي مستحق مالي تمتنع الحكومة الاتحادية عن دفعه سواء كان قبل نفاذ هذا القانون او بعده.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

بەکوردیەکەی،

**بەڕێزعمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

## بەشی پێنجەم

## ڕێگاکانی دەست خستنی مافە داراییەکانی هەرێم

ماددەی شەشەم:

یەکەم: لە سەر ئەنجومەنی وەزیران پێویستە دوای دیاریکردن و خەملاندنی مافە داراییەکانی هەرێم بەپێی حوکمەکانی ئەو ماددەیە داوا لە حکومەتی فیدراڵ بکا، بۆ ئەوەی مافە داراییە دیاریکراوەکانی بداتەوە بەپێی یاسا، و لە ماوەی (90) ڕۆژ لە مێژووی ئاگادارکردنەوەی بەداواکاریەکە و بەدەرکردنی یاسای دابەشکردنی داهاتەکانی نەوت و غاز هەڵسێت بە پشت بەستن بە بەندی یەکەمی ماددەی (112)ی دەستور.

دووەم: لە حاڵەتی ئاگادارنەکردنەوەی حکومەتی هەرێم لەلایەن حکومەتی فیدڕاڵەوە لە ماوەی (30) ڕۆژ لە مێژووی ئاگادارکردنەوەکەی دەبێت خۆی ئامادە بکات بۆ گفتوگۆ لە بارەی مافە داراییەکانی هەرێم یان دوای تێپەڕبوونی (90) ڕۆژ لە مێژووی دەست پێکردنی وەرگرتنی داواکەی حکومەتی هەرێم لەلایەن حکومەتی فیدڕاڵەوە بێ ئەوەی وەڵامی بداتەوە ئینجا چ بەبێ دەنگ بوون بێت یان بەرەتکردنەوەی ڕاستەوخۆ یان نا ڕاستەوخۆ؟ دوای ئەو کاتە هەرێم مافی هەیە هەر ڕێ و شوێنێکی گونجاو بگرێتەبەر بۆ دەست خستنی مافە داراییەکانی بەپێی حوکمەکانی ئەو ماددەیەی کە بەرهەم هێنان و ڕەوانەکردن و فرۆشتنی نەوتی خاو و غاز دەگرێتە خۆی بۆ داپۆشینی هەر مافێکی دارایی کە حکومەتی فیدڕاڵ ئامادە نیە بیدات ئینجا بەر لە دەرچوونی ئەم یاسایە بێت یان دواتر.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

فەرموو لیژنەی دارایی،

**بەڕێز د. ئاراس حسین محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە دەقا و دەق لەگەڵ ماددە یاساییەکانین پەسەندی دەکەین، سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

فەرموو لیژنەی یاسایی،

**بەڕێزعونی کمال سعید (بەزاز):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان**

ئێمەش لەگەڵ دەقی یاساکەین تەنها (حینئذ) لا بدەین، سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

ئەندامانی پەرلەمان ئەوەی کە ڕەئی هەیە لەسەر ئەمە ناوی بنووسین، (کاك دڵشاد، سۆزان خان، پەیمان خان، د. احمد، کاك عبدالسلام، د. صباح، ئاشتی خان، ئاهەنگ خان، کاك سەرهەنگ، سەرگوڵ خان، کاك عبدالله، کاك خورشید)

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

فەرموو کاك دڵشاد.

**بەڕێز دڵشاد حسین قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان**

من پرسیار لە سەر بڕگەی دووەم دەکەم کە لە پاش ئەو ئیجرائاتانەی کە کرا ئەو ڕۆژانەی کە دانرا حکومەتی ناوەندی وەڵامی نەداوە یان ڕەفزی کرد یان بەجۆرێك لەو جۆرانەی کە باسکراوە، ڕاستەوخۆ، (دوای ئەو کاتە هەرێم مافی هەیە هەر ڕێ و شوێنێکی گونجاو بگرێتەبەر بۆ دەست خستنی مافە داراییەکانی بەپێی حوکمەکانی ئەو ماددەیەی کە بەرهەم هێنان و ڕەوانەکردن و فرۆشتنی نەوتی خاو و غاز دەگرێتە خۆی بۆ داپۆشینی هەر مافێکی دارایی کە حکومەتی فیدڕاڵ ئامادە نیە بیدات ئینجا بەر لە دەرچوونی ئەم یاسایە بێت یان دواتر) پرسیار لە بەڕێز وەزیری سامانە سروشتیەکان بۆمان ڕوونکاتەوە، ئەو ئیجرائاتە تەبیعاتی مالی هەیە، تەبعیەتی سیاسی هەیە بۆ هەرێمی کوردستان ئێوە لەم حاڵەتەدا هەرێمی کوردستان ناخەنە ژێر ئەزمەیەکی مالیەوە، ئەو دەرهێنانی نەوتە و ناردنەی کە ئێوە بڕیار لە داهاتوو دەدەن، ئەگەر حکومەتی هەرێم موستەحەقاتی نەداینەوە ئەوە حکومەتی هەرێم بودجەکەشی بڕی دوای ئەوە، ئێوە ئیجرائات بکەن بەپێی یاسا ئەوکاتە بودجەکەشی بڕی ئێوە لە ڕاستیدا داهاتی نەوت لە کوردستان ئەوەی دەینێرنە دەرەوە ئەوەندەیە کە ئەزمەی مالی لە هەرێمی کوردستان و هەرێمی کوردستان نەکرێتە قوربانی سیاسەتێك کە نەزانی بەرەو کوێ دەڕوا، یەعنی ئەوە بۆمان وازیح بکەی، بۆیە لە داهاتوو دا ئێمە تەقریبەن ئەمساڵ نزیکەی (16) ترلیۆن (17) ترلیۆن لە بەغداد لە (17٪) وەرگیراوە، داهاتی نەوت لە ساڵێکدا ئێمە ئەگەر حکومەتی عێراقی ئیجرائاتی لەوە زیاتری وەرگرت بودجەکەشی بڕی، ئەوە پرسیارێك، دووەم: ئەم بڕیارە هەر وەکو وتم یەکەم پرسێکی هەم سیاسی هەم ئابووری هەم پرسێکی نیشتیمانیە، کاتێك دەڵێ هەرێم ئەو کاتە مافی هەیە هەرێم کێیە؟ حکومەتی هەرێمە لە ڕاستیدا حکومەتی هەرێم ئەو مافەی نییە، ئەو پرسە چارەنوسسازانە مافی پەرلەمانی

کوردستانە، بۆیە لێرە دەبێ بنووسرێ دوای ئەو کاتە پەرلەمانی کوردستان لە هەرێم، یان هەرێم بەڕەزامەندی پەرلەمانی کوردستان هەر رێ و شوێنی گونجاو بگرێتەبەر، چونکە ئەو پرسە پرسی وەزارەتێك و ئەنجومەنی وەزیران نییە، هەرێمی کوردستان بخاتە نێو ئەو ململانێ ئابووریەوە کە رەزامەندی پەرلەمانی لە سەر نەبێ، بویە پرسێکی نیشتیمانیە دەبێ رەزامەندی پەرلەمانی لە سەر بێ، سوپاس،

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

فەرموو سۆزان خان

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمانی**

پشتگیری خۆم بۆ رای هەردوو لیژنەی دارایی و یاسایی لە سەر ئەو ماددەیە، هەروەها بەڕێز وەزیر و یاساکە دەکەم، ئەوەی کە بەلای من زۆر زۆر گرینگە ئەمە یەکێکە لەو مافانەی کە باسمان کرد، چۆن سەربەخۆیی دارایی بۆ هەرێمی کوردستان مسۆگەر دەکەین لە رێگەی یاساکانەوە پێم وایە لە کاتی موناقەشات و پەسەندکردنی بودجەی هەرێمی کوردستان هەر هەموومان باسمان لەوە کرد کە ئێمە دەبێ سەربەخۆیی دارایی خۆمان بەدەست بێنین، و نەکەوینە ژێر فشاری پاش ئەوەی بەڕێز وەزیری دارایی باس لە موستەحەقاتی هەرێمی کوردستان کرد کە تا ئێستا چەندی ئیستیحسالٚ کراوە چەندی ماوە؟ بۆیە دەقاو دەق پشتگیری لەو ماددەیە دەکەین بەم شێوەیە بمینێتەوە وەك خۆی، سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

فەرموو د. أحمد.

**بەڕێز د. أحمد ابراهیم علی (وەرتی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش هەر پشتیوانی لەو ماددەیە دەکەم، دوای ئەوەی کەوا ئەو ئیجرائاتانەی حکومەتی هەرێم پێی هەڵدەستێ ئەوە حکومەتی ئیتیحادی ئیسیجابەی نابێ، جێی خۆیەتی کە حکومەتی هەرێم بەو ئیجرائاتانە هەڵسێ بۆ ئەوەی بتوانێ سەربەخۆیی دارایی دابین بکا بەپێی حوکمەکانی ئەم یاسایەن بەس تەنها دارِشتەوەیەکی لوغەوی هەیە لە (ثانیا: في حالة عدم اشعار حكومة الاقليم من قبل الحكومة الاتحادية، خلال مدة 30 ثلاثين يوماً) بە کیتابەتەن (ثلاثين)ە نەك (ثلاثون)، چونکە لەوێ دەبێتە مەجهول دەبێ (خلال مدة 30 ثلاثين يوماً)، و دوایي (او مضي 90 تسعون يومًا) لە هەردووکیاندا بکرێتە (90 يومًا) لە دواتریشدا کە دەڵێ (يحق للإقليم)، پێم باشە (الحق) بکەوێتە دوای ئیقلیم (للإقليم الحق حينئذ اتخاذ مايراه مناسبا)، سوپاس

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمانی كوردستان:**

فەرموو پەیمان خان،

**بەڕێز پەیمان عبدالكریم عبدالقادر:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لە ڕاستیدا من لەگەڵ پشتگیریم بۆ قسەكانی كاك دڵشاد حەز دەكەم چەند تێبینیەك بخەمە ڕوو، ئێمە لێرە، من بۆ خۆم نە بەتەنیا وەكو ئەندامی پەرلەمان، وەكو كورد زۆر دڵم خۆشە بۆ ئەو ماددەیە، و پشتگیری تەواویشی دەكەم، بەڵام وەكو ئەندامی پەرلەمان وەكو دامەزراوەی پەرلەمان گرینگە ئێمە لەبەردەمی ڕاستیەك دا بوەستین بزانین ئێمە بە قەدەر پەسەندكردنی ئەو ماددەیەن، تەبەعاتی قانونی ئەو ماددەیە چی دەبێ دواتر، دەتوانین بۆ ئەوەی شتێك نەكەین دواتر وابێت كە هەڵگرتنی بەردی گەورە نیشانەی نەهاویشتنی بێ، ئەوە بۆ پەرلەمان بە عەیبەیەك دەردەچێ كە ئێمە ئیقراری ماددەیەك بكەین كە دوایی نەتوانین ئیلتیزامی پێوە بكەین، بۆ خۆی ئێمە حەقمان هەیە داوای موستەحەقاتی دارایی خۆمان بكەین، و شكاتی یاسایی لە دادگای فیدڕالی بكەین، و ئێمە هەمووومان، زۆربەمان ئەندامانی پەرلەمان لە كاتی موناقەشەكردنی پڕۆژە یاسای بودجە باسی ئەوەمان كرد كە مەفروزە حكومەتی هەرێمی كوردستان سكاڵای یاسایی بەرزكاتەوە، هەتا هاتنی ئەم پڕۆژە یاسایە بۆ پەرلەمانی كوردستان حكومەتی هەرێم داوای یاسایی با بڵێین ئەو مافانەی نەكردووە، یەعنی سكاڵای یاسایی لەو بارەیەوە پێشكەش نەكردووە، لە بێ دەنگ بوون لە بەرامبەر ئەو داوایانە یەكسەر ئێمە هاتوینەتە سەر ماددەیەك كە نەك هەر داوای دەكەین لە ناو ماددەكەدا حەق بە خۆمان دەدەین ئەگەر حكومەتی عێراق جەوابی نەدایەوە ئێمە ئازادی دەرهێنانی نەوتمان هەیە، و بێجگە لەوەش ئەسەری ڕەجعیمان هێشتۆتەوە، یەعنی نەك بەتەنیا بۆ ئەو موستەحەقاتانەی كە ڕەنگە لەمەو دوا نەی دەن ئەوەی پێشتریش نەدراوە، ئێمە حەقمان هەیە كە نەوت بەقەدەر ئەوە دەربێنین و ئەوانەش بێنینەوە، ئەمە لە ڕووی نەتەوایەتیەوە من زۆر پشتگیری دەكەم و دەبوایە زۆر دەمێكە بمان كردبایە، بەڵام پرس ئەوەیە ئێمە ئێستا چونكە ئەمە پرسێكی سیاسی ئیقتیسادیە بە تەنیا پەرلەمان ناتوانێ تەبەعاتی ئەو هەنگاوە هەڵگرێ، ئایا ئێستا هەرێمی كوردستان كە لێرە ئیشارەت بە هەرێم دراوە بەبێ ئەوەی با بڵێین نازانین دواتر سەرۆكایەتی هەرێمە، پەرلەمانە، حكومەتە، هەمووی بەیەكەوە هەیئەیەك دروست دەكا، كامیەتی؟، بەڵام ئایا ئێستا ئێمە وەكو پەرلەمان یان جەنابتان لایەنی كەم وەكو سەرۆكایەتی پەرلەمان لەگەڵ هاتنی ئەم پڕۆژە یاسایە بەرچاوتان ڕوونە بەرچاومان ڕوونە لەوەی كە هەرێمی كوردستان لە ئێستادا ئیستیعدادی ئەو مواجەهەیەمان هەیە، و ئیستیعدادی ئەو هەنگاوانەمان هەیە، لە كاتێكدا لە بەینی قەوس دا ئێمە زۆرجار بەرپرسە سیاسیەكان دەبیسین كاتێك كە دەنگێك بەرز دەبێتەوە بۆ كۆمەڵێك سەربەخۆیی ئیداری یان ئیقتیسادی بە جۆرەها شێوە پابەندێتی هەرێمی كوردستان بە سستمی فیدڕالی بە دەوڵەتی فیدڕاڵەوە ڕادەگەیەنن، بۆیە ئەمە حەقە هەتا ئەو پرسە بۆ ئێمە یەك لایی نەبێتەوە ئێمەی ئەندامانی پەرلەمان

نەچینە ژێر ئەو بەرپرسیاریەتیەی کە تەحەمولی شتێك بکەین کە بڕیاری سیاسی پێ وەرنەگیرابێ، سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

فەرموو جەنابی وەزیر.

**بەڕێز ئاشتی هەورامی( وەزیری سامانە سروشتیەکان):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان**

زۆر سوپاستان دەکەم بۆ ئەو روونکردنەوە، بەڕاستی جەوهەری قسەکان ئەوە بوو، من با دوو نموونە باس بکەم بەرەو کوێ دەڕۆین، من سیاسی نیم، سیاسەت بەجێ دەهێڵم بۆ ئێوە، بەڵام ئەوەی کە من ئاگادارم دەبێ ئێوەش لێی ئاگاداربن، ئێمە لەسیاسەتی خۆمان بڕیاری گەورەمان دابوو چەند ساڵی رابوردوو ئەبوایە سەربەخۆ بین لە کارەبا، ئەگەر نەمان کردبا کارەبات هەر نەدەبوو، ئەو بڕیارە گەیشتە مەرحەلەیەك ئێستا (20 تا 24) کارەبامان هەیە، ئێمە چەند ساڵی رابوردوو بڕیارێکمان دا لە سووتەمەنی دەبێ سەربەخۆ بین، ئەگینا ئاوا دەمانخنکێنن، و ئێستاش خەریکە هەر نەوت و بەنزینی سلێمانی شوێنەکانی تر دەبڕن، ئەو بڕیارە هاتە قۆناغێك ئێستا ناتوانن، چونکە ئێمە توانامان هەیە لە پاڵاوگەکانی خۆمان بەشێکی بێنین ئاڵوگۆڕیش دەکەین نەختێکی تری لەدەرەوە دەیهێنین کە حکومەتی ئیتیحادی بەیانی یەك قەترە بەنزین نەدا، ئێمە دەتوانین جێبەجێی بکەین، ئینجا ختوەی ئەخیر ماوە ئەوەی کە بە موازەنە هەڕەشەی دەکا هەموو جارێ بیبڕێ، بیبڕێ ئەبێ بگەینە مەرحەلەیەك کە توانایەکی ئیقتیسادی سەربەخۆیی، خۆمان هەبێ کە میللەتی کورد باسی سیاسەت ناکەم لێرە، ناحیەی ئیقتیسادی بەدەست خۆتە ئەو وەختە تۆ دەچیە ناو چاوی دەوڵەتێکی ئیتیحادی عێراقی دیموکراتی دەتوانی بژیت، ئەگەر ئەوەت بە دەست نەبێت کلیلەکە لەلای بەغدایە بەپێی ئەم یاسایە ئەگەر بەغدا هاتە پێشەوە دەستور جێبەجێ بووە، ئەگەر نەهاتە پێش ئالیەتی داوە بە حکومەتی هەرێم کە خۆی جێبەجێی بکا، باشە پرسیارێکی زۆر مەعقول کرا لای ئەم دوو ئەندام پەرلەمانە، ئایا نەتیجەی چییە ئەگەر هاتو تەبەنی کرد تەبعەن مەحکەمەی دەستوری هەیە، بەڵام خۆی دەستوری نیە، ببوورە من ئەو قسەیە دەکەم، هێشتا دانەنراوە ئەندامەکانی لە رێگەی پەرلەمانەوە دەچی لە کوێ شکات دەکەی، شکات دەکەی لای کێ؟ هەموو ئەندامەکان هەڵبژێردراون دژی خۆت دەنگ دەدەن، ئینجا لەبەر ئەوە با بڵێین ئایا موجازەفەیەکمان هەیە، لەمە موجازەفە لەوەیە حکومەتی ئیتیحادی ئەگەر موازەنەکەت ببڕێ، باشە موازەنەی ئێمە قیمەتی چەندە؟ ئێستا موقابیلی (10٪)ی داهاتی عێراقە سافیەکەی ئەوەی کە نایدەن ئەوە هەرنایدەن (10٪) یان (10٪)نیوە تەقریبەن موقابیلی (250) هەزار بەرمیل رۆژانەیە، خوشك و برایانی بەڕێز ئێستا (400) هەزار بەرمیل دەتوانین ئینتاج بکەین، بۆ ناوەخۆ (100) هەزار زیاترمان پێویستە بۆ تەسفیە، بەڵێ نەختێ ئالیاتی فەنی و ئەوانەمان دەوێ، بۆڕی وئەو شتانە بیخەینە بازاڕ، بەڵام ئەگەر چونکە هاوکارمان هەیە و تەبەنی هەیەو لە بازاڕی عالەمی و کوردستان، لە سەر خەریتەی عالەمی تاقەیە ئێستا من دەڵێم

ئەو موجازەفەیە ئەگەر وەكو كوردێك دەنگم هەبێ، من دەڵێم ئەو موجازەفەیە باشترە لەوەی بخنكێم و بوەستم بۆ رەحمەتی ئەوەی كە لە بەغدا نە تەقدیری هەیە بۆ دەستورەكە نە بۆ هیچ، ئینجا لەبەر ئەوە راستە شوێنی خۆیەتی كە مولاحەزەكە منیش لەگەڵ دا مە ئێمەش بیرمان لێ كردۆتەوە، بەڵام ئەوە خەتوەیەكە كە ئێمە فەرزی بكەین لە سەر حكومەتی ئیتیحادی تەبەنی فەقەراتی دەستوری بكا، داوای هیچمان نەكردووە لێرە، ئێمە دەڵێین تەبەنی بكا بەپێی دەستور ئێمە لەگەڵت داین داهاتەكە هەمووی بۆ خۆتە وەرە جێبەجێی بكە ئەگەر نەی كرد تۆ ئالیاتێكت هەبێ، وەكو كردوومانە بۆ كارەبا كردوومانە بۆ سووتەمەنی دەچین تەعویز موازەنەی خۆمان دەكەین، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمانی كوردستان:**

فەرموو كاك عبدالسلام،

**بەڕێز عبدالسلام مصطفى صدیق:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

وێڕای پشتگیری كردنی تەواوی من بۆ ئەو سیاسەتەی كە ئەم مادده تەعبیری لە سەر دەكات، من فكرەیەك لێرە تەرح دەكەم كە بەڕێزان هەردوو وەزیر و بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان و لیژنەكانیش ئەگەر باش بوو بە هەندی وەرگرن، عادەتەن ئەم شتانەی كە رۆژی تێدایە كە ئەگەر نەبوو چی دەكەن لە تەجاروبی فیدڕالی دەوڵەتەكانی تر ئەویش هەر یەك جیاواز لە ئەوی تر داخیلی ئیتیفاقیات دەبێ حكومەتی ئیتیحادی لەگەڵ ئەقالیم، و ئەم شتانە لەوێ تەسبیت دەكرێ من نازانم مەجال ماوە ئێمە لە بیدایەتی ئەم فەقەرە پێشی یەكەم و دووەم بڵێین بۆ ئەوەی ئەوحالەتانەی تا ئێستا روویداوە لە نەبوونی ئیلتیزامی حكومەت و پێشێلكردنی دەستور بۆ ئیجاد حەلی كۆتایی بۆ ئەو موشكیلە مالیە تا گەیشتن بە موعاهەدەیەك لە نێوان حكومەتی ئیتیحادی و ئیقلیم، حكومەتی ئێمە دەبێ وا بكات من نازانم وەقتی ماوە ئەو سیاغەیە بكەین یان نا؟ بەڵام بەشێوەیەكی گشتی ئەوانەی كە لە دەوڵەتی فیدڕالی ژیاون یان تەجروبەیان كردووە ئیتیفاقیە لە بەینی حكومەتی ئیتیحادی لەگەڵ ئەقالیم شتێكی تەبیعیە و رۆژانەیە هەموو ئەو خیلافاتی دەستوری و ئەوانە لە رێگای ئیتیفاقیات دەكرێ، و لەوێ باسی مەواعید و رۆژ و ئەو دەكرێ، سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە / جێگری سەرۆكی پەرلەمانی كوردستان:**

فەرموو د. صباح،

**بەڕێز د. صباح محمد نجیب:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەم ماددەیە لە راستیدا فەحوای ئەم یاسایەیە، بۆیە هەرچەند موناقەشەی زیاتری لە سەر بكرێ، و ئەبعاد و لایەنە جیاوازەكانی باشتر بخوێنینەوە وابزانم زیاتر خزمەت بە غەرەز و غایەی قانونەكە دەكا، من پێم وایە یەعنی هەرچەند عێراق وەزعێكی زۆر تایبەتمەندی هەیە لەگەڵ بوونی دەستوردا، دەستورێكە لە

(85٪) خەڵکی عێراق دەنگی بۆ داوە، بەڵام تەماشا دەکەی زۆر ماددەی دەستوری هەیە موعەتەڵە، لە جێی خۆیدا وەکو بڵی هەڵوەڕی دەکا، مەبدەئێکیشمان هەیە کە لەو شوێنانە کە یاسا بێ دەنگە سیاسەت دەور دەبینێ، لەو شوێنانە کە سیاسەت رەنگە بوەستێ نۆرە، نۆرەی سیاسەتە یەعنی قەراری سیاسی دەتوانێ زۆر رێ گوشابێ بۆ ئەهلی قانون، منیش تەئکید لەسەر ئەوە دەکەمەوە ئەگەر ئەم ماددەیە بەو شێوەیە بەو سیاغەیە بمێنێ تەبعەن هەندێك ئاسار و موزاعەفات و سیاسی و قانونی لێ دەکەوێتەوە دەبێ حیسابی ئەوە بکەین کە مومکینە حکومەتی ناوەندی یان حکومەتی فیدڕالی تەعن بکا لە قانونەکە، بەڵام کە تەعنیش بکا ئێمە مومارەسەی حەقێك دەکەین با ئەمە ببێ بە نوقتەیەکی مفاوەزاتی حکومەتی هەرێم لەگەڵ حکومەتی ناوەندی، بۆیە من لەگەڵ ئەوە دام سیاغەکە ئەگەر زەعیف بێ بە قوەت تری بکەین، یەعنی من پێم وایە کە بڵێین (على حكومة الإقليم، على مجلس الوزراء اتخاذ مايراه مناسبا) نەك بڵێین (يحق للإقليم) چونکە بەڕاستی رۆژێك لە رۆژان هەر دەبێ کە هەرێمی کوردستان لەم قوناغەوە چەند هەنگاو بچێتە پێشەوە زۆر لەو حەقانەی کە رەنگ بێ هێشتا دەستور لەبەرئەوەی دەستوری تەوافوقی بووە زۆر لەو حەقانە هێشتا تەسبیت نەکرابێ، زۆر حەقی تریش کە هەیە ئێمە تەسبیتی بکەین، بۆیە من تەئیدی ئەو ماددەیە دەکەم، بەڵام بەرەچاوکردنی ئەوەی کە خۆمان ئامادە بکەین بۆ هەموو تەبیعاتێکی سیاسی و قانونی تەنانەت حەساریش کە لە سەر هەرێمی کوردستان دروست ببێ، ئەمەش پێویستی بە هەماهەنگی بە تەوافوقێکی سیاسی حەتمی هەیە لە نێوان هەموو مکەونات و لە نێوان بەتایبەتی پێکهێنانەکانی پەرلەمانی کوردستان، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

فەرموو ئاشتی خان،

**بەڕێز ئاشتی عزیز صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بەم ماددەیەبڕگەی دووەمی منیش پشتگیری لەوە دەکەم کە ئەو عیبارەتەی کە هەر رێ و شوێنێکی گونجاو بگرێتە بەر ئەمە جۆرێك لە مەتاتیەتی هەیە، تەبیعاتی سیاسی و قانونی لەوانەیە تا حەدێك بتوانین تەبیعاتە قانونیەکە بخەینە سەر شانمان، بەڵام ئایا بیر دەکرێتەوە لەوە تەبیعاتە سیاسیەکە، چونکە ئێمە وەکو ئەندامانی پەرلەمان مەسئولیەتەکە هاوبەشە ئەمڕۆ لێرە تەصویت دەکرێ لە سەری کەواتە ناکرێ لە نەتائیجەکان کە هەنگاوی تر دەگریتەبەر کە پەرلەمانی کوردستان لە مەسئولیەتەکە بهێندرێتە دەرەوە مادام قوەتمان هەیە بۆ یاساکە پرسمان پێ دەکرێ، و پێویست بە تەصویتی ئێمەیە بۆ تەسدیق کردنی ئەم یاسایە کەواتە بۆ هەر ئیجرائاتێکی تریش پێویستە ئەو مەکانەتە تەبیعیە بدرێتەوە بە پەرلەمانی کوردستان، و لەوێش لەو رێ و شوێنەدا ئیزافە بکرێ کە لە

دوای ئاگادارکردنەوە یان پرس کردن بە پەرلەمانی کوردستان رێ و شوێن بگرێتە بەر ئەمە لەو دیوە وەکو ئەندامی پەرلەمان، بەڵام لەم دیوەی تر وەکو کە بەڕێز وەزیری سامانە سروشتیەکان ئاماژە بەوە دەکا کە وەکو سیاسی قسە ناکا، منیش مافی خۆمە وەکو سیاسیەك قسە ناکەم، ئێمە (5) مانگ بەر لە ئێستا بودجەی هەرێمی کوردستانمان تەسدیق کردووە بە عجزێکی زۆرەوە، و ماوەی (4) ساڵە عیجزمان هەیە زۆر جار بۆ نەختینەیەك یان بۆ پێشینەیەك موشکیلەمان هەیە دەستمان بەستراوە دەڵێین هەرێمی کوردستان ناتوانێ قوەی دارایی ئەوەندە زۆر بێ کە ئەم پێشینانە زیاد بکات، یان بۆیە ناتوانین عیجزی پێشمەرگە پڕ بکەینەوە یان عیجزمان لە هەندێك سێکتەری تردا پڕبکەینەوە، لەبەر ئەوەی داهاتی هەرێمی کوردستان سەقفێکی دیاریکراوی هەیە، بەڵام ئەوەی کە ئێستا گوێبستی بەڕێزت بووم بە سوپاسێکی زۆرەوە زۆر بە تەلاقەت دەڵێ یەکێکە لە ئۆپشنەکان خیارەکان لەبەردماندا ئەوەیە کە ئەگەری هەبێت میزانیەمان لە (17٪)کە لە حکومەتی فیدراڵەوە ببڕێت، باشە کامەیان راستە کامەیان قوەی دارایی هەرێمی کوردستانە ئەوە چوار ساڵە ئێمە موناقەشەی دەکەین بەردەوام بە عیجز دەڕۆینە دەرەوە (6) مانگ پێشینەکان ئەوەستن یان ئەو قوەتە ماددیەی کە جەنابت لە پشتی موناقەشەکردنی ئەم یاسایەوە من پێم خۆش نیە ئەوەندەی خۆشحاڵم، خۆشحاڵم بەو وەزعەی داراییەدا، بەڵام جەنابت وتت یەکێك لە ئەگەرەکان بۆ ئەوەی پەتەکە لە ملمان توند نەکەن وەکو چۆن سەربەخۆیی کارەبا پۆزەتیڤ بووە ئیعلانمان کرد، ئەکرێ لایەنەکانی تریش ئیعتیماد لە سەر خۆمان بکەین بۆ ئەوەی گوتمەوە بۆ ئەوەی جەنابت دڵنیابە کە بە باشی گوێم لە قسەکانت گرتووە، بەڵام کامەیان قوەی ئیقتیسادی هەرێمی کوردستانە، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل / سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

فەرموو جەنابی وەزیر،

**بەڕێز ئاشتی هەورامی(وەزیری سامانە سروشتیەکان):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من لێرە یەك شت دەڵێم ئەگەر ئەو یاسایەمان بەدەست بایە دوو ساڵ لەمەو پێش من دەمتوانی پارەی پێشمەرگە بدەم، بەپێی یاسایە ناتوانین ئیجرائات بکەین کە بچین مەسەلەن ئینتاج بکەین نەوت بفرۆشین بڵێین بەپێی ئەو برگەیە فەرموو ئەوەتە پارەی پێشمەرگە بزەبت ئەویە موشکیلەی ئێمە، ئێمە ئەمانتوانی (300) هەزار بەرمیل نەوت ئینتاج بکەین، بیفرۆشین، بەکاری بێنین، ئەگەر ئەم یاسایەم بەدەست بوایە تۆ ئالیەتت داوە بە حکومەتی خۆت ئیشەکەی خۆی بکا، زۆر سوپاست دەکەم بززەبت ئەوەیە موشکیلەی لەبەر ئەو سەبەبە ئێمە هاتووینە ئەو پەرلەمانە بۆ ئەوەی حکومەت دەعمێکی سیاسی، دەعمێکی یاسایی بەدەست بێ بۆ ئەوەی شەڕی خۆی لە بەغداد بکا، سەرکەوێ ان شاء الله، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمانی كوردستان:**

فەرموو ئاهەنگ خان،

**بەڕێز ئاهەنگ عارف رؤوف:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پشتگیری لە قسەكانی كاك دڵشاد و ئاشتی خان دەكەم بەڕێز جەنابی وەزیر زۆر بە سەراحەت قسەی كرد كە قوەتێكی یاسایی و پەرلەمانی دەوێ بۆ ئەوەی بتوانین بەرەنگاری حكومەتی ئیتیحادی ببینەوە، كەس نیگەران نیە لەوەی ئێمە بتوانین ئەم قوەتەمان هەبێ ئیتیجاهی ئەوان بە ئیقتیساد و بە قانون راوەستن و ئەوە خەونی هەموو تاكێكی كوردە، و هەتا پێمان بكرێ مەفروزە دیفاعی لێ بكەین، بەڵام جەنابت دەڵێی قوەتی قانونی هەبێ و دەڵێی پەرلەمان هەبێ من لەو فەسڵە بۆ ئەوە یاساكەزۆر زۆر سەغەراتی لێ نەگیرێ، چونكە هەندێك جار حكومەتی ئیتیحادی جەنابت دەزانی زۆر نا بیغەنە لە عەرەبی و لە عیباراتی عەرەبی و لە قانون بۆ ئەوەی سەغەراتمان لێ نەگرن ئێمە دەڵێین (على مجلس الوزراء بعد تحديد وتخمين) لەگەڵ تۆمە ئەوە ئیجرائاتە عاید بە مەجلیس وزەرایە لە فەقەرەی ئەوەلەن، ثانیا: في حالة عدم اشعار حكومة الاقليم من قبل الحكومة الاتحادية) ئەوەش ما بەینی دوو حكومەتە، و حكومەتی خۆمان موقابیلی حكومەتی ئیتیحادی ئەگەر بە زیاتریشی دانەنێم من بە كەمتری دانانێم ئەوەش حەقێكی هەموو كوردە ئەوەش لەگەڵ جەنابتم، بەڵام دێیەوە خوارێ مەتاتیەكی تێدایە دەڵێ (يحق للإقليم) من دەڵێم (يحق لحكومە الإقليم بعد مصادقه البرلمان) ئایا نیگەرانی ئەگەر ئەو عیبارەیە زیاد بكەی لە فەقەرەكە لە ئاخیر (300) بێ، يحق لحكومة الاقليم بعد مصادقة البرلمان حينئذ اتخاذ مايراه مناسبا) بۆ ئەوەی هەر ئیجرائیكی جەنابت دەكەی دیسان قوەتی قانونی و پەرلەمانی لەگەڵ بێ، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمانی كوردستان:**

فەرموو ناسك خان،

**بەڕێز ناسك توفیق عبدالكریم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

وابزانم ئێمە لەگەڵ سیاسەتی نەوت دا گرفتێكمان هەبووە ئەم چەند ساڵە گرفتی وازح نەبوونی داهاتەكەیە، ئەگینا بڕوا ناكەم هیچ كەسێك، هیچ هاووڵاتیەك، هیچ ئەندام پەرلەمانێك پێی خۆش نەبێ كە ئێمە خاوەنی داراییەكی سەربەخۆو ئیستقلالیەتێكی مالی بین و چاوەڕوانی ئەوە نەبین سووتەمەنیمان لە مەركەزەوە بۆ بێت ئەو هەمووئەزمەیەی كە دروست بووە یان چاوەڕوان نەبین سولەفمان بە (36) جار لە بەغداوە بۆ بێ و دەی دێ و دەی ئەبرێ، دەی نایێ و دەی بانق پارەی تێدا نیە، بەڵام گرفت لەوە دایە كە بەڕاستی جەنابی وەزیر چەندین جار ئامادەیی ئەوەی دەربڕی وە كە كە بێتە ئەم پەرلەمانە مانگی (7)ی پار 2012 لە لیژنە وتی من و سەرۆكی حكومەت بیدایەتی مانگی (9) دێینە ئێرە و هەموو شتێك

تەوزیح دەدەین، بەڵام بەڕاستی لە 9/25 دا ئینجا ئێمە ئیمزامان کۆکردەوە هەتا ئێستا کە ئامادەیی خۆی دەردەبڕی دیارە بەڕێزیان ئامادەیە، و هیچ ئیشکالیەکی نیە من تەئەکیدم لەوە، دیارە ئیشکال لە شوێنێکی ترە، ئایا سەرۆکایەتی پەرلەمانە تەلەب ناکا، یان سەرۆکی حکومەت جەواب ناداتەوە؟ لەبەرئەوە من پێم وایە تا وتم ئەنانیەت دروست نەبێ لەبەینی پەرلەمان و حکومەتدا لە داهات، و بیزات ئەگەر ئێوە ناوێرن، ئێمە زۆرینە ئیشکالمان نیە ئاگامان لێیەتی وابزانم لەم مەوزوعە چۆن بە بەغدا دەڵێن نابێ بەزۆرینە و کەمینە ئیش کرێ، ئەمە شتێکی نیشتیمانیە، وابزانم مەوزوعی نەوتیش لەبەر ئەوەی دواتر هەر دەرهاویشتەیەکی سیاسی هەبێ هەمووومان تێدا بەشدارین لەبەرئەوە حەقی ئێمەشە وەکو ئۆپۆزسیۆن ئاگامان لە هەمووی بێ، ئەگەر فراکسیۆنی کوردستانی ئاگای لە هەموویەتی حەقی خۆمانە ئێمەش وەکو ئۆپۆزسیۆن لە ناو پەرلەمان دا ئاگامان لێ بێ، بۆیە ئەو مەقتەعەی بەجێ دەهێڵم بۆ ئەوەی ئیئتیمنان بین لە قەزیەکە ئەوەی کە جەنابی وەزیر ئامادەیی دەربڕی سەرۆکایەتی پەرلەمان دەسەڵاتی خۆی بەکار بێنی مەوعیدێکی زوومان بۆ تەرتیب بکا با هەردووکیان بێنە ئێرە، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

ئەمە کەینێ لە زمنی ئەم ماددەیە، خۆت و خوای خۆت،

**بەڕێز ناسك توفیق عبدالکریم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

نا، نا پێش من کاك سالار دواتر کاك دڵشاد بوو وابزانم ئیقراری ئەمەیان کرد، و تەلەبیان کرد، و منیش پشتیوانی لە قسەکانی جەنابی وەزیر دەکەم، ئاخر منیش ئەوە دەڵێم، دەڵێم ئەو ئیستیعدادی هەیە ئێمەش داوای دەکەین ئەی کێیە ناهێڵی بێت؟ ئەوەی کە من دەمەوێ لێرە ئیشارەتی پێ بدەم بڕگەی یەکەم خەملاندنی مافە داراییەکانی هەرێم تەنها نەوت نیە، بۆچی بەستوومانەتەوە بە دەرکردنی یاسای نەوتەوە، بۆچی بەستوومانەتەوە بە دەرکردنی یاسای دابەشکردنی داهاتەکانی نەوت، چونکە کە دەڵێن لە سەر ئەنجومەنی وەزیران پێویستە دوای دیاریکردن و خوملاندنی مافە داراییەکانی هەرێم مافە داراییەکانی هەرێم ئایا هەمووی هەر ئەوەیە کە پەیوەندی بە یاسای دەرکردنی نەوت و غاز هەیە، بۆ بەستوومانەتەوە بەوە؟، ئەوە یەك، دوو پشتیوانی تەواو لە قسەکانی ئاشتی خان دەکەم و ئەوەی د. صباح کە دەڵێ من پێم وایە با ئەوە وا لێ بکەین، نەڵێن هەرێم مافی هەیە، بڵێین حکومەتی هەرێم دەبێ هەر رێ و شوێنێکی گونجاو کە پەرلەمان ئیقراری دەکا ئیتر هیچ ئیشکالێك دروست نابێ بۆ ئەوەی ئێمە ئاگامان لەم رێ و شوێنانە بێ کە حکومەتی هەرێم دەیگرێتەبەر مادام شتەکە دەستوری نیە، چونکە تۆ بەبێ دەستوری، چونکە ماددەکانی دەستور تەعتیل کراوە، کەواتە تۆ ئەم هەرێمە دەخەیتە بەر مەترسێکی گەورە تۆ شتێك دەکەیت پێچەوانەی دەستور، کەواتە دەبێ ئەم پەرلەمانە کە نوێنەری خەڵکی لێیە ئیقراری ئەو رێ و شوێنە بکا بۆ ئەوەی دوایی بە هەمووومانەوە بەرەنگاری مەترسییەکان بین، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

ئەم قانونە بۆ ئەوەیە تۆ دەستی حکومەت بکەیتەوە، کە قانونەکەت دانا ئیتر راوێژی بۆ چییە؟، حکومەتی هەرێمی کوردستان بەپێی ئەم قانونە تەعامول دەکا، فەرموو جەنابی وەزیر،

**بەڕێز ئاشتی هەورامی(وەزیری سامانە سروشتیەکان):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من هیوادارم مافی نەتەوایەتی و دەستوری تێکەڵ نەکەین لە ئەوەی لە ناوەخۆ هەمانە شەفافیەتە مەسەلەن شەڕی لە سەر بکەن هەتا ئاخیر دۆلار ئاشکرا دەبێ من لەگەڵتانم هیچ موشکیلەم نیە لە سەری، بەڵام ئەوە بابەتێکی جیایە لەوەی کە ئێمە مافی دەستوریمان هەیە لە سەر بابەتەکە کە هاتووین بۆ پەرلەمان ئەوە تەواو بێ، من ئامادەم دووبارە دەیڵێمەوە چیتان دەوێ حازرین ناحیەی مالی شیرنیەکانە، داهاتی نەوتە هەمووی حازرە بەدڵتان دەبێ من موتەئەکیدم لە سەر ئەوە، بەڵام با تێکەڵی نەکەین لە سەر ئەم دووشتە، و لەگەڵ ئەوەش دام کە ئەگەر هاتو لە باتی ئەوەی بڵێی (یحق للإقلیم) ئەگەر دەتەوێ بە توندتر بڵێ (علی حکومە الإقلیم) منیش رازیم لە سەر ئەوە موشکیلەم نیە لە سەر ئەوە، ئەو شتانە ئیجرائات بکا، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

فەرموو عبداللە،

**بەڕێز عبداللە محمود محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە ئەم ماددەیە زۆر گرنگە لەبەرئەوەی کاتی دیاری کردووە، بە بۆچوونی من دەرکردنی ئەم یاسایە زۆر گرنگە، چونکە دەبێتە پاڵپشتی فەراغی سیاسی و دارایی لەهەرێمی کوردستان، بە کۆی گشتی ناوەڕۆکی پرۆژەکە، ئەگەر بەخێرایی چاوێکی پێ دا بخشێنینەوە کە هاتۆتە پەرلەمان، لایەنی سیاسی، لایەنی توانای دەرکردنی زیاتری دارایی، مافی قەرزی نێو دەوڵەتی، قەرەبوو، پارەی کەڵەکە بووی کە لای عێراقە دیارە مەسەلەی پێشمەرگەشی تێدایە، مافە سیادیەکان، مەسەلەی جینۆساید، پاراستنی یەکێتی گەلی عێراق لە مەسەلەی داهات، لەبەرچاوگرتنی نەوت و غاز بە یەکسانی بۆ گەلانی عێراق، دیاریکردنی نوێنەر لە داهاتە فیدڕالیەکان، دانانی یاسا و دابەشبوون، بەشداری کارای هەرێم لە خۆماڵی نەوتی ئێستا و ئایندە بە لەبەرچاوگرتنی تایبەتمەندی هەرێم و هاوسەنگی بووژاندنەوەی مافی هاووڵاتیانی کوردستان ئاماژەی نەوتی خاو بۆ وەبەرهێنانی کارەبا، پارەی، سیادی بەشی پارێزگاکانی هەرێم لە پترۆ دۆلار، داهاتی سنووری پارێزگاکان کە بخرێتە سەر سامانە سروشتیەکان ئەمانە بەگشتی لەم پرۆژە یاسایە دا هاتووە، بە بۆچوونی من دیاری کردنی کات زۆر گرنگە ئەگەر حکومەتی عێراق پابەندبوو بە یەکێتی گەلانی عێراق کە عێراقی تازەی لە سەر بنیات نراوە ئەوە ئەهلەن وەسهلەن، ئەگەر نەبوو ئەو بەرێی خۆی و هەرێمی کوردستانیش بە رێی خۆی، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

فەرمووو کاك قورشيد،

**بەڕێز خورشيد احمد سليم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕاستی دووەم بەڕەئی من سیاغەکەی زۆر وازح نیە، ئێمە دەتوانین سیاغەیەکی تری بۆ بدۆزینەوە مرەتەب تر بێ و باشتر بێت، من سیاغەیەکم حازرکردووە ئەگەر برادەران رەئیان لە سەر بێ، ثانیا: في حالة عدم استلام حكومة الاقليم إشعاراً من الحكومة الاتحادية، تبدي استعدادها للتباحث حول مستحقات الاقليم، خلا (30) يوماً من تأريخ استلامها طلب الإقليم، او مضي 90 تسعون يوما من تاريخ بدء المباحثات دون التوصل الى اتفاق بين الطرفين أو رفض مطالب الإقليم ضمنا أو صراحة أوالسكوت عندها على حكومة الإقليم حينئذ اتخاذ مايراه مناسبا من الاجراءات لاستحصال حقوقه المالية بما فيها انتاج وتصدير وبيع النفط الخام والغاز لتغطية كل المستحاقات التى تمتنع الحكومة الاتحادية عن ادائها، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بايز اسماعيل/ سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

فەرمووو کاك عمر،

**بەڕێز عمر صديق محمد (هەورامی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وا ئەزانم ناوەڕۆکی یاساکە بەشێکی زۆری ئەمەیە، و بڕیارەکەش ئێستا دەدرێ ئەمڕۆ، واتا جارێکی تر ناکرێ بگەڕێنەوە بۆ پەرلەمان، ئێستا دەبێ بڕیار بدەین، ئایا ئەم حەقە دەدەین بە هەرێمی کوردستان ئەگەر حکومەتی فیدڕالی پابەند نەبوو بەوەی کە مافە داراییەکانی هەرێمی کوردستان بدات، هەرێمی کوردستان ئەم مامەڵە بکات یان نا؟ هەموومان دوو ساڵە دەڵێین حکومەتی فیدڕالی پێویستە ئەو مافە داراییانەی کە هەرێمی کوردستان هەیەتی لە گەڕانەوەی مووچە و تەسلیح کردنی هێزی پێشمەرگە ئەو موستەحەقانەی پەیوەندارن بە دەرماڵەکان، ئەو موستەحەقانەی پەیوەندارن بە زیادەی خانەنشین و خەرجی سیادی و حاکمە و هەر بابەتێکی تر کە پەیوەندارە بە حەقی هەرێمی کوردستان ئێستا ئێمە وەکو پەرلەمانی کوردستان بەپێی ئەو ماددەیە موشارکین لە بڕیارەکە، بڕیارەکە لە حکومەتەوە هاتووە، پەرلەمانی کوردستان پەسەندی دەکات پاشان دەڕواتە لای بەڕێز سەرۆکی هەرێم، لەوێش بە هەمان شێوە پرۆسەکە پەسەندی دەکات یان پەسەندی ناکات، کەواتە هەر سێ لایەنەکە موشارك دەبن، و ئەمڕۆش بڕیارەکە دەدرێ، و من لەگەڵ ئەوەم ماددەکە وەکو خۆی بمێنێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بايز اسماعيل/ سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

فەرمووو کاك کاردۆ،

**بەڕێز کاردۆ محمد پيرداود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە هەرچەند هاوڕێکانم باسی ماددەکەیان کرد، و روونیان کردەوە ئەو مەترسیانەی کە لێرە هەیە، بەڵام چونکە مەترسین دەبێ تەئکیدی لێ بکەینەوە، رۆژ دیاریکراوە، و ئێمە لە دۆخێك دەژین بەرەو هەڵبژاردن دەچین تێشدەگەین بەرەوە هەڵبژاردن یەعنی ئیستقراری دەوێ، و ئەو یاسایە یەکێکە لەو بڕیارانەی کە پەیوەندی بە بڕیاری چارەنووسیشەوە هەیە لە ئاییندە بدرێ، بۆیە دەبێ پەرلەمان ئاگادار بێ، مەبەستەکە ئەوە نیە بۆ بڕیاری چارەنووسی بۆ پرسەك کە گرنگە هەرێم دەیگرتە بەر دەسەڵاتی رەها لە دەستی حکومەت نیە، بەڵام بۆ جێبەجێکردنی ئەو یاسایە بەڵێ، بۆ رێ و شوێنە یاساییەکان بەڵێ، بەڵام کاتێك دەیەوێ لەم پەرچەکرداره رێگایەکی تر بگرێتەبەر دەبێ پەرلەمانی کوردستان ئاگادار بێ بەپێی بڕیارێك کە بەپێ ی یاسا مەسەلەیەك، پرسەك کە چارەنووسسازە دەبێ پەرلەمانی کوردستان بڕیاری لێ بدات، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

فەرموو کوێستان خان،

**بەڕێز کوێستان محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من سێ خاڵم هەیە، یەکەم وەکو هاوڕێکانم باسیان کرد، بەڵێ ئەمە پرسێکی سیاسی زۆر هەستیارە پێویستی بە دیراسەی زۆرترو وردترر هەیە، دووەم من پێم وایە پەسەندکردنی ئەم بڕگەیە واتە لە ئاییندەدا بە ناڕاستەوخۆ وازهێنانە لە موستەحەقاتی خۆمان لە مەرکەز، و هەموو ئەوەی پێویستە شەڕی لە سەر بکەین ئێستا دەست بەرداری دەبین، و بەهەدەر دانی سامانی ژێر زەوی نەوەکانی و ئاییندەمانە، خاڵی سێیەمم ئەوەیە کە من بۆ خۆم پێم وایە هەموو یاساکە بۆ ئەم بڕگەیەی دووەمی ماددەیە دانراوە، من بەخۆم دژی ئەو بڕگەیەم، بەڵام ئەگەر پەسەندکرا پشتگیری ئەوە دەکەم ـ لەبەرئەوەی ئەمە پرسێکی هەستیارە، پرسێکی سیاسیە نابێ بەتەنها حکومەت بڕیاری لێ بدات، پێویستە پەرلەمان بڕیاری لێ بدات کە ئایا پێویستە ئێمە دەرهێنان و ناردنی نەوت و بەرهەمەکانی دەست پێ بکەین دەبێ ئەمە پەرلەمان بڕیاری لێ بدات نەکوحکومەت بەتەنها بڕیاری لێ بدات، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل / سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

فەرموو جەنابی وەزیر،

**بەڕێز ئاشتی هەورامی وەزیری سامانە سروشتیەکان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمەئەو ئالیەتە بەڕاستی دەستمان دەبەستێ ناتوانین ئیشەکە بکەین، ئەوە یەکەم، دووەم: ئەو ئیشە ئێستا دەڕوا حالیەن ئێمە نەوت تەصدیر دەکەین موشتەقات دەهێنێ، ئەو دانێ بە موافەقەتی پەرلەمان دەبێ من بوەستێنی کارەبا بکوژێنیتەوە، ئینجا لەبەر ئەوە وەکو دواجار کاك عمر وتی ئەمڕۆ بڕیارە، لێرە دەبێ ئەم بڕیارە بدرێ حکومەت دەسەڵاتی هەیە ئەم ئیشە بکات دەبێ سیقەت بە حکومەتی خۆت هەبێ،

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

ئێ خۆ ئەم پەرلەمان بەتەنها معارەزەی تێدا نیە، بە ئەم پەرلەمانە لە هەموو پێکهاتەکان پێك هاتووە، موناقەشە زۆر کرا تکایە ئەمە یەك، ئەمە دوو، ئەمە سێ، ئەمە چوار، ئەمە شەش ، ئەمە حەوت دەبێ ڕێگا بە حەوت کەسی دیکە بدەم، فەرموو کاك سەرهەنگ.

**بەڕێز سەرهەنگ فرج:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مەسەلەیەك هەیە ئێمە دەبێ وردی بکەینەوە، ئێمە ئەوەمان بۆ هەڕەشەیە یان بە جدی مانە؟ ئەگەر بۆ هەڕەشەمان بێ دیارە قسەیەکی تری لە سەرە، ئەگەر بەجدیمان بێ قسەیەکی تری لە سەرە، مادام مەسەلەکە پەیوەندی بە داهاتی هەرێمی کوردستانەوە هەیە، ئێمە دەبێ لێرە بە ڕەقەم قسە بکەین، دەبێ جەنابی وەزیری سامانە سروشتیەکان و وەزیری دارایی بۆمان روون بکەنەوە ئەو موستەحەقەی لە فرۆشتنی نەوتی هەرێمی کوردستان دەست دەکەوێ زیاتر لەوەی کە لە بەغداوە دێت، دەبێ بە ڕەقەم روونی بکەنەوە، بۆ ئەوەی ئەم بڕگەیە زۆر روون بێ هیچ شك و گومانێك هەڵنەگرێ، مەسەلەن ئێمە باسی شەفافیەت و نا شەفافیەت دەکەین بۆ شەفافیەت لەو مەوزوعە گرنگە بۆ ئەوەی من قەناعەت پێ بێنی دەنگت پێ بدەم، بەڕاستی مەسەلەی نەوت دەفرۆشین، نەوت فرۆشراوە لە پێشتردا، جەنابیشت ئیقرارت کردووە، بە ئەنواع ڕێگا نەوت فرۆشراوە، ئەمە نوقتەی ئینتیلاقی نەوت فرۆشتن نیە، پێشتریش نەوت فرۆشراوە، مەسەلەی کارەبا، جەنابت باسی کارەبا دەکەی، نزیکەی (3) ترلیۆن ساڵانە بۆ بەرهەم هێنانی کارەبا لە بودجەی هەرێمی کوردستان خەرج دەکرێ، باسی سەربەخۆیی کێشەی نەوت و بەنزین دەکەی، جەنابی وەزیر ئاگات لێ نیە خەڵك ناو سەیارەی خۆی دەخەوێ لە سڕەی بەنزین شەو تا بەیانی، خراپترین جۆری بەنزین لە بەنزینخانەی ئەهلی دا بە (950) دینارە، لە بەنزینخانەی حکومی دوو رۆژ سڕە بگری بە (500) دینارە، لە عێراق بە (400) دینارە، ئەوانەشی لە پاڵاوگەکانی ئێرە بەرهەم دەهێنرێ ئەیفرۆشن بە مووسل لە کاتێکدا ئێمە خۆمان ئەزمەمان هەیە، بۆیە ئەو مەوزوعانە پێویستی بە روونکردنەوە هەیە پێویستی بەوە هەیە بە ڕەقەم بخرێتە روو بەڕاستی لەگەڵ ئەوەش دا هەر قرارێ لەو بارەیەوە بدرێ بەڕاستی ئەم قەرارە نابێ بە موئەسەسەیەك بدرێ، چونکە بەپێی بڕیاری ژمارە یەکی ساڵی 2005ی پەرلەمانی کوردستان مەرجەعی سیاسی یاسایی خەڵکی هەرێمی کوردستانە بۆ بڕیارە چارەنووسسازەکان، ئەمە بڕیارێکی چارەنووسسازە، ناکرێ ئێمە تەنازول لەم حەقەی خۆمان بکەین کە بە بڕیاری ژمارە یەك تەسبیت کراوە لەم یاسایە بۆ هەرێمی کوردستان، یان بۆ هەر لایەنێکی تر بەڕاستی ئەگەر مەسەلەی حکومەت بێ حکومەت هی زۆرینەیە لە ناو پەرلەمان دا، هی هەموو پەرلەمانی کوردستان نیە، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل / سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

فەرموو جەنابی وەزیر،

**بەڕێز ئاشتی هەورامی (وەزیری سامانە سروشتییەکان):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەمە هەموو ئیتیهاماتە سەحافەش وا لەگەڵمان قسە ناکات، تکات لێ دەکەم ئەمە مەسەلەیەکی نیشتیمانیە دەبێ وەکو کوردێك هەموومان دیفاعی لە سەر بکەین، شەرت هەیە لە سەر شەفافیەت بە سەر چاو دە جارم پێ وتی مەبەستێکی سیاسیت هەیە تێکەڵی مەکە، ئەمە شتێکی نیشتیمانیە واجیبە لە سەر هەمووتان لە موعارەزە تاوەکو دەسەڵات، ئەمە بۆ منی مەکە بۆ خۆتی ناکەی لە جیاتی قادیمەی دەکەی، واجیبە لە ئەم دەستورە دیفاعی لە سەر بکەی، شەڕێکت هەیە بەینی خۆت و دەسەڵات و نازانم شتی وا، موعارەزە هیچ نیە، مانع نیە، شەڕی لە سەر بکە، بەردەوام بە لە سەری.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل / سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

ئەو قسەیە لە پرۆتۆکۆل دەسرێتەوە، تکایە دانیشن، جەنابی وەزیر ئەگەر قسەیەکت کردووە مخالەفەی قانونیە یان بۆ بریندار کردنی پەرلەمانارە بەڕێزەکانە حەق نیە بیکەی، فەرموو.

**بەڕێز ئاشتی هەورامی( وەزیری سامانە سروشتییەکان):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئیعتیزار دەکەم، هیچ مەبەستێکی شەخسیم نیە،دەڵێم وەکو کورد دەبێ دیفاع لە مافی خۆمان بەرامبەر بەغدا بکەین، سوپاستان دەکەم پێشوازیتان کردووە هەمووتان، با شتەکە حدوودی بۆ دانێین لە سەر ئەم یاسایە، نەك لەگەڵ شەڕەکانی تر سیاسی هەیە تەبعەن، تەبیعیە لەگەڵ شەڕەکانی تر کە لە سەر شەفافیەت هەیە تەبیعیە بیکە، رامکێشە بۆ پەرلەمان، باسی بکە، موشکیلە نیە، بەڵام تێکەڵی مەکە، یەك شت قبوڵ ناکەم قسەی بازاڕ، سەحافە کە بێ بڵێ نەوتی خاو دەدزرێ یان ئەوە دەبڕێ موستەمسەکت هەیە، بیهێنە، بمبە بۆ مەحکەمە، بەبێ موستەمسەك ئەمە شوێنێکی موقەدەسە، بەبێ موستەمسەك ئیتیهام دەکەی، مەعنای نیە، من لەبەر ئەوە توڕەم لەگەڵت مەبەستی هیچ لایەنێکم نیە، ها داوای ئیعتیزار دەکەم، بوەستە، بوەستە من مەبەستی شەخسی ئەو برادەرەمە فەقەت.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل / سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

وەڵلا دەمەوێ پرۆتۆکۆل ئەو قسەیەم بۆم دەربینێ بۆم بنووسێ، ئێستا چاوەڕێ دەکەم، پرۆتۆکۆل ئاخیر قسەی د. ئاشتیم بۆ بنووسنەوە بزانم، بۆم بێنن بەشی راگەیاندن، بەڕاستی ئێمە وەکو پەرلەمان هەمووتان جێی تەقدیری ئێمەن، هەمووتان نوێنەری میللەتن ئەوەی کە یەك کورسیشی هەبێ تا (59) کورسی یەکێتی و پارتی ئەبێ حورمەتتان بگیرێ، حەقی خۆتانە دەبێ رەئی خۆتان دەربڕن لە چوار چێوەی قانونیەوە، و ئێمە سەرۆکایەتی پەرلەمان دیفاع لە هەموو پەرلەمانتارێك دەکەین لە چوار چێوەی قانونی

بەپێ ی پەیڕەوی ناوەخۆی کوردستان، و داوا لە د. ئاشتی دەکەین ئەگەر زەلەت لیسان شتێکی لە دەم دەرچووە بەڕاستی رووبەرووی خۆی دەکەمەوە، داوای لێبوردن لەو برادەرانە بکا، ئەگەر قسەی وای کردووە، وئەو برادەرانەی کە قسەیان کردووە دەبێ ئەوانیش قسەکەیان لە پڕۆتۆکۆل دەسڕینەوە ئەگەر ئیتیهامی حکومەتی هەرێمی کوردستانیان کردبێ ئینجا ئەوە رووبەرووی د. ئاشتی دەکەمەوە با د. ئاشتی خۆی قەراری لە سەر بدا، فەرموو جەنابی وەزیر،

**بەڕێز ئاشتی هەورامی (وەزیری سامانە سروشتییەکان):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من هیچ مەبەستێکی ئیتیهامم نەبووە، ئیعتیزار دەکەم بەغەڵەت دەرچووە، بەڵام هیوادارم ئەو قسەی ئیعتیزار دەکەم دووبارە بۆ هەموو لایەك بە غەڵەت تێگەیشتووە،

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل / سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

فەرموو کاك عونی بیخوێنەوە،

**بەڕێزعونی کمال سعید (بەزاز):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة السادسة:

اولا: على مجلس الوزراء بعد تحديد وتخمين الحقوق المالية للإقليم بموجب احكام هذا القانون مطالبة الحكومة الاتحادية بتسديد المستحقات المالية المقدرة وفق القانون خلال مدة 90 تسعون يومًا من تأريخ تبلغها بالمطالبة وقيامها بتشريع قانون توزيع واردات النفط والغاز استناداً الى البند اولاً من المادة 112 من الدستور.

ثانيا: في حالة عدم استلام حكومة الاقليم إشعاراً من الحكومة الاتحادية، بأستعدادها، للتباحث حول مستحقات الاقليم خلال 30 ثلاثين يوماً من تاريخ استلامها طلب الإقليم او مضي 90 تسعين يومًا من تأريخ بدء المباحثات دون التوصل الى اتفاق بين الطرفين أو رفض مطاليب الإقليم ضمنا أو صراحةً أو السكوت عنها عندها على حكومة الإقليم، اتخاذ ماتراه مناسبًا من الاجراءات لاستحصال حقوقه المالية بما فيها انتاج وتصدير وبيع النفط الخام والغاز لتغطية كل المستحقات التي تمتنع الحكومة الاتحادية عن ادائها سواء كان قبل نفاذ هذا القانون او بعده واعلام البرلمان بذلك.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

کێ لەگەڵ دایە تکایە دەست بەرزکاتەوە؟ (60)کەس لەگەڵ دایە، کێ لەگەڵ دا نیە تکایە دەست بەرزکاتەوە؟ (18) کەس لەگەڵ دا نیە، بەزۆرینەی دەنگ پەسەند کرا، فەرموون بۆ ماددەیەکی تر،

**بەڕێزعونی کمال سعید (بەزاز):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة السابعة:

يلتزم الاقليم في القرارات والاجراءات التي يتخذها وفق هذا القانون باحكام قانون النفط والغاز رقم 22 لسنة 2007 من ضمنها تعامله مع الواردات المستحصلة ويمارس مسؤولياته وفق المبادئ والمعايير الخاصة بمبادرة الشفافية في الصناعات الاستخراجية (EITI)

**بەڕێز د. ارسلان بايز اسماعيل/ سەرۆكی پەرلەمانی كوردستان:**

فەرموو لیژنەی یاسایی،

**بەڕێزعونی كمال سعيد (بەزاز):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پشتگیری ماددەكە دەكەین وەكو ئەوەی كە هاتۆتەوە، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بايز اسماعيل/ سەرۆكی پەرلەمانی كوردستان:**

فەرموو لیژنەی دارایی،

**بەڕێز خورشيد احمد سليم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمە پشتگیری ماددەكە وەكو خۆی دەكەن كە لە یاساكە دا هاتووە، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بايز اسماعيل/ سەرۆكی پەرلەمانی كوردستان:**

كێ قسەی لە سەر هەیە؟ ئەم بەڕێزانە ناویان نووسراوە (كاك بورهان، كاك دڵشاد، سۆزان خان،كاك جمال، كاك دلێر) كەسی دیكە هەیە، بەڵام ئەوەی قسە دەكا لە سەر ئەو ماددەیە قسە بكا، دەنا دوایی لە پڕۆتۆكۆل دەیسڕمەوە، ئێمە پشتگیری ماددەكە وەكو خۆی دەكەین كە لە یاساكە دا هاتووە.

**بەڕێز برهان رشيد حسن:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من قسەم هەیە لە سەر ماددەی حەوت ئەگەر بشیسریتەوە قسە دەكەم، تەبیعیە لەلام لیژنەی قانونی ماددەی پێشووتری خوێندەوە خۆی لە ئەسڵدا بەڵێ بشیسریتەوە تەبیعیە لەلام، بەڵام ئەوەی (حق للإقليم) نەك (حكومة الإقليم) بە هەڵە تەسجیلی كرد كاك عەونی، ماددەی حەوتەم بەڕاستی باس لەوە دەكات كە حكومەتی ئیقلیم مولتەزیمە بەو قەراراتانە و ئیجرائاتانەی بەپێی ئەحكامی نەوت و غازی 2007/22 دانراوە، من لە بەڕێز جەنابی وەزیری سامانی سروشتی دەپرسم پێم باشە تۆ قانونێكت داناوە دەگەڕێتەوە بۆ قانونێكی تر كە 22/ 2007 دەیكەی بە ئەساس، باشە تۆ جارێ هێشتا ئەوەت تەنفیزكردووە تا ئەمە تەنفیز بكەی؟ ماددەی (15 و16)ت تەنفیز كردووە؟ باسی واریداتی موتەحەسیل دەكا، ئێمە كەی ئاگامان لە واریداتە، ئێمە كەی ئەیزانین؟ تۆ جارێ قانونی 2007 جێبەجێ بكە، ئینجا ئەمە بكە بە ئەساس، ئیلتیزام بكەی بە قانونی 2007، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بايز اسماعيل/ سەرۆكی پەرلەمانی كوردستان:**

لە سەر ئاخیر ماددە قسە بكا تكایە، فەرموو كاك دڵشاد،

**بەڕێز دڵشاد حسین قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەپێی پەیڕەو پێنج کەس پێشنیاری کرد دەبێ بخرێتە دەنگدانەوە، مەعقول نیە ئەوە تێپەڕی، ئەو تێی پەڕاند بەڕاستی ئەوە تێپەڕاندنێکی نا یاساییە، بەڵێ ئەمە هەر دێتە سەر ئەوەی کە باس لە شەفافیەت و لە پێشەسازی نەوت و وەبەرهێنان دەکا لە راستیدا ئەوەی پێشوو کە تێپەڕی کە بەبڕوای من بەپێی پەیڕەو نەخرایە روو، تێپەڕی، بۆیە پێویستە حکومەتی هەرێم بەتایبەت وەزیری سامانە سروشتیەکان پێش ئەوەی ئەم بڕیارانە وەرگرێ بە راپۆرتێك پەرلەمان ئاگادار بکاتەوە لە داهات و خەرجیەکانی نەوت بۆ ئەوەی ئێمە بزانین هەرێمی کوردستان دەتوانێ بەرەنگاری ئەم تەنگەژانە ببێتەوە کە لە داهاتوو دێتە پێشەوە، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

فەرموو سۆزان خان،

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بێگومان ئەگەر هاتو ئەم یاسایە جێبەجێ بوو، و بەتایبەتی ماددەکەی پێش ئەم کە ماددەی شەشەمە، و حکومەتی هەرێمی کوردستان توانی ئەو بڕیارە بدات بۆ ئەوەی ئەو متمانەیەی کە هەمووان باسی دەکەن، بەڵێ هەموو شەریکاتی نەوت و حکومەتی هەرێمی کوردستانیش بە موبادەرەی شەفافیەتەوە مولزەمە ئەوە هیچ هینی تێدا نیە، بەڵام ئەوەی کە لێرەدا پێویستمانە بۆ ئەو متمانەیە، پێویستمانە بۆ ئەو روونیە، پێویستمانە بۆ ئەوەی پەرلەمانی کوردستان ئاگاداری ئەو دارایی و عائیداتە بێ، ئەگەر هەرچەندە حکومەتی هەرێمی کوردستان یاسای صندوقی عائیداتی ناردووە هێشتا لە پەرلەماندا دەرنەچووە، دەبێ لێرەدا زکر بکرێ، داوای لێ بوردن دەکەم بەڕێز سەرۆکایەتی پەرلەمان گوێتان لێ نەبوو ئاگادار نەبوون، دەبێ لێرە صندوقی عائیداتی نەوتی هەرێمی کوردستان زکر بکرێ، چونکە ئەو عائیداتە کە هەمووی کۆ دەبێتەوە ئیتر لەمەو دوا تۆ دەبێ بیخەیتە ناو صندوقێکەوە ئەوە دەبێتە داهاتی هەرێمی کوردستان لە سەر ئەساسی ئەو داهاتە تۆ لەمەو لا موازەنە دادەنێی، کەواتە بەبێ ئیقرارکردنی صندوقی عائیداتی نەوت ئەمە ناکرێ، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل / سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

فەرموو جەنابی وەزیر،

**بەڕێز ئاشتی هەورامی (وەزیری سامانە سروشتییەکان):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو تێبینیانە بەڕاستی شوێنی خۆیانە، هیچ موشکیلەم نیە لە سەری، بەڵام ئێمە مسوەدەیەکمان ناردووە بۆ پەرلەمان حەلەکە لەوێیە کە بوو بە یاسا موشکیلەکە حەل بوو تەواو هیوادارم بەزووترین کات لە

ماوەی (90) ڕۆژ (6) مانگی دەوێ تا داهاتمان هەبێ، هیوادارم ئەو یاسایە تێپەڕێ زووتر پێش ئەوان، یاسا مسوەدەکەمان لە پەرلەمانە بەپێ ی یاسای نەوت و غازی هەرێمی کوردستانی 2007 هێناومانە بۆ پەرلەمان با تێپەڕێ موشکیلەکە حەل دەکا بۆمان، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

فەرموو کاك جمال ،

**بەڕێز جمال طاهر ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

موداخەلەم سەبارەت بەو ماددەیە زیاتر زمانەوانیە دەڵێ (یلتزم الاقلیم في القرارات والاجراءات) نازانم یەعنی جوملەکان ڕێك یەکتر ناگرن باش، ماددەی حەوتەم پێشنیار دەکەم بەم شێوە دابرێژرێت، ( عند إتخاذه القرارات أو وضعه الاجراءات وفق احکام هذا القانون یلتزم الإقلیم باحکام قانون النفط والغاز رقم 22 لسنة 2007 بما فیها تعامله مع الواردات المستحصلة وممارسة مسؤولیاته وفق المبادیء والمعاییر الخاصة بمبادرة الشفافیة في الصناعات الاستخراجیة (EITI)، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

فەرموو کاك دلێر ،

**بەڕێز محمد دلێر محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوەی کە ئێمە مافە داراییەکانمان بەدەست ناخەین غەدرمان لی دەکرێ و زۆربەی ئاشکرایە لە کاتی ئامادەکردنی پڕۆژە یاسای بودجە دایە، کێشەکانی ئێمە ئەوەیە خەرجە سیادیەکان، خەرجیە حاکیمەکان بەو ناوانەوە لێمان دەبڕن کە ساڵانە (17٪)کە دەگاتە لە (11٪) و شتێك ئەوەیە کێشەکانی  ئێمە، و زۆربەی ئەم کێشانە کە لێرە باسکراوە ئەوە بووە، بۆیە من داواکارم کاتی خۆیەتی ئێستا وەکو بەندێك بێ، وەکو ماددەیەکی بێ تێی بخرێ کە حکومەتی هەرێم ئاگاداربێ لە کاتی ئامادەکردنی بودجەی حکومەتی فیدڕالیدا ئاگادار بێ، لەوانەیە ئێستا کۆمەڵێك برادەر وەکو ئیقتیسادی بڵێ ئەوە حکومەتی زۆرینەیە ئێمە مەعارەزە نین لە ناو حکومەتی عێراقیدا ئەوە حکومەتی تەوافوقی نیشتیمانیە، حکومەتی شەراکەتە، لەبەرئەوە پێویستە کە ئێمە لەوێ ئاگادار بین و موشارەکە بکەین لە کاتی ئامادەکردنی بودجەی حکومەتی عێراقی فیدڕالی دا لەبەرئەوەی زۆربەی غەدرەکان کە لێمان دەکرێ زۆربەی مافە داراییەکانمان کە لێمان زەوت دەکرێ لەو کاتە دایە، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

فەرموو لیژنەی یاسایی،

**بەڕێزعونی کمال سعید (بەزاز):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**المادة السابعة:**

**تلتزم حكومة الاقليم في القرارات والاجراءات التي يتخذها وفق هذا القانون باحكام قانون النفط والغاز رقم 22 لسنة 2007 من ضمنها تعامله مع الواردات المستحصلة ويمارس مسؤولياته وفق المبادىء والمعايير الخاصة بمبادرة الشفافية في الصناعات الاستخراجية (EITI).**

**بەڕێز د. ارسلان بايز اسماعيل/ سەرۆكی پەرلەمانی كوردستان:**

**كێ لەگەڵ دايە تكايە دەست بەرزكاتەوە؟ كێ لەگەڵ دا نيە تكايە دەست بەرزكاتەوە؟(1) كەس لەگەڵ دا نيە، بەزۆرينەی دەنگ پەسەند كرا، فەرمون بۆ ماددەيەكی تر،**

**بەڕێزعونی كمال سعيد (بەزاز):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**المادة الثامنة: لايعمل باي نص قانوني او قرار يتعارض واحكام هذا القانون.**

**بەڕێز د. ارسلان بايز اسماعيل/ سەرۆكی پەرلەمانی كوردستان:**

**كێ تێبينی هەيە؟ فەرموو كاك نەژاد،**

**بەڕێزنەژاد عزيز سورمێ:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**من پێم باشە ماددەی هەشتەم بێتە ئەخیر مادده، ماددەی دەيەم بێتە جێی ماددەی نۆيەم، ماددەی نۆيەم بێتە جێی ماددەی دەيەم، ماددەی هەشتەميش بيچتە ئاخير مادده، وای لێ بێتن لەبەرئەوەی (على المجلس الوزراء ) گەورەترە لە وەزيری سەروات تەبيعی بێتە پێشە وی، ئينجا دوايی وەزير،ئينجا دوايی : (لايعمل باي نص قانوني او قرار يتعارض واحكام هذا القانون) ئاخير شت (ينفذ هذا القانون) سوپاس.**

**بەڕێز د. ارسلان بايز اسماعيل/ سەرۆكی پەرلەمانی كوردستان:**

**فەرموو ليژنەی ياسايی،**

**بەڕێزعونی كمال سعيد (بەزاز):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**ماددەكە بخرێتە دەنگدانەوە (لايعمل باي نص قانوني او قرار يتعارض واحكام هذا القانون)**

**بەڕێز د. ارسلان بايز اسماعيل/ سەرۆكی پەرلەمانی كوردستان:**

**ماددەی هەشت بەو شێوەيە خوێندرايەوە، كێ لەگەڵ دايە تكايە دەست بەرزكاتەوە؟ كێ لەگەڵ دا نيە تكايە دەست بەرزكاتەوە؟ بەكۆی دەنگ پەسەند كرا، فەرموون بۆ ماددەيەكی تر،**

**بەڕێزعونی كمال سعيد (بەزاز):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

المادة التاسعة: لوزير الثروات الطبيعية وبالتنسيق مع وزير المالية والأقتصاد اصدار التعليمات اللازمة لتسهيل تنفيذ احكام هذا القانون.

**بەڕێز د. ارسلان بايز اسماعيل/ سەرۆكی پەرلەمانی كوردستان:**

كێ تێبینی هەیە؟ كێ لەگەڵ دایە تكایە دەست بەرزكاتەوە؟ كێ لەگەڵ دا نیە تكایە دەست بەرزكاتەوە؟ بەكۆی دەنگ پەسەند كرا، فەرمون بۆ ماددەیەكی تر،

**بەڕێزعونی كمال سعيد (بەزاز):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

المادة العاشرة: على مجلس الوزراء والجهات ذات العلاقة تنفيذ احكام هذا القانون.

**بەڕێز د. ارسلان بايز اسماعيل/ سەرۆكی پەرلەمانی كوردستان:**

كێ تێبینی هەیە؟ كێ لەگەڵ دایە تكایە دەست بەرزكاتەوە؟ كێ لەگەڵ دا نیە تكایە دەست بەرزكاتەوە؟ بەكۆی دەنگ پەسەند كرا، فەرموون بۆ ماددەیەكی تر،

**بەڕێزعونی كمال سعيد (بەزاز):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

المادة الحادي عشر: ينفذ هذا القانون اعتباراً من تأريخ نشره في الجريدة الرسمية (وقائع كوردستان).

**بەڕێز د. ارسلان بايز اسماعيل/ سەرۆكی پەرلەمانی كوردستان:**

كێ تێبینی هەیە؟ كێ لەگەڵ دایە تكایە دەست بەرزكاتەوە؟ كێ لەگەڵ دا نیە تكایە دەست بەرزكاتەوە؟ بەكۆی دەنگ پەسەند كرا،

**بەڕێزعونی كمال سعيد (بەزاز):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**الأسباب الموجبة**

حيث ان الدستور العراقي قد نص على حقوق الإقليم المالية سواء ما يستحقه من الواردات الاتحادية بما فيها النفط والغاز أو ما يستحقه من تعويضات بما فات الإقليم من منافع او ما يلحقه من أضرار جراء حرمانه من استحقاقاته من واردات الدولة العراقية لعقود من الزمن وما لحق مواطن الإقليم من خسائر في الأرواح والأموال جراء السياسات القمعية الجائرة من الحكومات العراقية المتوالية وتنفيذها سياسة الأرض المحروقة لكوردستان والأبادة الجماعية لشعبها ولما نص الدستور من الصلاحيات للإقليم وما أناط به من اختصاصات ولضمان حقوق الإقليم ومستحقاته المالية فقد شرع هذا القانون.

**بەڕێز د. ارسلان بايز اسماعيل/ سەرۆكی پەرلەمانی كوردستان:**

كێ تێبینی هەیە؟ ئەم هۆكاری دەرچوونە لەگەڵ سەرجەم، تێبینیت هەیە كاك احمد؟ فەرموو،

**بەڕێز د. أحمد ابراهيم على (وەرتى):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە دێڕی سێیەم کە دەڵێ (من واردات الدولة العراقية لعقود من الزمن وما لحق مواطن الإقليم)مواتینی ئیقلیم نەك مواتین و ئیقلیم ئەم درێژیەش بەڕاستی کە لە دێڕی سێیەم و چوارەم و پێنجەم و شەشەم هاتووە، بەڕای من کورت بکرێتەوە تا ئەوەی کە دەڵێ (والأموال جراء السياسات القمعية الجائرة من الحكومات العراقية المتوالية) بکرێتە موتەعاقیبە، ئەوە زیادە بەڕاستی (وتنفيذها سياسة الأرض المحروقة) چونکە ئەوە هەمووی سیاساتی قەمعی بووە، یەعنی بەڕای من ئەوە زیادە تا دەگاتە (سياسة الأرض المحروقة لكوردستان والأبادة الجماعية لشعبها) بەڵکو هەتا (لحكومات العراقية لمتعاقبة)، و پاشان (ولما نص الدستور من الصلاحيات للإقليم وما أناط به من اختصاصات ولضمان حقوق الإقليم ومستحاقاته المالية فقد شرع هذا القانون). سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بايز اسماعيل/ سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

بیخوێنەوە کاك عەونی جارێکی دیکە،

**بەڕێزعونی كمال سعيد (بەزاز):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**الأسباب الموجبة**

حيث ان الدستور العراقي قد نص على حقوق الإقليم المالية سواء ما يستحقه من الواردات الاتحادية بما فيها النفط والغاز أو ما يستحقه من تعويضات بما فات الإقليم من منافع او ما يلحقه من أضرار جراء حرمانه من استحقاقاته من واردات الدولة العراقية لعقود من الزمن وما لحق مواطن الإقليم من خسائر في الأرواح والأموال جراء السياسات القمعية الجائرة للحكومات العراقية المتعاقبة وتنفيذها سياسة الأرض المحروقة لكوردستان والأبادة الجماعية لشعبها ولما نص عليه الدستور من صلاحيات للإقليم وما أناط به من اختصاصات ولضمان حقوق الإقليم ومستحاقاته المالية فقد شرع هذا القانون.

**بەڕێز د. ارسلان بايز اسماعيل/ سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

ئەسبابی موجیبە لەگەڵ قانونەکە، کێ لەگەڵ دایە تکایە دەست بەرزکاتەوە؟ کێ لەگەڵ دا نیە تکایە دەست بەرزکاتەوە؟ (12) کەس لەگەڵ دا نیە، بەزۆرینەی دەنگ پەسەند کرا، ئومێد دەکەین ئەمە ببێتە خێر و بەرەکەت بۆ میللەتەکەمان تا سبەینێ سەعات (11)ی پێش نیوەڕۆ بە خواتان دەسپێرین هەر بژین.

فرست احمد عبدالله
سکرتێری پەرلەمانی
کوردستان – عێراق

د.حسن محمد سوره
جێگری سەرۆکی پەرلەمانی
کوردستان – عێراق

د. ارسلان بایز اسماعیل
سەرۆکی پەرلەمانی
کوردستان - عێراق

# پەرلەمانی كوردستان - عێراق

**پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (11)**

**چوار شەممە رێكەوتی 24\4\2013**

**خولی سێیەمی هەڵبژاردن**

## پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (11)

**چوار شەممە رێكەوتی 2013/4/24**

کاتـژمێر (11)ی پـێش نیـوەڕۆی ڕۆژی چوارشـەممە ڕێکـەوتی 2013/4/24 پەرلـەمانی کوردسـتان - عێراق بە سەرۆکایەتی د.ارسلان بایز اسماعیل سەرۆکی پەرلەمان و، بـە ئامـادەبوونی بـەڕێز د. حسـن محمـد سورە جێگری سەرۆك و، بـەڕێز فرسـت أحمـد عبـدالله سـکرتێری پەرلـەمان, دانیشـتنی ژمـارە (11)ی خـولی سێیەم, ساڵی (2013) ی خۆی بەست.

**بەرنامەی کار:**

بەپێی حوکمەکانی بڕگە (1)ی مادده (20) لە پەیڕەوی نـاوخۆی ژمـارە (1)ی هـەموارکراوی سـاڵی 1992ی پەرلەمانی کوردستان - عێراق, دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان بڕیـاری درا دانیشـتنی ژمـارەی (11)ی خـولی سـێیەمی هەڵبـژاردن لـە کـات (11)ی پـێش نیـوەڕۆی ڕۆژی چـوار شـەممە ڕێکـەوتی 2013/4/24 دا بـەم شێوەیە بێت:

خستنە ڕوو و گفتوگۆکردنی پرۆژە یاسای هەموار کردنی یەکەمی یاسای دەستەی گشتی هەرێمی کوردستان بۆ ناوچە ناکۆکی لەسەرەکان ژمارە (2)ی ساڵی 2010.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

بەناوی گەلی کوردسـتان، دانیشـتنی ئـەمڕۆمان دەسـت پێدەکـەین، پەرلـەمانی کوردسـتان، خـولی سـێیەمی هەڵبژاردن، ساڵی چوارەم، خـولی گرێـدانی دووەم، ژمـارەی دانیشـتن (11)، ڕۆژی دانیشـتن 2013/4/24 ، بەرنامەی کار:

بە پێی حوکمەکانی بڕگەی (1)ی مادده (20) لـە پـەیڕەوی نـاوەخۆی ژمـارە (1)ی هـەموار کـراوی سـاڵی 1992ی پەرلـەمانی کوردسـتانی عـیراق، دەسـتەی سـەرۆکایەتی پەرلـەمان بڕیـاری دا بەرنامـەی کـاری دانیشتنی ژمارە (11)ی ئاسایی خولی سێیەمی هەڵبژاردن لە کات 11ی پێش نیوەڕۆی ڕۆژی چوارشـەممە ڕێکەوتی 2013/4/24 بەم شێوەیە بێت:

خستنە ڕوو و گفتوگۆکردنی پرۆژە یاسای هەموار کردنی یەکەمی یاسای دەستەی گشتی هەرێمی کوردستان بۆ ناوچە ناکۆکی لەسەرەکان ژمارە (2)ی ساڵی 2010.

داوا لە لیژنەی یاسایی دەکەین بفەرموون بۆ سەکۆی لیژنەکان.

نوێنەری لیژنەی ناوخۆ بفەرموێ بۆ سەکۆی لیژنەکان.

فەرموون بە عەرەبی و بە کوردی بیخوێنەووە.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ڕاپۆرتی لیژنەی یاسایی بە زمانی عەرەبی:

**الى/ رئاسة برلمان كوردستان-العراق**

**م / تقرير لجنة الشؤون القانونية حول مشروع قانون (التعديل الاول لقانون الهيئة العامة في أقليم كوردستان للمناطق المتنازع عليها رقم (2) لسنة 2010)**

اجتمعت لجنة الشؤون القانونية بتأريخ 29/ نوروز /2713 كوردي المصادف ليوم 2013/4/18 ميلادي لدراسة مشروع قانون (التعديل الاول لقانون الهيئة في أقليم كوردستان - العراق للمناطق المتنازع عليها رقم (2) لسنة 2010) المقدم من قبل رئاسة مجلس وزراء أقليم كوردستان المرقم (321) في 2013/3/18 والمحال الى لجنتنا بعد القراءة الاولى له في البرلمان بجلسته الاعتيادية المرقم (7) في 2013/4/16 وبعد المناقشة والمداولة توصلت اللجنة الى مايلي:-

تأيد المشروع وكتابة ديباجة له:

1- بالنسبة للمادة الا ولى من المشروع : تؤيدها اللجنة ولاتوجد عليها اية ملاحظة.

2- بالنسبة للمادة الثانية من المشروع : تؤيدها اللجنة وتقترح اللجنة اضافة (و القوانين الاخرى النافذة في الاقليم) وتكون صياغتها كالأتي :- تحل عبارة (المناطق الكوردستانية خارج ادارة الاقليم) محل عبارة (المناطق المتنازع عليها) اينما وردت في هذا القانون والقاوانين الاخرى النافذة في الاقليم.

3- بالنسبة للمادة الثالثة من المشروع : تؤيدها اللجنة ولا توجد عليها اية ملاحظة.

4- بالنسبة للمادة الرابعة : تقترح اللجنة صياغتها كالأتي (على مجلس الوزراء والجهات ذات العلاقة تنفيذ احكام هذا القانون).

5- بالنسبة للمادة الخامسة : تقترح اللجنة صياغتها كالأتي: لايعمل باى نص قانوني او قرار يتعارض واحكام هذا القانون.

6- بالنسة للمادة السادسة : تقترح اللجنة صياغتها كالأتي: ينفذ هذا القانون اعتبارا من تاريخ نشره في الجريدة الرسمية (وقائع كوردستان)

7- بالنسبة للاسباب الموجبة: تؤيدها اللجنة ولاتوجد عليها اية ملاحظة.

راجين التفضل بالاطلاع وعرض التقرير و راي اللجنة بشأنه على البرلمان للمناقشة و ابداء الرأي المناسب للمشروع و التصويت، مع التقدير.

**بەڕێز د. ارسلان بايز اسماعيل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو بە كوردييەكەی.

**بەڕێز قادر حسن قادر:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**ب/ (ڕاپۆرتی هەموار كردنی یەكەمی یاسای دەستەی گشتی هەرێمی كوردستان بۆ ناوچە ناكۆكی لەسەرەكان ژمارە (2)ی ساڵی 2010 )**

لیژنەی ناوخۆ لە كۆبوونەوەی ئاسایی خۆیدا لە ڕۆژی دووشەممە ڕێكەوتی 2013/4/22 زایینی، سەبارەت بە نوسراوتان ژمارە كراو (655) لە 2013/4/21 پرۆژە یاسای هەمواركردنی یاسای دەستەی گشتی

هەرێمی کوردستان بۆناوچە ناکۆکی لەسەرەکان، کە لە لایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە پێشکەش کراوە، دوای گفتوگۆ کردن لەسەری لیژنە پشتیوانی لە هەموارکردنەوەی دەکات بەم شێوەی خوارەوە:-

1- ماددەی یەکەم : کە هاتووە لە جیاتی دەستەی گشتی لە هەرێمی کۆردستان بۆ ناوچە کێشە لەسەرەکان بکرێت بە دەستەی گشتی لە هەرێمی کۆردستان بۆ ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی هەرێم.

2- ماددەی دووەم : ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی هەرێم شوێنی ناوچە کێشەلەسەرەکان دەگرێتەوە لەهەرشوێنکی ئەم یاسایەدا هاتبێت.

3- ماددەی سێیەم : وەکو خۆیی پشتیوانی لە هەموار کردنەوەکەی دەکەین.

4- ماددەی چوارەم و پێنجەم و شەشەم : لیژنە هیچ تێبینی لەسەر نیەو، لەگەل رێزمان دا.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مادەی یەکەی پڕۆژەکە کە لە لایەن حکومەتەوە پێشکەش کراوە بەم شکلەیە:

المادة الاولى :

يعدل أسم القانون (قانون الهيئة العامة في أقليم كوردستان للمناطق المتنازع عليها) الى (قانون الهيئة العامة في أقليم كوردستان للمناطق الكوردستانية خارج ادارة الاقليم رقم (2) لسنة 2010).

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

لیژنەی یاسایی پشتگیری مادەکە دەکات بەو شێوەیە کە لە حکومەتەوە پێشکەش کراوە.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك قادر.

**بەڕێز قادر حسن قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمەش هاوڕاین لەگەل لیژنەی یاسایی کە وەکو چۆن هاتووە دابنرێت.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ تێبینی هەیە؟ فەرموو.

**بەڕێز کاردۆ محمد پیرداود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بەناوی یاساکە، یاساکە لە دەستەی گشتی گۆڕاوە بۆ دەزگای گشتی، دەمانەوێت وەزیری بەڕێز ئەوە روون بکاتەوە یانی هۆکاری گۆڕینی ئەمە چیە؟ ئەمە یەکیان، دوو ئەوەی پەیوەندی بە هەرێمی کوردستان بۆ ناوچە کێشە لەسەرەکانەوە هەیە جارێ ئەوە کەس ناتوانێ نکوڵی لەوە بکات، کە لە رووی مێژوویی، لەرووی جوگرافییەوە راستیەکە کە ئەمانە ناوچەی کوردستانین، بەڵام حەقیقەتەك هەیە لە دەستووری عیراقی کە بەناوچە یەعنی کە لەرووی قانونیەوە بەناوچە کێشەلەسەرەکان هاتووە، بەلای ئێمەوە پێویستە ئەمە ناوچە کوردستانیە کێشە لەسەرەکانبن، ناوچە کوردستانیە کێشە لەسەرەکان، چونکە بەراستی دان نان بەوەی کە لە دەرەوەی هەرێمە لەحەقیقەتی خۆشیدا لە دەرەوەی هەرێم نین بەجۆرێك لە جۆرەکان تەعامل لەگەڵ ئەو ناوچانە دەکەین، ئەو ناوچانە ناوچەی کێشە لەسەرن، هەرێمیش بەشداری تیایە، لە خۆمان جار وەیە بودجەی بۆ تەرخان دەکەین، ئێستا هێزی پێشمەرگە حزوری هەیە، ئەمە دەزانین دامو کە لە دەزگاکانی ئەم ناوچانەش هەرێم رۆڵی تێدا بینیوە، بەرووە قانونیەکەی ئەو دان پیانانە بەوەی دەرەوەی هەرێمە پێمان وایە جۆرەك لە هاوسەنگ کردنێتی بۆ ئەوەی کە لە دەستوور دا هاتیە لەبەر ئەوە پێم باشە ناوچە کوردستانیە کێشە لەسەرەکان بێ، کوردستانین کێشەی لەسەرە لەساغبوونەوەی ریفراندۆم بەپێی دەستوور یان لە گۆڕینی دۆخەکەیە بەبارێك ساغ ئەبێتەوە ئەو ناوچانە لە رووە قاونیەکەی ئێمە دەتوانین بیسەلمێنین یا بیکەینە ئەمری واقع کە ئێستا تەعامولی لەگەڵ دەکەین لەبەر ئەوە پێمباشە ئەمە روون کردنەوەی لەسەر بدرێ، بۆ دەرەوەی ئیدارەی هەرێم؟ سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك شوان.

**بەڕێز شوان عبدالکریم جلال:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەرەڕای پشتگیریم لە تەعدیلەکە، من هەم تێبینیە هەم وەکو پرسیاریشە بەراستی تێبینی ئەکەم بۆ چی لەدەرەوەی ئیدارەی هەرێم بۆ لە دەرەوەی هەرێم نەبێت ناوەکە؟ چونکە ئیدارەی ئێمە لە بنەڕەتا هەرێم تەعریفێکی جوگرافیە، چ ئەگەر لە ناو دەستووریشا هاتبێت چونکە خۆشمان بەکاری ئەهێنین کە ئەڵێین هەرێم پێمانوایە نەك پێمانوایە لە بنەڕەتا چەند پارێزگایەکی کوردستانین، ئیدارەیەکی هەیە من پێم باشترە هەم پرسیارە هەم پێم باشترە کە ئیدارەکە لابدرێت بوترێت ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی هەرێم؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو بەفرین خان.

**بەڕێز بەفرین حسین محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، من پڕ بە پێستی هەموار کردنەوەکە لە گەڵیدام لە گۆڕینی ناوچە ناکۆکی لەسەرەکان بۆ ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم، بەڵام راستیەکی حاشا هەڵنەگر هەیە کە کوردستانی بوونی ئەم ناوچانە شتێکە حاشا هەڵنەگرە، هەڤاڵ مام جلالیش لە ڕۆژی ناسراو بە مرافعە گەورەکەیە راستی و دروستی بەڵگەنامە مێژوویەکان دۆکۆمێنتە راستەقینەکانی بە گوێی دۆست و دوژمندا چرپاندووە ئەوە شتیکی حاشا هەڵنەگرەو پێویست بەوە ناکا ئێمە لێرەوە چین و چوونی لەسەر بکەین، سەبارەت بە ناوەکەی وەکو ئەوەی کە لە وەقائعی کوردستان بەلاو بۆتەوە بە دەستەی گشتی هاتووە، بەلام لێرەدا دەزگای گشتییە ئەگەر روونکردنەوەیەك هەبێ زۆر باشە ئەوە خاڵی یەکەم، خاڵی دووهەمیش بەپێی دەستووری عیراق ئەو ناوچانە بە ناوچەی ناکۆکی لەسەر هاتووە، بەپێی ماددەی (13)ی دەستووریش نابێ یاسایەك دەرچێت بە پێچەوانەی دەستوور بێت، پرسیارەکەی من ئەوەیە بۆ لێژنەی یاسایی ئایا تا چەندە گونجاندن هەیە گونجاندنی یاسایی کە ئێمە ئەو ناوە لە دەستەی گشتی هەرێمی کوردستان بۆ ناوچە ناکۆکی لەسەرەکان بکەین بەناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم، ئایا پێچەوانەی دەستوور نابێت؟ گرفتی یاسای دروست ناکات؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو د. احمد.

**بەڕێز د. احمد ابراهیم علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە راستی دا ئەو ناوچانەی کە بە ناوچەی ناکۆکی لەسەر یان ناوچەی کوردستانی دەرەوەی هەرێم ئەژمار کراون وە بەپێی دەستووری عیراقی ئێمە هەموومان وە پێم وایە لە یاسا کۆنەکەشا کە هاتووە تەعریفەکەی بەم شێوە کردووە کە ناوچە ناکۆکی لەسەرەکان ئەو ناوچانەن کە لە کوردستان-عیراق بە پێچەوانەی واقعی مێژووی و جوگرافی دابڕێندراون و رێکارەکانی بە عەرەب کردن و گۆڕینی ناسنامەی نەتەوەیی لەلایەن ڕژێمی بەعسەوە دەیانگرێتەوە، کەوابوو ئەگەر چی ئێمە لە یاسا کۆنەکەیا بەناو ناومان نەهێناوە کە ئەو ناوچانە ناوچەی کوردستانین لە عینوانەکەیا وتوومانە متنازع علیها، بەلام لە تەعریفەکەیا وتوومانە ئەو ناوچانە ناوچەی کوردستانین، بە هۆی گۆڕینی دیمۆگرافیاوە، بە هۆی تەعریبەوە ئەوانە بوونەتە ناوچەی ناکۆکی لەسەر دیارە ماددەی (140) کە بەداخەوە ئەبوایە لە ماددەی (58)ی یاسای قانونی ئیدارەی دەولەی عیراقی وە پاشان لە ماددەی (140) ئەو کاتە کار بۆ ئەوە بکرابا کە ئەو ناوچانە بە ناوچەی متنازع علیها هەژمار نەکرێن، بەلام ئێستا ئێمە بەراستی مولزەمین بەوەی کە دەستووری عیراقی کە ئێمە دەنگمان بۆی داوە لە ماددەی (140)، لە ثانیەن کەباس لەوە ئەکا، تطبیع وأحصاء و استفتاً بکرێ ئەو سێ قۆناغە ئەڵێ، في کرکوك والمناطق الاخرى المتنازع عليها لتحديد أرادة مواطنيها، یەعنی ئێمە خۆمان مولزم کردووە بە دەستوورەوە بەراستی، بۆیە من لە رووی دەستووریەوە پێموایە ئەو ناو نانە پێچەوانەی دەستووره لەگەڵ من هەموو ئەوەی لەرووی نەتەوەیی و نیشتمانیەوە لە

گەڵ ئەم گۆڕینە دامە، پێشم وایە کە گۆڕانکاری دیموگرافی لە ناوچەکە کراوە بەهۆی تەعریبەوە، بەهۆی سیاسەتی رەگەز پەرستانە رژێمی بەعسەوە، بۆیە لە راستیدا منیش لەگەڵ ئەوەمە کە ئێمە گۆڕانکاریکە بەو شێوە بکەین کە هەم گونجاو بێ لە گەڵ دەستوری عیراقی و، هەمیش ناسنامەی کوردستانیەتی ئەو ناوچانە بپارێزین، بۆیە ئەگەر بکرێت ناوەکەی بەو شێوەیە بێ، قانون الهيئة العامة للمناطق الكوردستانية المتنازع عليها، بۆیە هەم لەگەڵ دەستووری عیراقیا بێتەوە، وە هەم لە ناونیشانەکەشەوە ئێمە کوردستانیەتی ئەو ناوچانە بپارێزین، یانی الهيئة العامة للمناطق الكوردستانية المتنازع عليها، وە لەگەڵ هاوکارەکانیشمدام کە هیئەکە بۆچی لە کوردیەکەی بێتە دەزگا؟ کە هەر دەستەیە، وە ئیدارەش بەراستی خارج ئیدارەی اقليم بۆچی ئێمە ناوی حکومەتی هەرێمی کوردستانمان هەیە، وە اقليم کوردستان بەپێی دەستووری عیراقی اعتراف پێکراوە بۆچی ناوی بنێین (خارج أدارة الاقليم)، باشترە ئیدارەی اقلیمی هەر تێدا نەبێ تەنها ناونیشانەکە، (قانون الهيئة العامة في أقليم كوردستان للمناطق الكوردستانية المتنازع عليها)، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بايز اسماعيل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاک حەمە سعید.

**بەڕێز حەمە سعيد حەمە علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من داوا ئەکەم لە برادەرانی لێژنەی یاسایی کە بەشێوەیەك ئەم یاسایە ئەوان دیارە شارەزاترن لە رووی یاسایی و دەستووریەوە دارێژن کە بگونجێ لەگەڵ دەستوور ئەوە یەك، وە بۆ ئەوەی بگونجێت من پێشنیاری سێ ناو ئەکەم، یەکەمیان یاسایی تەبعەن ئەوە دەستەو دەزگاکە فیعلەن دەبێ یەکلاکرێتەوە یاسای دەستەی گشتیی لە هەرێمی کوردستان بۆ ناوچە کوردستانیە داگیر کراوەکان، وەکو عەرەبەکان ئەڵێن (فلسطين المحتلة) ئەوەش داگیر کراوە، خاڵەکی تر یان ناوچە کوردستانیە دابڕێنراوەکان، چونکە ئەوە بە زۆر دابڕێنراوە بەراستی بڵێین ناکۆکی لەسەر، وەکو ئەوە وایە تۆ بڵێی مناقشە بکەین کاك حەمە سعید لەسەر تۆ ئایا سەری تۆ یا لاشەی تۆ یا دڵی تۆ وەرە با مناقشە و مفاوەزات بکەین ئایا ئەمە ناکۆکی لەسەرە، یەعنی هیچ ناکۆکی نیە دڵم پارچەیەکە لەمن یان سەرم، کەواتە ناوچە کوردستانیەکان (متنازع عليها) نیە پێم وایە ماددەی (140)ی دەستووریش کە دەڵێ ئیستفتا و کەرکووك والمناطق المتنازع عليها مەبەستی محافظەکانی ترە، چونکە ماددەی (140)ی، وەکو جەنابتان دەزانن هەر بۆ کوردستان نیە بۆ غەیری کوردستانیشە وە سنووری محافظەکانی تر کە وەختی خۆی ڕژێمی بەعسی لەناو چوو گۆڕیویەتی، بۆیە ئەو سێ ناوە پێشنیار ئەکەم، بە شێوەیی برادەرانی ناوچە کوردستانیە داگیرکراوەکە، ناوچە کوردستانیە دابڕێنراوەکان ئەوە (متنازع عليها) هەر تیا نەبێت، چونکە من منازعە لەسەر موڵکی خۆم بکەم لەگەڵ کابرایەك کە هاتۆتە سەرماڵەکەم پێموایە نابێت وەکو ئەوە وایە، خاڵێکی تریش بڕیاری ژمارە بڕیار ئایا

ئەمە یاسایە یان بڕیارە، چونکە ئەوە لەناو یاساکە لەناوەڕۆکەکە هەمووی بەیاسا هاتووە، بەڵام عنوانەکەی ئەبێ بڕیاربێ ئەوەش هەر وەکو شتێکی فەنی، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کوێستان خان.

**بەڕێز کوێستان محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتگیری هەر دوو هاوڕێم کاك کاردۆ و د. احمد ئەکەم کە بکرێت بە ناوچە کوردستانیە کێشە لەسەرەکان، یەکەم دان بەوەدا ئەنێین کە ئەمە بەڵێ ناوچەی کوردستانین، وە مخالفی دەستووری عیراقیش نابین کە کێشەی لەسەرە بەڵێ ئێستا کێشەی لەسەرە خۆ ئەوە حاڵەتێکە کە بەداخەوە کاتی خۆی ئێمە خۆمان کورد لەکاتی نووسینەوەی دەستووری عیراقیا ئەو ناوەمان داناو کە دەنگیشمان لەسەر داوە کە ئەبوو ئەوە نەبێ کاتی خۆی، بەڵام ئێستا وا رۆیشتووە، بۆیە ئەگەر بنووسین ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی هەرێم، یەعنی من پێموایە ئەمە ئێمە وا ئەکەین کە ئەمانە لە دەرەوەی هەرێمن دانپیانانێکی باش نابێت بۆیە ناوچە کوردستانیە کێشە لەسەرەکان ئەکرێ ئەمە دانپیانانێکە کوردسانیشەو کە ناکرێ خیلافی دەستووری عیراقیش بێ، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك برهان فەرموو.

**بەڕێز برهان رشید حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشەکی پێم خۆشە ئەوە بڵێم من وەك کوردێ پێم خۆشە نەك پێی بڵێین ناوچەکانی خارجی ئیدارەی هەرێم و ناوچە متنازعەکان، من پێ خۆشە چۆن ئەرجەنتینیەکان ئێستاش بە جزوری فۆکلاند دەڵێن زەوی داگیرکراو، خەڵکی سەحرای غەربی و جبهەی پۆلیساریۆ لە سەر موشکیلەی سەحرای غەربی پێی ئەڵێن زەویە داگیرکراوەکان، چۆن یابان ئێستاش جزورەکانی شەرقی روسیا بەهیی خۆی ئەزانێ، منیش پێم خۆشە ناوی بەهاتایە بە زەویە داگیرکراوەکان، لەبەر ئەوەی ئەگەر بگەڕێنەوە بۆ حەقیقەت و تأریخ مێژووی ئیمپراتۆریەتە کۆنەکانی ناوچەکە کە بەشێکی کاریگەری کورد بوون لە دەوروبەری بەغدا و جەلەولاو، سەعدیەو شەڕەکانی نەهاوەندو جەلەولا لە تأریخا بەناوبانگە کە ئەوە خاکێکە ئێمە ناکرێ بەهیچ شێوەیی تەنازولی لێ کەین، بەڵام ئێمە لێرە تووشی حەقیقەتێکی دەستووری ئەبین کە هەموومان لەساڵی (2005)ە ئیمزامان کردووە، ئەویش ئەوەیە بەپێی ماددەی (140)ی دەستووری دایمی عیراقی (2005) ئەڵێ (في كركوك والمناطق الاخرى المتنازع عليها)، ماددەی (13)ەش پێم خۆشە بۆ بەڕێزتان و ئەندام پەرلەمانانی بەڕێزی بخوێنمەوە کەلە ماددەی (13)ی دەستوور هاتووە ( يعُد هذا الدستور القانون الاسمى والاعلى في العراق ويكون ملزماً في انحاءه كافة وبدون استثناء) بڕگەی دووەم ( لايجوز سن قانون

يتعارض مع هذا الدستور ويعد باطلا كل نص يرد في دساتير ألاقاليم أو أي نص قانوني أخر يتعارض معه)، جا بۆ ئێمه خۆش نیه تەعدیلێ بکەین بەیانی ئەگەر سکاڵایەکمان لە مەحکەمەی دەستووری لە عیراقا کەپێی ئەڵێین مەحکەمەی ئیتحادی عولیا لەسەر بەرزکرێتەوە بەپێی حوکمی ماددەکانی (140)و(13)ە قانونەکەمان باتل کرێتەوە، بۆیە من داوە ئەکەم ورد بینی زیاتر بکرێ لە رووی قانونیەوە لە بەر ئەوەی شتێك نەکەین بەشکاندنی دەستوور لەلایەن ئێمەی پەرلەمانی کوردستانەوە حیساب بکرێ، وە سبەینێ ئەگەر بکرێ بە دەعوە ئێمە بیدۆڕێنین باتڵ دەرچێ یاساکەمان، من لە گەڵ رێزو حورمەتمدا من گومان ئەکەم بەرەو ئینتیخابات ئەڕۆین یاسای دۆێنێش و ئەم یاسایەی ئەمڕۆش جۆرێك بێت لە ئیستفزاز کردنی بەغدا، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

من حەز دەکەم هەندەك تەوزیحات بدەم ئایا هەموو برگەو ماددەکانی دەستوور حکومەتی عیراقی تەنفیزی کردووە، کە حکومەتی عیراقی تەنفیزی نەکردووە لەوانە نەفت و غازە لەوانە ئیستحقاقاتی پێشمەرکەیە، قەتعی پارەی سیادیە لە کوردستان، لە بەر ئەوە ئێمە هەندێك شتی حەقمان هەیە کە تەعارز نەکا، بەلأم لە شێوەی تەفسیرەکەی بیگۆڕین ئێمە کە ناوەکەی دەگۆڕین تەعارز لە دەستووری عیراقی ناکا، بەلأم ناوەکە دەگۆڕی فقط، بەلأم مەزموونەکە یەك مەزموونە، بەلأم بۆ کورد ئێستا ئەمڕۆ شتێك هەیە بەناوی هەرێمی کوردستان، ئیعتراف دەولی، ئیعتراف قانونی، ئیعتراف عیراقی هەیە، بەلأم هەندەك شوێن هەن کە ئەو وەختە ئەوەندەمان بۆ کراوە لە بیدایەتی دامەزراندنی حکومەتی عیراقی نوێ ئەوەندەمان بۆ کراوە زیاترمان بۆ نەکراوە یان ئەوندە دەرەقەتی هاتووین، بەلأم ئەو ناوچانە کە ئێستا تابعی حکومەتی عیراقن، فیعلەن ئێمە پێمان وایە کوردن، وە ئیشی بۆ دەکەین بۆ گەڕانەوەیان ئێمە دەڵێین چی ئەو ناوچانە کوردن، بەلأم لە دەرەوەی سنوورێکی ئیعتراف پێکراون کە هەرێمی کوردستانە، ئێمە مەسەلەکەمان بۆ ئەوەیە، لە بەر ئەوە یەعنی بە رای من بۆ میلەتەکەشمان بۆ منداڵەکانی خۆشمان تێانبگەینین ئەوانە کوردستانن، بەلأم بەهۆی (متنازع علیه) ئەوان دەڵێن (متنازع علیه) لای ئێمە (متنازع علیه) نیە لای حکومەتی ئیتحادی متنازع علیەیە کاکە، جا بۆیە جیلەکەی خۆمان برادەرەکانی خۆمان کەسی خۆمان بۆ ئەوە پەروەردە نەکەین لە ئێستاوە ئێمە تاهەتایە هەر وە نامێنینەوە.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك عونی.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەندامانی پەرلەمانی بەڕێز راوو بۆچونی خۆیان سەبارەت بە مادەکە دەرخست، یەکەم جیاوازی هەیە لە تەرجمەکە لە نێوان راپۆڕتی یاساکە بە زمانی عەرەبی کوردی، تەبیعی ئێمە دایمەن گۆتیتمان ئەگەر هاتوو جیاوازی هەبوو لە ترجمە عەرەبیەکە ئەساسە ئەوە یەك، راستە لە عەرەبیەکەی بەناوی الهیئە العامە

هاتیه لەویٚ دەزگا، دەزگا نیـە، (الهیئـە العامـە) یـە، عنوانەکە بـەو شکلەیە (قـانون الهیئـة العامـة فی أقلیـم کوردستان)، دوو؟ برادەران پرسییان ئایا پێچەوانەی دەستوورە؟ ئێمە وەکو لیژنەی یاسایی دەڵێین، نـەخێر پێچەوانەی دەستوور نیە، لەبەر ئەوەی خیلاف جیاوازە لەگەڵ تـەعاروز، تـەعاروز کـە بـرادەران ئاماژەیـان پێدا لە ماددەی (13)ی دەستووری عیراقی ئێمـە قانونـەك دەرناکـەین خـیلافی قـوانینی عیراقـی بـێ، واتـە بڵێین پێچەوانەی دەستوور بوو کاری پێ نەکرێ، خیلاف فـەرقی زۆرە لـە گـەڵ تـەعاروز، تـەعارزناکا تـەنها ناوەکەیە، وە بابەتی جیاوازیشمان هەیە بۆ نموونە شێوەی ئینتیخابات لە کوردستان بە شێوەیەکە جیاوازی هەیە لەگەڵ حکومەتی ناوەندی، ئایا قانونەکانی ئێمە ئیعتبار دەکرێ بە تەعاروز لەگەڵ قـوانینی عیراقـی؟ نەخێر ئێمە وای بۆ ناچین، دوو: کە ئێمە دەڵێین ئەو مەنتیقانە جوغرافیەن، تأریخیەن کوردستـانە باشـە، لۆ دیفاع لە مـافی خۆمـان نەکـەین وەکو کوردێـك؟ وەکو کوردسـتانیەك بڵێین ئەمانـە فیعلـەن پێچـەوانەی دەستووری عیراقی نیە ئێمـە متمەسـکین بـە مـافی خۆمـان کـە ئـەو مەنتیقانـە کوردسـتانیە، وەکو جـەنابی سەرۆکی پەرلەمان تەوزیحەکی باشی دا کە ئەوە فیعلەن لە کاتەك دەرچووە بەو شکلەی ئامادە بووە، دوایـی کە ئەگەر تێبینی دەستوورەکەی بکەین ئەمـە خۆمـان مـلاحظاتمـان لەسـەر دەسـتوور هەیـە، وەلـەو (80٪) دانیشـتووانی خـەڵکی عـیراق دەنگیـان لەسـەر دەسـتوورەکەی دا، بـەلأم خۆمـان تێبینیمـان هەیـە لەسـەر دەستوورەکە کـەم وکورتی تێدایـە ئێستا تێدایـن، دوایـی ئەگـەر بێینـە سـەر ماددەی (115)ی دەسـتووری عیراقی ئێمە لۆ ئەو مافەی نەدەینە خۆمان، ئەگەر هاتو کێشەکمان بـوو ئەولەویـەت لـۆ قـوانینی خۆمانـە، واتە قانونی خۆمان دەردەکەین وە ئەگەر ئێستاش دەڵێین کەسێك گلەیی کرد ئیعتزازی کرد فەرموو دەرگای مەحکەمەی ئیتحادی کراوەیە، بابچێ دەعوای تۆمار بکات، خۆ کفر نیە قەرارەك دەربچیت بڵێ کە غەڵەتە، بەلأم ئێمە متەمەسکین بەوە کە غەلەتمان نەکردیەو بە زۆر یاسایی و بەدوا داچوونی بۆیمـان کـردووە، وە هەر قانونەك بەو شکلەی کە دەربچێ لە پەرلەمانی کوردستان ئێمە رەچاوی ئـەوەمان کردیـە کـە تـەعاروز نەکا لەگەڵ دەستووری عیراقی، ئەوەش تەعەروزی تێدانیە، وە ئەو پێشنیارانەی کە کرا ئایا ناوەکە بکرێـت بە (مناطق الکوردستانیة المحتلە یان مناطق کوردستانیە کێشە لەسەرەکان)؟ بەراستی ئەو تەعبیراتانـە وارد نیە هەر بەو شکلەی کەهاتووە پێشنیارە هـیچ مـانع نیـە، دەیخەینـە دەنگدانـەوە پێشنیار کـرا کـە ناوەکـە بگۆرێ.

**بەرێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەزانی چۆن لە حەقیقەتدا من حەزدەکەم زۆر واقیعیانە بیر بکەینەوە من نەمویست وەڵامـی کـاك برهـان بدەمـەوە بەراسـتی، بـەلأم کـاك برهـان کامـە ئیسـتفزازیە هێنـانی جەیشـی عیراقـی بـۆ سـەر کوردسـتان ئیستفزازیە؟ یان میلـەتی کورد بـۆ خـۆی قـانون دەرکا ئیسـتفزازیە؟ کامـە ئیسـتفزازیە؟ یـەعنی تـۆ وەکو کوردێك حەق نیە بەو شـێوە قسـە بکـەی، بەراسـتی ئـەوە پەرلـەمانی کورسـتانە، ئـەوە ئـیرادەی خەڵکـە، بـا بەشێکی پەرلەمان تێیدا نەبێ، بەلأم ئەکسەریەتی پەرلەمان قەراری ئەوەی داوە، یـانی خـۆ نـاکرێ هەنـدێ شت هەیە لە هەموو شتێ جوابتان دەینەوە بەراستی لەبەر ئەوە قسـەیەکی وا مەکـەن کـە ئینسـان جوابتـان

داتەوە، موناقەشە دروستکا لەسەر مەوزوع بۆ ئیستفزازیە، یەعنی ئەگەر کورد بڵێ ئەو مەنتیقانە هی ئێمەن، ئەسڵی هیی ئێمەن (متنازع علیە) نیە بۆ ئیستفزازیە ئەوە کاکە، ئەگەر کورد حەقی ئیستەحقاقاتی نەفتی خۆی هەبێ لە کوردستان دەریکا، بەپێی قانون بۆ ئیستفزازیە کاکە؟، ئەی ئێوە ناڵێن هەموو شتێ بێتەوە پەرلەمان؟ ئەوە پەرلەمان قەرار دەدا، ئێ لە پەرلەمان بەولاوە کێ؟ ئێ بۆ یەعنی ئەگەر قەراری پەرلەمان بوو ئیستفزازیە، ئەوە ئیرادەی کوردە، ئیرادەی میللەتی کوردە، تەواو گیان، دەی بزانم پێشنارەکی ئەوان پێشنیارەکەی ئەوان بزانین چیە بیخەینەوە دەنگەوە.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك عونی.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڵێ پێشنیارەك دەڵێ قانوونەکە ببیتە (قانون الهیئة العامة للمناطق الکوردستانیة المتنازع علیها) ئەوە یەکەم کرا، پێشنیار بوو، نا، نا ئەسڵی وا نیە ئەسڵیەکە با ئێستا بیخوێنمەوە یەك، یەك بابڵێین چەند ئەندام پەرلەمانەك دەڵێن ناوەکە بەو شکلەی بێ ( قانون الهیئة العامة للمناطق الکوردستانیة المتنازعة)، قانون الهیئة العامة للمناطق بەلی لەپرۆژەکە لە پرۆژەی حکومەت دەڵێ المناطق الکوردستانیة خراج ادارة الاقلیم.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەزانیت رجاتان لێ دەکەین رجای ئەو خوایەتان لێ دەکەین گەلێ جار لە پرۆتۆکۆل تەسجیل نابێ دوێنێ هەندەك قسەکرا واللە گوێمان لێ نەبووە لەبەر قسەی ئێوە گوێمان لێ نەبووە تەبعەن، نەختەك موراعات کەن هەم تۆمار بکرێت لە پرۆتۆکۆل بۆ ئەوەی گوێشمان لێ گرتبێ، هیچ تووشی ئیشکالیات نەبین، فەرموو هەمووی بخوێنەوە.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك عونی.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

(المناطق الکوردستانیة خارج ادارة الاقلیم)، پێشنیارەك کرا دەڵێ بیکەینە (المناطق الکوردستانیة خارج الاقلیم)، واتە ئیدارەکەی لابەن ئەوە یەکەم، پێشنیار کرا بەڕێز جەنابی سەرۆکی پەرلەمان، پێشنیاری تر (المناطق الکوردستانیة الهیئة العامة للمناطق الکوردستانیة المتنازع علیها)، سێیەم (المناطق الکوردستانیة المحتلة)، یەك کەس داوای کردیە وە تەبیعی ئەمە با ئێمە جوابی قانونی لەئەوەش بدەینەوە مناطق کوردستانیة محتلە، محتل نیە، چونکە ئەمە بەشێکین لە عیراق تەنها مافی فیدرالیەتمان هەیە، مونازەعەمان هەیە، کێشەمان هەیە لەگەڵ حکومەتی ناوەندی لەسەر ئەو بابەتە کە ئەمە دائیمەن دەڵێین

متمەسكین بە جوغرافیەت و تاریخیەتی كوردستان، ئەو مەناتیقانەی كە كێشەمان لەگەڵ حكومەتی ناوەندی لەسەر هەیە.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

تكایە كاك كاردۆ ئەوە پێشنیارە كردتان بۆمان بنووسنەوە بزانین چیە؟ بۆ ئەوەی بیخەینە دەنگەوە، بەڵێ ، ئەسڵەكەی وایە كاكە ئەسڵی قانونەكە وایە. فەرموو كاك عونی.

**بەڕێز عونی كمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەسڵی قانونەكە دەڵێ (قانون الهیئة العامة في اقلیم كوردستان للمناطق المتنازع علیها).

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

باشە لەسەر خۆ، لەسەر خۆ تكایە با گوێمان لەیەكتری بێ كاك عەونی سیاغەتی بكە هی ئەوان هەر دووكی ئەسڵیەكەی بڵێ ئەوەیە ئەمەش ئەوەیە تا بیخەینە دەنگەوە. فەرموو.

**بەڕێز عونی كمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

با وازح بی لۆ ئەندامانی پەرلەمان ئەسڵی قانونەكە بەو شكلەیە (قانون الهیئة العامة في اقلیم كوردستان للمناطق المتنازع علیها) ئەوە ئەسڵەكەیە، گۆڕانكاری حكومەت (قانون الهیئة العامة في اقلیم كوردستان للمناطق الكوردستانیة خارج ادارة) بەڵێ، بەڵێ ئاخر نابێ پرۆژەكەی حكومەت، بەڕێز كاك ئەرسەلان پرۆژەكەی حكومەت من دەخوێنمەوە دەڵێ وا بێتن، پێشنیاری تر (قانون الهیئة العامة للمناطق الكوردستانیة المتنازع علیها)، ئەو پێشنیارانە پێشكەش كراوە، هی حكومەتەو هی ئەندامانی پەرلەمانە، جەنابی بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان پێشنیاری (المناطق الكوردستانیة خارج الاقلیم)،قانون، سیاغەكەی بەو شكلەیە كاكە،

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

خۆی لە ئەسڵدا هاتووە دەبێ (متنازع علیها) ئەوانەی پێشنیارەكەی كاك كاردۆ و ئەوانیشس ئەویش دەڵێ (متنازع علیها) كە بمێنێ، بمێنێ بەلاَم كوردستانی (متنازع علیها) ئەوەی حكومەت كە هاتووە ئەوەی حكومەتی (متنازع علیها) ناڵێ، ئەوەی حكومەت دەڵێ (متنازع علیها) تێدا نەبێ (المناطق الكوردستانیة خارج الاقلیم).

**بەڕێز عونی كمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پێشنیارەكە بەم شكلەیە (قانون الهیئة العامة في اقلیم كوردستان للمناطق الكوردستانیة المتنازع علیها).

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئێستا دەیخەمە دەنگەوە، كێ لەگەڵ دایە؟ تكایە دەست بەرزكاتەوە (17) كەس لەگەڵ دایە زۆر سوپاس، كێ لەگەڵ دانیە؟ تكایە دەست بەرزكاتەوە، زۆرینە لەگەڵ دانیە، زۆر سوپاس، قانونە ئەسڵیەكە بخوێنەوە تكایە.

**بەڕێز عونی كمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پێشنیاری حكومەت (قانون الهیئة العامة في اقلیم كوردستان للمناطق الكوردستانیة خارج الاقلیم).

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئێستا دەیخەمە دەنگەوە، كێ لەگەڵ دایە تكایە، تكایە ،........ فەرموو

**بەڕێز عونی كمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

(قانون الهیئة العامة في اقلیم كوردستان للمناطق الكوردستانیة خارج ادارة الاقلیم).

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئێستا دەیخەمە دەنگەوە، كێ لەگەڵ دایە؟ تكایە دەست بەرزكاتەوە واللە ناژمێردرێت زۆرە زۆر سوپاس، كێ لەگەڵ دانیە؟ تكایە دەست بەرزكاتەوە (1) كەس لەگەڵ دانیە، زۆر سوپاس، بە زۆرینەی دەنگ پەسەندكرا، فەرموون بۆ مادەیەكی تر.

**بەڕێز قادر حسن قادر:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

مادەی دووەم:

دەستەواژەی ناوچە كوردستانیەكانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم جێگەی دەستەواژەی ناوچە كێشە لەسەرەكان دەگرێتەوە لە هەر شوێنێك كە لەو یاسایە ناوی هاتبێت.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو كاك عونی.

**بەڕێز عونی كمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

المادة الثانیة:

(تحل عبارة المناطق الكوردستانیة خارج ادارة الاقلیم محل عبارة المناطق المتنازع علیها أینما وردت في هذا القانون)، جەنابی سەرۆكی پەرلەمان لێژنەی یاسایی پێشنیار دەكات ئەو جملەیە ئیزافە بكرێتە سەر مادەكە (والقوانین الاخرى النافذه في الاقلیم)، واتە قوانینی دیشمان هەیە، ئەو عیبارەتە بەكار هاتیە، چاك بكرێت بەگوێرەی ئەو تەعدیلەی كە دەكرێتەوە.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

دیارە ئێمە ناوەكەمان گۆڕی لەبەر ئەوە ئۆتۆماتیكی (مناطق كوردستانية خارج ادارة الاقليم شوێنی المناطق متنازع عليها) دەگرێتەوە،

بەڕێزان ئێستا دەیخەمە دەنگەوە، كێ لەگەڵ دایە موستەلەحەی كە لە ماددەی یەكەمیش گۆڕیمان؟ تكایە دەست بەرزكاتەوە، كێ لەگەڵ نیە تكایە دەست بەرزكاتەوە؟ بەكۆی دەنگ پەسندكرا، زۆر سوپاس، فەرموون بۆ ماددەیەكی تر.

**بەڕێز قادر حسن قادر:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

مادەی سێیەم:

1- بڕگەی دووەم لە مادەی یەكەم هەموار دەكرێت و بەم شێوەی خوارەوە:-

(دووەم: دەستە: دەستەی گشتی لە هەرێمی كوردستان بۆ ناوچە كوردستانیەكانی دەرەوەی هەرێم).

2- بڕگەی پێنجەم لە مادەی یەكەم لە یاسایەكە هەموار دەكرێتەوە بەم شێوەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە.

(پێنجەم: ناوچە كوردستانیەكانی دەرەوەی هەرێم لە رووی مێژوو، جوگرافیاوە ناوچەی كوردستانین كە لەلایەن رژێمەكانی پێشوو كەوتبوونە ژێر پرۆسەی بەعەرەب كردنی گۆڕینی ناسنامەی نەتەوایەتی).

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو كاك عونی.

**بەڕێز عونی كمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

المادة الثالثة :

أولآ : تعدل الفقرة ثانيآ من المادة الأولى من القانون وتقرأكالأتي :

(ثانيآ: الهيئة: الهيئة العامة في الاقليم للمناطق الكوردستانية خارج ادارة الاقليم).

ثانيآ : تعدل الفقرة خامسآ من المادة الأولى من القانون وتقرأ كالأتي :

(خامسآ: المناطق الكوردستانية خارج ادارة الاقليم: هي المناطق الكوردستانية تأريخيا وجغرافيا والتي شملتها أجراءات التعريب و تغيير القومية من قبل الأنظمة السابقة).

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو كاك عونی.

**بەڕێز عونی كمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لیژنەی یاسایی پشتگیری ماددەکە دەکات بەو شێوەی پێشکەش کرا، لێژنەی یاسایی پشتگیری مادەکە دەکا بەو شێوەی خوێندرایەوە.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ تێبینی هەیە؟

**بەڕێز برهان رشید حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دەربارەی ماددەی سێ، بڕگەی دووەکەی کە باس لە ئەو مناطق کوردستانیانە ئەکا کە بەپێی مێژوو، جوگرافیا خاکی کردن و تەعروزیان کردووە بۆ تەعریب و تەغیری قەومیە لە ڕێگەی لە ڕێی ڕژێمە کۆنەکانی عیراقەوە، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان ئەم نەصە تۆزێ ئەتوانم بڵێم یەك تۆز غامزی تیایە، لەبەر ئەوەی ئەگەر بگەڕێینەوە تاریخی عیراق، لە بیدایەتی بیستەکانەوە دروست بووە لە سالی (1932) بووە بە ئەندام لە (عصبة الامم)، بەڵام ئەگەر تۆ باسی تاریخ و جوگرافیا ئەکەی عەرەب بەپێی تاریخ لەو دیو فوراتەوە هەبووە غەساسینەو منازیرەی هەبووە، لە تەعریبیش لەسەر دەستی دەوڵەتی تازەی عیراق کە دروست بووە لە دوای جەنگی جیهانی یەکەم، لە ناوەراستی سییەکانەوە لەسەر دەمی حکومەتی یاسین هاشمیەوە تەعریب دەستی پێکردووە، کە تەعریبی حەویجەی کردووە و هۆزە عەرەبەکانی بۆ هێناوە، بۆیە پێویستە ئەمە تۆزێ وازحتر بێ، ئایا لەگەڵ دروست بوونی دەوڵەتی عیراقا، مەبەستە لەبیدایەتی نۆسەدو بیستەکان یان لەسەردەمی حکومەتی یاسین هاشمیەوە لەناوەراستی سییەکانە کە حەویجەی تەعریب کردووە، یان لەسەر دەمی حوکمی بەعسا، لەبەر ئەوە تاقە ئیحسای لە عیراقیشا بەدەستەوە بێ ئیحسای پەنجاو حەوتە زۆر ئیحسایەکی معتەمەدە؟ پێویستە ئەو شتە زیاتر روون بکرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك دڵشاد.

**بەڕێز دڵشاد حسین قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تەعریفەکە لە رووی مێژوویی و جوغرافیەوە ناوچەی کوردستانین کە لەلایەن ڕژێمەکانی پێشوو، ڕژێمەکانی پێشوو کێن؟ من بڕوام وایە عیراقی بۆ زیاد کرێ، چونکە مەبەستمان ئەو ناوچانەی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمە کە لە ناو عیراقان، ئێستا ئەگەر وانەبێ ئەو کاتە نازانم کە ناوچە کوردستانیەکان زۆرن لە دەرەوەی عیراقش، بۆیە پێم وایە ئەبێ عیراقی بۆ زیاد کرێ، ڕژێمەکانی پێشووی عیراق، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك احمد

**بەڕێز د. احمد ابراهيم علی (وەرتی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە بڕگەی پێنجەم کە بەو شێوەیە هەموار کراوە (المناطق الكوردستانية خارج ادارة الاقليم هي المناطق الكوردستانية تأريخيا و جغرافيا والتي شملتها أجراءات التعريب وتغيير القومية من قبل الانظمة السابقة)، لێرە لە هەموار کردنەکەیا (الهوية: الهوية القومية)، هەویەکە لابراوە لە ئەسڵەکەیا لە خامیسەن هەیە (وتغيير الهوية القومية) کە لە کوردیەکەشا ڕاست کراوەتەوە ئەڵێ بە عەرەب کردن و گۆڕینی ناسنامەی نەتەوایەتی، بۆیە لێرە الهویە لە پێش القومیە زیاد بکرێ، (وتغيير القومية، الهوية القومية من قبل الانظمة السابقة المتعاقبه في العراق) ئەوەشی بۆ زیاد بکرێ، المتعاقبه في العراق، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بايز اسماعيل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاک عونی.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تەبیعی ئەمە لە ماددەکانی پێشوو دەنگمان لەسەر دا ئەوە تەسبیت بوو، لێرە پێشنیار کرا (من قبل الانظمة العراقية السابقة اضافه بکرێ لەسەر ماددەکە)، ئێستا ئەو سیاغەی دەخوینمەوە ئەگەر ئەندامان رزامەندیان لەسەردا ئینجا بخرێتە دەنگدانەوە، سەبارەت بە خامسا (المناطق الكوردستانية خارج ادارة الاقليم هي المناطق الكوردستانية تأريخيا و جغرافيا والتي شملتها أجراءات التعريب وتغيير القومية من قبل الانظمة وتغيير الهوية القومية من قبل الانظمة العراقية المتعاقبة)،

المادة الثالثة: اولا: تعدل الفقرة ثانيا من المادة الاولى من القانون وتقرأ كالأتي:

(ثانيا: الهيئة: الهيئة العامة في الاقليم للمناطق الكوردستانية خارج ادارة الاقليم)

ثانيا: تعدل الفقرة خامسا من المادة الاولى من القانون وتقرأ كالأتي:

خامسا: المناطق الكوردستانية خارج ادارة الاقليم هي المناطق الكوردستانية تأريخيا و جغرافيا والتي شملتها أجراءات التعريب وتغيير الهوية القومية من قبل الانظمة العراقية المتعاقبة، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بايز اسماعيل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئێستا دەیخەمە دەنگەوە، کێ لەگەڵ دایە؟ تکایە دەست بەرزکاتەوە، کێ لەگەڵ دانیە؟ تکایە دەست بەرزکاتەوە، بەکۆی دەنگ پەسەند کرا، فەرموون بۆ ماددەیەکی تر.

**بەڕێز قادر حسن قادر حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی چوارەم: لەسەر ئەنجومەنی وەزیران و لایەنە پەیوەندندارەکان پێویستە حوکمەکانی ئەو یاسایە جێ بەجێ بکەن، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرمووو کاك عونی.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة الرابعة: على مجلس الوزراء والجهات ذات الصلة تنفيذ أحكام هذا القانون، لێژنـەی یاسایی پێشنیاری کردیە ذات الصلة ببیتە ذات العلاقة، لەبەر ئەوەی لە هەموو قوانینەکانمان (ذات الصلة)مان بەکار نەهێنایە لێرەش هەر وابێ، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کەس تێبینی هەیە لەسەر؟ کاك پێشەوا فەرموو،

**بەڕێز پێشەوا توفیق مغدید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

والله من یەك ملاحظەی تەقریبەن یاساییە ئێمە بڕیارمان دا کە ئەمانە لە دەرەوەی ئیدارەی هەرێم بن، کەچی ئێستا ئێمە حکومەتی هەرێم مولزەم دەکەین کە ئەم یاسایە جێ بەجی بکا ئایا ئەمە دژ یەك نیە لەگەڵ یەکتر؟ تۆ شتێك کە بڕیارت داوە لە دەرەوەی ئیدارە بێ چۆن تۆ دێی لێرە حکومەت مولزەم دەکەی کە ئەم یاسایە جێ بەجێ بکات؟ سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

پێم وایە کاك پێشەوا بۆ ئەوەیە ناوەکە وا بکاربێ، چونکە ئێمە رۆژانە رووبەرووی ئەو ناوە دەبینەوە، ئەو ناوە جاران (متنازع علیها)بوو، ئێستا لەجیاتی (متنازع علیها )ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمە، کاك عونی فەرموو.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة الرابعة: على مجلس الوزراء و الجهات ذات العلاقة تنفيذ احكام هذا القانون

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئێستا دەیخەمە دەنگەوە، کێ لەگەڵ دایە؟ تکایە دەست بەرزکاتەوە، کێ لەگەڵ دانیە؟ تکایە دەست بەرزکاتەوە، بەکۆی دەنگ پەسەند کرا، فەرموون بۆ مادەیەکی تر.

**بەڕێز قادر حسن قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مادەی پێنجەم: کار بەهیچ دەقێکی یاسایی ناکرێ کە لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایەدا ناکۆك بێت.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك عونی

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة الخامسة: لا یعمل بأي نص یتعارض و أحکام هذا القانون، لیژنەی یاسایی پێشنیاری ئەوەی کردیە سیاغەکەی بەو شێوەیە بێت (لا یعمل بأي نص قانوني أو قرار یتعارض و أحکام هذا القانون).

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئێستا دەیخەمە دەنگەوە، کێ لەگەڵ دایە؟ تکایە دەست بەرزکاتەوە بە تەعدیلەکەوە، کێ لەگەڵ دانیە؟ تکایە دەست بەرزکاتەوە، بەکۆی دەنگ پەسەند کرا، فەرموون بۆ ماددەیەکی تر.

**بەڕێز قادر حسن قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مادەی شەشەم: ئەو یاسایە لە ڕۆژی بڵاو بوونەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمی وەقائعی کوردستان جێ بەجێ دەکرێت، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك عونی.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة السادسة: ینفذ هذا القانون اعتبارا من تاریخ نشره في الجریدة الرسمیة ( وقائع کوردستان)، لێژنەی یاسایی تێبینی لەسەرمادەکە نیەو پشتگیری دەکات، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئێستا دەیخەمە دەنگەوە، کێ لەگەڵ دایە؟ تکایە دەست بەرزکاتەوە، کێ لەگەڵ دانیە؟ تکایە دەست بەرزکاتەوە، بەکۆی دەنگ پەسەند کرا، فەرموون بۆ اسبابي موجبة.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

الاسباب الموجبة بە زمانی عەرەبی دوای ڕاست کردنەوەی هەندەك بڕگە لە ناو اسباب موجبەکەدا، الاسباب الموجبة نظرا للغموض الذي یشوب عبارة (المناطق المتنازع علیها) بما قد یثیر الشك حول کوردستانیه المناطق المشموله بأحکام هذا القانون وتأکیدا علی حتمیة التمسك بهذه المناطق بکافة الوسائل المشروعة، بوصفها جزءا لایتجزأ من تاریخ و جغرافیة کوردستان العراق، و لازالة کل ما یثیر الریبة في امکانیة المساومة علی حقوق شعبنا الکوردي في هذه المناطق ، فقد شرع هذا القانون، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو كاك قادر.

**بەڕێز قادر حسن قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هۆیەکانی دەرکردنی ئەم یاسایە بە لەبەر چاوگرتنی ئەو لێڵیەی کە دەستەواژەی ناوچە کێشە لەسەرەکان لەخۆی گرتووە، کە ڕەنگە ببێتە مایەی وڕووژاندنی گومان لەبارەی کوردستانی بوونی ئەو ناوچانەی ئەم یاسایە دەیانگرێتەوە، هەروەها بۆ پێداگری لەسەر دەست بەردار نەبوون لەم ناوچانە بە گرتنە بەری هەموو ڕێگایەکی یاسایی بەو پێیەی کە بەشێکی جیانەکراوەن لە جوگرافیای هەرێمی کوردستان، و نەهێشتنی هەر شتێك کە ببێتە مایەی وڕووژاندنی گومان لەسەر دەست بەرداربوون لە مافی گەلی کوردمان لەوناوچانە بۆ ئەم مەبەستە ئەو یاسایە دەرچوێندرا، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو كاك عونی.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هۆیەکانی دەرچواندنی ئەم یاسایە پێشنیار بەو شکلەیە کە سیاغەکی بە عەرەبیەکەی ئێستا دەخوێنمەوە بەو شکلەی بی (الاسباب الموجبة) تأكيدا على حتمية التمسك بالمناطق الكوردستانية خارج ادارة الاقليم بكافة الوسائل المشروعة بأعتبارها جزءاً لا يتجزأ تأريخيا و جغرافيا من كوردستان-العراق فقد شرع هذا القانون، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ تێبینی هەیە؟

**بەڕێز نەریمان عبدالله قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان سەبارەت بە جوغرافیا و تاریخ من بەراستی من پێم باشە نەتەوایەتیەکەشی لەسەر ئیزافە بکرێ، لەبەر ئەوە مەسەلە نەتەوایەتیەکە زیاتر بەهێزترە تا وەکو مەسەلە جوگرافیەکان و مەسەلە مێژوویەکان، بۆیە من داوا ئەکەم نەتەوایەتیەکەشی بۆ زیاد بکرێ، (التأريخية والجغرافية والقومية)، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو كاك دڵشاد.

**بەڕێز دڵشاد حسین قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من ئەوەی لەبەر دەستمایە ئەوەی ئەسڵیەکەیە، بەڵێ ئـەوەی لەبـەر دەسـتمایە مـن لەسـەر ئەسـڵیەکە قسـە ئەکـەم نـازانم ئـەو سـیاغەی خوێندتانـەوە ئەسـڵیەکە نیـە؟ تازەیـە، بـەڵام بـەڵێ هۆکـارێکی کـە هەیـە بـۆ دەرچوونی ئـەم یاسایە پـێم باشـە ئیزافـە بکـرێ، ئـەویش ئەوەیـە ناوچـە کێشـە لەسـەرەکان تـەنها ناوچـە کوردستانیەکان ناگرێتەوە، بۆیە ئەم دەستەیە تایبەتە بە ناوچە کوردسـتانیە دابڕاوەکـان، بۆیـە پـێم باشـە ئەویش بکرێ بە یەکێك لە هۆکارەکان کە ناوچە کێشە لەسەرەکان ناوچەکانی جنـوبیش ئەگرێتـەوە، بۆیـە ئێمـە دەسـتکاری بڵێین سـیاغەی بیـانووی ئێمـە بـۆ دەسـتکاریکردنی ئـەم موسـتەلەحە بـۆ ئەوەیـە ناوچـە کوردستانیەکە کوردستانیە دابڕاوەکان بگرێتەوە نەك کێشە لەسەرەکانی تر کە لەخواررووی عیراقەوە هەیـە کە لە ماددەی (140)، بێگومان ئەوە باس لەوە ئەکا کـە کێشـە لەسـەر ناوچـەکانی کـەش ئەگرێتـەوە ئـەوە بکرێت بەهۆیکی تریش، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو سۆزان خان.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان من پشتگیری لەو تەرحەی کاك دڵشاد ئەکەم، چونکە ئـەبێ جیابکرێتـەوە کـە ئێمە ئەو ناوچانە مەبەستمان هەموو (المناطق المتنازع علیها) نیە، ئـەوەی کـە لـە مـاددەی (140) هـاتووەو جنـوبیش بگرێتـەوە ئەمـە یـەك، دوو: سـەبارەت نەتەوایەتیەکـە مـن لەگـەڵیا نـیم لەبـەر ئـەوەی ئێمـە لـە کوردستانا چەند نەتەوەیەکی تیا ئەژیت، بۆیە ئێمە ئـەم کێشـەیەی کـە هەیـە ئـەم گۆڕانکاریـەی کـە هەیـە تـەنها وەکـو میللـەتی کـورد سـەیری ناکـەین، بـەڵکو وەکـو کوردسـتان کـە لـە کـوردو عـەرەب و تورکمـان و مەسیحی و هەموو ئـەو خەڵکانـەی کـە لەسـەر ئـەم خاکـەیا ئـەژین، بۆیـە لەبـەر ئـەوە بـە پێویسـتی نـازانم نەتەوەکەی بخەینە پاڵ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك نەریمان.

**بەڕێز نەریمان عبدالله قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە راستییا من مەبەستم نەتەوایەتیە مەبەستم تەنها نەتەوەی کورد نیە، کە باسی کوردستانی ئەکەین لەم کوردستانە هـەموو ئـەو نەتەوانـەی تیایـا، کـە هاوکـارم سـۆزان خـان باسـی کـرد، یـەعنی مەسـەلەکەم تـەنها مەسەلەی نەتەوەی کورد نیە، ئەوانەی هەموو ئەو نەتەوانەی کە لە کوردستان دەژێ کە بەم یاسایە هەموو مافێکمان پێ داون، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك عونی.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**سیاغەی پێشنیار کراو لۆ اسباب موجبە بەو شکلەیە (الاسباب الموجبة تأكيدا على حتمية التمسك بالمناطق الكوردستانية خارج ادارة الاقليم بكافة الوسائل المشروعة بأعتبارها جزأ لايتجزأ تاريخيا و جغرافيا من كوردستان-العراق، ولكون مصطلح المناطق المتنازع عليها الواردة في دستور العراق، لا يقتصر على المناطق خارج ادارة اقليم كوردستان، عليه فقد شرع هذا القانون)، سوپاس.**

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**بەڕێزان ئێستا دەیخەمە دەنگەوە، کێ لەگەڵ دایە؟ تکایە دەست بەرزکاتەوە، کێ لەگەڵ دانیە؟ تکایە دەست بەرزکاتەوە، اسبابی موجەبەو قانونەکەبە تێکڕایی، کێ لەگەڵ دایە؟، کێ لەگەڵ دانیە؟ بەکۆی دەنگ پەسەند کرا، پیرۆزبایی دەکەین و ئومێد دەکەین ئەمە خێرو بەرەکەت بێ لەمەو دوا بەو شێوە بە کار بێ، زۆر سوپاستان دەکەین. تا رۆژی دووشەمە سەعات (11)، بەخواتان دەسپێرین.**

| | | |
|---|---|---|
| **فرست احمد عبدالله** | **د.حسن محمد سوره** | **د. ارسلان بایز اسماعیل** |
| **سکرتێری پەرلەمانی** | **جێگری سەرۆکی پەرلەمانی** | **سەرۆکی پەرلەمانی** |
| **کوردستان – عێراق** | **کوردستان – عێراق** | **کوردستان - عێراق** |

# پەرلەمانی کوردستان - عێراق

**پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (12)**

**دوو شەممە ڕێکەوتی 29\4\2013**

**خولی سێیەمی هەڵبژاردن**

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (12)

## دوو شەممە ڕێکەوتی 2013/4/29

کاتژمێر (11)ی پێش نیوەڕۆی ڕۆژی دووشەممە ڕێکەوتی 2013/4/29 پەرلەمانی کوردستان - عێراق بە سەرۆکایەتی د.ارسلان بایز اسماعیل سەرۆکی پەرلەمان و، بە ئامادەبوونی بەڕێز د. حسن محمد سورە جێگری سەرۆك و، بەڕێز فرست أحمد عبدالله سکرتێری پەرلەمان, دانیشتنی ژمارە (12)ی خولی سێیەم, ساڵی (2013) ی خۆی بەست.

**بەرنامەی کار:**

بەپێی حوکمەکانی بڕگە (1)ی مادده (20) لە پەیڕەوی ناوخۆی ژمارە (1)ی هەموارکراوی ساڵی 1992ی پەرلەمانی کوردستان - عێراق, دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان بڕیاری درا دانیشتنی ژمارەی (12)ی خولی سێیەمی هەڵبژاردن لە کات (11)ی پێش نیوەڕۆی ڕۆژی دوو شەممە ڕێکەوتی 2013/4/29 دا بەم شێوەیە بێت:

1- خستنەڕوو و گفتوگۆ کردنی پێشنیاری یاسای هەموارکردنی سێیەمی یاسای ماف و ئیمتیازیاتی کەس و کاری شەهید و ئەنفال کراوەکان لە هەرێمی کوردستان.

2- خستنەڕوو و گفتوگۆ کردنی پرۆژە یاسای پاراستنی تەندروستی دەروونی لە هەرێمی کوردستان - عیراق.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

بەناوی گەلی کوردستان، دانیشتنی ئەمڕۆمان دەست پێ دەکەین، خولی سێیەمی هەڵبژاردن، ساڵی چوارەم، خولی گرێدانی دووەم، ژمارەی دانیشتن (12)، ڕۆژی دانیشتن (2013/4/29)، بەرنامەی کار:

بەپێی حوکمەکانی بڕگە (1)ی مادده (20) لە پەیڕەوی ناوخۆی ژمارە (1)ی هەموار کراوی ساڵی 1992ی پەرلەمانی کوردستان – عێراق، دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان بڕیاریدا بەرنامەی کاری دانشتنی ژمارە (12)ی ئاسایی خولی سێیەمی هەڵبژاردن لە کاتژمێر (11)ی پێش نیوەڕۆی ڕۆژی دووشەممە ڕێکەوتی 2013/4/29دا بەم شێوەیە بێت:

1- خستنەڕوو و گفتوگۆ کردنی پێشنیاری یاسای هەموارکردنی سێیەمی یاسای ماف و ئیمتیازیاتی کەس و کاری شەهید و ئەنفال کراوەکان لە هەرێمی کوردستان.

2- خستنەڕوو و گفتوگۆ کردنی پرۆژە یاسای پاراستنی تەندروستی دەروونی لە هەرێمی کوردستان - عیراق.

بەخێر هاتنی بەڕێزان وەزیری شەهیدان، وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان و وەفدەی یاوەرەکەیان دەکەین بەخێر بێن.

داوا لە لیژنەی یاسایی و لیژنەی پێشمەرگە دەکەین بفەرموون بۆ سەر سەکۆی لیژنەکان، فەرموو کاك عبدالله.

**بەڕێز عبداللە محمد نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەپێی برگەی خاڵی دوو، مادەی پەنجاو چوار لە پەیرەوی ناوخۆیی پەرلەمانی کوردستان، ئەو مافەی داوە بە هەر دە ئەندامان پەرلەمان، کە ئەتوانن داوا بکەن بابەتێك بخرێتە کار نامەی دانیشتەکانی پەرلەمانەوە، بە ئامادەبوونی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران یاخود وەزیری پەیوەندیدار، لەسەر ئەو بنەمایە 10 رۆژ پێش ئێستا، لە پەرلەمانتاری زۆربەی فراکسیۆنەکانی ئێرە، داوامان کرد بابەتی دیاری نەکردنی وادەی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان بخرێتە کارنامەی دانیشتنەکان، بە ئامادەبوونی بەڕێز سەرۆکی حکومەت بەوپێیەی کە بەپێی ماددەی (38)، یاسای پارێزگاکان لە دەسەڵاتی ئەودایە و، تا ئێستا کاتەکەی دیاری نەکردیە، ئەگەر جەنابیشتان دەزانن 8 ساڵ لەسەر ئەو مسەلەیە تێپەڕیوە، جەنابتان لە مانگی 2012/12 بە نووسراوی فەرمی داواتان لە حکومەت کردووە، کە وادەیەك دیاری بکات بۆ هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان و، سەرۆکی هەرێمیش کە باسی ئەوە دەکات ئەو پێی خۆشە لەکاتی خۆی هەڵبژاردنەکان بکرێت، ئەنجومەنی پارێزگاکان هەم هی هە ولێر، هەم هی سلێمانی داوایان کردووە هەڵبژاردن لەکاتی خۆیدا بکرێت، هەروەها هەموو حزب و لایەنە سیاسیەکان داوایان کردووە ئەم هەڵبژاردنە لەکاتی خۆیدا بکرێت، لە هەمان کاتدا کۆمسیۆنیش ئامادەیی تێدایە ئەم هەڵبژاردنە بکرێت، جا ئەمڕۆ بەرنامەی کار داندراوە و، ئەو بابەتەی تێدا نیە، بەپێی خاڵی 3ی هەمان ماددە کە باسم کرد، ئەم بابەتە ئێستا دەبێت بخرێتە بەردەم پەرلەمانتاران، بۆئەوەی یەك لایی بکرێتەوە، کە ئایا سەرۆکی حکومەت بانگ بکەین، یان نەیکەین، بەتایبەت کە جەنابتان دەزانن سەرۆکی حکوەت یاسا جێبەجێ ناکات، یەعنی ئەرکی پەرلەمانیشە بەدواداچوون بکات و وەڵامی نووسراوەکەی جەنابتان بداتەوە ، مەسەلەی هەڵبژاردنیش پرسێکە پەیوەندی بە ئیرادەی خەڵك و مەسەلەی دیموکراسی و پرسی چاکسازی و ئەو بابەتانەوە هەیە، ناکرێت یەعنی هەموو لایەنەکان داوای هەڵبژاردن بکەن، تەنها کەسێك کە سەرۆکی حکومەتە عاصی بێت لەو پەرلەمانە، بۆیە من تکا لە جەنابتان دەکەم یان سەرۆکی حکومەت بانگ بکەن، یان ئەمڕۆ ئەو بابەتە بخرێتە دەنگدانەوە بۆئەوەی یەك لایی بێتەوە، چونکە ئەو مەسەلە پەیوەندی بە ئیرادەی خەڵك و پرسی چاکسازی و مەسەلەی دیموکراسیەوە هەیە.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك عبداللە جارێ جەنابت قانونت تەواو کردووە، حەق نیە پەرلەمانتارێك وشەی عاصی بوون بەکاربێنێت ئەوە یەك، ئێمە سەد جار داوامان کرد بۆئەوەی قسەکانت وەربگیرێت، بۆئەوەی قسەکانت بڵێین وەڵلا حەقیەتی، دیفاعت لێ بکەین، حەق نیە هەندێك قسە بەکاربێنی ، هەندێ وشە بەکاربێنی دوایی ئینسان نەتوانێ دیفاعت لێ بکات، وشەی تر هەیە بەکاری دێنی، بۆ ئەو وشەیە بەکاردێنی؟ ئەوە یەك، دوو: خۆتان دەزانن ئێستا حکومەتی هەرێمی کوردستان زۆر سەرقاڵە، سەرقاڵە بە وەزعی کەرکووك،

سەرقاڵە بە موزاهەرەكانی عیراق، خەریكە لە عیراق دەتەقێتەوە، ئیلا سەرۆكی حكومەتی كوردستان ئێستا بە وەفد هەفتەیەكە لە كۆبوونەوە دایە، بۆئەوەی چۆن ئامادەسازی بكەن بڕۆن بۆ بەغدا، ئەوان هیچ مانعێكیان نیە كە بێن، بەڵام سەرقاڵی وەزعەكانی ترن، لە فەترەیەكی داهاتوودا ئەوان دیراسەی مەسەلەكان دەكەن و جوابیشمان دەدەنەوە، فەرموو سۆزان خان.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمە هەتاوەكو هەمواركردنی یاسای ئەنجومەنی پارێزگاكان نەكرێت، ئەو هەڵبژاردنە ناتواندرێت ئەنجام بدرێت و، هەموو فراكسیۆنەكان لەسەر هەندێك خاڵ ماوە، كە ئێمە بتوانین بگەینە تەوافقێك بۆ ئەو بابەتە، ئەو خاڵانەی كە ماوە تێگەیشتن نیە لەنێوانماندا بۆ هەندێك بابەت و، من ئێستا نامەوێت باسی خاڵەكان بكەم، كە ئێمە ڕاو بیرو بۆچوونی جیاوازمان هەیە، بەڵام بەبێ هەمواركردنی ئەو یاسایە ناتواندرێت هەڵبژاردنەكان ئەنجام بدرێت، هەروەها بەڕێزان برادەرانی توركمان لەسەر یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاكان ئیعتزازیان هەبووە و، تەعدیلیان پێشكەش كردووە و، بەڕێز سەرۆكی هەرێمیش وابزانم وەریگرتووە، بۆیە دەبێت ئەوانە چارەسەر بكرێت، ئینجا وادەكە دیاری بكرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

باشە ئێستا دەچینە بەرنامەی كار، فەرموو لیژنەی یاسایی.

**بەڕێز عونی كمال سعید (بەزاز):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ڕاپۆرتی هاوبەشمان دا لەسەر یاسای هەمواركردنی سێیەمی یاسای ماف و ئیمتیازاتی شەهید و ئەنفالكراوەكان لە هەرێمی كوردستان، بەس پێش ئەوەی ڕاپۆرتی خۆمان بخوێنینەوە، ئێمە لە لیژنەی یاسایی كاتی خۆی بە نووسراوی ژمارە 214 لە 2011/10/26 نووسراوێكمان ئاراستەی سەرۆكایەتی پەرلەمان كرد، بۆئەوەی داوا لە حكومەتی هەرێم بكات ئەو پرۆژەی كە لەلایەن ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمانەوە پێشكەشكرا بوو، سەبارەت بەهەمواركردنی یاساكە، حكومەت ئاگادار بكرێتەوە لە ناوەڕۆكی پرۆژەكە و، لە ئەنجامدا حكومەت وەڵامی پەرلەمانی داوە و ، ئەو یاسایانە كە ڕەوانەی كردووە تێبینی حكومەتی تێدایە، ئێستا بووە مەبەستی گفتوگۆ لە پەرلەماندا و، ڕاپۆرتی هەر دوو لیژنە سەبارەت بە پرۆژەكە بەمشێوەیە تەقدیم كراوە، كە ئێستا ڕاپۆرتەكە هاوبەشە و، دەبێتە بنەما بۆگرتنی لەسەر پرۆژەكەو بۆ هەمواركردن، ڕاپۆرتەكەی هاوبەش بەس بە زمانی عەرەبیە

**الى/ رئاسة برلمان كوردستان-العراق**

**م/ تقرير مشترك حول مشروع قانون (التعديل الثالث لقانون حقوق و امتيازات ذوي الشهداء و المؤنفلين)**

عقدت لجنتا الشؤون القانونية و شؤون البيشمەرگە و الشهداء و المؤنفلين بتاريخ 29/نەوروز/ 2713 كوردي المصادف ليوم 2013/4/18 ميلادي اجتماعاً مشتركاً لدراسة مشروع قانون (التعديل الثالث لقانون

حقوق و امتيازات ذوي الشهداء و المؤنفلين المرقم (9) لسنة 2007) المقدم من قبل رئاسة مجلس الوزراء بموجب كتابها المرقم (1465) في 2013/2/11 و المحال الى لجنتنا و اللجان المعنية بعد القراءة الأولى له في البرلمان بجلسته الاعتيادية المرقمة (2) فى 1/ 4 /2013 ، بعد المناقشة و المداولة توصلت اللجنتان الى ما يلي:

تؤيد اللجنتان المشروع مبدئياً و تقترحان صياغة ديباجة له و اتباع نفس الاسلوب المتبع في صياغة و تشريع القوانين في برلمان كوردستان:

1- بالنسبة للمادة (الاولى) من المشروع: نقترح الصياغة الآتية:

المادة الاولى:

اولاً: تعدل مقدمة الفقرة (5) و البنود (ا ، ب، ج) من المادة الاولى من القانون و تقرا كالآتي:

5- الشهيد: كل من فقد حياته في خندق الكفاح المسلح (كثيَشمةرطة) او النضال السياسي دفاعاً عن الحركة التحررية الكوردستانية ضد الانظمة القمعية المتعاقبة او نتيجة جرائم الابادة الجماعية او جرائم ضد الانسانية او جرائم حرب ضد شعب كوردستان في الاقليم و المناطق الكوردستانية خارج ادارة الاقليم و يصنف كالآتي:

أ- الشهيد المناضل: كل من ضحى بنفسه في خندق الكفاح المسلح (كثيَشمةرطة) او النضال السياسي او من جرائهما ضد الانظمة المتعاقبة دفاعاً عن الحركة التحررية الكوردستانية و ما تلاها.

ب- شهيد الابادة الجماعية: كل من استشهد او فقد حياته نتيجة جرائم الابادة الجماعية اثناء جرائم الانفال او استعمال الاسلحة الكيمياوية او الابادة الجماعية للبارزانين و الكورد الفيلين و جرائم اخرى مشابهة لتلك الجرائم.

ج- الشهيد المواطن: كل من استشهد او فقد حياته نتيجة الاعمال الحربية او الاعمال الارهابية او جرائم ضد الانسانية او اثناء الهجرة المليونية لشعب كوردستان.

ثالثاً: تعدل الفقرة (6) من المادة الاولى من القانون و تقرأ كالآتي:

( 6- ذوي الشهيد و المؤنفل: الزوج او الزوجات و الابن و البنت و الام و الاب و الاخوة و الاخوات الاشقاء او غير الاشقاء).

وشةى (الاشقأ ) لة راشرؤتةكةماندا بة هةلَة نةنووسراوة،

(2- بالنسبة للمادة (الثانية) من المشروع: اللجنة القانونية: تقترح اضافتها الى اصل المادة كفقرة (ثانياً) لها لان اصل المادة تعالج موضوع اثبات المشمولين بالقانون و الجهات التي تقدم لها ادلة الاثبات و التعديل المقترح شامل لكل ذي مصلحة والفرق بين المفهومين واسع.

3- بالنسبة للمادة (الثالثة) من المشروع: نقترح الصياغة الآتية:

المادة الثالثة:

اولاً: تعدل مقدمة الفقرة (اولاً) و البند (2)) من المادة الرابعة من القانون و تقرا كالآتي:

{اولاً: تشكل لجنة خاصة بموجب احكام هذا القانون برئاسة احد الموظفين المختصين يختاره الوزير و عضوية عدد من موظفي الوزارة لا يقل عددهم عن اربعة اعضاء على ان يكون احدهم قانونياً للنظر في الاعتراضات المقدمة من قبل ذوي الشهداء و المؤنفلين على القرارات الصادرة عن المديريات العامة في المحافظات و تصدر قرارات اللجنة بالاغلبية و يصادق عليه الوزير.

2- يحق لكل شخص ذي مصلحة التظلم لدى اللجنة الخاصة من القرار الذي اصدرته خلال مدة (30) ثلاثين يوماً من تاريخ التبلغ او اعتباره مبلغاً).

ثانياً : تضاف بند بتسلسل (4) الى الفقرة (ثانياً) من المادة و يعاد تسلسل البنود تبعاً لذلك و تقرأ كالآتي:

(4- على اللجنة الخاصة الرد على التظلمات المقدمة اليها خلال مدة لا تتجاوز (30) ثلاثون يوماً من تاريخ تقديمها).

ثالثا : تعدل البند (4) و التي تصبح بتسلسل (5) و البند (5) و التي تصبح بتسلسل (6) من الفقرة (ثانياً) من المادة (الرابعة) وتقرأ كالآتي:

(5- يحق لأي شخص ذي مصلحة اللجوء الى المحاكم المختصة لاثبات شموله باحكام هذا القانون بعد اصدار اللجنة قرارها برفض التظلم ويعفى مقدم الطلب من الرسوم العدلية.

6- يكون قرار المحاكم المختصة التي اصدرت القرار وفقاً للبند (5) من هذه المادة قابلاً للطعن امام محكمة التمييز خلال مدة (30) ثلاثين يوماً من تاريخ التبليغ بالقرار او اعتباره مبلغاً).

4- بالنسبة للمادة (الرابعة) من المشروع: نقترح الصياغة الآتية:

اولا: تعدل البنود ( 3 ، 4 ، 6) من الفقرة (ثالثاً) من المادة (الخامسة) من القانون و تقرأ كالآتي:

3- يستثنى اولاد الشهيد المناضل من احكام البنود ( 3 ، 4، 6) من الفقرة (ثالثاً) من المادة (الخامسة).

4- يستثنى الاولاد العاجزين من الشرط الوارد في البند (3) اعلاه.

6- الاخوة و الاخوات: اذا لم يكونوا يتسلمون اي راتب اخر من القطاع الحكومي.

ثانياً: تضاف بند بتسلسل (7) الى الفقرة (ثانياً) من المادة (الخامسة) من القانون و تقرأ كالآتي:

( 7- يستثنى اخوة و اخوات الشهيد و المؤنفل العاجزين من الشرط الوارد في البند (6) اعلاه).

ثالثاً: تعدل الفقرة (ثالثاً) من المادة (الخامسة) من القانون و تقرأ كالآتي:

( 1- تصرف مستحقات الوالد و الوالدة مدى الحياة.

2- تصرف مستحقات (الزوج) او (الزوجة) مدى الحياة بشرط عدم الزواج مرة اخرى.

3- يوقف صرف مستحقات الزوج او زوجة الشهيد الذين تزوجوا مرة اخرى اذا كان للشهيد وارث من الدرجة الاولى و تصرف لهم منحة اما اذا لم يكن للشهيد وارث من الدرجة الاولى فيقسم الراتب بين الوارث من الدرجة الثانية .

رابعاً: تعدل الفقرة (خامساً) من المادة (الخامسة) و تقرأ كالآتي:

( خامساً- تصرف المستحقات كلها للابن او البنت طيلة حياتهما اذا كان اي منهما الوارث و المستحق الوحيد).

**خامساً: تعدل الفقرة (سادساً) من المادة (الخامسة) و تقرأ كالآتي:**

**( سادساً- يستثنى اولاد و اخوة و اخوات ضحايا الابادة الجماعية و اولاد الشهيد المناضل من الشرط الوارد في البندين ( 3 ، 6) من الفقرة (ثانياً) من هذه المادة.)**

**بەڕێز د.ارسلان بايز اسماعيل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

**فەرمووو دكتۆرە.**

**بەڕێز د. رۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

5- **بالنسبة للمادة (الخامسة) من المشروع: نقترح الصياغة التالية:**

**اولا: تعدل الفقرة (اولاً) من المادة (السابعة) من القانون و تقرأ كالآتي:**

{ **اولا:**

1- **يمنح زوج الشهيد المناضل و ضحايا الابادة الجماعية وحدة سكنية او قطعة ارض على النحو الآتي:**

**أ- اذا كان الشهيد اعزباً فتسجل الوحدة السكنية او قطعة الارض بأسم والديه.**

**ب- اذا كان الشهيد أعزباً و والداه متوفين، فتسجل الوحدة السكنية او قطعة الارض بأسم اخوته و اخواته.**

**ج - اذا كان الشهيد متزوجا و ليس لديه اولاد، فتسجل الوحدة السكنية او قطعة الارض بأسم زوجه ووالديه.**

**د- اذا كان الشهيد متزوجاً و لديه اولاد، فتسجل الوحدة السكنية او قطعة الارض باسم اولاده و زوجه.**

2- **اذا كان الشهيد متزوجاً باكثر من واحدة او واحد فيكون لمن بقى مرتبطاً بالشهيد بالرابطة الزوجية وقت استشهاده و لأولاده من الشهيد او لأولاد الشهيد من زوجه المنفصل او المتوفي قبل استشهادة نفس الحقوق والامتيازات المقررة في هذا القانون.**

3- **اذا كان في العائلة اكثر من شهيد واحد، يكون توزيع الراتب التقاعدي على النحو الآتي:**

**أ- يستلم الوالد و الوالدة و اولاد الشهداء كل الرواتب التقاعدية مع مراعاة حكم البند (3) من الفقرة (ثانياً) من المادة (الخامسة).**

**ب- يحصل كل من اخوة و اخوات الشهيد المناضل او المواطن على راتب تقاعدي كل على حدة.**

**ج- اذا كان كلا الوالدين شهيدين وفق حالة الشهيد المناضل و الشهيد المواطن فيمنح لأولاد الشهداء راتب تقاعدي واحد استثناءً من حكم البند (3) من الفقرة (ثانياً) من المادة (الخامسة)** }.

**د- اذا كان لعائلة واحدة اكثر من شهيد واحد و بقى وارث واحد، يصرف له راتب الشهداء كالآتي:**

1- **الشهيد الاول: جميع الراتب.**

2- **الشهيد الثاني: 75 ٪ خمسة و سبعين بالمائة من مجموع راتبه.**

3- **الشهيد الثالث: 50 ٪ خمسون بالمائة من مجموع راتبه.**

4- **الشهيد الرابع: 25٪ خمسة و عشرون بالمائة من مجموع راتبه.**

**ثانياً: تحذف البند (4) من الفقرة (ثانياً) من المادة (السابعة) و تعدل البندين (3 ، 7) و يعاد تسلسلها و تقرأ كالآتي:**

**( 3- على الحكومة اعادة رفات الشهيد من داخل الاقليم و خارجه و تتحمل تكاليف ذلك.**

**ثالثاً: 1- تضاف فقرة فرعية بتسلسل (6) الى الفقرة (ثانياً) من المادة ( السابعة) كالتالي:**

**( 6- تخصيص نسبة 5٪ خمسة بالمائة من التعينات لاولاد الشهداء وفقاً للظوابط الصادرة من مجلس الوزراء).**

**2- تضاف بندين بتسلسل (8 ، 9) الى الفقرة (ثانياً) من المادة (السابعة) و تقرأ كالآتي:**

**( 8- ينظم بتعليمات.**

**9- ينظم صرف مخصصات الزوجية و اولاد الشهيد بتعليمات تصدر عن وزارة المالية و الاقتصاد).**

**6- بالنسبة للمادة (السادسة) من المشروع:**

**فلا يحتاج الى تعديل و انما اعطاء الوزير في هذا التعديل الجديد صلاحيات اصدار التعليمات اللازمة و صياغتها كالآتي:**

**( للوزير اصدار التعليمات اللازمة لتسهيل تنفيذ احكام هذا القانون).**

**7- بالنسبة للمادة (الثامنة) من المشروع: و الصحيح ان تسلسلها المادة (السابعة) : نؤيدها و لا توجد عليها اي ملاحظة:**

**( لا يعمل باى نص قانوني او قرار يتعارض مع احكام هذا القانون).**

**8 - بالنسبة للمادة (التاسعة) من المشروع: و الصحيح ان تسلسلها المادة (الثامنة): نؤيدها و لا توجد عليها اية ملاحظة.**

**( على مجلس الوزراء و الجهات ذات العلاقة تنفيذ احكام هذا القانون).**

**9 - بالنسبة للمادة (العاشرة) من المشروع: و الصحيح ان تسلسلها المادة (التاسعة): لا توجد عليها اية ملاحظة.**

**( ينفذ هذا القانون اعتباراً من تاريخ نشره في الجريدة الرسمية (وقائع كوردستان).**

**10 - بالنسبة للاسباب الموجبة : لا توجد عليها اية ملاحظة.**

**راجين التفضل بالاطلاع و عرض المشروع و التقرير المشترك على البرلمان للمناقشة و ابداء الرأي المناسب و التصويت.**

**بەڕێز د.ارسلان بايز اسماعيل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

**فەرموو كاك محمد.**

**بەڕێز محمد احمد علی (شارەزووری):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دەقی راپۆرتەکە بە کوردی:

**بۆ سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان- عیراق**

**بابەت/ راپۆرتێکی هاوبەش سەبارەت بە پرۆژەی یاسای هەموارکردنی سێیەمی یاسای ماف و دەستبەریەکانی (ئیمتیازات) کەس و کاری شەهیدان و ئەنفالکراوەکان**

رۆژی 7013/3/29 ی کوردی بەرامبەر بە 2013/4/18 زایینی هەردوو لیژنەی کاروباری یاسایی و کاروباری پێشمەرگەو شەهیدان و ئەنفالکراوەکان، کۆبوونەوەیەکی هاوبەشیان ئەنجامدا بۆ تاوتوێکردنی یاسای هەموارکردنی سێیەمی یاسای ماف و دەستەبەریەکانی (ئیمتیازات) کەس و کاری شەهیدان و ئەنفالکراوەکان، ژمارە (9)ی سالی 2007 کە سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران بە نووسراوی ژمارە (1465) لە 2013/2/11دا پێشکەشی پەرلەمانی کردووەو ڕەوانەی لیژنەکەمان و لیژنە پەیوەندیدارەکان کراوە، دوای ئەوەی پەرلەمان لە دانیشتنی ئاسایی ژمارە (2)ی خۆیدا لە رۆژی 2013/4/1دا خوێندنەوەی یەکەمی بۆ کرد و، لەئەنجامی گفتوگۆو ڕاگۆڕینەوە هەردوو لیژنەکە، گەیشتنە ئەو دەرئەنجامەی خوارەوە:

هەردوو لیژنەکە لەڕووی مەبدەئەوە پشتگیری لە پرۆژەکە دەکەن و، تاکو دیباجەیەکی بۆ دابڕێژرێت هەمان ئەو شێوازە پەیڕەو بکرێت کە لە داڕشتن و پەسەندکردنی یاساکاندا لە پەرلەمانی کوردستان پەیڕەو دەکرێن، سەبارەت بە ماددەی یەکەمی پرۆژەکە ئەم داڕشتنەی خوارەوە پێشنیار دەکەین:

یەکەم: پێشەکی فەقەرەی (5) و بەندەکانی (أ، ب، ج) لە ماددەی یەکەمی یاساکە هەموار دەکرێتەوەو بەمشێوەیەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە:

شەهید: هەموو ئەو کەسانەی لە سەنگەری خەباتی چەکداریدا وەکو پێشمەرگە (یان خەباتی سیاسی بۆ بەرگریکردن لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستان لە دژی رژێمە داپلۆسێنەرە یەك لەدوایەکەکان، یان تاوانە کۆمەڵکوژیەکان یان تاوانی دژی مرۆڤایەتی دژ بە گەلی کوردستان لە هەرێمی کوردستان و ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم گیانی لە دەست دابێت و بە شەهید لە قەڵەم دەدرێت و بەم شێوەیەی خوارەوە ناو دەبرێن:

أ- شەهیدی شۆڕشگێڕ یان خەباتگێڕ: هەموو ئەو کەسانەی کە لە سەنگەری خەباتی چەکداریدا وەکو (پێشمەرگە) یان خەباتی سیاسی یان لە هەردوو خەباتی پێشمەرگانەو سیاسی دابووە بۆ بەرگریکردن لە

بزووتنـەوەی ڕزگـاریخوازی کوردسـتان بەرامبـەر ڕژێمـە یـەك لـە دوایەکـەکان گیـانی لـە دەسـت دابێـت بـە شەهیدی شۆڕشگێڕ (خەباتگێڕ) دەناسرێت.

ب- شەهیدی کۆمەڵکوژی: هەموو ئەو کەسانەی کە لە ئەنجامی تاوانە کۆمەڵکوژیەکانی وەك تـاوانی ئـەنفال و بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی و کۆمەڵکوژی و ئەنفالکردنی بارزانیەکان و کوردە فەیلیەکان و تـاوانی تـری هاوشێوەی ئەم تاوانانە گیانی لە دەست دابێت بە شەهیدی کۆمەڵکوژی دەناسرێت.

ج- شەهیدی هاوولاتی: هەموو ئەو شەهیدانە دەگرێتەوە کە گیانیان لە دەست داوە بەهۆی کردەوەی جەنگ یان تیرۆر، هەروەها تاوانەکانی دژی مرۆڤایەتی یان کۆڕەوە ملیۆنەکەی خەڵکی کوردستان.

سێیەم: بڕگەی شەش لە ماددەی یەکەمی یاساکە بەمشێوەیە دەخوێندرێتەوە:

6- کەس و کاری شەهید و ئەنفالکراوەکان مێرد یان ژنەکانی و کوڕ و کـچ و دایـك و بـاوك و خوشـك و بـرا زڕەکانی دەگرێتەوە.

2- سەبارەت بە ماددەی دووەمی پرۆژەکە لیژنەی یاسایی پێشنیارێك زیاد دەکات بۆ ئەسڵی ماددەکە بڕگەی دووەم لە ئێستادا ئەسڵی ماددەکـە چارەسـەری بابـەتی سـەلماندنی ئەوانـەی یاسـاکە دەیانگرێتـەوە، ئەوانـەی بەڵگـەکانی سـەلماندن پێشـکەش دەکـەن و هەموارکردنـەوەی پێشـنیارەك گشـتگیرە بـۆ هـەموو خـاوەن بەرژەوەندیەکان و جیاوازی نێوان بۆچوونەکانیش فراوانە.

3- سەبارەت بە ماددەی سێیەمی پرۆژەکە ئەم داڕشتنەوەیە پێشنیار دەکەین:

ماددەی سێیەم:

یەکەم- پێشەکی بڕگەی یەکـەم و بەنـدی (2) لـە مـاددەی چوارەمی یاسـاکە هەمواردەکرێتـەوە بەمشێوەیە دەخوێندرێتەوە.

یەکەم: پێکهێنانی لیژنەیـەکی تایبەتمەنـد بـەپێی بەنـدەکانی ئـەم یاسـایە بـە سـەرۆکایەتی فەرمانبـەرێکی پسپۆر کە وەزیر دەست نیشانی دەکات و بە ئەندامیەتی ژمارەیەك فەرمانبەر کە لە 4 دانـە کـەمتر نـەبێت و یەکێك لەوانەش یاسا ناس بێت و بۆ چاوخشـاندنەوە بـەو سکالاو ڕەخنانـەی کـەس و کـاری شـەهیدان و ئەنفالکراوان لەسەر بڕیارە دەرچووەکانی بەڕێوەبەرایەتییە گشتیەکانی نـاو پارێزگاکـان پێشکەشـی دەکـەن، پەسەندکردنی بڕیارەکانی بەزۆرینەی ئەندامانی لیژنەکەو بە ئیمزای وەزیر دەبێت.

دووەم: مـافی هـەموو کەسـێکە بـۆ بەرژەوەنـدی زوڵـم لێکراوەکـەی لای لیژنـەی تایبەتمەنـد بـە بڕیـارە دەرچووەکان لە ماوەی (30) ڕۆژدا سکالا تۆماربکات.

دووەم: زیادکردنی بەندێك بە ڕیزبەندی چوار، بڕگەی دووەمی ماددەکە و جارێکی تر ڕیزبەندی بەندەکان بەمشێوەیەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە.

4- لەسـەر لیژنـەی تایبەتمەنـدە وەڵامـی داوا پێشـکەش کراوەکـانی زوڵـم لێکـراوان بداتـەوە بـەجۆرێك لـە ماوەی 30 ڕۆژ لانەدات لە ڕۆژی پێشکەش کردنیانەوە.

سێیەم: هەموارکردنی بەندی چوار دەگۆڕێت و بە ڕیزبەندی پێنج و بەندی پێنجیش دەبێتە بەندی شەش لە بڕگەی دووەمی ماددەی چوار و بەمشێوەیە دەخوێندرێتەوە.

5- هەموو کەسێکی خاوەن بەرژەوەندی مافی ئەوەی هەیە لەدوای دەرچوونی بڕیاری لیژنەی تایبەتمەند بە رەت کردنەوەی سکاڵای زوڵم لێکراوی ڕووبکاتە دادگای تایبەت بۆ سەلماندنی سوودمەندبوونی لە حوکمەکانی ئەم یاسایە، سکاڵاکەر لە هەموو رسوماتێکی دادوەری دەبەخشرێت.

6- دەتواندرێت لە ماوەی 30 رۆژدا لە بەرواری ئاشکراکردنی بڕیارەکەوە لە دادگای پێداچوونەوە تانە لە بڕیاری دادگای تایبەت بدرێت بەپێی بەندی پێنجی ئەم ماددەیەی دەرچووە.

چوارەم: سەبارەت بە ماددەی چواری پرۆژەکە پێشنیاری ئەم داڕشتنەوەیە دەکەین:

یەکەم: هەموارکردنەوەی بەندەکانی (3- 4- 6) لە بڕگەی سێیەمی ماددەی پێنجەمی یاساکە و بەمشێوەیە دەخوێندرێتەوە.

سێیەم: حوکمەکانی بەندی (3- 4- 6) لە بڕگەی سێیەمی ماددەی پێنجەم لەسەر منداڵی شەهیدی شۆڕشگێڕدا جێبەجێ ناکرێت.

4- ئەو مەرجەی لە بەندی سێی سەرەوەدا هاتووە بەسەر منداڵی کەسانی پەککەوتەدا جێبەجێ ناکرێت.

6- خوشك و براکان ئەگەر هیچ مووچەیەکی تری لە کەرتی حکومەت وەرنەگرن.

دووەم: بەندێك بە ڕیزبەندی حەوت بۆ بڕگەی دووەمی ماددەی پێنجەمی یاساکە زیاد دەکرێت و بەمشێوەیەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە.

حەوتەم: خوشك و برای شەهید و ئەنفالکراوان و کیمیاباران ئەگەر پەککەوتە بن ، ئەو مەرجانەی سەرەوەیان بەسەردا جێبەجێ ناکرێت کە لە بەندی شەشی سەرەوەدا هاتووە.

سێیەم: هەموارکردنەوەی بڕگەی سێیەمی ماددەی پێنجەمی یاساکە بەمشێوەیەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە:

1- ئیمتیازاتی باوك و دایك بەدرێژایی ژیان خەرج دەکرێت.

2- خەرجکردنی ئیمتیازاتی هاوسەر یان هاوسەری شەهید بەدرێژایی ژیانیان بەو مەرجەی هاوسەرگیری نەکاتەوە.

3- ڕاگرتنی خەرجکردنی ئیمتیازاتی هاوسەر یان هاوسەری شەهید ئەگەر هاتو هاوسەرگیری کردەوە ئەگەر شەهیدەکە وارسی پلەیەکی هەبوو مینحەیەکی بۆ خەرج دەکرێت، بەلاّم ئەگەر شەهیدەکە وارسی پلەیەکی نەبوو ئەوە راتبەکە لەنێوان وارسە پلە دووەکاندا دابەش دەکرێت.

چوارەم: هەموارکردنەوەی بڕگەی پێنجەم لە ماددەی پێنجەم بەمشێوەیە دەخوێندرێتەوە.

پێنجەم: خەرجکردنی ئیمتیازاتەکان بۆ هەموو کوڕ و کچەکان کە لە ژیاندا ماون ئەگەر هەر یەکێکیان وارسی تەنها شەهیدەکە بکەن.

پێنجەم: بڕگەی پێنجەمی ماددەی شەشەم هەمواردەکرێتەوەو بەمشێوەیەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە.

شەشەم: منداڵ و خوشك و براكانی قوربانیانی كۆمەڵكوژیەكان و منداڵی شەهیدی شۆڕشگێڕ ئەو مەرجە نایگرێتەوە كە لە بەندەكانی (3- 6)ی بڕگەی دووەمی ئەو مادەیەدا هاتووە.
پێنجەم: سەبارەت بە ماددەی پێنجەمی پرۆژەكە پێشنیاردەكەین بەمشێوەیە دابڕێژرێتەوە:
یەكەم: هەمواركردنەوەی بڕگەی یەكەم لە ماددەی حەوتی یاساكەو بەمشێوەیەی خوارەوە:
یەكەم: 1- هاوسەری شەهیدی شۆڕشگێڕ و قوربانیانی كۆمەڵكوژیەكان یەكەیەكی نیشتەجێبوونی یان پارچە زەویەكیان پێ دەدرێت بەم شێوازەی خوارەوە:
أ- ئەگەر شەهیدەكە سەڵت بوو یەكەی نێشتەجێبوونەكەی یان پارچە زەویەكە بەناوی دایك و یان باوكیەوە تۆماردەكرێت.
ب- ئەگەر شەهیدەكە سەڵت بوو دایك و باوكی كۆچی دواییان كرد بوو ئەوە یەكەی نیشتەجێبوونەكە یان پارچە زەویەكە بەناوی خوشك و براكانیەوە تۆماردەكرێت.
ج- ئەگەر شەهیدەكە هاوسەرگیری كرد بوو، بەلاٌم منداڵی نەبوو ئەوە یەكەی نیشتەجێبوونەكە بەناوێكی دایك و باوكی و هاوسەرەكەیەوە تۆماردەكرێت.
د- ئەگەر شەهیدەكە هاوسەرگیری كرد بوو و منداڵیشی هەبوو ئەوا یەكەی نیشتەجێبوونەكە یان پارچە زەویەكە بەناوی منداڵەكانی و هاوسەرەكەیەوە تۆماردەكرێت.
دووەم: ئەگەر شەهیدەكە زیاتر لە هاوسەرێكی هەبوو ئەوە یەكەی نیشتەجێبوونەكەی یان پارچە زەویەكە بەناوی ئەو هاوسەرەیانەوە تۆماردەكرێت كە بەر لە شەهید بوونی پەیوەندی شەرعی هاوسەرگیریان هەبوو لەگەڵ ئەو منداڵانەی كە لە شەهیدەكە بوویەتی یان بەناوی منداڵەكانی هاوسەرە جیابووەكە یان كۆچ كردووەكە، كە بەر لە شەهید بوونی پەیوەندی هاوسەرگیری شەرعی هەبوو تۆمار دەكرێت هەموو ئەو ماف و دەستەبەریانەش وەردەگرێت كە لەم یاسایەدا باس كراون.
سێ: ئەگەر لە خانەوادەیەكدا زیاتر لە شەهیدێك بوو ئەوا مووچەی خانەنشینی شەهیدەكە بەمشێوەیە دابەش دەكرێت.
أ- باوك و دایك و منداڵەكانی شەهید هەموو مووچەی خانەنشینی شەهیدەكە وەردەگرن بە لەبەرچاوگرتنی بەندی سێی بڕگەی دووەمی ماددەی پێنجەم.
ب- هەریك لە خوشك و برای شەهیدی شۆڕشگێڕ یان هاووڵاتی بەجیا مووچەی خانەنشینی وەردەگرن.
ج- ئەگەر دایك و باوك پلەی شەهیدبوونیان هەبوو بەپێی حاڵەتەكانی شەهیدی شۆڕشگێڕ و شەهیدی هاووڵاتی ئەوە منداڵەكانی شەهیدەكان مووچەی خانەنشینیان پێ دەدرێت بە لەبەرچاوگرتنی حوكمی بەندی سێ لە بڕگەی دووەمی ماددەی پێنجەم.
د- ئەگەر خانەوادەیەك زیاتر لە شەهیدێكی هەبوو، تەنها وارسێكی مابوو ئەوە بەمشێوەیەی خوارەوە مووچەی شەهیدانی بۆ خەرج دەكرێت:
1- شەهیدی یەكەم: هەموو مووچەكەی.

**2- شەهیدی دووەم: لە (75٪)ی کۆی مووچەکە.**

**3- شەهیدی سێیەم: لە 50٪ی کۆی مووچەکە.**

**4- شەهیدی چوارەم و بۆ سەرەوە: لە 25٪ی کۆی مووچەکە.**

**دووەم: بەندی چوار لە بڕگەی دووەمی ماددەی حەوتەم لادەبرێت و هەردوو بەندی (3- 7) هەموار دەکرێن و بەمشێوەیەی خوارەوە ڕیزبەندی بۆ دەکرێتەوەو دەخوێندرێتەوە.**

**سێ: ئەرکی گواستنەوەی هێنانەوەی تەرمی شەهید لەناو هەرێم و دەرەوەی هەرێم دەکەوێتە ئەستۆی حکومەت و خەرجی هێنانەوەکەش دابین دەکات.**

**سێیەم: 1- فەقەرەی لاوەکی بە ڕیزبەندی شەش بۆ بڕگەی دووەمی ماددەی حەوتەم زیاد دەکرێت و بەمشێوەیەی خوارەوە.**

**شەش: بەپێی ئەو مەرجانەی کە لە ئەنجومەنی وەزیرانەوە دەرچووە لە (5٪)ـی دامەزراندن بۆ منداڵی شەهید دادەنرێت.**

**دوو: دوو بەند بەڕیزبەندی (8- 9) بۆ بڕگەی دووەمی ماددەی حەوتەم زیاد دەکرێت و بەمشێوەیە دەخوێندرێتەوە، بەپێی ئەو ڕێنماییانەی کە لە وەزارەتی دارایی و ئابووی دەردەچن و دەرماڵەی هاوسەری و منداڵی شەهید ڕێك دەخرێتەوە.**

**شەش: سەبارەت بە ماددەی شەشەمی پرۆژەکە پێویستی بە هەموارکردنەوە نیە، بەڵکو لەو هەموارکردنەوەیەدا دەسەڵات بدرێت بە وەزیر بۆ دەرکردنی ڕێنمایی پێویست بەمشێوەیە دابڕێژرێتەوە، پێویستە لەسەر وەزیر ڕێنمایی پێویست بۆ ئاسانکردنی جێبەجێ کردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە دەربکات،**

**حەوتەم: سەبارەت بە ماددەی هەشتەمی پرۆژەکە ڕاستیەکەی ڕیزبەندی ئەو ماددەیە، ماددەی حەوتەمە پشتگیری لێ دەکەین و هیچ سەرنج و تێبینیەکمان نیە لەسەر ئەو ماددەیە، کار بە هیچ دەقێکی یاسایی یان بڕیارێك ناکەین کە پێچەوانەی ئەحکامەکانی ئەو یاسایە بێت.**

**هەشتەم: سەبارەت بە ماددەی نۆیەمی پرۆژەکە، ڕاستیەکەی ڕیزبەندی ئەو ماددەیە ماددەی هەشتەمە پشتگیری لێ دەکەین و هیچ سەرنج و تێبینیەکمان لەسەر ئەم ماددەیە نیە، پێویستە لەسەر ئەنجومەنی وەزیران و لایەنە پەیوەندیدارەکان حوکمەکانی ئەو یاسایە جێبەجێ بکات.**

**نۆ: سەبارەت بە ماددەی دەیەمی پرۆژەکە ڕاستیەکەی ڕیزبەندی ئەو ماددەیە ماددەی نۆیەمە، هیچ سەرنج و تێبینیەکمان لەسەری نیە، ئەم یاسایە لە ڕۆژی بلاَوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی رەسمی وەقائیعی کوردستان دەکەوێتە بواری جێبەجێ کردن.**

**دە- سەبارەت بە هۆکارە پێویستیەکانی، هیچ سەرنجێکمان لەسەر نیە، داواکارین بفەرموون بە بینن و پێشکەش کردنی پرۆژەکەو ڕاپۆرتە هاوبەشەکە بە پەرلەمانی کوردستان بۆ گفتوگۆکردن لەسەری و پێشکەشکردنی ڕاووبۆچوونی پێویست و دەنگدان لەسەری.**

**لەگەڵ ڕێزدا.**

**بەڕێز د.ارسلان بايز اسماعيل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو كاك صباح.

**بەڕێز صباح بيت الله شكری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

المادة الاولى:

اولاً: تعدل مقدمة الفقرة (5) و البنود (ا ، ب، ج) من المادة الاولى من القانون و تقرا كالآتي:

5- الشهيد: كل من فقد حياته في خندق الكفاح المسلح (كثێشمەرطة) او النضال السياسي دفاعاً عن الحركة التحررية الكوردستانية ضد الانظمة القمعية المتعاقبة او نتيجة جرائم الابادة الجماعية او جرائم ضد الانسانية او جرائم حرب ضد شعب كوردستان في الاقليم و المناطق الكوردستانية خارج ادارة الاقليم و يصنف كالآتي:

أ- الشهيد المناضل: كل من ضحى بنفسه في خندق الكفاح المسلح (كثێشمەرطة) او النضال السياسي او من جرائهما ضد الانظمة المتعاقبة دفاعاً عن الحركة التحررية الكوردستانية و ما تلاها.

ب- شهيد الابادة الجماعية: كل من استشهد او فقد حياته نتيجة جرائم الابادة الجماعية اثناء جرائم الانفال او استعمال الاسلحة الكيمياوية او الابادة الجماعية للبارزانين و الكورد الفيلين و جرائم اخرى مشابهة لتلك الجرائم.

ج- الشهيد المواطن: كل من استشهد او فقد حياته نتيجة الاعمال الحربية او الاعمال الارهابية او جرائم ضد الانسانية او اثناء الهجرة المليونية لشعب كوردستان.

ثالثاً: تعدل الفقرة (6) من المادة الاولى من القانون و تقرأ كالآتي:

( 6- ذوي الشهيد و المؤنفل: الزوج او الزوجات و الابن و البنت و الام و الاب و الاخوة و الاخوات الاشقاء او غير الاشقاء).

**بەڕێز د.ارسلان بايز اسماعيل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

با كوردیەكەش بخوێننەوە، فەرموو.

**بەڕێز ڕێباز فتاح محمود:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

وەڵڵاهی من لە یەك شت تێناگەم ئەو ڕۆتیناتەی خوێندنەوەی یاساكە، خوێندنەوەی ڕاپۆرتەكە بە كوردی و عەرەبی، یەعنی ئەمە چ سوودێكی هەیە؟ یەعنی ئەوە سەعاتێك تێپەڕیوە ئێمە دانیشتووین و، ئەسڵەن گوێشی لێناگرین، لەبەرئەوەی كە ڕاپۆرتەكە خۆی پێشتر هەیە، ئەگەر خوێنداربێتەوە خوێندرایەتەوە، ئەگینا كەس لێرە لەو مەوزوعە سەر دەرناكات، ئیتر چ پێویست دەكات، دەتوانێ چ ئیزافە بكرێت؟ ئەگەر بۆ تۆماركردنیش بێت تۆمار كراوە، پێشتر ڕاپۆرتەكە دراوە هەم بە ئێمە، هەم بە لیژنەكانیش، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بايز اسماعيل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

باشە تازە خوێندرایەوە، بەس بۆ جارێکی تر حەز دەکەن نایخوێنینەوە، نە بە کوردی، نە بە عەرەبی، فەرموو کاك پێشەوا.

**بەڕێز پیشەوا توفیق مغدید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوەی کە بەڕێزان خوێندیانەوە ئەوە راپۆرتی هاوبەشە، راپۆرتی هاوبەشیش داوا ناکات بکرێت بە ئەسڵ بۆ گفتوگۆ لەسەر هەموارەکە، بۆیە مەفروز وایە ئەوەی کە کاك صباح خوێندیەوە ئەوە راپۆرتی هاوبەش بوو، وا پێویست دەکات ئەوە ئەسڵی پرۆژەکە بخوێندرێتەوە، دوایی ڕەئی لیژنەکان چیە ئەوکات ئەندامانی پەرلەمان قسەی لەسەر بکەن، بۆیە مەفروز وایە ماددەی یەکەم لە ئەسڵی پرۆژەکە، کە ئەوەیە لەبەر دەستی ئێمەدایە ئەوە بخوێننەوە، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو لیژنەی هاوبەش.

**بەڕێز عونی کمال سعید (بەزاز):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە قسەکانی بەڕێز کاك پێشەوا زۆر ڕاستە، فیعلەن دەبێ ماددەی پرۆژەکە یەکەمجار بخوێندرێتەوە ئینجا راپۆرتی لیژنەی هاوبەش لەسەری ڕەئی بدات، دوو: سەبارەت بە تۆمارنەکردنی یان نەخوێندنەوەی راپۆرتەکان یان قانونەکە، ئەوە پێچەوانەی پەیڕەوە دەبێت لە پرۆتۆکۆڵ تەسجیل بکرێت و تۆمار بکرێت، واتە پرۆژەکە چۆن پێشکەش کرایە لەلایەن چ جیهەتێك هاتیتەوە، مەزموونی پرۆژەکان چیە، بە چ شێوازێکە دوایی لە پەرلەماندا قانونەکە چۆن دەردێ و چۆن دەنگی لەسەر دەدرێت، دەبێت تۆمار بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کەواتە ماددەی یەکەم بخوێنەوە، فەرموو.

**بەڕێز عونی کمال سعید (بەزاز):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**المادة الاولى:**

**اولاً: تعدل مقدمة الفقرة (5) من المادة الاولى من القانون و تقرا كالآتي:**

**5- الشهيد: كل من فقد حياته في خندق الكفاح المسلح (كثيشمةرطة) او النضال السياسي دفاعاً عن الحركة التحررية الكوردستانية ضد الانظمة القمعية المتعاقبة او نتيجة جرائم الابادة الجماعية او جرائم ضد الانسانية او جرائم حرب ضد شعب كوردستان في الاقليم و المناطق المستقطعة و يصنف كالآتي:**

**ثانياً: تعدل الفقرة (ا) من الفقرة (5) من المادة الاولى وتقرأ كالآتي:**

أ- الشهيد المناضل: كل من ضحى بنفسه في خندق الكفاح المسلح (كثيَشمةرطة) او النضال السياسي او من جرائهما ضد الانظمة المتعاقبة دفاعاً عن الحركة التحررية الكاوردستانية و ما تلاها.
ثالثاً: تعدل الفقرة (ب) من الفقرة (5) من المادة الاولى وتقرأ كالآتي:
ب- شهيد الابادة الجماعية: كل من استشهد او فقد حياته نتيجة جرائم الابادة الجماعية اثناء جرائم الانفال او استعمال الاسلحة الكيمياوية او الابادة الجماعية للبارزانين و الكورد الفيلين.
رابعاً: تعدل الفقرة (الفرعية ج) من الفقرة (5) من المادة الاولى وتقرأ كالآتي:
ج- الشهيد المواطن: كل من استشهد او فقد حياته نتيجة الاعمال الحربية او الاعمال الارهابية او جرائم ضد الانسانية او اثناء الهجرة المليونية لشعب كوردستان.
خامساً: تضاف فقرة فرعية الى الفقرة 5 من المادة الاولى وبتسلسل (د) وتقرأ كالآتي:
د- الشهيد الوطني الطفل: يشمل الذي يقل عمره عن 18 سنة عدا ضحايا الابادة الجماعية والقتل لاسباب مختلفة كالعمليات الارهابية والتفجيرات والقتال العسكري وضحايا الالغام و يسجل كشهيد وطني الطفل ويمنح ذوى هويات خاصة و تصرف له منح لمرة واحدة واذا ما كان في العائلة اكثر من شهيد وطني الطفل فيمنح اكبرهم سناً راتب شهري ويسجل الباقون كشهيد وطني الطفل.
سادساً: تعدل الفقرة (6) من المادة الاولى من القانون و تقرأ كالآتي:
( 6- ذوي الشهيد و المؤنفل: الزوج او الزوجات و الابن و البنت و الام و الاب و الاخوة و الاخوات غير الاشقاء و كل من اثبت ان الشهيد او المؤنفل كان يعيله او كان معيلاً للشهيد او المؤنفل). ئێمە لە لیژنەی هاوبەش سیاغەکەمان داڕشتیە، لەبەرئەوەی لە پەرلەمانی کوردستان، لە قەوانینەکانی پەرلەمانی کوردستان (الفقرة الفرعیة ) هیچ بەکارنەهاتووە، واتە لەجیاتی ئەو بەگوێرەی تەسەلسولی ماددەکان، مادده ،فەقەرە، بڕگە واتە بەند، بەندمان ئیزافە کرد، فەقەرەی فەرعیمان لادا، سەبارەت بە گۆڕانکاری کە لە پرۆژەکە هات بوو لە هەردوو لیژنەی هاوبەش ئەنجامامان داوە، لە بڕگەی پێنجەم، بەندی پێنجەم واتە (الشهيد) کەلیمەی پێشمەرگە ئیزافە کرایەوە لەقانونی ئەسڵەکە نەبووە، (والمناطق الكوردستانية خارج الاقليم) لەجیاتی (المناطق المستقطعة) بەکار هاتووە، لە بڕگەی (أ)یش کپێشمەرگە ئیزافە کراوە دوایی (عن الحركة التحررية الكوردستانية)، لەجیاتی تەعبیرەکەی پێشووتر، سەبارەت بە بڕگەی (ب) (شهيد الابادة الجماعية: كل من استشهد او فقد حياته نتيجة جرائم الابادة الجماعية اثناء جرائم الانفال او استعمال الاسلحة الكيمياوية او الابادة القمعية)، بوویتە الابادة الجماعية للبارزانين و الكورد الفيلين و جرائم اخرى مشابهة لتلك الجرائم. )،ئیزافە کرایتە سەر پرۆژەکان، (ج– الشهيد المواطن: كل من استشهد او فقد حياته نتيجة الاعمال الحربية او الاعمال الارهابية او جرائم ضد الانسانية او اثناء الهجرة المليونية لشعب كوردستان.) (جرائم ضد الانسانية) زیاد کراوەتەوە لەسەر بڕگەکان، (الشهيد الطفل) لامان دایە، لەبەرئەوەی ناوەڕۆکی بڕگەکانی تر تەعبیر لە هەمان مەفهوم دەکات، تەحدیدی عومر نەکرایە، (6– ذوي الشهيد و المؤنفل: الزوج او الزوجات و الابن و

البنت و الام و الاب و الاخوة و الاخوات الاشقاء او غير الاشقاء.) بەو سیاغەیە لەجیاتی سیاغەی کۆن دا هاتووە، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ڤیان خان نوقتەی نیزامت هەیە؟ فەرموو.

**بەڕێز ڤیان عبدالرحیم عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە لەکاتی خوێندنەوەی یەکەمی پرۆژە یاسای هەمواری سێیەم، کە نێردرا بۆ ئێرە ئاماژەمان بەوە کرد کە فراکسیۆنی گۆڕانیش لە ساڵی 2010 ەوە ئەم پرۆژەی ناردووە، دوایی هەر خۆت ئاماژەت بەوە کرد کە پێویستە لەکاتی مموناقەشە کردنی راپۆرتەکە سوود لە پرۆژە یاساکە وەربگیرێت، کەواتە بۆ کۆمەڵێك برگە سوود لەو پرۆژە یاسایەی فراکسیۆنی گۆڕانیش وەرگیراوە، کەواتە دەبێت ئەو پرۆژە یاسایەش بخوێندرێتەوە، کە 3 ساڵ، 4 ساڵ پێش ئێستا ڕەوانە کراوە، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ کاك محمد فەرموو.

**بەڕێز محمد احمد علی (شارەزووری):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بەوە جارێ ئەو پرۆژە یاسایەی داندراوە، 10 ئەندامی پرۆژەی فراکسیۆنیە ئەوە یەك، دوو: ئێمە ئیستفادەمان لەو پرۆژەیە کردووە ڤیان خان خۆشی دەیزانێ، ئێمە لە 2010/6/30 جوابی ئەو پرۆژەیەمان داوەتەوە بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان، پێشکەشی لیژنەی ئێمەش نەکراوە، پێشکەشی 2 لیژنە کراوە، لیژنەی دارایی و لیژنەی کاروباری کۆمەلآیەتی، ئەوانیش بە هەمان شێوە ئەو پرۆژەمان ناردووە بۆ حکومەت، دوای ئەوە کۆنفرانسمان لەگەڵ حکومەتدا کردووە و، خۆشی شاهێدە لە لیژنە، من خۆم پرۆژەکەم هێناوەتە پێشی و، وتم ئیستفادەم لە پرۆژەکانی ئەوانیش کردووە، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێستا ماددەی یەکەم بەشێوە ئەسڵیەکەی خوێندرایەوە، دوایێ تەعدیلەکەشی خوێندرایەوە، با جارێ بزانین جەنابی وەزیر تێبینی لەسەر چیە؟ فەرموو.

**بەڕێز ئارام احمد/ وەزیری شەهیدان و ئەنفالکراوان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی وەزارەتەوە زۆر سوپاستان دەکەین، ماوەیەکە هیمەتێکی باشتان کردووە، بۆئەوەی ئەو یاسایانەی وەزارەت کە خزمەتگوزاری گرینگ پێشکەش دەکات، بە توێژێکی گرینگ وەکو زیندانیانی سیاسی و شەهیدان، زۆر سوپاستان دەکەین، دووەم: هەروەها سوپاستان دەکەین بۆ مۆڵەتی دابەشکردنی گوڵی شەهیدان، کە ئێستاکە ئەوە وەکو نەریتێك وایە لە وڵاتان و لە میللەتانی تریش هەیە، بۆئەوەی ببێتە

سیمبولێکی هاوبەشی شەهیدان، ئەو نەریتەی سۆزان خان بەراستی ئەنجامی دا زۆر هاندەر بوو بۆ ئێمە سوپاسی دەکەین، هیوادارین بەردەوام گوڵ دابەش بکەین، سەبارەت بە هەموارکراوی یاسایی ماف و ئیمتیازاتی شەهیدان ماددەی یەکەم، ئێمە لەگەڵ بەرێزان ئەندامانی لیژنەی شەهیدان و پێشمەرگە کۆبووینەوە، کۆک بوون لەسەرئەوەی ئەم دەقە ئامادە بکرێت و، ئەوەی کراوە ناوی پێشمەرگە وەکو پێناسەی شەهیدی خەباتگێڕ زیاد کراوە، لەبەرئەوەی پێشمەرگە ناوێکی پیرۆزە، میللەتانی تریش خۆیان ناوێکیان هەیە بۆ تێکۆشەرانیان، ئەوە گرینگە بمێنێتەوە لەبەر پیرۆزی، سەبارەت بە دەقەکانی تر ئێمە هیچ کێشەیەکمان نیە، هەر تەنها ئەوەی شەهیدی منداڵی هەبوو، مەبەستمان ئەوە بوو ئامارێك هەبێت بۆ جینۆسایدناساندن، گرینگە بزانرێ شەهیدی منداڵمان هەیە و بەتایبەتی لەو پرۆسانەی ئەنفال و کۆمەڵ کوژیەکان، ژمارەیەکی زۆر منداڵ و ژن شەهید کراون و، دەرخستنی ئەوە لە ئاماردا بۆ جینۆساید ناساندن و بۆ راکێشانی سۆزی نێو نەتەوەیی گرینگ بوو، هەر ئەو تێبینیەم هەبوو، ئەگینا باشە، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ تێبینی هەیە؟ ئەم بەڕێزانە ناویان نووسراوە، ئەوەی ناوی نەنووسراوە تکایە پێمان بڵێن (سیوەیل خان- کاك لقمان- نەسرین خان- کاك قادر- کاك فاضل- کاك نەژاد- رازاو خان- کاك قادر احمد- کاك سەردار- کاك یاووز- د.صباح- ناسك خان- کاك دڵشاد- ڤیان خان- کاك پێشەوا- کاك کاردۆ- کاك شوان- د.شڤان- هاژە خان- پەروین خان- گەشە خان- ئەڤین خان- کاك شێردڵ- کاك حەمە سعید- د. احمد- کاك خلیل- سەرگوڵ خان- حاجی بیلال- کاك صباح بیت الله- کاك عبدالله ی مەلا نوری، کا سەرهەنگ- د. عمر- کاك سالار- کاك ئاسۆ)، سیوەیل خان فەرموو.

**بەڕێز سیوەیل عثمان احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەنیسبەت ماددەی یەکەم پێناسەکان هاتیە، تەبعەن هەمووی دووبارەیە، ئەگەر هی شەهید پێناسە کرایە ئینجا بە عەرەبیەکەی دەڵێم بەس نایخوێنمەوە، لەبەرئەوەی درێژەی پێنادەم، شەهید پێناسەکرایە بە هەموو شێوەیەکی، بەوەی کە شەهید بووە لە سەنگەر یان بابڵێین (**النضال السياسي**) یان (**ضد الانظمة القمعية**) واتە بە هەموو شێوەیەك پێناسە کرایە، واتە پێویست ناکات تەسنیف بکرێت، ئەگەر تەسنیفیش دەکرێتن پێویست ناکات ئەو وشەی شەهید پێناسە بکرێتن لە سەرەتایەکەی، تەنها بڵێ (الشهيد ويصنف كالآتي) ئەوەلەن و دووەم و سێیەم تەسنیف کرایە ئەوە یەك، شەهیدیشمان هەیە هەرچەندە ناخۆشیشە کە باسی دەکەین لەوانەیە برینمان بکولێنتەوە، شەهیدی ناوخۆ ئەوانەی لە شەڕی ناوخۆ کوژراینە با ئەوها بڵێین جارێ، ئەگەر بە شەهیدیان حیساب دەکەین کە حیسابیش کرایە، دەبێت لێرە پێنانسەیەك بیگرێتەوە، ئەگەر بە شەهیدیشیان حیساب ناکەین ئەوە حیسابێکی ترە، ئەگەر ئێستا بینین ئەو سێ پێناسەی کە تەسنیف کرایە، ئەگەر بە (**الشهيد المناضل**) حیساب بکەین ناکرێت شەهیدی ناوخۆ بە **الشهيد المناضل** حیساب بکرێت، بۆخۆی لەبەرئەوەی دەڵێت **ضد الانظمة المتعاقبة دفاعاً عن الحركة التحررية** ، ئەگەر بە

ئیبادەی جەماعیەش حیساب بکەین هەر ناکرێت، چونکە ئەوە شەڕی ناوخۆ بووە، ئەگەر بە شەهیدی مواتنیش حیسابی بکەین هەر ناکرێت شەهیدی هاووڵاتی، واتە شەهیدانی شەڕی ناوخۆ بە شەهید حیساب کران، بەڵام پێناسەیەکیان هەبێت، ئەگەر پێمان عەیب بێ تازە شتەکە هەڵەیەکەو غەڵەتەکە کرایە، بەسەر میللەتی کوردا هاتیە، دەتوانین لێرە دیاری بکەین و، بەڵام دوای چەند ساڵێك دەتوانین لە ماددەکان، یان لە یەك بڕگەکان دیاریکرا ئەوکاتە هەموار بکرێتەوە، دەتوانین ئەو پێناسەی لاببەین و، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك لقمان فەرموو.

**بەڕێز لقمان سلیمان حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من تێبینیم لەسەر شەهیدی خەباتگێڕ (**الشهيد المناضل**) هەیە، لێرەدا بەڕاستی ڕوون نیە کێ دەگرێتەوە، زۆر بە ڕوونی دیاری نەکراوە، بەڕای من باشتر وایە بنووسرێت شەهیدانی خەباتی پێشمەرگایەتی و، هەروەها شەهیدانی سێدارە لە زیندانە تاریکەیکانی داگیرکەرانی کوردستان، ڕێگاکانی تری قوربانی دان و بەرخۆدانی خەباتی کوردایەتی ناویان بهێندرێت، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو نەسرین خان.

**بەڕێز نەسرین جمال مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە من لەسەر کۆی ماددەی یەکەم قسە دەکەم، لە ماددەی یەکەم کە باسی پێشمەرگەو شەهید دەکات، بەڕاستی وەکو هاوکارم سیوەیل خان وتی دەبێت لێرە جێگایەك دابنێین، بۆ ئەو شەهیدانەی کە لە شەڕی ناوخۆ شەهید بوون، چونکە ناکرێت تۆ ئەم پێناسەیە دابنێیت، بەڵام بەدەر بێت لە پێشمەرگەکان کە شەهید بوون لە شەڕی ناوخۆ، یەعنی ئەوە دەبێت خۆمان حەکەم بین بەسەر خۆمانەوە ئەوە لێرە چ پێناسەیەکی بۆ دادەنێین؟ پێناسەی ئەو پێشمەرگانە چیە لێرە کە شەهید بوون ئەوە خاڵی یەکەم، خاڵی دووەم هەر لەسەر ئەو بڕگەیە دیارە ئێمە کە باسی پێشمەرگە دەکەین، باسی شەهید دەکەین لێرە، ئێمە لە ئەقەلیاتەکانیشدا شەهید هەیە، لە تورکمانەکان شەهید هەیە، لە مەسیحیەکان شەهید هەیە، دیارە لەوانەیە پێشمەرگە نەبووبێتن، بەڵام لە هەمان کاتیشدا ڕژێمی بەعس لێی گرتوون و ئیعدامی کردوون، ئەمەش دەبێتە خاڵێك بە ڕەئی من جێی بکرێتەوە، کەواتە ئەو ئەقەلیاتانەش کە لە کوردستان دەژین، دەبێت ئاماژەی پێ بکرێت، لە خاڵی شەهیدی خەباتگێڕ ئەوە من پێم باشە کە مەسەلەی پێشمەرگە شەهیدەکانی شەڕی ناوخۆ لەوێشدا هەم جێگای بکرێتەوە، لە خاڵی (ب) باسی شەهیدی جینۆساید دەکات، ئێمە ڕێزمان بۆ هەموو شەهیدان هەیە، بۆ جینۆساید و بۆ سەرتاسەری هەرێمی کوردستان هەیە، بەڵام ناکرێت لێرە تەنها بارزانیەکان و کوردە فەیلیەکان ئێمە ڕێزمان بۆیان هەیە، بۆ هەردوو لایان، بەڵام ئەی

هەڵبجەییەکان، لێرە چۆن جێگایان دەکرێتـەوە؟ ئەوانـە جینۆسـاید نـەکراون هەڵبجەییـەکان؟ لەبەرئـەوە پێویست بەوە دەکات یان دەبێت ناوی هـەموویان لـە یـەك کەوانـە ناوبهێنـدرێت جینۆسـاید، یـاخود کـەناوی فەیلیەکان و بارزانیەکانمان هێنا، لەڕاستیدا دەبێت ناوی هەڵەبجەییەکانیش بێنین، لـە خـاڵی شەشـەمدا کـە باسی بڕگەی شەش ماددەی یەکەم کە هەموار دەکرێتەوە، شەشەم خانـەوادەی شـەهید و ئـەنفالکراو، دیـارە ئێمە دەست خۆشی لە لیژنەی پێشمەرگە و شەهیدان دەکەین، بەڵام ئێمە دوێنێ لە نووسینگەی پەرلەمانی کوردسـتان لـە سـلێمانی، نوێنـەری شـەهیدان هـات بـوون، سـەردانیان کـرد بـووین، کـە ئـەوانیش کۆمـەڵێك داواکاریان هەبوو، لەڕاستی یەکێك لەو داواکاریانەیان ئەوەبوو، کە چۆن ئەگەر خێزانێك 3 کەسـی شـەهید بووبێـت هەرسـێ مووچـەکە وەردەگرێـت؟ داوای ئـەوەیان دەکـرد کـە ئـەو ئەنفالـەکان بەسـێ ئـەنفالکراو مووچەیەك وەردەگرن، ئەگـەر لـە 4 ئـەنفالکراو زیـاتری هـەبوو ئینجا 2 مووچـە وەردەگـرن، بۆیـە ئـەوان داوای ئەوە دەکەن کە ئەوانیش وەکو  پێشمەرگەی شەهید، هەر ئەنفالکراوێك بە حەقی خۆی مووچەی بـۆ دابین بکرێت، لەبەرئەوە مـن تەئکیـد دەکەمـەوە لـە پێشـنیارەکەی خـۆم، کـە دەبێـت لـەو ماددەیـە جێگـای پێشمەرگە شەهیدەکانی ناوخۆ بکرێتەوە، چونکە ئەوە حەقێکی خۆیانە، یان ئەوەتا مادام بە شەهید دامان ناون و شەهیدیشن بە فیعلی دەبێت لێرە جێگایان بکرێتەوە، یان ئەوەتا ئەگەر بە شەهید دایان نـانێین لـە ماددەیەکی تردا جێیان بکرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك قادر حسن فەرموو.

**بەڕێز قادر حسن قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من سەرەتا تێبینیەکی بچووکم لەسەر بڕگەی یەکـەم، بڕگـەی پێـنج کـە دەڵێـت شـەهید هەرکەسـێکە، پـێم باشە بڵێت شەهید ئەو کەسەیە هەتا ئاخیری، لە دووەم (أ) کە دەڵێت شەهیدی خەباتگێڕ هەرکەسێك خۆی قوربانی کردبێت لە خەندەقی بەرخودانی چەکداری وەك پێشمەرگە، یان خەباتی سیاسی یـان دەرئـەنجامی هەردووکیان دژی رژێمە یەك لەدوایەکەکان وەك بەرگریـەك، بـەرگری زۆرجـار بـە ڕێگـریش دێـت، یـەعنی بـەرگری بـە حاڵـەتی سـلبی، بۆیـە وەکـو خـەبات کارێـك یـان تێکۆشـەرێك لـە بزووتنـەوەی رزگـاریخوازی کوردستان و ئەوەی دوای ئەویش، من وام پێ باشە و مەفهومەکەی وازحترە، ئەوەی تر شەهیدی جینۆساید و شەهیدی خـەباتگێڕ و شـەهیدی نیشتمانی و شـەهیدی هـاوولاتی، مـن پـێم باشـە بکرێتـە دوو شـەهیدی سەنگەر و شەهیدی هاوولاتی، هاوولاتی نیشتمانی و ئەوانی تریش بگرێتەوە، ئەو هەموو ناوە بە تەسەوری من زیادە، ئەوەی تر سەبارەت بەو ئەو گوڵەی وەزارەتـی شـەهیدان دەسـت خۆشـیان لـێ دەکـەین، بـەڵام مـن پێم جوانتر بوو کە سوور بووایە گوڵەکە، چونکە ئەوەڵەن بە تەبیعەت خـۆی سـوورە، دووەمینـیش شـەهید بە سوور مەشهورە، بە خوێن مەشهوورە، ئەگەر مەبەستیش ئاشتی بێت دوورکەوینـەوە لـە خـوێن ڕشـتن و

ئەوانە، خۆ ئەوە ڕەنگی ئەساسی پەرچەمی کوردستان سوورە ئەوە یەك، بنەوەشی ئەگەر سوووور بووایە سەرەوەی سپی بووایە، ئێمە ئاشتیمان بە خوێن بە دەست هێنا، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك فاضل بەشارەتی فەرموو.

**بەڕێز فاضل محمد قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من هەرچەند خۆم لە لیژنەی پێشمەرگەم، بەڵام چەند تێبینیەکم لەسەر راپۆرتە موشتەرکەکە هەیە، ئەم خاڵەشی کە من ئیشارەتی پێ دەدەم لە لیژنەی پێشمەرگەش باسکرا، ئەویش مەسەلەی خەندەقە، قەرار بوو وەکو سەنگەر ناوی بێت، نەك وەکو خەندەق، دوو: چەکدار چونکە بەڕاستی ئێمە لە رابردوو وشەی چەکدارمان بە وشەیەکی ناشرین بەکار دەهێنا، هیوادارم ئەوەش بگۆڕدرێت مەسەلەی چەکدار بکرێت بە پێشمەرگە، چونکە چەکدار نیە پێشمەرگەیە، لە بڕگەیەکی تری هەر ماددەی یەکدا هاتووە، چونکە ئەوە بە رەسمی گۆڕدرا، ناوچە دابڕاوەکان کراوە بە ناوچەکانی کوردستانی دەرەوەی هەرێم ئەوەش مولاحەزەیەکی ترە کە هەیە، خاڵێکی تر کە زۆر مەبەستە باسی لێوەبکەم، لە کۆی پرۆژەکە ئەو پرۆژە هاوبەشەی کە من خوێندمەتەوە، بە حەقیقەت من لێرە مەغدوریەتێك لە مووچەی شەهید بەدی دەکەم، هیوادارم جا نازانم تا چ حەد ئەو پێشنیارەی من جێ بگرێ، یان سەربگرێ ڕاست بکرێتەوە، چونکە بەڕاستی مەغدوریەتێکی تەواو لە مووچەی پێشمەرگە هەیەو دیارە هەموومان دەزانین شەهیدەکان بەتایبەتیش شەهیدی سەنگەر و، شەهیدی پێشمەرگە هەمووی شەهیدە لە کوردستان، ئێستاکە دەزانین مووچەی شەهیدێك 500 هەزارە، بەڵام لێرە مەبەستەکەی من ئەوەنیە خوانەخواستە لە ئەهمیەتی یان لە حقوقی هیچ کەسێك کەم بکرێتەوە، بەڕێزێك، کەمئەندامە کراوە بە کەمئەندام مووچەکەی ملیۆن و نیوێکە، بەڵام مووچەی پێشمەرگەیەك 500 هەزار بێت، بۆیە بە حەقیقەت ئەوە مەغدوریەتێکە هەیە لە هەرێمی کوردستان، هیوادارم چارەسەر بکرێت، چونکە ناکرێت ئەو رەوتە هەر بەو نەوعیەتە بڕوات بڵێین تازە کراوە با هەر وابێت، چونکە هەموومان دەزانین شەهیدەکان زۆربەیان بەشەخسی دۆست و برادەر و عەزیزمان بوون، ناکرێت کە روحی خۆی کردبێتە قوربانی مووچەکەی 500 هەزار بێ، بەڵام بەڕێزێك کراوە بە کەمئەندام ملیۆنێك و 500 هەزار مووچەکەیەتی، ئەوە بەڕاستیەکەی مەغدوریەتێکی گەورەیەو هیوادارم ڕاست بکرێتەوە، لایەنێکی تر کە بەحەقیقەت من هیوادارم نازانم لیژنەی یاسایی تا چ حەدێك لەگەڵ ئەو بۆچوونەی من دایە، ئەم راپۆرتە هاوبەشە بەڕاستی من پێم باش بوو وەکو دەڵێت بە ڕیزبەندیەك بێ، چونکە هەموو شەهیدانی کوردستان ئەوەی کە منداڵێکیش لە سکی دایکی بەهۆی خەبات و پێشمەرگایەتی و کۆچ ڕەو لەناو چووبێت، لەلای ئێمە هەر قوربانی گەل و نیشتمان و بەدەستهێنانی ئازادیە، بەڵام حەق وابوو بەڕاستی لەناو یاساکەدا ناوی شەهید بە تەسەلسول دا هاتبایە، شەهیدی پێشمەرگایەتی، شەهیدی راپەڕین، شەهیدی کیمیاباران و ئەنفال هەمووی بە جیا بهاتبووایە، چونکە هەر

یەکێکیان حقوقی جیایە، ئیمتیازی هەیەك لەوانە جیایە، بەڵام لەناو یاساکەدا هەمووی تەقریبەن بڵێم تێکەڵ و پێکەڵی زۆر هەیە لەناو یاساکان، هیوادارم لە پاشان ئەوە جیا بکرێتەوە ڕیزبەندییەك لەناو وشەی شەهیدیدا بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك محمد.

**بەڕێز محمد احمد علی (شارەزووری):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوەی کاك فاضل باسی دەکات لە راپۆرتە کوردیەکەی حکومەتدا هاتووە، ئێمە راپۆرتی کوردی لیژنەی هاوبەش بەڕاستی نەکراوە بە کوردی، ئەوەی ئێوە لاتانە کوردیە، لە کوردیەکەی حکومەتدا هاتووە، ئەگینا ئەوەی کاك فاضل باسی دەکات ئێمە ڕێزبەندیمان کردووە، شەهیدی پێشمەرگە، شەهیدی هاووڵاتی لە راپۆرتە هاوبەشەکە، مەناتیقی خارجی ئیقلیمان بۆ زیاد کردووە، ئەوە راپۆرتەکەی حکومەتە کە کراوەتە کوردی، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاکە نەژاد فەرموو.

**بەڕێز نەژاد عزیز سورمێ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ڕاستی من لەگەڵ زۆربەی قسەکانی کاك فاضلی دا بووم، بەخۆشم ئەو قسانەم هەبوو، بەتایبەتی لەسەر وشەی چەکدار، بەخۆتان دەزانن کە وشەی چەکدار بۆ توێژێك بەکار دەهات، کە جیا بوو لەگەڵ پێشمەرگە باسی ناکەم کێ بوون ئەوانە، بەڵام من پێم وایە لە عەرەبیەکەش خەندەق بکرێتە سەنگەر، هەتا لە عەرەبیەکەش (**کل من فقد حیاتە في (سنگر) الکفاح المسلح**) سەنگەر لەناو قەوس زۆر تەبیعیە، باشە پێشمەرگە بۆ بە عەرەبی هەیە، بۆ سەنگەر نیە؟، سەنگەریش بوویتە تەسمیە، ئیستلاح، حەزدەکەم کاك فرست ڕوونتری بکاتەوە، شەهیدی سەنگەر (**الشهید المناضل**) مانای چیە؟ یەعنی (**الشهید غیر المناضل**) هەیە؟ ، قسە وەدەکە یەعنی ئەگەر (**الشهید المناضل**) هەیە، (**الشهید غیر المناضل**) یش هەیە، شەهیدی سەنگەر دیارە وازحە ئەوەی لە سەنگەر شەهید بووە، مەبەستیش لێرە ئەوەیە (**شهید الابادة الجماعیة: کل من استشهد او فقد حیاته**)، (استشهد او) زیادە بە ڕەئی من لە هەرسێکیان یەعنی (فقد حیاته)، (او الاشقاء) وابزانم کاك عونی زیادی کردووە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

رازاو خان فەرموو.

**بەڕێز رازاو محمود فرج:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من لەسەر ماددەی یەكەمی پێشنیار كراو بۆ هەمواركردن، ماددەی یەكەم لەسەر چوارەم تێبینیم هەیە كە پێناسەی شەهیدی مواتن دەكات، كاتێك **(جرائم ضد الانسانیة)** لە پێناسەكەدا هاتووە، من پێم وایە ئەوە زیادە، چونكە ئەوەی لە جەرائیمی زدی ئینسان شەهید كرابێت، خۆی دەبێتەوە بە شەهیدی جینۆساید، هەروەك خۆی هەیە ئەوە لە پرۆژە پێشنیاركراوەكەی حكومەتە، چونكە وابزانم بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان وتی دەكرێت لەسەر راپۆرتەكەو لەسەر پرۆژە پێشنیار كراوەكەش هەر گفتوگۆ بكرێت، هەروەها باس لەوە دەكات شەهیدی مواتن ئەوانەی كە لەكاتی كۆڕەوە ملیۆنەكەی گەلی كوردستاندا شەهید كراون، دیارە ئێمە بەم تەعبیرە، بەم بەكارهێنانی ئەو دەستەواژەیە دیارە مەبەستمان لە كۆڕەوەكەی ساڵی 1991، بەڵام ئەگەر ئێمە بە مێژووی نەتەوەی كوردا بگەڕێینەوە دەیان كۆڕەومان هەیە لە قۆناغە جیاوازەكاندا، بۆیە دەستەواژەی كۆڕەوەكانی تریش زیاد بكرێت، بۆئەوەی هەموو ئەوە هاووڵاتیانەی شەهید كراون لەو كۆڕەوانە بتواندرێت ئەم یاسایە بەسەری جێبەجێ بكرێت، هەروەهادەست خۆشیش لە هەردوو لیژنە دەكەم، كە شەهیدی وەتەنی (الطفل)یان لابردووە، چونكە پێویست ناكات دەچێتە چوارچێوەی شەهیدی مواتنەوە، هەروەها سەرەنجم هەیە لەسەر شەشەم، كە باس لە **(ذوي الشهيد)** دەكات، وەك هەر لە ئەسڵی قانونەكەش هاتووە، تا راپۆرتی هەردوو لیژنە، راپۆرتی هاوبەش **(ذوي الشهيد)**ی پێناسە كردووە، من پێم وایە لەدوای ئەوەی كە دەڵێت **(الاخوات غیر الاشقاء)** ئەوە زیاد بكرێت ( و كل من اثبت) ، یەعنی هەر بگەڕێینەوە پرۆژە پێشنیار كراوەكەی حكومەت ( و كل من اثبت ان الشهید او المنفل كان یعیله او كان معیلا للشهید او المؤنفل بقرار قضائی)، واتە پێم وایە دوا بڕیاری دادگا یەك لاكەرەوە دەبێت، كەشەهید لەلایەن كێیەوە بەخێو كراوە یاخود كێی بەخێو كردووە لە ژیانی خۆی، چونكە بەڕاستی ئەوە واقیعەكەی كوردستانی خۆمان وایە، چەندین حاڵەتمان هەیە لەوانە بێت خەڵكانێك شەهیدیان پەروەردە كرد بێت، زۆر لە پێشتر لە خوشك و براو كەسە نزیكەكانی، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك قادر فەرمووو.

**بەڕێز قادر احمد سمایل:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من لە خودی پێناسەكەدا كەچی لە پێناسەی لیژنەی هاوبەش پێناسەكە جوانتر كراوە، بەڵام پێشنیار دەكەم پێناسەكە لە سەرەتادا ئەمەی بۆ زیاد بكرێت، شەهید هەر كەسێك وەك پێشمەرگە لە خەباتی ڕزگاری نیشتمانی لە سەنگەردا شەهید بووبێت، یان لە زیندانەكاندا لە سێدارە درابێت ئەوە وەكو ماددەی یەكەم، بەڵام من دوێنێ لەگەڵ برای بەڕێزم كاك محمد شارەزووری بۆ ئیشێك سەردانی وەزارەتی پێشمەرگەمان كرد، لەوێ كێشەیەكیان هەیە كە ئێستا ڕووبەڕوویان دەبێتەوە، كێشەی ئەو شەهیدانەیە كە ئێستا لە جووڵەی سەربازەكاندا یان لەپاراستنی هەرێمدا دروست دەبێت، چ لە وەزارەتی پێشمەرگە، چ لە

وەزارەتی نـاوخۆ، بۆیـە مـن پێشـنیار دەکـەم بـۆ شـەهیدی خـەباتگێڕ بەنـدێك زیـاد بکـرێ، هەرکەسێك لـە وەزارەتی پێشمەرگە یان وەزارەتی ناوخۆ لـە پاراسـتنی هەرێمـدا بەهـەر هۆیـەك گیـان لـە دەسـت بـدات بـە شەهید حیساب بکرێت، چونکە ئەوە جگە لەوەی لە جووڵەیەکی سەربازیدا پێشمەرگەیەك شەهید دەبێت، یـان سـەیارەکەی وەردەگـەڕێت، بـەهۆی خانەنشـینیەوە بـە شـەهید حیسـاب ناکرێـت، مووچـەو ژیـانی ئـەو خێزانـەش تووشـی ئەزمەیـەکی زۆر دەبێـت ئـەوە یەکێکـە لـە داواکـانی وەزارەی پێشـمەرگە، بۆیـە پێشـنیار دەکەم بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان هاوکار بن لە یادکردنی ئەم بەندە، من بۆ تێبینیەکەی بەڕێز جـەنابی وەزیرلەسـەر شـەهیدی منـداڵ وەکـو لایـەنی سیاسـی پشـتگیری مانـەوەی ماددەکـە دەکـەم، بـەڵام دەمـەوێت ماددەکە تەعـدیل بکرێـت بەشـێوەیەك لـە هـەرێمی کوردسـتان، لـە وڵاتـی ئێمـەدا کـوڕ یـان کـچ کـە دەگاتـە تەمـەنی 17 سـاڵ بـە گـەورە حیسـابە، بۆیـە هـەرگیز ناکرێـت هاووڵاتیـەك کـە تەمـەنی 17 سـاڵە شـەهید دەبێت، چ ژن، چ کچ، چ کوڕ بێت لەچوارچێوەی ئەوەی کە لـە خـوار تەمـەنی 18 سـاڵەوەیە وەك شـەهیدی منـداڵ حیسـاب بکرێـت، بۆیـە پێشـنیار دەکـەم وەکـو ئـەوەی لـە تەعدیلەکـەش چـاك کـراوە، مووچـەکانیان بدرێتێ، بەڵام لە زمنی شەهیدی منداڵدا وەکو شتێکی سیاسی بمێنێتـەوە، ئەگـەر ئـەوە تـا 10 سـاڵ بـەرەو سـەر بەیـەکجاری وەك شـەهید حیسـاب بکرێـت و، لـە 10 سـاڵ بـەرەو خـوارەوە وەك شـەهیدی منـداڵ بمێنێتەوە، وەکو پشتیوانیەکی سیاسی بۆ زەحیە لە هەرێمی کوردستان، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك سەردار فەرموو.

**بەڕێز سەردار رشید محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وێڕای پشتگیریم بۆ راپۆرتی هاوبەش سەبارەت بەو ماددەیە، مـادام نـاوی شـەهیدی هـاووڵاتی و ئـەنفال و ئەوانە تەسنیف کراوە، من پێم باشـە بڕگەیـەکی بـۆ زیـاد بکرێـت بـۆ هـەموو ئـەو تێکۆشـەرە ژیـان بـەخت کردووانەی کە لە زیندانەکاندا، لە ئەنجامی ئازار و ئەشکەنجەی دڕندانـەدا گیانیـان لـە دەسـت داوە، یـاخود ئەوانەی کە لە سێدارە دراون، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك یاووز فەرموو.

**بەڕێز یاووز خورشید عثمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تەبعـەن مـن پێشـەکی پشـتگیری لـە قسـەکانی نەسـرین خـان دەکـەم، لەوبەشـەی کـە باسـی شـەهیدانی نەتەوەکانی تر دەکات لەو پرۆژە یاسایە، مولاحەزەی من لەو ماددەیە لە ثالثاً فەقەرە (ب) (**شـهید الابـادة الجماعیـة**)، بـەڕێزان وابـزانم لـە عـیراق لـە سایەی حکومەتـە یـەك لەدوایەکەکانی حکومـەتی عـیراق هـیچ نەتەوەیەك نیە کە بێ بەش کرابێت لە ئیبادەی جەماعی و شەهید دان، ئێمـەی تورکمـان هـەتا ئـەمڕۆ بـە

دەیان شەهیدمان دایە، ئەگەر باس لە ئیبادەی جەماعی دەکرێت، ئەوەتا لە بەهاری ساڵی 1991، لە ئاڵتون کۆپری 80 هاووڵاتی منداڵ و گەنج و پیر، هەموو لە قەبرستانەك، لە ناحیەك ئیبادەی جەماعی کران، هەتا ئەمڕۆش شەهید کردنی هاووڵاتیانی تورکمان بەردەوامە، بۆیە من پێم وایە لەو ماددەیەدا لەگەڵ ڕێزم بۆ شەریحەی بارزانی و کوردی فەیلی، وەلەو ئەمن دەزانم ئەوەی خاڵی (ب) وافیە، یەعنی ئەگەر ئەوانە ئەش نووسرێت زۆر تەبیعیە، ئەگەر ئیشارەت بە بارزانی و کوردی فەیلی بکرێت، تکا دەکەم تورکمانیش ئیزافە بکرێت و، بەم شێوەیە دابڕێژرێت (**شهيد الابادة الجماعية: كل من استشهد او فقد حياته نتيجة جرائم الابادة الجماعية اثناء جرائم الانفال او استعمال الاسلحة الكيمياوية او الابادة الجماعية للبارزانين و الكورد الفيلين والتوركمان**)، (او فقد حياته) بەمن زیادەیە، لەگەڵ ڕێزم، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

د. صباح فەرمووو.

**بەڕێز د. صباح محمد نجیب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە لوتفی تەقدیر و لە حوسنی تەدبیرێك، کە ئەمڕۆ لە مانگی 4 واتە مانگی کارەساتی ئەنفالە، دەستپێکردنی کارەساتی ئەنفالە لە مێژووی بزاڤی نەتەوایەتی گەلی کوردستان، ئێمە موناقەشەی تەعدیلی یاسایەك دەکەین، کە پەیوەندیدارە بە ماف و ئیمتیازاتی کەس و کاری شەهیدان و ئەنفالکراوان، بۆیە هەرچەند وردەکاری بکەین لە پێناسەو لە تەسنیفی شەهیدان یان ئەنفالکراوان وابزانم جێی خۆیەتی، چونکە ڕێزگرتن لە کەس و کاری شەهیدان و ئەنفالکراوان واتە ڕێزگرتن لە شەهیدان و ئەنفالکراوان خۆیان، من هەندێك تێبینیم هەیە لەسەر ئەم یاسایە، لەسەر ئەو پرۆژەیە لە ماددەی یەکەمدا پێم وایە (**الشهيد المناضل**) کە داندراوە بە پلەی بەرزی تەسنیفی شەهیدان، ئەو فامەی لێ دەکرێت کە غەیری ئەوانە (**المناضل**) نەبن، بۆیە پێشنیار دەکەم یان شەهیدی پێشمەرگە بوترێت یان شەهیدی سەنگەر، تەئیدی هەموو ئەو بەڕێزانە دەکەم کە ئیقتراحیان کرد، بکرێت بە شەهیدی سەنگەر یان شەهیدی پێشمەرگە، چونکە ئەوانی تریش بەڕاستی خەباتگێڕن، زۆر موناسیبە کە ئەوەش شەهیدی پێشمەرگە بێت، چونکە مردن 2 جۆرە مردنێك کە دێت بۆ لات، مردنێك کە دەچی بۆلای، ئەو کەسەی کە پێشمەرگەیەو شەهید دەبێت خۆی بەرەو پیری مردن دەچێ، هەروەکو پیرەمێرد دەڵێت (لاوان بە عەشقەوە دەچوون بەرەو پیری مەرگەوە) ئەوە حەقی خۆیانە، کە ئێمە بە ئسلوبێك لە ئسلوبەکان کە یەکێکیان داڕشتنی قانونە، ئێمە خەڵکەکەمان لەسەر ئەو ئەدەبیاتە پەروەردە بکەین، چونکە مەجموعەیەك موئەشیرات و عەلاماتمان هەیە لە تەئریخی بزاڤی کوردایەتی، کە دەبێت بە زیندوویی بمێنێتەوە لەوانە وشەی پێشمەرگە، وشەی سەنگەر، وشەی راپەڕین، وشەی کۆڕەو، وشەی ئەنفال، وشەی جینۆساید ئەوانە بە حەساسیەتێکی زیاترەوە لەم دەقە یاساییە جێگیر بکرێت، پێم وایە تەعبیری (**ضد الانظمة المتعاقبة**) پێویست نیە نە لە پێناسەکە، نە لە تەسنیفەکان، چونکە کە وترا (**دفاعاً عن الحركة التحررية الكوردستانية**)، دیارە کە بزاڤی ڕزگاریخوازی

کوردستان لە موقابیلی کێوە دروست بووە، لە موقابیلی ئەو رژێمە داگیرکەرە پەیتا پەیتایانەوە، کە ئامادەنەبوون نە بەشێوەیەکی ئینسانی، نە بەشێوەیەکی قانونی و دەستووری مامەڵە لەگەڵ مافە ڕەوایەکانی گەلی کوردستان بکەن، بۆیە لە هەر کام لە بڕگەکانی ئەم یاسایەدا ئەم پرۆژەیە دا هاتووە ئەو **(ضد الانظمة القمعية المتعاقبة)** پێویست ناکات، چونکە قانون نابێت وشەی زیادی تێدابێت، پاشان کە دەڵێ **(و ما تلاها)** دیارە مەبەست لەوەیە ئەو کەسانەی، ئەو خەڵکەی کە لە ئەنجامی ئەحداسی مەئساوی ناوخۆی کوردستاندا شەهید بوون، یاسا نابێت رموزی تێدابێت بەڕاستی، ئەوانە خەڵکانێك بوون کە بەبیروبۆچوونی خۆیان دیفاعیان لە مەبادیئی خۆیان کردووە، یەعنی بۆ لێرەدا زۆر بە سەریح نەوترێت، چونکە کەس و کاریان هەیە، کەس و کاریشیان مافیان هەیە بەسەر ئێمەوە وەکو هاوولاتی، کە فیعلەن دەبێت داگیرکارو مسۆگەری مافەکانیان بین، لە بڕگەی (ج) من تەرکیزم لەسەر تەقریرە هاوبەشەکەیە، کە دەستخۆشی لە هەردوو لیژنەی بەڕێز دەکەم، کە دەڵێت **(الشهيد المواطن: كل من استشهد او فقد حياته نتيجة الاعمال الحربية او الاعمال الارهابية)** ئەوە (الاعمال)ەکەی دووەم زیادە **( نتيجة الاعمال الحربية او الارهابية)**، لە بڕگەی سێیەم کە دەڵێت (تعدل الفقرة (6) من المادة الاولى من القانون و تقرأ كالآتي: **ذوي الشهيد و المؤنفل)** کێیە؟ جارێ ببیتە **(ذو الشهيد و المؤنفل)**، چونکە ئێمە لە حاڵەتی پێناسەکردن داین و بەتەبیعەت لە بیدایەتی جوملەوەیە، لە زمانی عەرەبیدا (زوج) بۆ پیاویش و بۆ ژنیش بەکاردێت، یەعنی خوای پەروەردگار دەفەرموێت (قل يا ادم اسكن انت وزوجك الجنة)، (زوج) ئەو وشەیە کە لەدوا لیزمەی زمان ڕزگارمان دەکات، یەکێك لەو رەخنانەی لە زمانی عەرەبی دا دەگیرێت دەڵێت فەرق لەنێوان ژن و پیاو دەکات، یەعنی حاڵەتێکی جێندەری لوغەوی لە زمانی عەرەبیدا هەیە، خۆش بەختانە لە (زوج)دا ئەوەنیە، بەپیاوو بە ژنیش دەوترێت (زوج)، بوونی (زوج او زوجة) لە دەقەکە کێشەیەکی بۆ تەرجومە کوردیەکە دروست کردووە، کە دەڵێت هاوسەر یان هاوسەرەکان، یەعنی لێرەدا کورد هەر دەڵێت هاوسەر، کەواتە بوونی یەك وشە کافیە، پێویست بە (زوجات)یش ناکات، چونکە هەر کەسێك عنوانی (زوج)ی بەسەردا تەتبیق ببێت ئەو مافەی بۆ دەستەبەر دەبێت، کەواتە ئەوەش مولاحەزەیەکە کە پێم وایە حەقە رەچاوی بکەین، دیسان کە دەڵێت (الاخوة والاخوات) ئیتر پێویست بە (الاشقاء و غير الاشقاء ) ناکات، کە تۆ بە شمولی وتت، کە وتت (الاخوه والاخوات)شمولی ئەوانیش دەکات، چونکە موتلەقێکە (المطلق يجري على اطلاقه مالم يكن تقيد)، تەواو یەعنی ئەوە هیچ زەرورەتێکی نیە، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ناسك خان فەرموو.

**بەڕێز ناسك توفیق عبدالکریم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەرەتا پێش ئەوەی لەبیرم بچێت پشتگیری قسەکانی کاك یاووز دەکەم، تەمەنا دەکەم ئەگەر ئەو کەم وکورتیەمان هەیە وەکو یاسایی بۆی جێگیر بکەینەوە، چونکە بەڕاستی وەکو خۆی ئیشارەتی پێدا،

ئەوانیش لەگەڵ ئێمە هاوشان بوون لە هەموو ئەو جەرایمانەی ڕووی کردووەتە ئەم میللەتە، پێشنیار دەکەم هەر دەقێك، هەر ماددەیەك کە دەخوێندرێتەوەو تەعدیل دەکرێت، یان وەکە جەنابی وەزیر یان لیژنەی پێشمەرگە بۆمان ڕوون بکاتەوە سەبەبی تەعدیلی ئەو ماددەیە، جەوهەری تەعدیلە بۆچیە، چونکە خەڵکێك پرسیار دەکات دەڵێت لە 2007 هەتا ئێستا شەهیدی تازە کەمە ئەوە یەك، دوو: ئەوە چی بوو کەس و کاری شەهیدان هەر نەبڕایەوە هەر دەڵێن ئیمتیازاتیان بۆ زیاد دەکەن، بەڕاستی بۆیە من ئەو حەقە دەدەم بەخۆم یەکێکم لە کەس و کاری شەهید، بۆیە ئەوقسە دەکەم، بۆئەوەی ئەو شتە ڕۆشن ببێتەوە لای خەڵك، ئیمتیازات زیاد ناکەی جاری وا هەیە تەسهیلات دەکەی، لە نەتیجەی مامەڵەی وەزیر کۆمەڵێك گرفتی بۆ دروست بووە، لەبەرئەوە دەیەوێت ئاسانکاریەك بکات بۆ گەیاندنی ئەم مافە بە هاووڵاتیان، لەبەرئەوە ئەگەر بکرێت ئەو ئەزیەتە بکێشن هەر ماددەیەك پێمان بڵێت تەعدیلەکە چیە؟ بۆ نموونە ئەوەی من بینیومە ئەو ماددەیە لە پێناسەی شەهید دا لە ئەسڵەکە باسی مەناتیقی جێناکۆکەکان، یان بابڵێین ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی ئیقلیم تێدا باس نەکرابوو، ئەم ماددەیە ئەوەی حەل کردووە، کە جێگای دەستخۆشیە بەڕاستی، ئەوەی کە د. صباح وتی زۆر لەگەڵ ئەوەم بەڕاستی ئەو (**الشهيد المناضل**) شەهیدی خەباتگێڕ، من پێم وایە ئەوەی کە لە ئیبادەی جەماعی تیاچوو، ئایا کیمیاباران بووبێت یان ئەنفال بووبێت، نەتیجەی خەباتیان تیاچوو، ئەی باشە ئەگەر لادێیەکان نەبووبنە شوێن هەوارو پاڵپشت بۆ پێشمەرگەکان بۆچی ئەنفالکران؟، هەموومان دەزانین ئەگەر هەڵەبجە نەتیجەی ئازاد کردن نەبووایە، پێشمەرگەکان بەخەڵکەکەیان نەوتبایە ئازادمان کردووە، پێویست ناکات کەس چۆڵی بکات، ئەو خەڵکە تەمەتوعی بە ئازادیەوە کردووە، ئینجا خۆ نەش دەکرا هەموومان لە شاخ بین، هەر مەجموعەیەکمان حاڵەتی مەدەنی و ئەو خەڵکە بەڕێوەبەرین، لەبەرئەوە پشتگیری قسەی د. صباح دەکەم کە بەڕاستی من نووسیومە لای خۆم، کە ئەم (**الشهيد المناضل**) بەس نەمدەزانی چ بەدیلێکی بۆ دابنێم، ئەگەر بکرێت شەهیدی سەنگەر یان پێشمەرگە شتێکی باش دەبێت، بۆئەوەی مەفهومی موخالف نەدات بەوی تر، ئەوەی کە بە ئیبادی جەماعی تیاچووە یان ئەوەی کە شەهیدی مواتنە، کە وابزانین خەباتگێڕ نەبووبێت، یەعنی ئەوە تۆزێك ئەگەر حەلێکی بۆ بکرێت، شتێکی تر کە من لە ژیانی ڕۆژانە دەیبینم مەسەلەن یەکێك پێشمەرگەیە، بەڵام لە شەڕدا تیانەچووە لەکاتی ئیجازەی خۆی لە سەیارە وەرگەڕاوە کراوە بە شەهید و، شەهیدانە وەردەگرێت مندالی تەمەتوع دەکات بە ئیمتیازاتەوە ئایا ئەوە جێگای دەبێتەوە؟ لە هیچ پێناسەیەك نەمبینی، ئەگەر ئەوە جێگای دەبێتەوە با لە یەکێك لە پێناسەکان هەبێ، مەسەلەن لە شەهیدی مواتن بنووسن ئەگەر پێشمەرگە بوو لە حادیسەی سەیارە، یان لەناو جێگاش مرد هەر بە شەهید حیساب دەکرێت، چونکە ئەوە بە عەمەلی تەتبیق دەکرێت، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك دڵشاد.

**بەڕێز دڵشاد حسین قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**پێشەکی هەر تێبینیەکی گشتی بۆ لیژنەی یاسایی، من لە ئەندامێکی لیژنەی یاسایی هەمان پرسیارم کرد، ئێمە لە یاساکان ئەو کاتەی کە هەموار دەکرێت، هەموارەکان بە ماددەیەکی یاسایی دادەبەزێت، یان یاسا ئەسڵیەکەش بە ماددەیەکی یاسایی دادەبەزێت، جاری وا هەیە یاسایەك چەندجار هەموار دەکرێتەوە، پێشنیاردەکەم لەم یاسایەو بۆ داهاتوو ئەو یاسایانەی کە هەمواردەکریت بنووسرێت یاسای فلان لەگەڵ هەموارەکانی، بۆئەوەی وازح تربێت بۆ خەڵك، کە ئەم یاسایە لە کوێ هەموار کراوە، زۆرجار ئێمە لە هەمواركردندا دەچینە ماددەیەك هەموار کراوە نازانین هەموار کراوە، لە جێگایەکی تر نازانین هەموار کراوە، بۆیە لە زۆر شوێن من بینیومە نووسراوە (القانون وكافة تعديلاتة، القانون واخر تعديلاتة) ئەوە داڕێژراوەتەوە، بۆئەوەی وازح بێت بۆ یاساکە، چونکە زۆرجار لە یاساکان موتابەعەم کردووە کێشە دروست دەکات، بەتایبەتی لەم یاسایەوە تەنها پێشنیاردەکەم، پێشنیاری دووەمم لە پێناسەی شەهیددا مادام ئەوە پێناسەیەکی گشتیەو پاشان دابەشکراوە، پێم وایە شەهیدی هاوولاّتی ئەلغام و ئەوانە دەگرێتەوە، دەکرێت لەو پێناسەشدا دابڕێژرێت، چونکە لێرە جاریّ (الشهيد المناضل) جیانەکراوەتەوە، جاریّ کۆی تەعریفی شەهیدەکە نەکراوە، پاشان بە فەقەرە جیاکراوەتەوە، بۆیە ئەوەی لە تەعریفی هاوولاّتیشدا هەیە و، زائیدەن کە لە ئەسڵیەکەدا هەیە بڵێین هی ئەلغام و ئەحداسی ناوخۆ ئەوانەشی بۆ زیاد بکرێت، بۆنموونە بنووسرێت (الشهيد: کل من فقد حیاته في خندق الکفاح المسلح (کپێشمەرگە) او النضال السياسي من اجل الحرية او دفاعاً عن الحركة التحررية الكوردستانية ضد الانظمة القمعية المتعاقبة)، کە ئێمە ئەوەمان کرد بێگومان ئەو نەتەوانەشی کە لە هەرێمی کوردستانن، کە خەباتیان کردووە دەکرێت کە لە پێناوی ئازادی، کە دەوترێت لەپێناوی ئازادی تەسەور دەکەم مەبدەئێکی باشە، کە پێشمەرگە لەپێناوی ئازادی شەڕی کردووە، پاشان یەك جوملەی بۆ زیادبکرێت ئەویش (الاحداث السياسية الداخلية)، بۆئەو ڕووداوە سیاسییە ناوخۆیەکان، چونکە بەپێی عەمەلیە ئێستا وابزانم ئەو شەهیدانە وەکو شەهیدی سەنگەر حەقیان هەیە، بۆیە پێم وایە ئەوە ئیزافە بکەین ئەگەر لێرە یان لە فەقەرەی (الشهيد المناضل) ئەوە زیاد بکرێت، ئەو جوملە تەقریبەن باشترە، ڕووداوە سیاسیە ناوخۆیەکان باشترە بە بڕوای من، هەر لەگەڵ هاوکارانم لەگەڵ وشەی (الشهيد المناضل)، بۆئەوەی بکرێت بە شەهیدی پێشمەرگە، یان شەهیدی سەنگەر باشترە، لە سێیەم بڕگەی (ب) کە نووسراوە (الابادة الجماعية للبارزانين و الكورد الفيلين و جرائم اخرى مشابهة لتلك الجرائم.)، بڕوام وایە ئەوە جیاکەرەوەیە، تۆزێك کێشە دروست دەکات لەوەی خەڵكێك ناوی نەبراوە، جێگای تریش هەیە ناوی نەبراوە، پێم وایە بکرێت (وكافة الابادة الجماعية) بەس بێت، بۆئەوەی ناو نەبردرێت، یان مەسەلەن (الابادة الجماعية) کافەکەشی ناویّ، (الابادة الجماعية) بۆئەوەی کە هەموو شوێنەکان بگرێتەوە، نازانم ئەوە دەکرێت لەڕووی یاساییەوە، مەبەستم ئەوەیە شوێنەکە دیاری نەکریّ، یان گروپەکان دیاری نەکرێن، بۆئەوەی زۆرترین خەڵك بگرێتەوە، کێشە دروست نەبێت، لایەنی تریش گلەیی بکات بڵێت بۆ ناوی هەڵەبجە نەهات، ئەی بۆ ناوی گەرمیان نەهات، ئەی بۆ ناوی فلان نەهات؟ یان بۆئەوەی لەو ئەشکالە**

له سیاغەیەکی زمانەوانی بیگرێتەوە، له شەهیدی هاوولاتی بەڕاستی ئێوە شەهیدی نیشتمانیتان لابـردووە، بـەلام لـه شـەهیدی هـاوولاتی موتەفـەجیرات و ئـەختائی عەسکەری و زەحایـەی ئـەلغامتان دانـەناوە، بۆیـە پێشـنیار دەکـەم لـه شـەهیدی هـاوولاتی ئـەو 3 فەقـەرەش دابنـدرێت، کـە لـه زمنـی شـەهیدی هاوولاتیـە، تەفجیرات، ئەختائی عەسکەری، زەحایەی ئـەلغام، لـه شـەهیدی وەتـەنی تـەعریفێك کـراوە، بـەلام جگـه لـه تەعریفەکە ئێوە لاتان بردووە بەپێی لیژنە، بەلام 3 کەلیمات هەیە، که بۆ شەهیدی هاوولاتی زیاد بکرێت، (التفجيرات- الاخطاء العسكرية- وضحايا الالغام)، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو ڤیان خان.

**بەڕێز ڤیان عبدالرحیم عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەنیسـبەت مـاددەی یەکـەم کـە لـە پێنجەمـدا پێناسـەی شـەهید کـراوە بەشـێوەیەکی گشـتی، دیـارە مـن پێشنیارێکم هەیە، ئەگەر بێتو کە پێشتریش کۆمەڵێك برادەر تێبینیان هەبوو لەسەر بـەکارهێنانی وشـەی چەکداری، بەس دوو دێڕی یەکەم ئەگەر بڵێین دەیخوێنمەوە، ئەگەر بزانین لیژنـە پێـی بـاش بێـت تەبـەنی بکرێت، شەهید هەر کەسێك لەسەنگەری خەباتی پێشمەرگایەتی، یان لە تێکۆشانی سیاسی بۆ بـەرگریکردن له خەڵکی کوردستان و، بەشداریکردن له بزووتنەوەی رزگاریخوازی گـەلی کوردسـتاندا، مـن ئـەو پێشـنیارەم هەیە ئەگەر پێیان باش بێت، کۆمەڵێك تێبینیم هەیە لەسەر هەم پێناسـەی یەکـەم، هـەم پێناسـەکانی تـر، دیـارە ئێمـە پێشـتر ئاماژەمـان بـەوەدا کـە ئـەو پێناسـەیە لـە بەشـی دووەمیـدا هـەموو ئەوانـەی کـە مـن خوێندمەوە، دیارە لەپێناو ئامانجێکدا خەباتیان کردیە، یاخود شەهید بوون، کە ئەویش دەوترێـت لـە دژی رژێمــە داپڵۆســێنەرەکانی تاوانــەکانی کۆمــەڵ کــوژی، ئــەوەی مــن تێبینــیم هەیــە لەســەری ڕژێمــە داپڵۆسێنەرەکانە، چونکە ئێمە بڵێین و نەڵێین لەدوای راپەڕینەوە کۆمەڵێك ئەحداسی تـر بەسـەر هـەرێمی کوردستاندا تێپەڕی، من ئەگەر وردەکاریەکەشی باس نەکەم، لەبەرئەوەی ئەوە حاڵەتێکە و ڕوویداوە، بەلام ئێمە دەبێت لە ناوەڕۆکدا پێناسەکە چارەسـەری بـۆ بدۆزینـەوە، چونکە ئێمـە بڵێـین و نـەڵێین دوو پـارتی سیاسی، یاخود کۆمەڵێك پارتی سیاسی لە هەرێمی کوردستاندا هـەن، ئێمـە ناکرێـت بـە پارتـە سیاسـیەکانی خۆمـان بوترێـت، یـاخود هـەر کەسـێك دوای ئـەوە شـەهید بووبێـت بوترێـت ڕژێمـی داپڵۆسـێنەر، بۆیـە لەناوهێنانی هەموو ئەو هاوولاتیانەی کە دەوترێت لە شەڕی ناوخۆدا شەهید بوون، دیارە گرینگیەکـەی بـۆ ئەوە دەگێڕینەوە کە لەگەڵ ناوەڕۆکی پێشنیارەکە ناگونجێت، بۆیـە دەبێـت لێـرەدا چارەسـەری ئەوانـەی لـە شەڕی ناوخۆدا شەهید بوون، دەبێت چارەسەر بکرێت لە داڕشتنەوەی پێناسەکە بەشێوازێکی تر، لە بڕگەی (أ)دا کە دەوترێت شەهیدی خەباتگێڕ، ئێمە لە لیژنە بە وەزیرمان وت لەسەر شەهیدانی ناوخۆ، دیارە ئەو گەڕاندیـەوە بـۆ ئـەوەی کـە لـە کۆتـایی پێناسـەکە دەوترێـت، ئـەوەی کـە لـە دوایـی دا هـاتووە ژیـانی خـۆی کردبێتە قوربانی، بەلام ئەوەش لەگەڵ پێشـەکی پێناسـەکە جارێکی تـر ناگونجێـت، چونکە ئێمـە بـاس لـە

ڕژێمی داپڵۆسێنەر دەکەین، بۆیە بە بڕوای من ئەوەی لەدوای ئەویشەوە بێت بە کردارەکانی تر، وەکو تەقینەوە یاخود کردەوەی سەربازی لە هەر شوێنێکی تر بوو بێت، بەنیسبەت شەهیدانی جینۆساید، بە بڕوای من تەنها دێڕی یەکەمی کە باس لە پێناسەکە دەکات، کە دەوترێت هەرکەسێك شەهید بوو بێت، یان ژیانی لەئەنجامی تاوانەکانی جینۆساید، کاتی تاوانەکانی ئەنفال یان بەکارهێنانی چەکی کیمیایی لەناو برا بن، بەبڕوای من ئەوە کافی دەبێت، ڕاستە هەر دوو دۆسیەکە کە باس لە بارزانیەکان و فەیلیەکان دەکات، کە ناویان هێنراوە دیارە گرینگیەکەی بۆ ئەو دەگەڕێنرێتەوە، کە ئەوە لەلایەن دادگای تاوانەکانەوە بە فەرمی دانی پێدانـدراوە، بەڵام خۆ لە بەرامبەریشدا کەیسی هەڵەبجەش دانی پێداندراوە، بۆیە ئەگەر ئێمە بمانەوێت کەمترین گلەیی بێتە سەر وەزارەتی شەهیدان، یاخود پەرلەمانی کوردستان بە بڕوای من وا باشە ناوی هیچ شوێنێك نەهێندرێت، تەنها باس لە تاوانەکان بکرێ، چ ئەنفال بێت، چ کیمیاباران بێت، بەنیسبەت شەهیدانی هاووڵاتی باس لەوە دەکرێت، کە هەر کەسێك لە کرداری جەنگی یان کاری تیرۆری یان لە کۆڕەوە ملیۆنەکەی گەلی کوردستان ژیانی لە دەست دابێت، دیارە هەموو کردارێکی جەنگی بۆ نموونە تەقینەوەیەك دەکرێت، هەموو تەقینەوەیەك کرداری جەنگی یاخود کرداری تیرۆریستی نیە، بۆیە دەبێت لێرەدا کە شەهیدی هاووڵاتیەو، زۆرترین هاووڵاتی لێرەدا سوودمەند دەبێت لەو مافە، کەواتە ناکرێت ئێمە تەنها حەسری بکەین لە کرداری جەنگی و کرداری تیرۆری، چونکە وەکو پێشتر وتم بۆ نموونە تەقینەوەی ئەلغامێك بە کۆمەڵێك هاووڵاتیدا کە چوون بۆ سەیران، خۆ ئەوە لە کرداری جەنگی دا نەبووە یاخود کاری تیرۆریستیش نەبووە، کەواتە دەبێت لێرە تەقینەوە زائیدەن قوربانیانی مین، قوربانیانی مین مەبەستم ئەوەنیە کە لە رێکخراوەکان کار دەکەن و ئەرکیان هەیە، ئەوە دیارە خۆیان یاسایەکیان پێشکەش بە سەرۆکایەتی پەرلەمان کردووە بۆ واژووی پەرلەمانتاران، بەڵام من قسەم لەسەر ئەو هاووڵاتیانەیە کە هاووڵاتیەکی ئاساییەو لە شوێنێکدا مینێکی پێ دەتەقێتەوە، یاخود تەقینەوەیەك لە شوێنێك دەکرێت، بەڵام بەبێ ئەوەی کاری تیرۆریستی یاخود کاری جەنگی بێت، من پشتگیری ئەو بۆچوونەی رازاو خان دەکەم، دیارە کۆڕەوە ملیۆنەکەی گەلی کوردستان مەبەستمان ساڵی 91)ـە، بەڵام لە هەمان کاتدا پێش وەقتیش گەلی کورد بەکۆڕەوی تردا تێپەڕیوە، بۆیە ئەگەر ئێمە بمانەوێت ئەوەش ئیزافە بکرێت، کۆڕەوەکانی تر کە گەلی کورد پێیدا تێپەڕیوە، داواکارم پێشنیارێکیشم هەیە بۆ شەهیدانی هاووڵاتی ئەوە ئیزافە بکرێت، کە هەر هاووڵاتیەك بە کارەبا گیان لە دەست دەدات، من مەبەستم ئەوە نیە کە لە وەزارەتی کارەبا کارمەندەکان لەکاتی، لە ئەسنای کاردا، چونکە دیارە پرۆژەیەك پێشکەش بە پەرلەمان کراوە بەناوی شەهیدانی رووناکی، بەڵام بۆ نموونە هاووڵاتیەکی ئاسایی لە ماڵەکەی خۆیدا بە کارەبا گیان لە دەست دەدات، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك پێشەوا فەرموو.

**بەڕێز پێشەوا توفیق مغدید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من داواکارم لیژنەی هاوبەش هەم بە زمانی عەرەبی، هەم بە زمانی کوردی بیخوێنێتـەوە، لەبـەر ئێمـە نـا، ڕەنگە لەبەر کەس و کاری شەهیدان و ئەنفال کراوەکان، دوایی کە گوێبیست بن بزانن ئـەو هـەموارە چـیە، پێشتر دەقەکەتان بە زمانی عەرەبی خوێندەوە، بەلاَم بە زمانی کوردی نەتان خوێنـدەوە و، ماددەکـانی تـر، بەنیسبەت ئەو ماددەیـە دیـارە کۆمـەڵێك زاراوە هەیـە کـە پێناسـە کـراوە، مـن داواکـارم ئـەو ماددەیـە ئیلغـا بکرێتەوە، ماددەی ئەسڵی پرۆژە یاساکە، کە لـە ئەسـڵ دا هـاتووە جگـە لـە شـەهیدی نیشـتمانی، منـداڵ کـە ئیزافەیە لێرە کار بەو بکرێت، چونکە بەڕاستی پێناسەکان هیچ جیاوازیەکی ئەوتۆی نیە، ئەگەر مایـەوەش دەنگی نەهێنا، من داواکارم لیژنـەی هاوبـەش بەتایبـەتی لیژنـەی قـانونی ئـەو مولاحەزەیـەی مـن گـوێ لـێ بگرن، لە پێناسەی شەهید لە دێری کۆتایی مـن بـە کوردیەکـەی دەیخوێنمـەوە، دیـارە بـاس لـە هـەموو ئـەو شتانە کراوە کە تاوانەکانی جەنگی دژ بە گەلی کورد لە هەرێم و ناوچە دابڕاوەکان، ئێوە حەسرتان کردووە لەناو هەرێمدا مەبەستتانە، بۆیە وشەی هەرێم و ناوچە دابڕاوەکان لابەرن باشـترە، دژ بـە گـەلی کوردسـتان بێت ئەوە تەحسیل حاسڵە، هەم خەڵکێك دەگرێتەوە کـە لـە دەرەوەی هـەرێمی کوردسـتان بـووە، پێشـتریش ئەوانەی کە لە ناوچە دابڕاوەکان بوون، بە تەئکید لەناو وەزارەتی شەهیدان ئیشـیان بـۆ کـراوە، بەنیسـبەت شەهیدی نیشتمانی و منداڵیشەوە، پێشنیار دەکەم یەعنی جەنابی وەزیر پێداگری کـرد لەسـەر ئـەوەی کـە ئـەوان پێیـان باشـە و، لـە تـاوان حکومـەتیش دا هەیـە هـەروەکو لـە ماددەکـەدا هـاتووە، مینحەیـەك یـان مووچەیەکی مانگانە ببەخشن بەو کەسانەی کە لە خوار 18 ساڵینە، بۆیە من پێشنیار دەکەم ئەوە ئیزافـە بکرێت لەسەر ئەسڵی پرۆژە ماددەکە لە یاسا ئەسڵیەکە، نەك ئەوە ئیلغا بکرێتەوە، چونکە ئـەوان پێـداگری دەکەن، حکومەت لە توانای دا هەیە و، هەموارەکەشی حکومەتە، نازانم موبـەڕیری لیژنـەی هاوبـەش چـیە، بۆئەوەی کە ئیلغاتان کردووە؟ سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك کاردۆ فەرموو.

**بەڕێز کاردۆ محمد پیرداود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەرچەند تێبینیەکانم وترا، بەلاَم هەر دەمەوێت تەئکیـدی لـێ بکەمـەوە، پـێم وایـە بـۆ پێناسـەی شـەهید، پێویستە پێناسەیەکی گشتی بێت بەڕاسـتی لـەو پێناسـەیە تەسـنیف نـەکرێت، بڵێن شـەهید هـەر کەسـێکە ژیانی خۆی لە خەباتی پێشمەرگانە یان سیاسیانە وەك بەرگرییـەك لـە خـەڵکی کوردسـتان و، بەشـداری لـە بزووتنـەوەی ڕزگـاریخوازی کوردسـتان دژی ڕژێمـە سـتەمکارەکان بـەخت کـردووە، دوایـی دێینـە سـەر ئـەو تەسنیف کردنە، کە بەم شێوەی خوارەوە تەسنیف کـراوە، چـونکە لەسـەرەوە ئـەو تەسـنیف کردنـە زەروری نیە، چونکە کـە دەڵێت شـەهیدی خـەباتگێڕ، یـەعنی ئەمـە جیاکردنەوەیەکە، بـەلاَم لـە حەقیقەتـدا ئێمـە بڵێین شەهیدی پێشمەرگە، چونکە هەمیشە کە دەڵێتن لە خەندەقی بەرخودان وەك پێشـمەرگەیەك، خـۆی

له قەوسێك دەڵێت وەك پێشمەرگەیەك، باشە شەهیدی پێشمەرگە، چونكە شەهیدی پێشمەرگە بۆ تەسنیف بكرێت باشترە، لەبەرئەوەی هەر مەسەلە ماددیەكە نیە، مەسەلە ڕووی مەعنەویشی تێدایە، لەوەی كە تۆ پێشمەرگە جیاوازە شەهید هەر شەهیدە، من بۆ لایەنی ماددی لەگەڵ ئەوەم پێداویستی و یەكسانی، یەعنی عەدالەتی تێدا بێت، یەكێك شەهید دەبێت لەپێناوی بەرگریكردن لە میللەتەكەی خۆی، یان دژ بە ڕژێمە ستەمكارەكان، دەبێت حكومەت ئەركی بەرپرسیاری دابینكردنی ژیانی مسۆگەر بكات، ئەوە هیچ نابێت تەرەدودێكمان لەو ئەوە هەبێت، بەڵام لایەنی تری تێدایە، كە لایەنی مەعنەویە دیاریە كە پێشمەرگە، بۆیە ئەوە شەهیدی پێشمەرگە بێت زۆر پێم شتێكی ئیجابی ترە و، بۆ لایەنی ئەوانەی تر كە شەهیدانەیان دەدرێتێ شوێنەكە، ئەو برادەرانەم تەئكیدیان لێ كردەوە، كە دەڵێی ناوچە كوردستانیە كێشە لەسەرەكان، یەكێك لە شوێنێكی تر شەهید بوو، لە دەرەوەی هەرێم شەهید بوو، تۆ چۆن تەحدیدی ئەوە دەكەی؟ لەبەرئەوە كە دەڵێی شەهیدێك بەرگری لە خەڵكی كوردستان یان لە ناسنامەی نەتەوەیی، دەكرێت ئەوەش بكرێت، نەتەوە مەبەستم كورد نیە بە تەنها، بەڵكو توركمانە، مەسیحیە بەس لە خەڵكی كوردستانە و دیفاعیان لە ناسنامەی نەتەوەی خۆیان كردووە، ئەوەش زیاد بكەین هەم بەرگریكردن لە بیروڕای سیاسی، تەبعەن ئەوەش دەگرێتەوە، چونكە بەشێك لە شەهیدی ئێمە بەڕاستی پەیوەندی بە ململانێی سیاسیەوە هەیە و بە ئایدۆلۆجی هەیە و، حەقی خۆشیتیان شەهیدانە وەربگرن، بیكەینە ئەوانەی لەپێناوی بەرگریكردنی لە بیروڕای سیاسی شەهید بووینە، ئەو مافەیان هەبێت، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك شوان فەرموو.

**بەڕێز شوان عبدالكریم جلال:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەرەتا سڵاو لە گیانی پاكی سەرجەم شەهیدانی كوردستان، من پشتگیری لە ناوەڕۆكی دەقی ڕاپۆرتی لیژنەی هاوبەش دەكەم، بەتایبەتی ماددەی یەك و چەند سەرنجێكم هەیە، یەكەم لە پێناسەی شەهیدا بەڕاستی لەوە دەچێت، ئەگەر من هەڵە نەبم لە ئەسڵی یاساكەش هەڵەیەك كراوە، لە تەعریفی شەهید دا، تكام وایە لیژنەی قانونی ئاگاداری ئەو تێبینیەی من بن، ئەگەر هەڵە نەبم، دیارە ئاماژەشی پێدراوە، دەڵێ لە دێڕی دووەمدا یاخود هەر لە دێڕی یەكەمەوە من دەیخوێنمەوە، عەرەبیەكە دەخوێنمەوە (كل من فقد حیاته في خندق الكفاح المسلح (كپێشمەرگە) او النضال السیاسي دفاعاً عن الحركة التحرریة الكوردستانیة)، بەڕاستی شەهید بوون دیفاع نیە لە حەرەكەی كوردستانی، دیفاعە لەبۆ شەعبی كوردستانی، یان حقوقی شەعبی كوردستانی، ئەوەیە ئەسڵی ئامانجەكە، حەرەكەی تەحەرروری كوردستان وەسیلەیە، كە من تێدا خەبات دەكەم بۆ دیفاع كردنە لە مافی گەلی كوردستان، كە وتیشمان گەلی كوردستان هەموو نەتەوەكانی ناو هەرێمی كوردستان و دەرەوە دەگرێتەوە، لەبەرئەوە من پێم وایە ئەوە لە ئەسڵی یاساكەشدا بە هەڵە ڕۆیشتووە، هیوادارم من هەڵە نەبم، ئەگەر قسەكەی من وابوو ئێستا فرسەتە عیلاجی بكەین ئەوە یەكەم،

دووەم: لە پێناسەکانی تردا کە دێتە سەر پێناسەی (الشهيد المناضل) باسی پێشمەرگە دەکات، دەڵێت (كل من ضحى بنفسه في خندق الكفاح المسلح)، لە شەهیدی ئیبادی جەماعی و شەهیدی مەواتن دەڵێ (كل من استشهد)، ناکرێت بەڕاستی لەوەی پێشمەرگە ئیسشهادی تێدا نەبێت، لەوانی تر ئیستشهادی تێدابێت، یان دەبێت ئەوانی تریش لابرێت، بوترێت بۆ نموونە (شهيد الابادة الجماعية: كل من فقد حياته) وەکو ئەوەی (كل من ضحى بنفسه)، یان لەوەی یەکەمیشدا بوترێت (كل من ضحى بنفسه واستشهد في خندق الكفاح المسلح)، ناکرێت بە پێشمەرگە ناوی شەهیدی بۆ نەهێت لە پێناسەکەیدا، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بايز اسماعيل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

د. شڤان فەرموو.

**بەڕێز د. شڤان احمد عبالقادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پشتگیری لە ماددەی یەکی راپۆرتی هاوبەش دەکەم، لەگەڵ چەند سەرنج و تێبینیەکم لەسەر ئەو بڕگانەدا هەیە، دەمەوێت لێرە باسی بکەم، ئومێدەوارم بۆ بەهێزکردنی یان بۆ ڕاستکردنەوەی هەندێك لەو کەم و کوڕیانە بێت، تەعریفی عمومی کە بۆ شەهید کراوە، تەعریفێکی شمولیەو زۆرباشە، پێم باشە تەنها لە ئاخیری دێڕ کە باسی (نتيجة جرائم الابادة الجماعية او جرائم ضد الانسانية او جرائم حرب ضد شعب كوردستان في الاقليم و المناطق الكوردستانية خارج ادارة الاقليم و يصنف كالآتي)، لێرە تووشی ئیشکالێك دەبینەوە، بە دەیان شەهیدمان هەیە لە خارجی ئیدارەی ئیقلیمن، لە بەغدایە، لە بەسرایە، لە واسط، ئەو تەعریفە شموولی ناکات، پێم باشە (اول عراق عموماً) بۆ ئیزافە بکرێت (و يصنف كالآتي)، ئەو تەعریفە شمولی هەموو ئەوانە دەکاتن (اول عراق عموماً)، بۆئەوەی ئەوانەی کە لە شارێکی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمیشن شموولی تەعریفەکە بکا ئەوە یەك، دوو: حەقەتەن (الشهيد المناضل) من پێم باشە (الشهيد البيشمەرگە) بێ، نەفسی تەعریفەکەی خۆی بێت، بە هەمان شێوە ، چونکە پێشمەرگە ئیستشهادی زۆر بەجێیە بۆ ئەو، بۆئەوەی شەهیدی پێشمەرگە ئەولەویەتی هەبێ بەسەر هەموو شەهیدێکی تردا، یەعنی پێش ئەوەی شەهیدی سیاسیمان هەبێتن، پێش ئەوەی شەهیدی ئەنفالمان هەبێتن، پێش ئەوەی شەهیدی مواتنمان هەبێت، شەهیدی پێشمەرگەمان هەیە، بۆیە ئەولەویەت بەشەهیدی پێشمەرگە دەدرێت، بۆیە دەبێت ناوەکەش ئیبراز بکرێت (شهيد البيشمەرگە)، بەوەی کاك شوان وتی من پێم ڕاستەو تەئیدی دەکەم، (كل من استشهد) هەمووی وەکو یەك بێتن، یان (كل من ضحى) دەبێت تەوحید بکرێتەوە قانون بەو شێوەیە جوانتر و ڕاستتر دەردەچێتن، (شهيد الابادة الجماعية) من هاوڕانیم لەگەڵ ئەو ڕەئیانەی زۆر باس کران، چونکە ئەوانە کەیسی یاسایینە لە مەحکەمەی جینایی دەرچووینە، ئێمە کورد ئیفتیخاری پێ دەکەین کە ئەو کەیسانە بە جیۆساید ناسراون، بۆیە لێرە بەو شێوەیە زۆر جێی خۆیەتی و، (كل من استشهد ) شمولی هەموو کەسێك دەکاتن، کورد، عەرەب، تورکمان، فارس ئەوەی لە کوردستان بێتن، ئەوە شمولی هەموویان دەکات، موشکیلەیەك کە من مولاحەزەی جدیم هەیە لەسەری، شەهیدی مواتنە

حەقیقەتەن، سەرەڕای ئەوەی کە 2 جار نەتیجەی (نتیجة الاعمال الحربیة او الاعمال الارهابیة) ئەعمالەکان یەکیان زیادە، وا باشە لابیرێتن، (جرائم ضد الانسانیة او اثناء الهجرة الملیونیة او توفى في تورکیا و ایران و سوریا)، ئەوانە بە سەدان خەڵکی ئێمە لە تورکیاو لە سوریاو لە ئێران، کە لە ئەسنای هەڵاتن مردوونە، ئینجا (اثناء الهجرة الملیونیة) حەقی خۆی بێتن بە شەهیدی مواتن تۆمار بکرێتن، مواتنێك کە لە ئێران لە ئەسنای لجوئی سیاسی یان هەڵاتن لە تورکیا، لە سوریا، لە ئێران بەپێی ساتێکی زەمەنی کە دەکرێت بەپێی تەعلیمات دیاری بکرێت ئەولاترە لە هیجرەی ملیۆنی، هیجرەی ملیۆنی دوێنێ بووە بەس ئەوانی تر لە ناوەڕاستی حەرەکەی کوردی بووینە، بۆیە من پێم باشە (او توفى فى ایران و تورکیا و سوریا) ئەو ئەسنای هیجرە ملیۆنەی بۆ ئیزافە بکرێتن، بەڵام لێرە کێشەیەکی زۆر گەورە دروست بووە، کە وەزارەت رووبەڕوو بووەوە، کە غەلەتێکە، تەفسیرێکە لە وەزارەت هاتووە ئەویش لە نەتیجەی ڕێنماییەکانی وەزارەت، کە پێش ئەم کابینەیە کابینەی پێشتریش وەك بڵێم پێش ئەوەش تووشی هەڵە بووینە، لێرە هیچ عومرێك تەحدید نەکراوە، بە موتلەق هاتووە، بەڵام بەپێی ڕێنمایی (14) کابینەی پێشوو و پێش ئێستا هاتووە تەحدیدی کردووە، هەر هاووڵاتیەك لە 12 ساڵ بەسەرەوە بێت بە هاووڵاتی تۆمارکراوە، بەڵام هەریەك لە 12 ساڵ بە کەمتر ئەسڵەن تۆمار نەکراوە، ئەمەش خیلافە لەگەڵ ماددەی قانونی و، من داوا دەکەم هەموویان وەکو یەك بە شەهیدی هاووڵاتی تۆمار بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

هاژە خان فەرموو.

**بەڕێز هاژە سلیمان مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە لە (الشهید المناضل) منیش لەگەڵ ئەو هاوکارانەم، کە وتیان بکرێت بە شەهیدی سەنگەر، چونکە وابزانم ئەوە لەڕووی قانونیەوە هەروەکو ناوێکیش، من پێم وایە ئەوە گونجاوترە کە لەناو یاساکە بەوشێوەیە تەعریف بکرێت، دەربارەی (شهید الابادة الجماعیة) دیارە هەندێك لە هاوکارانم باس ئەوەیان کرد، کە هەندێك لە مکەویناتی گەلی کوردستانیش ئەوانیش شەهیدی ئیبادەی جەماعیان هەیە، بۆیە من پێشنیار دەکەم ئەگەر هاتو ناوی ئەوانیش بهێندرێت، ئەگەر نا هەر هەمووی بە یەك شێوە (الابادة الجماعیة شهید کوردستان) بێت، دەربارەی شەهیدی وەتەنی دیارە وەکو بەڕێزان لە راپۆرتی لیژنەی هاوبەش دا هاتووە کە لایان بردووە، بەڵام من پێم وایە بمێنێتەوە باشترە وەکو ئەوەی بەڕێز جەنابی وەزیریش باسی کرد، بەڵام من تێبینیەکم هەیە لەسەرئەوەی کە لێرە نووسراوە ( وتصرف له منحة لمرة واحدة)، واتە ئەگەر بمێنێتەوە ئەوا مینحەکە چۆنە، ئایا وەکو ئەو تەقاعودیەیە کە شەهیدانە وەری دەگرن یان ئەگەر یەکجار وەری بگرێت؟، من پێم وایە ئەوەش جۆرێکە لە غەدر کردن لەوانەی کە ئێمە بە شەهیدیان دادەنێین و، یەکجار مینحەیان پێ دەدەین، دواتریش لە کۆتایی دێرەکەدا هاتووە ( ویسجل فیمنح اکبرهم سناً راتب شهري ویسجل الباقون کشهید وطني)، یەعنی تەنها تەسجیل دەکرێن، هیچ ئیمتیازێك وەرناگرن

مەبەستەکە ئەوەیە لێرە وابزانم، ئەگەر مەبەستەکە ئەوەنەبێت یەعنی پێویستی بە ڕوونکردنەوە هەیە ئەو فەقەرەیە، دیارە دەربارەی شەهیدانی ناوخۆ زۆر لە هاوکارانم باسیان کرد، من بە پێویستی دەزانم کە ئەوانیش تەعریفیان هەبێت لەناو یاساکەدا، چونکە بەڕاستی ئێمە وابزانم عەیب نیە کە باس لە شەڕی ناوخۆ بکەین، ئەو کەسانەی کە شەهیدی شەڕی ناوخۆن دیفاعیان کردووە لە بیروباوەڕەکانیان، دیفاعیان کردووە لەو ئایدیانەی کە پێی کۆچ کراون، بۆیە من پێم وایە کە ئەویش تەعریف بکرێت و، زۆربەی زۆری وڵاتان کە ئێستا دیموکراسی ترین وڵاتن بۆ نموونە بەریتانیا 100 شەڕی ناوخۆی تێدا کراوە، زۆر بە ئاسایش ئاماژە بە شەڕەکە دەکەن، پێم وایە ئەوە عەیب نیەکە لەناو یاساکەدا باسی بکەین، دەربارەی ئەو کەسانەی بەڕاستی من مولاحەزەم کرد لەناو ئەو تەعریفانە، ئەو کەسانەی کە لە سجن مردوون لەژێر تەعزیب، یان هەر لە سجن مردوون یەعنی ناویان نەهاتووە، لەبەرئەوەی زۆر وردکراوەتەوە یاساکە، من بە پێویستی دەزانم کە ئەوانەش ناویان بێت، دەربارەی (ذوي الشهيد و المؤنفل) پێم باشە لەدوای ئەوەی کە (الزوج او الزوجات و الابن و البنت) دوای ئەویش (احفاديش) زیاد بکرێت، چونکە بەڕاستی هەندێ لەو شەهیدانە کوڕێکیان هەبووە، یان کچێکیان هەبووە ئێستا مردوون، بەس نەوەکانیان ماوە، من پێم وایە ئەوانەش حەقی ئەوەیان هەیە کە میراتگری ئەو شەهیدە ببن و، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

پەروین خان فەرموو.

**بەڕێز پەروین عبدالرحمن عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە ئەوە شەهیدانەی کە چەکی خەباتیان خستە سەر شانیان، بۆ ڕزگارکردنی کورد و کوردستان بەرامبەر هیچ پاداشتێك نەبووە، کە ئەمڕۆ پێیان بدرێتەوە، بەڵکو بەرامبەر بەو باوەڕو مەبدەئەی خۆیان بووە کە هەڵیان گرتووە بۆ ڕزگارکردنی کورد و کوردستان، دیارە بوونی حکومەت و پەرلەمان لە سایەی خوێنی ئەو شەهیدە سەربەرزانەیە، بۆیە ئەگەر هەر شتێك بکرێت بۆیان هێشتا من بە کەمی دەزانم، سەبارەت بە شەهید دیارە ئێمە تێکۆشەرمان هەبووە، پێشمەرگەمان هەبووە بەدرێژای خەباتی سیاسی خۆی، لە ژیانی پێشمەرگایەتی شەرەفی شەهید بوونی پێ نەبەخشراوە، بەڵام ئەمڕۆ بەهۆی پیری یاخود بەهۆی نەخۆشیەوە کە لە ماڵەوە کۆچی دوایی کردووە، بۆیە من داوا دەکەم بڕگەیەك بۆ ئەوە زیاد بکرێت وەکو تێکۆشەری کۆچ کردوو، لەبەرئەوەی ئەوە وەزارەتی پێشمەرگە هیچ شتێکیان بۆ ناکات، ڕەوانەی وەزارەتی شەهیدانیان دەکاتەوە، بەڵام دیارە کاتی خۆی کە ئەو وەزارەتە پێشی ببێت بە وەزارەت ئیشی بۆ کردوون، کاری بۆ کردوون، بەڵام دواتر بوویتە وەزارەت واز لەم بڕگەیە هێنرا، بۆیە من داوا دەکەم وەکو بڕگەیەك زیاد بکرێت لەم ماددەیە وەکو تێکۆشەری کۆچ کردوو، بە شەهید حیساب بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

گەشە خان فەرموو.

**بەڕێز گەشە دارا جلال:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەڵڵا من تەنها لەسەر ئەو ماددەیە کە لە بڕگەی چواردا، تەعریفی شەهیدی هاووڵاتی کردووە، پشتیوانی قسەکانی رازاو خان و ڤیان خان دەکەم، ئەگەر ئێمە بە مێژووی خۆماندا بچینەوە کۆچی تریش ڕوویداوە، هەر بۆ نموونە لە کاتی شالاَوەکانی ئەنفالدا خەڵکێك هەبوو بەر شالاَوەکان نەکەوت، بەلاَم لە ئەسنای کۆچەکەدا تووشی ئەزیەت و هەروەها شەهید بوونیش بووە، لەبەرئەوە کۆچەکانی تریش بگرێتەوە تەنها هەر کۆڕەوە ملیۆنەکە نەبێت، لە بڕگەی حەوت کە تەعریفی (ذوي الشهيد) دەکات، لە ئەسڵی یاساکە دەڵێت بە بڕیارێکی دادوەری بێت، بەلاَم لێرە نە لەپرۆژەکە هاتووە، نە لە تەقریری هاوبەشی لیژنەکان هاتووەتەوە، کە ئەمە بە بڕیارێکی دادوەری بێت (كل من اثبت ان الشهيد او المؤنفل كان يعيله او كان معيلاً للشهيد او المؤنفل) یەعنی بە بڕیارێکی دادوەر بێت، کە ئەوموعیلی ئەو شەهیدە بووە، یان شەهیدەکە موعیلی بووە، چونکە لەڕووی ئیداریشەوە ڕەنگە ئاسانکاری زیاتر بکات، کە دۆکیومێنتێکی یاسایی بێت لەبەردەم دائیرەکە ئاسانترە بۆ کاروباری ئیداری، وەك لەوەی کە ئەوان بێت ئیسپاتی ئەو حاڵەتە بکەن بە شایەت بێت یان بە هەر شتێکی تر بێت، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەڤین خان فەرموو.

**بەڕێز ئەڤین عمر احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەگەر لە سەرەتاوە دەست پێ بکەین، ئێمە لە شەهیدەوە دەست پێ دەکەین، کە کاتێك تەعریف کراوە باسی ئەوە دەکات دەڵێت (كل من فقد حياته) دەتوانین ئێمە بیکەینە (كل من استشهد او ضحى بحياته في خندق الكفاح)، لێرەدا دەتوانین بڵێین ئەوەی شەهید بووە، ئەوەش دوای ئەوەی کە تەسنیف دەکرێت، کە خۆی پێشمەرگە بووە زەحیەی بەحەیاتی خۆی داوە، یەعنی بڵێین ژیانی خۆی بەخت کردووە، چونکە فەرقە لەنێوان ئەوەی کە تۆ تەزحیە بکەیت، تەزحیە ئەو کەسە دەگرێتەوە، کە خۆی بەپێی خۆی، بە ئیرادەی خۆی چووە بۆئەوەی ژیانی خۆی بەخت بکات، یاخود شەهید بووبێت شەهیدی هاووڵاتی هەیە بە ئیرادەی خۆی شەهید نەبووە، کیمیابارانە و ئەنفالە ئەوانە زۆرجار ئیرادەی خۆیانی تێدا نەبووە وەکو بە زۆرە ملێ شەهید کراون، بۆیە بەدیدی من ئەگەر بکرێتە (استشهد او ضحى بحياته)، من لێرەش پشتگیری کاك شوان دەکەم، کە دەڵێت بکرێتە (عن الحركة التحررية كوردستاني) بکرێت (عن حقوق الشعب الكوردستانية) یەعنی (ديفاعا عن حقوق الشعب الكوردستاني) نەك (الحركة التحررية)، چونکە ئەو خەڵکە کە شەهید بوون و گیانی خۆیان لە دەستدا بۆ حقوق، بۆ بەدیهێنانی مافەکانی گەلانی کوردستان، نەك تەنها گەلی کوردستان، یاخود بڵێی بەس تەنها کورد، من پشتگیری ڕەئی برادەرانم دەکەم ئەوانەی کە باسی شەهیدی سەنگەریان کرد، فیعلەن ئێمە ئەگەر شەهیدی سەنگەر لەنێوان 2 قەوسدا دابنێین، وابزانم

ئەو موستلەحە پڕ بەپێستی خۆی مەعنا دەبەخشێتە ئەو شەهیدانەی کە لە سەنگەردا شەهید بووینە، ئەگەر بکرێتە (کل من ضحی بنفسه عند الکفاح المسلح)، لێرە ئەگەر وشەی سەنگەرمان لەپێشدا باس کرد، وابزانم دوای ئەوە پێویست ناکات باس کرێتەوە، (ب) دەڵێت (کل من استشهد او فقد حیاته)، کەلیمەی (فقد حیاته) لێرە زیاد هاتووە، چونکە پێشان تەعریف کراوە، کە دەڵێی کێیە شەهید؟ ئەوەیە کە تەزحیەی داوە یاخود ئیستشهاد کراوە، بۆیە لێرە وشەکە دووبارە کراوەتەوە، (فقد حیاته) لێرە بەمن زیادەیە هەڵگیرێت باشترە، کە کاتێك باسی ئەوانەش دەکەین، کە دەڵێت (الابادة الجماعیة، الانفال او استعمال الاسلحة الکیمیاویة او الابادة الجماعیة للبارزانین و الکورد الفیلیین)، بەڕێزان ئەوانە هەمووی موستەلحاتە واردن، دیاری کراوە، یەعنی هەر حاڵەتێك جیاوازی هەیە لەگەڵ حاڵەتێکی تر، کە تۆ باسی ئەنفال دەکەی، ئەنفال بەو کارەساتە دەوترێت کە کاتێك 182 هەزار کەس ئەنفال کران، یەعنی حەسرەن ئەوانە دەگرێتەوە، کە باسی ئەسلیحەی کیمیاوی دەکەی، باسی هەڵەبجەو بالیسان و ئەو شوێنانە دەگرێتەوە، کە چەکی کیمیاوی تێدا بەکار هاتووە، کە باسی ئیبادەی بارزانیەکان دەکەی، دیارە حاڵەتەکە دیارە و ڕوونە، کە کاتێ بووە ئەو کۆمەڵە بارزانیە گیراون و دوای ئەوە ئیبادەی جەماعی کراون، بۆیە لێرە حاڵەتەکان ناتوانین بەیەکەوە هەمووی گرێ بدەینەوە، بەڵکو هەریەکی تەسنیفاتی خۆی بە جیاوازی بکرێت و، کە دەڵێت (جرائم اخری مشابهة)، هەڵبەتە ئەو جەرائیمانە دەگرێتەوە، کە هاوشێوەی ئەو جەریمانەن، بەلاَم ئەو ناوانەیان لێ نەنراوە، مەسەلەن بۆ نموونە ئەو بەڕێزانەی، ئەو برا تورکمانانەی کە لە ئالتون کۆبری 80 کەس بوونە، ئەو جەرائیمە مواشابیهانە دەگرێتەوە، تۆ نە ئەنفالە لە 88 بوو بێت، نە کیمیاویشە، بەلاَم کە دەڵێی جەرائیم موشابیهە، دیارە ئە لەوکاتە ئەوانە هەمووی دەگرێتەوە، شەهیدی مواتن دیسانەوە هاتووە دەڵێت (فقد حیاته) دیسان من لەگەڵ ئەوەم کە (فقد حیاته) هەڵبگیرێت، بەلاَم لەگەڵ ئەوەشدا دەڵێت (نتیجة الاعمال الحربیة)، (الاعمال الحربیة) دائیمەن لەنێوان 2 ولاَت دەبێت، یەعنی حەرب لەنێوان 2 ولاَتە، نیتاقێکی دەولی دەگرێتەوە، بەلاَم لێرە ئەو هاوولاَتیانەی کە شەهید بووینە لە حەربدا نەبووە زۆرجار، لە نەتیجەی ئەعمال عەسکەری بووە، نەتیجەی ئەو ئەعمالانە بووە کە وەحشیەتی بووە، کە نیزامی سەدام و ئەوانەی پێشی ئەوان بەرامبەر بە گەلی کوردستان ئەنجامیان داوە، بۆیە بکرێت (الاعمال العسکریە) واردترە، دووەم ئەعمال هەڵبگیرێت ببێتە (الارهابیە)، سەبارەت بەوەی لە ئەسنای هیجرەی ملیۆنیە، منیش لەگەڵ هاوکارانم، ڕاستە هیجرەی ملیۆنیە تەنها بە ساڵی 91 دەوترێت، بەلاَم ئێمە لە ساڵانی چلەکانەوە تەهجیرمان هەیە، بۆ نموونە لەکاتی کۆماری مەهاباددا، شێخ عبدالسلام بارزانی خزم و کەس و کارەکانی ئەو کاتە تەهجیر کران، ئەوانە تەهجیری قەسری بوون، دوای ئەوە دێین لە ساڵی حەفتاکان هیجرەتمان هەیە، دوایی لە ساڵی هەشتاکان هیجرەتمان هەیە، ئەگەر بە مێژووی کوردەواریدا بڕۆین کۆمەڵێك هیجرات هەیە، بۆ نموونە خەڵکانێك هەبوون کە لە مەنتیقەی لە تەماس بوون، لە مەنتیقەی ناوچە کێشە لەسەرەکانن، ئەو گوندانە بە تەهجیرێکی قەسری خەڵکەکانی ڕاگوێزرایەوە بۆ جنوبی عیراق، بۆیە دەتوانرێت لێرە بڵێین (جرائم ضد الانسانیة او الهجرة الملیونیة وتهجیر قسري لشعب کوردستان) ، من لەگەڵ

ئەوەم کەوا خاڵی شەشەمیش ببێتە (الزوج) لەجیاتی (الزوج والزوجات)، دەتوانین (ابن والبنت) بکرێتە (الابناء) یاخود (الاولاد)، (الام والاب) بکرێتە (الاباء) وشەی (الاشقاء) وەکو کاک عونی خوێندیەوە لەجێگای خۆی بوو، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاک شێردڵ.

**بەڕێز شێردڵ تحسین محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە قسەکانمدا پشتگیری لە قسەکانی کاک یاووز دەکەم، ئێمە وەکو نەتەوەی تورکمان ئەگەر ناوەکە بێت لە یاسایەکە، ئێمە پێمان باشە باسی نەتەوەکانی تریش بکەن، نەتەوەی تورکمان و برامەسیحیەکان، کە ئەوانیش مەجزەرەیان دەرحەق کراوە، بەس نیە مەجزەرە لە تورکمانەکان کرابێت لەئاڵتون کۆپری، بەڵکو لە دێرزەمانەوە بەرامبەر تورکمانەکان مەجزەرەی تر کراوە، ڕۆژەکانی تریش شەڕی ناوخۆ بەرامبەر برا تورکمانەکان کراوە و، دەیان تورکمانیش لە شارەکانی تر لە کەرکووك لەو مەنتیقانە بە دژ حەقیانەوە شەهید دەکرێن و دەکوژرێن، بۆیە من پێم باشە ئەگەر ناو بێتن ناوی نەتەوەی تورکمان و برامەسیحیەکانیشی لەگەڵ دابێت، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاک حەمە سعید فەرموو.

**بەڕێز حەمە سعید حەمە علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێم وایە ئەو ماددەی یەکەمە، بۆئەوەی پێناسەکان شامل بێت، هیچ توێژێکی لێ بەدەر نەبێت، پێویستە تۆزێك وردی بکەینەوە و، وردتر دایبڕێژینەوە، جارێ ئەو پێشەکییە یان دەبێت بە شێوەیەك بێت، کە هەمووی بگرێتەوە، یان پێویستە بەکورتی بڵێین (الشهيد و يصنف كالآتي) ئیتر تەواو، یان ئەگەر پێناسەمان بۆ کرد بڵێین (كل من استشهد في خندق الكفاح المسلح (کپێشمەرگە) او النضال السياسي دفاعاً عن الحركة التحررية الكوردستانية ضد الانظمة القمعية المتعاقبة)، لەبەرئەوە حەرەکە تەحروری وەکو کاک شوان وتی منیش پێم وایە وەسیلەیە، شەعبی کوردستانی ئەسڵترە، خۆ ئەگەر بێتو تەفسیلی بدەینێ پێویستە باسی ئەو شەهیدانە بکەین، کە لە سجندا ئیعدام بوون، لەژێر تەعزیبدا مردوون یان بێجگە لە ئیعدام، لە سجندا بووە وەفاتی کردووە و مردووە بە مردنێکی تەبیعی، بەڵام خۆ لە سجن بووە یان لە موزاهەرە داخلیەکاندا کاتی سەردەمی ڕژێمی بەعس لە شار و شارۆچکەکاندا چەندین موزاهەرە کراوە، خەڵك شەهید بووە بە گوللە، یان خەڵکێکی تر لەکاتێکدا مەسەلەن سەردەمی مولازم محسن یەکسەر گەنجێکی دەکوشت، لە چایخانەیەکدا یان لە بازاڕێك، کەواتە لەم وردکردنەوەیە ئەگەر ئەو وردکردنەوەی بۆ بکرێت

دەبێت ئەوانیش وردبکەیەوە، بەلأم بۆئەوەی وردنەکرێتەوە پێناسەیەکی کورت بێت و، (الشهيد المناضل) من پێم وایە بێگومان (كل من استشهد) ئەویش بکرێت بە (استشهد) ئەوە خاڵێك، ((كل من استشهد في خندق الكفاح المسلح (كپێشمەرگە) او من خلال النضال السياسي او في سجن) ئیتر بە وەسیلەی سجن بێت و ئیستشهادەکەی چۆنە لە سجن ئەوەش بگرێتەوە، مەسەلەی شەهیدی ئەوەی دەتوانین بڵێین ئەو کەسانەش کە لە سیراعی داخلی شەهید بوون، یەعنی لە سیراعدا، ئەوەش ئێستا بە فیعلی ئەو کەسانەی کە لە شەڕەکانی ناوخۆ شەهید بوون، بە فیعلی ئێستا مووچە و ئیمتازاتیان هەیە، کەواتە بۆئەوەی کە بە فیعلی هەیانە ببێت بە شێوەیەکی قانونی، لێرەدا بڕگەیەکی بۆ زیاد بکەین، کە لە سیراعی داخلیدا زۆر تەبیعیە و وەکو باسکرا لە وڵاتانی دونیا، بەریتانیاو وڵاتانی تریش، کە لە کاتێکدا لە سیراعی ناوخۆ خەڵکێك شەهید بووە بە ماددەیەکی قانونی ئیمتیازاتی بۆ دیاریکراوە، خاڵێکی تر منیش پێم وایە کاتێك (استعمال الاسلحة الكيمياوية) بنووسین (ضد اهل حلبجة والمناطق الاخرى لكوردستان)، یەعنی ئەهلی هەڵەبجە هەموومان دەزانین ئەنفال و ئەهلی هەڵەبجە سومبلێك بوون، ئێمەی ناساند بە ناوەندی وڵاتان و کاریگەریکی باشی هەبوو، یەعنی کیمیاباران و ئەنفال دوو شتی زۆر دیارن کە باس بکرێن، خاڵێکی تر لەگەڵ کاك شوانم کە باسی لە ئاوارەکان کرد، هەر ئاوارەی ملیۆنی نیە، خەڵکانێك لە ساڵانی پێشتردا ئاوارە بوون، لەو وڵاتانەی دراوسێ لەوێ یان مردوون یان بە سەبەبی ئاوارە بوونیان شەهید بوون، کەواتە باسی ئاوارەکانی تریش بکرێت، خاڵێکی تر من پێم وایە ئەو شەهیدی مواتنە کە منداڵە خۆی منداڵ مانایەکی تایبەتی هەیە، ئێمە هەمیشە بۆئەوەی ئیدانەی ئەنزیمە دیکتاتۆریەکان بکەین، دەڵێین پیرەژن و پیرە پیاوو منداڵی کوشتووە، یان خەڵکی بێ چەکی کوشتووەو، ئەوە مەعناو مەدلولێکی هەیە، بۆیە پێم باشە بمێنێتەوە منداڵەکە، وەکو جەنابی وەزیریش تەئکیدی کرد، بەلأم بە مەرجی لابردنی ئەوەی کەوا یەك مینحەی بدرێتێ و بۆ یەکجار بێت نا، بە مەرجی ئەوەی ئەویش مووچەیەکی هەبێت، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بايز اسماعيل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو د. احمد.

**بەڕێز د. احمد ابراهيم علی (وەرتی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

قسەکانی منیش کران، ئەو داڕشتنەوەی کە لێرە کرا، دەکرا لەجیاتی ئەو تەسنیفە شەهید و پاشان شەهیدی خەباتگێڕ و شەهیدی ئیبادی جەماعی، مواتن و هەتا دوایی، دەکرا هەر لە یەك فەقەرە هەموو تەعریفەکە کۆبکرێتەوە، من پێناسەیەکم نووسیوە ئەگەر لیژنەی هاوبەش بە دڵیان بوو، (الشهيد كل مواطن كوردستاني) چونکە لێرە کە هاتووە دەڵێت (الشهيد كل من فقد حياته)، (كل) هەموو کەسێك دەگرێتەوە، یەعنی عیراقی و کوردستانیش دەگرێتەوە، لەعیراق یاسایەك دەرچووە تەبعەن یاسای موئەسەسەی شوهەداء ئەوانە هەموو کەسێکی عیراقی دەگرێتەوە، بەلأم هەرێم یاسایەکی تایبەت بۆ خۆی دەردەکات، لەبەرئەوە من پێم باشە لێرە پێناسە بەوشێوەیە بێت (كل مواطن كوردستاني)، ئیتر ئەگەر

بلێین کوردستانی له هەر شوێنێك بێت، ئەگەر له بەغداش بێت مواتنی کوردستانی بێت دەیگرێتەوە، نەك له هەرێمی کوردستان و ناوچە دابڕێنراوەکان، (كل مواطن كوردستاني من البيشمەرگه والمواطنين فقد حياته بسبب كفاحه او معارضته للانظمة القمعية المتعاقبة في العراق في الرأي او المعتقد او الانتماء السياسي بفعل من الافعال الانظمة بشكل مباشر او بسبب سجنه او تعزيبه او نتيجتهما)، هەیە تەبعەن سجن کراوە یان تەعزیب دراوە ئەوکاتە نەمردووە، یان دواتر لەنەتیجەی ئەوە مردووە، (او نتيجة جرائم الابادة الجماعية وضحايا الاسلحة الكيمياوية في حلبجة و المناطق الاخرى والجرائم ضد الانسانية للبارزانين والكورد الفيلين وتهجير القسري)، یەعنی لەحیاتی بلێین باسی کۆڕەوەکە بکەین، کە چەندین کۆڕەو و تەهجیر هەبووە، تەهجیری قەسری هەبووە لەلایەن ڕژێمەوە، هەموو ئەو تەهجیرانەی کە لە سەردەمی ڕژێمە یەك لەدوا یەکەکان بووە بۆ میللەتی کورد، هەمووی دەگرێتەوە، ئەم تەعریفە پێم وایە شامل و جامیعە بۆ هەموو ئەو تەعریفانەی لێرە هەیە، ئەگەر هەر پێویست بێت تەسنیف بکرێت، بەڕاستی من لەگەڵ ئەوەم وەکو هاوڕێکانم باسی کرد کە (الشهيد المناضل) ببێتە شەهیدی سەنگەر، وابزانم ئێستا تەعامولی حکومەت لەگەڵ شەهیدی سەنگەر، هەر بەناوی شەهیدی سەنگەر تەعامول دەکرێت، شەهیدی سەنگەر و شەهیدی هاوولاتی، بۆیە ناو بلێین (الشهيد المناضل) ئەوی تریش هەر (المناضل)، هەر خەباتگێڕێکە، هاوولاتیش بووبێت لە نەتیجەی ئەوە شەهید بووبێت، هەروەها ئەوانەی ناوخۆش کە لێرە هەرچەندە دەڵێت **(و ما تلاها)**، بەڵام زۆر ڕوون نیە کە چۆن ئەوانەی ناوخۆ دەگرێتەوە، من لەگەڵ ئەوەشم کە بەڕاستی شەهیدی نیشتمانی ئەگەر بمێنێتەوە، شەهیدی منداڵ وەکو کاك حەمە سعید و هەندێك لە هاوڕێیانم باسیان کرد، یان ئەوە هەر هەڵبگیرێت وەکو ئەوەی پێناسەکەی باسم کرد هەمووی دەگرێتەوە، منداڵ و غەیری منداڵ هەمووی هەر شەهیدە، چونکە لای کەس وکارەکانیان منداڵ جیانەکراوەتەوە لە کەس و کاری تر، یان هەموویان لەلایان عەزیز و خۆشەویستن، یان تەمەن هەڵبگیرێت لێرە نەمێنێت، ئەو مووچەیەی کە پێی دەدرێت ئەو مینحە تەنها بۆ یەکجار نەبێت، بۆچی بۆ یەکجار بێت، ئەوە ناکاتە هیچ، ئەویش هەر مووچەی بۆ کەس و کارەکەی ببڕێتەوە، دوا پێشنیارم ئەوەیە کە یەك فەقەرە لێرە زیاد بکرێ، بۆ ئەو کەسانەی کەوا لەگەڵ ڕژێم کاریان کردووە، لەجاش و موستەشارەکان ئەوانە لێرە بە فەقەرەیەك وەکو تەئکید بکرێتەوە، کە ئەوانە ناگرێتەوە (لايعد شهيداً لاغراض تطبيق احكام هذا القانون كل من عمل مع النظام البائد في مؤسسات مختلفة او من البعثيين او الموالين لحزب البعث)، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك خلیل فەرموو.

**بەڕێز خلیل عثمان حمدامین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە ئامانج لە هەموارکردنەوەی ئەو یاسایە، گرینگی دانە بە وارسی شەهیدان و بە شەهیدەکان، چ لەڕووی ماددیەوە بێت، چ لەڕووی مەعنەویەوە بێت، بەڵام بە بڕوای من شەهیدەکان هەر هەمووی

شەهیدن و، هەمووشی گیانی لەپێناوی خاك و ئەو گەلە داناوە، كە ئێستاكە هەر هەموومان بە ئازادی ژیان بەسەر دەبەین، بەڵام وەك هەست دەكەم لە یاساكە غوبنێك بەرامبەر بە شەهیدی سەنگەر هەیە لە دوو ڕووەوە، یەعنی ئەگەر لە پێناسەكەوە دەست پێ بكەین (الشهید: كل من فقد حیاتە)، یەعنی وەكو ئەڤین خانیش باسی كرد، ئێمە با جیاوازی بكەین لەنێوان ئەوەی كە خۆی كردووەتە قوربانی و لەنێوان ئەوەی كە بووەتە قوربانی، یەعنی شەهیدی سەنگەر ئەوەیە كە خۆی كردووەتە قوربانی، بۆیە من پێشنیار دەكەم (الشهید: كل من ضحى بحیاته في خندق الكفاح المسلح (كپێشمەرگە) او النضال السیاسي دفاعاً عن) وەكو كاك شوان وتی ئەم حەرەكەیە بگۆڕێت ببێتە (عن ارض وشعب كوردستان ضد الانظمة القمعیة المتعاقبة او فقد حیاته او نتیجة جرائم الابادة الجماعیة او جرائم ضد الانسانیة او جرائم الحرب ضد شعب كوردستان في الاقلیم و المناطق الكوردستانیة خارج ادارة الاقلیم و یصنف كالآتي)، یەعنی ئەو پێناسەیە من پێم وایە حەقە بكرێت بە 2 بەش، وەكو لە سەرەتا وتم (الشهید: من فقد حیاته نتیجة جرائم الابادة الجماعیة)، خاڵێكی تریش وەكو كاك فاضل باسی كرد لە كۆی پرۆژەكەدا باس لە ئیمتیازاتی ماددی شەهیدی سەنگەر بەتایبەتی نەكراوە، ئەوە جەنابی وەزیر دانیشتووە بە دەیان شەهیدی سەنگەری كۆنمان هەیە لە 76 و 78 پێشمەرگە بووە، یاخود پێشتریش پێشمەرگە بووە و، پێشمەرگەیەكی قارەمانیش بووە، پلەی گەورەشی هەبووە ئێستاكە مەعاشەكەی ناگاتە مەعاشی زیندانیەكی سیایی كە ڕێزم هەیە بۆیان ئەویش هەر پێشمەرگەیە، بەڵام ئەمیان شەهید بووەو قوربانی داوە، بۆیە من هیوادارم لیژنەی پێشمەرگە لەگەڵ وەزارەتدا بەڕاستی بگەنە سیغەیەك، یەعنی ئێمە خەڵكانێكی زۆر لە شەهیدەكانمان ئێستا گلەیی ئەوە دەكەن، كە لەڕووی ماددیەوە، مەعاش و یارمەتیەكانیان وەكو پێویست نیە، یان وەكو كەم ئەندام نیە، وەكو شەریحەكانی تر نیە، یەعنی بەلایەنی كەمەوە تەوازنێك لەنێوان شەریحەكانی تردا دروست ببێت، بۆئەوەی گلەیی ئەوانیشمان لەسەر نەمێنێت، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سەرگوڵ خان فەرموو.

**بەڕێز سەرگوڵ رضا حسن:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەنیسبەت ماددەی یەكەمەوە من پشتیوانی پێشنیارەكەی كاك شوان و كاك حەمە سعید دەكەم، ئەو موستەلەحە بگۆڕێت لە پێناسەی شەهید، كە بكرێت بە بەرگریكردن لە گەل و خاكی كوردستان، زۆر پرسیار كرا سەبارەت بە ئەو كەسانەی كە لەئەنجامی شەڕی ناوخۆ كوژراون، من پرسیارەكە ئاراستەی جەنابی وەزیر دەكەم، ئایا بە واقیعی ئێستا ئەو شەهیدانە چۆن لەژێر چ تەسنیفێكە ئێوە لە وەزارەت مامەڵەیان بۆ دەكەن؟ بە واقیعی كۆمەڵێك هەن كراون بە شەهیدی خەباتگێڕ، كە بە شهیدی سەنگەر بڵێین ئێستا مامەڵەیان لەگەڵ دەكرێت لە وەزارەتدا، پشتگیری لە پێشنیارەكەی دكتۆر صباح و ناسك خان دەكەم، هەندێ لە برادەرانی تریش باسیان لەوە كرد لەداهاتوودا كاتێك ئێمە ئەو ماددەیە تەعدیل دەكەین،

شەهیدی خەباتگێڕ بكرێتە شەهیدی سەنگەر، چونكە ئەگەر وابێت ئەوە مەفهومێكی موخالیف دەگەیەنێت، كە تەسنیفەكانی تر خەباتگێڕ نین، بۆیە بكرێتە شەهیدی سەنگەر پێم باشترە و، لە واقیعیشدا ئێستا وا مامەڵەی لەگەڵ دەكرێت، سەبارەت بەو پرسیارەی ئاراستەی جەنابی وەزیرم كرد، كاك دڵشادیش پێشنیارێكی كرد، ئەگەر بەو شێوەیە نەبوو، ئەو مەفهومەی كە دارێژراوە لەتەعدیلەكە ئەوانەی دوای ئەوە، پێم وایە قانون دەبێت سەریح بێت نابێت غموزی تێدابێت، ئەوە لەوانەیە تەفسیری تری تێدا بێت، ئەو پێشنیاری ئەوەی كرد كە ئەوانەی لە ڕووداوە سیاسیە ناوخۆییەكاندا شەهید بوون، ئەوانە ئیزافە بكرێت لەجیاتی ئەوەی لە تەعدیلەكە هاتووە، كە باس لەوە دەكات كە تەعدیلەكەی بەو شێوەیە و، ئەوەی دوای ئەویش، یەعنی پێم وایە موستەلحێكە یان دەستەواژەیەكە، كە مەفهومی زۆر غامزە دەبێت قانون سەریح بێت، سەبارەت بە شەهیدی نیشتمانی كە حكومەت یان وەزارەت پێشنیاریان كردووە، منیش پشتگیری دەكەم كە هەبێت و ، ئێمە ئیزافەی بكەین بەپێچەوانەی ڕای لیژنەی هاوبەشەوە، چونكە ئەوە ئەو كەسانەو كە ئەوان تەسنیفیان كردووە، یان بڵێین حیكمەتێك هەیە، پێم وایە سەبەبێك هەیە كە ئەوان ئیزافەیان كردووە، ئەم كەسانە دەگرێتەوە كە لە خوار 18 ساڵەوە شەهید بوون، بەلام من پێشنیاری ئەوە دەكەم ئەگەر ئەوە تەسبیت كرا، ئەو قەوسەی كەوا وەزارەت ناردوویەتی جگە لە قوربانیانی سیاسی، پێم وایە لەناو قوربانیانی جینۆساید دا زۆر تر تەمەنی منداڵی تێدایە، ئەوانەش بگرێتەوە و، ئەو قەیدەی كە ئەوان دایان ناوە ئەگەر لە خێزانەكە 1 شەهید زیاتر هەبوو، ئەوە گەورەترینیان مووچەی بۆ ببڕێتەوە، من پێم وایە ئەو قەیدەش نەمێنێت باشترە ئەو كەسانە سوودی لێ وەردەگرن، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

حاجی بیلال فەرموو.

**بەڕێز احمد سلیمان عبدالله (بیلال):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەبارەت بە وشەی شەهیدی سەنگەر، منیش لەگەڵ ئەو ڕایەم ، كە بەڕاستی ئەو وشەیە كە جێگای گرتووە هەر بەوشێوەیە بمێنێتەوە، هیچ ناوی تری بۆ دیاری نەكرێت، نە ناوی خەباتگێڕ یان شەهیدی موناضل، پێم وایە شەهیدی سەنگەر لەجێگای خۆیەتی وەكو هاوڕێیانم ئیشارەتیان پێدا، هەر بەوە بێت و، تەعریفی شەهیدی سەنگەریش شەفافتر بێت لەوەی كە ئێستا هەیە، بەتایبەتی برای بەڕێزم كاكە صباح و چەند هاوڕێیەكی تریش باسی كرد، من پێم وایە لە كۆی پێناسەكانیشدا وەكو دیسان چەند بەڕێزێكیش باسیان كرد، كە باسی شەهیدی ناوخۆ كراوە، كێشە سیاسیەكانی ناوخۆ ڕوون نیە، یەعنی دەكرێت بڵێین ناڕوونیەكی زۆری تێدایە، دەكرێت ڕوون بێت، چونكە ئەوە واقیعێكە تێكەوتووین دەبێت بە یاسا چارەسەری بكەین، سەبارەت بە ئیبادەی جەماعیش كەباسكراوە، پێم وایە ئەگەر باس لە ئیبادەی جەماعی بكەین، ناوی چەند شوێنێكمان هێنا دەبێت ناوی هەموویان بێنین، ناوی هەڵەبجە بێنین، بالیسان بێنین، گەرمیان بێنین و، چەند شوێنی تریشمان هەیە دەبێت ئەوانەش ناو بێنین، یان ئەوەتا نابێت ناوی هیچیان

بێـنین، چـونکە ئەگـەر نـاوی هەنـدێکمان هێنـاو، نـاوی هەنـدێکمان نـەهێنا پـێم وایـە جیاکرنەوەیـە، ئـەو جیاکردنەوەیـە شـتێکی بـاش نیـە، سـەبارەت بـە شـەهیدی نیشـتمانی منـداڵیش دەگرێتـەوە وەکـو جـەنابی وەزیریش باسیکرد، پێم وایە مانەوەی باشترە و، هەبێت باشە، بـەلآم تەمەنەکـەش بێتـە خـوارتر، 18 سـاڵ ڕاستە لەڕووی قانونیەوە ئەوکاتەیە کە حیسابی قانونی بۆ دەکرێت، بەلآم بکرێتـە 16 سـاڵ، وەزعـی ئێمـە جیاوازە، من شانازی بەوە دەکەم کە خۆم لە تەمەنی 17 ساڵی پێشمەرگە بوویمە لە شاخ، ناکرێت 18 سـاڵ پێم وایە زۆرە بکرێتە 16 سـاڵ باشـترە، کـە وتـت منـداڵ بکرێتـە لایـەنی کـەم 16 سـاڵ، ئـەو شـەهیدانەی تریش کە ئیبادەی جەماعی بووە، شەهیدی تری ئیبادەی جەماعیمان هەیە هەتا ئێستا زۆریان نەکراون بە شەهیدی سـەنگەر، مـن پـێم وایـە ئەوانـەش حەقـە بەتایبـەت ئـەو شـەهیدانەی بـۆ نموونـە 1974/4/24 جەنابی وەزیر پێش چەند ڕۆژ لەوێ بوون، خاوەن کەس وکاری شەهید گلەییان هەیە تا ئێستا نەکراون بە شەهیدی سەنگەر، پێم وایە ئەو جۆرە شەهیدانە حەقە شەهیدی سەنگەر بن، بە شەهیدی سەنگەر حیساب بکرێن، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك صباح بیت الله فەرموو.

**بەڕێز صباح بیت الله شکری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەنیسبەت ماددەی یەکەم کە پێناسەی شەهید دەکرێتن، دەڵێـت (**الشهید: کل من فقـد حیاتـه**) ئەوانـەی لـە زمانی عەرەبی شارەزان (فقد) بـە ڕەئـی مـن وشـەیەکی شایسـتە نیـە بـۆ پێناسـەی شـەهید، چـونکە (فقـد) یەعنی ونکردن (بزرکردن)، ئەوەی کە شتێك بزر دەکات یان ون دەکاتن قابیلی دۆزینەوەیە، لەبەرئەوە مـن بە پێویستی دەزانم کە (**الشهید: کل من ضحی بحیاته**) لەجیاتی (**الشهید: کل من فقد حیاته**)، لە چەند بڕگەو ماددە دا هاتووە بەڕەئی من (فقد) هەڵبگیرێت (وضحی) باشترە، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك عبدالله ی مەلا نوری فەرموو.

**بەڕێز عبدالله محمد نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

قسەکانم زۆربەی کران، هەرئەوەندە پشتیوانی ئەو داواکاریـەی هـەردوو بـەڕێزان کـاك یـاووز و ناسـك خـان دەکەم، ئەوەی کە پەیوەستە بـە هاوولآتیـانی تورکمانـەوە، هیـوادارام دواتـر جێگـای ئـەو بابەتـە بکرێتـەوە، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك سەرهەنگ فەرموو.

**بەڕێز سەرهەنگ فرج محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە لەسەر ماددەی یەکەم، لەسەر ئەم بڕگانە من هەندێك تێبینیم هەیە بەکورتی، ئەویش لەسەر بڕگەی (أ) مەسەلەن کە هاتووە دەڵێت هەرکەسێك خۆی قوربانی کردبێت لە خەندەقی بەرخودانی چەکداری وەك پێشمەرگایەتی یان خەباتی سیاسی هەتا دوایی، لە کۆتاییدا دەڵێت کوردستانی و ئەوەی دوای ئەویش، بەڕاستی ئەوەی دوای ئەویش موستەلحێکی هەر عەیبە ئێمە لەناو یاساکە دایبنێین، دەبێت موستەلحێکی شایستە بدۆزینەوە، بۆئەوەی کە مەبەستمانە، ئەگینا ئەوەی دوای ئەویش یەعنی چی، با ئێمە بزانین ئەوە چیە، بۆیە دەبێت موستەلەحێك بدۆزرێتەوە بۆئەوەی کە مەبەستمانە لەوێ، سەبارەت بە بڕگەی (ب) ئەوەی کە هاتووە شەهیدی جینۆساید هەر کەسێك، من پێم باشە بەو شێوەیەی لێ بکرێت، هەرکەسێك شەهید بووبێت یان ژیانی خۆی لە دەست دابێت، لە ئەنجامی تاوانەکانی جینۆساید کە دیارە چیە، لەکاتی تاوانەکانی ئەنفال کە ئەویش دیارە چیە، یان بەکارهێنانی چەکی کیمیایی کە ئەویش دیارە چیە، بۆئەوەی کە باسکرا بە تەئکید من لەگەڵ ناوهێنان دانیم لێرە وردی بکەینەوەو ناوی بێنین، من پێم باشە دوای وشەی یان بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی یان ئەوەی بۆ ئیزافە بکرێت، هەر تاوانێکی تری بە کۆمەڵ، کە دەرحەقی هاونیشتمانی ئەو وڵاتە کرابێت، یان ئەم نیشتمانە کرابێت، پێم وایە ئەوە شاملە موستەلەحێکە دەتوانین هەموو ئەو پێکهاتانەی کە لە هەرێمی کوردستان یان هەر تاوانێکی تر، کە دژی ئەوە کرابێت بکرێت بەڕاستی، پێم وایە ئەو ناوهێنانە چونکە مەسەلەی تاوانی برا بارزانیەکانە، خوشك و برا بارزانیەکانیش هەر بەشێکە لە تاوانی ئەنفال، فەیلیەکان بەشێکە لە تاوانی جینۆساید، بۆیە ئێمە وردی نەکەینەوە لێرەو باسی نەکەین، پێم باشە بەگشتی بهێنرێت، چونکە یەکێك لەو موشکیلانەی کە ساڵانێك مەسەلەن وەزارەتی شەهیدان رووبەڕووی دەبێتەوە، لەکاتی یادەکاندا ئەوەیە کە ئەم یادانە لە چەند شوێنێکی جیاواز دەکرێتەوە، بۆ نموونە دوای کیمیاباران کردنی هەڵەبجە ئێمە کیمیابارانی بالیسانمان هەیە، هی شێخ وەسانانمان هەیە، هیی سیوسێنانمان هەیە، بۆیە بەگشتی بهێنرێت و، ئەوەی بۆ ئیزافە بکرێت من تەئکید دەکەمەوە، یان هەر تاوانێکی تری بە کۆمەڵ دەرحەقی هاونیشتمانیانی ئەو وڵاتە کرابێت، پێم وایە مەخسەدەکە لێرە دەپێکێت، سەبارەت بە بڕگەی (ج) من لەگەڵ ڕای ئەو خوشك و برایانەم کە مەسەلەی تەقەمەنی و لوغم جارێکی تر لێرە داخل بکرێت، مەسەلەی لوغم ئەگەر بە نموونە وەری بگرین، هەیە بە لوغم شەهید بووە، کە هەزاران لوغمی هەڵگرتووەتەوە، یەعنی ناکرێت ئێمە لێرە هیچ حیسابێك بۆ ئەمە نەکەین وەکو شەهیدی هاووڵاتی نەیناسێنین، بێ بەشی بکەین لە ماف و ئیمتیازاتەکان، بۆیە زۆر زەرورە کە مەسەلەی تەقەمەنیش ئێمە دەزانین ساڵانێکی زۆر، بەشێکی زۆری خەڵك بە مەسەلەی تەقەمەنی شەهید بووە و، ئەوە بەڕاستی سەردەمانێك خەڵك بەو شێوەیە شەهید بووە، حەقە ئێمە لێرە دەرفەتە بۆئەوەی حیساب بۆ تەقەمەنی و لوغم بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو د. عمر.

**بەڕێز د. عمر حمدامين خدر(نوردەينی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من سەرەتا دەمەوێت ئەوە بڵێم، کە دەست خۆشانە لە وەزارەتی شەهیدان و کاروباری ئەنفال کراوان و حکومەتی هەرێم دەکەم، کە هەوڵیانداوە ئەم یاسایە هەموار بکەنەوە، بە قازانجی ئەوەی کە زیاتر و باشتر و چاکتر خزمەتی کەس و کاری شەهیدان و ئەنفال کراوەکان بکرێت، هەروەها دەست خۆشی لە لیژنەی هاوبەشیش دەکەم، کە ماندوو بوون و راپۆرتی هاوبەشیان هەیە، سەبارەت بە پێناسەکە من پێم وایە تارادەیەك پێناسەیەکی فراوانە، چونکە بەم شێوە گشتیە باشترە بڵێین، نەك بڵێین لە هاوولاتیانی هەرێمی کوردستان، چونکە دەبێت لەبیرمان بێت، خەڵکی عەرەب هەیە لەگەڵ خەبات و تێکۆشانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کوردستان شەهید بووە، خەڵکی ئەجنەبیمان هەیە بە مەسەلە بەڕاستی (ليزيسمێرس و گادرۆس) ئەوانە هاوولاتی بيانی بوون، بەلام بۆ ديفاع لە مافەکانی ئێمە لێرە شەهيد بوون، ڕاستە ڕەنگە پێشمەرگە نەبوون، بەلام مەسەلەن فۆتۆگرافەر بووە، بەلام لە ديفاع کردن لە ئێمە لێرە شەهيد بووە، بۆيە بەم شێوە فراوانيە بمێنێتەوە باشترە، بەلام هەوڵ بدەين دووبارە داڕشتنەوەی بۆبکەين تا چاکتر و باشتر مانای شەهيد و گيان بەخت کردن لەناو تەعريفەکەدا بەراست بکرێت، بۆ نموونە زۆر باشيان کردووە تاوانی دژی مرۆڤايەتيان داخل کردووە، چونکە لە رابردوودا موشکيلەمان هەبوو، 2 جۆر ئيبادە هەيە، ئيبادە هەيە کە (extermination) پێ دەڵێن بە ئينگليزی، تاوانێکە لە تاوانەکانی دژی مرۆڤايەتی، ئيبادەی جەماعی هەيە کە جينۆسايدە، ئێمە لە کوردستان خەڵکانی ئێمە بە هەردوو جۆر ئيباد شەهيد بوون، بۆ نموونە ئەوەی قەلادزێ 4/24 ئيبادە بوون، وەکو تاوانێك لە تاوانەکانی دژی ئينسانيەت، بەلام ڕەنگە ئيبادەی جەماعی نەبووبێت، بۆيە لە رابردوودا بۆئەوەی ئەو شەهيدانە بچنە ئەو عينوانەوە موشکيلە هەبوو، ئێستا کە دەوترێت جەرائيمی دژی ئينسانی، ئەوانيش دەگرێتەوە و تەعريفەکە دەقيق تر دەبێت، بەڕاستی ئەو سەرنجەی کاك شوان وتی منيش لەگەڵ ئەوە بووم لەلای خۆم نەفسی مولاحەزەم هەبوو، دەبێت ئێمە بڵێين کە لە چوارچێوەی حەرەکەی تەحەروريدا ديفاعا عن وطن وحقوق شعب کوردستان) ئاوا بڵێين باشترە، چونکە حەرەکەی تەحەروری ئامانج نيە، بەڵکو وەسيلەيە لەپێناو ئامانجێکی تردا کە ئەويش تەحقيق کردنی حقوقی شەعبی کوردستانە، بەم شێوەيە دووبارە داڕشتنەوەی بۆ بکەين، منيش لەگەڵ ئەوەم کە لە کوێ دەوترێت شەعبی کوردستان لەوێ کۆتايی پێ بێت، چونکە وەکو باسم کرد خەڵکانی تريش هەيە لەسەر ئيمە شەهيد بوون، ئەوانيش دەگرێتەوە، هەروەها تەعريفەکە بوعدێکی رابردووانەو مەسەلەن مێژووگەريانەی تێدايە، دەبێت ئێمە بەڕاستی کەتەعريف دەکەين بوعدێکی موستەقبەليانەش هەبێت، ڕەنگە لە موستەقبەلدا خەڵك شەهيد بێت، بۆيە هەوڵ بدەين بڵێين کە دەوترێت (ديفاعاً عن وطن و شعب کوردستان) لە ئێستا بێت يان لە موستەقبەل دەيگرێتەوە، پێويستە هەوڵ بدەين کە ئەوانەی لە داهاتووشدا شەهيد دەبن ئەوانيش بگرێتەوە، سەبارەت بە پۆلين کردنەکان زۆر باسی شەڕی ناوخۆ کرايە، يەعنی ئەو شەهيدانە هەموويان وەکو شەهيد حيساب کراوە،

حقوق و ئیمتیازاتیان پارێزراوە، لەناو ئەوێشدا ئاماژە بەوە دراوە لە ڕووداوەکانی دواتـر، بـەلاّم ئێمـە نـاوی بێنین بەڕاستی ئەوە دیسان بوعدێکی مێژوویی هەیە، یەعنی خۆ هـەر لـە نـەوەدەکان ئـەوە نـەبووە، بۆیـە بەم شێوەیە کە هاتووە و، پاشان وەزارەتیش ڕێنمایی بۆ دەرکردووە، حقوق و ئیمتیـازاتی ئـەوان پـارێزراوە، هـەروەها سـەبارەت بـەوەی کـە برگـەی (ج) دیسـان باسـی کـۆڕەوە ملیۆنەکـە دەکـات، منـیش لەگـەڵ ئـەوەم تەعبیرێکی تر بەکاربێنین، بڵێین (**الهجرة الجماعية القسرية**)، کۆڕەوە بە زۆرەکـان (زۆرە ملێیـەکان)، چـونکە چـەند کۆڕەوێکمـان هـەبوو وەکـو باسـکرا لـە مێـژوودا چـەندین کۆڕەومـان هـەبووە، لـە سـاڵانی حـەفتاکان کۆڕەومـان هـەبووە، کۆتـایی هەشـتاکان کۆڕەومـان هـەبووە، لـە بیدایـەتی نـەوەدەکان کۆڕەومـان هـەبووە، بگەڕێینــەوە بــۆ رابــردووش کۆڕەومــان هــەبووە، بڵــێین کــۆڕەوە بــە زۆرە ملێیــەکان هــەموو کۆڕەوەکــان دەگرێتەوە، کە دەوترێت بە زۆرەملێش دیارە لەچوارچـێوەی خـەبات و تێکۆشـان و دیفـاع لـە مـاف و گـەلی کوردستان بووە، دیسان باسی ئەوە کراوە مەسەلەی ئەعمالی حەربی، من لەگـەڵ ئـەوەم حـەربی بمێنێتـەوە، بەلاّم عەسکەریشی بۆ زیاد بکەین بۆ؟ ئەعمالی حـەربی لـە هـەرێمی کوردسـتاندا مەسـەلەن ئێمـە خـەڵکمان هەیە بۆ شەهید بووە، لەکاتێکدا کە حەربێکی دەولی لـەنێوان عـیراق و ئێرانـدا هـەبوو، بـە دەیـان هـاووڵاتی ئێمە لە نەتیجەی قەسفی موتابادیل لە هاووڵاتیانی مەدەنی شەهید بوون، بەتایبەتی ناوچـە سـنووریەکان، دەیـان بەڵگـەمان هەیـە، بۆیـە وەکـو ئـەوە لەچوارچـێوەی ئـەعمالی حەربیـدا بمێنێتـەوە باشـە، بـەلاّم کـە عەسکەری داخل دەکەین، خۆ ئەوە ئەو چەند ساڵانە بەهۆی قەسفی وڵاتانی ترەوە جا هی فڕۆکە بێت، یان هی تۆپ بووبێت هاووڵاتیانی ئێمە شەهید بوون، بەلاّم ئەعمالی حەربیش نـەبووە بـە مانـا یاساییەکە، یان ئەوەی کە لە یاسای نێودەوڵەتیدا هـاتووە، بۆیـە حەربیەکـە بمێنێـت، بـەلاّم عەسکەریشـی بـۆ زیـاد بکرێـت، سـەبارەت بـە برگـەی (ب) کەباسـی ئـەوە دەکرێـت جینۆسـاید تاوانێکـە لـە هـەرێمی کوردسـتان چـونکە ئەلقەیەکە، زنجیرەیەکە، چەند کەیسێکە لـە ڕووە قانونیەکەشـیەوە بـەڕێزتان دەزانـن هـەمووی لـە دادگـای باڵای تاوانەکانی عیراق، ئەلقە بە ئەلقە، کەیس بە کەیس، قەزیە بە قەزیە، ئیتر ئیجرائاتی مەحکەمەی بۆ کـراوە، بڕیـاری بـۆ دراوە، بۆیـە تـاوانی جینۆسـاید پێـك دێـت لـە ئـەنفال، لـە کیمیابـاران هەڵەبجەو دۆڵـی بالیسـان و هـەموو ناوچـەکانی تـرەوە، هـەروەها بـە هـی بارزانییـەکان، بـە هـی کـوردە فەیلییـەکان ئەوانـە هــەمووی بڕیاریــان بــۆ دەرچــووە لــەڕووە قانونیەکەیــەوە یــەك بەیــەك کەیســێکی ســەربەخۆ بــوون، بەسەریەکەوە تـاوانی جینۆسایدیان پـێ دەوترێـت، جگـە لـەوەش ناوهێنانەکـە لـەباری قانونیـەوە دەچـێتە چوارچێوەی ئەوەی پێی دەوترێت زەرورەت و تەمیزی ئیجابیە. تەمیزی سلبی نیە خوانەخواستە، بۆئەوەی ئەگەر بشڵێین، دەقیق تر بڵێین مەسەلەن هەموو خەڵکی هەرێمی کوردستان بگرێتەوە، دەکرێت بڵێین (من ابناء جميع مكونات شعب كوردستان) ئەوەی بۆ زیاد بکـەین، لـە ڕۆڵـەکانی هـەموو پێکهاتـەکانی کوردسـتان، خاڵێکی تریش ئەوەیە کە ناوهێنانەکە لێرە ئەوەیە لەڕووی زەمەنیەوە مەسەلەن تاوانەکە جیاوازە، ئـەوەی تاوانی بارزانییەکان لەڕووی زەمەنەوە پێش ئەنفال بووە، لەڕووی خسوسیەتی تاوانەکەشەوە هەریـەکێکیان جۆرێك لە خسوسیەتی هەیە، بەسەریەکیشەوە هەموویان جینۆسـاید پێـك دەهێـنن، بۆیـە ناوهێنانەکـە لـە

بابی زەرورەتی قانونیانەوە ڕوونکردنەوەو بابی تەمییزی ئیجابیە، نەك تەمیزی سلبی، دووجار باسی گوڵی شەهید کارێکی زۆرباش دەبێت، من پێشنیاردەکەم وەزارەتی شەهیدان و کاروباری ئەنفالکراوەکان پرۆژە بڕیارێك ئامادە بکات، بەناوی پرۆژە بڕیاری گوڵی شەهید، تەعریفەکەی بکات، چۆن پێك دەهێندرێت، چۆن بەکاردەهێندرێت، دەکرێت حکومەت وەکو بڕیارێك دەری بکات یان بینێرن بۆ پەرلەمان، لە پەرلەمان بڕیار دەربکرێت، بۆئەوەی بەشێوەیەك رێك بخرێت و دروست بکرێت، کە مانا ڕەمزیەکەو مەعنەویەکەی کە پەیوەستە بە گیان بەخت کردن و شەهید بوون، لەخۆیدا بەرجەستە بکات لەچوارچێوەی پرۆژە بڕیارێك بێت، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك سالار فەرموو.

**بەڕێز سالار محمود مراد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەڕاستیدا جێگای خۆیەتی دەست خۆشی لە سەرۆکی پەرلەمان بکەین، بۆئەوەی ئەم پرۆژەیەی خستە بەرنامەی کارەوە، هەروەها لیژنەی مەعنی و وەزارەتی شەهیدانیش، لەڕاستیدا ئەم یاسایە پەیوەستە بە ماف و ئیمتیازی شەهید و ئەنفالکراوان لەباری قانونیەوە، چ لە قانونی نێودەوڵەتیەوە، یان قانونی نیشتمانی، یان بڕیاری دادگای تاوانەکان کە ئاماژەی پێکرا، دەبوو حکومەتی ئیتحادی ئیلزام بکرایە بەم هەموو ئیجرائاتانە، بەڵام جێگای دەست خۆشیە بۆ حکومەت و پەرلەمانی کوردستان، کەخۆی چووەتە ژێر باری ئەو بەدەنگ هاتنەوانە، ئەوەی کە پەیوەندی بە تێبینیەکانی منەوە هەیە، کە بەشێکی زۆری وترا، شەهیدی سەنگەردەبێت تەسبیت بکرێت وەکو ناو و، ئەو کەسەش کە گیانی خۆی بەخشیوە بۆ بەرگریکردن  لە بزووتنەوەی رزگاریخوازی، بزووتنەوەی رزگاریخوازی وەسیلەیە ،ئەلقەیەك بووە لەناوی بووە، بۆ بەرگریکردن لە مافی خەڵکی کوردستان، بۆ خاك و خەڵکیش، بڕگەی دووەم کە دەوترێت شەهیدی کۆمەڵکوژی، پێم وایە ئەوە لەڕووی قانونیەکەوە ئیشکالێکی زۆر گەورەیە، کۆمەڵکوژی پێم وایە ئەلقەیەکە لە ئەلقەکانی جینۆساید، بازنە بەرفراوانیەکەیە کە تیایدا بەپێی بڕیاری دادگای باڵای تاوانەکان کەیسی ئەنفال، کەیسی هەڵەبجە، کە بە جینۆساید ناسێندراوە، تۆ لەوێ تەعریفی دەکەی بە کۆمەڵکوژی، بۆیە پێم وایە دەبێت بوترێت شەهیدی جینۆساید و کۆمەڵکوژی یان شەهیدی جینۆساید، بۆئەوە مەدارە بەرفراوانەکەی بگرێتەوە، ئیستنادەن بۆ کەیسەکانی دادگای باڵای تاوانەکان، کە کەیسی کۆڕەو راپەڕین بە دۆکیومێنت هاتووە و، تەسبیت کراوە و لەژێر دیراسەت کردن دایە، بەشێکیشی تەواو بووە، دەبێ ناو بهێندرێت لەچوارچێوەی ئەو بابەتانەی کە تەسنیفە بۆ تاوانەکان، بەتایبەتی مەسەلەی کۆڕەو و راپەڕین، ئیتر نازانم بە چ تێڕوانینێك باسی کۆڕەوەکان دەکرێت، بەڵام کۆڕەوەی ساڵی 1991 کۆڕەوێکی ملیۆنی هەرە گشتگیر بووە و، کەیسی هەیە لەدادگای باڵای تاوانەکان واتە بنەمای قانونی زۆر بەهێزتری هەیە، بۆئەوەی ئێمە ئەو یاسایە بتوانین بە نەس بیچەسپێنین، هیوادارم کاتێ قسە لەسەر

شەهید و قوربانیان دەکرێت، قسە لەسەر جوگرافیا نەکرێت، خەڵك هەبووە یەعنی قوربانیانی ئـەنفال بـە نموونە وەربگرین، ئەوا لە سەحراکانی جنوب بووە، خەڵکمان هەبووە لە بەغدا، لە ئەوروپا، لـە شـوێنەکانی تر، یەعنی جوگرافیا نەکرێتە مەقایس بۆ ناوهێنانی شوێنەکە، چونکە خەڵك پەیامێکی هەبوو دەکرێت لە شوێنی دوورەوە بکرێتە ئامانجی نەیارەکان، مەسەلەی ناوهێنانی تورکمان و ئاشوریەکان لەڕاستیدا دەکرێت بە جۆرێك لە جۆرەکان لیژنەی قانونی موعالەجەی بۆ بکەن، ئەگەر بە نەس بێت یان وەکو پێکهاتـەکانی خـەڵکی کوردسـتان بێـت، چـونکە رژێمـی عیراقـی ئەگـەر ئیجحافی بـە حـەقی خـەڵکی کـورد کردبێـت، بـە نەتەوەی کورد کردبێت لە مومارەسەی کیمیاباران و ئەنفال و ئەو تاوانانـەی تـر کـە نـاو هێنـراون، یـەعنی تـاوانی زۆر گـەورەتری لەچوارچـێوەی جینۆسـاید بـە حـەقی پێکهاتـەکانی تـر کـردووە، کـە ئەسـڵەن نـاوی نەهێناون، یەعنی وەکو ناویش ئیعترافی پـێ نـەکردووە، لەبەرئـەوە بـۆ ئێمـە وەکو خـەڵکی کوردسـتان زۆر گرینگە ئەم مافە بسەلمێنین، ئـەبعادە سیاسیەکەشی ئامـاژە پـێ ناکـەم و، بیریشـمان نەچـێت طارق جامبـاز برای بەڕێز ئەندامی خولی دووەم و ئەندامی لیژنەی یاسایی پێشوو ، کتێبی هەیـە لەسـەر پێکهاتـەکان، کـە چۆن لە شالاَوی جینۆساید و ئەنفال و ئەوانە تیاچوون، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك سالم فەرموو.

**بەڕێز سالم توما کاکۆ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وێـڕای سوپاسـم بـۆ بـەڕێزان لـە وەزارەتـی شـەهیدان و ئـەنفالکراوان، سـەرۆکایەتی پەرلـەمان و لیژنـەی هاوبەش بۆ ئەرك و ماندوو بوونیان، من سوپاسی بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان دەکەم، کە فیعلەن شتێکیان ورووژاند ئیشارەت دان بـە پێکهاتـەکانتی تـری کوردسـتان و قوربانیـان، ئێمـە پێکهاتـەکانی تـری کوردسـتان شـەریکین لـە ژیـان و ، شـەریکین لە خـەبات و ، شـەریکین لـە قوربـانی، ئیمانمـان بـەوە هەیـە، کاریشـی بـۆ دەکەین و، دەبێت مومارەسەشی بکـەین، مومکینـە هـەر بـۆ بەرچـاو ڕوونـی بـەڕێزان ئەنـدامانی پەرلـەمان ناچمە سەر باسی ئەوەی، کە دەیـان شـەهیدمان هـەبووە لـە مێـژووی بزووتنـەوەی ئـازادیخوازی کوردسـتان، یەکەم شەهیدی مەنتیقەی ئامێدی کە تیمسالی بۆ کراوە لە گەڵی ئێمە بووە، یەکەم شەهیدی ئەو پەرلەمانە شەهید فرەنسیس شەهیدی ئێمە بووە، دەیان شەهیدی تری، ئەوە بێجگە لەو دوو شالاَوەی بە جیا لە ساڵی 33 بە سەرۆکایەتی بکر صدقی بووە، لە مەنتیقەی سمیلَ 124 کەس بەیەکەوە شەهید کران، بە فەرمانی حکومـەتی عیراقـی ئینگلیزەکـان ئـەو وەختـە، دووەم لـە سـاڵی 1969 ، 37 کـەس بەیەکـەوە لەجێگایـەك کۆکرانەوەو ڕمیان کرا، بە پیاوی ئاینیشەوە بریندارەکانیش نەیان دەهێشت دوو رۆژ کـەس بـەدزیش بیـان باتـە نەخۆشـخانە، کەواتـە ئێمـە فیعلـەن شـەریکین ، ئیمانمـان پێـی هەیـە و قوربانیمـان بـۆ داوە، چـونکە قەدەرمان پێکەوەیە، بۆیە من داوا دەکەم بێجگە لەو ناوانەی کە هاتووە لەگـەڵ ڕێـزی تایبـەت و حورمـەتم بۆ هەموویان، ناوی تورکمان و شـەهیدانی کلد و ئاشـوریش بـێتن، نـە لەبـەر هـیچ، چـونکە هەنـدێکجار لـە

مومارەسەو جێبەجێ کردنی یاسا، من خۆم داخلی کەیسێك بووم مومکینە بەڕێز وەزیریش ئاگادارە، بەڕێز دکتۆر حەسەنیش وەکو جێگری سەرۆکی پەرلەمان هانام بردووەتە بەر، یەك لە فەرمانبەرانی جێبەجێکەری یاسا دەڵێت من چۆن شەهیدێکی تۆ وەکو شەهیدێکی خۆم حیساب بکەم، کەواتە من داوا دەکەم بە ڕەسمی بەڕێزان پشتگیریم بکەن، ناوهێنان لێرە یان بەشێوەیەکی گشتی بێت، ناوی کەس نەیەت، هیچ موشکیلەمان نیە، یان کە ناو هات بە جیاوازی نەبێت و، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی هاوبەش ئەگەر تێبینیەك، قسەیەکتان هەیە؟ فەرموون.

**بەڕێز عونی کمال سعید (بەزاز):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان بە پەرۆشەوە ڕاوو بۆچوونی خۆیان پێشکەشی پەرلەمان کرد، سەبارەت بە دەوڵەمەند کردنی ئەو پرۆژەیەی، کە پێشکەش کراوە بۆ خزمەتکردنی کەس و کاری شەهید و ئەنفالکراوەکان، بەڵام پێمان باشە وەکو لیژنە وردەکاری زۆری لە ماددەکان تێدایە، با جەنابی وەزیر تێبینی خۆی لەسەر قسەکانی ئەندامان پێشکەش بکات، هەتا ئێمە دوایی بتوانین پۆلینی ئەو قسانەی کە کراوە و، سیاغەی ماددەکانیش ئامادەبێت بەیانی جێبەجێی بکەین، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی پێشمەرگە فەرموو.

**بەڕێز محمد احمد علی (شارەزووری):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە هەندێك ڕوونکردنەوەمان هەیە، پرسیارێکی ناسك خانیش بەتایبەتی ئاراستەی ئێمەی کرد، من ڕوونکردنەوەکان سەرەتا ئێمە پێناسەی شەهیدمان کردو، بۆئەوەی بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان بزانن، کە ئێمە تەسنیفی شەهیدانمان کردووە لەسەر جیاوازی لە ماف و ئیمتیازاتدا، لە قانونەکە ئەو تەسنیفە کراوە شەهیدی پێشمەرگە، شەهیدی کیمیاباران و ئەوانە، شەهیدی هاووڵاتی، بۆیە ئەو تەسنیفە وا کراوە، حەزدەکەم بۆئەوەی حەقیقەت بێت لاتان لەسەر ئەساسی ئیمتیازاتەکان، چونکە شەهیدی هاووڵاتی ئەو ئیمتیازاتانەی تێدانیە وەکو شەهیدی سەنگەر، شەهیدی کیمیاباران و ئەنفال هەندێك ئیمتیازاتی زیاتر بووە لە شەهیدی سەنگەر، ئەگەر ئێمە لێرە تەحدیدمان کردووە وەکو یەکمان لێکردووە، بۆیە بەجیا ناوی شەهیدەکان هاتووە، ئەگینا شەهید هەر شەهیدە، لای ئێمە موقەدەسە، لەسەر ئەو ئەساسەوە ئەو تەسنیفە کراوە، لە پێناسەکە هاتووە منیش لەگەڵ ئەوەی کاك سالم دام، بە گشتگیری هاتووە مکەوناتی شەعبی کوردستان، مکەوناتی شەعبی کوردستان بەس تەنها کورد نیە، ئەگەر بیگوتبایە قەومی کورد، میللەتی کورد ئەو کاتە حەقی بوو برا تورکمانەکان و ئاشوریەکان داوابکەن، بەس ئێمە دەڵێین مکەوناتی شەعبی کوردستان، بەڕاستی شەعبی کوردستان هەموو کەسێك دەگرێتەوە، ئەگەر بێین وردی بکەینەوە بەڕاستی

لەوانەیە هەندێك عەشیرەتیش بڵێ کاکە من زۆر شەهیدم هەیە ناوی عەشیرەتەکەی منیش بێنن، بۆیە یاساکە گشتگیرە، من داوای ئەوە دەکەم کە دەڵێین مکەوناتی شەعبی کوردستان قەسدمان لە ئیهمال کردنی هیچ قەومیەتێك یان هیچ دیانەتێك نیە لە شەعبی کوردستان، بەڵکو هەموویان خەڵکی ئەم کوردستانەن ماف و ئیمتیازاتیان پارێزراوە، بۆیە مەبەستی لەوە بووە، ناسك خان یەك پرسیاری ئاراستەی لیژنەکەی ئێمەی کرد، من داوا لە بەڕێزی دەکەم یاساکە بخوێنێتەوە دەڵێت چ ئیمتیازاتێکی تێدایە، لەدواوە بەڕاستی کۆمەڵێك ئیمتیازاتی تێدایە، بۆ شەهیدی سەنگەر، بۆ شەهیدی کیمیاباران و ئەنفال، ئەوانە ئیمتیازاتەکانن، نەك ئێمە بڵێین لە ئەوەلەوە باسی ئیمتیازاتەکان بکەین، بڵێین ئەوە مەعاشەکانمان زیاد کردووە، کۆمەڵێك ئیمتیازات هەیە بۆ کوڕ و کچی شەهیدی سەنگەر، بۆ شەهیدانی کیمیاباران و ئەنفال و ئەوانە باسی بکرێت، پرسیارێکی تریش باسی ئەوە دەکرێت کە وتم وەسفی شەهید بەڕاستی شامل و کاملە، ئێمە کە دەڵێین نیزالی سیاسی، نیزالی سیاسی ئەوانەش دەگرێتەوە کە ئیعدام کراون، ئەوانەش دەگرێتەوە کە لە سجنەکاندا کۆچی دواییان کردووە، ئەوانە بەڕاستی وەکو شەهیدی سەنگەر بوونە، بۆیە دەڵێین نیزاڵی سیاسی ئیتر هەمووی دەگرێتەوە، خۆ ناکرێت بڵێین ئەوەی کە مردووە، ئەوەشی کە ئیعدام کراوە، ئەوانە هەمووی بە شەهیدی سەنگەر حیساب کراون، من پرسیارێکم بۆ بەڕێز وەزیری شەهیدان هەیە، ئێمە موناقەشەیەکی زۆریشمان کرد بەڕاستی 2 پێناسە هاتووە بۆ شەهیدی منداڵ و شەهیدی هاووڵاتی، ئێمە پێمان باش بوو هەردوو پێناسەکە بکرێت، چونکە ئێمە لە یاساکە تەمەنمان تەحدید نەکردووە و، ئەوە بەڕاستی دەکەوێتە سەر ڕێنمایی جەنابی وەزیر، من یەك پرسیار لەو دەکەم، ئەگەر شەهیدی مواتن بێت، تەسجیلی بکات، ئەی وەزارەت ناتوانێت خۆی ئامارێك بکات و ئەو تەسجیلە لای هەبێت بۆ شتی سیاسی وەکو جەنابی دەڵێت باسی بکات؟، بۆچی من بێم ئیستیمارەیەك بە یەکێك پڕبکەمەوە بە شەهیدی حیساب بکەم، مووچەشی نەدەمێ و بە شەهیدی مواتن حیسابی بکەم، ئەی وەزارەتی شەهیدان ناتوانێت ئامارێك بکات، ئەوانەی کە جەنابی قەسدیەتی لەڕووی یاسایەکەوە ئیستفادەی لێ بکەین، نەتوانێ بە ئامارێك لای هەبێت بۆ شتی سیاسی بەکاری بهێنێت، ئێمە لە لیژنە بەڕاستی ویژدانمان قبوڵی نەکرد، کە بێین یەکێك ئیستیمارەی شەهیدی بۆ پڕبکەینەوە، مووچەشی نەدەینێ و بە شەهیدی مواتن حیسابی بکەین، قەسدی ئێمە لەوە بووە، بەڵام منیش لەگەڵ ئەو برادەرانەم کۆڕەوە ملیۆنیەکە بەڕاستی کە ئێمە تەحدیدی ئەوەمان کردووە لە کۆڕەوە ملیۆنیەکە، شتێك بووە بەسەر هەموو میللەتی کورد دا هاتووە، بەڵام ئەگەر بێین باسی کۆچی کورد بکەین بۆ ئێران ، بۆ تورکیا، بۆ سوریا، بەڕاستی سەدان کۆچمان هەیە ناو نابرێت، لەوانەیە ناوی یەکێکمان بیر بچێت، بۆیە ئێمە کۆڕەوە یەك ملیۆنەکەمان کردووە بە ئەساس، ئەویشمان داوە بە وەزارەتی شەهیدان، ئەوە کۆمەڵێك تەوزیح بوو بۆ لیژنەکەی ئێمە کە ئێمە دامان، یەعنی کۆمەڵێك پرسیاریش برادەران کردوویانە، کاتی ئەوە نیە کە من جواب بدەمەوە، دەتوانین لە داهاتوودا دەکرێت منیش لەگەڵ ئەوان ئیمتیازاتی شەهیدی سەنگەر و ئەنفال و کیمیاباران، دەتوانین هەردووکیان بکەین بە یەك پێناسە ، بەڵام بۆیە پێناسەکان وا هاتووە لە ئاخیر شتیش ئێمە بۆ باسی 2

کەیس هات بوو، کەیسی بارزانیەکان و کوردە فەیلیەکان، ئێمە لەگەڵ وەزارەتی شەهیدان یەعنی ئیستفادەمان لە کۆمەڵێك موستەلەح کردووە، کە لە ماددەکانی 11 و 12 و 13 ی یاسای دادگای باڵای تاوانەکانی عیراق، کە کۆمەڵێك کەیسی بە ئیبادەی جەماعی ناساندووە، کۆمەڵێك کەیسی بە جەرائیمی حەرب ناساندووە، کۆمەڵێك کەیسیشی بە جەرائیمی دژی ئینسانیەت ناساندوە، کۆمەڵێك کەیسیش لە دادگا ماوە یەك لانەبووەتەوە، بۆیە ئێمە وتوومانە ئەو کەیسە بارزانیەکان و فەیلیەکان، ئەگەر جەنابت ڕێگا بدەی بەپێی ماددەی 11 کەیسی ئەنفال بە ئیبادەی جەماعی ناسراوە لە یاساکە، بارزانیەکان بە ئیبادەی جەماعی ناسراوە، کوردە فەیلیەکان بە ئیبادەی جەماعی ناسراوە، لەگەڵ کەیسی هەڵەبجە بە ئیبادەی جەماعی ناسراوە، کەیسی ڕاپەڕین بە جەرائیمی حەرب ناسراوە بەپێی ماددەی 13 لە یاساکە، کەیسی تەتهیری عیرقی هەیە کە هیچ برادەرێك باسی نەکرد لە ناوچە دابڕێنراوەکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستان، بەڕاستی ئەویش کەیسێکە کەبەپێی ماددەی 12 لە یاساکەئەویش بە جەرائیمی دژبە ئینسانیەت ناسراوە، بۆیە لەوناوهێنانی ئەو دووانە، ئێمە زۆر موناقەشەمان کردووە، بەڵام ئەوانە لە دادگای تاوانەکان بڕیارپیان لێ دراوە، بۆیە ئێمە لە یاساکە ناومان هێناوەتەوە، بەڕاستی لە ڕووە سیاسیەکە بۆ ڕووە سیاسیەکە ناو هاتووەتەوە، کە کورد لە ئایندە ئیستفادەی لێ دەکات، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر ئەگەر تێبینیەکت هەبێ؟ فەرموو.

**بەڕێز صباح احمد(ئارام )/ وەزیری شەهیدان و ئەنفالکراوان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

زۆر سوپاس، سەبارەت بەو تێبینیانە بەڕاستی زۆر گرینگن بۆ دەوڵەمەند کردنی هەم هەمواری یاساکە، هەم ڕۆشنایش بۆ ئێمە بۆ کاری داهاتوو، زۆر سوپاسی ئەو بەڕێزانە دەکەین، پێم خۆشە وا دەست پێ بکەم یاساکانی ئێمە زۆر گرینگە وابزانم وا بکەین هەماهەنگ بین لەگەڵ یاسای نێودەوڵەتی، وەکو وڵاتێك بەرەو پێشەوە دەڕۆین، وەکو پرسێکی تایبەتی جینۆسایدیش زۆر زۆر گرینگە، ناوەڕۆکەکەی گونجاو بێت لەگەڵ ئەو پەیمانە نێودەوڵەتیەی هەیە سەبارەت بە جینۆساید، جینۆساید ئێستا یەکێکە لەئەرکە گرینگەکانمان ماوەیەکە چووەتە پێش وەکو بەڕێزتان دەیزانن و، تەحەدا و ئەرکی داهاتووشمان هەیە، هەم بۆ پشتیوانی سیاسی، بۆ ڕێگەگرتن لە جینۆساید، بۆ مەسەلەی قەرەبووکردنەوەی مافی کەس و کاری شەهیدانیش لە عیراقدا، بۆیە ئەم پێناسەیەی کە هەیە باسی تاوانەکان دەکات، ئەو ڕێکەوتنامە نێودەوڵەتیەی ساڵی 1948، بە 4 تاوان پۆلینی کردووە، تاوانی جینۆساید، تاوانی دژی مرۆڤایەتی، تاوانی جەنگ، تاوانی دەست درێژی، ئێمە بە مەبەستەوە ئەو ناوانە دەهێنین لەم یاسایە، بۆئەوەی بەیانی لەگەڵ پەرلەمانەکانی دەرەوە، لەگەڵ کارە یاساییەکانی دەرەوە کە قسە دەکەین ئەوە پاڵپشتیەك بێت بۆ ئەو ئەرکەی کە لە پێشمانە، ئەوە سەبارەت بەوە، بەڵام ئێمە ئەو پێناسەیەی کە هەیە گشتیە، نیشتمانیە یەعنی پێناسەیەکە لەسەر بنچینەی نەتەوەیی نیە، هیچ ناوی کوردی تێدانیە، کوردستانیە، یەعنی کە بڵێی کوردستانی دەڵێی

تورکی، دەڵێی ئێرانی، دەڵێی ئەوە هەموو پێکهاتەکان دەگرێتەوە، بۆ ناوهێنانی ئەو کەیسانەی کە هەیە هەڵبەتە ئێمە زۆر گفتوگۆمان کرد، دوو ڕێگا هەبوو یەکیان ئەوە بوو بەس بڵێین کۆمەڵکوژی و ناوی هیچ نەهێندرێت، دووەمیان ئەو کەیسانەی کە ئێستا ناسراون لەلایەن دادگای باڵای تاوانەکان، لایەنێکی تر ئەوەیە لە دەرەوە ئێمە تێبینی ئەوە دەکەین، کە لە پەرلەمانەکان ئێمە خەریکین چەمکی جینۆسایدی کورد دەچەسپێنین، تەقریبەن چەسپاوە، بەڵام لەناوەوە هەر میللەتێك دەبینین جینۆسایدیان بەسەر هاتووە، هەندێك کەیس هەیە زەقیان کردووەتەوە ئێستاکە بەناوهێنان دەتوانن بگەڕێن، ئەگەر بۆ لایەنە یاساییەکە گرینگە، هەر بۆئەوەی خۆشمان ئەوەی جینۆسایدی بابڵێین کوردستان، پەرلەمانی سویدی، پەرلەمانی نەرویجی، بەریتانی ئەوانە کەیسیان زەق کردووەتەوە کە باس دەکەن، تەماشای راپۆرتەکانیان بکەن، بەڵام لەگەڵ ئەوەدا دەکرێت ئیزافەیەك بکرێت، بۆ تەئکید کردنەوەی بۆئەوەی هەموو مکەوناتی شەعبی کوردستان بگرێتەوە، ئێمە ڕێگریش نینە و پێمان خۆشە و ئێمە هەمووومان بەرکەوتەی ئەو تاوانانەین، سەبارەت بە پێناسەی گشتی بەڕێزێك باسی کرد، کە پێویست بە پێناسەی گشتی ناکات، خۆی پێناسەی گشتی پێویستە، چونکە جار هەیە بەس ئاماژە بۆ پێناسەی گشتی دەکەی، یەعنی پێویست ناکات بچیە ناو پۆلێنێکەوە دەربارەی شەهیدانی شەڕی ناوخۆ لای ئێمە ئێستا تۆمار دەکرێن، ئێمە لە زیندانە سیاسیەکانیش گفتوگۆیەکی وا هەبوو پرۆژەیەك هەیە لە ئەنجومەنی وەزیران، دوو باسی ئەوە کرا ئەگەر پێشنیار بکرێت پرۆژەیەکی تایبەت هەبێت، بابڵێین یاسایەکی تایبەت هەبێت بۆ زیندانە سیاسیەکان کارێکی باشە، بەڵام لای ئێمە ئێستا تۆمار دەکرێت و مافەکانیان پارێزراوە، سەبارەت بەشەهیدی سەنگەر یان پێشمەرگە، خۆی ئێستا لای ئێمە شەهیدی سەنگەر بەکاردەهێنین، بەڵام ڕەنگە شەهیدی پێشمەرگە دروستتر بێت، هەربۆیە ناوی پێشمەرگەمان ئیزافە کردووە، هەم ناوەکەشی بهێندرێت، بەڵام هەر کامێکیان بێ کێشە نابێ، شەهیدی پێشمەرگە یا شەهیدی سەنگەر کامیان باشترە، هەندێك شەهیدانی تر هەیە بڵێین لە زیندانی سیاسیە لە سێدارە دراون، لە حاڵەتی تردا ڕێکخستنی ناوخۆ بووە، دەکرێت بە ڕێنمایی ئێستا ئەوانە هەمووی دەگرێتەوە، کێشەیەك نابێ، بەڵام ناوە پوختەکە باشە یان مەسەلەن بە سەنگەر یان بە پێشمەرگە بمێنێتەوە، دەربارەی مووچە ئەوە دواتر هەندێك بڕگە هەیە هەموارکراونەتەوە باسی دەکەین، کە پێشنیار کراوە، دەربارەی شەهیدانی کۆڕەو ئێستاکە بۆ خۆمان هەموارێکمان هەیە، کۆڕەو دەیگرێتەوە بەپێی ئەو هەموارە، بەڵام دوای ئەو هەموارکردنەوە پێویستە ئێمە کار لەسەر ئەوە بکەین کە تا ئێستا وەستێنراوە، بەس هەمواری خۆی هەیە و دەشیگرێتەوە، ئەوەی **(الانظمة المتعاقبة)** ئێمە لەڕووی جوگرافیەوە بەڕاستی زۆر گرینگە با واقیعی بین و عەمەلیش بین، شەهیدانی کوردستان، هەموو شەهیدی گەلەکەمانن لە هەر شوێنێك بێت، لە هەر پێکهاتەیەك بێت، بەڵام ئێمە ئیلتزاماتی داراییمان هەیە، ئیلتزاماتی ترمان هەیە، ئێستاکە ئەگەر ئەو تەعریفە جوگرافیا نەکرێت، هەرێمی کوردستان و بابڵێین ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێم، دەرگای زۆرمان بۆ دەکاتەوە، تووشی کێشەیەکی گەورەترمان دەکات، ئەگەر بە تەنها بڵێی کوردستان خۆتان دەزانن کە مەفهومی کوردستانی چی دەگەیەنێت، چ ئیلتزامێکی

بەدواوەیە، بۆیە پێمان باشە لایەنە جوگرافیایەکە بمێنێتەوە، بەڵام لە دەرەوەی پێناسە شوێن هەیە، مەسەلەن شوێنی تری عیراقە، کەسێ شەهید بووە لە خوارووی عیراق ئەوانەی بابڵێین ڕاگوێزرانەوە، ئەوانە هەمووی تۆماردەکرێن لای ئێمە بە ڕێنمایی و چارەسەر دەکرێن، **(و ما تلاها)** دەقی یاساکەش ئێستاکە هەیە، ئەوە بۆ ئەو ڕووداوانەی دوای 1991، کە حکومەتمان دامەزراند دوای ئەوە، پەرلەمانمان دامەزراند لە قۆناغی حەرەکەی تەحەروری بەڕاستی دەرچووین، بەڵام هەندێك شوێن، هەندێك ڕووداوی تر هەن دوای ئەوە بەرێنمایی ئێستاکە ئەوانە تۆماردەکرێن بۆ ئەو مەبەستەیە، بۆئەوەی ئەو مافە بمێنێتەوە، دەربارەی حاڵەتی تەقینەوەکان یان تۆپ باران ئەوانەئێستاکە دەیانگرێتەوە، ئەوەی هاووڵاتی بێت بە هاووڵاتی تۆماردەکرێت، ئەوەی کارمەند بێت بە سەنگەر تۆماردەکرێت، یەعنی ئەو پێناسەیە ئێستا هیچ کێشەیەکی تێدانیە ئەوانە دەگرێتەوە، دەربارەی منداڵ ئێمە هەر مەسەلەی ئامار بوو، ئێمە خۆمان کۆك بووین لەگەڵ لیژنەی پێشمەرگەو شەهیدان و، ئێستاکە ئەگەر بکرێن بە هاووڵاتی ئەوە مافەکەیان زیاتر دەبێت، بۆ ئامارەکە لامان گرینگ بوو بۆ مەسەلەی جینۆساید کردن، ئەو دەست نیشانەی با بڵێین لە جینۆسایدە کێ شەهید بووە؟، بەڵام ئەو دەقە کۆتایی دێت ئێمە لەگەڵی کۆکین و مافی زیاتر بۆ منداڵەکان دەگەڕێتەوە، ئێمەش دەتوانین ئاماری بکەین، ئەوەی کاك شوان باسی کرد یەکێك لەوانە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستان، یان بکرێت بە بەرگریکردن لە مافەکانی گەلی کوردستان، یان ئەو دەقە دەکرێت، ئێمەش پێمان باشە تێبینیەك لەوە بکرێت، کە بابڵێین پێناسەیەکی گشتی تر بێت و وردتر بێت، بەڵام خۆی پێناسەکە لایەنەکانی تریش دەگرێتەوە، ئەوانەی کۆمەڵکوژی و دژی مرۆڤایەتی و تاوانەکانی تر، خۆی شەهیدی هاووڵاتی هیچ تەمەنێك دیاری نەکراوە بۆ ئێمە، بەرێنماییەکە هەبووە، ڕاستە یەکێك لە بڕیارەکانمان ئەوەیە دوای هەموارکرنەوەی ئەو یاسایە پێداچوونەوە بە هەموو ڕێنماییەکان بکەین، کارێکی وا بکەین لەگەڵ ئەوم سەردەمەو پێداویستیەکانی ئێستا بگونجێت، سەبارەت بە وشەی شەهید ئەوە موناقەشەی زۆرە، بەڵام بۆ ئێمە و بۆ دەرەوە، بۆ جینۆسایدی وڵاتانی دەرەوە بەڕاستی وشەیەك هەیە زۆر گرینگە (ڤیکتنس) یەعنی قوربانی، ئەوانە وشەی قوربانیان لا گرینگە، قوربانی جینۆساید، قوربانی ئەو ڕووداوانە، دەبێت ئێمە تەرکیز بکەینە سەر ئەوەی سەرەتا باسم کرد هەماهەنگی یاساکانی ئێمە لەگەڵ هەستی نێودەوڵەتی، بابڵێین یاسایی نێودەوڵەتی، وشەی (ڤیکتنس) یەعنی قوربانی زۆر زۆر گرینگە ئێمە وابکەین زەقی بکەینەوە بەتایبەتی هەم لە شەهیدی جینۆساید، هەم شەهیدی هاووڵاتیش، یەعنی ئەوەی پێشمەرگەش هەر زەحیەیە ناچار بووبێت پێشمەرگە، ئەویش قوربانی ئەو ڕووداوانەیە، لەدوای ئەو هەموارەیە ئەو شوێنانەی تر کە کۆمەڵکوژی تێدا ڕوویداوە وەکو قەڵادزێ، وەکو هەر شوێنێکی تری ئێستا ئەوەی سوریا ئەوە بە کۆمەڵکوژی ناسراوە، ئەوەکانی تریش دوای ئەو هەموارە هەمووی ئەوەی کە تاوانی کۆمەڵکوژیە ئێمە دەیان کەین بە جینۆساید بەپێی ئەو گۆڕانکاریە، ئێمەش پێمان باشە ئەوەی (هیجراتی قەسریە) یەعنی کۆچ ڕەوە بەزۆرەکان، چونکە ئەوانە لە مێژووی ئێمە زۆر ڕوویداوە، لایەنی کەم لە سەرەتای شەستەکانەوە، لە 63 لەوێ تاوانێکی زۆری

ئاوارەکردن و دەربەدەرکردن بوو، دوای ئەوە لە شوێنی تریش بووە، یەعنی ئەگەر ئەوە فراوانتر بکرێت باشترە بەلایەنی ئێمەوە، ئەوەی (**نتيجة الاعمال الحربية والعسكرية**)، یەعنی دەکرێت عەسکەریەکەش بخرێتە سەری، (الاعمال الحربيه) بمێنێتەوە، لەبەرئەوەیوەکو تاوانێکی نێودەوڵەتی وایە بۆ ئێمە گرینگە، ئەوەی دەربارەی حکومەتی ئیتحادی وەڵلاهی ئەوە زۆر گرینگە ئێمە کارێکی وا بکەین، هەڵمەتێك بکەین، ماوەیەکە خەریکین کە ئەو مافانە کارێکی وا بکەین ببێتە داخوازیەکی سیاسی گرینگ، کە حکومەتی عیراق پێی هەستێت، کە میراتگری حکومەتی رابردووە بەپێی یاسا، بەپێی ماف دەبێت حکومەتی عیراق ئەوە قەرەبوو بکاتەوە، یەعنی هەموو مافەکان دەبێت لەوە بێت، ئەوەی لای ئێمە هاوکاریە، ماف نیە یان قەرەبوو نیە، ئێمە پرۆژەیەکمان هەیە چاوەڕێی پرۆژەی قەرەبووکردنەوە بۆ یاسایەك، چاوەڕێی هەلێکی گونجاو دەکەین بیبەین بۆ بەغدا، هیوادارم هەموو لایەنێك پشتیوانیمان بکەن، چونکە ئەوە کارێکی زۆر گرینگە، دەبێت وا بکەین تاوان یان تاوانبار خۆی یان ئەوەی کە میراتگرێتی تاوانبارە، دەبێت قەرەبوو بکاتەوە، وشەی جینۆساید و کۆمەڵ کوژی، خۆی کوردیەکە هەریەکە، جینۆساید یەعنی رەگەزکوژی، بە ئینگلیزیەکەی جینۆ سایدەکەشی کوشتنی رەگەزێکە، خۆی پێناسەکە ئەوەیە بەرنامە بۆ لەناوبردنی کۆمەڵێك لەسەر بنچینەی نەتەوەیی، رەگەزی، ئاینی، خۆی رەگەزکوژیە، بەڵام لە کوردی کۆمەڵکوژیەکە جووتە لەگەڵ جینۆساید و، بابڵێین چەسپاویشە، ئێمە سوپاستان دەکەین بۆ ئەو تێبینیە.

**بەڕێز د. ارسلان بايز اسماعيل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

تا بەیانی سەعات 11ی پێش نیوەڕۆ بەخواتان دەسپێرین، هەربژین.

| | | |
|---|---|---|
| **فرست احمد عبدالله** | **د.حسن محمد سوره** | **د. ارسلان بايز اسماعيل** |
| **سکرتێری پەرلەمانی** | **جێگری سەرۆکی پەرلەمانی** | **سەرۆکی پەرلەمانی** |
| **کوردستان – عێراق** | **کوردستان – عێراق** | **کوردستان - عێراق** |

# پەرلەمانی كوردستان - عێراق

**پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (13)**

**سێ شەممە ڕێكەوتی 30\4\2013**

**خولی سێیەمی هەڵبژاردن**

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره (13)

## سێ شەممە ڕێكەوتی 2013/4/30

كاتـژمێر (11)ی پـێش نیـوەڕۆی ڕۆژی سـێ شـەممە ڕێكـەوتی 2013/4/30 پەرلـەمانی كوردسـتان - عێراق بە سەرۆكایەتی بەڕێز د. حسن محمد سورە جێگری سەرۆك و، بەڕێز فرست أحمد عبـدالله سكرتێری پەرلەمان، دانیشتنی ژمارە (13)ی خولی سێیەم، ساڵی (2013) ی خۆی بەست.

**بەرنامەی كار:**

بەپێی حوكمەكانی بڕگە (1)ی مادده (20) لە پەیڕەوی نـاوخۆی ژمـارە (1)ی هـەمواركراوی سـاڵی 1992ی پەرلەمانی كوردستان - عێراق، دەستەی سەرۆكایەتی پەرلەمان بڕیـاری درا دانیشـتنی ژمـارەی (13)ی خـولی سێیەمی هەڵبژاردن لە كات (11)ی پێش نیوەڕۆی ڕۆژی سێ شەممە ڕێكەوتی 2013/4/30 دا بەم شێوەیە بێت:

1- بەردەوام بوون لەسەر خستنەڕوو و گفتوگۆكردنی پێشنیاری هەمواركردنی سێیەمی یاسای ماف و ئیمتیازاتی كەسوكاری شەهید و ئەنفالكراوەكان لە هەرێمی كوردستان.

2- خستنەڕوو و گفتوگۆكردنی پڕۆژە یاسای پاراستنی تەندروستی دەروونی لە هەرێمی كوردستانی عێراق.

**بەڕێز حسن محمد سورە / جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

بەناوی گەلی كوردستان، دانیشتنی ئەمڕۆمان دەست پێ دەكەین، سەرۆكایەتی پەرلەمانی كوردستانی عێراق، خولی سێیەمی هەڵبژاردن، ساڵی چوارەم، خولی گرێدانی دووەم، ژمارەی دانیشتن (13) ڕۆژی دانیشتن (2013/4/30) بەرنامەی كار:

بەپێی حوكمەكانی بڕگەی (1)ی ماددەی (20) لە پەیڕەوی ناوخۆی ژمارە (1)ی هەمواركراوی ساڵی 1992ی پەرلەمانی كوردستان - عێراق، دەستەی سەرۆكایەتی پەرلەمان بڕیاریدا بەرنامەی كاری دانیشتنی ژمارە (13)ی ئاسایی خولی سێیەمی هەڵبژاردن لە كاتژمێر (1)ی پێش نیوەڕۆی ڕۆژی سێ شەممە ڕێكەوتی 2013/4/30 بەم شێوەیە بێت:

1- بەردەوام بوون لەسەر خستنەڕوو و گفتوگۆكردنی پێشنیاری هەمواركردنی سێیەمی یاسای ماف و ئیمتیازاتی كەسوكاری شەهید و ئەنفالكراوەكان لە هەرێمی كوردستان.

2- خستنەڕوو و گفتوگۆكردنی پڕۆژە یاسای پاراستنی تەندروستی دەروونی لە هەرێمی كوردستانی عێراق.

داوا لە لیژنەی شەهیدان، لیژنەی یاسایی دەكەین بێنە سەر سەكۆی لیژنەكان، بەخێرهاتنی ڕێزداران وەزیری شەهیدان و وەفدە یاوەرەكەی دەكەین، خاڵی یەكەم (خستنەڕوو و گفتوگۆكردنی پێشنیاری

هەمواركردنی سێیەمی یاسای ماف و ئیمتیازاتی کەسوکاری شەهید و ئەنفالکراوەکان لە هەرێمی کوردستان) فەرموو لیژنەی یاسایی.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، لەکۆبوونەوەی دوێنێ لە کاتی گفتوگۆکردن لەسەر پڕۆژە یاسایی هەموار کردنی سێیەمی یاسای شەهید و ئەنفالکراوەکان لە هەرێمی کوردستان، راو بۆچوونی جیاواز پێشکەش کرا سەبارەت بە پڕۆژەکە بەمەبەستی دەوڵەمەندکردنی پڕۆژەکە، بۆ ئەوەی یاسایەك دەربچێت کە زیاتر لە خزمەتی خەڵکی کەسوکاری شەهید و ئەنفالکراوەکان لە کوردستان بێ، ئەو پێشنیارانەی کە پێشکەش کرا، ئێمە پێمان باشە لە هەردوو لیژنە کە یەکە، یەکە پێشنیارەکان بخەینە دەنگدانەوە، ئینجا بەگوێرەی ئەوەی ئەو پێشنیارانە ئەگەر هاتو قبوڵکرا، واتە هەر پێشنیارێك لە سێ ئەندام زیاتر پێشنیاریان کردیە بیخەینە دەنگدانەوە، ئەگەر هاتو قبوڵکرا سیاغەکەی بەگوێرەی وی دابڕێژن، تەعاروز لەگەڵ ماددەکانی دیکە و قانونەکەش نەکاتەوە، سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێستا هەر پێشنیارێك سێ ئەندامی بەڕێز پێشنیاریان کردووە، فەرموون بیخوێننەوە.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

یەکەم پێشنیار (شەهیدی مناضل) بکرێتە شەهیدی پێشمەرگە، یان شەهیدی سەنگەر، سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك محمد.

**بەڕێز محمد احمد علی (شارەزووری):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، من پێموایە شەهیدی سەنگەر بێ گشتگیرە، چونکە ئەوانەش کە ئێعدام کراون دەگرێتەوە، ئەوەش کە لەسجندا مردووە دەگرێتەوە، ئینجا لەگەڵ ئەوەدا کۆمەڵێك خەڵك هەبووە بەرگری بووە لە کاتی خۆیدا لەناوچە رزگار کراوەکان ئەوانەش شەهید بوون لەگەڵ پێشمەرگەدا، پێشمەرگە نەبوون، بوون بەشەهیدی سەنگەر، بۆیە من پێشنیاری ئەوە دەکەم کە شەهیدی سەنگەر بێ مانایەکەی فراوانتر دەبێ تاوەکو شەهیدی پێشمەرگە، چونکە حەسر دەبێ لەسەر ئەو کەسانەی کە بەس پێشمەرگە بوون، سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

وەڵڵا پێش ئەوە وا تەسەوڕ دەکەم ئەمە تەبعەن پرۆژەی حکومەتە، دوێنێش لە تەفسیلەکەی، لەشەرحەکەی جەنابی وەزیر ئەویش تەئیدی کرد کە ببێتە شەهیدی سەنگەر، بۆیە ئەوان خۆیان خاوەنی پێشنیارەکە لەگەڵ گۆڕینی ناوەکەیە، ئیتر هیچ ئیعترازێك نییە بۆی، ئێستا ئەم پێشنیارە دەخەینە دەنگەوە، پێشنیاری ئەوەی کە (شەهیدی ماضل) بکرێ بەشەهیدی سەنگەر، کێ لەگەڵدایە؟ تکایە دەستی بەرز بکاتەوە، زۆر سوپاس، (50) ئەندام لەگەڵ ئەوەیە کە ببێتە شەهیدی سەنگەر، کێ لەگەڵدانییە؟ تکایە دەست بەرز بکاتەوە، زۆر سوپاس، بەکۆی دەنگ بوو بە شەهیدی سەنگەر، فەرموو کاک کاردۆ.

**بەڕێز کاردۆ محمد پیرداود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

کاك عەونی سەرەتا وتی چەند پێشنیارێك هەیە کە ئەگەر لەلایەن سێ ئەندام پێشتیوانی کردبێ دەیخەینە دەنگەوە، قسە لەسەر ئەوە کرا ئایا شەهیدی پێشمەرگە بێ یان شەهیدی سەنگەر؟ موشکیلە نییە، گرینگ مەفهومەکەیە، تۆ چ پێناسەیەکی دەدەیتێ، بەڵام شەهیدی پێشمەرگە وامان پێناسە کردبوو کە هەموو ئەو خەڵکانەیە کە لە بەرگری خەڵکی کوردستان، مافەکانی خەڵکی کوردستان، لەخەباتی چەکداری یان لەتێکۆشانی سیاسی، کە ئەوە زیندانی سیاسیش دەگرێتەوە، ئەوەی لە ناوچەکانیش بووە، کە مادەم تێکۆشانی سیاسی کردییە، بەمانای پێشمەرگە دەگرێتەوە، بەڵام سەنگەر ئەوەیە کە لەسەنگەر شەهید دەبێ، زۆر، زۆر جیاوازە، بەڵام پێشمەرگەیە، بەس پێشمەرگەی نیزامی سیاسییە، یەعنی مەبەستم ئەو روونکردنەوەیە بوو، نەتان هێشت خستانە دەنگدانەوە، ئەوەش نەتیجەکەیەتی، سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان، تەبیعی ئەم روونکردنەوەی کاك کاردۆ لەراستیدا ئەگەر تەسنیفی شەهیدان بکەین لەسەر ئەساسی پێشمەرگە بوون و هاووڵاتی کەواتە دوو تەسنیف دەبێ، یەعنی دەبێ بەشێکی تری یاسایەکەی ئێمە لابەرین، بەڵام لەسەر ئەساسی شەهیدی سەنگەر، شەهیدی هاووڵاتی و شەهیدی جینۆ ساید، لەسەر ئەم ئەساسە بۆیە بەڕێز وەزیر کە خۆی خاوەنی پرۆژەکەیە، خۆی لەبیدایەتدا لەگەڵ ئەوە بوو کە ببێتە شەهیدی سەنگەر، بۆیە یەکەم شت ئەمەمان دایە دەنگدان، دەنگی وەرگرت، بۆیە ئیتر بەمشێوەیە تەسبیت بوو، فەرموو د. عمر.

**بەڕێز د. عمر محمد امین (نورەدینی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەڕاستیدا حەقیقەتەکە بەمشێوەیەیە، لە پرۆژەکەدا هاتووە بە (شەهیدی موناضل)، پێشنیارەکە ئەوەیە شەهیدی خەباتگێڕ بکرێ بە شەهیدی سەنگەر، ئەمە پێشنیارەکە بووە، بۆیە هەر پێشمەرگەیەك لەسەنگەری خەباتی چەکداریدا شەهید دەبێ، شەهیدی سەنگەرە، سەنگەریش لێرەدا بەمانا مەعنەوییەکەی خەبات و تێکۆشانە، نەك بەمانا فیزیایەکەی کە بریتییە لە کۆمەڵە گڵ و خۆڵ و بەرد، بۆیە ئەوەی کە لەناو زیندانیشدا شەهید دەبێ، زیندانی سیاسی ئەوەش هەر سەنگەری خەباتە، ئەوەی کە

لەناو سەنگەری روو بەروو بوونەوەی چەکداریشدا شەهید دەبێ ئەویش شەهیدی پێشمەرگەیە، بۆیە سەنگەر لێرەدا بەمانا فراوانەکەیەتی، نەك بەمانای کە ئیتر چالێك هەڵبقەنی، بۆیە ئەو پێشمەرگەیەی کە لەناو سەنگەردا شەهید بووە، هەر دەیگرێتەوە، ئەو کەسەش لەناو سەنگەری خەباتی سیاسی لەزینداندا شەهید بووە ئەویش هەر دەگرێتەوە، بۆیە تەعبیرەکە دروستە، سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموون بۆ پێشنیاری دووەم.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشنیاری دووەم، لابردنی شەهیدی طفل، پێشنار بکرێ ئیلغا بکرێ یان بمینێتەوە، لەبەر چی داوامان کردووە کە ئەمە نەمێنێتەوە؟ چونکە عومر تەحدید نەکرایە لە قانونەکە، بەهەموو تەمەنەکان موشمولن بە قانونەکە و بەشەهید ئیعتیبار دەکرێن، پێی ناوێ جیاوازی بکەین بڵێین شەهیدی طفل، سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو جەنابی وەزیر.

**بەڕێز صباح احمد محمد (ئارام)/وەزیری کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

زۆر سوپاس بەڕێز جێگری سەرۆکی پەرلەمان و ئەندامانی پەرلەمان، ئێمە دوێنێ سەبارەت بەو بابەتە باسمان کرد، پێشتریش لەگەڵ ئەو بەڕێزانەی لیژنەی شەهیدانیش دانیشت بووین، کە داواکرابوو مەسەلەی ئامارەکە بوو، ئێمە ئێستا ڕێککەوتین لەوەی بکرێتە شەهید وەکو شەهیدی هاووڵاتی تۆمار بکرێن، ماف و ئیمتیازاتیشیان زیاتر دەبێ، هەتا مووچەکەیان زیاتر دەبێ، لەبەر ئەوە ئێمە پێمان باشە ئەگەر نەمێنێ لەپۆلینەکە، بەڵام خۆمان بەرێنمایی جێگەی بۆ بکەینەوە، سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

ئیلغا کردنی تەعریفی شەهیدی طفل کێ لەگەڵ ئەوە دایە کە ئیلغا بکرێ؟ تکایە دەست بەرز بکاتەوە، زۆر سوپاس، زۆرە، بۆیە ئێستا دەڵێین کێ لەگەڵ ئەوە دانییە؟ تکایە دەست بەرز بکاتەوە، زۆر سوپاس، تەنها (3) ئەندام، بەکۆی دەنگ ئەم بڕگەیەش ئیلغا کرا، فەرمووو کاك عونی.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو سیاغەی ئێستا دەیخوێنینەوە دیسان ئەگەر تێبینی هەبوو لەسەری سیاغەی نیهائی نییە، با نەڵێن ئەندامانی پەرلەمان........، ئەوەی حەسم کراوە هیچ، پەیوەندیمان بەوی نییە، بەڵام هەندێك تەعبیر بەکار هاتووە لەوانەیە ئەندامان مولاحەزەیان هەبێ لەسەری، با پێیان وەر بگیرین.

تعدل الفقرتان (5) و (6) من المادة الاولى من القانون و كالآتي:

5- الشهيد: كل من ضحى بنفسه اثناء الكفاح المسلح (كپێشمەرگە) او النضال السياسي دفاعاً عن حقوق مكونات شعب كوردستان ضد الانظمة الاستبدادية المتعاقبة في كوردستان والمناطق الكوردستانية خارج ادارة الاقليم ويصنف كالاتي:

أ- الشهيد السنگر:......./ بەكوردیەكەی بڵێم دەبێتە شەهیدی سەنگەر، ئەوە واریدە، بەڵام بەعەرەبییەكەی چی لێ بكەین، (الشهيد المناضل) دوێنێش قبوڵ نەكرا، گۆتیان ئەو كەلیمەی لاببەن ئەوان..........

**بەڕێز حسن محمد سورە/جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەوە تەسمیەیە، بۆیە لەجێگای خۆیەتی كە سەنگەریش بنووسرێ، فەرموو جەنابی وەزیر.

**بەڕێز صباح احمد محمد (ئارام)/وەزیری كاروباری شەهیدان و ئەنفالكراوان:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەبارەت بەو وشەیە ئێستا پێشمەرگە بۆتە مەفهومێك یەعنی لە زمانەكانی تریشدا دەناسرێ، ئەوەی سەنگەر خۆی زمان ئامرازێكە بۆ ئاسان كردنی پەیوەندی كردن، یەعنی ئێمە لەگەڵ بەغدا یەكێك لەو شتانە هەمانە كە بنووسی (الشهيد السنگر) دەبێ دیسان تەعریفێكی بۆ بكەیتەوە، لێت دەپرسێ ئەمە چییە؟ یەعنی قورسێكە ئەو پەیوەندییە، بەس ئەوەی پێشمەرگە جیاوازە، پێشمەرگە چەسپیوە وەكو چەمك، بەڵام ئەوەی سەنگەر بكرێ بە خەندەق باشترە، بۆ ئاسان كردنی پەیوەندی، سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو كاك عەونی.

**بەڕێز عونی كمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

دووبارە دەیخوێنمەوە.

أ-شهيد خندق النضال (سنگر).

**بەڕێز حسن محمد سورە/جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو كاك كاردۆ.

**بەڕێز كاردۆ محمد پیرداود:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمە گوێمان لە ڕەئی بەڕێز وەزیریش گرت كە پێشمەرگە مەبەستم ئەوە نییە ئەو سەنگەرەی كە بەڕێزی بۆ شەرح كردم كە گوایە مەبەستی خاك و خۆڵە، هەرچەندە ئێمە شانازی دەكەین، هەر دیفاع لەخاك و خۆڵەكەیە، بەڵام مەبەست لە ڕێزدانانە بۆ پێشمەرگە، جیاكردنەوەیەتی، چونكە ئێستا یەعنی كە تۆ پێشمەرگە بە مانای ئەوەی خەباتی سیاسی كردییە، ئەوەی لە زیندانەكان بووە.......

**بەڕێز حسن محمد سورە/جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك كاردۆ ئەمە دەنگی وەرگرت، جواب مەدەرەوە.

**بەڕێز کاردۆ محمد پیرداود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشمەرگە ناسراوە، یەعنی ناسراو مەبەستم لەوە نییە هەر کەسێك بەس چەکی لەشان بووبێ، هەموو شێوازەکانی تری خەبات دەگرێتەوە، پێشمەرگایەتی بووە، لە پێناسەکەش دیارە، لەبەر ئەوە دانانی پێشمەرگەکە بۆ دەرەوە، بۆ نێودەولەتی، بۆ عێراق دیاری کراوە، سەنگەر ئەو مانایە نادات، سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموون ئەڤین خان.

**بەڕێز ئەڤین عمر احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وابزانم ئەم یاسایە ئەساسەن خۆی بەس بۆ ئێمەیە، بۆخۆمانە، لەناو هەرێمی کوردستاندا بەکاردێت، وابزانم وشەی سەنگەریش وشەیەکی زۆر واریدە، کە باسی سەنگەر دەکەی هەموو خەڵك دەزانێت باسی چی دەکەی، مەبەستی ئەساسی موشەریع لێرە کە کاتێ دەڵێ شەهیدی سەنگەر، مەبەستی ئەوەیە ئەو پێشمەرگانەی کە فەعلییەن لە جەنگدا، لە سجنەکاندا، لەکاتی خەبات کردندا فعلەن شەهید بوونە، بۆیە وابزانم دوێنێش چەند کەسێك، چەند پەرلەمانتارێکی بەڕێز داوای ئەوەیان کرد کە وشەی سەنگەر قەی چی دەکا باوارید بێ و دابندرێ، وشەی زۆر هەیە واریدە و داندراوە، وەکو جەنابی وەزیریش باسی کرد، پێشمەرگەیە یاخود هەندێك زاراوە هەیە بەکاردەهێندرێ، دەتوانین ئێمە زاراوەی سەنگەریش هەر بەهەمان شێوە دانێین، هیچ خیلافێکی قانونی هەڵناگرێ و هیچ تەئسیرێکی لوغەوی و مەعنەویش هەڵناگرێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو بیخوێنەوە بۆ ئەوەی تەسویتی لەسەر بکەین.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دووبارە ماددەکە هەمووی دەخوێنمەوە.

تعدل الفقرتان (5) و (6) من المادة الاولى من القانون و كالآتي:

5- الشهيد: كل من ضحى بنفسه اثناء الكفاح المسلح (كپێشمەرگە) او النضال السياسي دفاعاً عن حقوق مكونات شعب كوردستان ضد الانظمة الاستبدادية المتعاقبة في كوردستان والمناطق الكوردستانية خارج ادارة الاقليم ويصنف كالآتي:

أ-شهيد خندق النضال (سنگر): كل من استشهد اثناء الكفاح المسلح (كپێشمەرگه) او النضال السياسي او من جرائهما ضد الانظمة االاستبدادية للانظمة المتعاقبة دفاعاً عن أرض وشعب كوردستان.

ب- شهيد الابادة الجماعية: كل من استشهد نتيجة جرائم الابادة الجماعية اثناء جرائم الانفال او استخدام الاسلحة الكيمياوية او الابادة الجماعية للبارزانين و الكورد الفيليين أو أية جرائم ارتكب بحق مكونات شعب كوردستان.

ج- الشهيد المواطن: كل من استشهد نتيجة الاعمال الحربية او الارهابية او التهجير القسري والتهجرات الاخرى او اثناء الهجرة المليونية لشعب كوردستان.

6- ذوي الشهيد و المؤنفل: الزوج او الزوجات و الابن و البنت و الام و الاب و الاخوة و الاخوات الاشقاء و غير الاشقاء كل من اثبت با قرار قضائي ان الشهيد او المؤنفل كان يعيله او كان معيلا للشهيد او المؤنفل.

**بەڕێز حسن محمد سوره/جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

بە حەقیقەت بوونی موكەویناتیش لەجێی خۆیەتی، بۆ ئەوەی بزاندرێ كە لە مەستەلەحی ئیبادەی جەماعی موكەوناتی هەرێمی كوردستانیش هەموویان موعارەز بوونە بۆ ئەو ئیبادەی جەماعییە، بۆیە لەجێی خۆیەتی ئەگەر بگوترێ، بەڵام ئەگەر سیاغەكە بەدڵتان نییە ..........، فەرموون كاك سالم.

**بەڕێز سالم تۆما كاكۆ:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

موكەوینات شامله هەمووی دەگرێتەوە، پێمان باشە، ئیشكال نییە، دوێنێ كەمن داوام كرد پشتگیریم بكەن، لەجێ بەجێكردنی یاسا ئیشكال هەیە، عەلەنەن مۆزەڤ جێ بەجێكار دەڵێ شەهیدی تۆ وەكو شەهیدی من حیسابی بكەم، دوایی جەریمەی ئیبادەی جەماعییەك كراوە بەرامبەر گەلی ئێمە، پێمان باش بوو بە قوەتی قانونەكە ناوی ئەمەش بێ، كە تەنها رژێمەكانی عێراق دژی كورد نەبووە، بەتەنها ئەو تاوانانەی دژی كورد جێ بەجێ نەكردووە، بەڵكو بەرامبەر هەموو موكەوینەكانی تری كردووە، ئەوەبوو بۆ خاتری قوەتی قانونەكە ئێمە پێمان باش بوو ناوی ئەوانیش بێتن، سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سوره/جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

ئێستا ناوی هاتووە، جەنابی وەزیر لێرە دانیشتووە، ئەگەر سەیری عەمەلیاتی جینۆساید بكەین، زیاتر لە (44) حاڵەت وەكو مێژوو حاڵەتی جینۆساید هەیە، ناوی هەموویان نەهاتووە لێرە، تەنها ئەم چوار حاڵەتەی كە لێرە بەناو هاتووە كە مەعنای گشتی و لەهەمان كاتدا لەبەر ئەوەی كە بەڕێزیان تەوزیحی دا، كە ئەمانە ئیعتراف پێكراوە لەلایەن مەحكەمەی دادی نێودەوڵەتی عێراقی، لەلایەن مەحكەمەی جینایەتی عێراقی، لەلایەن پەرلەمانی عێراقی، بۆیە ناویان هاتووە، ئەگینا (44) حاڵەتی تر لەو شێوەیە هەیە، ئەگەر ناوی یەكێكیان بێنین، دەبێ هەموویان بێنین، بۆیە شەهید بە وشەی كوردستانی كیفایەتە، ئیبادەی جەماعی پێویستە بگۆترێ هەموو موكەویناتی گەلی كوردستان، چونكە یەك حاڵەت نییە لەگەڵ مەسیحی، یەك حاڵەت نییە لەگەڵ توركمان، لەوانەیە چەند حاڵەتێكیش بێ لەو حاڵەتانە، بە تەئكید موشەرەعیش

لێرانە مەبەستی هەموو حاڵەتەکانە، ئەو حاڵەتانەیە کەوا لەگەڵ هـەموو موکـەویناتی هـەرێمی کوردسـتان بەکورد، بە تورکمان، بە هەموو پێکهاتەکانی مەسیحی لەگەڵ هەموو لایەك کراوە، ئەرمـەن، لەگـەڵ هـەموو لایەنەکان، بۆیە بەتەئکید یەعنی حاڵەتەکە تەواوە، فەرموو کاك عبدالقادر.

**بەڕێز عبدالقادر اكرام جميل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

خۆی بەڕاستی قەزیەکی سیاسی هەیە بۆ یەعنی هەرێمی کوردستان، ئێمە زۆر حەز دەکەین ئەو ناوچانەی ئێستاکە خاریجی هەرێمی کوردستانن ئەوانە دەبێ بگەڕێنەوە بۆ ناو هەرێممان، ئێمە دەبێ هەوڵبدەین ئەو خەڵکانەی کەوا لەناوچەکانی دەرەوەن، یەعنی لەدەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستان دایە ئەوانە تەشجیع بکەین، هەتا یەعنی ئەوانیش هەوڵبدەن، ئەوانیش داوا لە حکومەتی عێراقی بکەن یان لەهەموو ئەتراف بکەن کە ئەوانە بگەڕێنەوە بۆ ناو هەرێمی کوردستان، ئەگەر ئێمە حەزبکەین ئەو ناوچانەی خاریجی ئیدارەی ئیقلیمی کوردستان بگەڕێتەوە سەر هەرێمی کوردستان، ئەوا لەو ناوچانەدا تورکمان و کلد و ئاشوری هەیە، ئەوانیش شەهیدیان زۆرە، ئیحتیماله کاکەیش هەیە، شەبەکیش هەیە، ئەگەر ئێمە حەزدەکەین تەشجیعی ئەوە دەکەین کە ئەو شوێنانەی خاریجی هەرێم بگەڕێنەوە سەر هەرێمی کوردستان، ئاسانترین شت ئەوەیە لەناو ئەو یاسایەدا شوێنیان بکەینەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سوره/جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

تەسەوڕ دەکەم پێویست ناکات، چونکە ناوی کورد نەهاتووە تا ناوی تورکمان یان مەسیحی، یەعنی بەگشتی هاتووە، هەموو کوردستانیان، مەکەوەناتی هەرێمی کوردستان یەعنی کورد، تورکمان، مەسیحی، ئەرمەن، ئیتر لەشوێنێك ناوی کورد نەهاتووە لەوانەیە ئەوە ناوی شوێنێکی تر بێ، کاتێك باسی جەرائیمی ئەسلیحەی کیمیاوی دەکەین، هەموو لایەنەکان، هەموو پێکهاتەکان یەعنی تووش بوونە، بەڵام حاڵەت هەیە تایبەتە بە تورکمان، حاڵەتی ئیبادەی جەماعی هەیە تایبەتە بە تورکمان، حاڵەتی ئیبادەی جەماعی هەیە تایبەتە بە مکەوەناتێکی مەسیحی، بۆیە لێرە پێم باشە ناوی مەکەوەناتی هەرێمی کوردستان وەکو مەکەوەنات بێ، بەڵام ئێمە نایەین ناوی حاڵەت بە حاڵەتمان گۆتبێ، هەروەکو پێم وتن ئەگەر بێین ناوی حاڵەتەکان باس بکەین، جەنابی وەزیر لێرەیە، فەرموو با جەنابیان تەوزیحێك بدەن.

**بەڕێز صباح احمد محمد (ئارام)/وەزیری کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەرەتا بەڕێز کاك سالم یەکێك لەو هۆیانەی باسی کرد، کە دەڵێین شەهیدی ئێمە و ئەوان، ئەمە سیاسەتەی ئێمە، هی حکومەت بەتایبەتی وەزارەتی ئێمە ئەوەیە شەهید بەهیچ شێوەیەك کەس نەڵێ شەهیدی ئێمە و ئێوە، ئێمە یەك شەهیدمان هەیە، شەهیدی کوردستان هەیە، ئێمە ئەو بیروباوەڕەی تەبایی و یەکرێزییە بلاو بکەینەوە، شەهید، شەهیدی کوردستانە، هی کەس نییە بەڕاستی، ئەوە وا دەکا بەتۆ دەڵێ هەڵە دەکا، یەعنی ئەوە لەئێستاوە لە وەزارەت بێ یان لە هەر شوێنێك بێت، پاشماوەیەکی خراپە

دەبێ ئێمە تەشجیعی ئەوە بکەین، یەك هەڵوێستی پەیدا بکەین، شەهید، شەهیدی کوردستانە، دەتوانیت بەرامبەری بوەستیتەوە ئەگەر یەکێك وای وت، ئێمە سەبارەت بە تۆمارکردن ئێستا ئەوانەی سوریا بە جینۆساید تۆمار کراون لای ئێمە، بەڵام لەرووی مەنتیقییەوە شتەکە عاتفی نییە، ئەمە لە پێناسەکە لەسەر بنچینەی نەتەوەیی نەبووە، ناوی کوردی تێدانییە بەهیچ شێوەیەك، کوردستانییە، ئەمە یەك، دووەم، ئەو کێسانەی کە ناسراون یەعنی باسمان کرد بۆنی نێو نەتەوەیی هەیە کە ئێستا لەپەرلەمانەکانی دونیا ئەو چوارە دەتوانین پاڵپشتی بۆ پەیدا بکەین، بەرگری لێ بکەین، بۆ ئەوەی بناسرێن ئەو چوار کەیسەی کە باسکراوە، بەڵام پێشمان خۆشە یەعنی ئەوەی ئەو بەڕێزە باسی کرد بۆ ئەوەی ئەوانەی دەرەوەی هەرێمی کوردستان تەشجیعی ئەو لایەنانەش بکەین کە مەسەلەی ئەوانە بیان گرێتەوە، ئێمە بیکەینە پڕۆژەیەك، یەعنی لەسەر کەیسی ئەو جینۆسایدانەی کە بەسەر بڵێن ئەگەر لایەنی تورکمانییە، عەرەبییە، ئەوانیش کە هاتوون بیکەینە کەیسێك لە بەغدا بەیەکەوە کاری لەسەر بکەین، بۆ ئەوەی کە هین بوو دیسانەکە یاسایەکە هەموار بکەینەوە، بیخەینەوە ناو ئەو یاسایەوە، یەعنی کارێك بکەین بیکەینە پڕۆژەو هەڵمەتێك، ئەوە ئیشێکی باشە، چونکە زۆر کەیسی ترمان هەیە ئێستا ئەگەر لیستێك بکەین لەوانەیە پەنجا لیستمان هەبێ بەڕاستی هەم هی نەتەوەیی، هەم کەیسی تر، بەڵام ئەوانە لەبەر ئەوەی ئەو هۆیە قانونییە هەیە کە ناسراوە ئەوە لای ئێمە بۆ ئێمە گرینگە، ئێمە ئەم بەیانییە بۆ نموونە کۆبوونەوەیەکمان هەبوو لە مۆنەمێنتی کەسنەزان لەگەڵ زیاتر لە پەنجا خەڵکی شارەزاو بزنسمان و ئەوانە مەسەلەی جینۆسایدمان باسکرد، ئەوانە باس دەکەین، تێیدەگەن، چونکە بەڵگە هەیە، بۆ ئێمە گرینگە، بەڵام پاشە رۆژ لەئێستە بەدواوە پێمان خۆشە لەگەڵ بەڕێزتان دانیشین، لەسەر ئەو پڕۆژانە کاربکەین، ئەوانەی تورکمان بۆ ئێمەش باشە، بەس بەڕاستی مەسەلەی جینۆساید، ئیمتیاز نییە، یەعنی بڵێی با جینۆسایدی کورد هەبێ، تورکمان هەبێ، شتێکی ناخۆشە، یەعنی بریا نەمان بوایە ئێمە، شتێك نییە ئێمە وەکو ئیمتیاز بەکاری بێنین جا پێمان باشە مەکوەناتەکە باشە ئێستاکە، چونکە ئەگەر بچینە ناو ئەوە ئەوکاتە دەبێ ئەوەکانی تریش بێنین، ئەوەی چەکی کیمیاویش هەمووی ورد بکەینەوە، ئەوەی ئەنفال هەمووی ورد بکەینەوە، ئەوەی لایەنەکانر تریش وردەکاری زۆر تێدادەبێ، یەعنی مەسەلەی نکۆڵی کردن نییە، بەس مەسەلەی ئەوەیە بۆ پڕۆژەی داهاتوو پێمان خۆشە بەیەکەوە کاربکەین، وەکو مەفهومی پێشمەرگەو سەنگەریش یەعنی هەمووی لێك بدەیتەوە ناتوانیت بیخەیتە ناو یاساوە، بەڵام بۆ ئێستا پێمان باشە، ئەو دەقە گونجاوە، سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کوێستان خان.

**بەڕێز کوێستان محمد عبداللە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێشتگیری داواکاری ئەو برا بەڕێزانەی تورکمانەکان و ئاشووریەکان دەکەم، یەعنی من پێم سەیرە چ زەرەرێکە، یەعنی ئەگەر ئەم دوو وشەیە زیاد بکرێت، یەعنی بوونی ئەم دوو وشەیە هیچ دەگۆڕێ لەمەسەلەکە؟ یەعنی ئەگەر تێیدابێت؟ قانونەکە خراپ دەکا؟ بۆیە پێویستە تێیدا بێت، مادام داواکاری ئەوانە، روونکردنەوەکەی بەڕێزیشیان وای کرد کە یەعنی زۆر زەروورە تێیدابێت، پێم وایە وەزیریش هەر پشتگیری دەکات، بۆیە تەئکید دەکەمەوە کە ئەو دوو ناوەی تێدابێت، تورکمان و کلد و ئاشورییەکان، سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك شوان.

**بەڕێز شوان عبدالكريم جلال:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پرسیارێك لە لیژنەی قانونی دەکەم، ئایا هیچ رێگریەکی یاسایی هەیە لە ئیزافەکردنی ناوی ئەو موکەویناتە؟ بەتایبەتی کە لە رەشنووسی دەستووردا هاتووە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو د. عمر.

**بەڕێز د. عمر محمد امين (نورەدینی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەراستیدا مەوزوعەکە ئەو ناوهێنانە هیچ شتێك لەبەر ئەوەی کە لەرووی لایەنی یاساییەوە یان لەرووی لایەنی ناوهێنانەوە هیچ رێگرییەك لە ئارادانییە، یەعنی ئێمە چەندین جار ناومان هێناون، لەقانونی تایبەتدا، لەپرۆژەی تایبەتدا، لەدەستووردا، ئەوەی کە زۆر گرینگە لێرە بەفعلی لەرابردوودا لەهەموو روویەکەوە ناوهێنانی موکەویناتی شەعبی کوردستان، کورد، تورکمان، سریانی، کلد و ئاشووری، ناوهێنانیان زۆر، زۆر ئاساییە، بەس کە دێتە سەر ئەو فەقەرەیە ئایا زەروورەتێکی قانونییە بەمشێوەیە بێ؟ یان نا؟ پرسیارەکە لێرەدایە، دەنا لەسەر ئەوە نییە بلێین بەشێك تەئیدی دەکا، بەشێك تەئیدی ناکا، کە دێتە سەر ئەوە ناوهێنانێکی پێویست و زەروورەتێکی قانونی بێ سەد جار ناویان دەهێنین، لەرابردووشدا دەیان هەڵوێست و چەندین قانون وەکو ئاماژەمان پێدا هەتا پرۆژەی دەستوور جارێك تەعدیل و پێداچوونەوەی بۆ کرا، بۆ ئەوەی بەشێوەیەك ناوی ئەوان بێت کە لە ئەقەلییەوە بگۆڕێت، کە ببن بە پێکهاتەی سەرەکی لەهەرێمی کوردستان، ئەمە لە پرۆژەی دەستووریشدا وەکو پێکهاتەی سەرەکی هاتووە نەك وەکو ئەقەلیات، بەڵام قەزییەکە ئەلێرەدایە کە تەعریفی شەهیدی ئیبادەی جەماعی دەکرێ، دوێنێ پێشنیاری ئەوە کرا بلێین هەرکەسێك کە شەهید بووە لەرۆڵەکانی پێکهاتەکانی گەلی کوردستان دوێنێ ئاماژە بەوە درا کە هەر هەمووی دەگرێتەوە، ناو هێنانەکانی تر کە باس لە جەریمەی ئەنفال دەکرێ، باس لەکیمیایی دەکرێ، باس لە ئیبادەی جەماعی بارزانییەکان دەکرێ، باس لە کوردە فەیلییەکان دەکرێ، ئەوە ناوهێنانێك نییە لەسەر ئەساسی

نەتەوایەتی و ئیتنی و عرقی و رەگەزی، ئەمە ناوهێنانێکە لەسەر ئەساسی ئەوەی کە بەم عینوانەوە کۆمەڵێك تاوان ئەنجام دراوە بوون بە عینوان بۆ کۆمەڵێك قەزییەی قانونی، بڕیاری پەرلەمان و بڕیاری مەحکەمەشیان لەسەر دەرچووە، بۆیە دەبێ شتەکە لێك جیا بکەینەوە، ناوهێنانی ئەوان زەروورەتێکی قانونی بێ هەمووومان تەئیدی دەکەین و زۆر ئاساییە، بەڵام وەکو باسمان کرد لەبەرامبەر ناوهێنانەکانی تردا داخیل نەکرێ، چونکە ئەوان وەکو ئاماژەمان پێدا عینوانێکە بۆ ئەنجامدانی تاوانێك و قەزیەکی قانونی کە بڕیاری مەحکەمە و پەرلەمانی لەسەر وەرگیراوە، سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان، دیارە هەمووتان تەئیدی ئەوە دەکەن ناوبێ، لەبەر ئەوە من داوا لەلیژنەی یاسایی دەکەم سیاغەی بکاتەوە، ( واي جرائم أخرى بحق كافة مكونات الاقليم من الكورد، التوركمان، والمسحين)، تەبیعی هەمووی ناوی بێنێ، هیچ ئیشکالێك نییە، فەرموو کاك عونی.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سیاغەی ئەو فەقەرەیە بەم شکلەیە (شهيد الابادة الجماعية: كل من استشهد نتيجة جرائم الابادة الجماعية اثناء جرائم الانفال او استخدام الاسلحة الكيمياوية او الابادة الجماعية للبارزانيين او الكورد الفيليين او اية جريمة اخرى ارتكبت بحق مكونات شعب كوردستان من الكورد والتركمان والكلدان والسريان والاشوريين والارمن)، سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێستا تەواوە، ئێستا بەو سیاغەی کە ئەم ماددەیە خوێندرایەوە......، پێشتر باسمان کرد ئەوەی تێبینی هەیە قسەی خۆی بکردبایە، ئێستا بەس قسە لەسەر ئەمە بوو، ئێستا سیاغەکەی خوێندراوەتەوە تکایە ئاگاداری خودی سیاغەکە بن، فەرموو کاك سەرهەنگ.

**بەڕێز سەرهەنگ فرج محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەبڕگەی (ج)دا پێشنیار هەبووە زیاد لە سێ، چوار ئەندامی پەرلەمان، زیاتریش پێشنیاری کردووە ئەوەی کە بە حاڵەتی تەقەمەنی و لوغم شەهید دەبن لێرە لە شەهیدی هاووڵاتی دا جێگایان بۆ بکرێتەوە، چەند کەس ئەو پێشنیارەی کردووە، تکایە بیخەرە دەنگەوە، سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو جەنابی وەزیر.

**بەڕێز صباح احمد محمد (ئارام)/وەزیری کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە زیادکردنی ناوەکان وەکو ناوهێنانی بڵێین کورد و تورکمان و عەرەب و پێکهاتەکانی تر، ئەگەر زیاد بکرێت تەبعەن باشترە، بەڵام نەك لەدەقی جینۆسایدەکە، لە پێناسە گشتییەکە، چونکە ئێمە شەهیدی پێشمەرگەشمان هەیە هی تورکمان و عەرەب، شەهیدی هاووڵاتیش هەیە کە لە پێناسە گشتییەکە ناوهات (کل مکونات) ئەوانە دەگرێتەوە، مانای وایە هی شەهیدی پێشمەرگە، هی سەنگەر دەگرێتەوە، جینۆساید دەگرێتەوە، هاووڵاتییەکەش دەگرێتەوە، ئەوەی لوغمەکەش ئەوانە هەمووی باسمان کرد، لای ئێمە دوو جۆرە، ئەوانە بە لوغم شەهید دەبن تۆمار دەکرێن، ئەوانەی هاووڵاتین بەشەهیدی هاووڵاتی تۆمار دەکرێن، ئەوانەی کارمەندن بەشەهیدی سەنگەر تۆمار دەکرێن، بەرێنمایی، سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك سالار.

**بەڕێز سالار محمود مراد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، لەراستیدا لە ناوهێنانی قوربانیدا ئەوانەی کە خۆیان بەخشیوە، هەموو پێکهاتەکان دەکرێ شەهیدیان (عەرەب، تورکمان، ئاشورییەکان) یان، بەڵام لەچوارچێوەی جینۆسایددا پێم بڵێ یەك حاڵەتی نەتەوەی عەرەب هەبێ لە جینۆسایدی گەلی کوردستاندا، من بە حوکمی ئەوەی سەرۆکی لیژنەی مافی مرۆڤم ئەگینا تەفاسیلێکم لەسەر ئەم ئیجحافە دەوت، سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەم یاسایە تەبعەن نافیزە بۆ ئێستا و بۆ داهاتووش، هەر ئەم چەند رۆژە حاڵەتی ئالەم شێوەیە خەریکە روو دەدات، بۆیە بەڕاستی پێویستە ئێمە باسی هەرێمی کوردستان دەکەین ئەوەی ئێستا و ئەو ناوچانەی دەرەوەی هەرێمی کوردستانیش، بۆیە جێی خۆیەتی ئێمە باسی مکەوناتی هەرێمی کوردستان دەکەین هەموو ناوەکان بێنین، فەرموو کاك قادر.

**بەڕێز قادر احمد اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من لەگەڵ ناوهێنانی ئەقەلیاتی نەتەوەکانم لەم یاسایەدا، بەڵام ئەو سیاغەیەی ئێستا خوێندرایەوە ئەقلیاتەکانی باسکردووە، بەڵام هەم لە ئیبادەی جەماعی دا، هەم چەکی کیمیایەکە لادرا، هەمیش ئەنفال لادرا، بەتەنها لەگەڵ نەتەوەی کورد و تورکمان و ناوەکان تەنها دوو قەزیەی لەناوهات، بارزانییەکان و فەیلییەکان، یان نابێ ناوی هیچ یەکێك لەمانە بێت، یان ناوی هەموویان بێ بەناوی نەتەوەکانەوە، چونکە ئەمەی نووسرابوو پێشتر دەقیق تر بوو لەمەی ئاخیری خوێندرایەوە، سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

تێبینییەکە لەجێی خۆیەتی ئەم چوار حاڵەتە وەك خۆی دەمێنێ ئینجا دوایی جەرائیم ئوخرا دێت، فەرموو ئاخر سیاغەتان بخوێننەوە.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئاخیر سیاغە بەم شێوەیە:

تعدل الفقرتان (5 و 6) من المادة الاولى من القانون وكالآتي:

5- الشهيد: كل من ضحى بنفسه اثناء الكفاح المسلح (كپێشمرگە) او النضال السياسي دفاعاً عن حقوق مكونات شعب كوردستان ضد الانظمة الاستبدادية المتعاقبة في كوردستان والمناطق الكوردستانية خارج ادارة الاقليم ويصنف كالآتي:

أ- شهيد خندق النضال (سەنگەر): كل من استشهد اثناء الكفاح المسلح كپێشمرگە او النضال السياسي او من جرائهما ضد الانظمة الاستبدادية المتعاقبة دفاعاً عن ارض وشعب كوردستان.

ب- شهيد الابادة الجماعية: كل من استشهد نتيجة جرائم الابادة الجماعية اثناء جرائم الانفال او استخدام الاسلحة الكيمياوية او الابادة الجماعية للبارزانيين او الكورد الفيليين او اية جريمة اخرى ارتكبت بحق مكونات شعب كوردستان من الكورد والتركمان والكلدان والسريان والاشوريين والارمن وغيرهم.

ج- الشهيد المواطن: كل من استشهد نتيجة الاعمال الحربية او الارهابية او التهجير القسري او اثناء الهجرة المليونية لشعب كوردستان او التهجيرات الاخرى.

6- ذوي الشهيد والمؤنفل: الزوج او الزوجات او الابن والبنت والام والاب والاخوة والاخوات الاشقاء وغير الاشقاء وكل من اثبت بقرار قضائي ان الشهيد او المؤنفل كان يعيله او كان معيلاً للشهيد او المؤنفل.

**بەڕێز حسن محمد سورە/جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان، ئێستا دەیخەینە دەنگەوە، بەم سیاغەی کە ئێستا خوێندرایەوە کێ لەگەڵدایە؟ تکایە دەست بەرز بکاتەوە، زۆر سوپاس، زۆرە، کێ لەگەڵدانییە؟ تکایە دەست بەرز بکاتەوە، زۆر سوپاس، (10) ئەندام پەرلەمان لەگەڵدانییە، بەزۆرینەی دەنگ پەسەند کرا، فەرموو بۆ ماددەیەکی تر.

**بەڕێز صباح بیت الله شکری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة (الثانية): تعدل المادة الثالثة وتقرأ كالآتي:

المادة الثالثة:

لذوي المصلحة اثبات شمولهم باحكام هذا القانون بكافة طرق الاثبات القانونية.

**بەڕێز حسن محمد سورە/جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو بەکوردییەکەی.

**بەڕێز محمد احمد علی (شارەزووری):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی دووەم لە ئەصڵی پڕۆژەکە.

ماددەی سێیەم هەموار دەکرێتەوە بەم شێوەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە:

ماددەی سێیەم: خاوەن بەرژەوەندی بۆی هەیە بەگشت رێگاکانی سەلماندنی یاسایی بیسەلمێنێت کەوا حکومەکانی ئەم یاسایە دەیان گرێتەوە.

**بەڕێز حسن محمد سورە/جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو لیژنەی هاوبەش.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لیژنەی هاوبەش داوامان کردووە ئەو ماددەیە ببێتە بڕگەیەك لەماددەی هەموارکراو، واتە تەفسیلاتی زیاتری دایتێ لە ئەصڵی قانونەکەدا، ئەو زیادەیە ببێتە فەقەرەی دووەم لەماددەکەدا، سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو جەنابی وەزیر.

**بەڕێز صباح احمد محمد (ئارام)/وەزیری کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە هیچ تێبینیەکمان نییە، کۆکین لەگەڵ ئەو دەقەدا.

**بەڕێز حسن محمد سورە/جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەندامانی پەرلەمان کێ قسەی هەیە لەسەر ئەم ماددەیە؟ تکایە ناوەکانتان بڵێن، زۆر سوپاس، ئەم بەڕێزانە ناویان نووسراوە (کاك اسماعیل، هاوڕاز خان، د. رۆژان، تارا خان، د. احمد)، فەرموو کاك اسماعیل.

**بەڕێز اسماعیل محمود عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، خاوەن بەرژەوەندی، خاوەن بەرژەوەندی چی؟ یەعنی بەڕاستی بەرژەوەندی شەهید چی لەچی دایە؟ ئەوە کەی بەرژەوەندییە؟ بەرژەوەندییەکە بەڕاستی دەبێ بگۆڕدرێتن، حەق هەیە بڵێ خاوەنی کەسوکاری شەهید، هەموو حەقێکی هەیە نەك خاوەن بەرژەوەندی، بەرژەوەندی شتێکی خراپە و بۆ کاروکەسابەت بەکاردێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

خۆی لەراستیدا مەصلحە عەرەبییەکە کراوە بەکوردی بەمشێوەیەی لێهاتووە، هەر بەخۆی مەسڵەحە، فەرموو هاوڕاز خان.

**بەڕێز هاوڕاز شێخ احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەڕاستیدا منیش هەمان ڕەئی كاك اسماعیلم هەیە، یەعنی خاوەن بەرژەوەندی بەڕاستی كەلیمەیەكە لەجێگای خۆی نییە، هەر خاوەن یان كەسوكاری شەهید بێت، بەڵام من بەو چەند ساڵەی كە لە پەرلەمانم بەراستی شتێكم بۆ دەركەوتووە و لەسەری موكوڕ بین باشە، ئەویش بابەتی یاسا دەبێت بابەتێكی زۆر شەفاف بێت، زۆر وازح بێت، زۆر روون بێت، چونكە ئەو یاسایانە ئەگەر هەر تەخسیرێكی دی هەڵبگرێ یان هەر غموزیەتێكی تێدابێت بەڕاستی ئیشكال بۆ هاووڵاتی دروست دەكات، هەروەكو ئەوەی پێشینەی هاوسەرگیری كە تا ئێستاش ئیشكالی هەیە، لەبەر ئەوە من لەگەڵ ئەصڵی یاسایەكەم كە باس دەكات دەڵێ ئەوانەی دەكەونە بەر حكومەكانی ماددەی یەكەم لەم یاسایە بەبەڵگەكانی فەرمی سەلماندنی دەچەسپێنیٚو لەكاتێكدا ئەم بەڵگانە نەبوون، ئەو لێرە دەڵێ (بكافة طرق الاثبات)، ئەوە بەڕاستی هەر بۆخۆی غموزیەتێكی تێدایە بەڕاستی، من پێم باشە تەفسیلی زیاتری پێبدرێ ئەو ماددەیە، بەمشێوەیە نەبێ، چونكە ئەو زۆر وازح نییە لەبۆ هاووڵاتی، ئیشكالی بۆ دروست دەكا لەرێگاكانی سەلماندن، سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێزان تەسجیل نابێ، بۆیە داواتان لێ دەكەین هێمنی بپارێزن، باشترین وەفا بۆ خوێنی شەهیدان ئەوە كە گوێبگرن، جوانترین موناقەشە لەسەر ئەم یاسایە بكەن، ڕێگاتان پێ دەدەین كە بەتەواوی موناقەشەیەكی تەواوی لەسەر بكرێ، فەرموو د. ڕۆژان.

**بەڕێز د. ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەنیسبەت ئەو پێشنیارەی هەمواركردنی ئەم ماددەیە، بەڕای من پێویست بە هەمواركردن ناكات، پێشنیار دەكەم كە ئەو پێشنیارە ئیلغا بكرێتەوە، لەبەر ئەوەی ئەصڵی ماددەكە كە هاتووە باس لەهەموو ڕێكارە قانونیەكان دەكات، بۆ سەلماندنی مافی ئەو كەسانەی كەوا مافێكیان هەیە، مەشمولن بە حكومەكانی ئەو یاسایە، باس لەهەموو ڕێكارەكی یاسایی دەكات، هیچ كێشەیەك نییە لە سەلماندن، هەموو ڕێكارەكی یاسایی و هەموو ئاسانكارییەك كرایە بەپێی هەر یاسایەك، بەپێی هەر بەڵگەیەك، هەر دۆكیۆمێنێك دەتوانن ئەوانەی مەشمولن حكومەكانی ئەو یاسایە دەیانگرێتەوە مافی خۆیان بسەلمێنن، بۆیە پێویست بەم هەمواركردنە ناكات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو د. احمد:

**بەڕێز د. احمد ابراهیم علی (وەرتی):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

منیش هەمان رای د. ڕۆژان و بەڕێزانی ترم هەیە، كە ئەو ماددەیە پێویست بەهەمواركردن ناكات، ئەو دەقەی كە لەئەصڵی یاسایەكەدا هەیە، هەموو ڕێگایەكانی دەستنیشان كردووە، وابزانم زۆر شامل ترو جامع تریشە، لێرە زۆر كورتی كردۆتەوە، پێویست ناكات تەنها ئەوەی كە لەئەصڵی یاسایەكەدا هاتووە كە

تەسبیتی(المشمولین باحكام المادة الاولى من هذا القانون بالوثائق الرسمیة) لەحاڵەتی نەبوونی ئەو وەسایقی رەسمییە ( یصار الى اثباتها بالطروق القانونیة الاخرى أمام اللجان المختصة)، بەڕای من لێرانە ئەوە بكرێتە (لجنة مختصة)، كە دوایی دەڵێ (تشكل لجنة خاصة، امام اللجنة المختصة او محاكم البداءة والجهات المختصة في المدیریات العامة في محافظات الاقلیم)، تەنها ئەوەی ئەصڵی یاسایەكە تۆزێك گۆڕانكاری تێدا بكرێت نەك ئەوەی كە ئێستا پێشكەش كراوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو كاك عونی.

**بەڕێز عونی كمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەس تەوزیحێكی قانونی، كاك د. احمد ئیشارەتی دا كە مەحاكمی بیدائە، مەحاكمی بیدائە بە هەڵەیەكی چاپی هاتووە لە قانونەكەدا، مەحاكمی ئەحوال شەخسییەیە، سەرۆكایەتی پەرلەمان تەعمیمێكی بڵاوكردەوە لەو بارەیە بۆئاگاداری، سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو كاك محمد.

**بەڕێز محمد احمد (شارەزووری):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من پشتگیری قسەكەی د. رۆژان دەكەم، بەڕاستی ئەو ماددەیە بۆ هەمواركردن بەزیاد هاتووە، چونكە لە دوای ماددەكانی دیكە كۆمەڵێك رێ و شوێنی قانونی دیكەی هێناوەتەوە بۆ ئەوەی كە وارسی شەهید كە مەصڵەحەتی هەبێ و تەعن لە قەرارەكانی لیژنەكانی وەزارەت بدا بۆیە لێرە هاتنی ئەم ماددەیە بەزیادی دەزانم و پشتگیری قسەكەی دەكەم، سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو كاك صباح .

**بەڕێز صباح بیت الله شكری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

منیش پشتگیری لە پێشنیاری د. رۆژان دەكەم، بە حەقیقەت ئەو ماددەیە پێویستی بە سیاغەكردن نییە و سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو تارا خان.

**بەڕێز تارا تحسین ئەسعدی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەراستی من لەسەر ئەصڵی یاسایەكە دەچمەوە، وێڕای دەستخۆشیم لە لیژنەی هاوبەش و ماندووبوونیان، زۆر گرینگە ماددەی دووەمەكە لە دوایشدا سێیەم كە پشتگیریان دەكەم كە لەوەی هەركەسێ حكومی ئەو یاسایە دەیگرێتەوە ئەوانە بگرێتەوە، بەڵام لەهی دووەم كە مەبەستمان ئێمە لە دەرهێنانی ئەم یاسایە هەمواركردنەوەی جاری سێیەم چییە؟ ئێمە دەزانین ئەوەی كە لێرەدا باسكراوە بەڕاستی من نازانم موقابیل بە شەهیدی دانانێم یان كەسوكاری شەهید، لەبەر ئەوەی ئەو شەهیدە تۆ قەرەبووی ناكەیتەوە، هەرچی بكەی بەرامبەر شەهید، نازانم چۆن هەدەفەكە لە قانونەكە بەس دابین كردنی ماف و ئیمتیازاتی ماڤی كەسوكاری شەهید بەشێوەیەك هاتووە وەك ئەنەهو ئێمە هەموو شتمان بۆ كردوون، من لێرە ئەو پێشنیارە دەكەم، بەكورتی بەم شێوەیە بێ، (مەبەست لە دەرچواندنی ئەم یاسایە بۆ ڕێز لێنان و بەرز نرخاندنی پێگەی شەهید بەدەستەبەر كردنی هەندێك لەماف و ئیمتیازاتەكانی بۆ كەسوكاری شەهیدان و ئەنفالكراوان)، ئەگەر ئێمە هەندەكەی لەگەڵ دانەنێین چونكە بەڕاستی خۆمان وابزانین هەموو شتێكمان بۆ كردوون، ئەوە بەرامبەر بەشەهید تەسەوڕ دەكەم چاككردنەوەیەك هەبێ لەو ماددەی دووەم ئینجا بێنە سەر ماددەی سێیەم كە پشتگیری خۆمی بۆ دەكەم كە بمێنێتەوە بەپێی بەڵگەی فەرمی چی دەیگرێتەوە كەسوكاری شەهید ئەوانە بگرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێزان، ئێستا لەو ئەندامە بەڕێزانەی قسەیان كردچوار ئەندامی بەڕێز داوایان كرد كە ئەم هەمواركردنە نەكرێ و واتە ئیلغا بكرێ، بۆیە پێش ئەوەی كە بیدەینە دەنگدان....، فەرموو جەنابی وەزیر.

**بەڕێز صباح احمد محمد (ئارام)/وەزیری كاروباری شەهیدان و ئەنفالكراوان:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

خۆی ڕاستییەكەی لەواقعدا ئێمە هیچ كێشەیەكمان لەگەڵ دەقە ئەصڵییەكەدا نەبووە، ئەمەی كە هەیە، هی كۆنەكە، كێشەمان نەبووە، یەعنی ئەگەر كۆنەكە بمینێتەوە وەكو خۆی ئێمە كێشەمان نییە، سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو ئاهەنگ خان.

**بەڕێز ئاهەنگ عارف ڕوئف:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، من پرسیارێكم هەیە لەوەی، ئایا ئەو قانونە و ئەو ئیمتیازاتانە مینحەیە دەدرێتە بەڕێز شەهیدەكان؟ یانیش ئیلتیزاماتێكە كە دەدرێ وەكو تەملیك، ئەگەر وەكو تەملیك بێ دەبێ ئیلتیزاماتی تەملیك بەخۆتان باش دەزانن، لەو فەرەزنا شەهیدێك قەرزدارە، شەهیدێك شەریكی یەكێكە، مەصڵەحەی دەگرێتەوە، چونكە ئەتوو دەڵێی ئەوەی قەرزدار بێ بۆ ئەوەی ئیلتیزاماتی لەسەر نەمێنێ، بۆ ئەوەی ئیسراحەت بە عائیلەكەی شەهیدیش بكەی سبەی و دووسبەی، یەعنی ئەمن دەمەوێ ئیستیفسار

لەوەی بکەم، شەهید هەبووە خاوەن مەسڵەحەت بووە لەگەڵ یەکێکی لەپێش دوکانی خۆی حکومەت هاتییە دوکانەکەی روخاندییە و خاوەنەکەشی کوشتییە و ئەوەی تریش شەریکی بووە، ئایا مەسڵەحە ئەوەی ناگرێتەوە ئەتوو ئیلتیزامەکەی لەسەر شەریکەکەی لابدەی کە ئەوە عائیلە نییە، ئەگەر ئیلتیزامی لەسەر لانەدەی مەسەلەن ئەتوو یەکێکی تریشت بە قانون لەو حاڵەتەی مەغدوور کردیە، ئەوجا ئەوە ئیستیفساری دەوێ، ئەگەر مینەح هەبێ یان نەبێ، سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو جەنابی وەزیر.

**بەڕێز صباح احمد محمد (ئارام)/وەزیری کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

خۆی ئەوەی گفتوگۆی مووچە و مینحە ئێمە دامان نابوو بۆ دوایی، هەندێ بڕگەی تر هەیە، بەڵام هەر لەئێستاوە مەسەلەی مووچە بەمووچە هاتووە تا ئێستاکە، بەڕای ئێمە ئەوە مینحەیە، چونکە مووچەی بەرامبەر بەکارێك دەدرێت، یەعنی یەکێك لەم هەموارکردنانەی پێمان وایە پێویستە مووچە بکرێ بە مینحە، ئیتر ناوەکەی بەخشش بێ یان هاوکاری دارایی بێ، لەدەرەوە پێی دەوترێ هاوکاری دارایی، لەبەرچی، یەك، لەبەر ئەوەی مووچەی بەرامبەر بەکار دێ، فەرمانێك یەکێك جێ بەجێی بکات، دوو: ئەوەی ئێستاکە بۆتە رێگر لەکارکردنی کوڕ و کچی شەهید بەڕاستی تشتێکی خراپە، مووچەکە وەردەگرێ رێگری کراوە لەبەر ئەوەی مووچەیەکی دیکە ناتوانێ وەر بگرێت، دەبێ لەماڵەوە دابنیشێ، بەڵام ئەگەر مینحەبێ ئان بەشێك لەمینحەکە وەربگرێ هاندەر دەبێ بۆ ئەوەی ئەو کوڕ و کچی شەهیدە بچێ کاربکات یان لەدەرەوەش هەر بەم شێوەیە، ئەمە مافێکە بۆ قەرەبووکردنەوەیە، بەرامبەر بەکارێك نییە، تا ئێستا بەمووچە هاتووە، بەڵام پێمان باشە بکرێ بەمینحە، دواتر گفتوگۆی زیاتری لەسەر دەکەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان رەجائەن هەر قسەیەك دەکرێ لە شوێنی خۆیدا بکرێ، ئەم بابەتە بابەتی ماددەکانی دوای ئێستایە، بۆیە ئێستا ئێمە قسە لەسەر هەموارکردنەوە دەکەین کە لەماددەی دوودا هاتووە، بۆ ماددەی ئەصڵی یاسایەکە، چوار ئەندامی بەڕێز داوا دەکەن ئەو هەموارکردنە نەکرێ، واتە ئەو ماددەیە ئیلغا بکرێتەوە، کێ لەگەڵ ئەوەیە؟ئەم ماددەیە ئیلغا بکرێتەوە؟ تکایە دەست بەرزبکاتەوە، زۆر سوپاس، بۆ ئەوەی روونتر بێ، ئەو پێشنیارەی کە هەموارکردنەکە واتە ئەمەی کە لە ماددەکەی هەموارکردن هاتووە، بگەڕێینەوە بۆ ئەصڵەکە، واتە ئەصڵەکە وەکو خۆی دەمێنێ، زۆرە، کێ لەگەڵ نییە؟ تکایە دەست بەرز بکاتەوە، زۆر سوپاس، بەکۆی دەنگ ماددەی دوو کە لە پڕۆژەی هەموارکردنەکەدا هاتووە ئیلغا کرا، فەرموو بۆ ماددەیەکی تر.

**بەڕێز صباح بیت الله شکری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**المادة الثالثة:**

اولا: تعدل الفقرة اولا من المادة الرابعة وتقرأ كالآتي:

اولاً: تشكل لجنة خاصة بموجب احكام هذا القانون برئاسة احد الموظفين المختصين يختاره الوزير وعضوية عدد من موظفي الوزارة لايقل عددهم عن اربعة اعضاء على ان يكون احدهم قانونياً للنظر في الاعتراضات المقدمة من قبل ذوي الشهداء والمؤنفلين على القرارات الصادرة من المديريات العامة في المحافظات وتصدر قرارات اللجنة بالاغلبية ويصادق عليه الوزير.

ثانياً: تعدل الفقرة الفرعية (2) من الفقرة ثانيا من المادة الرابعة وتقرأ كالآتي:

2- يحق لكل شخص ذي مصلحة التظلم ولمرة واحدة لدى اللجنة الخاصة من القرار الذي اصدرته خلال (30) يوماً من تاريخ التبلغ و اعتباره مبلغاً.

ثالثا: تضاف فقرة فرعية جديدة الى الفقرة (2)من المادة الرابعة وبتسلسل (4) ويعاد تسلسل الفقرات الفرعية اللاحقة تباعا وتقرأ كالآتي:

4-على اللجنة الخاصة الرد على التظلومات الواردة اليها خلال مدة لا تتجاوز (30) يوماً من تاريخ وصول هذه التظلمات.

رابعا: تعدل الفقرة الفرعية (4) والتي تصبح بتسلسل (5) من الفقرة ثانيا من المادة الرابعة وتقرأ كالآتي:

5- يحق لاي شخص ذي مصلحة اللجوء الى المحاكم المختصة لاثبات شموله بأحكام هذا القانون بعد اصدار اللجنة قرارها برفض التظلم ويعفى مقدم الطلب من الرسوم العدلية.

خامسا: تعدل الفقرة (5) من الفقرة ثانيا من المادة الرابعة من اصل القانون والتي ستصبح بتسلسل (6) وتقرأ كالآتي:

5- يكون قرار المحاكم المختصة التي اصدرت القرار وفقا للفقرة الفرعية (5) من هذه المادة قابلاً للطعن امام محكمة التمييز خلال مدة (30) يوماً اعتباراً من تاريخ التبلغ بالقرار او اعتباره مبلغاً.

**بەڕێز حسن محمد سورە / جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو بەكوردییەكەی.

**بەڕێز د. رۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی سێیەم یەكەم:

یەكەم: بڕگەی یەكەمی ماددەی چوارەم هەموار دەكرێت بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە:

یەكەم: لیژنەیەكی تایبەت بەپێی حكومەكانی ئەم یاسایە بەسەرۆكایەتی یەكێك لە فەرمانبەرە تایبەتمەندەكان كە وەزیر دیاری دەكات وئەندامیەتی ژمارەیەك لە فەرمانبەرانی وەزارەت كە ژمارەیان لە چوار ئەندام كەمتر نەبێت بەمەرجێك یەكێكیان یاسایی بێت پێكدەهێندرێت بۆ تێڕوانینی ئەو ناڕەزایی بوونەی كە لەلایەن خانەوادەی شەهیدان و ئەنفالكراواندا لەسەر ئەو بڕیارانەی لە بەڕێوەبەرایەتیە گشتیەكانی پارێزگاكان دەردەكرێن، بڕیارەكانی لیژنە بەزۆرینە دەبێت و لەلایەن وەزیر پەسەند دەكرێت.

دووەم: بڕگەی دوو لە بڕگەی دووەمی ماددەی چوارەم هەموار دەکرێت بەم شێوەیە:

2- هەر کەسێکی خاوەن بەرژەوەندی مافی هەیە بۆ یەکجار تەزەڵوم بکات تانە بگرێت لەلایەن لیژنەی تایبەت لەو بڕیارەی کە پەسەندی کردووە لە ماوەی (30) ڕۆژ لەرێککەوتی پێڕاگەیاندنی یان هەژمارکردنی بەوەی پێی ڕاگەیەندراوە.

سێیەم: بڕگەیەکی نوێ بۆ بڕگەی دووەمی ماددەی چوارەم بەریزبەندی (4) زیادەکرێت و زنجیرەی بڕگەکانی تر دەگۆڕێت و بەم شێوەیە:

4- پێویستە لەسەر لیژنەی تایبەت وەڵامی تانە گرتنەکان بداتەوە لەماوەیەك کە لە (30) ڕۆژ لەرێککەوتی گەیشتنی ئەو تانە گرتنە تێپەڕ نەکات.

چوارەم: بڕگەی چوار کە ریزبەندییەکەی دەبێتە بڕگەی پێنج لەبۆ بڕگەی دووەمی ماددەی چوارەم هەموار دەکرێت بەمشێوەیە:

5- هەرکەسێکی خاوەن بەرژەوەندی ماف هەیە پەنا بباتە بەر دادگای تایبەتمەند بۆ ئەوەی بیسەلمێنێت حکومەکانی ئەم یاسایە دەیگرێتەوە پاش دەرکردنی بڕیاری لیژنە بە ڕەتکردنەوەی تانە  گرتنەکە و پێشکەشکاری داواکاری لە رسوماتی دادوەری دەبەخشرێت.

پێنجەم: بڕگەی پێنجەم لەبڕگەی دووەمی ماددەی چوارەم لە دەقی یاسایەکەدا ریزبەندییەکەی دەبێتە شەش و بەمشێوەیە هەموار دەکرێت:

بڕیاری دادگا تایبەتمەندەکان کە بەپێی بڕگەی (5)ی ئەم ماددەیە بڕیاریان دەرکردووە قابیلی تانە گرتنن لەبەردەم دادگای تەمیز لەماوەی (3) ڕۆژ لە رێککەوتی ڕاگەیاندنی بڕیارەکە یان هەژمارکردنی بە پێڕاگەیاندراو، یەعنی لەو بڕیارەی کە پێی ڕاگەیاندراوە، کوردییەکە تۆزێك هەوڵمدا لەگەڵ عەرەبییەکە رێکی بخەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو لیژنەی هاوبەش.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لیژنەی هاوبەش رای لەسەر ماددەکە بەم شێوەیە کە بە زمانی عەرەبی دەیخوێنمەوە.

تقترح اللجنتان الصياغة الآتية:

المادة الثالثة:

اولاً: تعدل مقدمة الفقرة (اولاً) و البند (2) من المادة الرابعة من القانون و تقرأ كالآتي:

اولاً: تشكل لجنة خاصة بموجب احكام هذا القانون برئاسة احد الموظفين المختصين يختاره الوزير و عضوية عدد من موظفي الوزارة لا يقل عددهم عن اربعة اعضاء على ان يكون احدهم قانونياً للنظر في الاعتراضات

**المقدمة من قبل ذوي الشهداء و المؤنفلين على القرارات الصادرة عن المديريات العامة في المحافظات و تصدر قرارات اللجنة بالاغلبية و يصادق عليه الوزير.**

**2- يحق لكل شخص ذي مصلحة التظلم لدى اللجنة الخاصة من القرار الذي اصدرته خلال مدة (30) ثلاثين يوماً من تاريخ التبلغ او اعتباره مبلغاً).**

**ثانياً : تضاف بند بتسلسل (4) الى الفقرة (ثانياً) من المادة و يعاد تسلسل البنود تبعاً لذلك و تقرأ كالآتي:**
**(4- على اللجنة الخاصة الرد على التظلمات المقدمة اليها خلال مدة لا تتجاوز (30) ثلاثون يوماً من تاريخ تقديمها).**
**ثالثا : تعدل البند (4) و التي تصبح بتسلسل (5) و البند (5) و التي تصبح بتسلسل (6) من الفقرة (ثانياً) من المادة (الرابعة) وتقرأ كالآتي:**
**(5- يحق لأي شخص ذي مصلحة اللجوء الى المحاكم المختصة لاثبات شموله باحكام هذا القانون بعد اصدار اللجنة قرارها برفض التظلم ويعفى مقدم الطلب من الرسوم العدلية.**
**6- يكون قرار المحاكم المختصة التي اصدرت القرار وفقاً للبند (5) من هذه المادة قابلاً للطعن امام محكمة التمييز خلال مدة (30) ثلاثين يوماً من تاريخ التبليغ بالقرار او اعتباره مبلغاً)، بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان، تەوزیح بە نیسبەت عیبارەی (ذي مصلحة) موستەڵەحاتێكی قانونییە، واتە هەر كەسێك بەرژەوەندییەكی هەبێ لە هەر بابەتێك لە بابەتەكان پەیوەست بەو یاسایە دەتوانێت تانە لەقەرارەكان بدات لەو شوێنەی كە دەرچووە بەپێی ڕێكارەكانی یاسایی بەدواداچوونی بۆ بكات، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز حسن محمد سورە/جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

**فەرموو جەنابی وەزیر.**

**بەڕێز صباح احمد محمد (ئارام)/وەزیری كاروباری شەهیدان و ئەنفالكراوان:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**سەبارەت بە هەمواركردنی ئەم ماددەیە، هەڵبەتە هۆیەكەی ئەوە بووە ئەو لیژنەیە دروست بێ لەوانەیە پرسیار بێتە پێشەوە، لەوەو پێش دەقەكە دەڵێ بەڕێوەبەری گشتی دیوان بكرێت بە سەرۆكی ئەو لیژنەیە، ئەمەش لیژنەی سكاڵایە، سكاڵا یەكێكە لەكارە گەورەكانی ئێمە، زۆرە، بەڕێوەبەری گشتی دیوان خۆی ئەركی زۆرە، بەعەمەلی دەركەوتووە ئەو ناتوانێ ئەو كارە وەكو پێویست رابپەڕێنێ، لەبەر ئەوە گۆڕانكاری بووە بە مرونەتێك بۆ ئەوەی خەڵكی تر دابنێین، كە ئێستاش دامانناوە، یەعنی ناچاربووین دایبنێین، باسی پرۆسەكەشتان بۆ دەكەم لای ئێمە سكاڵا بەزۆری لەسەر ئەوەیە ئەگەر شەهید نییە بكرێ بەشەهید، كە دەڵێ نایگرێتەوە، سكاڵا دەكا دەڵێت ببێت بەشەهید، ئەمە بڕیارێكی زۆر گەورەیە تۆ بڕیار دەدەی، دەڵێ هاووڵاتی بكرێ بە سەنگەر، سەنگەرە پلەی زیاد بكرێ، یان هاووڵاتییە بكرێ بە جینۆساید، هەڵبەتە**

هەندێكی ڕەوایە، هەندێكیش هاندەرە داراییەكە هەیە لە پشتییەوە، بەڵام ئەركێكی زۆر گەورەیە، پڕۆسەكە لای ئێمە بەشێوەیەكە بۆ ئەوەی بەباشی بڕواتە ڕێوە لەناوچەكان بڵێین لەبەڕێوەبەرایەتی لیژنەیەك هەیە مەیدانی دەچێت ئەو سكاڵایە تەماشا دەكا، دێتەوە بەڕێوەبەرایەتی پارێزگاكان، ئینجا دێتەوە ئەو لیژنەیەی ناو وەزارەت بۆ ئەوەی بە فلتەری باش دا بڕوات، چونكە بەڕاستی بەخۆتان دەزانن ئەركێكی گەورەیە، جاری وا گلەیی هەیە دەڵێن زۆر خەڵك كراوە بەشەهید یان پلەی بەرزكراوەتەوە، بۆیە ئەوە كۆنترۆڵ بكرێ و داد پەروەری تێدابێ، ئێمە تێبینییەكمان هەیە لەسەر ئەو هەمواركردنەوەی كە كراوە، بڕگەی چوارەم دەڵێ لەسەر لیژنەی تایبەتمەندە وەڵامی داوا پێشكەشكارە زوڵم لێكراوەكان بداتەوە بە جۆرێك لەماوەی (30) ڕۆژ دا لا نەدات لە ڕۆژی پێشكەشكردنیەوە، بەهیچ شێوەیەك توانای ئەوە نییە لەماوەی (30) ڕۆژدا وەڵامی ئەو سكالایە بدرێتەوە، چونكە بڕیارێكی ئاسان نییە، كە سكاڵا دێتەوە لای ئێمە دەینێرین بۆ لیژنەی مەیدانی ناوچەكە، خۆتان دەزانن چەندی پێدەچێت تاوەكو لیژنەكە كۆدەبێتەوە و دەچێتە بابڵێین لادێیەك، كە دەچێ لەخەڵك دەپرسێ، بەڵگە كۆدەكاتەوە، دیسان ئەو دەنێرێ بۆ لیژنەی پارێزگایەكە، ئەوانیش پێداچوونەوەیەكی پێدا دەكەن، دێتەوە بۆ لای لیژنەكەی ئێمەش، یەعنی بە عەمەلی دەركەوتووە بەهیچ شێوەیەك بە (30)ڕۆژ، هەر جاری وایە، مانگی وا هەیە لە كوردستاندا ڕۆژی زۆری هەر مۆڵەتە بەڕاستی، یەعنی ئیلتیزامێكە بۆمان ناكرێ، ئێمە دامانابوو پێشنیاری ئەمان (90) ڕۆژ بوو، ئەوە واقعی ترە، عەمەلی ترە، بكرێ، تێبینییەكی ترم هەیە لەسەر داواكارییە پێشكەشكراوە زوڵم لێكراوەكان، تۆ ناتوانی بڵێی ئەو كەسە زوڵم لێكراوە، لەو كاتەدا، یەعنی ئەوە لە عەرەبییەكە تەرجەمە كراوە بەس لەو كاتەیە هەتا سكاڵایە كە ساغ نەبێتەوە ناتوانی بڵێی زوڵم لێكراوە، ئێمە پێشنیار دەكەین لە جیاتی زوڵم لێكراوان بكرێ بە سكاڵا كار، زۆر سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

وەڵا یەك پرسیار هەبوو (ب) دەڵێ مەهامی ئیعتزازەكە دەدرێتە لیژنەیەك كە مۆزەفێكی موختەس سەرۆكیەتی، ئیعتراز دەكات لەسەر ئەو قەرارەتانەی كەوا مودیریەی عامەی موحافەزە دەری دەكا، ئایا مۆزەفێكی موختەس ئیعتراز لەسەر قەراراتی مودیریەی عام بكات تەناقوزێكی تێدانییە؟ نازانم ئەگەر جەنابی وەزیر تەوزیحێكمان بداتێ، فەرموو.

**بەڕێز صباح احمد محمد (ئارام)/وەزیری كاروباری شەهیدان و ئەنفالكراوان:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمە پێمان وایە تێیدانییە، چونكە دەڵێ پسپۆڕ، پسپۆڕ لای ئێمە بەزۆری لەپلەی ڕاوێژكارەكان دامانناون، بەڕێوەبەرە گشتیەكانمان داناون، لەو پلە تایبەتانە دامانناون، سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، منیش ڕەئیم وابوو كە پێویست بوو دەرەجەكەی تەحدید بكرێ، بۆ ئەوەی بەلای كەم دەرەجەكەی موقابیلی مودیر عام بێت، ئێستا ئەندامانی پەرلەمان كێ قسەی هەیە لەسەر ئەمە؟ تكایە

ناوەکانتان بڵێن، زۆر سوپاس، ئەم بەڕێزانە ناویان نووسراوە (د. بشیر، سیوەیل خان، ئاهەنگ خان، کاک شوان، کاک گۆران، کاک عبدالسلام، رازاو خان، هاژە خان، کاک جلال، کاک قادر احمد، د. عمر، کاک سالار، کاک حەمە سعید، سەرگوڵ خان، د. احمد، کاک محمد شارە زووری، د. رۆژان، کاک شێرزاد)، فەرموو کاک د. بشیر.

**بەڕێز بشیر خلیل حداد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەو ماددەیەدا لەپێکهێنانی ئەم لیژنەیە وەکو جەنابیشتان باستان کرد لەوانەیە ئیشکالیەتێك رووبدات، کە ئەو لیژنەیە یەکەم جار لە پارێزگاکان لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی گشتی پارێزگاکانەوە تەماشا دەکرێ، کە دێتە وەزارەت ئەو لیژنەیەی کەوا تەماشای دەکات دەبێ لێرە دیاربێت کە لە بەڕێوەبەری گشتی کەمتر بێت، بۆیە بۆ ئەوەی تووشی ئیشکالێکی ئاسایی نەبین من پێم باشە هەر لە نەسی دەقەکەدا کە دەڵێی لیژنەیەکی تایبەت بە پێی حوکمەکانی ئەم یاسایە بەسەرۆکایەتی یەك لەفەرمانبەرە تایبەتمەندەکان کە وەزیر هەڵی دەبژێرێت پلەکەی لە بەڕێوەبەری گشتی کەمتر نەبێت، ئەوە تەسبیت بکرێت، بۆ ئەوەی ئەگەر بەڕێوەبەری گشتی بێ یان راوێژکار بێت، کە نەتواندرێ ئەم خەلەلە پەیدابێت، خاڵێکی دیکەش ئەوەیە وشەی تەزەڵوم بەڕاستی کە لەزمانی عەرەبی لەوانەیە مانایەکەی خۆی بدات، هەشبێ لە قانون دا، بەڵام ئەتۆ بێی نەفسی وشەکە بکەیە کوردی بە تەزەڵوم وەکو مەسەلەی سەنگەرەکەمان لێبی، نا تەزەلوم بە کوردی وشەیەکی رەکیکە بیکەینە سکاڵاکار وەکو جەنابی وەزیریش ئاماژەی پێدا، یان گازاندەکار، بەڵام لەوانەیە سکاڵاکارەکە باشتر بێ، مەسەلەی (30) رۆژەکە جەنابی وەزیر ئاماژەی پێدا کەوا ناتوانن یان لەزۆر حاڵەتەکان (30) رۆژ بۆ ئەوان کەمە، بەتایبەتی کە رۆژانی عوتڵەو ئەوانەمان زۆرە، (90) رۆژیش بەلای ئێمەوە زۆرە، (90) رۆژ یەعنی خەڵکەکە راوەستێ بۆ وەڵامی مەسەلەیەك بەڕای من بکرێتە لە (60) رۆژ تێپەڕ نەکات، ئەو ماوەیە لە (60) رۆژ تێپەڕ نەکات، پێویستە وەڵامیان بدرێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو سیوەیل خان.

**بەڕێز سیوەیل عثمان احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

قسەکانی من هەمووی د. بشیر کردی، پشتیوانی لێ دەکەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

دەستت خۆش، فەرموو ئاهەنگ خان.

**بەڕێز ئاهەنگ عارف رؤوف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، من لەگەڵ هەردوو پێشنیارەکەی جەنابی وەزیرم، زۆر مەنتیقییە، بە (30) ڕۆژ موستەحیلە بتوانی قەرارەکی لەسەر هیچ کێسەکی بدەی، من خۆم کێسەکم هەیە لەو بابەتەی حەوت ساڵە لە مەحکەمەیە، برادەرانیش لێرە ئاگادارن هەندەکیان پێشتر، فعلەن وایە بە (30) ڕۆژ زۆر، زۆر کەمە، پێشنیارەکەی زۆر بەجێیە، پێشنیاری دووەمیشی زۆر، زۆر مەنتیقییە، سکاڵا دائیمەن کە ئەتوو دەڵێی شەکوا، شەرت نییە ئەمن ڕاست بم لەو شەکوایە، لەوانەیە ڕاست بم، لەوانەیە غەڵەت بم، بەس دەڵێی تەزەڵووم موسبەقەن ئەتوو حکوم لەسەر شتەکی دەدەی زوڵمم لێ کرایە، ئەوەش جائیز نییە، بۆیە لەگەڵ هەردوو پێشنیارەکەی جەنابی وەزیرم، زۆر مەنتیقییە و زۆر سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك شوان.

**بەڕێز شوان عبدالکریم جلال:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من سێ تێبینیم هەبوو، دوانیان بەڕێزان تەئکیدیان لێ کردەوە لەسەر ئەوەی سکاڵاکار و موودەتەکە کە (60) ڕۆژ زیاتر نەبێت، ئەمەنیش پشتگیری ئەوە دەکەم، ئەوەی سێیەمم لە زمانەوانییە، لە دووەم و سێیەمدا بەند بە موئەنەس هاتووە، خۆی موزەکەرە، دووەم لە باتی (تضاف)، (یضاف بند) بێ تەسەسول، لە سێیەمیشدا لەباتی (تعدل) (یعدل بند)، دوایش دەڵێ (التي تصبح) دەبێ بڵێ (التي یصبح) واتە ئاخیری چاکبرێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك گۆران.

**بەڕێز گۆران ئازاد محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەقانونەکە دوو مودە داندراوە، مودەیەك بۆ ئەو کەسە داندراوە کەوا زوڵمی لێ دەکرێ، کە لە دوای تەبلیغ کردنەوە لەماوەی (30) ڕۆژدا دەبێ شکایەت بکا، پێم وایە مودەکە مەعقولترە، بەڵام ئەگەر ئەو حاڵەتە لەبەر چاو بگیرێ ئەوەی کە لە کوردستاندا دەگوترێ عوتلات زۆرە و حاڵەتەکان بابڵێین ڕۆتیناتی ئیداری و ئەم حاڵەتانە زۆرە، ئەگەر ئەو بکرێتە (45) ڕۆژ، ئەم حاڵەتی کە دەڵێن (30) بۆ وەزارەت کەمە، بەفعلی منیش لەگەڵدام، بەڵام ئەگەر (30) نەبێ بەدیلی وەزارەت پێمان بڵێ چەندە؟ (60)؟، (90)؟ شەش مانگە؟ لەبەر ئەوە نابێ مودەتەکە ئەوەندە زۆر بێ، چونکە ئێمەش بینیومانە سکاڵای خەڵك زۆر هاتووە کە لە وەزارەت ئیتر بە هەر هۆکارێك بێ وەڵام نەدراوەتەوە، لەبەر ئەوە دەبێ مودەتەکە ئەگەر (30) ڕۆژ نییە، بۆ نموونە ئەگەر (60) ڕۆژ مەعقولە، کە پێم وایە (60) ڕۆژ مەعقولە ئەوە هەڵبژێردرێ بۆ وەڵامدانەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو كاك عبدالسلام.

**بەڕێز عبدالسلام مصطفى صديق:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پێشەكی فعلەن ئەو (30) ڕۆژە ڕەنگە كافی نەبێت، بەڵام لەهەمان كاتدا ئێمە حاڵەت هەیە دوو ساڵ و سێ ساڵ چاوەڕوان دەبین، بۆیە من دەنگم دەخەمە پاڵ دەنگی ئەوانەی كە داوا دەكەن فەترەیەكی مەعقوڵ دابندرێ، دووەمیان چەند تێبینییەكی لوغەوییە لەسەر عەرەبییەكە، ئەوە نووسیومە لەسەر كاغەز لەنیهایەتی لاپەڕە دوو (علیە) دەبێتە (علیها) (تصدر قرارات اللجنة بالاغلبیة و یصادق علیها الوزیر)، لەبیدایەتی سەفحەی سێ ڕاستە (ذي مصلحة) قانونییە، بەڵام تەسەوڕ دەكەم یەعنی تاوەكو ئەو ئیشكالە نەمێنێت بڵێین (حق للمشمولین بأحكام هذا القانون)، لە هەر جێگایەك (ذي مصلحة) هاتبێت (المشمولین بأحكام هذا القانون)، لەسێیەم وەكو كاك شوان گوتی (بند) موزەكەرە، (یضاف)، بەس من ئەم سیاغەم هەیە (یضاف بند بتسلسل (4) الى الفقرة (ثانیاً) و یقرأ كالآتي)، چونكە (یضاف) (اربعة) داعی نییە بڵێی (تسلسل اربعة)، لەسێیەم دوو گۆڕاون، من پێشنیارم هەیە جارێكی تر لە جیاتی (تعدل) ببێتە (یعدل) تەبعەن، یەعنی بڵێین (ثالثا : یعدل البند (4) من الفقرة (2) من المادة (4) و التي تصبح بتسلسل (5) ویقرأ كالآتي: یحق للمشمولین الى اخره........، پاشان بڵێین رابعا: یعدل بند (5) من الفقرة (2) من المادة (4) التي یصبح بتسلسل (6) ویقرأ كالآتي، سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموون رازاو خان.

**بەڕێز رازاو محمود فرج:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

دیارە من لەگەڵ ئەو هەموار كردنە دام ئەگەر ببێتە هۆكار بەوەی كە ئەو ژمارە زۆرەی دۆسییەی كە لە وەزارەتی شەهیدان هەیە و تا ئێستا وابزانم باس لە مەشغولیەتی بەڕێوەبەری گشتی كرا، ئەگەر بە مەشغولیەتیش بێ چەندین دۆسییە هەیە و یەكلاش كراوەتەوە، ئەگەر هۆكارەكەی ئەو پەسەندكردنەی لەلایەن وەزارەتەوە وابزانم هۆكارێكە بەوەی تاوەكو ئێستا ئەو دۆسیانە یەكلا نەكراونەتەوە، بۆیە من ئەم (یصادق علیە الوزیر) هیوادارم كە لەگەڵ ئەم هەمواركردنەدا ئەمە نەبێتە هۆكارێك بۆ دواكەوتنی زیاتری ئەو دۆسیانەی كە چەندین ساڵە لە وەزارەتە و یەكلاش كراونەتەوە، دیارە من دەستخۆشی لە راپۆرتی لیژنەی موشتەرەك دەكەم كە ئەو دەستەواژەیەی لابردووە كە دەڵێ بۆ یەكجار بۆی هەیە تانە لێبدات، من پێموایە ئەمە كراوە بێت، قسەكە لەسەر ئەوەیە كە ئەگەر بێت و ئەو ماوەیە لەبەردەم ئەم لیژنەیە كەم بێت، ئەی ئایا لەبەردەم كەسوكاری شەهیداندا ئەو ماوەیە كەم نییە؟ بەتایبەتی كە دەڵێ وا دادەندرێت كە

ئاگادارە، بۆ کەسوکاری شەهید و ئەنفالکراو و هەموو ئەوانەی تریش وابزانم ئەو بابەتەی کە کاك گۆران باسی کرد مەسەلەی پشوو بۆ هەمووانە و ڕێگرە ئەگەر ئێمە ئەو مودەیەی ئەوانیش زیاد بکەین کە کاتەکە کراوەتر بێ و زیاتر بێ لەبەردەمی ئەواندا بەوەی کە ئیعتراز بگرن، دیارە لێرە لە راپۆرتی لیژنەدا (30) ڕۆژی داناوە، بەڕێز وەزیریش داوای ئەوەی کرد کە ئەو ماوەیە کەمە بەو پاساوانەی کە بەڕێزی هێنایەوە، بۆیە منیش پشتگیری لەکاك گۆران دەکەم، ئەو ماوەیە لە (60) ڕۆژ زیاتر نەبێ، چونکە حەقی خۆیانە، من پێموایە کۆمەڵێك کەسوکاری شەهید هەیە بۆ سێ ساڵ، چوار ساڵە دۆسییەیان لە وەزارەتی شەهیدانە و تا ئێستاش وەڵامیان نەدراوەتەوە، بۆیە من ئەوە بە زەروور دەزانم کە تەسبیت ببێ ئەو فەقەرە ئیزافییە بەوەی چۆن بۆیان هەیە لە مودەیەکدا ئەوانیش وەزارەتیش مولزەم بێ بەوەی کە لە مودەیەکدا وەڵامی تانەی ئەو کەسوکارە بداتەوە، مەوزوعی مەحاکمی موختەسیش پێموایە شوێنی خۆیەتی، چونکە ئێستا مەحکەمەی ئیداریشمان هەیە دەتواندرێ لەو ڕووەوە تانە لە هەموو ئەوانە بدرێت و سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو هاژە خان.

**بەڕێز هاژە سلیمان مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە لە تەشکیلکردنی لیژنەکەدا بەڕاستی من تێبینیم لەسەر ئەوە هەیە (احد الموظفين المختصين) هەرچەند بەڕێز وەزیری کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوان تەوزیحێکی دا لەسەر ئەوە، بەڵام من پێم باشە کە بەڕێوەبەرایەتی لیژنەکە کەسێك سەرپەرشتی بکات کە بەڕێوەبەرایەتی بەڕێوەبەری گشتی ئەنفال و شەهیدان بێ، چونکە ئەو زیاتر موختەسە بە ئیش و کارەکاندا، خۆشی لەیاسای وەزارەتی شەهیداندا هاتووە لە یاسای ژمارە هەشتی ساڵی 2006 دا هاتووە لە ماددەی سێیەم لە پێکهاتەی وەزارەتەکان ئەو بەڕێوەبەرایەتییە هەیە، ئەو بەڕێوەبەرایەتی گشتییە، بەڵام خۆی لە ئەصڵی ماددەکەدا بڵێی یاسای ماف و ئیمتیازاتی کەسوکاری شەهیدان ئەوە هاتووە کە بەڕێوەبەرەکە بەڕێوەبەری گشتی دارایی و کارگێڕی بێ، بەڵام من پێم باشە کە بەڕێوەبەری گشتی شەهیدان و ئەنفالکراوان بێ کە سەرۆکی ئەو لیژنەیە بێت، دەربارەی وشەی تەزەڵوم دیارە زۆر لە هاوکارانیشم باسیان کرد، من تەنها ئەو پرسیارەم هەیە نازانم وشەی تەزەڵوم وشەیەکی مەعروفە لە موستەڵەحاتی قانونی، ئەگەر مەعروف بێت باوەڕناکەم یەعنی کێشە هەبێ ئەگەر لەناو قانونەکە بمێنێتەوە، بەڵام دیارە یەعنی تەرجومە کردنی بۆ کوردی زۆر ئەوە نییە یەعنی مانایەکەی نەگەیاندووە، زوڵم لێکردن یەعنی شتێکی تر دەگرێتەوە، بۆیە بەڕاستی دەبێ ئەوە ڕوون بکرێتەوە، دەربارەی ئەو ماوەی کە باسکرا بۆ تەعنەکە، منیش لەگەڵ ئەوەم کە (60) ڕۆژ بێت، کە زۆربەی هاوکارانیشم باسیان کرد، چونکە وەکو گوتیان (30) ڕۆژەکە کەمە بۆ ماوەی تەعنەکە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

دەربارەی موستەڵەحەکە دیارە تەئکید دەکرێتەوە لەلای سکرتێری پەرلەمان، کە ئەمە موستەڵەحێکی قانونییە، لەوانەیە تەرجومەی کوردییەکەی موەفەق نەبێ، بۆیە دەکرێ قسە لەسەر ئەوە بکەن کە لە کوردییەکە چی دابندرێ بەدیلی ئەوەی کە ئێستا کراوە، فەرموو کاک جلال.

**بەڕێز جلال علی عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دەربارەی ماددەی سێیەم، ئەوەلەن دوو کەرەت ئەوەلەن نووسراوە بکرێ بە یەکەم، ئەوەلەنی دووەم بکرێ بە یەکەم، ئینجا دووەم و سێیەم، بەڕای من ئەم لیژنەیە یەکلاکەرەوەیە، زۆر گرینگە خەڵکی موختەس و خاوەن خیبرەی تێدا بێت، ئەمە یەك، دوو، بڕیارەکانی ئەم لیژنەیە دەچێتەوە بەردەمی مەحاکیمەکان، مەحکەمەی تەمیز، مەحکەمەکانی تر، لەوانەیە شکایەت و شکایەتکاری تێدابێ و تەزەڵومیشی تێدابێ، بۆیە بەڕای من بەمشێوەیە دابڕێژرێتەوە (تشكل لجنة خاصة بموجب أحكام هذا القانون برئاسة موظف من الدرجة الاولى ذات الاختصاص والخبرة وعضوية عدد من موظفي الوزارة ذوي الاختصاص والخبرة)، ئەمە گرینگە، چونکە یەکەم کە دەڵێ (احد الموظفين) لەوانەیە لەگەڵ ڕێزم بۆ بەڕێز وەزیر یەکێك دابندرێ کە ئەو خیبرەیەی نەبێت یان ئەو ئیشەی نەکردبێ، قەراراتەکانی ئەم لیژنەیەش گرینگە، (موظفين ذات الاختصاص والخبرة من ضمنهم حقوقياً)، یەعنی شەرت نییە قانونی بێ، (من ضمنهم حقوقيا او يصادق عليه الوزير) لەگەڵ ڕەئییەکەی کاك عبدالسلام کە بکرێ بە (عليها) ئەو (ذي مصلحة)ە، ڕاستە موستەڵەحێکی قانونییە، بەڵام هەموو (ذي مصلحة) بکرێ بە (المشمولين باحكام هذا القانون)، شتێکی باشترە، من تەئیدی ڕەئی بەڕێز وەزیر دەکەم، کە دەڵێ (30) ڕۆژ کافی نییە، بەڵام ئەگەر جەنابی بۆمان دیاری بکات چەندبێ، زیاد بکرێ شتێکی باشە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك قادر احمد.

**بەڕێز قادر احمد اسماعيل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەپێکهێنانی لیژنەکە دیاری کراوە کە یەکێکیان یاسایی بێ، من پێشنیار دەکەم بەرپرسی لیژنەکە یاسایی بێ، نەك یەکێکیان یاسایی بێ، قوەتی قانونی ڕەنگە زۆرتر بدا، لە ئەوەی کە دەڵێ هەرکەسێك خاوەن بەرژەوەندی، وشەی خاوەن بەرژەوەندییەکە بەبڕوای من جارێکی تر ئەوەش بکرێتەوە وارسی شەهید، چونکە بەخۆی ئەصڵی یاسایەکە بۆ شەهیدە، لە شەهیدیش بۆ وارسی شەهیدە، وارسی شەهیدیش بەپێی قانون دیاری کراوە تا چەند دەڕوا و کێ دەگرێتەوە، وشەی وارس زیاد بکرێ، لەوەی کە بۆ وارسی شەهیدەکە داندراوە (30) ڕۆژ، منیش لایەنگری ئەوە دەکەم لە (60) بۆ (90) ڕۆژ هەرچییەکیان لەسەری ڕێك بکەوێت بەس ئەم (30) ڕۆژە کەمە، بەڵام ئەمەی حکومەت کە (30) ڕۆژ داندراوە لایەنگری

مانەوەی ئەوەی حکومەت دەکەم کە (30) رۆژ داندراوە من لایەنگری مانەوەی ئەوەی حکومەت دەکەم کە (30) رۆژ بوو، بۆ ئەوەی حکومەت ئیلتیزاماتی سەر شانی خۆی باشتر جێ بەجێ بکات، کاتی لەوە زۆرتر لەبەر دەست دابێ، سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو د. عمر.

**بەڕێز د. عمر محمد امین (نورەدینی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەڵلاهی منیش سەرەنجم لەسەر ئەوە هەبوو سەرۆکی لیژنەکە دەڵێ (برئاسة احد الموظفين المختصين المقصود بالمختصين) یەعنی ئایا دەبێ لێرەدا مەبەست لەو موختەسینە ئەوە بێ کە پسپۆڕیەتی هەبێ لە یەکێك لە بوارەکاندا یان پلەی هەبێ؟ بۆیە ئەگەر بگوترێ مەسەلەن یان بەوەی کە کاك جلال گوتی مەسەلەن دەرەجەکەی بگوترێ یان پسپۆڕیەتەکەی، یەکێکیانی لەگەڵ بێ، سیفەتێکی لەگەڵ بێ نەك ئاوا بەم شێوەیە بمێنێتەوە، سەبارەت بە ماوەکەش وەڵلاهی من پێموایە گوێ لە بەڕێز وەزیر و وەزارەت بگرین، چونکە ئەوان لەناو پرۆسەکە دان، ئیشیان لەناودا کردووە، دەزانن چەند وەختیان پێویستە، بۆیە لەوەدا گوێ لە ئەو بگرین و پێشنیاری ئەو چەندە بۆ ماوەکە، تەئیدی رەئی و پێشنیاری ئەوان بکەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو سەرگوڵ خان.

**بەڕێز سەرگوڵ رضا حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەنیسبەت ئەو ماددەیەوە یەك، دوو پێشنیار کرا بۆ ئەوەی ئەو لیژنەیە چۆن بێت، بەراستی ئەو لیژنەیە زەرورە، لەبەر ئەوەی ئەو ماف و ئیمتیازەی کە لەم یاسایە بۆ کەسوکاری شەهید و ئەنفالکراوەکانە ئەو لیژنەیە رۆڵی گرینگی تێدا هەیە، بۆیە منیش پێموایە دەبێ سەرۆکەکەی لایەنی کەم دەرەجەکەی لە مودیر عام کەمتر نەبێ، پشتگیری ئەو پێشنیارەی هاژە خان دەکەم کە بەڕێوەبەری گشتی کە لە وەزارەت بۆ شەهیدان و ئەنفالکراوە ئەو سەرۆکی لیژنەکە بێت، سەبارەت بە تەزەلوم لەوانەیە منیش پێموایە تەرجومەکەی لە کوردیدا بەمشێوەیە، بەخۆی تەزەلوم موستەڵەحێکی قانونییە، یەکێکە لەو رێگایانەی کە تەعن لە قەراراتە ئیدارییەکان دەدرێ، لە مەحاکمیش هەیە لەقەرارەکانی تەنفیز و مونەفیز عەدل، بۆیە ئەوە ئاساییە ئەگەر بمێنێتەوە، بەڵام پێویستە کوردیەکە بەشێوازێك بێ کە پڕ بە پیستی تەزەلوم بێ، سەبارەت بە مەحکەمەی موختەس من پێموایە دەبێ مەحکەمەکە دیاری بکرێ، چ مەحکەمەیەکە، چونکە پێشتر کە مەحکەمەی بیدائە بوو من پێم باشە هەر ئەو بێ، چونکە مەحکەمەی ئیداری پێموایە رازاو

خان باسیکرد، تەنها لە هەولێردا هەیە، ئەمەش کارەکە قورس دەکا بۆ سەر شانی کەسوکاری ئەنفالکراوەکان بۆ موراجەعە، بەڵام مەحاکمی بیدائە لە هەموو قەزا و ناحییە و شوێنەکان بەزۆری هەیە، ئەگەر ئیختیساسی ئەو بێ لەیاسایەکە دیاری بکرێ پێم باشە، سەبارەت بەو مودەیە زۆر پێشنیار کرا بۆ مودەکە، منیش پشتگیری رازاو خان و کاک گۆران دەکەم، راستە ئەو مودەیەی کە داندراوە (30) رۆژەکە بۆ کەسوکاری ئەنفال و شەهید زۆر کەمە، لەوانەیە پێرانەگەن یان نەزانن لەو مودەیە مودەکەی بەسەر بچێت و مافیان بفەوتێت، بۆیە دەبێ ئەو مودەیە بۆ ئەوانیش زیاد بکرێ، پێشنیاری (45) رۆژ کرا، لەگەڵ ئەوەم کە ئەو مودەیەی وەزارەتیش، ئەو لیژنەیە هەر کەمە ئەو (30) رۆژەی کە داندراوە، پێشنیارەکەی وەزارەت کە (90) رۆژە، زۆر، زۆرە، لەبەینی ئەو دوو مودەیە باشترین کات ئەگەر بتوانن لیژنەکە لەبەر ئەوە سەقفی زەمەنی بۆ دابندرێ باشترە بۆ یەکلاکردنەوەی مودەی شەست رۆژەکە کە دوو مانگە، پێموایە کیفایەتە بۆ ئەوەی بتوانن قەرارەکان دەربکەن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو د. احمد.

**بەڕێز د. احمد ابراهیم علی (وەرتی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بەو ماددەیە ئەو لیژنەیەی کە تەشکیل دەکرێ لێرەدا کە هاتووە (تشكل لجنة خاصة بموجب احكام هذا القانون برئاسة احد الموظفين)، لەبارەی ئەوانەی کە ئەندامی لیژنەکەنە (وعضوية عدد من موظفي الوزارة لا يقل عددهم عن اربعة اعضاء على ان يكون احدهم قانونيا)، باشە لە ئەندامانی لیژنەکە بەمەرجی گرتووە کە دەبێ یەکێکیان قانونی بێت، بەڵام بۆ سەرۆکی لیژنەکە قانونی نەبێ یان دادوەر نەبێ؟ بەڕاستی من پێشنیار دەکەم کە سەرۆکی لیژنەکە یەکێك لە دادوەرەکان بێ کە ئەنجومەنی دادوەری کاندیدی بکات بۆ سەرۆکایەتی ئەولیژنەیە، لەبەر ئەوەی بڕیارەکانی لیژنەکە دەچێتەوە بەردەم مەحاکم، ئەمە یەك، دووەم، سەبارەت بەو دادگایە کە لەفەقەرەی پێنجەمە (يحق لأي شخص ذي مصلحة اللجوء الى المحاكم المختصة لاثبات شموله باحكام هذا القانون)، لێرە تەنها دەڵێ دادگای تایبەتمەند، یەعنی دیاری نەکردووە ئەم مەحاکم موختەسە کامەیە، ئایا مەحکەمەی بیدائەیە یان مەحکەمەی ئەحواڵ شەخسییە کە کاك عەونی باسیکرد؟، ئەمن لە ماددەکەی پێشووتر قسەم لەسەر کرد، ماددەی سێیەم باس لە مەحاکمی موختەس دەکات، من باسم لەوە کرد کە مەحاکمی بەدائە بێ، واتا دادگای بەرایی، ماددەی چوارەمە کە باس لە ئەوە دەکا کە دادگای ئەحواڵی شەخسی کە لەوێش دیارە روونکردنەوە دراوە، کاتی خۆی بە قەرارێکی پەرلەمان کە مەحاکمی بەدائە مەبەست لە مەحاکمی ئەحواڵ شەخسییە، کە تایبەتمەندن بەو نیزاعاتانەی کە دروست دەبن لەئەنجامی جێ بەجێ کردنی ئەم یاسایانەدا، بەڵام من پێموایە مەحکەمەی بەدائە زیاتر تایبەتمەندە بەو ئیشە نەك مەحکەمەی ئەحواڵی شەخسی، بۆیە لێرە مەحکەمەی موختەس بکرێتە مەحکەمەی بەدائە، دادگای بەرایی، سەبارەت بە مودەکە منیش لەگەڵ

ئەوەم کە زیاد بکرێ، تەزەلوم لە یاسایەکەی پێشوو بە مەغدووریەت هاتووە، رەنگە ئەوە گونجاوتر بێ لەوەی کەلە تەرجومەکەی ئێستادا کراوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك محمد.

**بەڕێز محمد احمد علی (شارەزووری):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، بەڕاستی سەرەتا ئێمە لیژنەی تایبەتمەندبووین، ئەوانە لەلیژنەی یاسایی پشتگیریان کردووین، بەڵام لەوە دەچێ هەڵەیەك بەسەر ئێمەدا رۆیشتبێ مۆزەفێکی تایبەت کە وەزیر دەست نیشانی دەکا، بۆیە من لێرەوە پێشنیار دەکەم جەنابی وەزیر یەکێ لە موستەشارەکانی کە مادام مودیر عامی لابردووە، یەکێ لە موستەشارەکانی دابنێ سەرپەرشتی ئەو لیژنەیە بکات، دوو، سەبارەت بە مودەکە زۆر قسە کرا، یەعنی بەڕاستی کێشە زۆر کەمە، برادەرینە ئێمە سێ مەحافەزەیە و سێ مودیریەتی عامەیە، خۆ ئێمە لە وڵاتێکدا نین دە مەحافەزە بێ، مانگێك کەم بێت، ئێمە لە ئەنجامی بەدواداچوونمان بۆ کێشەی کەسوکاری شەهیدان کێشەی کەسوکاری شەهیدان بە دوو ساڵیش لەوەزارەتی شەهیدان یەکلا نەبۆتەوە، یەعنی ئەگەر ئێستا کێشەکە بەرێتەوە ئەو کەسوکاری شەهیدە دەتوانێ داوای تەعویزی ئەو دوو ساڵەش بکات، بۆیە من داواتان لێ دەکەم، یەعنی (30) رۆژ بەڕاستی کەم نییە، تۆ لیژنەیەك دادەنێی بۆ سکاڵایەك لەوانەیە ئەو لیژنەیە لەمانگێکدا یەك سکاڵای بێتە بەردەست، لە دوو مانگدا سکالایەکی بێتە بەردەست، خۆ سکاڵایەکان ئەوەندە زۆر نییە بڵێی کەڵەکە بێت و ببێت بە سەد سکاڵا و ئەم لیژنەیە فریای نەکەوێ، بۆیە بەڕاستی ئەو (30) رۆژە خۆی مەحکەمەی تەمیزیش لەهەموو دونیا موتابیعە (30) رۆژی داناوە بۆ تەعن لە سکاڵا، من دەزانم چی مەدلولێك لەوەدا هەیە، ئێمە بیکەین بە (60) رۆژ بە (90) رۆژ، بۆیە لە مەصڵەحەتی کەسوکاری شەهیدان و لەمەصڵەحەتی وەزارەتی شەهیدانیشە بەڕاستی من (30) رۆژەکەم پێ باشە، من یەك تێبینیم هەیە، هەرچەند بەڕێز سکرتێری پەرلەمان لەرووی یاساییەوە شتێکی روونکردەوە، (ذي مصلحة) وتی ئەوە موستەڵەحەیەکی یاساییە، بەڵام من پێشنیارێك دەخەمە بەردەستی جەنابی ئەم یاسایە بۆ کەسوکاری شەهیدان دەشێ؟ تایبەتە بۆ کەسوکاری شەهیدان؟ ئەو (ذي مصلحة) دەکرێ ئێمە بیکەین بە وارسی شەهید؟ چونکە یاسایەکە تایبەتە بە وەزارەتی شەهیدان، من بەس ئەو پرسیارەم هەیە، سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو د. رۆژان.

**بەڕێز د. رۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بەو ماددەیە سێ تێبینیم هەیە، تێبینی یەکەمم تایبەتە بەو بڕگەیەی ڕستەی کۆتایی بڕگەی یەکەم، کە دەڵێ (تصدر قرارات اللجنة بالاغلبية ويصادق الوزير)، ئەو دەقە وادەگەیەنێ کە وەزیر مولزەمە هیچ چارەی نییە هەر دەبێ قەرارەکان، بڕیارەکان پەسەند بکات، یەعنی ڕێگە نەدرایە ئایا ئەو بڕیارانەی لیژنە دەری دەکات دەچێتە بەردەم وەزیر، بڕیاری کۆتایی هی وەزیرە، پەسەندی دەکات یان نا؟، دەقەکە بەم شێوەیە هاتووە (يصادق عليه الوزير) وەزیر پابەندە بە پەسەندکردنی بڕیارەکان، دەقەکە دابڕێژرێتەوە بەشێوەیەك کە بڕیارەکان دەچنە لای وەزیر، وەزیر بۆی هەیە پەسەندی بکات یان نا، دەستەڵاتێك لێرە بدرێتە وەزیر، ئەو بڕگەیەی کە ئەو ڕستەیەی لەکۆتایی ئەو بڕگەیە هاتییە، هەمان خاڵی سێی بڕگە دووەمی ماددەکەیە، نازانم کە پڕۆژەکە لەلایەن حکومەت هاتییە وەزارەت پێشنیاری کردییە ئەو بڕگەیەی گواستیتەوە فەقەرەی یەکەم، ڕستەی کۆتایی لەخاڵی سێیەم هەر وەکو خۆی مایە، ئەگەر بگوازرێتەوە بڕگەی یەکەم مەفروزە خاڵی سێیەم داوا بکەن ئیلغا بکرێ، ناکرێ هەمان دەستەواژە و هەمان ڕستە لەخاڵی سێی دووەم هەبێ، گواستیتانەوە بڕگەی یەکەمی هەمان ماددە، ئەو ڕستەیە (يصادق عليه الوزير)، لەبڕگەی دووەمی ماددەکە خاڵی سێ هاتییە، هەمان دەستەواژەو عیبارەیە کردیتانە بڕگەی یەکەم، پێویستە لەوێ داوا بکرێ هەموار بکرێ، سەبارەت بە تێبینی دووەمم تایبەتە بە لیژنەکە، لیژنەکە لە ئەصڵی یاسایەکە سەرۆکی لیژنەکە دیاری کرایە بەڕێوەبەری گشتی بێت، پلەکەی دیاری کرایە، ئێستاکە پڕۆژەکە هاتییە ئەو پلەیە لادرایە و دیاری نەکرایە، زۆر گرینگە ئەو لیژنەی تانە گرتنە، ئەو کەسانەی کە داوای ئەو بڕە ماف و ئیمتیازاتانە دەکەن لەیاسایەکەدا هاتییە دەچن شکایەت و گلەیی خۆیان دەبەنە بەردەم ئەو لیژنەیە، زۆر گرینگە ژمارەی ئەندامانی لیژنەکە دیاری بکرێ، ڕاستە لە یاسایەکە دەڵێ (تشكل لجنة بموجب احكام هذا القانون)، بەس قانونەکەی دیاری نەکردییە، تەنها پلەی سەرۆکی لیژنەکەی دیاری کردووە کە مودیر عام بێت، ژمارەی ئەندامانیشی دیاری نەکردییە، دەڵێت لە چوار ئەندام کەمتر نەبن، یەعنی دەستەڵاتی وەزیرە ژمارەی ئەندامانی ئەو لیژنەیە زۆر زیاد بکات، حەدی ئەعلا دیاری نەکرایە، لیژنەیەکی وا گرینگ، لیژنەی تانە گرتن پێویستە ژمارەی ئەندامانی دیاری بکرێ، نەك بڵێین لەوەندەی کەمتر نەبێ و لەوەندەی زیاتر نەبێ، ئەگەر وەزارەت پێی باش بێت بەڕێوەبەری گشتی پارێزگاکانیش ئەندام بن لەو لیژنەیە، دوو بابەت لەو لیژنەیە زۆر گرینگە، ژمارەی ئەندامانی دیاری بکرێ و پلەی سەرۆکی لیژنەکە، لەبەر ئەوەی لیژنەی تانە گرتنە، تێبینی کۆتایی و سێیەمم ئەوەیە ماوەی تانە گرتنەکە، بەڕێزان، لەو ماددەیە خاڵی پێنج هاتییە باس لە مەحکەمەی تەمیز دەکات، ماوەی (30) ڕۆژ درایتە مەحکەمەی تەمیز ئەگەر تانە لە بڕیارەکانی لیژنە درا، مەحکەمەی تەمیز لەماوەی (30) ڕۆژ یەکلای بکاتەوە، مەحکەمەی تەمیز کارو ئەرکی زۆرە، بەڵام ئەم لیژنەی (30) ڕۆژتان پێ زۆرە، لیژنەیەکی وەزارییە، ئەرکی تەنها ئەوەیە سەیری تانە گرتنی کەسوکاری شەهیدان بکات کە ئایا حکومەکانی ئەو یاسایە دەیان گرێتەوە؟ یان نایان گرێتەوە؟ یان هەر کێشەو گلەیی و گازاندەیەکیان هەبێ مەفروزە ئەو لیژنەیە تەشجیع بکرێ بەوەی پەلە بکات لەو فایلانە و لەو سکاڵایانەی کە دێتە بەردەستی،

مودەکە گەلەك زۆر نەکرێ، کە کاروبارەکان وەکو پێویست یان خەڵکەکە کەسوکاری شەهیدان چاوەڕێ بکەن ئایا ماوەی (60) رۆژ، ماوەی (90) رۆژ چاوەڕێ دەکەن لیژنەکە بڕیار بدات ئایا ئەوانە خاوەن حەقن، حەقەکە دەیان گرێتەوە یان نا؟ قانوونەکە دەیان گرێتەوە یان نا؟، چەند مودەکە کەمتر بێت بەمن باشترە، چونکە لیژنەکە تەنها بۆ ئەو ئەرکە پێکهێندرایە، ئەوە کاریتی و لیژنەی وەزارەتە، مەفروزە ئێمە لێرە جەخت لەسەر ئەوە بکەین کە ماوەیە کی کەمی لەبەردەم بێت ئەو سکالایانە بەزووترین کات یەکلا بکاتەوە، کەسوکاری شەهیدان ماوەیەکی زۆر چاوەڕێ نەکەن، ئایا ئەو کێسەیان، ئەو فایلەیان لەلای ئەو لیژنەیە چی لێهات، مەحکەمەی تەمیزیش رۆژ هەیە لیژنەی سکالا، لیژنەی تانە گرتن، تەنها بۆ ئەو ئەرکە دامەزرایە ماوەی (90) رۆژ یان (60) رۆژ یەکجار زۆرە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك شێرزاد.

**بەڕێز شێرزاد عبدالحافظ شريف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە من بۆ سی رۆژەکە لە هەردوو حاڵەتەکە هەر پێم کەمە، بۆ حاڵەتی کەسوکاری شەهیدان خۆتان دەزانن کەسوکاری شەهیدانمان هەیە ئێستا لەدوورە دێیە دەستەکان رەنگە مۆبایلیشی پێ نەبێ، نەزانێت بەکاری بهێنێت، عومری لە هەشتا ساڵ بەرەو ژوورە، بە (30) رۆژ نە خەبەرەکەی پێدەدا و نە فریای ئەوەش بکەوێ، هەروەکو ئەوەی جەنابی وەزیریش گوتی بەڕاستی فعلەن (30) رۆژ بۆ ئەوانیش کەمە، چونکە ئەو کێشانە بەڕاستی کێشەکان زۆرە، رەنگە بۆ مودەیەکی دوای ئێستا دوای ئەوەی ئەم کێشانە تەواو دەبێ (30) رۆژەکە ئەوسا بەس بێت، بەلام بۆ ئێستا بۆ ئەوەی ئەو هەموو کێشەیان هەیە بۆ ئەو لیژنەیە (30) منیش پێموایە کەمە، (90) رۆژ یان (60) رۆژ هەر کامێکیان بێ ئەوە شتێکی باشە، ئەوەی کە پێویستە دیاری بکرێ نوێنەری پارێزگاکان لەگەڵ نوێنەری ئیدارەی گەرمیان لەناو ئەو لیژنەیا هەبێ، چونکە بەڕاستی ئەوان باشن، راستە ئەوان لە بەڕێوەبەرایەتییەکان بەرزی دەکەنەوە بۆ لیژنەکە، بەلام لە لیژنەکەشدا نوێنەری ئەوان هەبێ زۆر باشە، من پێشنیارێکم هەیە بۆ سەرۆکایەتی بەڕاستی پێشتر زۆر دەستم بەرز کرد، جەنابی سەرۆك تەماشای ئەملاتان نەکرد بە نوقتە نیزامیش بوو، یەعنی دوای منیش خەڵك هەر هەستا قسەی کرد، من زۆر تەئکید لەوە دەکەمەوە لە ماددەی یەکەمدا زۆر موناقەشەمان کرد لە دوێنێش هەر ماددەی یەکەم بوو، ئەمرۆش زۆربەی وەختمان هەر لەماددەی یەکەمدا کوشت، کێشەکەش ئەوە بوو کە بەڕاستی ئێمە موتەرجمی باشمان لەناو پەرلەماندا نییە، ئەویش ئەوەیە کێشەی سەنگەرمان هەبوو، سەنگەر، پێشمەرگە، خەندەق، یەعنی ئەمە بووە هۆی ئەوەی دوو رۆژە موناقەشەی دەکەین، بۆیە من پێشنیار بۆ سەرۆکایەتی دەکەم ئێوە ئەگەر وا بکەن کۆمەڵێك راوێژکار یان ناوی دەنێن چی، بێنن بۆ ئەوەی ئەو دەقە کوردیانەمان بۆ یەکلایی بکاتەوە یان لەو حاڵەتەشدا لەماددەی یەکدا لیژنەکە دەیان

توانی ئەوە بهێڵنەوە بۆ بەیانی بۆ دەنگدان لەکۆمەڵێك پسپۆڕ بپرسن بۆ ئەوەی بزانین شتێك بێ هەمووومان پێی رازی بووینە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، تەبیعی موناقەشەیەکی مەوزوعیانەتان کرد، بەشێکی پەیوەندی بە سیاغەکە بوو، داوا لە لیژنەی یاسایی دەکەین ئەم سیاغانە چاك بکەن، ئەوەی پێشنیار بوو، دوو پێشنیار بوو، یەکێکیان دەرەجەی مۆزەفی موختەسەکە چی بێ، دووەمیشیان ماوەکە بوو، داوا لە جەنابی وەزیر دەکەم، پێشنیاری خۆی بڵێ، فەرموو.

**بەڕێز صباح احمد محمد (ئارام)/وەزیری کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بەو تێبینیانە ئێمە بۆ ماوەکە یەعنی شتێك هەیە کە پێی دەڵێن پڕۆسە، یەعنی پڕۆسە تۆ دەڵێیت یەك، دوو، سێ، چوار مودەیەکی زەمەنی مەحدودی دەوێ لە هەر پرۆسەیەکدا، بڕیار لەلای یەك لیژنە نییە بەڕێزان، ئەوەنییە ئەو لیژنەیە دانیشتبێ بەس ئیشی ئەوە بێت و کارەکەش لای ئەو لیژنەیەش نییە تەواو بێ، ئەو لیژنەیە لەسێ قوناغ سکالاٴ وەردەگرێ، هەیە بابڵێین خەڵکی هەڵەبجەیە، لەوێ بەڕێوەبەرایەتییەکمان هەیە سکالایەکە وەردەگرێ، لەوێ ئەو لیژنەیەی ئەوێ خەریك دەبێ لیژنەیەکی مەیدانی دەردەکا، بەڵگە کۆدەکاتەوە، دوای ئەوە دەینێرێ بۆ بەڕێوەبەرایەتی گشتی سلێمانی، سەیری ئەو پڕۆسەیە بکەن، لیژنەی مەیدانی تاوەکو کۆدەبێتەوە، ئەو بەڵگانە کۆدەکاتەوە، ئینجا دەیهێنێ بۆ سلێمانی یان بۆ پارێزگایەکی تر، لەوێشەوە ئەو لیژنەیەی پارێزگا دەینێرێ بۆ لای لیژنەکەی لای ئێمە کە ئەمە باس دەکات، ئەمە دروست دەبێ، یەعنی هەتا ئەم لیژنەیەش کۆدەبێتەوە، ئەمە یەك، یەعنی پرۆسەیەك هەیە بەچەند قۆناغێکدا دەڕوا، وەختی دەوێت، دوو، ژمارەی سکالاٴ بەڕاستی کاکە حەمە زۆر، زۆرە، من خۆم دەستم بەوکارە کردووە هەزار فایلم ئێستاش کەڵەکە بووە، زۆر، زۆرە، سکالاٴ کردن لەبەر ئەوەی هاندەری تێدایە بەردەوام زۆرە، یەعنی پڕۆسەیەکە بەردەوام خەڵك حەز دەکا بڵێین لەهاووڵاتییەوە بکرێ بەسەنگەر، لە هاووڵاتییەوە بکرێ بە جینۆساید، سکاڵای تر هەیە، هی خوێندن هەیە، سکالای هاوکاری تەندروستی هەیە، سکاڵای پلە بەرزکردنەوە هەیە، ئێمە ژمارەیەکی زۆری تۆمارکراومان هەیە ئێستا، سکاڵایەکان زۆر، زۆرن، بە بەردەوامی یەعنی هەرە گوشاری گەورە تەقریبەن لای ئێمە ئەوەیە ئەو سکاڵایانەیە، بۆیە دەمانەوێ ببێ بە شتێکی عەمەلی، تکایە با بە عاتفی نەبێ، بە عاتفی بێ حەزدەکەم بە یەك ڕۆژ تەواو بێت و تەواو، بەڵام لەرووی عەمەلییەوە ئێمە بۆمان دەرکەوتووە، ئەوە وەکو بەڕێزان باسی دەکەن هەیە چەند ساڵێکە لەوێیە بەڕاستی راست دەکەن، وایە، یەعنی دەست و پێمان نەبەستڕێتەوە بە دەقێکی قانونی کە بۆمان نەکرێ وەکو هی زیندانە سیاسییەکان، یەعنی ئەوە بۆ تاریخ بابمینێتەوە، لەرووی عەمەلییەکەوە ئێمە پێمان باشە (90) ڕۆژ، ئەوەی باسکرا کە هی کەسوکاری شەهیدیش زیاد بکرێ، ئەویش راستە، جارێ تا هەواڵەکەی پێدەگاتەوە، هەتا وشیار دەبێتەوە، سی ڕۆژ تێپەڕیوە، یەعنی

ئەوەش زیاد بکرێ، بکرێ بە (60) رۆژ بۆ ئەوان وەکو حەقێك ئەویش هەر باشە، یەعنی ئێمە پێمان وایە لە (90) رۆژ کەمتر نەبێ، ئەمە یەك، دوو، مەسەلەی سەرۆکی لیژنەکەش کێ بێ، دەبێ شارەزا بێ، بەڵام دەکرێ ئەو دەقە زیاد بکرێ بە پلەیەکی تایبەت، یەعنی بەڕێوەبەری گشتی بێ یان راوێژکار بێ، بە پلەی تایبەت، ئەوەیان شتێکی باشە، دەکرێ، لەو لیژنەیە لەپارێزگاکان خۆیان نوێنەریان هەیە، بەڵام بەڕێوەبەری گشتیی نییە، یەعنی دەتوانن تەعن لێ بدەن، بەڕێوەبەرە گشتییەکە خۆی ئەندام نییە، دەتوانن تەعن لەو بدەنەوە، مەسەلەی پەسەندکردنی لەلایەن وەزیرەوە، ئەمە یەعنی زۆر سیاسی تێدایە ئەم پرۆسەیە، من بە سەراحەت پێتان بڵێم، یەعنی مەسەلەی شەهیدان زۆر، زۆری تێدایە، ئەگەر باش تەرازووەکەی رانەگیرێ، کۆنترۆڵ نەکرێ کە دێتەوە لای ئێمە وەکو بڵێین ئیمزای وەزیر زۆری پێناچێ، ئەو برادەرانە دەزانن، لیژنەکە تەواو دەبێ، زۆر بەخێرایی ئێمە لەگەڵ لیژنەکە باسی دەکەین و تەواو دەبێ، یەعنی لای ئێمە مودە زەمەنییەکەی زۆر، زۆر کەمە، لای وەزیر، بەڵام لای لیژنەکان زۆرە، یەعنی ئەو (90) رۆژە، یەعنی زۆربەی لەوانەیە (85) رۆژی، (86) رۆژی لای هینەکە بێت، رۆژێك یان چەند رۆژێکی لای وەزیر بێ، بۆیە داواکارین مەمان بستنەوە بە دەقێك بەراستی بۆمان نەکرێ و بەیانی گلەیی بێتە سەرمان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان، دیارە بۆ مەعالەجەی دەرەجەکە لەبەر ئەوەی ئەو مۆزەفە ئێعتراز دەکا لە قەرارێکی مودیر عامی مەحافەزات، بۆیە تەنها ئەو پێشنیار دەکەین کەوا بڵێین دەرەجەکەی کەمتر نەبێ لەمودیر عام، بەوە کۆتایی پێ دەینین، بەڵام بۆ مودەکە سێ پێشنیار هەیە، پێشنیارێك هەیە (30) رۆژەکە بمێنێ، پێشنیارێك هەیە (60) رۆژ بمێنێ، پێشنیارێك هەیە (90) بمێنێ، دوورەکە ئەوەیە کە (90)کەیە، فەرموو کاك عەونی.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەندێك تەوزیحاتی قانونی بدەم سەبارەت بە یاسایەکە، دووبارەی دەکەمەوە تەعبیری (ذي مصلحة) برادەران قسەیان لەسەر کرد، تەبعەن (ذي مصلحة) موستەڵەحەیەکی قانونییە، لەقانونەکە بەکارهاتووە، دەبێ لێرەش بەکاری بێنین، ئەوە یەك، دوو، تەزەلوم موستەڵەحەکی قانونییە بەعەرەبییەکەی لە قانونی مورافەعاتی مەدەنی بەکارهاتووە، لە قانونی ئسبات بەکارهاتووە، لەقانونی تەنفیز بەکارهاتووە، ئەوقانونەی کە کاری پێدەکرێ لە هەرێمی کوردستاندا، کاتی دەرکردنی ئەم یاسایە قانونی ئەنجومەنی شورامان دەرنەکردبوو، واتە لێرە لە بیدایەت کە ئیشارەتمان پێدا، بە تەعبیر برادەران ئیشارەتیان پێدا کە مەحکەمەی بیدائەیە، مەحاکمی بیدائە نییە، بە هەڵەیەکی مەتبەعی لەقانونەکە ناوی مەحاکمی بیدائە هاتووە، دوایی سەرۆکایەتی پەرلەمان تەعمیمەکی بەناوی سەرۆکایەتی پەرلەمان بڵاوکردەوە کە لەو قانونە ناوی مەحاکم بیدائە بوویتە مەحاکمی ئەحوالی شەخسی، ئەحواڵی شەخسی تانەدان لە قەراراتی

مەحاكمی چ ئەحواڵی شەخسی بێ، چ بیدائە بێ، بەپێی ڕێكاری یاسایی ئەگەر لە مەحاكمی ئەحواڵی شەخسی بێ، مودەی تەعن لە قەراراتی ئەو مەحاكمە بەنیسبەت ئەحواڵی شەخسی لەلایەن مەحكەمەی تەمیز دەبێتن، ئەگەر ببێتە مەحاكم بیدائە وەزعەكە دەگۆڕێتەوە، مەحاكمی بیدائە قەراراتەكەی قابیلی ئیستیئنافە لە مەحكەمەی ئیستیناف بە گوێرەی نەوعییەتی دەعوا، یان تەزەلومە، تەبیعی تەزەلومەكەش مودەی قانونی دیارە لە قانونی مورافەعات یان لە قانونی تەنفیز، یان لە هەر قانونی بابەتەكە كە ئیشارەتی بە كەلیمەی تەزەلوم دایە، مەحاكمی تەمیزیش ماوەی تەعن لە قەرارات لەو ماوەی كە تەقدیم دەكرێ عادەتەن (30) ڕۆژە، كەم قانون هەیە ماوەكەی زیاد كردبێتن، مەحكەمەی تەمیزیش كە ئەرك و ئیشی زۆرە، قەراراتەكان كە دەڕوا بۆ تەمیز هەیئات هەیە تەبعەن هەیئاتی موعەیەن تەماشا ئەو كەیسانە دەكا دەتوانن بڕیاری خۆیان لەسەر بدەن، سەبارەت بەو یاسایەی كە ئێستا ئێمە كاری لەسەر دەكەین ئەندامانی پەرلەمان پێیان باشە كە مەحاكمی بیدائە هەڵبستێ بەكارەكان، ئەگەر مەحاكمی بیدائە هەڵبستێ بەكارەكان دەبێ ئەوەش بخرێتە دەنگدانەوە هەتا بتوانن ئایا مەحاكمی بیدائە بەو واجبانە هەڵبستێ یان مەحاكمی ئەحواڵ شەخسی؟ ئەویش بە دەنگدان دەبێ یەكلا بكرێتەوە، واتە بتوانین یاسایەكە یان قانونەكە یان ئەم هەمواركردنە كە ئێستا لەبەر دەممانە بیگونجێنین لەگەڵ ئەو پێشنیارانەی كە پێشكەشكرا، پێشنیارەكان: ئایا مەحاكم بیدائە بەو كارە هەڵبستێ یان مەحاكمی ئەحواڵ شەخسی؟ هەتا بتوانین سیاغەكەی بگونجێنین بەگوێرەی تەڵەبە، ڕەئی ئێمە وەكو لیژنەی قانونی قانونەكە وەكو خۆی بمێنێتەوە، مەحاكمی ئەحواڵ شەخسی، بۆ؟ لەبەر ئەوەی بابەتەكە پەیوەندی بە كەسایەتی شەخسەكانە، كە كەسوكاری شەهید و ئەنفالكراوەكانە زیاتر علاقەتی بابەتییە بە مەوزوعی ئەحواڵ شەخسی نەك مەحاكمی بیدائە، سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو كاك عەونی.

**بەڕێز عونی كمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

خۆی دەكرێ جەنابی سەرۆكی پەرلەمان، ئەندامانی پەرلەمان، دەكرێ بڵێین ئەو بابەتانەی كە پەیوەندی بە مەحاكمی بیدائە هەیە ئیلتیزاماتی مالی تێدایە، لە مەحاكم بیدائە تەماشا بكرێ، بەڵام ئەوانەی تر كە پەیوەستە بە قەسامی شەرعی یان وەسایە یان وەقفە یان هەر ئیجرائاتێكی خاسە بە ئەحواڵی شەخسی ئەوە دەبێ مەحكەمەی ئەحواڵی شەخسی بیبینێتەوە نەك مەحكەمەی بیدائە، بەڵام ئەگەر بڵێی لێرە مەحكەمەی موختەسە خۆ دەكرێ جیاوازی دەكرێتن، قانونەكانیش ئیعتیادییە بڵێین دەگەڕێتەوە سەر بابەتی دەعوایەكە، چ لەلایەن مەحكەمەی ئەحواڵ شەخسی بێت یان چ لە لایەن مەحكەمەی بیدائە بێت، بە گوێرەی نەوعی دەعوایەكە، سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان، ئێمە دەزانین رای جیاواز هەیە، بۆیە دەبێ بە دەنگدان یەکلایی بکرێتەوە، داوا لە لیژنەی یاسایی دەکەم کامەی دووره ئەوەی بخاتە دەنگدانەوە، فەرموو د. عمر.

**بەڕێز د. عمر محمد امین (نورەدینی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دوای ئەم تەوزیحە دەرکەوت کە هەردوو مەحکەمە مەسەلەن دەکرێ سەیری بکەن، بۆیە بڵێین مەحکەمەی موختەسە هەردووکیان دەگرێتەوە و بەمشێوەیە حەسم دەبێ باشترە، سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو ئاهەنگ خان.

**بەڕێز ئاهەنگ عارف رووٌف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، من تەرجیحی فکرەکەی کاك عەونی دەکەم، دەبێ مەحکەمەی ئەحواڵی شەخسی بێت، من خۆم شەخسییەن دەزانم بۆ شەهیدەکی دوو قەسام شەرعی دەرچووە، کە لە دونیایێ شتی وا نییە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵکو یەکیان غەڵەت بوو بێ، فەرموو کاك شوان.

**بەڕێز شوان عبدالكريم جلال:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە هەموارەکە دەڵێ مەحاکمی موختەسە، من پێموایە ئەوە حەلێکی باشە، هەرجۆرە مەحکەمەیەك بێت لە موختەسە یەکلا دەبێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز سکرتێری پەرلەمان موداخەلەیەکی هەیە، فەرموو.

**بەڕێز فرست احمد عبدالله/ سکرتێری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەگەر بێین تەماشای دەرچوونی ئەم قانونە بکەین کە تەقریبەن شەش، حەوتساڵە دەرچووە، خیلالی ئەو شەش، حەوت ساڵە مەحکەمەی ئەحواڵی شەخسی موختەس بوو، مەوزوعی ئیختیساس زۆر موهیمە لە مەحاکم، نەوعە خیبرەتەك پەیدا بووە بە نیسبەت حاکم، بە نیسبەت مەعاونی قەزائی، بەنیسبەتی

مۆزەڤ مەحکەمە، ئەوە لەلایەك، لەلایەکی تریش نەوعە ئیستقرارەك پەیدا دەکات لە قەراراتی مەحاکم، شەش ساڵ قەرارات لە مەحکەمەیەکی موعەیەن دەربچێتن، پاش شەش ساڵ ئێمە ئیختیساسەکە بگۆڕین بۆ مەحکەمەیەکی تر، بەڕەئی من شتێکی رەوا نییە، ئێحتیمال هەیە حیجەجی کاك عومەر عبدالرحمن راست بێ لە هەندێك شت، بەس بە رەئی من ئیستقراری قەراراتی مەحاکم و خیبرە و ئیختیساس زۆر، زۆر موهیمە، ئەگەر وەك خۆی بمێنێتن ئێحتیمال هەیە باشتر بێتن، خەڵکیش فێری ئەو مەحکەمە بووینە، بۆ ئەو نەوعە قەزیانە، ئێستا رێگەیان بگۆڕین بۆ مەحکەمەیەکی تر ئێحتیمال هەیە زۆر باش نەبێتن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێستا ئەوە دەخەینە دەنگ، کە بابەتەکە بمێنێ لای مەحکەمەی ئەحواڵی شەخسی، ئەگەر دەنگی نەهێنا......، فەرموو کاك عونی.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تێبینم لەسەر قسەکانی برای بەڕێزم کاك عمر عبدالرحمن، ئەو مەوزوعەی کە قسەی لەسەر دەکا، مەوزوعەکی مالی سرفە، پەیوەندی بەو قانونەی نییە کە ئێمە ئیشی لەسەر دەکەین، ئیلتیزاماتی مالی تێدایە، لێرە بە قانونی ئەحواڵ شەخسی تەسبیت دەکرێ و کو وەردەگیرێ و کێ مەشمولە؟، ئەو لیژنانەی کە لە وەزارەتی شەهید و ئەنفالکراوەکان کاری لەسەر دەکەن، تەحدیدی دەکەن، رێگای تەعنەکە کوە؟، هەمووی دیاری کرایتەوە، بەڵام ئەگەر هاتو کەسی شەهید یان موئەنفەل ماڵی هەبێ، موڵکی هەبێ، کێشەی هەبێ، ئەوا پەیوەندی بەو قانونەی نییە، دەتوانن خۆیان کەسەکان موراجەعەی مەحکەمەی بیدائە بکەن، داوا تۆمار بکەن، بەگوێرەی رێکارەکانی یاسایی بەدواداچوونی بۆ بکەن و کاری خۆیان ئەنجام بدەن، سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو جەنابی وەزیر.

**بەڕێز صباح احمد محمد (ئارام)/وەزیری کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێزان ئەم بابەتە زۆر لەگەڵ لیژنەی یاسایی ئەنجومەنی وەزیرانیش تاوتۆ کراوە، یەعنی بەڕای ئێمە مەحاکمی موختەسە بێ باشترە، ئاسانکاری زیاتر بۆ کەسوکاری شەهیدان دروست دەکا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێستا ئەو دوو رایە بخرێتە دەنگدانەوە کاك عونی، فەرموو.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وادیارە بۆ چوونی جیاواز هەیە، ئایا ببێتە مەحاکمی موختەسە یان مەحاکمی ئەحواڵ شەخسییە؟

**بەڕێز حسن محمد سورە/جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کامەیان دوور ترە؟

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەپرۆژەکە هاتووە مەحاکمی موختەسە، لەقانونی ئەصڵەکە مەحاکمی ئەحواڵ شەخسییەیە.

**بەڕێز حسن محمد سورە/جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو بەڕێز سکرتێری پەرلەمان.

**بەڕێز فرست احمد عبدالله/ سکرتێری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە با لێرە حەسمی بکەین بەراستی باشترە، مەحاکم موختەسە سبەی دوور نییە مەجموعەیەك ئیجتیهادات بێنە پێش ببتە نیزاع لەنێوان مەحکەمەکان، مەحکەمەی تەمیز حەلی بکات کامە مەحکەمە موختەسە، ئێمە مەخسەدمان چییە با لێرە روونی بکەین و بڕیاری لەسەر بدەین، پێش ئێستا لە مەحکەمەی ئەحواڵی شەخسی بوو، پێشنیارێك هەیە ببێتە مەحکەمەی بیدائە، با لێرە بە تەسویت حەسمی بکەین، یان مەحکەمەی ئەواڵ شەخسییە یان مەحکەمەی بیدائە، باشترە کو موستەڵەحەکە غامز بێڵین و لە خەڵکەکەش تێکی بدەین و لە عائیلەی شەهیدەکانیش تێکی بدەن، نەزانن موراجەعەی کامە مەحکەمە بکەن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز جەنابی وەزیر ئەگەر موسڕبن لەسەر پێشنیاری خۆتان دەیدەینە دەنگدان؟ ئێستا دوورترینیان ئەوەیە کە بدرێتە مەحکەمەی موختەس، کێ لەگەڵ ئەوەیە کە بکرێ بە مەحکەمەی موختەس؟ تکایە دەست بەرز بکاتەوە، زۆر سوپاس، (18) ئەندام لەگەڵە، کێ لەگەڵدانییە؟ تکایە دەستی بەرز بکاتەوە، زۆر سوپاس، (37) ئەندام لەگەڵ نییە.

ئێستا مەحکەمەی بیدایە دەخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵ ئەوەیە بکرێ بە مەحکەمەی بیدایە؟ تکایە دەست بەرز بکاتەوە، زۆر سوپاس، (1) ئەندام لەگەڵە، کەوایە وەك خۆی مایەوە، مەحکەمەی ئەحواڵ شەخسی پەسەند کرا، فەرموو بۆ پێشنیارێکی تر.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماوەی تانەکە، یەکەم دەڵێ (30) ڕۆژ بێت، دووەم (45) ڕۆژ، سێیەم (60)، چوارەم (90)، یەکە، یەکە ئەمانە با بخرێنە دەنگدانەوە.

**بەڕێز حسن محمد سورە/جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

دوورترینیان ئەوەیە (90) ڕۆژ بێت، کێ لەگەڵ ئەوەیە کە ماوەی تانەکە (90) ڕۆژ بێت؟ تکایە دەستی بەرز یکاتەوە، زۆر سوپاس، (27) ئەندام لەگەڵ ئەوەیە ماوەکە بکرێ بە (90) ڕۆژ، کێ لەگەڵدانییە؟ تکایە دەست بەرز بکاتەوە، زۆر سوپاس، پێشتر ژماردم (30) ئەندام دەستی بەرز کردبوو، ئێستا زۆر، زۆربوو، بۆیە (90) ڕۆژ ڕەفز کرا.

کێ لەگەڵ ئەوەیە (60) ڕۆژ بێت؟ تکایە دەستی بەرز بکاتەوە، زۆر سوپاس، (47) ئەندام لەگەڵ ئەوەیە کە (60) ڕۆژ بێت، کێ لەگەڵدانییە کە (60) ڕۆژ بێت؟ تکایە دەست بەرز بکاتەوە، زۆر سوپاس، (14) ئەندام ڕەفز دەکات کە (60) ڕۆژ بێت.

ئێستا (30) ڕۆژەکە دەخەینە دەنگدان، بۆ ئەوەی بزانین لە (30) ڕۆژەکەش، چونکە ئەم پێشنیارە (47) بەئیجابی لەگەڵی بوون. کێ لەگەڵ ئەوەیە کە (30) ڕۆژ بێت؟ تکایە دەست بەرز بکاتەوە، زۆر سوپاس، (13) کەس لەگەڵ ئەوەیە کە (30) ڕۆژ بێت، کەواتە (60) ڕۆژ دەبێت، لەبەر ئەوەی زۆرینەی ئەندامانی پەرلەمان دەنگیان بۆ (60) ڕۆژدا، جەنابی وەزیر لەسەر داڕشتنی (60) ڕۆژەکە قسەیەکی هەیە، با جەنابیان بفەرموێ.

**بەڕێز صباح احمد محمد (ئارام)/وەزیری کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

یەك داواکاری زەحمەت نەبێ، داوا بکرێ بکرێت بە (60) ڕۆژی کار، تۆ لە نەورۆزدا چەندێك عوتڵەو هینە، زۆر، زۆر پشوو هەیە بەڕاستی، سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز جەنابی وەزیر دەیەوێ (90) ڕۆژەکەی خۆی تەسبیت بکات، (60) ڕۆژ تەسبیت بووە (60) ڕۆ ژی ڕۆژ، ئێستا پێشنیاری ئیدارەکە، فەرموو لیژنەکە.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە لیژنەکە سیاغەیەکمان ئامادە کردووە، ئەگەر ئەندامانی پەرلەمان پێیان باشبوو ئەو کات قسەی لەسەر دەکەین، (تشکل لجنة برئاسة مودير عام خدمات شؤون الشهداء و المؤنفلين وعضوية كل من مودير الشؤون القانونية، مدير شؤون الشهداء، مدير شؤون المؤنفلين، مدير شؤون الاحصاء والبحث)، لەبەر ئەوەش نابێ ئەو لیژنەیەش کە لە پڕۆژەکەدا هاتییە دەرەجەی مودیر بێت، تەدقیقی ئیشی مودیر عام بکات، کە لەدەرەجەی وی گەورەترە لەلایەنی وەزیفی، دوو، ژمارەی ئەندامەکان لەوێ دیاری نەکرایەتەوە، واتە کراوەیە، مەعلوم نییە ئایا بە چ نەوعەك قەرارتیان دەردێ و ژمارەکەیان چەندە و کێیە؟، تەنها بڵێین

مۆزەفی قانونی بێت یان بەو شکلەی کە لە پرۆژەکەدا هاتییە بە مەعقولی نازانین ئێمە لە لایەنی قانونی عەمەلیش، زۆر سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

تەنها جەنابی وەزیر ڕێگای پێدەدەین لەسەر ئەو پێشنیارە قسە بکات، دوایی دەیخەینە دەنگدان، فەرموو.

**بەڕێز صباح احمد محمد (ئارام)/وەزیری کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەم کارە ناکرێ بە یەك کەسەوە ببەسترێتەوە، بڵێ بەڕێوەبەری گشتی دیوان یان بەڕێوەبەرایەتی گشتی شەهیدان، جاری وا هەیە ئەو بەڕێوەبەر، ئەو شارەزایی و توانایەی نییە، ئەمە بە عەمەلی بۆمان دەرکەوتووە، یەعنی ببیەستیتەوە هەم بەو (60) رۆژە کارەکە ناکرێ، دوا دەکەوێ، گلەیی زۆر دەبێ، لەرووی عەمەلییەوە ناکرێ، بەڵام ئەگەر بڵێی لە پلەی بەڕێوەبەری گشتی کەمتر نەبێ، ئەوە مروونەتێکە و دەتوانی راوێژکار دابنێی، بەڕێوەبەرێکی گشتی دابنێی، کارەکە باشتر و ئاسانتر دەڕوات، سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

خۆی دوو ڕێگا هەیە، ڕێگایەکە ئەوە هەموو لیژنەکە تەحدید بکرێ، وەکو لیژنەی یاسایی باسی کرد، یانیش وەکو سیاغەکەی وەزیر کە پێشنیاری کردووە، بەڵام بڵێین سەرۆکی ئەم لیژنەیە پلەکەی لە مودیر عام کەمتر نەبێ، ئیتر بزانین لیژنەی یاسایی......، فەرموو.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دەتوانین سیاغەکەی بەم شکلەی بنووسین (تشکل لجنة برئاسة مودیر عام خدمات الشؤون الشهداء و المؤنفلین وعضویة کل من مدیر شؤون القانونیة، مدیر شؤون شهداء، مدیر شؤون المؤنفلین، مدیر شؤون الاحصاء والبحث)، سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو د. عمر.

**بەڕێز د. عمر محمد امین (نورەدینی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەڕاستیدا لە مەشروعی هەموارکردنەکەدا بە تەحدید ئەوە نەهاتووە، هەروەها هیچ کامیش لە ئەندامانی بەڕێز پێشنیاری ئەوەیان نەکردووە تەسمییەکە بە دەقیقی ناوی ئەو مۆزەفە بێت، سێ، حیکمەت لە هەموارەکە ئەوەیە کە حەسر نەکرێ، چونکە لە رابردوودا حەسر کراوە بە یەك کەسەوە و ئێستا پێی ناکرێ، بۆیە بەڕاستی هەوڵبدەین ئەو سیاغەی کە بڵێین پلەکەی لە بەڕێوەبەری گشتی کەمتر نەبێ و پاشان

هەمووشتێك بمێنێتەوە بۆ وەزیر و وەزارەت بۆ ئەوەی كە بەشێوەیەك تەشكیلی بكات كە بتوانێت كار بكات، سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو كاك عمر، بفەرموون بۆ سەر مەنەسە.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەو پێشنیارەی كە جەنابی وەزیر پێشكەشی كرد لەسەر ئەوەی كە ئەو لیژنەیە بەسەرۆكایەتی یەكێ بێ پلەكەی لە مودیر عام كەمتر نەبێ، زۆر راستە، زۆر مەنتیقییە جائیزە ئەوەی كە تەسمییە بكرێ بڵێ مودیر عامی فلان جیهەت، بەڵام خێرە و كە فائەی نەبێ لەم ئیشە كە بۆی تەخسیس دەكرێ، لەبەر ئەوە ئەوها پێویستە كە جەنابی وەزیر باسی لەسەر كرد، لە ئەصڵی یاساكەش هاتووە مودیری عامی شئوونی ئیداری ئەوە لابدرێ، هەر بڵێ (بدرجة مدير عام وعضوية عدد من موظفي الوزارة)، لەوانەیە چەند مۆزەفێكی وەزارەت پێشتر لەمە ئیشیان كردووە دەرەجەشیان مودیر نییە، بەڵام موختەسن لەو ئیشە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

ئێستا خۆی حەقیقەتە، ئێمە قسەمان لەسەر ئەوە كرد تەنها سەرۆكی لیژنە پلەكەی لە مودیر عام كەمتر نەبێ، بەڵام هیچ كەس داوای نەكرد تەسمییە هەبێ لە ناوەكانی تر، حەقیقەتی تێدایە، بۆیە داوا لە لیژنەی یاسایی دەكەین تەنها سەرۆكی لیژنە....، فەموو كاك كاردۆ.

**بەڕێز كاردۆ محمد پیرداود:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

دوای ئەوەی ئەندام پەرلەمانە بەڕێزەكان موناقەشەی دەكەن دەگەینە سەر پێشنیار برادەرێك لەناكاو دەڵێ كاكە من شتێكم هەیە دێین دەڵێن سیاغەی شتەكەی ئەو بكەن، چۆن شتی وا دەبێ؟ یەعنی تۆ دوای موناقەشەیەكی زۆری چەندین پەرلەمانتار لەپڕ برادەرێك راست دەبێتەوە دەڵێ وەڵڵا واباشە هەندەك بۆی سیاغە بكەن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێزان، ئێمە پێشنیار لە ژمارەی ئەندامان وەردەگرین، سێ ئەندامی پەرلەمان پێشنیاری شتێك بكەن ئەم پێشنیارە وەر دەگیرێ، لە هەمان كاتدا جەنابی وەزیر بۆ خۆی پێشنیاری تری هەیە، لیژنەی موختەسیش لێرە لە سێ كەس زیاتر دانیشتوونە، یەعنی ئەوانیش پێشنیاری خۆیان هەیە، بۆیە جێی خۆیەتی دوورترین پێشنیار بخرێتە دەنگدانەوە، كاك عونی فەرموو.

**بەڕێز عونى كمال سعيد بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆكى پەرلەمان.**

**ماددەى سێيەمى پرۆژەكە بەمشێوەيە:**

**المادة الثالثة:**

**اولاً: تشكل لجنة برئاسة موظف لايقل درجته عن مدير عام من ذوي الخبرة والاختصاص وعضوية اربعة من موظفي الوزارة لاتقل درجتهم عن مدير على ان يكون احدهم قانونياً للنظر في الاعتراضات المقدمة من قبل ذوي الشهداء والمؤنفلين على القرارات الصادرة من المديريات العامة في المحافظات وتصدر قراراتها بالاغلبية وتخضع لمصادقة الوزير.**

**ثانياً: تتولى اللجنة المشكل اعلاه المهام التالية:**

**1- البت في الاعتراضات المقدمة من قبل ذوي الشهداء والمؤنفلين لغرض شمولهم بأحكام هذا القانون.**

**2- يحق لكل شخص ذي مصلحة التظلم لدى اللجنة الخاصة من القرار الذي اصدرته خلال (30) يوماً من تاريخ التبلغ بالقرار او اعتباره مبلغاً.**

**3- على اللجنة الخاصة الرد على التظلومات المقدمة اليها خلال مدة لا تتجاوز (60) يوماً من تاريخ تقديمها.**

**4- يحق لكل شخص ذي مصلحة اللجوء الى محاكم الاحوال الشخصية لاثبات شموله بأحكام هذا القانون بعد اصدار اللجنة قرارها برفض التظلم ويعفى مقدم الطلب من الرسوم العدلية.**

**5- يكون قرار محاكم الاحوال الشخصية قابلاً للطعن امام محكمة التمييز خلال مدة (30) يوماً اعتباراً من تاريخ التبلغ بالقرار او اعتباره مبلغاً.**

**بەڕێز حسن محمد سورە/جێگرى سەرۆكى پەرلەمان:**

**بەڕێزان، ئێستا دەيخەينە دەنگەوە، بەم شێوەيەى ئەو ماددەيە خوێندرايەوە كێ لەگەڵدايە؟ تكايە دەستى بەرز بكاتەوە، زۆر سوپاس، (44) ئەندام لەگەڵە، كێ لەگەڵ نييە؟ تكايە دەست بەرز بكاتەوە، زۆر سوپاس، (9) ئەندام لەگەڵ نييە، كەواتە بەزۆرينەى دەنگ ئەم ماددەيە پەسەند كرا، فەرموو بۆ ماددەيەكى تر.**

**بەڕێز صباح بيت الله شكرى:**

**بەڕێز سەرۆكى پەرلەمان.**

**المادة (5):**

**اولا: تعدل الفقرة الفرعية (3) من الفقرة ثانيا من المادة الخامسة وتقرأ كالآتي:**

**(3- الابن و البنت: اذا لم يكونوا يتسلموا اي راتب اخر من القطاع الحكومي).**

**ثانيا: تعدل الفقرة الفرعية 4 من الفقرة ثانيا من المادة الخامسة وتقرأ كالآتي:**

**(4- يستثنى الاولاد العاجزين من الشروط الواردة في الفقرة الفرعية (3) اعلاه).**

**ثالثا: تعدل الفقرة الفرعية (6) من الفقرة ثانيا من المادة الخامسة وتقرأ كالآتي:**

**(6- الاخوه والاخوات: اذا لم يكونوا يتسلمون اي راتب اخر من القطاع الحكومي).**

رابعا: تضاف فقرة فرعية جديدة الى الفقرة ثانيا من المادة الخامسة وبتسلسل 7 وتقرأ كالآتي

(7- يستثنى اخوة وإخوات الشهيد والمؤنفل العاجزين من الشرط الوارد في الفقرة الفرعية (6).

خامسا: تعدل الفقرة ثانيا من المادة الخامسة وتقرأ كالآتي:

ثالثا:

1- تصرف مستحقات الوالد والوالدة مدى الحياة.

2- تصرف مستحقات (الزوج) او (الزوجة) مدى الحياة بشرط عدم الزواج مرة اخرى.

3- يوقف صرف مستحقات زوج او زوجة الشهيد الذين تزوجوا مرة اخرى اذا كان للشهيد وارث من الدرجة الاولى وتصرف لهم منحة، اما اذا لم يكن للشهيد وارث من الدرجة الاولى فيقسم الراتب بين الوارث من الدرجة الثانية و (زوج) او (زوجة) الشهيد الذين تزوجوا مرة اخرى.

سادسا: تعدل الفقرة خامسا من المادة الخامسة وتقرأ كالآتي:

خامسا:

تصرف المستحقات كلها للابن والبنت طيلة حياتها اذا كان اي منها الوارث و المستحق الوحيد.

سابعا: تعدل الفقرة سادسا من المادة الخامسة وتقرأ كالآتي:

سادسا: يستثنى اولاد واخوة واخوات ضحايا الابادة الجماعية من الشروط الوارده في الفقرتين الفرعيتين (3، 6) من الفقرة الثانية من هذه المادة.

**بەڕێز حسن محمد سوره / جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو بەكوردییەكەی.

**بەڕێز د. ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەڕێزان، كوردییەكە چۆن نووسرایە ئەوها دەخوێنمەوە، ئەصڵی پرۆژەكەیە كە پێشكەش كرایە، ماددەی چوارەم هەمواركردنەوەی ماددەی پێنجەمە.

یەكەم: بڕگەی سێ لە بڕگەی دووەمی ماددەی پێنجەم هەموار دەكرێت بەم شێوەیە:

3- كوڕ و كچ: ئەگەر هیچ مووچەیەكی تر لە كەرتی حكومی وەرنەگرن).

دووەم: بڕگەی چوار لە بڕگەی دووەمی ماددەی پێنجەم هەموار دەكرێت بەم شێوەیە:

4- منداڵی پەككەوتە بەدەر دەكرێن لەو مەرجەی لە بڕگەی (3)ی سەرەوەدا هاتووە.

سێیەم: بڕگەی شەش لە بڕگەی دووەمی ماددەی پێنجەم هەموار دەكرێت بەم شێوەیە:

6- براو خوشك: ئەگەر هیچ مووچەیەكی تر لە كەرتی حكومی وەر نەگرن.

چوارەم: بڕگەیەكی نوێ بۆ بڕگەی دووەم لە ماددەی پێنجەم بەریزبەندی بڕگە حەوت زیاد دەكرێت.

7- برا و خوشكی شەهید و ئەنفالكراوی پەككەوتە بەدەر دەكرێن لەو مەرجەی لە بڕگە شەش دا هاتووە.

پێنجەم: بڕگەی سێیەم، ماددەی پێنجەم هەموار دەكرێت بەم شێوەیە:

سێیەم:

1- شایستەکان واتە (مستەحەقاتی دایکی و باوك) هەتا ماون بۆیان سەرف دەکرێت.

2- شایستەکانی مێرد یان ژن هەتا ماون بۆیان سەرف دەکرێت، بەمەرجێك جارێکی تر هاوسەرگیری نەبەستنەوە.

3- شایستەکانی مێرد یان ژنە شەهید ئەوانەی دووبارە هاوسەرگیری دەکەن رادەگیرێت و ئەگەر شەهید میراتگرێکی پلە یەکی هەبێت ئەوا مینحەیەکی بۆ سەرف دەکرێت، بەڵام ئەگەر شەهید میراتگرێکی پلە یەکی نەبوو مووچەکەی لەنێوان میراتگری پلە دوو مێرد یان ژنی شەهید کە جارێکی تر هاوسەرگیری دەکات دابەش دەکرێت.

شەشەم: بڕگەی پێنجەمی ماددەی پێنجەم هەموار دەکرێت بەم شێوەیە:

سەرجەمی شایستەکان واتە موستەحەقات بۆ کوڕ یان کچ هەتا لە ژیاندا ماون بۆیان سەرف دەکرێت، ئەگەر یەکێکیان تاقە میراتگر و شایستە بێت.

حەوتەم: بڕگەی شەشەمی ماددەی پێنجەم هەموار دەکرێت بەم شێوەیە:

منداڵ و برا و خوشکی قوربانیانی جینۆساید لەو مەرجەی لە هەردوو بڕگە (3، 6)ی بڕگەی دووەمی ئەم ماددەیەدا هاتوون بەدەر دەکرێن.

**بەڕێز حسن محمد سورە/جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو لیژنەی هاوبەش رەئیتان.

**بەڕێز محمد احمد علی (شارەزووری):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

رەئی هەردوو لیژنە ئەم راپۆرتەیە کە دەیخوێنمەوە بۆ بەڕێزتان.

سەبارەت بەماددەی چواری پرۆژەکە پێشنیاری ئەم داڕشتنەوەیە دەکەین.

یەکەم: هەموار کردنەوەی بەندەکانی (3، 4، 6) لە بڕگەی سێیەمی ماددەی پێنجەمی یاسایەکە بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە:

3- حکومەکانی بەندی (3، 4، 6)لە بڕگەی سێیەمی ماددەی پێنجەم بەسەر منداڵی شەهیدی سەنگەردا جێ بەجێ ناکرێت، ئەمە ئەگەر روونکردنەوەیەکی لەگەڵدا بدەم، بۆ ئەوەی تەوزیحێك بێت بۆ هەڤاڵان، چونکە لە ئەصڵی پرۆژەکە منداڵی شەهید و ئەنفالی بەدەر کردووە لە یاسا، ئێمە ئێستا شەهیدی سەنگەریشمان بۆ زیاد کردووە.

4- ئەو مەرجەی لە بەندی سێی سەرەوەدا هاتووە بەسەر منداڵی کەسانی پەککەوتە جێ بەجێ نابێت.

شەش: خوشك و برایەکان ئەگەر هیچ مووچەیەکی تر لە کەرتی تایبەتی حکومی وەرنەگرن.

دووەم: بەندێك بەریزبەندی حەوت بۆ بڕگەی دووەمی ماددەی پێنجەمی یاسایەکە زیاد دەکرێت و بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە:

7- خوشك و برای شەهید و ئەنفالكراوان و كیمیا باران ئەگەر پەككەوتە بن ئەو مەرجانەی سەرەوەی بەسەردا جێ بەجێ ناكرێت كە لە بەندی شەشی سەرەوەدا هاتووە.

سێیەم: هەمواركردنەوەی برگەی سێیەمی ماددەی پێنجەمی یاسایەكە بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە:

1- ئیمتیازاتی باوك و دایك بە درێژایی ژیان خەرج دەكرێت.

2- خەرجكردنی ئیمتیازاتی هاوسەر یان هاوسەری شەهید بە درێژایی ژیان بەو مەرجەی هاوسەرگیری نەكاتەوە.

3- راگرتنی خەرجكردنی ئیمتیازاتی هاوسەر یان هاوسەری شەهید ئەگەر هاتو هاوسەرگیری كردەوە، ئەگەر شەهیدەكە وارسی پلە یەكی هەبوو مینحەیەكی بۆ خەرج دەكرێت، بەڵام ئەگەر شەهیدەكە وارسی پلە یەكی نەبوو ئەوا راتبەكەی لە نێوان وارسە پلە دووەكان دابەش دەكرێت.

چوارەم: هەمواركردنەوەی برگەی پێنجەم لە ماددەی پێنجەم بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە:

5- خەرجكردنی ئیمتیازاتەكان بۆ هەموو كور و كچەكانی كە لەژیاندا ماون، ئەگەر هەر یەكێكیان وارسی تەنیای شەهیدەكە بن، واتە تاقانە.

پێنجەم: برگەی پێنجەمی ماددەی شەشەم هەموار دەكرێتەوە بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە:

6- منداڵ و خوشك و براكانی قوربانیانی كۆمەڵ كوژیەكان و منداڵی شەهیدی سەنگەر ئەو مەرجە نایگرێتەوە كە لە بەندەكانی (3، 6)ی برگەی دووەمی ئەم ماددەیەدا هاتووە.

**بەڕێز حسن محمد سورە/جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو جەنابی وەزیر.

**بەڕێز صباح احمد محمد (ئارام)/وەزیری كاروباری شەهیدان و ئەنفالكراوان:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەبارەت بەم ماددەیە تێبینی من ئەوەیە خۆی ئەوە بووترابایە (اولا: تعدل البند ثانیا)، بەندی دووەم و سێیەم و چوارەم و شەشەم من الفقرة الثانية، نەك الثالثة، خۆی فەقەرە (ثالثة) هیچی تێدا نییە لەو بەندانە، دەبێ بكرێ بە (الفقرة الثانية) جا (تعدل البند الثاني)، یەعنی بەندی دووەم زۆر گرینگە، یەكێك لە كێشە گەورەكانمان ئەوە بوو كە دەڵێ (الابن الى حين اكمال الرابعة والعشرين من العمر اذا لم يكن مستمراً في الدراسة)، ئەمە كوڕی شەهید دەبەستێتەوە بەوەی هەتا (24)ساڵ، دوای ئەوە ئیتر هیچ وەرناگرێ، ناچارە ئیش نەكا، بۆ ئەوەی مووچەكە وەر بگرێت، لەماڵەوە دابنیشێت، بەڵام ئێمە خۆمان دوایش كە باسی مووچە و مینحەكە دەكەین پێشنیارمان ئەوەیە بكرێ بە مینحە، ئەو كوڕە نەبەسترێتەوە، كچیش هەروەها، ئەگەر كرایە مینحە بۆ ئەوەی بتوانن ئیش بكەن، سەرباری ئەوەی كە مافەكەی خۆشیان وەر بگرن، ئەمە سەبارەت بەم بەندە، ئەوەی تر مەسەلەی شووكردنەوە، ئەوە یەكێكە لەو كێشانەی كە هەبووە، كە بابڵێین ژن هاوسەر كە شوو دەكاتەوە، ئایا مافی هەبێ تەواوی مووچەكە یان مینحەكە وەر

بگرێت هەتا هەتایێ یان نا؟ ئێمە زۆر لێکۆڵینەوەمان کرد، لە هەندێ شوێن کێشەی هەم ئینسافی تێدایە، هەم کێشەی کۆمەڵایەتیشە، ئینسافەکە ئەوەیە جاری وایە شەهیدەکە لەماڵەکەی دا پەروەردە بووە و دوایی مەسەلەن مانگێك یان دوو مانگێك هاوسەرگیری دەکا ئیتر ئەو دایك و باوکە یەعنی بێ ئینسافی دەزانن کە هیچ مافێکیان نەبێ، هەمووی بدرێ بە هاوسەرەکە، ئەمە لایەنێکیان، لایەنێکی تری ئەوەیە ئەگەر نەدرێ بە هاوسەرەکە ئەویش هەر بێ ئینسافییە بەرامبەر بەو هاوسەرە کە مافی ئەوەی هەیە شوو بکاتەوە، یەعنی ئەو مووچەیە نەیبەستێتەوە کە شوونەکاتەوە، لەبەر ئەوە لەنێوان ئەوەدا خۆ ئێمە دراسەشمان کرد، تەماشای یاسای ئەوەی بۆزنێشمان کرد، کە وەکو هاوکاری دارایی دیاری کراوە کە شوو دەکاتەوە مافێکی ئەوەی بدرێتێ کە هاوکارییەکی بدرێتێ، یەعنی مینحەیەکی بدرێتێ، دیاری بکرێت، بۆ ئەوەی بۆ هەردولا ئینسافییەکە بمێنێتەوە، ئەوەی تاقانەش کە زۆر گرینگە، تاقانەکان کە چەند شەهیدیان هەیە، ئی وا هەیە هەر یەك شەهید وەردەگرێ، ئەوە بەڕاستی جێگەی خۆیەتی ژمارەشیان زۆر نییە، جێی خۆیەتی ئەو هەموو ناخۆشی و دەردە سەریەیان بەسەردا هاتووە ئیمتیازاتێکیان بدرێتێ، ئی هەموو شەهیدەکانیان بدرێتێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سەرۆکی لیژنەی شەهیدان تەوزیحێکی هەیە، فەرموو.

**بەڕێز محمد احمد علی (شارەزووری):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە ئەوەی جەنابی وەزیر باسی کرد، ئەوە دوو غەڵەتی مەتبەعییە لای ئێمە، من روونکردنەوەیەکیشم دا، پرۆژەکەی حکومەت ئیستسنای تێدا نەبووە، کێشە بۆ لیژنەکەی ئێمە دروست دەبوو، ئیستیسنای تێدا نەبوو بۆ منداڵی شەهیدی سەنگەر، پێشنیاری لیژنەکەی ئێمە فەرزمان کردووە بەسەر وەزارەت و وەزارەتیش بەڕاستی پشتگیرمان بوو بۆ ئەوە، بۆیە ئاگادار بن، سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز حسن محمد سورە/جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ قسەی لەسەر ئەم ماددەیە هەیە؟ تکایە ناوەکانتان بڵێن، زۆر سوپاس، ئەم بەڕێزانە ناویان نووسراوە (کاك شێرزاد، ئاشتی خان، کوێستان خان، د. بشیر، کاك کاروان، هاژە خان، د. احمد، ژیان خان، کاك حەمە سعید، زەکیە خان، تارا خان، کاك اسماعیل، رازاو خان، شلێر خان، پەیام خان، ڤیان خان، کاك شوان، گەشە خان، کاك عبدالرحمن، هاوڕاز خان)، فەرموو کاك شێرزاد.

**بەڕێز شێرزاد عبدالحافظ شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە من لە ئەوەڵەوە لەگەڵ قسەکانی جەنابی وەزیر زۆربەی زۆری کۆکم، پشتگیریشی دەکەم بەڕاستی لەوەدا، یەکێك لەوانە کوڕی شەهید کە باسی ئەوە دەکرێ ئەو مووچەیەی نەدرێتێ ئەگەر ئیش بکات، من نموونەیەك دێنمەوە کوڕی شەهیدێکمان هەیە، کوڕێکی ترمان هەیە زۆر ئیعتیادی و کوڕی شەهید نییە،

هەردووكیان فەرامانبەرن لە شوێنێكدا، یەعنی هەردووكیان یەك مووچە وەردەگرن، كە ئەگەر چوار سەد یان پێنج سەد هەزارە، فەرقی ئەم كوڕە شەهیدە لەكوێدایە؟ لەكوێ حیسابی ئەوە دەكا كە باوكی شەهید بووە؟، خوێنی بۆ ئەو وڵاتە داوە، كوا ئیمتیازاتەكەی؟ كوا شتێكی؟ بۆیە بەراستی من داوا دەكەم لە لیژنەكە و لە ئەندامانی بەڕێزیش كە حیسابێك بۆ منداڵی شەهید بكرێت، عاجز بێت یان پەككەوتە بێ ئەوە جیایە، بەڵام ئەوی تریش كە پەككەوتەش نییە ئەوەی بۆ بكرێ، ئەوەی كەی هەیە باوك و دایكی شەهید ئەوەندەی بزانین عومریان بەلایەنی كەمەوە لە (60) بەرەو ژوورە، یەعنی فەترەیەكی زۆر ژیانیان نەماوە كە ئەوەیان بۆ بكەین، بۆیە ئەوەی هەیە كوڕ و كچ و براو خوشكی شەهیدە، پێم وانییە ئەوە پارەیەكی ئەوەندە زۆری مالی نییە كە بەسەر حكومەت بكەوێ، ئەگەر بشكەوێ بەڕاستی ئەوانە، ئەو شەهیدانەی كوردستان پێم وایە لە هەموو شتەكانی تر زەروور ترن كە ئێمە وایان لێ بكەین روحیان ئاسوودە بكەین لەناو گۆڕەكانیان، من ئەم قسانەی كە دەیكەم بەڕاستی ئەمە پێشنیارێكە بۆ لیژنەی پێشمەرگە، كە ئەوانەی پێشمەرگە دێرینەكانیش لەگەڵ كەمئەندامانی سەنگەریش ئەو حیسابەیان بۆ بكرێ كە ئەوانە فەرقێك بكرێن لەگەڵ یەكێكی تردا، من ئەندامی پەرلەمانم لێرە، لەگەڵ ئەندام پەرلەمانە بەڕێزەكانی دیكەدا ئێستا هیچ فەرقێكم نییە، حیسابی ئەوەم بۆ ناكەن كە منیش پێشمەرگایەتیم كردووە بابڵێین من كەمئەندام بووم، ئەمانە هیچ حیسابێكی نییە، یەعنی ئەوەی كە كرا، تەبعەن مەبەستم زۆربەی كەمئەندامانە، زۆربەی پێشمەرگە دێرینەكانە، دەبێ حیسابێكیان بۆ بكرێ كە ئەمانە سەردەمێك خزمەتی ئەم میللەتەیان كردووە، خزمەتی ئەو خاكەیان كردووە، لەبەر ئەوە بۆیە من جارێكی دیكە داوا دەكەمەوە ئەوانەی كەسوكاری شەهیدەكان كوڕیان، كچیان، برایان، ژنیان ئەو حیسابەیان بۆ نەكرێ، كە مووچەكەیان بدرێتێ ئەگەر ئیشی تریش بكەن، دوای ئەوە برادەرینە ژنی پێشمەرگە، ژنی شەهید كە شوو بكاتەوە یەعین ئێمە بۆ رێی لێ بگرین شوو بكاتەوە، بۆ حیسابی ئەوە نەكەین ئەو فەترەیەی خەباتی مێردەكەی كە لەگەڵیا ژیاوە، ئەو فەترەیە لە شاخدا بووە رەنگە بەراستی منداڵی لە ئەشكەوت و شوێنی دیكەدا بووە، هەر ئەو ئافرەتە بووە ئێستا كە هاتۆتەوە یەعنی بەڕاستی داوا لە ئافرەتان و ژنانیش دەكەم كە زیاتر پشتگیری ئەوە بكەن كە ئەو ژنانە حەقی ئەوەیان هەیە ژیانێكی دیكە بەسەر بەرن، حەقی ئەوەیان هەیە كە بژین، بۆیە تۆ ئەگەر ئەو پارەیەت لێ گرت، ئەو مووچەیەت لێ گرت، ئیتر بە حیسابی مووچەكەی بیر لە شووكردن ناكاتەوە، رەنگە منداڵی واشی نەبێ كە بڵێ سەرپەرشتیان بكا، بۆیە من داواكارم بەڕاستی ژنی شەهید ئەگەر شووشی كردەوە ئەو مووچەیەی لێ نەبڕن و بمینێتەوە، سوپاستان دەكەم.

**بەڕێز حسن محمد سورە/جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو ئاشتی خان.

**بەڕێز ئاشتی عزیز صالح:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی چوارەم کە خاڵی دوو باس لە ئیستیسناء دەکەین (الاولاد العاجزين من الشروط الوارد)، ئەمە تەناقوزە لەگەڵ سەرەوەدا، چونکە ئێمە منداڵانی شەهیدمان هەڵگرت لەوەی کە ئەو شەرتانە بەسەریاندا جێ بەجێ بکرێت، ئەلێرەدا (الاولاد العاجزين)، یەعنی لەکوێدا شوێنی دەبێتەوە؟ بەتایبەت مەفهومی عاجزینیش تەحدید نەکراوە چییە، مەبەستمان لە کەمئەندامە؟ چونکە عاجز یەعنی تەتبیق کردنی، ئیقرار کردن لەسەر عاجز قورسترە وەك لە کەمئەندام کە ئاسانترە بە یاسایەکە کۆمەڵێك مەرجی هەیە کە بەسەریدا تەتبیق دەبێ، هەروەها من خاڵی سەرەوەیانم لەیاد کرد، ئەوەی کە باس لە (الابن و البنت: اذا لم يكونو يستلموا اي راتب اخر من القطاع الحكومي)، یەعنی ئەمەش ئا لێرەدا موخالفی تەواوی مەفهومەکانە کە هەموارکردنەکەی بۆ کراوە، کە تەرحی مینحە دەکات، یەعنی لەکاتێکدا ئەگەر هاتو مینحە بێت چ ڕێگریەکە لەبەردەم ئەوەی کە راتبی حکومی تری هەبێت؟ بۆیە ئەمە لەو کاتەدا کە ئەوە تەسبیت بوو ئۆتۆماتیکییەن دەبێ ئەمەش هەڵبگیرێ، سەبارەت بە مەفهومی مینحەکە کە ئێمە بەکارمان هێناوە، مینحە لەسەرێکەوە ئیستیفادەی هەیە کە ئێمە جۆرێك لە حیلە دەدۆزینەوە بۆ ئەوەی کە راتبێکی هەبێ بتوانێ ئەمە شمولی بکات کە ناوی مینحەیە، بەڵام ئەگەر هاتوو لە حاڵەتێکدا وەکو بەکارهێنانی مینحە ڕێگری چییە لەبەردەم بڕینی مینحەدا؟ یەعنی بۆ موستەقبەلی ئەو کەسانە کە ئەم مەسیرە داراییەیان ئێمە تەحدیدی دەکەین بە مەفهومی مینحە، ئایا ڕێگریەکەی چییە؟ کە سبەینێ واقعێك نەگۆڕدرێت بەبڕیارێك ئەم مینحانە ڕێگری لێ بکرێت، چونکە موعامەلە کردن لەسەر بڕینی مینحە ئاسانترە وەك لە بڕینی مووچەیەك کە مووچەی حکومی بێت مانگانە، کەواتە دەبێ تەحدیدی مینحەکەش بکەین، چونکە خەلفییەتی ئێمە و موعامەلەکردنی ئێمە لەگەڵ مەفهومی مینحەدا ئاسانتر ڕێگری لێ دەکرێ، بۆیە ئەمە بەڕاستی چەندێك ئیستیفادەی هەیە بە دیوێکدا، بەدیوێکی تریش دەبێ بیر لە مستەقبەلیان بکەینەوە، ئەگەر واقعێك بگۆڕدرێ ئێمە چۆن مەعامەلە لەگەڵیاندا بکەین، سەبارەت بە خاڵی پێنجەم بڕگەی دوو، کە باس لە (تصرف مستحقات (الزوج) او (الزوجة) مدى الحياة بشرط عدم الزواج مرة اخرى)، من لێرە وەکو ژنێك قسە ناکەم، کە حەقی خۆشمە وەك ژن قسە بکەم، بە مەفهومێکی زۆر، زۆر ئینسانی، ئێمە سێ ساڵە هەوڵدەدەین لە زۆربەی یاساکانماندا جیاکاری تێدا نەبێت، ئیجحافی تێدا نەبێ بە حقوقی ئینسان یەعنی واز بێنین لەوەی کە ئێمە دەمانەوێ عائیلەی شەهیدانی پێشمەرگە بە موستەقرِی بمینێتەوە و دایکەکە مەحکوم بکەین کە منداڵەکانی بەخێو بکا، من لەگەڵ ئەوەدا هیچ خیلافێکم نییە، بەڵام لە رووی مافی مرۆڤەوانێ لە چ یاسایەکی مەدەنی، لە 2013دا تۆ حەقێك بدەی بە بەشەرێك لەبەرامبەردا ڕێی لێ دەگری بە حەقێکی تر، حەق لەبەرامبەر گرتنی حەقێکی تر موستەحیلە، چ لەرووی ئینسانی، چ لەرووی قانونییەوە، بۆیە ئەگەر حەقێك ببێ بەهۆی ڕێگرتن بۆ حەقێکی تر بەبڕوای من ئەوە خۆی ئەو پەڕی ناحەقییە، ئەمە دەبێ هەڵبگیرێت لەرووی مافی مرۆڤ و لەرووی یاسایەکی مەدەنیشەوە، دەبێ ئێمە سیاغەیەکی تری بۆ بدۆزینەوە، ئەوەی کە من پێشنیاری دەکەم، خاڵی سێیەم کە دەڵێ (يوقف صرف مستحقات الزوج او الزوجة) ئەمە تەحسیل حاسڵە ئۆتۆماتیکییەن

نەتیجەکەی دێنێتە جێ، چۆن ئێمە دەقێکی سەریحمان هەیە کە لەیەکمدا دەڵێ (تصرف مستحقات الوالد والوالدة مدى الحياة)، دەبێ نەسێکی گەورەمان هەبێ بۆ ژنیش، چونکە ژن لە کۆمەڵگادا دەرفەتی شووکردنەوەی زەحمەتە کە بەداخەوە ئێمە مەفهومی کۆمەڵایەتی و کۆمەڵێك نەریت هەیە کە لەوانەیە زۆرجار ئەوە ببێ بە پشتگیریەك کە بتوانێ ئەگەر تووشی کێشەیەکی کۆمەڵایەتیش بێ بتوانێ پشت بەخۆی ببەستێتەوە نەك بەرەو هەڵدێر بڕوا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کوێستان خان.

**بەڕێز کوێستان محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە ئەم یاسایە لە ئەو ڕۆژەی کە لە خولی پێشوودا موناقەشە کرا لەرۆژی دووەمەوە، کەسوکاری شەهیدان کە هاتینە سەر ماددەی پێنج و حەوت ناڕازی بوون، هەر لە دووەم رۆژی گفتوگۆکردن لەسەر ئەم یاسایە کە کەسوکاری شەهیدان هاتنە ناو پەرلەمان و یاداشتیان هێنا کە ماددەی پێنج و حەوت بەو شێوەیە پەسەند نەکرێ کە ئێستا پەسەند کراوە، بەڵام بەداخەوە دواجار هەروا پەسەند کرا، دژی ئیرادەی کەسوکاری شەهیدان بوو، هەردوای پەسەند کردنی یاساکە کەسوکاری شەهیدان کەوتنە ئەوەی کە کۆنفراس بکەن، کەمپین بکەن، بۆ هەموار کردنەوەی ئەم یاسایە، بەتایبەتی ماددەی پێنج و حەوت، ئێستا کاتی خۆیەتی ئەم ماددەیە و ماددەی حەوت بەشێوەیەك هەموار بکرێت کە لە ئاستی ئەو داواکاریانە بێت کە کەسوکاری شەهیدان بەدرێژایی ئەو ماوەیە لە پەرلەمانی دەکەن، بۆیە من پێم وایە کە هەموارەکە بەم شێوەیە بێ، یەکەم ئەو مووچەیە بگۆڕدرێ بە مینحە وەکو ئەوەی کە پێش پەسەندی ئەم یاسایە مینحە بووە، دووەم، منداڵی شەهید ببووردرێن لە هەموو مەرجێك، یەعنی مافی خۆیان بێت کە شەهیدانە وەربگرن، مەدەل حەیات(مدى الحياة) وەکو دایك و باوك و هاوسەری شەهید، ئەوە بۆ خوشك و براکانیش وا بێت، ئەگەر وارسی دەرەجە یەك نە مابێت ، باوك و دایك و منداڵەکان و هاوسەرەکەی نەمابێت بەهەمان شێوە بۆ خوشك و براکان هیچ مەرجێك نەبێت، لەکاتێکدا کە ئەو مەرجانە لادەبردرێت لەسەر منداڵەکان کەواتە ئەم بڕگەی چوارە بۆ عاجزەکان بەزەروری نامێنێتەوە، تۆ مەرجت لابردووە لەسەر منداڵەکان بەبێ مەرج هەتا لە ژیانە شەهیدانەکەی وەردەگرێت، کەواتە ئەو کاتە منداڵە تەواوەکان و عاجزەکان بەریان دەکەوێ، بۆیە پێموایە چوارەمەکە ئەو کاتە زیادە، هەروەها حەوتەمیش ئەو کاتە زیاد دەبێ، چونکە کە حەوتەم خوشك وبراکان لەکاتی نەمانی وارسی دەرەجە یەکدا شەهیدانەکەیان بۆ دەگەڕێتەوە، بەبێ مەرج، ئەوکاتە جیاوازی نامێنێتەوە لە بەینی خۆشك و برای ساغ و عاجزەکاندا، لە سێیەم، دووەمدا کە دەڵێ (ئەو موستەحەقاتانە بۆ ژن و مێرد هەتا هەموو ژیانیان ئەو مینحەیە وەردەگرن، من پێم وایە دەبێ لێرە کوڕ و کچیش زیاد بکرێت، هەروەها خوشك و براکانیش زیاد بکرێت،

به مەرجێك كە وارسی دەرجە یەك نەمابێت، هیوادارم بەم شێوەیە هەموار بكرێ، چونكە ئەوە داواكاری كەسوكاری شەهیدانە بەدرێژایی ئەم فەترەیە كە لە پەرلەمانم، سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

بە تەسەوری من هەر واش تەتبیق كراوە لە وەزارەتی شەهیدان كە مینحەیە و بە....، دیارە من ئیشارەتم بە نووسراوێكی ساڵی 2007 دا كە پێویست بوو مینحە بێ، بەڵام وا جێ بەجێ نەكراوە، بۆیە هەمواركردنەوەكەی ئێستا، فەرموو د. بشیر.

**بەڕێز د. بشیر خلیل حداد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لەو ماددەیەدا لە هەندێك لە بڕگەكانی دا هاتووە ئەم پارەیە یان ئەم موستەحەقاتانە سەرف دەكرێ بۆ كوڕ و بۆ كچ، هەروەها بۆ برا و خوشك بەمەرجێك كە هیچ مووچەیەكی دیكە لەكەرتی حكومی وەر نەگرن، منیش پشتگیری لە هاوكارانم دەكەم، ئەوانەی كە پێش من قسەیان كرد، بەراستی پێویستە جیاكارییەك یان رێز گرتنێكی زیاتر هەبێ بۆ كەسوكاری شەهید لەوانی تر، ئەمە لەلایەك، لەلایەكی دیكەشەوە ئێمە وا هەڵدەدەین كە ئەم مووچەیە بكرێ بە مینحە، جا ئەگەر كرا بە مینحە هەر بۆ خۆی ئۆتۆماتیكییەن ئەوەی لێ لادەچێ یەعنی ئەگەر مووچەی دیكەشی هەبێ مینحە رێگەی هەیە كە وەر بگیرێ، بۆیە من لێرەوە پێشنیار دەكەم ئەوە لا بدەین كە لە كەرتی حكومی وەرنەگرت ئەوە نەبێتە مەرجێك، ئەگەر هەشی بێت با هەر بەردەوام بێت، لە مەسەلەی شووكردن راستی منیش هەر هاوڕام لەگەڵ ئەوەی كە نابێ ئەو مافەیان لێ بستێنینەوە، ئەگەرچی ئافرەتان لەوانەیە بۆ خۆیان هەموویان ئەو قسەیە نەكەن، بەڵام ئێمەی پیاوان دەبێ بەڕاستی یەعنی دارەكە لە ناوەڕاستەوە بگیرێ، ئافرەت مافی خۆیەتی، هەروەها پیاو مافی خۆیەتی پاش ئەوەی كە ژنەكەی یان هاوسەرەكەی شەهید دەبێ، دەكرێ، مافی خۆیەتی بۆخۆی دیسان پرۆسەی هاوسەرگیری ئەنجامبدا، بۆیە ناكرێ ئێمە ئەو مافەی لێ بستێنین، ئەو ماددەیە لێرە ئەمە تەشجیع كردنێكە بۆ ئەوەی كەوا كەسی دیكە شوو نەكاتەوە، ئاوا دابنیشێ، ئەمە بۆ ئێمە كێشەیەكی كۆمەڵایەتی دروست دەكا، ئێمە لە كەسوكاری ئەنفالكراوەكاندا دیسان كێشەیەكی گەورەمان تووشهات كەوا لەشكرێكی زۆر لەوانەی كە مێردیان شەهید كراوە یان ئەوانەی كەوا دەستگیرانیان شەهید كراوە، تەنانەت مێردیان نەكردۆتەوە، ماون، بۆیە ئەمە كێشەیەكی كۆمەڵایەتییە، یەعنی پێویستە حكومەت بەڕاستی چارەسەر بدۆزێتەوە، نەك كێشە لەسەر كێشە دروست بكا، بۆیە من رەئیم ئەوە نییە كە ئەم شایستەیە ببڕدرێ، ئەگەر هاتو شوویان كرد یان ئەگەر هاتو ژنی دیكەیان هێنا، ئەمە هەر بەردەوام بێ، كەواتە ماددەكە لەسەر ئەصڵی خۆی بمینێتەوە، ئەصڵی ماددەكە ئەم قەیدەی تێدانییە، بۆیە پێویستە ئەم قەیدەش لێرەدا نەبێت، چونكە ئەم شایستەیە (موستەحەقە) نادرێتە ئەو ئافرەتە بۆ مووچە، بۆ ژیاندن، بۆ ژیاندن نییە بەڕێزان ئەوە، ئەوە لەوانەیە بۆ خۆی ئافرەتەكە مووچەی خۆی هەبێ، بەڵام ئەمە وەكو رێز گرتنێكە دەیدرێتێ، چونكە هەتا ئەگەر شووش بكاتەوە ئەمە ئەو برینەی كەوا لە جەرگی بووە

بەهۆی بەڕاستی شەهید بوونی مێردەکەی یەکەمی ئەوە ئەگەر چەند جاری دیکەش هاوسەرگیری بکاتەوە ئەم برینە سارێژ نابێتەوە، بۆیە من پێموایە ئەمە بەڕاستی غەدرێکە لە ئافرەتی دەکەین، نابێ ئەم قەیدە ببێ، لەخاڵی سێیەمدا دەڵێ شایستەکانی مێرد یان ژنی شەهید ئەوانەی دووبارە هاوسەرگیریان بەستۆتەوە رادەگیرێت ئەگەر شەهید میراتگرێکی پلە یەکی هەبێت، ئەمە لەگەڵ مەنتقە عەرەبییەکەی فەرقێکی زۆر، زۆری هەیە، لە عەرەبییەکە ئەمە موقەیەد کراوە، دەڵێ (يوقف صرف مستحقات زوج او زوجة الشهيد الذين تزوجوا مرة اخرى اذا كان للشهيد.....) (اذا)، کەواتە ئەوە موقەیەد بووە، بەڵام لەکوردییەکەی موقەیەدەکە نەماوە، بۆیە ئەگەر منداڵی هەبێ، شووی کرد، دەکرێ ئەمە ئەگەر بەشەکەی نەشدرێتێ بۆ منداڵەکە بێ، بەڵام ئەگەر منداڵی نەبێ یان شتێکی دیکەی لێ ببەین، ناوەڵڵا غەدرە لێی وەر بگیرێ، لە خامیسەن (تصرف المستحقات كلها للابن والبنت طيلة حياتها اذا كان اي منها الوارث و المستحق الوحيد)، ئەمە وابزانم هیچ فەرقێکی نییە لەگەڵ ئەصڵەکە، چی گۆڕاوە؟ بۆچی هەموار کراوەتەوە؟ لە ئەصڵەکەش نەفسی شت هاتووە، کەواتە ئەم هەموار کردنەی خامیسەن ئەمە زیادەیە بەڕای من، زۆر سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك کاروان.

**بەڕێز کاروان صالح احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من لە دوێنێوە وا هەست دەکەم هەندێك بەشێوەی جیا، جیا پێناسەی شەهید و بەتایبەتی شەهیدی سەنگەر...، کە من پێم وایە زۆر تەجاوز دەکەوێتە سەر ئەو ناوە بەشێوەی جیا جیا، بەپێناسەی جیا جیا، لەسەر ئەو ئەساسەش من حەزدەکەم بەڕاستی ئەو کاتانەتان بەبیر بێنمەوە کە ئەوانەی بە ئیرادەی خۆیان بڕیاری ئەوەیان دەدا کە مەرگی خۆیان بە پێش ئێوە و بە پێش ئەو میللەتە بێخن کێ بوون؟ ئەوانەی کە چوون خۆیان کردە قوربانی ماڵ و منداڵ، خوشك و برا، دایك و باوك و هاوسەرەکانیان خستە ناو خراپترین باری ژیان، زانکۆکانیان بەجێهێشت پێیان تەواو نەکرا لەبەر ئەوەی برا پێشمەرگە بوون، زۆریان خوا پێدا و دەوڵەمەند بوون، کە ئێستا رەزیلن، کە ئێستا نیەتیان بیخۆن، هەموو ئەوانە بەشیاوی ئەوە نازانن یەك مووچە من رێزم هەیە بۆ هەموو شەهیدان، بۆ هەموو جۆرە شەهیدەکانیش، بەڵام ئەوانەی شەهیدی سەنگەرن دڵنیاتان دەکەمەوە کە خوا دەمانگرێ ئەگەر بێت و حورمەتی زیاتر و رێزی زیاتر بۆ ئەو پایە دانەنێین، هاتین کوڕ و کچ و خێزانی جیا دەکەینەوە لە خوشك و برای، ئەوانەی کە خوشك و برای شەهیدن لێرە دانیشتوون، چ خوشك و برایەك هەیە ئازارەکەی لە کوڕ و کچ و لە خێزانەکەی و لە دایك و باوکی شەهیدەکە کەمتر بوو بێ؟ کێیان هەیە نەفی نەکرابێ بۆ نوگرەسەلمان؟ کێیان هەیە ئەشکەوت بە ئەشکەوت بەدوای براو خوشك و دایك و باوك و کەسوکاری خۆیدا نەگەڕابێ؟ بۆیە من حەزدەکەم هیچ ئیستیسنایەك لەسەر خوشك و برا و کوڕ و کچ و خێزان شوو دەکاتەوە، شوو ناکاتەوە، ئەو شتانە بەڕاستی ئەو باجی خۆی داوە، گوناحی چییە کە ئەو کاتە خێزانی ئەو پیاوە بووە؟ گوناحی چییە کە خوشك و

برای ئەو پیاوە بووە کە شەهید بووە؟ خەڵك هەیە بە حەیاتی حەزی لەوە نەبووە کە سیاسەت بکات، بەڵام کە برایەکەی شەهید بووە بووە بە سیاسی، مەلەفی هەموو فەرمانبەرەکان دەر بهێنن ئەوانەی کە کەسوکاری شەهیدن، بزانە موختار و ئەمن و ئیستخبارات چیان لەسەر مەلەفی کەسوکاری شەهیدان نووسووە، کە ئێستاش ناگەڕێنەوە سەر وەزیفە، لە ژێر سایەی ئێمە مانان، کەسوکاری شەهید بە سایەی برایەکەی، بە سایەی خوشکەکەی، بەسایەی باوکی وەزیفەی لە دەست دایە، ئێستاش نەیگێڕینەوە، لەو بڕیارە، لەو یاسایە حەق وایە زۆر بەراشکاوی کەسوکاری شەهید بە خوشك و برا، بە کوڕ و کچ، بە خێزان و بە هاوسەر و بە دایك و باوك ئەوانەی کە ماون بە هیچ شێوەیەك ئیستیسنا نەکرێن لە مووچە و ئەو مینحەیەی کە جەنابی وەزیر باسی دەکا، لە خوێندن، لەگێڕانەوەیان بۆ وەزیفەکانیان، گوناحیان چییە؟ کێ ئەو باجە بدا؟ هەتا کەی ئەو باجە بدرێ؟، ڕۆژێك کەس نەبوو بەس ئەوانە هەبوون بچنە شاخ، ئەمڕۆش ئەلێرە دانیشتووین (یستثنی منه الاخوین والابوین والاطفال و الاشقاء والزوجة اذا....)، بابە ئەوانە بەسە واز لە شەهیدی سەنگەر بێنن، لەبەر ئەوەی ئەوانەی ئەمڕۆیان دروست کرد، خەڵکێکی تریش بەیانی دروستی دەکات، ململانێیەکی زۆرمان لە پێش مایە برادەرینە ئەوانەی کە بیانەوێ خۆیان بکەن بەقوربانی ئەو خاك و نیشتیمانە دەبێ لە ئێستاوە ژیانی ئایندەی ماڵ و منداڵ و خوشك و براو کوڕ و کچیان بۆ مسۆگەر بکرێ، بۆیە من داوا لە هەمووتان دەکەم پشتیوانی لەوە بکەن کە بەهیچ شێوەیەك هیچ کەسوکاری هیچ شەهیدێك فەرامۆش نەکرێ لە هیچ ماف و ئیمتیازاتێك جا خوشك بێت، برا بێت، دایك بێت، باوك بێت، ژن بێت، شوو دەکا یان ناکا، ژن دەهێنێ یان ناهێنێ ئەوە چ پەیوەندی بە ئێوە هەیە؟ گرینگ ئەوەیە کەسوکاری شەهیدبووە، تاڵاوی چەشتووە، من پشتیوانی ئەو رایانە دەکەم کە دیفاع لە کەسوکاری شەهید دەکا بەبێ ئەوەی کە هیچ کەسێکی لێ هەڵەوێردرێ، خوشك و برا وەکو کوڕ و کچ، وەکو دایك و باوك جلی رەشی لەبەر کردووە تا ئێستاش جلی رەشە، پێنەکەنیوە لە حەیاتی، خواردنێکی خۆشی نەخواردووە، زانکۆکانیان بەجێهێشت، خوێندنیان تەواو نەکرد، من دیفاع لە گوندێك دەکەم، حەزدەکەم هەمووتان شایەد بن چەند برادەرێك لەو پەرلەمانتارانە شایەدن، ئەوانەی کە خەڵکیان شەهید دەکرد ئێستا نایەڵن خەڵکی گوندەکە بچنەوە گوندەکە، ئەوانەی کە تەرمی مەلا مستەفای رەحمەتییان دەردەهێنا بڕۆن بزانن چ فەلاح چوویتەوە ناو گوندەکەی، دوێنێ من تەهدید کراوم، دەڵێ ئاگاداری خۆت بە زۆر دیفاع لە خەڵکی نەکەی، لەبەر ئەوەی........، ئێ تۆ من شەهید دەکەی، ئێستاش تەهدیم دەکا، ئێستا ئیستیسمار دەکا ئەو، کەسوکاری شەهید نان نییە بخوا، وەبەرهێنان دەکا، دەستەلاتی هەیە، حیمایەی هەیە، کەسوکاری شەهیدەکان ئێستاش لە بکوژەکەی دەترسێن، زامنی حەیاتی بکوژەکەتان کردووە، ئەو سوودمەندترە لە ئێمە، ئەو سوودمەندترە لەو کەسانەی کە شەهید و ئارەقە و فرمێسکیان بۆ ئەو گەل و وڵات و نیشتیمانە رشتووە، بۆیە تکا دەکەین چی تر ئەو زوڵمە نەکرێ، پێشمەرگەی دێرین تێکەڵکرا بە ئەنواع ئەشکال خاکی لەبەر، شەهیدی سەنگەر تێکەڵکرا بە ئەنواع ئەشکال...، من رێزم هەیە بۆ هەموو قوربانییەك، هەتا ئەوانەی بە دەستی شۆڕشیش لەناوچوون حەقی ژیانیان هەیە، بەدەستی پێشمەرگە

کوژراون حەقی ژیانیان هەیە، زەمانی حەیاتیان بکرێ، قانون قانونە، بەڵام قەت نزیکی ئەوە مەکەون بەلای کەسوکاری شەهیدەوە بڕۆن، لەبەر ئەوەی کەسوکاری شەهید رەنگە چیتر ئەوەمان لێ قبوڵ نەکا، بەتایبەتی خوشك و برای شەهید، باوەڕتان هەبێ من لەو شارەی خۆم دەیان خوشك بە خوشکەکەی خۆشمەوە دەبینم کە چۆتە سەر لاشەی براکەی شێت بووە تا ئێستا، کێ ئەو باجە دەدا؟ مووچەیەکی هەبێ یان نەبێ، ئەوە کەی مووچەیە؟ دوایێ دەیدەیتێ تۆ، ئەوەی ئێمەی کوشت موستەفیدترە، سوودمەندترە، دەبێ لەمەو دوا ئەوانەی بوونە قوربانی ئەو گەل و نیشتیمانە بوونە پێش مەرگی هەموومان دەبێ بە کەرامەت و بە سەربەرزی بژین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو هاژە خان.

**بەڕێز هاژە سلیمان مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێزان، من تێبینیەکم لەسەر تەعدیلەکە هەیە لە ئەوەلەن هاتووە دەڵێ (: تعدل الفقرة الفرعية الثالثة من الفقرة الثانية)، دیارە لە ئەصڵی یاسایەکە فەقەرەی دوو و سێیە، لێرە کراوە بەیەك فەقەرە، (الابن والبنت)، یەعنی لە ئەصڵی یاسایەکەدا فەقەرەی دوو، فەقەرە فەرعییەکە، دوو (ئیبن) هاتووە، سێش (بنت) هاتووە، واتە ئێمە ئەگەر هەردووکی تەعدیل بکەین، دەبێ بڵێین (تعدل الفقرتين الفرعيتين (2، 3))، دەمجیان بکەین بەیەکەوە ببن بە یەك فەقەرە، دەربارەی بەڕاستی ئەو تەفاسیلەی کە هاتووە (الابن و البنت: اذا لم يكونوا يستلموا اي راتب اخر من القطاع الحكومي)، دیارە ئەوە یەکلا نەبۆتەوە کە ئەوە مینحەیە یان راتبە، وەکو بەڕێز جەنابی وەزیر باسی کرد، ئەوان دەیانەوێت بیکەن بە مینحە، ئێستاش راتبە، بۆیە من تەسەوڕ دەکەم یەعنی بۆیە لەناو یاسایەکەدا بەم شێوەیە هاتووە دەبێ ئەوە یەکلایی بکرێتەوە، بەهەمان شێوەش لەخاڵی شەشەمیش (الاخوه والاخوات)، بەهەمان شێوە هاتووە بۆیە دەبێ ئەوە یەکلایی بکرێتەوە، ئەگەر راتبیان هەبێت نابێ راتبێکی تریان پێ بدرێت، بەڵام ئەگەر راتبیان هەبێت دەتوانن مینحە وەر بگرن، دەربارەی خامیسەن (تعدل الفقرة ثانيا من المادة الخامسة)، دووەم دیارە منیش وەکو یەعنی هاوکارانم کە باسیان کرد، من دەبینم کە ئەوە ئیجحافێکە بە حەقی ئەو کەسانەی کە دەڵێ (تصرف مستحقات (الزوج) او (الزوجة) مدى الحياة بشرط عدم الزواج مرة اخرى)، بەڕاستی ناکرێ ئێمە ئەو شەرتە تەعجیزییە دابنێین، چونکە ئەو کەسە کە بڵێین ژنی ئەو پیاوە بووە کە کوژراوە، چونکە لێرە دەڵێ (الزوج) او (الزوجة)، یەعنی بۆ هەردوولا وەکو یەك دەکرێ، یەعنی ئەگەر پیاوەکەش بێ حەقی ژنەکەی وەر بگرێ، ناکرێ ئێمە ئەو شەرتە تەعجیزیەی دابنێین، دەبێ ئەگەر وەکو مینحە بێ ئەو مینحەیان پێ بدرێ بەبێ ئەوەی ئەو شەرتە تەعجیزەیان لەسەر تەتبیق بکرێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو د. احمد.

**بەڕێز د. احمد ابراهيم علي (وەرتی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

قسەکانم کرا من تەئکید لەسەر پێشنیاری هاوکارەکانم دەکەمەوە، کە ئەو پارەیەی کە دەدرێ بە کەسوکاری شەهیدان مینحە بێ، مووچە نەبێ، هەروەها ئەو ئیستیسنائەش نەکرێ بۆ کچ و کوڕەکان و بۆ خێزان، لەکاتێکدا کە هاوسەرگیری دەکاتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرمووو ژیان خان.

**بەڕێز ژیان عمر شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پشتگیری تەواوی ڕاپۆرتی هاوبەشی لیژنەی شەهیدان و لیژنەی یاسایی دەکەم، بۆ منداڵانی شەهیدی سەنگەر تەبعەن لای هەمووومان ئاشکرایە کە ڕۆژانێ بوو کوڕ و کچی شەهیدی سەنگەر کاتێك کە باوکیان چەکی شەرەفی کردە شانی لە سەنگەرەکان ئەم منداڵانە بێ بەش بوون، بێ نازبوون لە بێ باوکی، کاتێکیش باوکیان شەهید بوو، دووبارە بێ ناز بوون بە تەواوەتی لە سۆزی ئەو باوکەیان، ڕۆژانێ بوو کە ئەو منداڵانە بە کولە مەرگی و بە بێ نازی گەورە بوون، زۆر پێویستیان بە خۆشییەکانی ژیان بوو، لەبەر ئەوەی حکومەت نەبوو، پەرلەمان نەبوو، کەس نەبوو بە داواکانیەوە بچێ، الحمدالله ئێمە ئەمڕۆ خاوەنی حکومەت و پەرلەمانی خۆمانین، لەسایەی خوێنی ئەو شەهیدانە کە ئەمڕۆژە دروست بووە، جا بۆچی تەمەن یان مووچەیەکی کەمی کوڕ و کچی شەهید ئێمە بکەین بە ڕێگر کە سوودمەند بن لە مووچەی باوکیان، لەبەر ئەوە من دووبارە جا بە مینحە بێ یان بە مووچە بێ، بەشێوەیەکی یاسایی ڕێك بخرێ، من داوا دەکەم ئەو مووچەیە هەر بمێنێتەوە بۆ منداڵ، بەنیسبەت ئەو ژنانەی هاوسەرگیری دەکەنەوە یان ئەو پیاوانەی کە ژن دەهێننەوە بەتەواوەتی پشتگیری قسەکانی د. بشیر دەکەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان وەڵڵا هەر بۆ ئیشارەتێك بۆ ئەوە دیارە حکومەت کە بڕیاری دا دوو مەعاشی قەدەغە بکرێ، واتە تەنیا یەك مووچە هەڵبژێرن، لەهەمان کاتدا فەرمانێکی تر دەرچوو بە ئیستیسنای کەسوکاری شەهیدان لەم بڕیارە، واتە مووچەی کەسوکاری شەهیدان بە مووچەی دووەم هەژمار ناکرێ، بڕیاری ئەنجومەنی وەزیرانە، بەڵام دیارە جێ بەجێ نەکراوە، فەرمووو کاك حەمە سعید.

**بەڕێز حەمە سعید حەمە علي:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من لەگەڵ ئەوەدام بکرێ بە مینحە، بەڵام ناوێکی لێ بندرێ وەکو ئەو موخالەفانەی کە ئاشتی خان هەیبوو، ئەو موخالەفانەی لێ لابچێ ناوی بندرێت مافی شەهیدان، یەعنی یان مووچەی شەهیدانە، یەعنی ناوەکە بەشێوەیەك بێ کە لە مینحە دەربچێ، بۆ ئەوەی لە موستەقبەل دا ترسی بڕینی نەمێنێ، بکرێ بە

مووچەی شەهیدانە، ئیتر ئەو کاتە دەبێتە وەقف، خاڵێکی دیکە مادام ئێمە کردمان بە مینحە، ناومان نا مووچەی شەهیدانە و مینحە، من پێموایە نابێ هیچ عارزێك، هیچ حاڵەتێکی تر کاری تێ بکا، وەکو ئەوەی کە شوو دەکاتەوە، وەکو کە مووچەی تری هەیە، ژن دەهێنێ، هەموو ئەوانە بەڕاستی لابدرێن لە یاسایەکە، هەموو ئەوانە لابدەین، ئافرەتە شوو دەکات، پیاوە ژن دێنێ ئەوانە نەمێنێ، تەبعەن ئەوکاتە کەمئەندام و ئەوانەش نامێنێ کە ئێمە بەو شێوەیە گشتیە گۆتمان، خاڵێکی تر بەڕاستی کۆمەڵێك کەسوکاری شەهید هاتن بۆ نووسینگەی پەرلەمان یاداشتێکیان پێشکەش کردین کە پێکهاتووە لە هەشت خاڵ، کە ئێستا دوو خاڵی پەیوەندی بەو ماددەیەوە هەیە، من خاڵەکان لەکاتی ماددەکاندا باس دەکەم، خاڵی یەکەم داوا دەکەن کە کاتێك کە ئەو پیاوانەی کە خێزانەکانیان یان ئەو خێزانەی کە پیاوەکەی شەهید بووە یان خێزانەکەی شەهید بووە کاتێك کە مووچەکە یان زەوی یان هەر ئیمتیازێکی تر لەگەڵ ماڵە خەزوورانیاندا وەری دەگرن، تووشی کێشەیان دەکا، من داواکارم جەنابی وەزیر، ئەگەر لەماددەی تردا هەیە ئەوە چارەسەر بکرێت، خاڵێکی تر، دەڵێن داوا دەکەن کە مووچەی شەهیدان بۆ هەتا هەتایی بێت، بۆ کەسوکاریان بێ، هیچ نەبڕێ، یەعنی ئەگەر کاتێك بلوغی کرد یان شووی کرد، ئەوە داواکاری کەسوکاری شەهیدانە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو جەنابی وەزیر.

**بەڕێز صباح احمد محمد (ئارام)/وەزیری کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بەو خاڵانەی کە باسکرا، خۆی ئێمە وتمان بکرێتە مینحە، وەکو ناویش بەڕاستی ئێمە خۆی لەگەڵ ئەو ناوەدا نین، خۆی دەبێ پێی دەوترێ هاوکاری یان شەهیدانە، ماوەیەك زۆر باو بوو لای خۆمان دەیان وت شەهیدانە وەر دەگرێت، یان بکرێتە شەهیدانە یان هاوکاری، هاوکاری ناوێکی جوانترە، رێکترە، لەگەڵ ئەوەیانم لێرە بچەسپێ، ئەو مووچەیە بگۆڕدرێ، سەبارەت بە مەسەلەی وارس زۆر ئاڵۆزە، کە بەتایبەت بکرێ بە مینحە یان هاوکاری، ئەمە ئاڵۆزییەك هەیە، هەندێکی بە رێنمایی چارەسەر دەکرێت، ئێمە دەتوانین لێرە لەسەر مەبدەئە گشتییەکان رێك بکەوین، دوای ئەوە ئێمە بڕیارمان هەیە، پێداچوونەوە بە هەموو رێنماییەکان بکەین، سەبارەت بە شووکردنەوەی هاوسەر بەڕاستی ئێمە خۆمان بۆمان دەرکەوت بێ ئینسافییە کە رێگری بکرێ لە هاوسەرێك کە شوو بکاتەوە، نەك رێگری بکەین، دەبێ ئێمە هاندەر بین، لەرووی کۆمەڵایەتییەوە، لەرووی منداڵەوە، لەرووی مافی ئەو ئینسانەوە دەبێ ئێمە یەعنی موشەجع بین بۆ ئەوەی ئەو کەسە شوو بکاتەوە باشترە، بەڵام لایەنی تر لە هەندێ شوێن کێشەی کۆمەڵایەتی هەیە، مەسەلەی خەزورە و خەسوو بابڵێین دایك و باوك بەتایبەتی، ئەوانیش مافیان هەیە، جا ئێمە ئەو دەقەی کە باسکراوە وەکو ئەوەی کە دەڵێ نەشیش بسووتێ، نەکەباب، شتێکی وا کراوە، بەڵام ئێمە لەگەڵ ئەوەین ئەگەر هەرشتێك چارەسەرێکی تری هەبێت، پێشنیارێکی دیکە هەبێت کە لەگەڵ ئەوە

مەبدەئە گونجاو بێ، هاندەر بێ بۆ شوو کردنەوە، بەڵام مافی دایك و باوکەکەش نەفەوتێ، بەڵام جاری وا هەیە بەخێویان کردووە تا ماوەیەکی زۆر ئەوانیش مافێکیان هەیە، ئێمەش هەر بەخۆمان داوامان کرد کە ئەو مەرجانە لەسەر کوڕ و کچ لابدرێ، چونکە بەڕاستی هەم ناڕەوایە، هەم دەیان بەستێتەوە بە مووچە یان مینحەوە، ئیتر ئەو مەرجانە نەمێنێ باشترە، بۆ ئەوەی بتوانن ئیش پەیدا بکەن و بێنە ناو کۆمەڵگە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك محمد تەوزیحێکی هەیە، فەرموو.

**بەڕێز محمد احمد علی (شارەزووری):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، دیارە لەکاتی تەعدیل کرنی ئەم یاسایە وەزارەتی شەهیدان کۆنفرانسێکی بەستووە، ئێمەش وەکو لیژنە ئامادە بووین، نوێنەری هەموو کەسوکاری قوربانیان، هەموو ئەو ڕێکخراوانەی کە ئیش بۆ ئەنفال دەکەن، بۆ کیمیا باران دەکەن، بەڕاستی بەشدارییان کردووە لەو کۆنفراسە، هەموو پێشنیارەکانی ئەوانە ئێستا نازانم یەعنی جارێکی تر ئەوانە......، ئەو پێشنیارانە سەرجەم کە لێرە کۆبۆتەوە لەو کۆنفراسە ئی هەموو ڕێکخراوەکان بووە کە بەشدار بوون لەو کۆنفراسە، پێشنیاری ئەوان بووە، کێشەو مەشاکلی ڕۆژانەی ئەوان بووە کۆبۆتەوە، بۆیە لەو کۆنفراسە دەمج کراون، سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز حسن محمد سورە/جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو زەکیە خان.

**بەڕێز زکیە سید صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دەست پێکێ من من دڤێت دەستخۆشیێ ل لیژنا شەهیدان و ئەنفال و جینۆسایدێ و هەروەسا لیژنا قانونی بکەم، بۆ هەندێك کو ئەو فەقەرە دانا کو ئەو کوڕ و کچێت یێت خێزانێت وان کەسێت یان کوڕ و کچێت شەهیدێت یێت سەنگەری بهێنە موسەتەسنا کرن، ل ڤان مەرجێت هاتینە دانان و وەکو مینحە بهێتە دانان، کو ئەڤە کارێکی پیرۆزە چونکو وەکی بەڕێز ژیان خانی ئاماژە پێکری وان ل ژیانا خۆدا هەن ناخۆشێت دیتین، وەختێ باب پێشمەرگە بوویە، ئەڤە وەکی عوقدەکی مایە دگەلدا، ژ بەر هەندێ ژ ئەڤ تەمەنە و ئەڤ مەرجە ئەگەر بهێنە لابرن وەکو مەسەلەکا مەعنەوی هاریکارییا بۆ وان، ژ بەر هەندێ ئەز بینم کو ڤێ دلکێ دا پێ دڤییە ئەڤە وەکی مینحە بمێنێتن نە وەکی مووچە بۆ هەندێ کو ڕێگریەك نەبێتن ل بەردەم وان، بۆ هەندێ بچن کارەکی دی بکەن، خاڵەکا دی بنسبەت هاوسەرێ شەهید، هاوسەرێ شەهید ئەم بلا وەکو دبێژن نەکەینە چارچێڤەکی دا بەس ژن بەتنێ وەکو هاوسەرێ شەهید بێتن، مومکینە زەلام ژ بێتن و خێزانا وی یان ژناکا وی شەهید ببیتن ڤێ دلکێ دا، حەقێ وان دایك و بابایە ژی ئەو کەسا پەروەردە

کری و خودان کری و مەزن کری بۆ هەندێ کو ئیستیفادە ژ وی ئیستفادە یان مەعنەوی و ماددیا وی کەسی بکەن ئەوی کو هاتییە پەروەردە کرن، ژ بەر هەندێ مە پێ باشە ڤێ درکێ وەکو پێشنیار ئەم مینحەیەکی بدەینە وی هاوسەرێ شەهیدی ئینجا ئەگەر مینحەیەکا یەکجاری بیت، بەس ڤێ دلکێ برێوە بهێتە تەحدید کرن، پێنج ملیۆنە، دە ملیۆنە، بیست ملیۆنە بەس بۆ یێك جار بیت، یان ژی نیسبەکی دانین وەکو مینحە بۆ وێ هاوسەرێ شەهیدی ئەوێ هاوسەرگیرا دوێ دکاتەڤە، کو ئەڤە ئەز بینم گونجاو بیتن نەوعە ئینسافەك تێدا بیتن، زۆر سپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك اسماعیل.

**بەڕێز اسماعیل محمود عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، منیش پشتیوانی لە هاوکارانم دەکەم، سەبارەت بە مووچەی کوڕ و کچی شەهید بەڕاستی حەقە ئەوە وەکو ئیکرامییەك بۆ کوڕ و کچی شەهیدەکان بمینێتەوە وەکو خۆی، لێیان نەبڕێتن، سەبارەت بە مینحە و مووچەش بەڕاستی کە مووچە بێ من پێموایە مووچەش شتێکی وانییە ناوی لێ بنێین مووچە، لەبەر ئەوەی خەڵك هەیە شەهادەی بەرزیشی هەبووە و شەهید بووە، بە شەهادەی بەرزییەوە شەهید بووە ئەگەر شەهید نەبوایە بە شەهادەی خۆی بمایە ئێستا تەوزیف ببایە ڕەنگە زۆر لەوە زیاتری پێ دەبڕا کە ئێستا وەری دەگرێت، لە ملیۆنێك زیاتر بوو، ئێستا ئەوە هیچ نییە کە بە مووچە ناوی دێتن، کە هاوکاریش بێ، من لەگەڵ هاوکاری نیم بەڕاستی، کورد باشی هێناوە شەهیدانە لە جێی خۆیتی، بەشەهیدانە بمێنێتەوە، شەهیدانە زۆر شتێکی باش و جوانیشە، هەروەها باسی لێوە کراوە با شەهیدانە شوێنی خۆی بگرێتن باشە، سەبارەت بە کچ و کوڕی شەهید ئەمن پرسیارێکم لە جەنابی وەزیر هەیە لێرە، مەسەلەن کچێك هەیە بابی شەهیدە، لە هەمان کاتدا شووی کردووە بە مۆزەفێك، مۆزەفەکە ئەمری خودای کردووە تەقاعودیەکەی خۆی وەردەگرێ وەکو خۆی بەرەسمی، ئەوە حەقی خۆیەتی کە هی مێردەکەی وەر بگری کە تەقاعودی مێردەکەیەتی، لە هەمان کاتیشدا تەنها کچە و حەقی خۆیتی شەهیدانەی بابەکەی خۆشی وەر بگرێتن، یەعنی بۆ ڕێگری لێ بکرێتن؟ لەو مەسەلەی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو جەنابی وەزیر.

**بەڕێز صباح احمد محمد (ئارام)/وەزیری کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێز کاك اسماعیل، کە دەکرێ بە مینحە بابڵێین یان شەهیدانە، هیچ ڕێگری ناکرێت، ئێمەش ڕێگری ناکەین، دەتوانێت وەری بگرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو رازاو خان.

**بەڕێز رازاو محمود فرج:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە من پێموایە خاڵی یەکەم دەبێ دەست بەوە بکەین لە ئەصڵی یاساکەدا لە بەشی سێیەم پۆلینکردنی شەهیدان و دیاری کردنی مووچە بۆ کەسوکارەکانیان، ئەلێرەوە ئێمە قسە لەسەر ئەو پێشنیارە بکەین کە چەندین جار ئەندامانی پەرلەمان قسەیان لەسەر کرد، بەڕێز وەزیریش ئاماژەی بەوە کرد کە بوونی مووچە بە مینحە ئەم کێشەیە چارەسەر دەکا، کەواتە ئێمە لە دەست پێکەوە دەست پێدەکەین لە بەشی سێیەمەوە ئەو گۆڕانکارییە بکەین، چونکە هەمووان دەزانن جیاوازی زۆرە لەنێوان....، ئەمە یاسایەکە خۆی ناوی ماف و ئیمتیازاتی شەهیدانە، دیارە دەشزانین مووچە بەرامبەر ئەرك و ماندووبوونی کەسەکە خۆیەتی، بەڵام مووچەی شەهید قەرەبوو کردنەوەی حکومەتە بۆ کەسوکارەکەی، واتە دەچێتە چوارچێوەی ماف و ئیمتیازات، واتە دەبێ ئەم ماف و ئیمتیازاتانە بەردەوامی هەبێت، نابێت رابگیرێت، نابێت ئەم هەموو رێگری، ئەم خاڵانەی کە هەمووی خۆی ئیستیسنایە و ئیستیسناشی تێدا کراوە ئەمە بۆتە هۆی ئەوەی کە نەبێتە ئەوەی کە ئەمە لە صاڵحی ئەودا بێت ئەم یاسایە کە پێی دەوترێت یاسای ماف و ئیمتیازات، بۆیە من پێموایە یەکلا کردنەوەی ئەو بابەتە بەوەی کە مووچە بێت یان مینحە بێت خۆی لە خۆیدا هەموو ئەو ئیستیسنایانە ناهێڵێت، یەعنی کە بووە مینحە ئیتر هەموو ئەوە، من تێبینم لەسەر بەڕێز وەزیری شەهیدان قسەی لەسەر ئەوە کرد ئایا هاوکاری بێ یان شەهیدانە، بەڕاستی هاوکاری پێچەوانەی ئیمتیازاتە و من پێموانییە مەسەلەی هاوکاری شوێنی خۆی بگرێ و شەهیدانە بەرامبەر ئەو موستەڵەحەی کە پڕاوپڕیەتی، مەسەلەی ئەوەی وەکو وتم هەرچەندە بڕیاردان لە هەموو ئەو ئیستیسنایانە ناهێڵێ، بەڵام من لە مەسەلەی ئەوەی کە رێگە بە ژن نەدرێ، ئەو مافەی لێ زەوت بکەین، ژیانێکی نوێ پێك بهێندرێتەوە، هاوڕام لەگەڵ هەموو ئەو بەڕێزانەی قسەیان لەسەر کرد، بەتایبەتی قسەکانی بەڕێز ئاشتی خان، کە بەڕاستی ئەمە گەورەترین پێشێلکارییە بەرامبەر ماف لە سەدەیەك و لەسەردەمێکدا کە مافی مرۆڤ خۆی لە خۆیدا لەخاڵەکاندا رەنگی داوەتەوە، تێبینیم هەیە لەسەر سێیەم هەرجارێکی تر لە ئەصڵی پرۆژەکە کە حکومەت ناردوویەتی، باس لە موستەحەقاتەکە دەکات، خاڵی شەش باس لە ئەوە دەکات کە لەوێدا لە دەرەجەی دووەمدا بەڵام بەڕاستی راپۆرتەکەی لیژنەی هاوبەش ئەو حەقەی لێ کردۆتەوە کە بە خاڵی سێ هاتووە لێرە، سەرفی موستەحەقات هەمووی دەوەستێ، ئەوەتا هاتووە دەڵێ (فیقسم الراتب بين الوارث من الدرجة الثانية)، دوای ئەوە لای بردووە راپۆرتی هاوبەش، من پێموایە گەڕانەوەی خۆی زەوج و زەوجە کە جارێکی تر زەواج دەکەنەوە ئەوە لە ئەصڵی مەشروعەکەی حکومەتدا

هاتووە، جارێکی تر کە لەراپۆرتی لیژنەی هاوبەشدا لابراوە، بێتەوە جێگەی خۆی و ئەوانیش لەو مافە پێشێل نەکرێن، سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

پێش ئەوەی جەنابی وەزیر قسە بکا، نابینم کەس ئێعتزازی هەبێ، کەواتە ئەم هەموو یەعنی تیکرارە بۆچییە؟ یەعنی دوو، سێ حاڵەتە، مینحە بێ، حیسابی بۆ منداڵ و کەسوکاری شەهید بکرێ، شوونەکاتەوە، یەعنی ئەم چەند حاڵەتەیە تیکرار دەبێتەوە، بۆیە بەرای من خۆشی پرۆژەکە وا هاتووە، ئێعتزازێك نییە لەسەر ئەو مەسائیلانە، فەرموو جەنابی وەزیر.

**بەڕێز صباح احمد محمد (ئارام)/وەزیری کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

رازاو خان راست دەکا، ئێستا ئەگەر ئێمە بڕیار بدەین جارێ ئەوە بکرێ بە شەهیدانە زۆر داڕشتنەوەی تر هەیە بەندە بەوەوە، یەعنی ئەو بڕیارە بدرێ زۆر، زۆر باشە، پێم باشە ئێستا ئەگەر بکرێت، وەکو پێشنیارێ ئەو بڕیارە بدرێ، دیارە هاودەنگییەك هەیە لەسەر ئەوەی کە بکرێ بە شەهیدانە، کە کرا بە شەهیدانە هەندێ دەقی تر هەیە گۆڕانکاری بەسەردا دێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك گۆران.

**بەڕێز گۆران ئازاد محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەرەتا ئەصڵی ماددەکە خوێندرایەوە، هەردوو لیژنەی بەڕێز رەئی خۆیان دا، جەنابی وەزیر تەوزیحێکی جوانی دا، بەپێی پەیڕەو ئەندامان قسە دەکەن، ئەوجا ئەوەی قسەی خۆی دووبارە دەکاتەوە یان نا، بەڵام هەر ئەندامێك قسە دەکا لەگەڵ رێزم رێ بە جەنابی وەزیر دەدرێ دەچێ تەعلیق لەسەر قسەی ئەندامەکە دەدا، هەر ئەندامێك قسە دەکا لیژنە لەولا تەعلیق لەسەر قسەی ئەندامەکە دەدا، با هەموو قسە بکەین هەر بە کۆتایی جەلسەکە دەچێ، تەئکید سیاغەی ئەو ماددەیە هەر دەکەوێتە بەیانی، لەرووی قانونی سیاغەیەکی دەقیق و ورد دەکرێ و دەنگی لەسەر دەدرێ و زۆر سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

مانیع نین ئەندامانی پەرلەمان، بەڵام تکایە تیکرار مەکەن و بۆ ئەوەی ئیستیفادە لە کاتەکە بکەین، فەرموو ڤیان خان.

**بەڕێز ڤیان عبدالرحیم عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیاره قسه كردن لەسەر ئەم یاسایە هەموو هاوكارانم چۆنیەتی گرینگی دانی ئەم یاسایە بۆ خزمەتكردنی كەسوكاری شەهیدان و قوربانیانی جینۆساید خرایە روو، بەڵام لێرەدا ئێمە نابێ بڵێین دەبێ بكرێ بە مینحە یان بە مووچە، خۆی لە خۆیدا لە ئەساسدا مینحەیە، كە جێ بەجێ نەكراوە بەرپرسیارەتی وەزارەتە بە هەموو كابینەكانی پێش خۆشیانەوە كە جێ بەجێیان نە كردووە، چونكە ئێمە فەرمانەكەمان لایە كە لە (2009/9/26) ئەم فەرمانە دەرچووە لەلایەن بەڕێز سەرۆكی كابینەی پێنج ئەوكاتە بەڕێز نێچیرڤان بارزانی كە دەڵێت مووچەی شەهیدانە بە مووچەی دووەم دانەندرێت، رێگا لە سەرف كردنی مووچەیەكی تر نەگرێ بۆ كەسوكاری شەهیدان كە بەپێی یاسا و ئیمتیازی كەسوكاری شەهیدان لە هەرێمی كوردستان لە یاسای ژمارە (9)ی ساڵی 2007 دەرچوێندراوە، كەواتە كە جێ بەجێ نەكراوە وەزارەتەكان و وەزیرەكان بەرپرسن لە جێ بەجێ نەكردنی ئەم یاسایە، دواتر هەر ئەصڵی یاسایەكە كە دەرچووە بەناوی دابینكردنی ماف و ئیمتیازەوە دەرچووە، ماف و ئیمتیازیش واتە ئەمە مینحەیە، یەعنی كە مەعامەلەیەكی تەندروست لەگەڵ جێ بەجێكردنی یاسایەكە نەكراوە نابێ ئێستا لێرەدا بخرێتەوە دەنگدان و بكرێ بە مینحە، ئەمە خۆی هەم لەناوی یاسایەكە هەم لە دەرچوونی ئەو بڕیارە ئەمە لە ئەساسدا مینحە بووە، كەواتە دەبێت وەكو خۆی لێ بكرێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرمووو پەیام خان.

**بەڕێز پەیام احمد محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

دیارە ئێمە لەسەرەتادا دەبوایە ئەوەمان یەكلایی بكردبوایەوە كە ئەوە مووچەیە یان مینحەیە، ئەگەر بەپێی ئەو بەڵگەیەی كە ڤیان خان باسی كرد كە ئەوە لەكاتی كابینەی پێنج كراوە مینحە بووە، بەڵام دواتر یاسایەك دەرچووە لە (2007)دا كە هەمواری كردۆتەوە هەموو ئەوانەی كە پێشتر مینحە بووە، كراوە بە مووچە، بۆیە ئێمە قسەمان لەسەر ئەوەیە ئێستا ئەمە مینحەیە؟ یان مووچەیە؟ ئەگەر مینحەش بێ مینحە بیرمان نەچێ دەیمومەی نییە، ئەمە دەیمومەی نییە، ئەگەر مینحە بێ وەكو زیندانیانی سیاسی بۆ ماوەیەكە، بۆ دە ساڵە، كەواتە لێرەدا ئەگەر مینحەش بێ ئەوە ئێمە دەبێ ناوی لێبنێین ئەم مینحەیە دەبێ بەردەوام بێ، چونكە عادەتی مینحە دەیمومەی نییە، لەگەڵ ئەوەدام تەئكید دەكەمەوە لەسەری هاوڕێیانم زۆر باسی ئەوەیان كرد كە ئەو ژن و پیاوانەی كە دووبارە هاوسەرگیری دەكەن ئەو مینحەیە یان ئەو یارمەتییەیان نەبڕێ، ئەگەر بەرەچاو كردنی دایك و باوكی ئەو شەهیدەش، منداڵی شەهید لە هەموو ئەو شتانە ببورێت ئەگەر وارسی یەكەمیش نەبوو ئەوە خوشك و برای شەهید ئەوە بگرێتەوە، هەروەها تاقانەكان تەئیدی قسەكانی بەڕێز وەزیر دەكەم، تاقانەكانی پاشماوەكانی ئەنفال ئەوانە زۆر كەمن، ژمارەیەكی زۆر كەمیان هەیە، ئەوانەش تەئكید دەكەمەوە كە ببورێن لەو ئیستیسنائاتانەی كە كراوە، هەروەها بەردەوامیش ئەو یارمەتییەیان بمێنێت، تەئكید دەكەمەوە لەسەر ئەوەی كە ئێمە ماوە دانەنێین

بۆ تەمەنی ئەو گەنجانە، ئەو کەسانەی کوڕ و کچی شەهید کە تەمەنیان بگاتە ئەوەندە دوایی ئەو یارمەتییەیان لێ دەبڕێت، چونکە ئەگەر برەیان و ئیشێکی تریان نەبوو، چونکە بەڕاستی ئەوە ڕێگرییە لە ئەو کەسە کە بتوانێ ئیشی تر بکات، بۆیە تەئکید دەکەمەوە ئەمە ناوی چی دەنێن نازانم، بەڵام ئەمە دەبێت دەیمومەی هەبێت، تەئسیر نەکا لەسەر هیچ کەسێك کە مووچەیەکی تری هەبێت، مووچەیەکی فەرمی تری هەبێ، لە ئیشی خۆی یان لە وەزیفەی خۆی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەموو کاك شڤان.

**بەڕێز شڤان احمد عبدالقادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەرەتا من دەستخۆشی و پشتگیری لە ڕاپۆرتی هاوبەش و ئەو تەعدیلاتانەی کە بەو شێوەیە کە لەبەر دەستمانە دەستخۆشیان لێ دەکەم و پشتگیریان لێدەکەم، من دەبینم کێشەی هەرە گەورەی ئەم ماددەیە زیاتر خۆی لە جێ بەجێ نەکردنی ئەو بڕیارانە دەبینێتەوە کە پێشتر جەنابت ئاماژەت پێکرد لە ئەنجومەنی وەزیران دەرچوو، کە سێ وەزیری ئێمە، سێ کابینەی ئێمە جێ بەجێیان نەکرد، ئەمە یەکێك لەگەورەترین موشکیلەکانی ئێمەیە، من هەشت ساڵ سەرۆکی دەزگای شەهید بووم، ڕۆژێك لە ڕۆژان لە چەندین دیمانەی تەلەفزیۆنی و ڕادیۆیی و گۆڤار و ئەوانەدا ڕۆژێك لە ڕۆژان ناوم لێنەنا مووچەی شەهید، هەمیشە دەمگۆت ئەوە هاوکارییەکە، ئەوە شەهیدانەیە، ئەوە مینحەیە، یەعنی قەت ناوم لێنەنا مووچەی شەهید، کە یاسایەك بۆ وەزارەت دەرچووە ڕاست ئەم مینحەیە یان ئەم دەستکەوتە یان ئەم ئیمتیازە فیعلەن ئیمتیازە، هەر ناوەکەی بە عەرەبییەکەی زۆر پڕ بەپێستییەتی کە ئیمتیازە، ئێمە دەبێ بە کوردی ناوی لێ بنێین شەهیدانە، زۆر، زۆر بەجێیە کە وەکو خۆی بمێنێتەوە، شەهیدانە، من تەنیا تێبینیم لەسەر بڕگەی دوو لە سێیەم هەیە کە (یوقف صرف مستحقات زوج او زوجة الشهيد الذين تزوجوا مرة اخرى)، جەنابی سەرۆکی پەرلەمان، ئەمە بە حەقیقەت لە چەند لاوە خیلاف و دژ بە شەرحە، دژ بە قانونە، بەپێچەوانەوە دەبێ خێزانی شەهیدێك کە مێرد دەکاتن ئێمە ئیمتیازێکی بدەینێ لەرووی شەرعەوە، بەس کە پیاوێك خێزانی شەهید بووە ژنێکی دووەم دێنیتن دەبێ ئێمە ئیمتیازێکی بدەینێ، پشتگیری بکەین، یەعنی تەمامەن پێچەوانەی ئەوە ڕاستە، بۆیە من داوا دەکەم ئەم بڕگەیە نیهائیەن هەر هەڵبگیرێ، چونکە بڕگەی دوای ئەو، سێیەم کێشەکەی چارەسەر کردییە، ئەم بڕگەیە نیهائیەن هەڵبگیرێ، ئەوەی کە تاقانە هاتووە، بە حەقیقەت زۆر، زۆر بەجێیە کە حاڵەتەکان زۆر، زۆر کەمن ئەم ئیمتیازە بە تاقانەی وارسی شەهید بدرێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو گەشە خان.

**بەڕێز گەشە دارا جلال:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، وەڵڵا من هەر لەسەر ئەم قسەیە قسە دەکەمەوە، ئەگەر چی هەندێ لە هاوڕێیانیشم قسەیان کرد لە مەسەلەی زەواجی دووەم، یاخود بڵێین دوای شەهید بوونی کە زەواج دەکاتەوە، ئاشتی خانیش ئاماژەی پێدا، کە تۆ حەقێکت داوەتێ و بەس موعەلەقت کردووە لەسەر شەرت، کە ئەمە بەپێی یاسا خۆی نابێ، لە پرۆژەکەدا بەو شێوەیەش نەهاتووە، بەڵکو هێشتا کاتێك کە دێتە سەر ئەوەی کە وارسی دەرەجەی یەکەمی هەبێ، مەحرومی دەکا لەو مووچەیە بڵێین مینحەیە، بەڵام لە تەقریری موشتەرەکدا لە کاتێکدا کە دەرەجەی دووەمیشی هەبێ مەحرومی کردۆتەوە، لەبەر ئەوە من پێموایە ئەمە زوڵمێکە تۆ رێگری لەوە دەکەی کە ژن شوو نەکاتەوە، کە ماڧی خۆیەتی شوو بکاتەوە، چونکە زیاتر بەراستی حاڵەتەکان رەنگە ژن بێ، بۆیە من ژنم بەدەمدا هات، بەڵام پیاویش دەگرێتەوە کە نەتوانێت زەواجی دووەم بکاتەوە، ناکرێ ئێمە حەقێك کە موعەلەق بکەین لەسەر شەرتێك کە خۆی ئیکتیسابی ئەو حەقەی کردووە، بەپێی قانونی ئینسانییەت، بەپێی قانونی وەزعی بێ، هەر شتێك بێت، لەبەر ئەوە من پشتیوانی هاوڕێکانم دەکەم، کە ئەو ژنە بێ بەش نەکرێ لەکاتی شوو کردنەوەیدا لەو مەسەلەیە، ئەوە شتێکی خوازراو نەبووە کە ئەو مێردەکەی یاخود ژنەکەی شەهید بووە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك عبدالرحمن.

**بەڕێز عبدالرحمن حسين ابابكر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕاستی منیش پشتگیری لەوە دەکەم کە بکرێ بە شەهیدانە، نە هاوکاری نە مینحە، بکرێت بە شەهیدانە لە هەمووی باشترە، کە ناوی شەهیدیش لەسەرتر دەبێ و هەتا، هەتایی کەس ناتوانێ قسە بکات، کەس ناتوانێ بشگۆڕێ، سەبارەت بە کوڕ و کچەکانی شەهید بەڕاستی کە عومری بوو بە (24) ساڵ مووچەی نەدەنێ، یان شەهیدانەی نەدەنێ، یان مووچەی ببڕن، یان دوو مووچەی بۆ نەبێ، بەڕاستی ئەوانە غەدرێکە کە لەدونیا نییە ئەو غەدرە، چونکە ئێمە لەلایەکی دەڵێین پێنج ساڵ باکوڕ و کچی شەهید بچنە زانکۆی تایبەتەکان و زانکۆی حکومییەکان و بچنە توێژینەوە و ئەو شتانە هەمووی بۆمان دابین کردینە لەلایەکی، بچێت لە کولییە ببێتە مامۆستا و ببێتە موهەندیس و شت، لەلایەکی تریش مووچەی پێ نەدەین، دایدەمەزرێنی، بەڵام مووچەی پێ نەدەین کە هی باوکی هەیە، یان شەهیدانەی هەیە، ئەمە بەڕاستی ناحەقێکە دەبێ ئەوە مووچەی بدرێتێ ببێتە شەهیدانە، لە پشتەوەش ئەو مووچەی کە ئیشی پێدەکا یان خزمەتێکی دەکا، یەعنی پلەی تایبەتی خۆشی وەر بگرێ لە هەر جێیەکی دابمەزرێ، سەبارەت بە ژنەکان، هاوسەرەکان، دەڵێ هاوسەری شوو بکات مووچەی بدەنێ، دوو جۆرە شوو کردنەوە هەیە، یەکێکیان لە بێزاری خۆی ناتوانێت ژیانی خۆی بباتە سەر کە فەقیرە، هەژارییە، دەیەوێ شووبکا، ئەمە حەقی خۆیەتی کە مووچەی بدەنێ، نابێت مووچەی لێ ببڕێتەوە، شێوەیەکی تریش هەیە ژنەکە خۆی دەیەوێ شووی

بکات، لەماڵ دەر بچێت، بەڵام باوکی شەهیدەکە و دایکی شەهیدەکە پەککەوتوونە و بێزارن لەوێ، یەعنی وەکو بڵێین پیرەژن و پیرەمێردن، ناتوانن ژیانی ببەنە سەر، ئەوە بەهیچ حەقێك نابێت ئەو مووچەیە بدن بەو ژنە، دەبێ بدەن بە باوك و دایکی شەهیدەکە، چونکە ئەوانە پەککەوتەنەو هەژار و فەقیرمانە لەوێ، کەس نییە بەخێویان بکات، ئەو تەرکی دەکا و دەڕوات، یان شێوەی تریش کە ژنەکە شووی دەکا، منداڵی هەیە، منداڵی بەجێ دەهێڵێت و دەچێ شوو دەکا، بە چ حەقێك مووچەی ئەو شەهیدە بدەن بەو ژنە؟ ئەوەش حەق نییە دەبێ بیدەن بەو کوڕ و کچەی ئەو شەهیدە، بەڵام شێوەی کە لە هەژاری خۆی و لە مووچە کەمی کە نەتوانێ ژیانی خۆی ببێتە سەر ئەوە دەبێ حکومەت مووچەی زیاد بکا، چاوی لێ بێ، نەیەڵێ ئەو ژنە لە بێزاری و هەژاری خۆی شوو بکا، کە مێردەکەی شەهید بووە، لە پێناوی هەموومان ژیانی خۆی بەخت کردییە، ئیتر زۆر سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو هاوڕاز خان.

**بەڕێز هاوڕاز شێخ احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە ئەو یاسایەی کە لە (2007) دەرچووە کەموکورتی زۆری تێدایە، بەتایبەتی ئەو بابەتانەی یان ئەو ماددانەی لە بۆ تەعدیل هاتینەوە، سەبارەت بە مینحە یان مووچە یان شەهیدانە بەڕاستی حەقە لەو ماددەیە یەکلای بکرێتەوە، چونکە زووٚ باسی لێکرا، منیش پێم باشە شەهیدانە بێ، چونکە مینحە هەم زەمانەتی نییە، هەم پێموایە ئیدامەی نییە، هەم بەشێوەیەك لە شێوەکان هەدەڤ خۆی ناپێکێنێ، سەبارەت بەم ماددەیە لە فەقەرەی سێ شتێك هاتووە بەڕاستی لای من زۆر جێی تێبینییە کە تەعدیلەکەشی هەر بەشێوەیەکییە کە لە خزمەتی کەسوکاری شەهیدان نییە، ئەویش دەڵێ ئەگەر خوشك و برای شەهید هیچ مووچەیەکی وەرنەگرێ لە حکومەت ئینجا ئەو هاوکارییە، ئەم شەهیدانەیەی بۆ دەبێ، بەڕاستی ئەمە من هەر نموونەیەکی واقعی لەناو کۆمەڵگای خۆمان دێنمەوە، لەوانەیە لەوەش کەمتر هەبێ، هەیە مووچەی تەقاعودیەکەی (230) هەزارە، تۆ مەعقولە بڵێی ئەوەی نادەمێ، ئەو هاوکارییەی ناکەم، ئەو شەهیدانەیەی پێ نادەم، خوشك و برای شەهیدە، لەدونیایەیك مەعانات لەگەڵ شەهیددا بووە، دونیایە موعاناتی دیتییە، ئەو هەتا ئێستا هەر بەبریندارە، هەتا دەشمرێ هەر برینداری ئەو برینەیە کە براکەی یان خوشکەکەی شەهید بووە، ئێستا تۆ ئەو مینحەیەی پێ بەزیاد بینی، مینحەکەی پێنەدەی بڵێی ئەوە وەڵڵا مووچەیەکی تەقاعودی یان مووچەیەکی هەیە لە حکومەت، لەبەر ئەوە پێویستە بەڕاستی ئەوەش بەهەمان شێوە ئەو شەهیدانەی پێ بدرێت و مەحروم نەکرێ لەو شەهیدانەیە، سەبارەت بەو خاڵەی کە ئەو ئافرەتەی کە زەواج دەکاتەوە جارێکی تر هاوسەرگیری دەکاتەوە، من پێموایە ئەمەش هەر بەڕاستی هەر ئیجحافێکی زۆر گەورەیە بە حەقی ئینسان، نەك بە حەقی ئافرەت، بۆ پیاویش بەهەمان شێوە، چونکە ئەو بۆخۆی لەکارەساتێکدا ژیاوە، تووشی کارەساتێکی گەورە بووە، ئەو کارەساتەش تا هەتایی

لەسەری دەمێنێتەوە، هیچ مانای نییە تۆ ئەم هاوکارییەی لێ ببڕی، لەبەر ئەوەی کە شووکردنەوەی دووەمە، هاوسەرگیری کردنی دووەم، هەر لەرووی کۆمەڵایەتیش بەڕاستیش ئیجابیە، هەم لەرووی ژیانی ئینسانیەتیشدا شتێکی زۆر ئاساییە ئەو هاوسەرگیری دووەم بکاتەوە، ئەو مینحەشی پێ بدرێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو ناسك خان.

**بەڕێز ناسك توفيق عبدالكريم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە من بە حکومی ئەوەی کەوتمە ئاخیر قسەکانم زۆربەی کرا، تەواو هەر لەیەکەم کەس کە کاك شێرزاد بوو، تەواو پشتگیری هەموو قسەکانی دەکەم، بەراستی ئەم راتبە کە دەبڕدرێ هەر کەسێکی ئاسایی کە شەهید نییە، خانەنشینی وەردەگرێ منداڵەکەی تا ئەوکاتەی کە تەخەروج دەکا یان تا تەعین دەبێ، ئەی تۆ چۆن ئیمتیازی شەهیدەکە دەکەی لەگەڵ ئەوەی کە بە تەبیعی خانەنیشین دەبێ، ئەمە یەعنی بە نیسبەت هەم منداڵ و هەم کوڕ و کچەکە، هەم خوشك و برایەکە، ئەوەی تریش بەڕاستی بڕگەی پێنجەم کە باس لە خاڵی یەکەم و دووەم (تصرف مستحقات الوالد والوالدة)، دوایی دەڵێ (تصرف مستحقات (الزوج) او (الزوجة))، خاڵی دووەم زۆر زیادەیە، یەعنی هەر دەڵێی خاس بۆ ئەوە داندراوە، ئێمە دەمانەوێ بە خەڵك بڵێین نە  هیچ پیاوێك ژن بێنێتەوەو دوای ئەوەی ژنەکەی شەهید بووە، نە هیچ ئافرەتێك شوو بکاتەوە، چونکە وتوومانە (بشرط عدم الزواج)، یەعنی ها ئاگات لێ بێ بەو شەرتەی کە نابێ زەواج بکەی، یەعنی ئیحائی دەکەین دەڵێین هەر حەقێك لە ئەرز و ئاسمان دراوە بەتۆ حەیاتت تێکچووە، حەیاتێکی تر دروست نەکەیتەوە، ئینجا راتبەکەت دەدەینێ، هەر خۆی ئەم خاڵە دەبێ لابدرێ، ئەم (بشرط عدم الزواج)ە ئیحایەکی زۆر خراپ دەدا، چونکە خاڵی سێیەم خۆی ئۆتۆماتیکی هەر خاڵی سێیەم ئەگەر واش بێ، چونکە من دەزانم لەوە دەچێ عورفی کۆمەڵایەتی منداڵێك قبوڵ نەکا دایکی زەواج بکاتەوە، بڵێ من دەبێ مەعاشەکەی ئەو ببڕم بیدەم بەمن، یەعنی ئەو منی بەجێهێشتووە، بەس تۆ نابێ تەشجیعی عورفێکی هەڵە بکەی، دەبێ مشووری منداڵەکەش بخۆی، ئەم حەقەش بدەی بە ئەو، من لە هەڵەبجە ئافرەتێك دەناسم مێردەکەی و سێ منداڵەکەی شەهید بوونە لە کیمیا باراندا، دوای چوار ساڵ ئینجا زەواجی کردۆتەوە، یەعنی دەکرێ تۆ ئیمتیازێك نەدەی بەم ئافرەتە کە هەڵستاوەتەوە سەر پێ بەدەستی خاڵی، مێردو منداڵی تێدا چووە، دوای چوار ساڵ ئینجا زەواج دەکا، بڵێی وەڵڵا مادام تۆ شووت کردۆتەوە ئەو مینحە بەسیتەی کە دەتدەمێ لێتی دەبڕم، بەهەمان شێوە تۆ هەم زەوجەکەشت مەحروم کردووە، یەعنی خۆ پیاو هەر ژن دەهێنێ، ئێ خۆ ئەم مەسرەفی ماڵێکی تر دەکەوێتە سەر، ژیانی تێکچووە، کەچی ئێستا دەڵێی ئەگەر زەواجت کرد تۆش دەبڕم، لەبەر ئەوە بەڕاستی ئەوەی کە هەمووی موتەفیق بووین لەسەری، ئەوەی کە بکرێتە مینحە، بەشەرتێك سیفەتی دەیمومەی هەبێ، ئەمە یەك، دوو ئەو مەوزوعەی (عدم الزواج) لابدرێ، سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو ئاهەنگ خان.

**بەڕێز ئاهەنگ عارف رووف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، من پشتگیری لەو بۆچوونانە دەکەم کە هاوڕێیانم باسیان کرد، ئەو حەقە بدرێتە ژنێکی کە مێرد دەکاتەوە، حەتمەن من بەلایەکی دادێم، ئیستیقلالیەتی مالی موهیمە بۆ شەخسییەتی بەشەری، بۆ ئەوەی ئیحتاج نەبێ و بۆ ئەوەی بەخۆی بتوانێت حەیاتی خۆی تەواو بکا، بێ ئەوەی ئەرکی خۆی بێختە سەر هەریەکێکی تر، ئەوجا ئەوە هەر ژنەك بێت، بەڵام ئایا دەڵێم ئەدی ئەو ژنەی کە شوو ناکاتەوە و بەگەنجی زکرەیاتی ئەو پیاوە قارەمانە لەبیر ناکا، بۆ ئەو مینحەکەی نەبێتە دوو قات؟ زۆر سوپاس بەڕێزان.

**بەڕێز حسن محمد سورە / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك محمد.

**بەڕێز محمد احمد علی (شارەزووری):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

قسە لەسەر راپۆرتی لیژنەکە ئێمە و وەزارەتی شەهیدان من لە رووە ئینسانییەکەی باس ناکەم، کۆمەڵێك رووی دیکەی باس دەکەم، ئێمە وەکو لیژنە لەگەڵ ئەوە نەبووین کە ژن ببەستینەوە بە ماعاشێکەوە هاوسەرگیری نەکا، بەڵام من سەدان حاڵەتمان لایە، نەك سەدان لەوانەیە زیاتر لە سەدانیشمان لایە ژن مووچەکەی بردووە نایدا بە منداڵی شەهیدەکە، ئێستا باوە پیارە هەیە، ئەوەی کە خۆمان پێی دەڵێین باوە پیارە، مووچەی شەهیدەکە وەردەگرێ کە ژنەکە شووی پێدەکاتەوە منداڵی شەهیدەکەی دەرکردووە مووچەی ناداتێ، ئەی ئەمە چۆن چارەسەر دەکرێت؟ لەبەر ئەوە ئێمە قەت لەگەڵ ئەوەدا نەبووین وەکو لیژنە بڵێین هاوسەرگیری نەکرێتەوە، لەرووە ئینسانییەکە قەت هینمان نەکردووە بەڵام وەرە سەر رووەکەی دیکەی کە ئەوە جەنابی وەزیر و وەزارەت دانیشتوون، سەدان کێشەی وا دێتە لای ئێمە کە منداڵی شەهیدەکە بێ بەری دەبێ لە شەهیدانەکەی باوکی، ئەوەی کە دایکی شووی پێ کردووە غەدری لێ دەکا و مووچەکەی ناداتێ، من ئەوە دەخەمە بەردەستی ئێوە، زۆر سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز حسن محمد سورە/جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو جەنابی وەزیر.

**بەڕێز صباح احمد محمد (ئارام)/وەزیری کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەڵبەتە وەكو باس دەكرێ ئەمە ماف و ئیمتیازاتی كەسوكاری شەهیدانە، یەعنی كەسوكاری شەهیدان بە هاوسەر و دایك و باوك و كوڕ و كچ و ئیتر خوشك و برا دەگرێتەوە بە پلەی یەكەم، لەم كێشەیە كە ئێمە خۆمان لەگەڵ لیژنەی شەهیدان دانیشتین، هەمووومان هاندەری ئەوەین كە دەبێ هاوسەر هاندەری هەبێ شوو بكاتەوە، یەعنی شەهیدانە وەرگرێت، بەڵام كەسوكاری شەهید هی تر هەیە، وەكو دایك و باوك پلەی یەكەمن، ئێمە خۆمان لە پێشمەرگایەتی دەزانین زۆر لەو دایك و باوكانە بەڕاستی تووشی كێشەی گەورە بوون، زیندانی، دەربەدەری، دەركردن لەئیش، یەعنی سورەكە بێننە بەرچاوی خۆتان لە هەشتاكان، لە حەفتاكان، ئەو دایك و باوكانە چیان بەسەر هاتووە، لەپڕێكدا كوڕێكی یان دووانی شەهید دەبێ، هیچ مافێكی نییە، یەعنی ئەو زەرەرمەند بووە، كە باسی ماف و ئیمتیازات دەكرێ یەعنی تۆ بەرامبەر بە زەرەر قەرەبوویەك دەكرێتەوە، یان هاوكاریەك دەكرێی یان شەهیدانە دەكرێی، بۆیە ئێمە پێمان باشە یەعنی ئینساف بەرامبەر بە دایك و باوكەكەش هەبێ، شتێك بدۆزینەوە بۆ منداڵەكەش هەروا وەك بەڕێز كاك محمد باسی كرد، یەعنی لایەنی منداڵەكە، لایەنی دایك و باوكەكەش دەبێ جێگەیەك بكرێتەوە، یان ئەوەتا مووچەكە دابەش بكرێ، بابڵێین شەهیدانەكە یان بە مینحە شتێك بدۆزرێتەوە كە ئینساف بێ، یەعنی ئینساف لە دابەشكردندا زۆر، زۆر گرینگە نابێ ئەو دایك و باوكانە فەرامۆش بكرێن، بەتایبەتی منداڵ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی داوا دەكەن كە كاتیان بدەینێ بۆ سیاغەی پێشنیارەكان، بۆیە دانیشتنی ئەمڕۆمان كۆتایی پێ دێنین، تا ڕۆژی دوو شەمە سەعات (11) بەخواتان دەسپێرین.

| | |
|---|---|
| **فرست احمد عبدالله** | **د.حسن محمد سورە** |
| **سكرتێری پەرلەمانی** | **جێگری سەرۆكی پەرلەمانی** |
| **كوردستان – عێراق** | **كوردستان – عێراق** |

# پەرلەمانی کوردستان - عێراق

**پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (14)**

**دوو شەممە رێکەوتی 6\5\2013**

**خولی سێیەمی هەڵبژاردن**

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (14)

## دوو شەممە رێكەوتی 2013/5/6

كاتژمێر (11)ی پێش نیوەڕۆی رۆژی دووشەممە رێكەوتی 2013/5/6 پەرلەمانی كوردستان - عێراق بە سەرۆكایەتی د.ارسلان بایز اسماعیل سەرۆكی پەرلەمان و، بە ئامادەبوونی بەڕێز د. حسن محمد سورە جێگری سەرۆك و، بەڕێز فرست أحمد عبدالله سكرتێری پەرلەمان, دانیشتنی ژمارە (14)ی خولی سێیەم, سالی (2013) ی خۆی بەست.

**بەرنامەی كار:**

بەپێی حوكمەكانی بڕگە (1)ی مادده (20) لە پەیڕەوی ناوخۆی ژمارە (1)ی هەمواركراوی سالی 1992ی پەرلەمانی كوردستان - عێراق, دەستەی سەرۆكایەتی پەرلەمان بڕیاری درا دانیشتنی ژمارەی (14)ی خولی سێیەمی هەڵبژاردن لە كات (11)ی پێش نیوەڕۆی رۆژی دوو شەممە رێكەوتی 2013/5/6 دا بەم شێوەیە بێت:

1-بەردەوام بوون لەسەر خستنەڕوو و گفتوگۆ كردنی پێشنیاری یاسای هەموار كردنی سێیەمی یاسای ماف و ئیمتیازاتی كەس و كاری شەهید و ئەنفال كراوان لە هەرێمی كوردستان.

2-خستنەڕوو و گفتوگۆ كردنی پڕۆژە یاسای پاراستنی تەندروستی لە هەرێمی كوردستانی عیراق.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/ سەرۆكی پەرلەمان:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

بەناوی گەلی كوردستان، دانیشتنی ئەمڕۆمان دەست پێ دەكەین، بەرنامەی كار، سەرۆكایەتی پەرلەمانی كوردستان، خولی سێیەمی هەڵبژاردن، سالی چوارەم، خولی گرێدانی دووەم، ژمارەی دانیشتن 14 ڕۆژی دانیشتن 2013/5/6.

بەرنامەی كار:

بەپێی حوكمەكانی بڕگە (1)ی ماددەی (20) لە پەیڕەوی ناوخۆی ژمارە (1) ی هەمواركراوی سالی 1992ی پەرلەمانی كوردستانی عیراق، دەستەی سەرۆكایەتی پەرلەمان بڕیاریدا بەرنامەی كاری دانیشتنی ژمارە (14) ی ئاسایی خولی سێیەمی هەڵبژاردن لە كات (11) ی پێش نیوەڕۆی ڕۆژی دوو شەممە، ڕێكەوتی 2013/5/6 بەم شێوەیە بێ:

1-بەردەوام بوون لەسەر خستنەڕوو و گفتوگۆ كردنی پێشنیاری یاسای هەموار كردنی سێیەمی یاسای ماف و ئیمتیازاتی كەس و كاری شەهید و ئەنفال كراوان لە هەرێمی كوردستان.

2-خستنەڕوو و گفتوگۆ کردنی پڕۆژە یاسای پاراستنی تەندروستی لە هەرێمی کوردستانی عیراق.
بەخێرهاتنی بەڕێز وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان دەکەین، داوا لە لیژنەی هاوبەش دەکەین بفەرموون بۆ سەکۆی لیژنەکان، فەرموو سەرگوڵ خان.

**بەڕێز سەرگوڵ رضا:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من ڕوونکردنەوەیەکم هەیە لەسەر نووسراوێکی جەنابتان کە دوێنێ بۆ فراکسیۆنەکانی ئۆپۆزسیۆنتان ناردووە، کە سەرۆکایەتی پەرلەمان لە 12/5 نووسراوی ئاراستەی حکومەت کردووە بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان، بەڵام پێنج مانگ تێپەڕیوە بەسەر ئەم نووسراوە، ئایا سەرۆکایەتی پەرلەمان لە دوای ئەمە چ ئیجرائێك ئەکات؟، لەکاتێك دا ئێمە وەکو کۆمەڵێك پەرلەمانتار داوامان کردبوو کە سەرۆکی حکومەت بێتە پەرلەمان لەسەر ئەو بابەتە، داوامان کردبوو بخرێتە بەرنامەی کارەوە، بۆیە داوای ڕوونکردنەوە لە بەڕێزتان دەکەین، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێمە بە ڕەسمی نووسراوەکەمان جواب داوەتەوە، ئەو کارەش لەبەرنامەی کاردا نیە، بۆیە ئەوە نوقتەی نیزامی نەبوو، ببوورە، تکایە بێ دەنگ، فەرموون لیژنەی هاوبەش.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پەرلەمانتارانی کوردستان، لە ئەنجامی گفتوگۆ لەسەر ماددەی 4 ی پڕۆژەکە کە پەیوەستە بە ماددەی 5 ی ئەسڵی قانونەکە، لیژنەی هاوبەش تێبینی ئەوەی کرد کە چەند پێشنیارێك لە لایەن ئەندامانی پەرلەمان پێشکەشی پەرلەمان کرا، بۆ ئەوەی ئەو یاسایە بە شێوەیەك دەربچێ لە بەرژەوەندی کەس و کار و شەهیدان و ئەنفال کراوەکانی کوردستان بێ، بەهەرئیمتیازاتێکی لە قانونەکەدا هەیە زیاد بکرێ، تەبیعی ئێمەش وەکو لیژنەی هاوبەش هەر هەمان مەبەستمان هەیە، پێشنیار کرا کە منداڵی شەهیدی سەنگەر ئیستیسنا بکرێ، ئەم پێشنیارەمان پێ باش بوو هەردوو لیژنە، ڕێگە گرتن لە ژن و پیاو بۆ هاوسەرگیری، ئێمەش پێمان باش بوو کە ئەوەش لابدرێ، پێشنیاری وا کرا کە ئایا راتب بێ یان مینحە، ئێمە وەکو لیژنەی هاوبەش دوای دیراسەتێکی زۆر نەمان ویست یاسایەکە بەشێوەیەك دەربچێ کە پێچەوانەی یاساکان بێ، کە پێچەوانەی قەواعیدی تەشریعی بێ لە کوردستان، گلەیی لە پەرلەمانی کوردستان نەکرێت بڵێن شارەزایی یاساییان نیە لە بابەتەکانی یاسایدا، ئایا ئەو موستەلەحاتانە کە بەکاردێت، زۆر بە وردی و بە دیقەت بەکاری بهێنین، هەتاوەکو بتوانین یاسایەکە بەشێوەیەك دەربچێ کە کەس نەقدی نەکات، واتە ئاگامان لەهەموار کردنەکە بێ بەشێوەیەك لە شێوەکان، کە بگونجی و تەعاروز لەگەڵ مەوادەکانی تر

نەكات، بەئاسانى حكومەت بتوانێت جێبەجێى بكات، مەفهومەكانى وازح بێ، ئێستا سياغەكمان ئامادە كردووە، دەيخوێنمەوە، تەبعەن سياغەى نيهائى نيە، سياغەكەى پێشنيار كراو ئێستا بەو شێوەيە:

المادة الرابعة:

تعدل الفقرتان ثانياً وسادساً من المادة الخامسة وكالأتي:

ثانياً: المشمولون بأحكام الفقرة اولاً من المادة السادسة هم:

1- الزوجة والزوج.

2- الابن والبنت اذا لم يكن يتسلم اي راتب حكومي.

3- الاولاد العاجزون/ يستثنى الاولاد العاجزون من الشرط الواردة في الفقرة (2) اعلاه.

4- الوالدان.

5- الاخوة والاخوات/ اذا لم يكن يتسلم اي راتب حكومي.

سادساً:

أ- يستثنى اولاد واخوة واخوات ضحايا إلابادة الجماعية من الشرط الوارد في (2) من ثانياً اعلاه لحين تعويضهم من قبل الحكومة الاتحادية.

ب- يستثنى اولاد شهيد خندق النضال من الشرط الوارد في (2) من ثانياً اعلاه.

**بەڕێز د.ارسلان بايز اسماعيل/ سەرۆكى پەرلەمان:**

فەرموو ڤيان خان.

**بەڕێز ڤيان عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆكى پەرلەمان.**

لە پێشنيارەكاندا كۆمەڵێك پەرلەمانتار پێشنيارى ئەوەمان كرد، كە لەدواى نەمانى وارسى پلە يەك، خوشك و براش سوودمەند بن لە پێدانى ئەو موستەحەقانە، ئەوەش يەكێك لە پێشنيارەكان بوو، چەند پەرلەمانتارێك پشتگيرى كرد، ئەو ئيستيسنايە، دواى نەمانى وارسى پلە يەك، پلە دوو سوودمەند بێ.

**بەڕێز د.ارسلان بايز اسماعيل/ سەرۆكى پەرلەمان:**

فەرموو كاك محمد.

**بەڕێز محمد احمد شارەزوورى:**

**بەڕێز سەرۆكى پەرلەمان.**

ئێمە لە ماددەى يەك هێنمان ديارى كردووە وارس، كوڕو كچ، خوشك و برا، دايك و باوك، براى غەيرى دايكى و خوشكى غەيرە باوكى و دايكيشمان ديارى كردووە، بۆيە ئەمانە وارسى حەقيقين، ئێمە لە ماددەى 1 دياريمان كردووە وارسەكان.

**بەڕێز د.ارسلان بايز اسماعيل/ سەرۆكى پەرلەمان:**

پەيام خان فەرموو.

**بەڕێز پەیام احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە ئێمە پێشنیاری ئەوەمان کردووە کە بەڕێز وەزیریش هەر ئەو پێشنیارەی کردووە، پشتگیریمان کرد، تاقانەکان، ئێمە باسی ئەوەمان کرد کەتاقانەکان مووچەکانیان دوای نەمانی خۆیان بەردەوام بێ بۆ منالەکانیان، پێشنیاری ئەوەمان کرد، بەلاّم تیای نەبوو.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك محمد.

**بەڕێز محمد احمد شارەزووری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوەش هەر لە ماددەی یەکە، ئێمە دیاریمان کردووە تاقانە لەکاتی نەمانی وارسە موستەهەقەکەی وەری بگرێ، ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ ئەو ماددەیەی کە دەنگمان لەسەری داوە، ئەوەشمان چارەسەر کردووە.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئیستیحقاقاتی شەهید لە قەوسێك بنووسن شەهیدان، شەهیدانە بێ نەوەك خێر پێ کردن، فەرموو ڤیان خان .

**بەڕێز ڤیان عبدالرحیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوەی کاك محمد گوتی ڕاستە، بە مانا عامەکەی خوشك و براو ئەمانە هەمووی کراوە ئەبێ بە وارس، بەلاّم ئێمە مەبەستمان لەوەبوو کە شەرتەکە لابرێت، کە ئەلێت دوای ئەوەی بلێین ئەمانە موەزەفی حکومین خوشك و براکە، ئێمە دەلێین دوای نەمانی وارسی پلە یەك، ئیستیسناکە لابرێت، ڕاستەوخۆ خوشك و برا ببن بە وارسی شەهید، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموون دوا قسەتان.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەنیسبەت پرسیارەکەی ڤیان خان، ئێمە دەستکاری فەقەرەی چوارمان نەکردووە، عند قطع مستحقات المشمولین باحکام هذا القانون تضاف الاستحقاق من استحقاق بقیة المستحقین) واتە ئەوە ماوەتەوە،

المادة الرابعة:

تعدل الفقرتان ثانیاً وسادساً من المادة الخامسة وکالأتي:

ثانیاً: المشمولون بأحکام الفقرة اولاً من المادة السادسة هم:

1- الزوجة والزوج.

2- الابن والبنت اذا لم يكن يتسلم اي راتب حكومي.

3- الاولاد العاجزون/ يستثنى الاولاد العاجزون من الشرط الوارد في الفقرة (2) اعلاه.

4- الوالدان.

5- الاخوة والاخوات/ اذا لم يكن يتسلم اي راتب حكومي.

سادساً:

أ- يستثنى اولاد واخوة واخوات ضحايا إلابادة الجماعية من الشرط الوارد في (2) من ثانياً اعلاه لحين تعويضهم من قبل الحكومة الاتحادية.

ب- يستثنى اولاد شهيد خندق النضال (سەنگەر) من الشرط الوارد في (2) من ثانياً اعلاه.

**بەڕێز د.ارسلان بايز اسماعيل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

تكايه كێ لەگەڵدايه دەستی بەرز بكاتەوە؟، كێ لەگەڵدانيه دەستی بەرز بكاتەوە؟، 5 كەس لەگەڵدانيە، بە زۆرينەی دەنگ پەسەند كرا، فەرموون بۆ ماددەيەكی تر.

**بەڕێز صباح بيت الله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة الخامسة:

اولا: تعدل الفقرة (اولاً) من المادة (السابعة) وتقرأ كالآتي:

}اولا:

1- يمنح زوج الشهيد المناضل وضحايا الابادة الجماعية منحة و وحدة سكنية او قطعة ارض على النحو الآتي:

أ- اذا كان الشهيد اعزباً فتسجل الوحدة السكنية او قطعة الارض بأسم والديه.

ب- اذا كان الشهيد أعزباً و والداه متوفين، فتسجل الوحدة السكنية او قطعة الارض بأسم اخوته و اخواته.

ج - اذا كان الشهيد متزوجا وليس لديه اولاد، فتسجل الوحدة السكنية او قطعة الارض بأسم زوجه ووالديه.

د- اذا كان للشهيد اولاد، فتسجل الوحدة السكنية او قطعة الارض باسم اولاده و زوجه.

2- اذا كان الشهيد متزوجاً باكثر من واحدة او واحد فيكون لمن بقى مرتبطاً بالشهيد بالرابطة الزوجية وقت استشهاده ولأولاده من الشهيد او لأولاد الشهيد من زوجة المنفصل او المتوفي قبل استشهاده نفس الحقوق والامتيازات المقررة في هذا القانون.

3- اذا كان في العائلة اكثر من شهيد واحد، يكون توزيع الراتب التقاعدي على النحو الآتي:

أ- يستلم الوالد والوالدة واولاد الشهداء كل الرواتب التقاعدية مع مراعاة حكم الفقرة الفرعية (3) من الفقرة (ثانياً) من المادة (الخامسة).

ب- يحصل كل من اخوة واخوات الشهيد المناضل او المواطن على راتب تقاعدي كل على حدة.

ج- اذا كان كلا الوالدين شهيدين وفق حالة الشهيد المناضل والشهيد المواطن فيمنح لأولاد الشهداء راتب تقاعدي واحد استثناءً من حكم الفقرة الفرعية (3) من الفقرة (ثانياً) من المادة (الخامسة).

**ثانيا: تعدل الفقرة الفرعية (3) من الفقرة (ثانياً) من المادة السابعة وتقرأ كالاتي:**

**(3- على الحكومة اعادة رفات الشهيد من داخل الاقليم وخارجه وتتحمل تكاليف ذلك).**

**ثالثاً: تحذف الفقرة الفرعية (4) من الفقرة (ثانياً) من المادة (السابعة) ويعاد تسلسل الفقرات الفرعية اللاحقة تباعاً:**

**(4- تعدل الفقرة الفرعية (7) التي كانت بتسلسل (8) من الفقرة الثانية من المادة السابعة وتقرأ كالاتي:**

**7- تؤسس الوزارة صندوقاً بأسم صندوق مساعدة ذوي الشهداء وضحايا الابادة الجماعية الجينوسايد لدعمهم ومساعدتهم حسب برامج ومشاريع مفيدة لذوي الشهداء وضحايا الابادة الجماعية وينظم ذلك بنظام.**

**خامساً: تضاف فقرة فرعية اخرى بتسلسل (8) الى الفقرة ثانياً من المادة السابعة وتقرأ كالاتي:**

**(8- تصرف تكاليف اعالة الوالدين المعاقين للشهيد المناضل وشهيد الابادة الجماعية بعد ان يثبت اعاقتهما بتقرير صادر عن اللجنة الطبية المختصة).**

**سادساً: تضاف فقرة فرعية اخرى بتسلسل (9) الى الفقرة ثانياً من المادة السابعة وتقرأ كالاتي:**

**(9- ينظم صرف مخصصات الزوجية واولاد الشهيد بتعليمات تصدر عن وزارة المالية والاقتصاد).**

**بەڕێز محمد احمد على(شارەزووری):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**دەقی یاساکە بە کوردی.**

**ماددەی پێنجەم:**

**یەکەم: بڕگەی یەکەمی ماددەی حەوتەم هەموار دەکرێت بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە:**

**1- هاوسەری شەهیدی خەبات گێڕو قوربانیانی جینۆساید مینحەیەك و یەکەیەکی نیشتەجێبوون یان پارچە زەویەکیان بەم شێوەیەی خوارەوە پێ دەبەخشرێت:**

**أ-ئەگەر شەهید رەبەن بێ ئەوە یەکەی نیشتەجێ بوون یان پارچە زەویەکە بەناوی دایك و باوکی تۆمار دەکرێت,**

**ب- ئەگەر شەهید رەبەن بێ و باوك و دایکی کۆچی دواییان کردبێ ئەوا یەکەی نیشتەجێ بوون یان پارچە زەویەکە بەناوی براو خوشکەکانی تۆمار دەکرێت.**

**ج- ئەگەر شەهید هاوسەری هەبێ و منداڵی نەبێ ئەوا یەکەی نیشتەجێبوون یان پارچە زەویەکە بەناوی هاوسەر و باوك و دایکی تۆمار دەکرێت.**

**د-ئەگەر شەهید منداڵی هەبێ ئەوا یەکەی نیشتەجێ بوون یان پارچە زەویەکە بەناوی منداڵەکانی و هاوسەری تۆمار دەکرێت.**

**2-ئەگەر شەهید هاوسەرگیری بەستبێت لەگەڵ زیاتر لە یەك هاوسەر ئەوا ئەوەی پەیوەندی هاوسەرگیری لەکاتی شەهید بووی کەسی شەهید مابێ و بۆ منداڵەکانی لەم شەهیدە، یان بۆ منداڵەکانی شەهید لەو**

هاوسەرەی لێی جیا بۆتەوە، یان بەر لە شەهید بوونی هاوسەرەکەی کۆچی دوایی کردووە، ئەوا هەمان ماف و ئیمتیازاتی بڕیاردراو لەم یاسایە دەبێ.

3- ئەگەر لە خێزانێکدا زیاتر لە شەهیدێك هەبێ، ئەوا دابەش کردنی مووچەی خانەنشینی بەم شێوەیەی خوارەوە دەبێ:

أ-باوك و دایك و منداڵی شەهید سەرجەم مووچەکانی خانەنشینی وەردەگرن لەگەڵ ڕەچاو کردنی حوکمی بڕگەی لاوەکی سێی بڕگەی دووەمی ماددەی پێنجەم.

ب-هەریەك لە براو خوشکی شەهیدی خەبات گێڕ یان هاووڵاتی بە جیا مووچەیەکی خانەنشینی وەردەگرن.

ج- ئەگەر هەردوو باوك و دایك شەهید بن بەپێی حاڵەتی شەهیدی خەبات گێڕ و شەهیدی هاووڵاتی ئەوا یەك مووچەی خانەنشینی دەدرێتە منداڵی شەهیدەکان بەدەر لە حوکمی لاوەکی سێی بڕگەی دووەمی ماددەی پێنجەم.

دووەم:

بڕگەی لاوەکی سێی  بڕگەی دووەمی ماددەی حەوتەم هەموار دەکرێت و بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە.

3-پێویستە لەسەر حکومەت روفاتی شەهید لەناوەوەو دەرەوەی هەرێم بهێنێتەوەو تێچووەکانی ئەمەش لە ئەستۆی خۆی بگرێت.

سێیەم:بڕگەی لاوەکی چواری بڕگەی دووەمی ماددەی حەوتەم هەڵدەوەشێندرێتەوە و لە دوای ڕیزبەندی بڕگە لاوەکیەکان لەدوای یەك ڕیزبەند دەکرێنەوە.

چوارەم:

بڕگەی لاوەکی حەوت کەلە بڕگەی دووەمی ماددەی حەوتەم بە ڕیزبەندی هەشتدا دەهات، هەموار دەکرێت و بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە.

7- وەزارەت سندوقێك بەناوی سندوقی کۆمەکی خانەوادەی شەهیدو قوربانیانی جینۆساید دادەمەزرێنێت بۆ کۆمەك کردن و یارمەتی دان بەگوێرەی بەرنامەی یان پرۆژەی بە سوود، بۆ خانەوادەی شەهید و قوربانیانی جینۆساید ئەمەش بە پەیڕەوێك ڕێك دەخرێت.

پێنجەم:

بڕگەیەکی لاوەکی تر بە ڕیزبەندی هەشت بۆ بڕگەی دووەمی ماددەی حەوتەم زیاد دەکرێت و بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە:

8- تێچوونەکانی بەخێو کردنی باوك و دایکی شەهیدی خەبات گێڕ و شەهیدی جینۆساید کە پەککەوتەنە، دوای سەلماندنی پەککەوتەییان بە ڕاپۆرتێکی دەرکراو لە لایەن لیژنەیەکی پزیشکی تایبەتمەند کەوا بۆیان سەرف دەکرێت.

شەشەم:

بڕگەیەکی لاوەکی بە ڕیزبەندی 9 بۆ بڕگەی دووەمی ماددەی حەوتەم زیادە دەکرێت و بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە.

9-سەرف کردنی دەرماڵەی هاوسەرێتی و منداڵانی شەهید بە ڕێنمای کە لە لایەن وەزارەتی دارایی و ئابووری دەردەچێت، ڕێك دەخرێت.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی فەرموون.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لیژنەی یاسایی ڕاپۆرتی بە زمانی عەرەبی سەبارەت بە ماددەکە بەو شێوەیە.

تقترح الصياغة التالية:

اولا: تعدل الفقرة (اولاً) من المادة (السابعة) من القانون وكالآتي:

{اولا:

1- يمنح زوج الشهيد خندق النضال (سەنگەر) وضحايا الابادة الجماعية وحدة سكنية او قطعة ارض على النحو الآتي:

أ- اذا كان الشهيد اعزباً فتسجل الوحدة السكنية او قطعة الارض بأسم والديه.

ب- اذا كان الشهيد أعزباً و والداه متوفين، فتسجل الوحدة السكنية او قطعة الارض بأسم اخوته واخواته.

ج - اذا كان الشهيد متزوجا وليس لديه اولاد، فتسجل الوحدة السكنية او قطعة الارض بأسم زوجه ووالديه.

د- اذا كان الشهيد متزوجاً ولديه اولاد، فتسجل الوحدة السكنية او قطعة الارض باسم اولاده وزوجه.

2- اذا كان الشهيد متزوجاً باكثر من واحدة او واحد فيكون لمن بقى مرتبطاً بالشهيد بالرابطة الزوجية وقت استشهاده ولأولاده من الشهيد او لأولاد الشهيد من زوجه المنفصل او المتوفي قبل استشهاده نفس الحقوق والامتيازات المقررة في هذا القانون.

3- اذا كان في العائلة اكثر من شهيد واحد، يكون توزيع المستحقات التقاعدية على النحو الآتي:

أ- يستلم الوالد والوالدة واولاد الشهداء كل المستحقات التقاعدية مع مراعاة حكم البند (3) من الفقرة (ثانياً) من المادة (الخامسة).

ب- يحصل كل من اخوة واخوات الشهيد خندق النضال (سەنگەر) او المواطن على استحقاق تقاعدي كل على حدة.

ج- اذا كان كلا الوالدين شهيدين وفق حالة الشهيد (سەنگەر) والشهيد المواطن فيمنح لأولاد الشهداء راتب تقاعدي واحد استثناءً من حكم البند (3) من الفقرة (ثانياً) من المادة (الخامسة).

د- اذا كان لعائلة واحدة اكثر من شهيد واحد وبقى وارث واحد، يصرف له استحقاق الشهداء كالآتي:

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تەنها یەك تێبینی لە شوێنێك وشەی وارس هاتووە، بگۆڕدرێت بۆ موستەحەق، بۆ ئەوەی ئەگەر باس لە وارس بکەین باسی ئەحوالی شەخسی دەکەین، قانونی میراتی لەسەر تەتبیق دەکرێ، ئەو یاسایە یاسایەکی تایبەتە بە ماف و ئیمتیازی کەس و کاری شەهیدان و ئەنفال کراوان، وشەی میرات نیە، ئەحکامی میرات جودایە، ئەوە ئەحکامی تاکی تایبەتە، هەموو وشەی وارس بکرێتە موستەحەق، مەرج نیە هەموو موستەحەقەك وارس بێ، هەموو وارسێك موستەحەقە، راتبی شوهەدا بکرێتە ئیستیحقاق، وەك لەکاتی خوێندنەوە ئەو وشەیە بێتە پێش.

د- اذا كان لعائلة واحدة اكثر من شهيد واحد وبقى مستحق واحد، يصرف له استحقاق الشهداء كالآتي:

1- الشهيد الاول: جميع استحقاق الشهيد المؤنفل.

2- الشهيد الثاني: 75 ٪ خمسة وسبعين بالمائة من مجموع استحقاق الشهيد المؤنفل.

3- الشهيد الثالث: 50 ٪ خمسون بالمائة من مجموع استحقاق الشهيد المؤنفل.

4- الشهيد الرابع: 25٪ خمسة و عشرون بالمائة من مجموع الاستحقاق.

ثانياً: يحذف البند (4) من الفقرة (ثانياً) من المادة (السابعة) ويعدل البندين (3 ، 7) ويعاد تسلسلها وتقرأ كالآتي:

(3- على الحكومة اعادة رفات الشهيد من داخل الاقليم وخارجه وتتحمل تكاليف ذلك.

ثالثاً: 1- إضاف فقرة فرعية بتسلسل (6) الى الفقرة (ثانياً) من المادة ( السابعة) كالاتي:

( 6- تخصيص نسبة 5٪ خمسة بالمائة من التعينات لاولاد الشهداء وفقاً للظوابط الصادرة من مجلس الوزراء).

2- إضافة بند بتسلسل (8) الى الفقرة (ثانياً) من المادة (السابعة) و تقرأ كالآتي:

8- ينظم صرف مخصصات الزوجية واولاد الشهيد بتعليمات تصدر عن وزارة المالية والاقتصاد).

**بەڕێز محمد احمد علی(شارەزووری):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە عەرەبیەکە دوو شت دەرج نەبووە، بڕگەی حەوتەم و هەشتەمی ئێمە ئیلغامان کردەوە، باسی دامەزراندنی سندوقێك ئەکات، لەبەر ئەوە ئەو سندوقە لە وەزارەتی شەهیدان هەیەو یاساش هەیە، بۆیە ئێمە باسمان نەکردووە، تێچونی بەخێوکردن ئێمە دامانە جەنابی وەزیر و بە وەزارەت بە ڕێنمایی، بۆیە لە یاسایەکە ئەو دوو فەقەرەمان ئیلغاکردووە، دوو فەقەرەی ئیزافیمان دانا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر فەرموو.

**بەڕێز صباح احمد(ئارام)/ وەزیری شەهیدان و ئەنفالکراوان:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی پێنجەم، تێبینی ئێمە لە خاڵی یەكەم ئەڵێت هاوسەری شەهیدی شۆڕش گێڕ، یەعنی شەهیدی سەنگەر و قوربانی كۆمەڵ كوژیەكان، یەكەیەكی نیشتەجێبوون یان پارچە زەویەك بە مینحەیەكەوە، هەر پارچە زەویەك نیە، مافی هەیە مینحەیەكیش وەربگرێ، كە ئەڵێ وەحدە سەكەنیەكە بە مینحەی دراوە لە گەڵ زەویەكە، كە ئەڵێی زەوی ئێستا مینحەیەكیش مافیەتی، وەكو ئەوەی لە زیندانی سیاسیش هەیە، پێشنیار دەكەین بەمینحەیەكەوە پێیان بدرێت، خاڵی سێ، ئەڵێ ئەگەر لە خانەوادەیەكدا زیاتر لە شەهیدێك هەبوو، لێرە مانای شەهید قەوسێك، جاری وا هەیە تەفسیری ئەوە ئەكرێت شەهید هەر بۆ شەهیدی سەنگەرە، شەهیدی سەنگەر، جینۆساید، هاوولاتی، یان بڵێین هەموو پۆلێنەكانی، سەبارەت بە خاڵی (د) ئەڵێ ئەگەر خانەوادەیەك زیاترلە شەهیدێكی هەبوو، تەنیا وارسێكی مابوو، ئەوە بەو شێوەیەی خوارەوە مووچەی شەهیدێكی بۆ خەرج دەكرێ، ئێستا لە واقع لە لای ئێمە هەموو شەهیدی سەنگەر و هەموو شەهیدەكان ئەوەی موستەحەقات دەڵێن شەهیدانە سەرف ئەكرێت، ئێمە پێشنیار دەكەین ئەم خاڵە لابدرێ، چونكە یەكەم، كە ئەڵێت ئەگەر لە هەر خانەوادەیەك زیاتر لە شەهیدێك هەبوو، ئەگەر بۆ هەر شەهیدێك ماف هەبوو پێویست بەو خاڵە ناكات، بۆیە هەر شەهیدێك مافی خۆی وەربگرێت، ئەو ڕێژەیە نەمێنێت، یەك تێبینی تر، بەپێی خاڵی 9 بەپێی ئەو ڕێنماییانەی كە لە وەزارەتی دارایی و ئابووریەوە دەردەچن، دەرماڵەی هاوسەرێتی و منداڵی شەهید، ئێمە پێشنیار دەكەین لە وەزارەتی شەهیدانەوە بێ، چونكە ئێستا كێشەیەكی تیا بووە، ئەو دەرماڵەیە، یان بەهەماهەنگی لەنێوان وەزارەتی شەهیدان و وەزارەتی دارایی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڵێ فەرموو.

**بەڕێز محمد احمد علی(شارەزووری):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، ئەوەی جەنابی وەزیر وتی بۆ شەهیدی سەنگەر و هاوولاتیە، بەلام شەهیدی جینۆساید بەسێ شەهید مووچەیەكیان ئەدەنێ، ئێمە مەبەستمان لە شەهیدی ئەنفال و كیمیابارانە، چونكە جەنابی ئەزانێت سێ شەهید مووچەیەكی ئەدەنێ، بۆیە ئەوەمان هێن كردووە، دوو، ئێمە و لیژنەی یاسایی لەسەر دەرماڵەكە ڕێك نەكەتووین، لیژنەی پێشمەرگە ئێمە وتوومانە دەرماڵەكە تەحدید بكرێ، ئەوان وتیان ئێمە لیژنەی یاسایی نین، ناتوانین پشتگیری ئەوەبكەین، دوو بۆچوونی جیاواز هاتووە، ئێمە وتمان ژن 100 هەزاری بدرێتێ، منداڵ 25، ئەوان وتیان ئێمە ناتوانین لیژنەی یاسایی، بۆیە من حەز دەكەم ئەندامانی پەرلەمانی بەڕێز بەرچاویان ڕوون بێ، یەك، ئەو جینۆسایدەی ئەنفال و كیمیاباران، چونكە بە سێ شەهید یەك مووچەیان ئەدرێتێ، دوو، دەرماڵەكە ئێمە دوو ڕەئی جیاوازمان هەیە، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

کێ تێبینی هەیە؟، ئەم بەڕێزانە ناویان نووسراوە، ئەوەی ناوی نەنووسرابوو پێم بڵێ تکایە، د.صباح، ژیان خان، کاك خليل، زكيە خان، کاك سالار، كاك سەردار، كاك قادر، د.احمد، كاك عبدالرحمن، ڕازاو خان، شلێرخان، پەروین خان، كاك عبدالسلام، تارا خان، كاك برهان، كوێستان خان، ئاشتی خان، كاك شێرزاد، ڤیان خان، كاك پێشەوا، ئاهەنگ خان، نەسرين خان، عظيمە خان، پەيمان خان، سۆزان خان، كاك فاضل، كاك عمر، د.بشير، كاك نەريمان، كاك گۆران، د.شڤان، كاك عمر هەورامی، فەرموو د.صباح.

**بەڕێز د.صباح محمد نجيب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتگیری لە ڕاپۆرتی هەردوو لیژنەی بەڕێز ئەکەم، بەس نازانم دووەم کەئەڵێ (اذا كان الشهيد متزوجاً باكثر من واحدة او واحد فيكون لمن بقية مرتبط....) ئەمە نازانم چ موجیبێك هەیە بۆ بوونی ئەم فەقەرەیە، ئەگەر مەبەست ئەوەیە کەسێك چەند خێزانێکی هەبێ و، شەهیدێك چەند خێزانێکی هەبووبێ، فیعلەن ئەو کاتەی کە شەهید ئەبێ، زەوجیەت لە بەینی کامیان بووبێ، ئەوە ئیتر لە بڕگەکانی تر ئەیگرێتەوە، ئەگەر مەبەستیان ئافرەتێك بێ، چەند شووی کردبێ، دیسان بەهەمان شێوە ئەوەی کە هاوسەری بووە لەکاتی شەهید بوونیا ئەوە بڕگەکانی تر ئەیگرێتەوە، بەنیسبەتی ئەولادیشەوە هیچ ئیزافەیەکی تێدانیە، یەعنی من پێموایە موجیب نیە، بۆ بوونی ئەو بڕگەیە، جگە لە قورس کردنی ماددەکە بە بڕگەو بەمانە، مولاحەزەیەکی ترمان هەیە، ئەمە مولاحەزەیکی لوغەویە، ئەعزەب، نابێ تەنوین وەربگرێ، چونکە غیر مونسەریفە، تەنوینی ناوێ، ئەمجا لە بڕگەی (ج) ئەڵێ (اذا كان كلا الوالدين شهيدين) لە زمانی عەرەبی کیلا بە لەفز موسەنایە، بەلأم بە مانا موفرەدە، کەواتە ئەبێ بڵێی (اذا كان كلا والدين شهيداً وفق حالة شهيد...)مەوزوعێکی تریش گۆڕینی والیدە بەموستەحەق، ئێمە ئەگەر وارسیش دابنێین هیچ کێشەیەکمان نیە، چونکە بەنیسبەتی قانونی ئەحوالی شەخسی ئەبێ بە قانونی خاس، یەعنی هەمیشە قانونی خاس تەقیدی عامەکەی ئەکات، بۆیە ئەگەر وارسیش بێ لە باتی موستەحەق هیچ کێشەیەك نیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بايز اسماعيل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ژیان خان فەرموو.

**بەڕێز ژيان عمر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بێشك ئێمە کە هەموو لەم قاعەین کۆکین لەسەر ئەوەی لەم دونیایە چی بکرێ بۆ باوکێك و دایکێکی جەرگ سووتاو، بۆ منداڵێکی بێ ناز لە باوکی، ناگاتە دڵۆپێ لەخوێنی شەهیدێك، هەمووومان لەسەر ئەوە کۆکین، ئەمڕۆ هەلێکی باشە کە پرسیار لە بەڕێز وەزیری شەهیدان بکەم، ئێمە خۆمان ئەزانین ئەوا 22 ساڵە حکومەتین، بەلأم ڕۆژانە لە نووسینگەی سلێمانی وابزانم هاوڕێکانیشم کۆکن لەسەر ئەوە لەگەڵ من،

ڕۆژانە دایك و باوكی شەهید كوڕو كچی شەهید سەردانی نووسینگە ئەكەن، لە شوێنە گشتیەكان ئێمە ئەگرن، بۆچی لە شاری سلێمانی كێشەی ئەرزی شەهیدان چارەسەر ناكرێ، تاوەكو ئەم سەعاتە بە سەدەها شەهید بێ بەشن لە ئەرزی شەهیدان، چەندین باوك سەری نایەوە، چەندین منالّ كرێچیە، من حەز دەكەم ئەم وەلاّمە لە جەنابت وەربگرم، هەروەها پشتگیری ئەو قسەیەش ئەكەم، ئەرزەكان چارەسەر كرا، لەگەلّ ئەرزەكان ئەو مینحەیە جێبەجێ بكرێ، بۆ ئەوەی ئەو كەس و كاری شەهیدە، ئەو منالّی شەهیدە بتوانێ بۆ خۆی شوێنێكی نیشتەجێبوون چارەسەر بكات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك خلیل فەرموو.

**بەڕێز خلیل عثمان:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەرەتا بە پێدانی پارچە زەویەكە پشتیوانی لە قسەكەی جەنابی وەزیر ئەكەم، پارچە زەوی بە مینحەیەكەوە بیان درێتێ، خالّێكی ترم بەڕاستی لەسەر هێنانەوەی روفاتی شەهیدەكانە، من پێموایە لەم یاسایە لە قانونی عیراقیەكەی لەسەر مافی مرۆڤی عیراقی، وەزارەتی مافی مرۆڤی عیراقی، بەلاّم بەڕاستی دەبێ وەزارەتی شەهیدان و ئەنفال كراونیش لەحكومەت جۆرێك لە ئیلتیزامی هەبێ بەرامبەر بە هێنانەوەی روفاتی شەهیدان و ئەنفال كراوان، من پێشم وایە ئەبێ لە ئێستاوە هەولّ بدرێ بۆ ئەوەی لە هەر ناوچەیەك بەراستی شوێنێك دابندرێت بۆ ئەوەی بە تەنسیق لەگەلّ بەلەدیەی یەكە ئیداریەكان، شوێنێك دیاری بكرێ لە ئێستاوە بۆ هێنانەوەی روفاتی شەهید و ئەنفال كراوەكان، خالّێكی تر قسەم لەسەر وشەی رەبەنە كە لە كوردیەكەی هاتووە، من پێموایە ئەم وشەیە زیاتر وشەیەكی یەعنی وشەیەكی ئەدەبیە لەوەی كە وشەیەك بێ لە قانونێك بێ بەڕاستی، هەقە بیگۆڕن، یان بە كوردیەكەی خۆمان بیكەن بە سەلّت، بۆ ئەوەی خەلّكیش بە تەواوەتی لێی تێبگات، كێشەیەكی تر هەیە بەڕاستی من لێرە ئەیخەمە ڕوو، ڕووبەڕوومان بۆتەوە نازانم تا چەند دەتوانین ئەم كێشەیە چارەسەر بكەین، دوێنێكە جەنابی وەزیریش لە مەراسیمی یادی ئەنفال ئامادەبوو، ئەویش ئەوەیە لەوانەیە كۆمەلّێك خانەوادە هەبن، تەنیا پیاوەكە ماوە، خانەوادەكە بە ژن و منالّەوە هەمووی ئەنفال كراوە، بەلاّم ئێستا دیارە دوای ئەو هینە پیاوەكە ژنی هێناوەتەوە، ئێستا منالّی هەیە، منالّەكەشی گەورە بووە، لەوانەیە ئەیەوێ ژن بێنێتەوە، داوای ئەوەیان كرد كە ئەو مینحەیە، سولفەی زەواج وەكو منالّی شەهید شمولی منالّەكانی ئەوانیش بكات، هیوادارم بتوانین چارەیەك بۆ ئەوان بدۆزینەوە، لەوانەیە چەند خانەوادەیەكی كەمیش بن، زۆر نەبن، بۆ ئەوەی كێشەكەیان چارەسەر بكرێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

زكیە خان فەرموو.

**بەڕێز زكیە سید صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ڤێ درکێ خالا ئێکێ کو دبێژیت هاوسەرێ شەهید شۆڕشگێڕو قوربانیانی کۆمەڵ کوژیەکان، یەکەیەکی نیشتەجێ بوون وەردەگرن، جەنابێ وەزیریش ئاماژەی پێ دا کە لەگەڵ مینحەیەك، بەڕێز وەزیر ئەز بێژم ئاگاهدارن کو زروفێت کوردستانێ سالا نۆهەتێدا زروفەکێ ئابووریێ سەخت بوو، نەتیجا دوو ئەزمێت ئیقتیسادی ل سەر کوردستانێ، گەلەك خێزانێ شەهیدان هەنە کە پارچە عەردێ وەرگرتی، نوکە ئەو مەشمولی ڤێ مینحێ نابن، ئایا ئەوە ڕێکەکا قانونی یان گۆڕینی تەعلیماتا شیانە ڤێ تەنزیم بکەن کو دێ چەوا دێ مینحێ ورگریتن، چونکو هندی ئەز ئاگادارم بەلکی هندەك جار چارەسەریا بۆ هاتیە دیتن، بەس هندەك جهێدی چارەسەریا بۆ نەهاتیە دیتن، ئەو مینحە 27 ملیۆنی دێتە دان، بۆ هندێ کو ئەگەر قتعە عاردی هەبیتن، ئەگەر قتعە عاردی نەبیتن وەکی من گۆتی کو نەتیجێ زروفەکا ئیقتیسادی سەخت سەرداهاتیە بۆ فرۆشتن، بۆ هندێ کو خێزانا خۆ پێ بڕێڤە ببات، ئەڤ مینحە ناهێتە دان، چەوانیا ڕێکخستناوێ من دڤیا ئەگەر جەنابێ تە بەحس بکەی، تێبینیا دوێ، ئەوێ من ل سەر وشا ڕەبەن، هندی ئەز ئاگاهدار وەکی زمانەوانی، وشا رەبەن بۆ کاهینا دێتە بەکارئینان، ئەڤێت لە کەنیسا، ژنێ نائینن، یان ژنێ شی ناکەن، بەس وکو عورفەك و وەکو بێژن زمانێ کوردیدا ئەڤ ئەکەلیما رەبەن زۆر ب کێمیا هاتیە ب کار ئینان، ئەز نزانم چەوا دشێن ڤێ درکێ چارەسەر بکەین ئەڤێ، دیسان دگەل هندێ دامە، ئەو کەسێت پارچە عەردی نە وەرگرتی لەزەك لێ بهێتە کرن، بۆ هندێ کو زی ترین وەخت پارچە عەردێ بهێنە دابەش کرن ل سەر وان، چونکی پشتی بورینا 22سالا ژ ئازادیا کوردستانێ، ئەز بێژم کێماسیەکا بۆ مە وەکی حکومەتا هەرێما کوردستانێ هێشتا ئەم نەشیابین کو سنووردارترین شەهیدا ئەم نەشیابین پارچەیا زەویا بۆ دابین بکەین، یا دی تر من پرسیارەکا دی ژی هەی، ئایا تایبەت ل سەر ئەنفالا دێتە وەکی دبێژن جێبەجێ کرن؟، گەلەك خێزانێت دی یێ ئەنفالا هەبووینە، کو ڕاستە هاتیە مارە کرن، بەس نەهاتیە ڤە گواستن، ئایا ئەو وارسێ شەهید دێتە یا نڤیسین ڤێ درکێ، یان نا؟، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك سالار فەرمووو.

**بەڕێز سالار محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەڕاستی من پشتگیری مانەوەی هەموو ئەو بڕگانە ئەکەم کە لە ڕاپۆرتەکە هاتووە، وەکو خۆی ئەگەر تیکراریشی تێدابێ، بەڵام تێڕوانینێکی بەڕێز وەزیری شەهیدان سەرنجی ڕاکێشام بۆ بڕگەی (د) کە پێیوابوو ئەو بڕگەیە زیادەیە، ئەگەر بکرێ هەموو شەهیدەکان هەمان ئیستیحقاقیان بدرێتێ، بۆ وارسەکە، نەوەك تەسنیف بەندی بکرێ لە مابەینی مووچەکانیان، لە 100بۆ 75 بۆ 50 و ئەوانە، مادام حکومەتی هەرێمی کوردستان و وەزیری شەهیدانی بەڕێز ئەتوانێ ئەو تەبەعاتە، دیارە بەپێی تەحلیلاتی خۆیان حکومەت ئەتوانێ دەست هەلگرێ، بەراستی ئەمە مەسەلەیەکی زۆر زۆر گرنگە جێگەی دەست خۆشیە،

هیوادارم لیژنـەی بـەڕێزیش تەرحەکـەی وەزیـری شـەهیدان بـە نـەزەری ئیعتیبـار وەربگـرن، چـونکە لـە ڕاستیش مەسەلەی لەدەست دان یان شەهید بوون هەر یەکێك بێ نەفسە، ئەگەر یەکێ بـێ دوان بـێ، سـیان بێ، دە بێ چەند بێ نەفسە، لە ڕووی حقوقی ئینسانەوە، لـە ڕووی کاریگـەری لەسـەر خێزانـەوە، لـە ڕووی کۆمەڵێ تەبەعاتی تریشەوە، بۆیە بە دیدی مـن تـەنها ئێمـە ئـەم تەسـنیف بەندیـە ئەگـەر لـە ڕابردوودابـە مەسـەلەیەکی تر خوێندنەوەی بۆ کرابێ، تـەنها تەبەعاتـە مالیەکـە بـووە، ئـەگینا مەسـەلەکانی تـر شـەهید هەر شەهیدە، ئەگەر یەکێك بێ، ئەگەر دە بێ، ئەگەر خێزانێك بـێ، ئەگـەر ماڵێـك یـان چـەند ماڵێـك بـێ، خاڵێکی تر ئەوەی پەیوەندی بە ناو هێنانی وشەی ڕەبـەن هـەبوو، بەڕاسـتی جگـە لـە مەسـەلە ئەدەبیەکـە، جگە لە مەسـەلەکەی تـر کـە پەیوەنـدی بـە ئـاینی تـرەوە هـەبێ، یـەعنی لـە کوردەواری بـە کەسـی تـەنیا ئەوترێ، بە کەسی تەنیا نەوەك سەڵت، بۆیە هیوادارم ئەوە چاك بکرێتەوە، خـاڵێکی تـر کـە پەیوەنـدی بـە ئیلتیزامـی حکومـەتی هـەرێمی کوردسـتانەوە هەیـە، بـۆ مەسـەلەی گـۆڕە بەکۆمەڵـەکان، ئـەوەی لـە لیژنـە دایانڕشتووە، مەسەلەی گەڕان و پشکنین بۆ گۆڕە بـە کۆمەڵـەکان نەکراوەتـە ئـەرکێك، ئـەوە ئیزافـە بکـرێ، مەسـەلەی بـە خـاك سپاردنیش، ئـەوە تـەنها حکومـەتی هـەرێمی کوردسـتان، لەناو حکومـەتیش وەزارەتـی شەهیدان مەعنی بێ بە دەست نیشان کردنی شوێن، مەراسیمی بەخاك سپاردن، چونکە ئەمە مەسەلەیەکی زۆر زۆر گرنگـە، ئەمـەوێ تەتـەروق بکـەم بـۆ بابـەتێکی تـر پەیوەسـت بـەم خاڵـە، ئـەویش ئەوەیـە بـەپێی قانونی عیراقـی، بـەپێی یاسـای گـۆڕە بەکۆمەڵـەکانی عـیراق، و حکومـەتی عیراقـی، وەزارەتـی مـافی مرۆڤـی عیراقـی بەرپرسـیار کـراوە لەهـەموو ئـەو گەڕانانـە، بەڕاسـتی ئەمـە بەسـەر ئێمـەدا ڕۆیشـتووە، بەسـەر نوێنەرەکانی ئێمە لە بەغدا ڕۆیشتووە، بەسەر حکومەت و پەرلەمان، ئێمە بتوانین لە ڕێگەی ئەم یاسایەوە جارێکی تر هەڵوەستەیەك بکرێ و مواجەعەیك بکرێ لەم یاسایە، ئەمە مەسجێك بێ هەر هیچ نەبێ ئێمە وەکو هەرێمی کوردستان حکومەتی خۆمان ئیلزام بکەین بە ماددەیـەك بـۆ گـەڕان و مەراسـیمی تەسـنیف و هێنانەوە و بە خاك سپاردن ئەرکێکی زۆر زۆر گرنگە، بەڕێزان، سـەرۆکی پەرلـەمان، ئەنـدامانی پەرلـەمان، مەسەلەی گۆڕە بە کۆمەڵەکان مەسەلەیەکی زۆر زۆر هەستیارە، من وای ئەبینم کەمتەرخەمیـەکی گـەورەو هەمەلایەنی هەیە، هەروەها مەسەلەیەکی بەستراوە بـە مەسـەلەی سیاسیشـەوە لـە عـیراق، بۆیـە حکومـەتی ئیتیحادی هیچ تەعاتوفێکی نیە بۆ ئەو گۆڕە بە کۆمەڵانـەی ئێمـە، ئـەرکی ڕاسـتەوخۆ و قـانونی جێبـەجێ ناکات، باشـترین دەلیـل بـۆ ئـەوەی ئەگـەر ئێمـە حـوکمی خۆمـان ئیلـزام بکـەین بـەو پرۆسـەیە، مەسـەلەی هێنانەوەی گۆڕە بە کۆمەڵەکانی بارزانیەکانە کە کورد ڕاستەوخۆ خۆی بەشداری تێدا کـرد، بـە شـێوەیەکی زۆر مونەزەم هێنرایەوە، هەروەها لەمەسەلەی گۆڕە بە کۆمەڵەکانی حەمرین، وەزارەتی شـەهیدانی هـەرێم کە ڕاستەوخۆ سەرپەرشتی پرۆسەکەی ئەکرد، زۆر بە مونەزەمی هێنرایەوە، بۆ ئەوەیە حکومـەتی خۆمـان ئیلزام بکرێ، کارێکی زۆر زۆر باشە، سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**فەرموو کاك محمد.**

**بەڕێز محمد احمد علی(شارەزووری):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من قسەیەكم لەسەر قسەكانی كاك سالار هەیە، دیارە پرۆژەكەی حكومەت چارەسەری كێشەی ئەو شەهیدانەی ئەنفال و كیمیا بارانی نەكرد، وەكو لیژنە بۆ چارەسەری ئەو كێشەیەی ئێمە، ئەوە پێشنیاری ئێمەیە، ئێستاش من ڕوونكردنەوەم لەسەر قسەكانی بەڕێز وەزیری شەهیدان دا، بەڕێز وەزیری شەهیدان هیچ ئاماژەیەكی بەوە نەدا كە چارەسەری كێشەی شەهیدان و ئەنفال و كیمیاباران كراوە، بەس ئەوە ئێمە لە لیژنە پێشنیاری ئەوەمان كردووە، ئێمە داواكارین، پێشنیاری ئەوەشمان كردووە هەموو شەهیدێك، شەهید هەر شەهیدە، هەموو شەهیدێك ئیستیحقاقی خۆی وەربگرێ، بەلاَم ئەگەر نەكرا داوامان كردووە ئەو ڕێژەیە بۆئەوەی ئەم ماڵانەی كە یەك وارسیان ماوە، نەوەك بەوەی ئەگەر وەزیری شەهیدان داوای كردبێ، ئێمە وەكو لیژنە رەتمان كردۆتەوە، ئەوە قسەكەی منە، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو.

**بەڕێز سەردار رشید حسین:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، دیارە شەهیدان و كەس و كاری ڕوو سوور و سەربەرزیان، شایستەی هەموو پاداشت و ڕێز و حورمەتێكن، ئەگەر بەهەڵە دانەچووبم، نایەكسانیەك یاخود نا بەرامبەریەك لە ڕێژەی مووچەی شەهیدانی حەفتاكان و هەشتاكان و نەوەتەكان هەیە، خۆ ئەگەر وایە بەراستی من داوا لە بەڕێز وەزیری شەهیدان ئەكەم هەقە چاوێك بەوەدا بخشێنێتەوە، و لیژنەی شەهیدانیش خاڵی چوار لە دانانی ڕێژەكان، من پێم باشە لە 25٪ بۆ سەرەوە بێ، چونكە بەڕاستی ماڵی وا هەیە لە چوار شەهیدو پێنج شەهیدەوە، ئەو حاڵەتانە لە هەڵەبجەو لەو شوێنانە كە كیمیاباران كراون و یاخود ئەنفال كراون، چوار شەهید بۆ سەرەوە هەیانە، پێنج شەهیدیان هەیە، ماڵی وا هەیە 10 ی هەیە، جا ئەگەر بكرێ ئەو ڕێژەیە لە 25٪ بۆ سەرەوە بێ، شتێكی باشە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك قادر فەرموو.

**بەڕێز قادر احمد سمایل:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من بیرو راكانی خۆم تەنها لەسەر مووچەو دابین كردنی پێداویستیەكانی ژیانی شەهیدان دەردەبڕم، شەهیدانی سەنگەر وە شەهیدانی كۆمەڵ كوژی و شەهیدانی كیمیایی لە كوردستاندا بەداخێكی زۆرەوە، ڕێژەكە لە ئاستێكی بەرز دایە، بۆیە من پێشنیار دەكەم دوێنێ لەگەڵ جەنابی وەزیر لەمەراسیمی یادی شەهیدان و ئەنفال بووین لەدەشتی كۆیە، بەداخێكی زۆرەوە قائیمەیەكیان بلاَو كردبۆوە، ماڵ هەیە 10

شەهیدی هەبوو، یەعنی ئینسان کاتێ ئەم لیستە دەخوێنێتەوە، بە ئاستێك دڵ گران دەبێ کە دوژمنەکەمان چی بە میللەتەکەمان کردووە، بۆیە بەدەگمەن لەم خێزانانەدا کەس و کاریان دەرباز بووە، بۆ ئەوەی تەعویزێکی مەعنەوی بۆ کەس و کاری ئەو شەهیدانە بکەینەوە، بە بڕوای من ناکرێ ژمارەی شەهیدەکان دیاری بکەین، ئەوەندە شەهید مووچەی بدرێتێ، بۆیە من پێشنیار دەکەم ژمارەی شەهیدەکان چەند بێ، بە واتای ئەوەیە ئەم خێزانە ئەگەر 10 شەهیدی هەبێ 10 جار کۆستی کەوتووە، 10 جار ماڵی وێران بووە، 10 جار عەزاب و ناخۆشی و دەردەسەری چێشتووە بەدەست زامی شەهیدەکەیەوە، بۆیە من پێشنیار دەکەم مووچەی شەهید هەمیشە بە ڕێژە دیاری نەکرێت، یەك ڕای لە 100٪ی مووچەی بدرێ، بۆ شەهیدی سەنگەر، بۆ شەهیدی کمیاباران، بۆ شەهیدی کۆمەڵ کوژی، هەر لەم هەفتەی ڕابردوودا لە یەکێ لە تەلەفزیۆنەکان یادی یەکێك لە شەهیدەکان بوو، چوار کوڕی لە سەنگەردا شەهید بووە، یەعنی ئەوە ناکرێ ئێمە موقارەنەی بکەین، یەکیان لە 75٪ یەکیان 50٪ یەکیان 25٪، ئەوە کێ ئەم حەقە دەدات شەهیدێك فیداکاری کردبێ، پێداویستی تەعویز کردنەوەی ماددی 25٪ بێ، بۆیە بە بڕوای من تەئکید لەوە دەکەمەوە، کەمووچەی کەس و کاری شەهید و ئەنفال و کیمیاباران بەبێ دیاری کردنی ڕێژەی یەك و دوو و سێ و چوار بە 100٪ بێ، مووچەی شەهید دوای دایك و باوکی، منیش لەگەڵ وشەی ڕەبەن نیم، چونکە بۆ کەسێکە کە بەتەنیا بژی و سەلت بێ، بدرێتە خوشك و براکانی، هەرگیز ئەو مووچەیە کە دەدرێتە خوشك و براکانی، جێگای مووچەی تری بۆ ناگرێتەوە، یەکێك فەرمانبەری حکومەتە برایەکی شەهیدبووە، کاتێك مووچەی شەهیدەکەی دەدرێتێ مەرجی ئەوەبێ کە نابێ مووچەی تری هەبێ، مووچەی شەهید ڕێگا نەگرێ لە پێدان یان لە دامەزراندن بۆ کەس و کاری شەهیدەکان، پێش سەعاتێك، سەعات و نیوێك لەمەو پێش کۆمەڵێك خەڵکی لێ بوو لە پەرلەمان، دیار بوو زۆریان لە فراکسیۆنەکان کردبوو، فراکسیۆنی کوردستانیش یاداشتێکیان داینێ بۆ ناوی تاقانەکان، من بەش بە حاڵی خۆم لایەنگری یاداشتەکەیان دەکەم، یەکێك لە داواکاریەکانیان ئەوەبوو کەوا ژمارەی تاقانەکان ئەوانەی 20 جار کەووتونە بەر شاڵاوی ئەنفال، بەس بە جۆرێك لە جۆرەکان دەربازیان بووە، لە زۆر شاریش لەتەلەفزیۆنەکان پێشکەش کراون کە چۆن دەرباز بوون، بە چ عەزاب و ناخۆشیەك ئەوان داوایان کرد کەمووچەی شەهیدەکانیان، لەدوای کۆچی دوایی کردنی خۆیان تەحویل ببێ بۆمنداڵەکانیان، واتە لەباوك ودایکیانەوە کەوا ئەنفال بوون، بۆ ئەوەی خەڵکە تاقانەکان، بۆیە من بەش بەحاڵی خۆم ژمارەیان کەمە،لایەنگری ئەمەشیان دەکەم، بە زەروری دەزانم گلەییەك یان پێشنیارێك یان پرسیارێك لە وەزارەت بکەم، لەسەر هێنانەوەی روفاتی شەهیدەکانمان، ئێمە لە دوو هەفتەی ڕابردوودا لیژنەیەك لە نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ بێ سەرو شوێنەکان هاتن، لیژنەی پێشمەرگەو شەهیدان گلەییان هەبوو لە وەزارەتی ئەنفال و شەهیدان، کە وەك پێشنیاری پێویست بە دەنگ داواکاریەکان نایە، لەهاوکاری کردنیان و لە دیاری کردنیان بۆ روفاتی ئەنفالەکان و ئەو گۆڕە بە کۆمەڵانەی کە هاتوونە دەرەوە، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

د.احمد فەرموو.

**بەڕێز د.احمد ابراهیم وەرتی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بەو ماددەیە، منیش پشتگیری لەو پێشنیارە ئەکەم کە بەڕێز جەنابی وەزیر و کاك خلیل باسیان کرد، سەبارەت بە پێدانی مینحە لەگەڵ پلانی پارچە زەویەك کە مینحەیەکی عقاری بدرێت بە کەس وکاری شەهید، بۆئەوەی بتوانێ ئەو پارچە زەویە بینایەکی لەسەر دروست بکات، یەعنی بەو شێوەیە (یصرف مبلغ منحة عقارية مناسبة لبناء وحدة سكنية) لە حاڵەتێکا ئەگەر کەس و کاری شەهید ڕەغبەتی لەوە نەبوو کە پارچە زەوی وەربگرێت، ئەوا بەرامبەرەکەی پێ بدرێتێ، واتە سیعری یاخود نرخی بازاڕ بۆ پارچە زەویەکە چەندە، ئەوەندە بدرێ بە کەس و کاری شەهید لە بری پارچە زەویەکە، ڕەنگە مەسەلەن خانووی هەبێ پێویستی بە پارچە زەوی نەبێ، قیمەتەکەی پێ بدرێ، هەروەها پێشنیار دەکەم کەوا شوێنی نیشتەجێبوونی کەس وکاری شەهید موراعات بکرێ لەکاتی پێدانی پارچە زەوی، نەوەك ئەو شوێنەی مەسقەت ڕەئسەکەیەتی، شوێنی لەدایك بوونەکە، چونکە ئەوە کێشەیەکی لە ڕابردوودا بۆکەس و کاری شەهیدەکان دروست کردووە، بۆیە بەو شێوەیە (تراعی اماکن سکن ذوی الشهداء في حالة تخصيص قطعة ارض سكنية، تراعى اماكن سكن ذوى الشهداء عند نفاذ هذا القانون) ئەمە بەڕاستی لە ڕابردودا ژمارەیەك کەس و کاری شەهید پارچە زەویان لە شوێنی لە دایك بوونی خۆیان بۆ تەرخانکراوە، تاوەکو ئێستا ئەو پارچە زەویانەیان پێ نەدراوە، چەند ساڵیش بەسەر بڕیارەکەدا تێپەڕیوە، منیش پشتگیری لەو پێشنیارە ئەکەم، کە بەڕێز کاك د.صباح باسی کرد، ئەوەی کە لە پڕۆژەکە هاتووە، ئەگەر هاتووە شەهید هاوسەرگیری لەگەڵ زیاد لە خێزانێك کردبوو، لێرەدا بەو شێوەیە( اذا كان الشهيد متزوجاً باكثر من زوجةٍ فتتمتع كل واحدة من زوجاته والمستحقين من اولاده) خێزانەکانی و منداڵەکانیشی (منها بنفس الحقوق والامتيازات المقررة لزوجة واحدة وفقاً لاحكام هذا القانون) هیچ جیاوازی نەکرێ ئەگەر یەك خێزان بوو یان زیاتر لە یەك خێزان بوو، ئەمە جیا نەکرێتەوە، پشتگیریش لەو ڕایە ئەکەم کە ڕێژە دیاری نەکرێ وەکو کاك قادر باسی کرد، بۆ پێدانی مینحەکە، هەموویان وەکو یەك مووچە یان مینحەکەیان پێ بدرێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك عبدالرحمن فەرموو.

**بەڕێز عبدالرحمن حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

کە دێین سەیری ئەو یاسایە دەکەین، بۆ ئەو یاسایە هەموار دەکەین، ئەوەیە کەم و کوڕی لەخزمەتکردنی شەهیدان هەیە، هاتووین ئەم یاسایەمان هەموار کرد، زیاتر خزمەتی بکەین، زیاتر بەرەو شەهیدەکان بچین، بەرەو خێزانەکانی شەهید بچین، بۆیە لێرە من دووبارە دەڵێم ئەبێ ناوی شەهیدانە بێ لەسەر ئەو

مووچەیە کە دەدەینە خێزانی شەهیدان، چونکە ئەگەر ناوی شەهیدانە بێ کەس جورئەت ناکات دەستی بۆ ببات، ئەو شەهیدانە ڕۆژێك لە ڕۆژان لێ ببڕێتەوە، کە ناوی شەهید لەسەر بێ کەس ناتوانێ لێ ببڕێتەوە، بڵێت بەمینحەیە یان بە مووچەیە، بەلاَم ئەگەر ناوی شەهیدانەی لەسەر نەبێ یەعنی کەسێکی تر دێت، یان یاسایەکی تر، کەسانێکی تر دەبن کە بڵێن ئەمە مینحەیە، دەبڕێنەوە بۆ 10 ساڵ یان 15 ساڵ، بۆیە داوا دەکەم ناوی شەهیدانەی لەسەر بێ، سەبارەت بە پارچە زەوی وەکو جەنابی وەزیریش باسی کرد کە مینحەبێ، منیش داوا دەکەم مینحەبێ، چونکە با کەسانی تریش لێی مەحروم نەبن، سەبارەت بە بڕگە (د) کە باس دەکات بۆ ڕێژەی مووچەی شەهیدان، یان شەهیدانەکە، منیش پشتگیری قسەکانی کاك قادر دەکەم، هەروەها قسەکانی جەنابی وەزیریش کە ئەم ڕێژەیە نەمێنێت، شەهید هەر شەهیدە هیچ فەرقێکی نیە، ئێستا ئێمە ساغین کەس لە ئێمە هەیە لە ماڵێ سێ مووچە، چوار مووچەی نەبێ، ئەی بۆ ناڵێین مووچەیەك وەربگرن، ئەوانیش ساغ بووبان ئێستا سێ مووچەیان هەبوو، بەلاَم شەهید بووینە لەپێناوی ئەم کوردستانە شەهید بووینە، لەپێناوی ئەم خاکە شەهید بووینە، بۆ ئێستا مووچەیان پێ نەدەین، هەقێکی خۆیانە مووچەیان پێ بدەین، ئەگەر کەسێکیش مابێ لە دوای ئەوانە یان دایك یان باوك بێ، کچ بێ یان کوڕ بێ یان خوشك بێ، هەقی خۆیەتی سێ مووچە وەربگرێت، سێ جار خوێنی ڕشتووە، سێ جار جگەری سووتاوە، ئەی کەسێك لەئێمە قاچێکی بریندار ببێ چەند دڵی تەنگ دەبێ و نەخۆش دەبێ، سێ بەچکە شێریشی لە ماڵی خۆی لەدەستداوە، سێ کەس لەماڵی ئەو چووە، ئێستا چۆن دڵی دایك و باوکی سووتاوە؟، چون لەم دونیایە دەژین، ئێستا بڵێین 20٪ یان 50٪ من قەت پشتگیری ئەوە ناکەم، دەبێ مووچەکەی بەتەواوەتی بدەنێ، بەلاَم دەبێ شەهیدی سەنگەر دیار بێ لە شەهیدی هاوولاَتی، ئێمە نەیێین هەمووجارێك تێکەلاَو بکەین، شەهیدی هاوولاَتی جیا بێ لەشەهیدی سەنگەر، شەهیدی سەنگەر بەهیچ شێوەیەك نزیکیش نەبینەوە، هەر قسەیەکی بکەن ئێمە سەری بۆ دابنوێنین، ڕێزی لێ بگرین بەرەو پیری بچینەوە، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ڕازاو خان فەرموو.

**بەڕێز ڕازاو محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتگیری تەواوی قسەکانی کاك قادر ئەکەم، منیش هاوڕام لەگەڵ ئەوەی کە ناکرێ ئێمە بەو شێوازە ڕێژە دابنێین بۆ ئەو کەسانەی کە گیانی خۆیان بەخشیوە، ڕاو پشتیوانی تەواوم بۆ هەموو ئەوانەی باس لەوە ئەکەن کە ناکرێ ئێمە ڕێژە لەبەر ئەوان هەریەکێ لەوانە خوێنی خۆیان بەخشیوە و درێژەو بەو خاڵە نایەن، وێڕای پشتگیریم بۆ هەموو ئەو تەرحانەی کە قسە لەسەر ئەوە ئەکرێ، هەموو ئەوانە موستەحەقاتی خۆیان بدرێتێ، بەڕاستی من ئەو مەشروعەی کە لەلایەن حکومەت هاتبوو، ئەو ڕاپۆرتەی کە لە لیژنەی بەڕێزەوە ئامادەکراوە، لەخاڵی (3) ئەڵێ ئەگەر لە خێزانێکدا زیاتر لە شەهیدێك هەبێ،

ئەوە دابەش کردنی مووچەی خانەنشینی بەم شێوەیە دەبێ(أ) باوك و دایك و منداڵی شەهید سەرجەم مووچەکانی خانەنشینی وەردەگرن، لەگەڵ ڕەچاو کردنی حوکمی بڕگەی لاوەکی سێ و بڕگەی دووەمی ماددەی (5)، بمبوورن من لام ڕوون نیە ئەو بڕگەی لاوەکی سێ و بڕگەی دووەمە، نەلە ئەسڵی قانونەکە نە لە ڕاپۆرتی بەڕێزان، ئەو مەشروعەی کە حکومەتیش ناردوویەتی مەبەستتان چیە؟، واتە ئەو حوکمە چیە کە ئەبێ ڕەچاو بکرێ لەو حاڵەتە؟، پشتگیری لە ڕاپۆرتی لیژنە ئەکەم، دەست خۆشیشیان لێ ئەکەم بەڕاستی بڕگەی (7) ی لابردووە، باس لەوە ئەکات ئەبێ وەزارەت سندوقێك دابنێت، پێموایە یاسای ژمارە (7) ی ساڵی 2007 یاسای پشتگیری لە خانەوادەی شەهیدان و ئەنفال کراوان قوربانیانی کۆمەڵکوژی (جینۆساید) لە هەرێمی کوردستان، بە بڕیاری ژمارە (3)ی ساڵی 2008 لە وەقایعی کوردستان دەرچووە، بەڵام کێشەکە لەوەیە پرسیارەکە ئا لێرەدایە، ئایا وەزارەتی شەهیدان تا چەند پابەندی ئەم یاسایە بووە کە دەرچووە؟، تا چەند کاری بەو سندوقە کردووە؟، ئایا لە ڕووی عەمەلیەوە ئەو سندوقە بوونی هەیە؟، ئەو خەڵکە کە هەموو ئەم موستەحەقانەن، ئایا ئەمانە توانیویانە لەو سندوقی هاوکاریە یاخود لەو پشتگیری و هاوکاریە موستەفید بن؟، ئەگەر بکرێت وەڵامی ئەوەمان پێ بدرێتەوە، بڕگەی (8) کە باس لە ئیعالەی والیدەین ئەکرێ، من پێموایە هەرچەندە لیژنەی هاوبەش پێیوایە ڕێنمایی ڕێك بخرێت پشتیوانیان لێ ئەکەین، بەڵام بە رەچاو کردنی ئەوەی کە بەڕاستی ئەمە خزمەت کردنە، بەخێوکردن نیە، یەعنی ئەبێ خزمەت کردنی ئەو دایك و باوکە بێ، وابزانم لە ڕووی جێبەجێ کردنیشەوە ئەگەر بکرێ وەزارەتی کاروباری شەهیدان وردتر بەدواداچوونی بۆ بکرێ، ئەمەش بەجۆرێك لە لایەن کەس و کاریانەوە بەداخەوە ئیستیغلال کراون، هاوکاری یان مووچە یان هەر شتێك لە ژێر هەر ناونیشانێك دایە وەری ئەگرن، نەتوانراوە وەکو پێویست خزمەتی ئەو کەس و کاری شەهیدەی پێ بکرێ، بۆیە ئەگەر بە ڕێنمایش دەربچێت وەزارەتی شەهیدان خۆی بەدواداچوونی تەواوی بۆ بکات، لەژێر ناونیشانی خزمەت کردن دابێ نەوەك بەخێوکردن، بەنیسبەت ئەوە بەڕاستی منیش هاوڕام لەگەڵ لیژنەی هاوبەش تایبەت بە خەرج کردنی دەرماڵە، بەڕێزان ئێمە ماوەی دوو ساڵە لە بودجەی ساڵانە، ئەوەمان پەسەند کردووە کە ئەبێ موخەسەسات هەبێ بۆ ژن و منال، بەڵام نازانم بۆ هەتاوەکو ئێستا وەزارەتی شەهیدان نەیتوانیوە ئەم بڕگەیە جێبەجێ بکات، بۆ ئەو دەرماڵەیە خەرج ناکرێ، ئەگەر کێشە لەوەدایە هەمووجارێ باس لەوە ئەکەین، دۆسیەکانمان کەم و کورتی تیایە یان پێویستیمان بەوە هەیە، لەگەڵ ڕێزمان لەوانەیە خەڵکانێك زانیاری تەواو نەیەن یان هانی ئەوە بدەن، بەڕێزان ئەگەر ئێمە کار لەسەر ئەوە بکەین، ئەبێ بگەڕێینەوە بۆ بناغەی کارەکانمان، سەرلەنوێ بەدواداچوون، سەرلەنوێ داڕشتنەوە و کار کردن لەسەر دۆسیەی شەهیدان و پلەبەندی شەهیدان بکرێتەوە، پێموایە ئەو ئەرکە قورسترە وەك لەوەی ئێمە نەتوانین دوو ساڵە لە پەرلەمانی کوردستان بڕیار لەسەر ئەوە دراوە کە موخەسەسات خەرج بکرێ، بەڵام تاوەکو ئێستا نەتوانراوە وەزارەتی شەهیدان ئەو ئەرکەی خۆی جێبەجێ بکات، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

شلێر خان فەرموو.

**بەڕێز شلێر محمد نجیب:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

دەست خۆشی لە لیژنەی شەهیدان و یاسایی ئەكەم و لە ڕاپۆرتەكەیان، كاتی خۆی من پێم وتن بۆ مەوزوعی یەكەی نیشتەجێبوون، بۆ خێزانی شەهید كێشەیەك هەیە برادەران زۆربەیان باسیان كرد، ئەو شەهیدەی كە خێزانی هەیە بەداخەوە زۆربەی ئێمە وەكو ئەندامانی پەرلەمان كە سەردانمان كردوون، من خۆم لەگەڵ گەشەخان سەردانی گەڕەكی بەس خەبات بە نموونە ئەهێنمەوە لە سلێمانی، كە 600 عائیلەی شەهیدی تیایە، زۆربەی ئەو خێزانانە كە سەیر ئەكەی یان كرێچین یان لە خانوویەكی بێ تاپۆیە كە ئەو گەڕەكە خۆی هەروایە تاپۆی نیە، كێشەكەشیان حەل ناكرێ، كە پێی ئەڵێی بۆچی كێشەكە بەو شێوەیە، سەیر ئەكەی هەمووشی زەوی وەرگرتووە، زەوی وەرگرتووە یان لەبەر نەبوونی فرۆشتوویەتی، یان لەبەر ئەوەی دایك و باوكەكە شەریك بووە، یەكسەر فرۆشتوویانە، ئیتر ئەو هەر بە كرێچیەتی ئەمێنێتەوە، یان یەكێك لە خێزانەكە خێری پێكردووە، لە غورفەیەكی ماڵەكەی خۆیدا دایناوە، كە ئەمە بەڕاستی بۆ ئێمە زۆر مایەی نیگەرانیە بۆ هەموومان، چونكە نابێ خێزانی شەهید بەو شێوەیە هەتا ماوە هەروابێ، ئێستا كە دێین لە دوای ئەو یاسایەوە (اذا كان الشهید متزوجاً ولدیه اولاد، فتسجل الوحدة السكنیة او قطعة الارض) یەعنی بۆ ئەمەو دوای ئەمەی پێشتر، دوای ئەوە با باسی وەحدەی سەكەنی بكەین، ئێمە بەنیسبەتی حكومەت كە وەحدەی سەكەنی دروست ئەكات، یاسایەك لەم پەرلەمانە دەرچوو كە بووە مایەی خۆشحاڵی بۆ هەموومان، كە هەموار كردنی یاسایەكە بوو كە یاسای ژمارە (16) بۆ یاسای ژمارە (7) ی ساڵی 2008 كە زۆریان ئەمەلیان بەوەیە كە ئەو یاسایە شمولیان بكات، ئەو وەحدە سەكەنیانەی كەدروست ئەكرێن بۆ ئەوان بێ، جا ئەگەر ئێمە لێرە كارێك بكەین، لەبەر ئەوە بەس باسی زەوی تیا نیە، یەعنی كە باسی شروتی پێدانی ئەو یەكە نیشتەجێبوونە ئەكەین، مەرجەكانی تیا نیە كە زەوی هەبێ، یەعنی هیچ شمولی ئەكات، لەبەر ئەوە با ئێمە ئێستا لێرە فەقەرەیەك ئیزافە بكەین كە بڵێین بەپێی ئەو یاسایە شمولی ئەو خێزانی شەهیدە بكات، بەس ئەوەی كە خێزاندارەو منداڵی هەیە، با جارێكی تر خەڵكەكەی تر نەبن بە شەریكی، چونكە ئەو یەكە نیشتەجێبوونانە ئەگەر بێتو ئێمە بیدەین بەو خێزانانە كە بەراستی بۆ ژنەكەو منداڵەكانە، كەسی ترشمولی نەكات، موەزەفە، هەر چیەكە، كەم دەرامەتە ئەوە ئەچێتە بڕگەكەوە، ئەگەر ئێمە ئەوە بكەین چونكە مەرجی تیایە مینحە نیە، ئەبێ تا 20 ساڵ پارەكە لە مەعاشەكەی بدرێتەوە، لەبەر ئەوە شتێك نیە هەتاوەكو ناتوانێت بیفرۆشێتەوە، فیعلەن ئەو وەختە ئەو خێزانە ئاسوودە ئەبێ كە یەكەیەكی نیشتەجێبوونی هەیە، بەنیسبەت ئەو بڕگەیەی كەلە 8 نووسراوە، بەنیسبەت یاسای تەندروستی، ئێمە بەڕێزان بە نیسبەتی عائیلەی شەهید هەر ئەوەنیە كە مووچەی بۆ زیاد بكەین، چونكە خۆتان ئەزانن لەگەڵ ڕۆژگار وای لێدێت هەموو ڕۆژ پێت ئەڵێت ئەو پارەیە كەمە بەرگەی ژیانم ناگرێ، خۆی خێزانی شەهید بەڕاستی بێجگە لەو مەوزوعی مینحەیە وەكو وتم نیشتەجێبوونە لەگەڵ

تەندروستی و لەگەڵ خوێندن، ئەگەر ئێمە بتوانین لەو سێ لایەنە وەزارەتی کاروباری شەهیدان زۆر بە باشی ئیش بکرێ بۆ ئەوە، وەکو خەستەخانەیەکمان هەیە لە سلێمانی خەستەخانەی شۆڕش کە بەراستی زۆر جێگەی دەستی دیارە کە خزمەتی کەس و کاری شەهیدانی کردووە، هەروەها بەنیسبەت ئەوەی ئێمە ئێستا یاسایەکی ترمان هەیە بۆ سەحەی نەفسی، ئەبێ ئێمە تەئکید بکەین لە جەنابی وەزیر، کە سەحەی نەفسی بە نیسبەتی مەنتیقەی شۆڕش زۆر زەرورە، لەو شوێنانەی کە ئەنفال کراویان زۆرە، هەموویان باری تەندروستیان زۆر خراپە، خاستەن ئەوانەی کە گەڕاونەتەوە، کەسێکیش نیە ئاوڕێکیان لێ بداتەوە، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

پەروین خان فەرموو.

**بەڕێز پەروین عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە هەدەف لە هەموار کردنی ئەم پڕۆژە یاسایە خزمەت کردنی زیاتری کەس وکاری شەهیدانە، بۆیە من لە موخەسەساتەکانەوە پێدادێم، دیارە حکومەت خۆشبەختانە ساڵانە هەڵدەستێ بە سەرف کردنی تێچووی ساڵانەی خوێندنی کوڕو کچی شەهید، ئەوانەی لە زانکۆ ئەهلیەکان دەخوێنن، بەڵام ئەوەی تێبینی دەکرێ دیارە دەرماڵەیەکی مانگانە هەیە دەدرێتە ئەو خوێندکارانەی کە لە جامیعە حکومیەکان دەخوێنن، بەڵام ئەوەی کە لە جامیعە ئەهلیەکانە ئەو موخەسەساتە نیە، بۆیە من داوا دەکەم ئەلێرەوە تەسبیت بکرێ، کە موخەسەساتێکی مانگانە هەبێ بۆ ئەو کوڕو کچی شەهیدانەی کە لە زانکۆ ئەهلیەکان دەخوێنن، وابزانم جەنابی وەزیریش ئاماژەی پێدا، لەبەر ئەوەی ئەوانە قسمی داخیلیشیان نیە، ئەوانەی کە لە زانکۆ ئەهلیەکان دەخوێنن، بەڕێزیان جەنابی وەزیر ئاماژەیان بەوەدا ئەوان دەتوانن تا 100 هەزار بۆ شوێنی نیشتەجێبوونەکەشیان 100 هەزار وەکو موخەسەساتێکی مانگانە بۆیان سەرف بکرێ، دیارە هەر بۆ خزمەت کردنی زیاتری کەس و کاری شەهیدان، مینحەیەکی 27 ملیۆنی هەیە، بدرێتە خێزانی ئەو شەهیدانەی کە پارچە زەویەکیان هەیە، بەڵام ئێمە هەدەفمان ئەوەیە کە خزمەتی زیاتری کەس و کاری شەهیدان بکرێن بەبێ ئەوەی کە هیچ مەرجێك لەسەر ئەو خزمەتکردنە دابندرێت، بۆیە ئەو 27 ملیۆنە دەڵێت ئەگەر پارچە زەویەکی هەبێ، داوا دەکەم ئەو 27 ملیۆنە بدرێتە ئەو خێزانی شەهیدانە ئەگەر عەرزیشیان نەبێ، لەبەر ئەوەی لەوانەیە ئەو خێزانی شەهیدە پێشتر پارچە عەرزێکی وەرگرتووە، بەڵام بە هۆی ئەوەی کەباری خێزانی و باری ژیانی قورس بووە، هەستاوە بە فرۆشتنی ئەو پارچە عەرزە، ئێستا ئەو پارچە عەرزەی نەماوە، بۆیە من داوا دەکەم ئەو 27 ملیۆنە بەبێ ئەوەی هیچ مەرجێکی بۆ دابندرێت پێی بدرێ بۆ ئەوەی بتوانێ کاری پێ بکات، خاڵی (ب) کە دەڵێت خوشك و برای شەهیدی سەنگەرو هاووڵاتی لەو مووچەیەی کە پێی دەدرێ وەردەگرێ، بەڵام من پێم باشە ئەلێرە ئەو مووچەیە تەحدید بکرێ، کاتێك کە هەویەیان بۆ دەکرێ مووچەکەیان تەحدید بکرێ، لەبەر ئەوەی راتبەکەی کە لە بانك وەردەگرێ، بەکاش وەردەگیرێ، یەعنی ئەوانە ئەو خوشك و برای شەهیدانە کە موراجەعەی بانك دەکەن

بۆ ئەوەی راتبەکە وەربگرن، دیاری نەکراوە، بۆ ئەوەی کارئاسانی بۆ بانك بكرێ، موشكیله لەنێوان خوشك و برای شەهید دروست نەبێ، من پێم باشە لەهەویەکانەوە ئەو بەشە راتبە لە هەویەکان دیاری بكرێ، بۆ ئەوەی بتوانێ ئیشەکە بە باشی بەڕێوەببات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك عبدالسلام فەرموو.

**بەڕێز عبدالسلام مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من تێبینیەکان لەسەر ئەو ڕاپۆرتەی لیژنەی هاوبەشە، دوو جۆرن، جۆرێك هەندێك تێبینی لۆغەوین زۆر بەسیتن، کە زوو ئەیڵێم، وازحە جەمیع راتب لە عەرەبی شتی وانیە، جەمیعی راتب نیە دەبێ پاش ئەو جمع بێ، لە ئەوەلەن (ج) ئەگەر شەهید ژنی هەبێت و منالی نەبێت، فیتعە عاردەکە بەناوی ژنەکەی و دایك و باوکی تەسجیل دەبێ، من تەسەوڕ دەکەم تەنها ژنەکەی مافی ئەوەی هەیە، بەتایبەتی ئەگەر ڕەچاوی باری ژن بکەین، پێگەی کۆمەڵایەتی دایك و باوك کە موتەزەرری رەئیسی ژنەکەیە، ئەو ژیانی تێکچووە، ئەو هەموو زەرەرەی کردووە، ئەوانە ئەتوانن زۆر بە ئاسانی بە سەد شێوە ئستیغلالی بکەن، یان من تێناگەم حیکمەت چیە بەناوی ژنیش و بەناوی دایك و باوکیش، بۆ دایك و باوك دێنە ناوی، لە سێیەم، دەست پێ ئەکات بە (اذا کان في العائلة اکثر من شهید) واتە ئیستیناد ناکات لەسەر هیچ ماددەیەکی تر، باسی دابەش کردنی راتب ئەکات بەو شێوەیەی خوارەوە، یەك/ باوك و دایك و منالەکان (مع مراعاة حکم البند (3) من الفقرة الثانیة من المادة الخامسة، ثانیاً/ البند (3)) تەعریفە کچ تاکو دامەزراندنی لە فەرمانێك موراعاتی چی بکەم، من تەسەور دەکەم ئەوە جارێکی تر بزانین ئیشارەتەکە بۆ چ ماددەیەکە بۆ چ بەندێکە، بۆ ژن لەکوێیە ئەدی؟، ئەوانە لەناو خێزان دوو، سێ شەهیدن هەندێك لە شەهید ژنیان هەبوو، هەمووی بخوێنەوە، ژن نەهاتووە، کە دەبێ پێش هەموو کەسێك ئەو ڕاتبەکەی وەربگرێ، یەك شەهیدی هەبێ، دوو شەهیدی هەبێ، سێ شەهیدی هەبێ، دەبێ ئیشارەتێك بکەی بۆ ئەو جێگایانەی کە باسی مافی ژن ئەکات، یان هیچ نەبێ ڕێزبەندی وارسەکان زۆر گرنگە لای من، چونکە ڕەنگە تێپەڕببێت، یان ئەوە ئیشارەتی بۆ ئەو بەندە، ئیشارەتە بۆ بەندێکی تر، پاشان (أ) ئەوە باوك و منالەکانی وەریانگرت، (ب) بێ ئەوەی مەرجێك دابنێت یان مەرجی حالەت، یان مەرجی ئەو (یحصل کل من اخوة واخوات الشهید او المواطن علی راتب تقاعدی کل علی حدة) چونکە یاسا یەعنی تەبریر نا، یاسا ناسە ئەوەل جار، پاشان دێین ئەپرسین، ئەوە لە باوك و منالەکانی وەریانگرت، ئیزافەتەن بۆ ئەوان بێ، کوڕەکانیش هەریەکەیان ڕاتبێك وەرئەگرن، ڕاستە، چونکە نەسەکە وائەڵێت، ناڵێت ئەگەر باوك و منال نەبوون ئەوکاتە برا وەرئەگرن، بۆم شەرح بکەن پاشان، ئەوەی ڕێژەکە تەبعەن ئارائی هەیە، دەربارەی (ثالثاً: 1- تضاف فقرة فرعیة بتسلسل (6) الی الفقرة (ثانیاً) من المادة ( السابعة) کالتالي: 6- تخصیص نسبة 5٪ خمسة بالمائة من

التعينات لاولاد الشهداء) وابزانم ئێوەش لەگەڵ منن، موافق نـەبوو لـە تـەعبیرە عەرەبیەکـەی، (مـن تعینـات اولاد الشهداء) بڵێت تعینات الموظفین) شتێکی وابڵێ (تعینات لاولاد الشهداء ) چیە؟، من تەعینات بێت، هەر شتێك بێت تەسەور دەکـەم موافق نـەبوو، هەشت لای مـن زۆر گرنگـە، (یـنظم صـرف مخصصات الزوجیـة واولاد الشهید بتعلیمات) لەناو گفتوگۆ کـردن لەگـەڵ خوشـك و برایـانی ئەنـدامانی پەرلـەمان واتێگەیشـتم ئەوە مەتڵەبێکە سەدا سەد لەگەڵێمە، بێجگە لە هەموو ئەوانەی باس کراون لە ڕێکخستنی چۆنیەتی دانـی یان سەرف کردنی مینحە، بۆ ژنی شەهید و منداڵی شەهید بڕێك دابندرێت، من لەگەڵێمە بۆ هاوکاری کردن بێ، بەڵام بەڕێزان ئێوە لەمن باشتر ئەزانن، موخەسەساتی زەوجی و ئەولاد ئەو مەبەستە جێبەجێ نابێت، موخەسەساتی زەوجی من موەزەفێکم ژنم هەیە، منالم هەیە، من زیاتر لە سەڵتێك یـان ئـەوەی منـاڵی نیـە وەرئەگرم، ئەو موخەسەساتی ئیزافیە بۆڕاتبی ئیسمی، لێرە ئەگەر ئەوها بمێنێت، (ینظم صرف مخصصات الزوجیة و اولاد الشهید) لەحاڵەتێکدا ژنەکەی نەبوو، یان منالی نەبوو، موستەفید دایك و بـاوك و خوشـکی شەرعی و ناشەرعی بن، واتە لە حیساب کردنی بڕی ئەو پارەیەی ئەمان لە وارسەکان وەری ئـەگرن، ئەگـەر شەهید موتـەزەوج بـوو و منـاڵی هـەبوو، تـۆ ئـەو موخەسەساتە ئیزافی دەخەیـە سـەر ئـەو ڕاتبـە، یـەعنی موستەفید هەموو ئەوانەنە ئەوانەی لەو یاسایە هاتوونە، ئەگەر بۆ منالّ بێ، ئەگەر بۆ باوك بێ، ئەگەر بۆ برا بێت، ئایـا مەبەسـت ئەوەیـە یـان مەتڵەبی کـە گوێمـان لێـی بـووە لـە شـەهیدەکان و کـە موخەسەسـاتی تایبەت بۆ ژن و بۆ منالّ، واتـە ئەگـەر موشـەریع نیـەتی هەیـە، ڕێژەیـەك لـە بڕێـك بداتـە ژن و منالـەکانی شەهید، دەبێ بڵێین (ینظم صرف مخصصات اضافیة للزوج والزوجة واولاد الشهید) واتە ئەو پارەیە بدرێتە ئەوان، بەڵام ئەگەر وتـت (مخصصـات زوجیـە والاولاد) تەبعـەن ئـەوە ئەوەیـە کـە لـە راتـب هەیـە، ئەمـەوێ قسەکانم بە شتێکی تر تەواو بکەم، ئەزانم قسەکەم شەعبی نیە، ئەزانم ڕەنگە کەم کەس هەبن لێـرەو و لـە دەرەوەی ئـەم قاعەیـە بەشـدار بـن لـە ڕەئیەکـەی مـن، یـان بەشـداریش بـن، بـەڵام نـەیلێن، چـونکە ڕەنگـە زەرەربـێ بـۆ مـن، مـن خـۆم لـەناو عائیلـەی مـن چـەند شـەهیدم هەیـە، بۆیـە ئـەزانم وەزعەکـە، ئـەوەی موتەزەرری هەرە سـەرەکی تـەنها موتـەزەرر ژنـە وە منـاڵیش، لەدەست دانـی عائیلـە، لـە دەسـت دانـی ئـەو باوەشە، لەدەست دانی هەموو شت، زەرەری سەرەکی ژنە و وەمنالەکانی، ڕاستە جەرگە، ڕاستە برامە، ڕاستە دایکە، باوکە، دەرەجەی دووەم ئەو دایك و باوکانەنە یان برانە، ئەوانەی شەهیدەکە موعیلیان بوو، چونکە ئەچنە ڕێزی ژن و منالەکانی، باوکم کۆمپانیای هەیەو من شەهید بووم، غەدر ئەبینم بـاوکم وەکو ژنەکـە موعامەلە بکات بۆ منالەکان، برام ڕەنگە ئەسڵەن لە ئیتیجاهێکی سیاسی یـان ئـەوەی دژی برایەکـەی بـوو، بێت و هیچ شتێك بڵێی ئەوانە یەکسان بکەی بە موتەزەرری ڕەئیسی، لە فەلسەفەی بۆچوونەکەی ئەسـڵەن ئێمە غەدرێکی گەورەمان کـرد، دانـی شـت ئاسـانە، پاشـان ڕاگرتنـی و وەرگرتنـی زۆر زۆر زەحمەتـە ئەگـەر موستەحیل نەبێت، ڕەجایەکم هەیە بۆ ئەو خوشك و برایانە، تەمەنی ئێمە خەڵاس ئەبێ لە پەرلەمان، لە یاسا دانان، تۆزێك ئێمە زەمـیر و عاتیفـە بەکارنـەهێنین، مـەنتق و ئـەوە بـەکاربهێنین، چونکە ئەگـەر ئـەو شەهیدە ساغیش بوایە، ئەوەل شت پارەکەی کە وەرئەگرت ئەیدا بەکێ، بـە ژن و منـاڵی ئـەدا، بـەو باوکـەی

که ئەو موعیلی جوزئی سانەویە، بۆیە ئێمە ئێستا تەسەور ئەکەم لە ئیخلاسە هەمووومان، بۆ ئەم خەڵکە، بەس ئیخلاس بۆ شەهید بابمێنێت، ئەگەر ئێمە ئیخلاس بۆ ذوی بێت، زیاد کردنی ئەو ذوی شتێك لێ دێت لە ئەخیرەوە، وەکو زۆر شت ئێمە کردوومانە وەکو بیست ساڵە، مەبەستێکی پاکمان هەبووە بۆ ئەوەی موستەحەق ئیستیحقاقی وەربگرێ، وامان لێ کردووە شتەکە کە هەست بە غەدر بکات، باقسەی خۆم بڵێم وەکو ژیانی سیاسی وای لێهات کە شەهیدەکەو پێشمەرگەکە وەکادیرەکە هەست بە غوبن بکات، کە ئێستا ئەبینێت بەر لەو هەندێ کەس ئیمتیازاتی زیاتری هەیە، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

تارا خان فەرموو.

**بەڕێز تارا تحسین ئەسعەدی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

قسە کردن لە ئیمتیازات دیسانەوە وەکو پێشووش هەر وتوومە بەڕاستی چەند باسی بکەین، ئێمە حەقی ئەو شەهیدانە ناتوانین بدەین، بەڵام بڕێك لە مافەکانیان لەم هەموارکردنە، بەڕاستی پیشان ئەدرێت، من مولاحەزەیەکم هەیە، لەگەڵ هەندێ پشتگیری لە هاوکارانم، کە پێش من قسەیان کرد، هەندێکیشی ئیستیفسارە، ئێمە ئەگەر لەسەر ئەوەی کە ئەهمیەتی شەهید بەڕاستی واقیعی هەموار کردن بۆ سێیەم جار لەناو ئەم پەرلەمانی کوردستانە، نیشانەدانە بە شیعرەکەی پیرەمێرد کە ئەڵێت( ئەوان وا لە دڵی میللەتا ئەژین) ئێمەش نوێنەری ئەم میللەتەین، ئەو ئەرکە بەرپرسیارێتیەی هەمانە وامان لێ ئەکات کە زیاتر ئێمە بۆ هەموارکردنی ئەم یاسایە بێین، بەڵام خۆزگە ئەخوازم وەئەگەر چارە ئەکرێت، بۆ هەتاوەکو ئێستا ئێمە لە 1991 وە ئیشێکی زۆرمان بۆ شەهیدان کردووە، بڕێك لە کەم و کوڕیەکانیان، بۆ هەتاوەکو ئێستا موافق نەبووین لە هەندێ دابین کردنی ئەو ماف و ئیمتیازاتانە، وێڕای دەست خۆشیم لە شەهیدان و دڵسۆزی خۆی لەگەڵ لیژنەی هاوبەش، کە کارێکی زۆریان ئەمجارەش کرد بۆ هەموار کردنەکەی، دانی عەرزێك کە وای کردووە زۆر پێش ئێمەش بووەتە هۆی ئەوەی لە فەقیری و موحتاجی فرۆشتوویەتی، دێین شەرتێکی دووەمی بۆ دائەنێین کە پارەی دووەمی دەدەینێ ئەو بیست و حەوت ملیۆنە، ئەگەر بێتو زەوی هەبێ، دیسانەوە کێشەیەکی تر دروست بوو، لەبەر ئەوە من پشتگیری خۆم لە شلێرخان ئەکەم، بەڕاستی ئەگەر ئێمە بێتو چۆن وەحدەی سەکەنیمان کردووە بۆ ئەوانەی کەم دەرامەتن، دەبوا وەحدەی سەکەنی بۆ شەهیدانمان بکردبوایە، بە بوونی ئەو بیست و حەوت ملیۆنە با تەجروبەکەمان لەسەر ئەوانەی بەس خێزاندارن بکەین، بزانین ئایا زیاتر موەفەق نابین لەوە، ئەمە وەکو ئیقتیراحێك کە ئەمجارە وا هەموارمان کردووە ئیش بکەین لەسەر ئەمە، بۆ وەجبەی دووەم هەوڵ بدەین لە بودجەی داهاتوو کارێك بکەین لەگەڵ وەزارەتی شەهیدان بەڕاستی بوونی وەحدەی سەکەنی کە بەڕێنماییەکی ڕێك و پێك زیاتر مافەکانیان دێتە دی، دووەم شت، لە دووەم خاڵ لە تەعدیلەکەی یاسای هاوبەش، کە ئەڵێت(اذا کان الشهید اعزب) ئەگەر سەڵت بێ، عەرزەکە بۆ دایك و باوکی ئەبێت، بەڵام زیادەی مینحەکەش بکرێ

وەکو بەڕێز وەزیر فەرمووی، لەگەڵ هەر عەرزێك کە دەیدەی مینحەکەی بۆ زیاد بکرێ، وابزانم لێرە بەس تەنها عەرزەکە باس ئەکات، سێیەم شت، بەڕاستی جگە لەوەی کە من پشتگیری لەو کەسانە ئەکەم لە د.صباح و لە هاوکارانی تریش کە باسی کە باسی (اکثر من شهید) یان ئەو مەوزوعە هەر باس نەکرێ، چونکە بەڕاستی لە پەرلەمانی کوردستان یاسای زۆر بەرز و ڕێك و پێکمان دەرهێناوە کە بەرامبەر بە مافی ژن، قسە کردن لەسەر خێزان، توندو تیژی نەکردن بەرامبەری، یەعنی چیە ئەم فەقەرەیە ئەوەی ماوەتەوە لەگەڵی ئەو ئەیگرێتەوە، یەعنی بە دووجار بەرامبەر ژنەکە، یان ماوە، یان نەماوە لە ژیانی، لە هەمان کاتدا ژن و منداڵەکانی حسێب ئەکەی، بەلام خۆی تێدا نیە، نەبوونی ئەو فەقەرەیە بە تەسەوڕی من باشترە تەنها بۆ منالەکانی ئەبێ، ئەوەش کراوەیە لە خاڵەکانی تر ئەو شتەمان تێئەگەیەنێ، سێهەم شت ئەو خاڵەی کە کاك عبدالسلامیش باسی کرد و پەروین خانیش، چەندکەسێك وارسە یان موستەحەقە وەکو د.ڕۆژان وتی، ئەم چەند کەسە ئەچێت کە مووچە یان شەهیدانەکە کە بەدەست خۆشیەوە سەرۆکی پەرلەمان، وشەی شەهیدانەکە زۆر گرنگە ئەمە ئیزافەیە، چۆن دابەشی ئەکەن، مومکینە برایەك وەری ئەگرێت، چوار، پێنج بران، ئایا ئەم تەقسیم کردنەی بە عادلی ئەکات؟، ئایا وەکو یەك وەری ئەگرن؟، بوونی شتێك لێرەدا حەز دەکەم ئەوە لە لایەن جەنابی وەزیرەوە ئەگەر حەلێك بۆ ئەمە عالەم تەرتیب ئەکرێت، خاڵی زۆر گرنگ کە من لێرە قسەی لەسەر بکەم، پشتگیری تەواوم وەکو کاك قادرو ڕازاو خان، ئەوانەی کە باسی ئەو شەهیدانە ئەکەن، یەعنی چی تەسنیفی شەهید؟، ئێمە لەبەر ئەوەی کە پێشتر کەم و کوڕیەك هەبووە ئیتر لە وەزارەت، پێش ئێستا بووە، یان ئێستا بووە یان کاتێك کە یەك مووچەی وەرگرتووە ئەوەی زیاتر لە شەهیدێکی هەبووە، ئێمە لە خەفەتی ئەوەی کە یەك شەهیدی وەرگرتووە، خانەوادەیەك چوار شەهیدی داوە، خانەوادەیەك پێنج شەهیدی داوە، ئەزانی من وا ئیقتیراح دەکەم ئەوانە ببنە شەهیدی سەروەر، ئەو خێزانانە کە زیاتر لە شەهیدێکی داوە، لەبەر ئەوەی ئەمە بە یەکسانی دابنێم هەمووی یەك مووچە وەربگرن، ئینجا با تەقسیمی بکەم لە 25٪ئەم شەهید، 75٪ یەعنی بەڕاستی من ئەزیەت ئەخۆم بەوە، حەز ئەکەم تێبگەم لەوە ڕاستە لە دڵسۆزی کارەکە من دەست خۆشی لە لیژنەی مەعنی ئەکەم، لەگەڵ هی هاوبەش کە ئیشیان لەگەڵ یەك کردووە، چارەیەك بدۆزنەوە لە داخی ئەو کەم و کوڕیە، کە پێشتر هەبووە یەك مووچەی وەرگرتووە، بەس نەوەك غەڵەتێك بە غەڵەتێك چارەبکەین، کە ئێمە ئەزیەتی شەهیدەکە لەناو قەبرەکەشی بدەین، بۆ یەکەم شەهید 100٪ وەرگرێ و شەهیدی دووەم 25٪ وەربگرێ، نازانم حیکمەتەکە چیە 25٪ لە شەهیدێك وەرگرتن بۆ یەك وارس، ئەو یەك وارسە تۆ ئەبێ تاجی لەسەر دابنێی، چونکە چوار کەسی شەهید داوە، با چوار ڕاتب وەربگرێ، خۆ لە هەموو کوردستان 200 خانەوادەی وا هەیە، چەند هەیە یەعنی، چوار شەهیدی داوە؟، لە دڵسۆزی خۆی، لە نەتەوایەتی خۆی، کە ئێستا کەم بۆتەوە ئەمە چووە بەرەو پیری مەرگەوە، چوار کەس و چوار برای لەدەست داوە، یەعنی من حەز ئەکەم بوونی ئەم تەسنیفە یەعنی بەڕاستی چاوێکی تری پیا بخشێندرێتەوە، ئەگەر بە تەنها بە یەك وشە ئەوەی وارسی هەیە، یەك وارسە، چەند کەسی شەهید هەیە

با مووچەکە وەربگرێ، شەهیدانەکە وەربگرن، ئیتر ئەم تەسنیفە من لەگەڵی نیم، سێ، تەقریبە خاڵی ئەخیرم لەسەر قسەکانی کاك سالارە پشتگیری لێ ئەکەم، روفاتی ئەو کەسانەی کە بە خاك ئەسپێردرێن، لە ئەنفالەکان و ئەوەی بۆمان دێتەوە بە داخەوە خەمە زۆرەکەی خۆمان، داوا ئەکەم لە وەزیری شەهیدان ئەگەر خوتەیەکی موستەقبەلی هەیە، مۆزەخانەیەکی نیشتیمانی بەو کەسانەی کە قەبری جەماعیان هەیەو گۆڕی بە کۆمەڵن، زۆر شت ئەدۆزرێتەوە لەناو قەبرەکانیان، ئایا چیتان کردووە بۆ ئەو کەل و پەلانەی کە ناو ئەو روفاتانە ئەدۆزرێتەوە؟، بیرتان کردۆتەوە مۆزەخانەیەکی بۆ بکرێت، چونکە ئەمە ختوەیەکە بەڕاستی بۆ بوون و دان پیانانی جینۆسایدو ئیبادەی جەماعی، ئەمە شاهێدێکی گەورەیە لە بوونی ئەو شتانەی کە هەیە کە کۆ کراوەتەوە، بەڵام تەنزیمێکی هەبێ لە لایەن جەنابیانەوە ئەگەر خوتەکەی خۆیانیان لێرە پیشانمان بدەن، بزانین جێگای خۆیەتی کە ئیشی لەسەر بکرێت، بەنیسبەتی موخەسەساتەکان، کە بەڕێنمایی بکرێت، ئەوەش لێرەدا پێویستی بە ڕوونکردنەوەیەکی زیاترە، لەسەر چ ئەساسێك ئەو موخەسەساتانە دائەنرێن؟، چۆن منداڵی شەهێدێك لەگەڵ منداڵی ئیعتیادی کە 20 هەزار موخەسەسات یان 25 ی بۆ دائەنێی، ئایا بە دوو ڕەئی کە هاتوونەتە دەرەوە ئایا ئەو دوو ڕەئیەلەسەر چ ئەساسێك بووە، لەلیژنەی هاوبەشیش ئەو پرسیارەی لێ ئەکەم، کە تەنزیم ئەکرێ بە تەعلیمات، تەنها بەجێ بهێڵدرێ بۆ وەزارەت، یان شتێك هەیە لەسەری ئیسناد ئەکرێ، تاوەکو ئێمە زیاتر لێرەدا تێگەیشتنێکمان هەبێ، چونکە بۆ خزمەتی شەهیدانەو بۆ ئەو وارسانەو یان بۆ ئەو موستەحەقانەی کەلەدوای ئەوان ئەمێنێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك برهان فەرموو.

**بەڕێز برهان رشید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من دەست خۆشی لە لیژنەی موشتەرەك ئەکەم، شتی زۆر جوانیان نووسیوە، بەس دەربارەی دوو نوقتە هەندێ تەعقیباتی قانونیم هەیە کە لیژنەی قانونی بە نەزەری ئیعتیبار وەریبگرێت و دیراسەی بکات، لە بڕگەی (ج) ئەڵێ ئەگەر شەهید هاوسەری هەبێت و منداڵی نەبێت، ئەوا یەکەی نیشتەجێبوون یان پارچە زەویەك بەناوی هاوسەرو یان دایك و باوکیەوە تۆمار بکرێ، ئێمە لە قانونی عیراقی بە تەعدیلێك بڕگەیەکمان هەیە کە لە هامشی قانونی ئەحوالی شەخسیش ئاماژەی پێ کراوە، ڕەقەمەکەیم باش بیر نەماوە، 186 یان چەندە، تیایا هاتووە ئەگەر هەرچ کەسێك، یەکێك ژن و مێرد یەکێکیان مرد، مناڵیان لەپاش جێنەما، ئەگەر یەك موڵکیان لەپاش جێمابوو، کاملی موڵکەکە ئەکرێ بەناوی ئەوی تریانەوە، ئەگەر ژن و مێرد مناڵیان نەبوو یەك موڵکیان هەبوو، بەڵێ ئەگەر ئەمە دیراسەی بکەن بە قانون ئەیکەن لەگەڵ ئەوا، ئایا چەند ئەتوانن ئیستیفادە لەو قانونە کۆنە بکەن، یان لەو ماددەیە؟، یان ئایا کامیان عادل ترێکە؟، دووەم من هەست ئەکەم خەلەلێك هەیە لەم قانونە، کە لە قانونی عیراقی عیلاج کراوە، ئەویش

ئەوەیە لە قانونی عیراقی هاتووە، قانونی پێشوو هی سالآنی هەشتاکان، ئەگەر ئافرەتێك تەلآق درا، خۆی هەڵسا بە ئیعالە کردنی کوڕەکەی، کوڕەکەی شەهید بوو، ئەوا تەواوی ئەو زەوی شەهیدانە و خانووی شەهیدانە تەنها بۆ ژنەکەیە، بەو شێوەیە عیلاج کراوە، ئەمە شتێکی زۆر جوان و نموونەییە، کە دایکێك تەلآق درابێ خۆی ئیعالەی کوڕەکەی کردبێ، ئەو ئەرزی شەهیدانە و شتەی ئەدرێتێ تەنها بۆ دایکەکە ئەبێ، ئەگەر لیژنەی قانونیش ئەمە جێگەی بۆ بکاتەوە، ئەمە شتێکی میسالی و جوانە لە قانونی عیراقی وجودی هەیە، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کوێستان خان فەرموو.

**بەڕێز کوێستان محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من چەند تێبینیەکم هەیە، یەکەم/ داوا ئەکەم بۆ ماددەی (7) بڕگەی (2) خاڵی دووەم ئەو ئیزافەیە بکرێ، جیا لەوەی کە حکومەت تێچووی خوێندنی ئەهلی بۆمناڵەکانی شەهید ئەگرێتە ئەستۆ، دەرماڵەیەکیشیان پێ بدرێ بەتایبەتی کە ئەمانە زیاتر لەو قەزاو ناحیانەن کە لە دەرەوەی شوێنێکن کە زانکۆی تیابێ، بەشی هەرە زۆریان ئەمانە لەناو شارەکان خانوو بەکرێ ئەگرن، بۆیە بە پێویستی ئەزانم ئەوە زیاد بکرێ، ئیزافەیەکی ترم هەیە بۆ مەسەلەی پێدانی مینحە سەبارەت بە یەکەی نیشتەجێبوون، لێرە ئەبێ دوو شت لەبەرچاو بگرین، یەکەم، ئەم خێزانی شەهیدانە زۆربەیان لەکاتی فەقیری ئەرزەکانیان فرۆشتووە، یان دابەش کراوە لەبەینی خێزان و دایك و باوکەکە زەویەکانیان نەماوە، بۆیە من دوو پێشنیار ئەکەم، ئەویش ئەوەیە ئەگەر یەکەی نیشتەجێبوونیان بۆ دروست کرا، مەرجی ئەوە لابرێ کە پێشتر زەوی وەرگرتبێ، وەك ئەوەی کە لە یاسای دروست کردنی یەکەی نیشتەجێبوون بۆ خێزانە کەم دەرامەتەکان لامان برد ئەو مەرجە، ئەو مەرجەش بۆ کەس و کاری شەهید لابرێ، یەعنی زەویشی وەرگرتبێ یەکەی نیشتەجێبوونی بۆ بکرێت، بەلآم ئەگەر هاتە سەر مەسەلەی ئەوەی کە مینحەی پێ بدرێت، بەتایبەتی کە داواکاری زۆرێك لە کەس و کاری شەهیدانە کە لەگەڵ ئەنفال کراوەکانی ناوچە جیا جیاکان کە سەردانی نووسینگەی پەرلەمانیان کردووە لە سلێمانی، داوایان کردووە ئەگەر زەویەکانیشیان فرۆشتبێ و کرێچی بن، ئەو مینحە 27 ملیۆنیەیان پێ بدرێ، بۆ ئەوەی بتوانن ئەساسێك دابنێن بۆئەوەی کە بتوانن یەکەیەکی نیشتەجێبوون بۆخۆیان دابین بکەن، تایبەت بە مەسەلەی ئەو نیسبەتە منیش دژی ئەو نیسبەتەم بەڕاستی، یەعنی شەهید هەر شەهیدە، یەعنی لەبەرچی لە 75٪ و 25٪ و 20٪، بۆیە منیش داوا ئەکەم ئەگەر لەوارسێك زیاتر یەك وارسیشی مابێ، هەموو شەهیدەکان بەیەك نیسبەت کەلە 100٪ وەری ئەگرن، جێگەی خۆیەتی لێرە مادام باسی یەك وارس ئەکات، واتە ئەوانە تاقانەکانن، کەواتە لێرە باسی تاقانەکان ئەکرێ ئە ئەمڕۆ هاتونەتە پەرلەمان، داواکاریەکیان هەیە بە یاداشت داویانە بە

هەموو فراكسیۆنەكان، ئەویش ئەوەیە كە ئەم تاقانەیە كە كەسی نەماوە، كۆچی دوایی ئەكات، بڵێین ئەو مووچەیە بگەڕێتەوە بۆ منداڵەكانی، من پشتگیری ئەكەم كە لێرە بڕگەیەك زیاد بكرێ، بەتایبەتی ڕێك باسی تاقانەكان ئەكات، چونكە یەك وارسە، لێرە بڕگەیەك زیاد بكرێ كە تاقانەكان مووچەكەیان بگەڕێتەوە بۆ منداڵەكانیان، منیش لەگەڵ ئەوەم ژن و منداڵ دەرماڵەكە دەستنیشان بكرێ، تا دەرچوونی ئەم یاسایە ساڵی 2007 خێزان و منداڵی شەهید دەرماڵەی هەبوو، یەعنی ئەوەنیە شتێك بێ كە ناكرێ، ئەكرێ دەرماڵەی هەبێ و نیسبەتیش بێ، بۆیە لەگەڵ ئەوەدام كە هاوسەرەكە 100 هەزار بێ، منداڵەكان 25 هەزار بێ، بەتایبەتی ئەمە ئەوە جیا ئەكاتەوە هەندێ خێزان منداڵی زۆرە، هەندێ خێزان هەیە منداڵێك یان دووانی هەیە، ئەمە وا ئەكات كە فەرق بكرێ لە بەینی مووچەی ئەوانەی كە منداڵیان زۆرە مووچەكانیان زیاد ئەكات، من لێرە داوا ئەكەم یەك بڕگەی تر زیاد بكرێ، ئەویش ئەوەیە كە هەركاتێك مووچەی فەرمانبەران و مامۆستایان زیاد ئەكات بەنیسبەتێك مووچەی شەهیدانیش زیاد بكرێ، یەعنی لێرە بە بڕگەیەك بنووسرێت بە ڕێژەیەك مووچەی شەهیدان زیاد ئەكرێت لەكاتی هەر گۆڕانكاریەك لەمووچەی فەرمانبەران و مامۆستایانی هەرێم، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

هێشتا 20 كەس ماوە، ئەوە سەعات (1)ە ئەگەر بڵێم ڕەجا دەكەم نەختێك قسەكانتان پوخت بكەنەوە، فەرموو ئاشتی خان.

**بەڕێز ئاشتی عزیز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من ئەوەی كە تێبینیم هەبێ، سەبارەت بەو نیسبەتەی كە دابەش كراوە، زۆرێك لە هاوكاران باسیان لە ڕەت كردنەوەی نیسبەتەكە كرد، بەڵام حەزم كرد لۆجیكێكی ئابووریانە بەڕێز وەزیری شەهیدانیش لێرەیە، لیژنەی هاوبەشیش، ئەگەر بە لۆجیكێكی ئابووریانە تەحلیلێكی مەوزوعەكە بكەین، ئەو كەسەی كە یەك كەسی لە خانەوادەكە شەهید هەبێ سەرمایەكی تری هەیە كە سەرمایەی مرۆییە، ئەگەر باوكەكە مردبێ چوار كوڕی لە خێزانەكە بێ، ئەو چوار كوڕە ئیمكانی هەیە كە دەخل بێننەوە بۆ خێزانەكە، واتە ئەگەر لە دۆخێكا كارەساتی بەسەر هاتبێ كە موعیلی عائیلەكەی نەمابێ، لە قۆناغێكی تر كە كوڕەكانی گەورە ئەبێ، ئیمكانی هەیە وەزعی ماددی عائیلەكە بەرز بكاتەوە، چونكە ئەتوانێ داهات بێنێتە خێزانەكەوە، كەواتە كە ئەو مووچەیەكی هەیە 500 هەزار یان 600 هەزاری هەیە، لەمەرحەلەیەك، بەڵام لە مەرحەیەلەیەكی تر ئیمكانە دەخلی ئەو خێزانە بەرز ببێتەوە، بەڵام خێزانێك تاوانی چیە كە بۆ نموونە، ئەكرێ هەر چوار كوڕەكەی و مێردەكەشی كە ئەمە سەرمایەی مرۆیی نەماوە، كەواتە لێرە هیچ حیسابێك بۆ سەرمایەی مرۆیی نەكراوە، كە ئەمانە ئیمكانە دەخل بێننە ناو خێزانەكەوە، داهاتی خێزانەكە بەرزتر بكەنەوە، بەپێچەوانەوە لەبەر ئەوەی ئەم بە عەكسەوە باج ئەدات، یەعنی لەم دۆخەی كە نە سەرمایەی مرۆیی ماوە، لەگەڵێشیا باجی سەرمایەی دارایشی پێ ئەدەین، ئەڵێین لەبەر ئەوەی تۆ كوڕی چوارەمت

وەفاتی کردووە، یان کچی چوارەمت وەفاتی کردووە، تۆ ئەبێ لە 25٪ وەربگری، لەکاتێکا لە سەنگەر کەس ئاوڕ ناداتەوە، بڵێت من سێیەم برام شەهید بوو بەدبەختانە منیش شەهید بم دواتر شەهیدانەکەم ئەبێتە 25٪، من سەنگەرەکە بەجێ ئەهێڵم، ئەمانە هەموویان لەسەر یەك مەفهوم شەهید بوون، مەفهومێکە کە پارێزگاریان کردووە لە کورد بوونی، کەواتە ئەمە کۆتایی دێت بە یەکلا کەرەوەی ئیستیحقاقی ئینسانی و نەتەوەیی، بەڕای من ئەم کەسانە ئەبێ ئیعتیبباریان بۆ بکرێ، ڕاستە لە خێزانەکە چەند شەهیدێکی هەیە، بەڵام دەرگای ئومێد زیاتر داخراوە بە ڕووی خێزانەکە، کە لە ئایندە زۆر ئومێدێکی لاوازی هەیە کە دۆخی ئابووری خێزانەکەی بەرەو باشتر بچێ، بۆیە من بە حەقی ئەوەی ئەزانم کە چەند کەس شەهید بێ لەو خێزانە پێویستە مووچەی تەواو وەربگرێ، بۆ ئەوەی ئەمە نەوەك یەکێ پێنج منالی شەهیدە تەنها بە 150 هەزار لەگەڵ خێزانێکی تر جیاوازی هەبێ، دەخلی جیاوازی هەبێ، ئەو لەوانەیە مووچەی تەواوی یەك شەهید وەربگرێ، بەڵام بەنیسبەتێکی زۆر زۆر کەم، داکۆکی لەو خاڵە ئەکەم کە کوێستان خان ئاماژەی پێ کرد، لەکاتێك کە چۆن ئێمە ڕەچاوی ئەکەین فەرمانبەر بە گۆڕینی دۆخی ئابووری نیسبەی مووچەی بەرز ئەکرێتەوە، بە هەمان شێوەش رەچاو بکرێ بۆ مووچەی شەهیدان، هەروەها پشتگیری ئەکەم لەسەر تاقانەی ئەنفال، شەهید کە ئەمێنێتەوە، پێویستە لەدوای نەمانی ئەو مووچەیە بگەڕێتەوە بۆ منداڵەکانی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك شێرزاد فەرموو.

**بەڕێز شیرزاد عبدالحافظ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە من لە ئەوەلەوە دەست پێ ئەکەم بە تەعریفێك لەسەر قسەکانی بەڕێزتان، کە ئێستا پێم سەیر بوو کۆمەڵێك ئەندام پەرلەمان هەمووومان قسەمان کرد، زۆربەی زۆری قسە کردن تاوەکو گەیشتە ئەم خەتە، ئەوەی بەزۆری تیابوو شەرح بوو، شەرح شتێکە، گەیشتە ئێرە کە ئەبێ کورتی بکەنەوە قسەکانتان، پێم سەیرە، هەقی وابوو ئەوەت لە ئەوەلەوە بووتایە زۆر باشتر بوو، لە ئەوە....

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە بۆ ئەو تەفسیرە سیاسیە دەکەی؟

**بەڕێز شیرزاد عبدالحافظ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەبەر ئەوەی لە ئەوەلەوە کرابوایە، زۆر باشتر بوو.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

چوار سەعات قسە بکە، فەرموو.

**بەڕێز شیرزاد عبدالحافظ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەداخەوە من قسەکانم هەمووی کراوە، دوو خاڵی زۆر بە کورتی پشتگیری ئەکەم.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئا ئەمە ئینسان کە نیەتی خراپ بوو، شتێك دەکات بە نیەتی خراپ ، ئێ بۆ وا؟، خۆ قسەی خراپم نەکردووە، دەڵێم هێشتا 20 کەس ماوە، فەرموو قسە بکە.

**بەڕێز شیرزاد عبدالحافظ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە 101 ئەندام چەند ماوە؟، چەندیش قسەی کردووە؟، من بەڕاستی لەسەر ئەو ماددەیە قسە ئەکەم، قسەکانم کراوە، بەس پشتگیری ئەکەمەوە، یەکێکیان ئەوەیە کە زۆر لە برادەرانیش باسیان کردووە، پشتگیریان ئەکەم، خوێنی شەهید نە لە یەکیان هەرزانترە نە لە هیچیان گرانترە، بۆیە ئەندامی ئەو خێزانەی کە شەهید بووە، من پشتگیری ئەوە ئەکەم کە وەکو یەك یەك مووچە وەربگرن، ئەو نیسبەتی 75٪ و ئەوە نەمێنێت، دووەم، ئەو تاقانەیەی کە باس کرا مووچەکانی خۆیان دوایی بۆ مناڵەکانیان بگەڕێتەوە، کە ئەوە زەرورە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو.

**بەڕێز محمد احمد علی(شارەزووری):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو ڕێژەیە بەڕاستی من حەز ئەکەم ئێوە هێن بکەن، وەزارەتی شەهیدان ئێمە بۆ ئەنفال و جینۆساید هێناومانە، ئەنفال و جینۆساید ئاگادار بن، تاوەکو ئێستا وەزارەتی شەهیدان لەماڵێك سێ شەهید بووبێ بە یەك شەهید حسێبی کردووە، ئێمە هاتووین وەکو لیژنە جارێکی تر ئەوەمان کردووە، چونکە بەڕێز وەزیری شەهیدان لەوێیە، بۆیە ئەو ڕێژەیەمان داناوە، لەسەر ئەو ئەساسەی وەزارتی شەهیدان تاوەکو ئێستا هاتووە بە مەجموع، مەسەلەن عائیلەیەك شەش شەهیدی هەیە، لەماڵێك سێ شەهیدی بە یەك شەهید حسێب کردووە، یەك مووچەی داوەتێ، ئێمەش وتوومانە بۆ یەك مووچەی بداتێ، ئەگینا ئێمەش پشتگیری ئەوە ئەکەین لەعائیلەیەك دە شەهیدت هەبێ هەر دە شەهیدەکەی مووچە وەربگرێت، ئێمە وتوومانە ئەوانەی یەك وارسیان ماوە، یەك وارس، لەعائلەیەك هەیە 12 شەهیدی هەیە یەك وارسی ماوە، دوو مووچەی ئەدرێتێ، بۆچی دوو مووچەی بدرێتێ، ئێمە وتوومانە 12 شەهیدەکە زیندوو بێتەوە، مووچەکانیان، ئیمتیازاتیان و مافیان، ئەگینا بە غەڵەت ئەو ڕێژەیە تێمەگەن بڵێن کە فەرقمان کردووە

لەمانــە، ئــەوە وەزارەتــی شــەهیدانە ئــەوەی کــردووە، حــەز ئەکــەم جــەنابی وەزیــری شــەهیدان ئــەو ڕوونکردنەوەیە بدات.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ڤیان خان فەرموو.

**بەڕێز ڤیان عبدالرحیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بۆچوونەکانی من یەکەمیان لەسەر بڕگە (د) کە لەخانەوادەیەکدا زیاتر لـە شـەهیدێك هـەبوو، تـەنها یـەك وارس مابوو، دیارە ئەمە ئەگەر ئێمە بمانەوێ بە پێوەرێکی دادپەروەرانە قسە لەسەر ئـەوە بکـەین، کەواتـە ئەبێ هەر شەهیدێك مووچەی 100٪ی خۆی وەربگرێ، چونکە ئەگەر وارسێکیش مابێ گوناحی ئەو چیە، بۆ نموونە لە شالاْوەکانی ئەنفال یاخود لە کیمیا بارانی هەڵەبجەدا تەنیا ئەو لە خێزانێکدا دەرچـووە، ئـەی ناکرێ بڵێین ئەم دایك و بـاوك و خوشـك و منـاڵی لەدەسـت داوە، ئـەی ئـەرکی حکومـەت لێـرەدا لەچـی کـۆ ئەبێتەوە؟، ئەی نابێ بە باشترین شێواز خزمەتی ئەوان بکات؟، ئێمـە هـەمووومان ئـەزانین ئـەو مووچـەیەی کـە دەدرێـت بـە کـەس وکـاری شـەهیدان و قوربانیـانی جینۆسـاید، بەشـی ئاسـتی بـژێوی ژیانیـان ناکـات لەهەرێمی کوردستان، چونکە ئەمە تـەنها ئەوەنیـە لـە ڕووی مادديـەوە بـێین جارێکی تـر خزمـەتی ئـەوان بکـەین، ئـەی لـە ڕووی مەعنەویـەوە ئەگـەر حکومـەتی هـەرێمی کوردسـتان بێـت، دیراسـەتێکی ورد بکـات، ئەگەر بۆ نموونە قسەکانی منیش بەهەند وەرنەگیرێ، ئایا لە هەرێمی کوردستان ئـەو دیراسـەتە کـراوە کـە ژیان و ڕەوشی ئەو خێزانانەی کـە شـەهیدیان هەیـە یـاخود قوربـانی جینۆسایدیان هەیـە، بـەکیمیاباران و ئـەنفالیش، لـە چ ئاسـتێکی بـژێوی ژیانـدا ژیـان دەگـوزەرێنن، نـەخێر، بێگومـان هـەموومان ئەگەینـە ئـەو دەرئەنجامەی کە ژیانیان لـە خـراپترین ئاسـت دایـە، چـونکە نـەتوانراوە لـە ڕێگـەی وەزارەتـی شـەهیدانەوە خزمەتێکی دادپەروەرانـە بکـرێن، ئەمـە یـەکێك لەخاڵەکان، مـن دەمـەوێت هـەر وارسـێك چـەند شـەهیدی هەبێ مووچەی هەموویان100٪ وەربگرێ، کـە موسـتەحەقی خۆیـەتی، بۆچـی مـن ئەمـەوێت بـەو شـێوازە مووچەکە وەربگرێت، لەبەر ئەوەی ئەگەر بێین لـەناو وەزارەتـی شـەهیداندا قسەلەسـەر پلەبەنـدی بکـەین، لـەناو وەزارەتـی شـەهیداندا 22 پلـەی شـەهیدان هەیـە، بـەپێی ئـەو 22 پلـەی شـەهیدە هـەر شـەهیدێك سـوودمەند دەبـێ لەمووچـەکەی خـۆی، بـەڵام ئێمـە هـاتووین بـۆ کۆمـەڵێك شـەهیدی تـر تایبەتمەنـدیمان داونـەتێ، یـان ئیستیسـنائمان بـۆ کـردوون، کۆمـەڵێك شـەهید هەیـە بـەناوی هـەڤاڵی فـلان کـەس، یـاخود شەهیدی فلان کەسەوەن مووچەیەك یاخود ئیسمیەکی زیاد لە پێویست وەردەگرن، من ئێستا فەرمانێکم لە لایە کە کۆمەڵێك کەس جیا کراونەتەوە بـەناوی هـەر نـاوێکی لێ ئەنـدرێت، بـەڵام هـاتوون لـەناو 22 پلـەی شەهیدانەکە بەرزترین ئاستی مووچەی ئیسمی وەردەگرن، کە لەکاتێکدا ئەمە ناداد پەروەریە، تۆ دێیت بـۆ شەهیدێکی تـر، ئەمانـەی کـە مـن باسـی ئەکـەم هـەمووی مووچـەی ئیسـمی وەردەگـرن لـەناو وەزارەتـدا لـە سەنگەردا شەهید نەبوون، ڕاستە خەباتێکی دورو درێـژیان هـەبووە، ئێسـتا لەسـەر وەزارەتـی شـەهیدان بـە

پلەی عەمید و عەقید و رائیدو لیوا مووچە وەردەگرن، خانەنشینی پێشمەرگە وەردەگرن، بەلاّم دوای ئەوەی کە وەفات دەکەن لەسەر وەزارەتی شەهیدان دێت ئەخرێتە لیستی یەکەمەوە، بەرزترین ئاستی مووچەی پێ دەدرێ، کەواتە لێرەدا ئەبێ قسە لەسەر ئەوەبکەین، ئایا ئەمە نا دادپەروەری نیە؟، بۆیە من جارێکی تر پشتیوانی لەوە دەکەم کە یەك وارسیش مابێ مووچەی 100٪ وەربگرێت، پشتیوانی داواکاری کەس وکاری قوربانیانی ئەنفال دەکەم کە ئەمڕۆ، هاتن بۆ پەرلەمانی کوردستان، کە ئەو ڕێژەیان بۆ ئێمە دیاری کردووە، ئەوانەی لە دوای پرۆسەکانی ئەنفال ماونەتەوە، لە خێزانەکەدا تەنیا کەسن، تاقانەن ماونەتەوە، دیارە ئەمانە خوشك و براو کەس و کارو یاخود بڵێین دایك و باوك و منداڵەکانیان لەدەست داوە، ڕێژەکانیشیان ڕێژەیەکی کەمە، لەو بڕوایەدام حکومەتی هەرێمی کوردستان دەتوانێت ژیان بۆ ئەمانە لە ڕێگەی پێدانی مووچەوە دابین بکات، بۆیە پێویستە یاخود بکرێت بە برگەیەك یاخود بەماددەیەکی جیا بنووسرێت، کە پێدانی مووچەی تاقانەکان دوای نەمانیان لە ژیان، خێزان و منداڵەکانیان سوودمەند دەبن، یەك تێبینی ترم ماوە لەسەر پێدانی دەرماڵە، بە هاوسەر و منداڵی شەهید بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، ئێمە هەموو لایەك دەزانین لەساڵی 2012 لە یاسای ژمارە(8) لەماددەی (7) برگەی (1) مینحەی هاوسەری و منداڵمان بۆ خانەوادەی شەهیدان پەسەند کردووە، بەلاّم تاوەکو ئێستا ئەو مینحەیە نەدراوە بە کەس و کاری شەهیدان، ئێمە وەکو لیژنە سەردانی وەزیری دارایمان کرد، هەموو کەمتەرخەمیەکەی گەڕاندەوە بۆ ئەوەی کە لەناو پەرلەمانی کوردستاندا نەتان توانیوە ڕێژەکەی بۆ دیاری بکەن، کەواتە وەزیر ئەوەی بە ئێمە ڕاگەیاند ناچارە وەکو موەزەف مامەڵە لەگەڵ کەس و کاری شەهیدان بکات، کە 50 هەزار بۆ خێزان، 10 هەزاریش بۆمنداڵ، ئێمە هاتووین لێرەدا ئەم کێشەیەمان چارەسەر کردووە، بۆ خێزانی شەهید 100 هەزارمان داناوە، بۆ منداڵی شەهیدیش 25 هەزار، ناکرێ لەمە زیاتر ئەمە خەریکە دوو ساڵی بەسەردا ئەڕوات، ئەم پارەیە تاوەکو ئێستا منالی شەهید سوودمەند نەبووە لێی، هاوسەری شەهید سوودمەند نەبووە لێی، بۆیە پێویستە لێرە ڕێژەکە دیاری بکرێت و تەسبیت بکرێ، وەکو ئەوەی کە هاتووە، یەك تێبینیم هەیە کە دەرماڵەی منداڵ و خێزانی شەهید موستەحەقی ئەو خێزانانەن کە لە 1/1/ 2012 وە، بۆیە لێرەدا ئەگەر ئەو یاسایەش دەربچێ ئەبێ ئێمە بگەڕێینەوە بۆ یاسای بودجەی گشتی کە لە 2012/1/1 ئێمە بە ماددەیەکی یاسایی چەسپاندوومانە، ئەبێ سەرجەمی ئەو ساڵانەشیان بۆ بگەڕێندرێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك پێشەوا فەرموو.

**بەڕێز پێشەوا توفیق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێموایە هەرچی بکرێ هێشتا هەر کەمە بۆ کەس و کاری شەهیدان و قوربانیانی جینۆساید، پێموایە ئەوانەی لەو ڕێگایە خۆیان فیدا کرد، بۆ ئەوە نەبووە کە ڕۆژێك بێین ئاوا دابنیشین ئەو هەموو پەخشانە

شیعر و ئەو هەموو منەتە لەسەر کەس و کار و وارسی شەهیدان بکرێ، بۆیە من ڕەئیم وایە بە دوو وشە، ئەوەی کە لە توانای حکومەت و دام و دەزگاکانی حکومەت دایە واجبی سەرشانیانە هەرچی بکرێ هێشتا هەر کەمە، بەنیسبەتی ماددەی پێنجەمەوە من یەك تێبینیم هەیە، ئەگەر بکرێ جەنابی وەزیر وەلامم بداتەوە، دیارە لە خاڵی یەکەم هاوسەری شەهیدی خەبات گێڕ و قوربانیانی جینۆساید مینحەیەك، یان یەکەیەکی نیشتەجێبوون، یان پارچە زەویەکیان پێ دەدرێت، ئەوەی کە لێرە بێبەشە شەهیدی هاوولاتیە، چونکە ماددەی یەکەم لە پێشەوە ئێمە زاراوەی شەهیدی هاوولاتی پێناسەمان کرد، هۆکاری چیە شەهیدی هاوولاتیتان جیا کردۆتەوە، تەنها قوربانیانی جینۆسایدو و شەهیدی خەباتگێڕ، لەم ماددەیە سوودمەند دەبن، بەنیسبەتی ئەگەر سەیری ئەم یاسایەی بکەین، وەکو لە ئەسباب یان هۆکارەکانی دەرچوونی باس لەوە دەکات لەپێناو مسۆگەرکردنی گەیشتنی مافەکان، بۆ ئەو کەسانەی کە شایستەن لە خانەوادەی شەهیدان و قوربانیانی جینۆساید، ئەو ماددەیەی کە کاك محمد باسی کرد، کە باس لەوە دەکات ئەو ڕێژەیەی کە تەحدید کراوە هەدەف لەم یاسایە ئەوەیە کە مافەکانیان بدرێ، بەو کەسانەی کە شایستەن، کە لێرە تۆ هاتووی ئەو مافانەی کە پێشتر ئیستیحقاقی خۆیان بوو، لێیان وەربگریتەوە، تۆ بەو ماددەیەی کە ڕێژەکەت تەحدید کرد، پێشتر ئیستیحقاقی خۆیان هەبووە، بەلام بە پێچەوانەی ئەم یاسایە، ئەم یاسایە سیحرەکەی بەتاڵ دەبێتەوە، ئەگەر ئەو ماددەیەی ئێوە پێشنیارتان کردووە تێیدابێ، بۆیە من پێشنیار دەکەم ئەوەی تێیدا نەبێ، هەروەکو جەنابت ئاماژەت پێیدا، ئەگەر ماددەکە بخوێنینەوە ناوەڕۆکی ماددەکە بەو شێوەیە تەفسیر دەکرێ، کە پێشتر هەر یەکێکیان مووچەیەکیان هەبووە، چونکە باستان کردووە، لە ناوەڕۆکی ماددەکە حەز دەکەم سەیری بکەی لە ڕاپۆرتی موشتەرەك باستان لەوە کردووە، ئەگەر لە خێزانێك زیاتر لە شەهیدێك هەبێ ئەوا مووچەی شەهیدانەکان بەو شێوەیە دابەش دەکرێ، شەهیدی یەکەم کۆی مووچەکەی، شەهیدی دووەم 75٪ی کۆی مووچەکەی، مەبەستەکەی من ئەوەیە هەرکەسێك ئەم ماددەیە بخوێنێتەوە، دەلالەتە لەوەی کە پێشتر لەهەر خێزانێك ئەگەر زیاتر لەیەك شەهید هەبووبێ، بەسێ کەس مووچەیەکیان نەبووە، هەر شەهیدێك مووچەیەکی تایبەت بەخۆی هەبووە، بۆیە من داوا دەکەم شەهیدی هاوولاتی سوودمەند بێ لە پارچە زەوی، هەروەها ئەو ماددەیەی کە ئێوە داواتان کردووە ئیلغا بکرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئاهەنگ خان فەرموو.

**بەڕێز ئاهەنگ عارف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من تەئیدی بەڕێز جەنابی وەزیر دەکەم لە مینحەدان لەگەڵ ئەرزەکە، چونکە ئەو مینحەیە وادەکات کە سوکنەیەکیان هەبێ، چونکە سوکنە زۆر موهیمە بەنیسبەتی عائیلەی شەهید، ئیستیفسارەکم هەیە تەبعەن پشتگیری تەواو لە قسەکانی کاك عبدالسلام دەکەم، بەڕاستی قانون مەنتیقە، قانون تەنزیمە، قانون

فەنیە، یەعنی ئەگەر ئێمە بێین بڵێین قانونەکی بە عاتیفە دەردێنین، سبەو دوو سبەی فەوزایەك پەیدا دەکات، هەندێ کەسی تر شارەزا نیە بە قانون لێی دەشێوێت و مافی بەدەست ناکەوێ، بۆیە لێرە یەك پرسیارم هەیە لە لیژنەی یاسایی ئەگەر بەڕێز کاك عەونی، وەڵامم بداتەوە، (اذا کان الشهید اعزب فتسجل وحدة سکنیة او قطعة الارض باسم والدیه) والیدەیهی یەعنی من ئەوەی کە لێی تێگەیشتم دایك و باوك، ئەی ئەگەر داکی مابێ یان بابی مابێ بە تەنیا، مەسەلەن والید او الوالیدة، دوو (اذا کان شهید اعزباً و والیداه متوفیین فتسجل وحدة سکنیة او قطعة ارض اخوتە و اخواتە) تەبعەن ئەگەر بەتەنێ دایك یان باوکەکەی مابێ، فیتعە ئەرزە سەکەنیەکە فەرەزەن شەهیدەکە بابی مایە، بابەکە ژنەکی دیکەی ماوە، لەو حاڵەتە خوشك و برای شەهیدەکەی کە دەرەجە یەك نێزیکینە وابزانم لەو قانونە تۆزێك ئیلتیباسێکی لێی هەیە، ئایا ئێوە لەگەڵ دایك و باوکەکەنە؟، فەقەرەیەکی ئیزافەی بۆ دەکەن ئەگەر بابی یان دایکی مابێ، بە وەرەسە تەنزیم بکرێ یان نا، زەکیەخانیش گوتی بەڕاستی مەنتقی تێدایە ئێمە دەبێ ئاوڕێك لە پێشەوە بدەینەوە کە ئیقلیم تەواو نەبوو، دەبێ ئێمە عیلاجێك لەو شەهیدانە بکەین، کە هەنگێن ئیحتیاجیان بەوە بوو، فیتعە عاردەکیان بدەینێ بۆ ئەوەی بتوانین لەو قانونە خزمەتی گەورەترین شەریحە بکەین، کە هەمووماں شانازی پێوە دەکەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

نەسرین خان فەرموو.

**بەڕێز نەسرین جمال:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە ئەمڕۆ زۆرینەی خوشك و برایانی ئەندامانی پەرلەمان هەموویان قسەی زۆر جوانیان کرد، پشتیوانیان دەکەم و سەرەڕای ئەوەش کۆمەڵێ پێشنیاری زۆر جوانیش کران، سەرجەم ئەو پێشنیار و بۆچوونانەی کە ئەکرێ، هەموومان مەبەستمان ئەوەیە کە ژیان و گوزەرانی خانەوادەی شەهیدان و ئەنفال کراوانی کیمیاباران ببەینە ئاستێکەوە بتوانن وەکو هاووڵاتی ئەم وڵاتە، بەشێوەیەکی جوان و ڕێك و پێك ژیانی خۆیان بگوزەرێنن، دیارە ئەوانەی کە چەند خاڵێکی زۆر سەرەکی قسەو باسی لەسەر کرا، بە دەرەجەی یەکەم پێشنیارەکەی بەڕێز وەزیری شەهیدان بوو، کە باسی مینحە کرا، لەگەڵ ئەو مینحەی کە هین بکرێ، من پێم باشە ئەو مینحەیە دابین بکرێ بۆ ئەو کەسانەی کە زەویەکانیان فرۆشتووە، ئەو زەویانە دیارە کە هاوکارانم پێشتر ئاماژەیان پێیدا وەرەسە بووە، بەشی دایك و باوك و منالْ، بەشی دایك و باوکەکەشی لێ بووە، هەندێجاریش کە فرۆشتوویانە پارەیەکی ئەوەندە کەمی بۆ کردوون، هەندێ لەو خێزانانە بەهاتو و چۆی مەحکەمەوە سەرفیان کردووە، بۆیە من پشتیوانی ئەوەئەکەم کە ئەو مینحەیە هەبێ، خاڵی دووەم، سەبارەت بە دابین کردنی ئەو مووچانە بۆ کەس و کاری شەهید، بەتایبەتی ئەو ڕێژە بەندیەی کە کراوە، یەعنی کەس لەئێمە ناتوانێ بچێ لەدایکێك یان لە باوکێك بپرسێ، جاری وا هەبووە لە یەك لەحزە ژن و پیاوێك سێ کوڕیان شەهید بووە، لەیەك لەحزە کەس وکاری ئەنفال خۆمان ئەزانین

چیان لێ بەسەر هاتووە، ئایا کێ لەئێمە ئەتوانێ بپرسێ لەو دایکە یان لەو باوکە کام لەم شەهیدانە دەرەجە یەکە لە 100٪ی بۆ سەرف بکەم، کام لە کوڕەکانی لە 75٪ی بۆ سەرف بکەم، لەبەر ئەوە ئەو ڕێژەیە ئەگەر نەمێنێت، بۆ ئەنفالیش و بۆشەهید شتێکی باشە، خراپ نیە، مەسەلەی تاقانەکان هەمووومان پشتوانیمان لێ کردوون، یاداشتێکیان داوە، ئەو یاداشتەش حەقی خۆیانە کە ئەو تاقانانە خۆیان نموونەیان هێنایەوە کە تاوەکو ئێستا چەندین کەسیان لێ کۆچی دوایی کردووە، بەلاَم ژن و منالَەکانیان ماوەتەوە کەس نیە خزمەتیانی بکات، کەس نیە هاوکارییان بکات، بۆیە من پێشنیاری ئەوە ئەکەم و پشتیوانی ئەوەش ئەکەم کە ئەو تاقانانە لە دوای کۆچ کردنی خۆیان مووچەکەیان بگەڕێتەوە بۆ منالَەکانیان، من یەك پێشنیارم هەیە بۆ بەڕێز وەزیری وەزارەتی شەهیدان، ئەکرێ لەداهاتوودا چاوخشاندنەوەیەك بکەن بە مووچەی شەهیدان، چونکە تاوەکو ئێستا هەندێ شەهید هەیە وەکو خۆی حەقی پێ نەدراوە، شەهیدمان هەیە پێشمەرگەی دانەبڕاوە، بەلاَم تاوەکو ئێستا بە نائیب زابت تەقاعود کراوە، ئەمە وەزارەتیش لەوە ئەچێ پێشنیاری خۆیان کردبێ، تاوەکو ئێستا لەمانگی 7 کیتابی واتان لا هەیە تاوەکو ئێستا وەلاَم نەدراوەتەوە، ئەگەر بکرێ من ئەو پێشنیارەم هەیە، چاوخشاندنەوەیەك بکرێ بە سەرجەم ئەو پلانەی کە ناکرێ پێشمەرگەیەکی دانەبڕاو 14ساڵ 15 ساڵ خزمەتی هەبێ بەنائیب زابت تەقاعود ببێ، بەلاَم هەیە پێشمەرگەیە بە پلەیەکی زۆر بەرزتر لەو تەقاعود بووە، دوا وتەم ئەوەیە ئومێدی ئەوە ئەکەم ئەم یاسایە کە هەموار کرایەوە بتوانێت وەزارەتی شەهیدان وەکو خۆی بیخانە بواری جێبەجێ کردنەوە و بەدواداچوونی بۆ بکات، لەبەر ئەوەی لە هەر ئاستێك ئاستەنگێك هاتە ڕێی بتوانێت ئەو ئاستەنگە نەهێڵێت، بۆ ئەوەی وەکو موخەسەساتی ژن و منالَی شەهیدی لێ نەیەت کە سالَی 2011و 2012 ئێمە ئەو بڕگەیەمان تەسبیت کردووە، بەلاَم بەداخەوە تاوەکو ئێستا نەچۆتە بواری جێبەجێ کردنەوە، بۆیە پشتیوانی لەوە ئەکەم ژنی شەهید موخەسەساتەکەی 100 هەزار بێ و منالَیش 25 هەزار بێ، ئەمە تەقریبەن عەدالەتێکی تیا ئەبێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

عظیمة خان فەرموو.

**بەڕێز عظیمة نجم الدین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە جێگەی خۆشحالَیە کە ئەمە سێیەم هەموارکردنەوەی یاسای کەس و کاری شەهید و ئەنفال کراوانە، لەگەڵ ئەوەش ئەمە سێیەم جارە کە دووجار هەموار کراوەتەوە ئەم یاسایە، نەیتوانیوە قەرەبووی ئەو زەرەرە گەورە ماددی و مەعنەویەی کەس و کاری شەهیدان و ئەنفال کراوان بکاتەوە، بۆیە هیوادارم هەموار کردنەوەی ئەمجارەی بەشێوەیەك بێ کە بتوانێ ژیان و گوزەرانی کەس و کاری شەهیدان و ئەنفال کراوان بەشێوەیەك باش بکات، دەست خۆشی لە حکومەت و پەرلەمان و هەموو ئەوانەی کە بەرپرسیارن بەرامبەر چارەسەر کردنی ژیان و گوزەرانیان بکات، من سەرەتا قسە لەسەر هەموار کردنی ئەم یاسایە

ئەكەم كە ئەڵێم ئەمە سێیەم جارە ئەم یاسایە هەموار ئەكرێتەوە، ئەگەر ئێمە سەیری بڕگەو ماددەكانی ئەم یاسایە بكەین، بەشێوەیەك داڕێژراوە كە هیچ بەرچاو ڕوونیەكی تیا نیە كە قەرەبووكردنەوە لە بڕگەو ماددەكان، لە مەسەلەی پێدانی پارچە زەویەك یان پێدانی مینحەیەك لەو ئیمتیازانەی كە بۆ كەس وكاری كچ و كوڕی شەهید و بۆ هەموو ئەوانەی كە وارسی شەهیدانە تیایدا جێگەی ببێتەوە، بەڕاستی ناڕوونی تیایە ئەگەر ئێمە قسە لەسەر بڕگەو ماددەكانی بكەین، لە هەندێ شوێن، بەلاَم ئەوەی من قسەی لەسەر دەكەم، بڕە پارەیەك هەیە كە ئێستا حكومەتی هەرێمی كوردستان ئەیدا بە كەس وكاری شەهیدان و ئەنفال كراوان بەناوی شەهیدانە، ئەمە خانەنشینی نیە، ئەمە هاوكاریە كە دەعمێكە بەرامبەر كەس و كاری ئەو شەهید و ئەنفال كراوانەی بەرامبەر بە دایك و باوك و كچ و كوڕو مێرد و ژنی ئەو كەس و كارانە ئەیاندرێتێ، هەرچەندە ئەوە لە ئاستی پێویست نەبووە، ئەوان شایستەی زۆر لەوە زیاترن، لە بڕگەیەك كەباسی مووچەی شەهیدان ئەكرێ، بدرێ بە كێ لە دوای شەهید بوونی ئەو كەسە، من ئەو بڕگەیە بەوە دیاری ئەكەم لای خۆم، بە شایستەی ئەزانم كە ژن و مێردەكە هەر كەسێكیان شەهید بووبێ، كوڕ و كچەكە یان خوشك و برا، هەركەسێ لەم خانەوادەیە، هەتاوەكو دایك و باوك و خوشك و براو ژن و مێرد، هەركەسێكیان موستەحەق بن بە وەرگرتنی ئەم بڕە پارەیە، هەتاوەكو لە ژیان مابن ئەم شەهیدانەیە، چونكە ئەمە خانەنشینی نیە ببڕێ، لە تەمەنێك كچ و كوڕەكە بگاتە ئەمەنە، یان خوشك و براكە بگاتە ئەوەنە، ئەمە یارمەتیەكە، قەرەبویەكە، پاداشتێكە حكومەت ئەیدات بەكەس وكاری شەهیدان، بۆیە من لێرە پێشنیار ئەكەم هەتاوەكو كچ و كوڕ، ژن و مێرد، خوشك و برا بمێنێت ئەم شەهیدانەیە بەردەوام بێ، لە بڕگەیەكی تر باسی ئەوە ئەكرێ كە تاقانەكان ئەمڕۆ هاتبوونە پەرلەمان من سەد لەسەد پشتگیریان ئەكەم، لەبەر ئەوەی لە كۆمەڵگای كوردەواری بمانەوێ و نەمانەوێ كۆمەڵگایەكین هاوسۆزی و هاوكاری لە نێوان خێزانەكان بەردەوامە لە لایەن ئێمەوە، ئەو كەسانەی كە تاقانەن خۆیان ماونەتەوە، كەسێك نیە لە حاڵەتی نەخۆشی لە حاڵەتی پەكەوتوو، بتوانێ هاوكاریان بكات، تەنیا مناڵەكانیانن، ئەگەر مناڵەكانیشیان ئەو هاوكاریە نەمێنێت بۆیان یەعنی چۆن ئەتوانن ژیانی خۆیان و ژیانی ئەو كەسەش كە بەجێماوە كوڕ و كچە یان هەر كەسێكی ترە، بۆیە من پشتگیری ئەوە ئەكەم كە تاقانەكان بە بڕگەیەك زیاد بكرێ، ئەو مووچەیە بەردەوام بێ، خاڵێكی تر ئەوەی كە جەنابی وەزیریش باسی كرد، پارچە زەویەكەو مینحەكە جیا بكرێتەوە، بە ڕوونی دیار بێ، پارچە زەویەك و مینحەیەك وەكو ئەوەی كە بۆ زیندانیانی سیاسی یان بۆ كەس و كاری ئەنفال كراوەكان، تاوەكو ئەم مەرحەلە ڕۆیشتووە، بۆ شەهیدانیش زۆرێك لە برادەران باسیان كرد، كەس و كاری شەهیدان لە دوای 15 ساڵ بۆ 20 ساڵ هیچ پارچە زەویەك نەماوە بڕوا ناكەم بەناو ئەو هەموو زروفە ناخۆش و گرانی و ئەزمەیە ڕۆیشتووینە، شەهید پارچە زەویەكی مابێ و ئێستا بتوانێ بیكاتە خانوو و مینحەكەی بدرێتێ، بۆیە من لێرە ئەڵێم حەقی خۆیەتی جارێكی تریش وەزارەتی كاروباری شەهیدان و حكومەت هەوڵ بدات، لەدوای ئەوەی زەوی و مینحەی ئەنفالەكان تەواو ببێ، بۆ شەهیدانیش مەرحەلە مەرحەلە ساڵانە پارچە زەویەك و مینحەیەك یان ئەوەی كە هەریەكەیەكی

نیشتەجێبوون بەشێوەیەکی ڕوون و ئاشکرا لەناو یاسایەکە دیاربێ، خاڵێکی تر ئەوەی پێویستە لەسەر حکومەت، روفاتی شەهیدەکان، ڕوون نیە، ئەوەی کە من یەکێ لەخاڵەکان باسی ئەکەم، ئەبێ روفاتی شەهیدان بهێندرێتەوە، روفاتی ئەنفالەکان جیاوازە لە روفاتی شەهیدەکان، هەر شەهیدێك لە شوێنێك شەهید بووبێ ئەهێندرێتەوە، وەزارەتی کاروباری شەهیدان، ئەتوانێ دەعمی ئەوە بکات و ئەو شەهیدانە بگەڕێنێتەوە لە شارێکەوە بۆ شارێکی تر، لە ولاتێکەوە بۆ ولاتێکی تر، بەلام هێنانەوەی کۆمەڵێك روفات ئەمە بڕە پارەیەکی دیاری کراوی ئەوێ، من لەکاتی بودجەی ئەمسالیش یەکێك لە پێشنیارەکانم ئەوەبوو کە لەناو بودجەی سالانە بڕێك پارە دابندرێت، بۆ ئەوەی کە روفاتی ئەنفال کراوان بهێندرێتەوە، گۆڕە بە کۆمەڵەکان دیارن بە پێی ئەو بەلگەنامانەی کە هەن، هەمووی دیارن کە لەکوێن و چۆنن، بەلام حکومەتی هەرێم تاوەکو ئێستا کەمتەرخەم بووە و نەیتوانیوە ئەو گۆڕە بە کۆمەلانە بگەڕێنێتەوە هەرێمی کوردستان، بۆیە من ئەوکاتیش تەئکیدم کردەوە، ئێستاش تەئکید ئەکەمەوە، کە بڕە پارەیەك سالانە دابندرێت بۆ هێنانەوەیان تاکەی چاوەڕوان بن، هیچ ڕێژەیەك دانەندرێت بۆ ئەو شەهیدانەی کە لە خانەوادەیەك چەند شەهیدێکی هەیە، بەڵێ، ئێمە ڕەنگە نەتوانین بڕی ئەو پارەیەش کە بۆ کەس و کاری شەهیدان و ئەنفال کراوان دابین بکەین، ڕەنگە لەماڵێك شەهیدێ یان دووان یان سێیان یان چوار هەبووبێ، شەهیدەکە بلێین قەرەبووی خۆی وەرگرتبێتەوە، بەلام بۆ ئەنفال هەیە پیرەمێردێك یان پیرە ژنێك یان کەس و کارێك، مالی وا هەیە زۆربەی هەرە زۆری ئێوە زۆربەی ئەندامانی پەرلەمان چوبێتنەن ناو کەس وکاری ئەنفالەکانەوە، یەعنی ئەوەی کە ماوەتەوە لەناو خێزانێك یان پیرەمێردێك یان پیرەژنێك، یان کوڕێك یان کچێك  یان چەند کەسێکیان ماوەتەوە، ئەمانە ئەگەر پیربووبێتن بۆ ماوەی 30 سالْ تەمەنیان بووبێ و 40 سالْ تەمەنیان بووبێ، ئەوە 25 سالْ بەسەریدا ڕۆیشتووە، ئەکاتە 55 -56 سالْ، ئەگەر مووچەی ئەو چەند شەهیدەشی کە هەیەتی ئەنفالە لەماوەی 10 ساڵێك یان پێنج ساڵێکی تر وەری بگرێ، خۆ ئیتر ئەو کەسەش نامێنێت، هەتا هەتایە نامێنێت، با ئێمە بتوانین لە ڕووی ماددیەوە قەرەبووی ژیانێکی شایستە بۆ کەس و کاری ئەنفال کراوەکان بکەین، هەر ئەنفالێك هەر شەهیدێك مووچەی تەواوی خۆی پێ بدرێت، بەقەد گەورەیی ئەو مالەی کە قوربانی داوەو شەهیدی داوە، چونکە هەر یەکە ئازاری کەسێك، دوو کەس، سێ کەس لەماڵێك، مەگەر ئەوانەی کە شەهیدیان هەبێ یان ئەنفالیان هەبێ ئەو حالەتە بزانن، خاڵێکی تر کە ڕێژەی سندوقی کۆمەکی خانەوادەی کەس وکاری شەهیدانە، ئەو سندوقە ئەگەر لە وەزارەتی کاروباری شەهیدان هەبێ، پێویستە حکومەتیش سالانە هاوکاری ئەو سندوقە بکات، لەناو بودجەی سالانە حکومەت بڕێك پارەی دیاری کراو، ئەمە بە کۆمەك و سەدەقەو خێر و ئەوە پڕناکرێتەوە کە هاوکاری شەهیدان بکرێ، پێویستە حکومەت سالانە بڕێك پارەی دیاریکراو بۆ ئەم سندوقە تەرخان بکات، خاڵێکی تر کە لە یاسای کاروباری شەهیدان نازانم پێشتریش هەبووە، بەرپێزە تاوەکو ئێستا نازانم چۆن کراوەو یان نەکراوە؟، وەزارەتی کاروباری شەهیدان داوای کردووە لەحکومەت، لە دەزگای بالای دامەزراندن یان نا؟، یەعنی کەس وکاری شەهیدان ئەوانەی کە ماونەتەوە، کچ و کوڕی شەهیدە، یان

بابلێین خوشك و برای شەهیدە، ئەنفالە، یەعنی بەڕاستی ئێمە بۆ دەرفەتی كار یان بۆ مەشغول بوونیان، یان بتوانن ژیانی خۆیان ئەوە بكەن یان كاتێك بتوانن ڕۆژانە لەكاركردن بەسەر بەرن، لەوەی كە بیر بكەنەوە لە خەم و ئازارەكانی ڕابردوویان، ئێمە تاوەكو ئێستا نەمانتوانیوە ڕێژەیەك سالانە دابنێین بۆ كەس وكاری شەهیدان، من بەش بەحالی خۆم لەو ناوچەیەی من كەس و كاری ئەنفال زۆر بووە، هەزاران كەس هاتووە داوای كردووە كە ئێمە ئەمانەوێ دابمەزرێین، ناوەكەی پشتگیری كردنی، هەولی بۆ داوە، بڕوات هەبێ كەسێك تەعین كراوە كە هیچ موستەحەق نیە، بەلام ئەو كەسەی كە موستەحەقە بەدامەزراندن كچ و كوڕی ئەنفالە یان شەهیدە بۆی نەكراوە، هیوادارم لە داهاتوو وەزیری كاروباری شەهیدان و حكومەت و پەرلەمانیش، سالانە ڕێژەیەك دابندرێت بۆ كەس و كاری شەهید و ئەنفال كراوان، خالێكی تر بۆ وەزیری كاروباری شەهیدان، لە ڕێنماییەكان ئێوە خۆتان بڕیارێكتان دەركردووە كە بێ پەرلەمان كە سولفەی زەواج بە كوڕو كچی شەهید ئەدرێ، ئەوانە ئەبەخشرێن، بەلام هیوادارم ئەو سولفەی زەواجە خوشك و براش بگرێتەوە، تێچووی خوێندن بۆ كچ و كوڕی شەهید ئەوانەی كە لەناوەوەو لە دەرەوەی هەرێمن لە ڕێنماییەكانتان، نەوەك تەنیا لەناو هەرێمی كوردستان، كچ و كوڕی شەهید بتوانێ لە دەرەوەی ولاتیش دەرفەتی خوێندنی هەبێ، سوپاستان دەكەم.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

پەیام خان فەرموو.

**بەڕێز پەیام احمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

دیارە هاوكارانم پێش من هەموویان باسیان كرد، هەر بە كورتی پشتگیری هەندێ لە خالەكان ئەكەم، یەكەم، ئەوەیە كە باسی پارچە عەرزەكە ئەكرێ، ئەو مینحەیەشی لەگەڵ دیاری بكرێ بە ڕوونی، لەبڕگەی (3) دا (أ) كە باس كراوە (یستلم الوالد والوالدة والاولاد الشهداء)لێرەدا باسی ژنەكە نەكراوە، تەئكید ئەكەمەوە لەسەر قسەكەی كاك عبدالسلام لێرە ژن لەكوێدایە؟، خۆ ژن یەكەم زەرەرمەندە لەم حالەتە، باسی نیسبەكان كراوە، من لەگەڵ ئەوە نیم كە نیسبە دیاری بكرێ، شەهید هەر شەهیدە، ئەگەر یەكەم بێ، دووەم بێ، سێیەم بێ، شەهید هەر شەهیدە، ئەو نیسبەیە لەگەلێدا نیم، لەگەڵ ئەوەم كە موخەسەساتەكە وەكو پێشتر لە بودجەدا باس كرا، بەڕێز وەزیری دارایی باسی ئەوەی كرد، ڤیان خانیش ئاماژەی پێی كرد، كە ڕێژەی بۆ دانەنراوە، بۆیە ئەو موخەسەساتەی سەرف نەكردووە، بۆیە ئێمە لێرە پێشنیار ئەكەین و تەئكید ئەكەینەوە، بۆ زەوجیە 100 هەزار بێ، لەگەڵ هەر منالێك 25 هەزار بێ، ئەوەش ناكرێ بلێین (مخصصات الزوجیە والاولاد) چونكە ئەوە (للزوجە والاولاد) ئەوە موخەسەساتێك بێ نەوەك بەناوی (زوجیە والاولاد) بێ، ئێمە لە بودجەدا باسی ئەوەمان كرد كە ئەبێ لە 5٪ دامەزراندن هەبێ بۆ كەس وكاری ئەنفال و شەهیدان، بەلام بەداخەوە ئەوە ڕەچاو نەكراوە، بۆیە تەئكید ئەكەینەوە بەپێی ئەوەی لە بودجەشدا ئێمە تەئكیدمان كردۆتەوە لەسەری، ئەو ڕێژەیە بۆ كەس وكاری ئەنفال دابندرێت، تەئكید

ئەکەمەوە لەسەر پێشنیارەکەم لە ماددەی (4) ئێمە پێشنیارمان کردووە، ئەمڕۆش لە پێشا هەر هەڵسام بە نوقتەی نیزام باسی ئەوەی تاقانەم کردن ئێستاش هەر تەئکیدی لێ ئەکەمەوە، لەسەر ئەوە یان بە ماددەیەك یان لێرە جێگای بۆ بکرێتەوە، ئەو تاقانانە نیسبەیەکی زۆر زۆر کەمن، بکرێت لەدوای خۆیانەوە منداڵەکانیان ئەو یارمەتیە یان ئەو موخەسەساتە، یان ئەو مینحەیە یان ئەو مووچەیەی کە دانراوە وەریگرن، چونکە دوای ئەو ماددەیە ئیتر ماددەکانی تر دێت، ناتوانین پێشنیاری شت بکەین، پێشنیاری ئەوە ئەکەم هەرچەند پڕۆژەیەك تەقدیم کراوە، بەڵام لێرە ئەتوانین بەماددەیەك جێگای بکەینەوە، دەزگای لێکۆڵینەوە لەسەر کەیسی ئەنفال دابمەزرێ، ئەوە وەزارەتی شەهیدان حەق وایە خەمی ئەوە بخوات، بۆ ئەوەی ئەو دەزگایە هەبێ، لێکۆڵینەوە بکات لەسەر ئەنفال، دوو، کێشەیەکی زۆرمان هەیە ئێمە لە دادگاکان، ئەمڕۆش ئەو برادەرانە کە هاتبوون تاقانەکانی ئەنفال باسی ئەوەیان کرد، کە لەدادگاکان کێشەیەکی زۆرمان هەیە، کەدادوەرەکان هەندێجار ئێمە هەموومان خۆمان ئەزانین ئەنفال لە لادێکان بوون، لە لادێکان زۆرترین زەواج کراوە، عەقدەکان لەمەحکەمە نەکراوە، بۆیە ئەمە کێشەیەکی زۆر زۆری دروست کردووە لە مەحکەمەکان، دادوەرەکانیش بە داخەوە تەساهول ناکەن لەم مەوزوعە، بۆیە پێویستە لە پەرلەمان شتێك دەربچێ بۆ ئەوەی کارئاسانی بکرێ بۆ کەس و کاری پاشماوەی ئەنفالەکان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

پەیمان خان فەرموو.

**بەڕێز پەیمان عبدالکریم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕاستی شتێکی وانەماوە، قسەکانمان هەمووی کران، تەنها ئەوەیە کە منیش پشتگیری لەپێشنیارەکەی بەڕێز وەزیری شەهیدان دەکەم، کە پارچە زەویەکە دەبێ مینحەشی لەگەڵدابێ، ئەمە جگە لەوەی لە ڕووی زمانەوانیەوە ئەو وشەی (سەڵت) دەکرێ کە بنووسرێ هاوسەرگیری نەکردبوو، ئەو شەهیدە، زۆر بە ئاسانی هاوسەرگیری کردبوو یانیش نەیکردبوو، لێرانە جێگیر بکرێ، بەنیسبەتی خاڵی (د) منیش پشتگیری هەموو ڕەئی ئەو برادەرانە ئەکەم، نابێ ئەوەی کە زیاتر لە شەهیدێکی هەبوو نیسبەی بۆ دابندرێت، بەڵکو هەر شەهیدەو مافی خۆی وەردەگرێ، ئەوە وێڕای پشتگیری کردنم لەداواکاریەکانی کەس و کاری ئەنفالەکان کە هەروەکو برادەرانم عەرزیان کردبوو کە ئەمڕۆ هاتبوون، بەڵام بە ڕەئی من پرسی ئەنفال تەنها ئەوەنیە کە بەو ڕاتبە یانیش بە وەحدەیەکی یانیش یەکەیەکی نیشتەجێ چارەسەر بکرێ، ئەو پرسە زۆر زۆر لەوە گەورەترە، ئێمە ئێستا حکومەتی عیراقی فیدرال قەرەبووی وڵاتی کوێت دەکاتەوە، لە فرۆشتنی نەوت، لەهەموو بابڵێین مەسرەفی هەموو شەریحەکانی عیراق دەردێنێ، ساڵانە بە ملیار پارەی تەعویزەکەی قەرەبووی کوێت دەکاتەوە، هەتاوەکو ئێستا ئێمە چەند ساڵە شاڵاوی کیمیاوی و ئەنفال و کیمیاباران کردنی هەڵەبجە ڕوویدا، هەتاوەکو ئێستا ئێمە ئەو قەرەبووە دەبینینەوە لە حکومەتی فیدرالەوە وەری بگرین، بەڕاستی ئەگەر حکومەتی هەرێم ئەو مووچەیە یان ئەو مینحەیە دەدات بە کەس و کاری شەهیدان، ئەمە

ڕێزلێنانێکه، بەڵام ئەوە نەفسێکە کە زۆر زۆر لەوە گەورەترە، پێویستە ئیش لەسەر ئەوە بکرێت، چ لە لایەن وەزارەتەوە، چ لە لایەن پەرلەمانیشەوە، کە دەبێ ئێمە ئەو تەعویزەیان لە بەغداوە بۆ حاصل بکەین، ئینجا بە پەرەپێدانی ناوچەکانیان، ئینجا بە دووبارە بنیات نانەوەیە، بە هەر شێوەیەك بێ کە ڕێز لەو پرسەیە بندرێت، ڕێز لە کەس و کاری ئەنفال کراوان و کیمیاباران کردنی هەڵەبجە و یانیش هەر ناوچەیەکی تری کوردستان بنرێ، بەڕاستی ڕەئی من لەو پرسەیە ئەوەیە دەبێ بە بودجەیەکی زۆر قەبە ئەو تەعویزە بکرێتەوە، ئینجا ئەو ڕێزلێنانەش لەحکومەتی هەرێمەوە ئەوە مافی خۆیانە، چونکە ئەوان بوونە پرد ئێمە بەسەریدا تێپەڕینە، ئەوە پەرلەمانەکەش وەکو بلێی لەسەر شۆڕشگێڕی و نیزاڵەکەیان، بەنیسبەت ئەو خاڵەش کە ئەرکی گواستنەوەو هێنانەوەی تەرمی شەهید، من ڕەئیەکم هەیە لێرە، بەراستی پێویستە لایەنە سیاسیەکانی هەرێمی کوردستان کە شەهیدیان هەیە، ئیحسایەك یان سەرژمێریەك پێشکەش بکەن، بەو شەهیدانەی کە ون بوون، کە لە کاتی خەبات کردن گیراون و یانیش رەمی کراون و ئیعدام کراون، چونکە هەتاوەکو ئێستا من یەکێکم لە خانەوادانەی کە شەهیدمان هەیە نازانین لە کوێ بێ سەرو شوێن کراوە، هەتاوەکو ئێستا شەهیدمان هیچی دیار نیە، من یەکێکم، لەوانەیە بە سەدان خێزانی وا هەیە، کە شەهیدەکەی دیار نیە، شەهیدەکانی ناوخۆ، جگە لە گۆڕە بە کۆمەڵەکانی ئەنفال کراوان، بەڕاستی کاتی ئەوە هاتووە ئێمە دەڕۆین، ئەی ئەو شەهیدانە هەتاوەکو کەی وا بمێننەوە، ئەی خەباتی 10 ساڵ و 12 ساڵ و 15 ساڵیان هیچیان دیار نیە؟، ئەی کەنگێ، ئەوە ڕاستە ئەو قەرەبووە، ئەو ڕاتبە، ئەو مینحەیە، ڕاستە دڵی ئەو داك و باب و کەس وکار و خێزانانە ڕۆشن دەکاتەوە، ڕۆژێك لە ڕۆژان ئەو داکە کە نەچووە سەر قەبری کوڕەکەی تۆزێکی بۆ بگریێ بەسەریدا هەرڵبلێ؟، ئەو خێزانەی، ئەو کەس و کارەی نازانن باوکیان لەکوێ شەهید بووە، بەڕاستی ئەوە پرسێکی زۆر زۆر گەورەیە، یەعنی ئەگەر بێتو پەرلەمانی کوردستان خۆی لەو قەزیەیە نەکات بە ساحێب، وەزارەتی شەهیدان خۆی لێ نەکات بە ساحێب، ئەوە دەڕوات و هەتا هەتایێ ئێمە چاومان بە هیچ ناکەوێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

پەیمان خان هەندێ شت هەیە لەدەست حکومەتی...، حەقی خۆتە، منیش وەکو تۆم، منیش شەهیدم هەیە وەکو جەنابت، بەڵام هەندێ شەهید هەیە حکومەت بێ سەرو شوێنی کردوون نادۆزرێتەوە، هەندێك ئەنفال هەیە گۆڕەکانیان نادۆزرێنەوە، حکومەتی هەرێم چی بکات؟، ئەوە وەزارەت و حکومەت دەگەڕێ، هەرچی ئەوراق هەیە دەگەڕێ، بەڵام کە نەدۆزرێتەوە خۆ حکومەت گوناحی چیە لەو مەسەلەیە؟، سۆزان خان فەرموو، کاك عونی یەك مولاحەزەی هەیە، فەرموو کاك عونی. فەروو سۆزان خان.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تێبینی ئەوە دەکەم ئەندامانی پەرلەمانی بەڕێز کە قسە دەکەن لەسەر مینحەکە، ئەگەر تێبینی بکەین ڕاپۆرتی هاوبەشمان بە زمانی کوردی لەوێ مینحەکە هەیە، بەڵام لە عەرەبیەکە لە چاپ دەرنەچووە، بۆیە ئێمە لەگەڵ ئەوەداین کە بڵێین مینحەکە هەیە، مینحەی قتعە زەویەکە، ئەوە مەعلومە.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، ئازادی بە بەلاش بەدەست نەهاتووە، بێگومان لە خەباتی بێوچانی ئەم گەلەیە، بۆ بەدەست هێنانی ئەم ئازادیە بەسەدان و هەزارەها شەهیدمان داوە، 182 هەزار کەسمان ئەنفال کراوە، 5 هەزار کەسمان لە هەڵەبجە کیمیا باران کراوە، 8هەزار بارزانی ئەنفال کراوە، ئەمەمان هەمووی بەسەرهاتووە، فەت خۆزگە بە جێگەی وەزیری شەهیدان ناخوازم کە ئەبێ موراعاتی ئەو هەمووە بکات، تاقە بە تاقەمان، دانە بەدانەمان چاوەڕوانی زۆرمان هەیە لێتان، لەو چاوەڕوانیانە من لە لایەنە مەعنەویەکەوە دەست پێ دەکەم، کە پێناسەکەیە، بەڕێز وەزیری شەهیدان، پێناسەکە مەعنەویە، بۆ ئێمە زۆر زۆر گرنگە، شانازیشی پێوە ئەکەین هەموو یەکێکمان، بەڵام ئەمەوێ بزانم خێرە لەسەری نووسراوە تەنها بۆ مووچە؟، بۆ لەسەری ئەنووسرێ تەنها بۆ مووچەیە ئەم پێناسەیە، بۆ بەس تەنها بۆ مووچەیە؟، بەڵێ لەسەر تاقانەکان ئەمڕۆ کە هاتوون پیشانیان داوین تەنها بۆ مووچەیە، نەخێر، ئەوە پێناسەی سەر بەرزی و شەرەف مەندی هەموومانە، تکاتان لێ ئەکەم وەزارەت، ڕاستە جەنابت مەسئولی یەکەمی، بەڵام نازانی لەخوارەوە لەوانەیە لەهەندێ تەعلیمات هەندێ کاروبار ئەکرێ، کە ئازارمان ئەدات، ئەو تەنها بۆ مووچەیە لابەرە، تکات لێ ئەکەم ئەمە نووسراوە، ئەو پێناسەیەی کە کراوە ئەوەتا هەویە، ئەو پێناسەیەی کە کراوە نووسراوە تەنها بۆ مووچەیە، نەخێر تەنها بۆ مووچە نیە، نیەتی موشەرەعیش کاتی خۆی تەنیا بۆ ئەوە نەبووە، وتراوە ئەمە شەهادەی سەروەریە، لەبەر ئەوە تکات لێ ئەکەم ئەمە بکەی، سەبارەت بە مەسەلەی ئەرز، ئەرز و مینحە، بەڵێ، زۆر ماڵە شەهید هەبووە ئەرزەیان وەرگرتووە، بەڵام کەی وەریان گرتووە؟، کە دوو حەسار لەسەر ئەم وڵاتە هەبووە فرۆشتوویەتی، داویەتی بە فەردەیەك ئارد، بۆ؟، ئەگەر ئەوەی نەکردایە ئەمرد لەبرسان، مناڵەکانی ئەمردن لە برسا، بۆ ئێستا ئەو مەرجی سوودمەندبوونە لانابەن، تکاتان لێ ئەکەم، مەرجی سوودمەند بوونەکە دەبێ لابرێ، یەکەیەکی نیشتەجێبوون، چ بەخۆ کردن بێ، چ بەوە بێ ئەرزەکەی بۆ مسۆگەر بکەی، پێموانیە لەم خاکە گەورەی هەرێمی کوردستان جێگەی 200 مەتر نەبێت بۆ کەس و کاری شەهیدان ئەوانەی کەماون سەرو 200 مەتریان بدەنێ، بەهینی ئەوەی کە سوودمەند بوون لەوەو پێش، لەهەر کوێیەك ناوی ئەرز هاتووە دەبێ مینحەشی لەگەڵدابێ، سەبارەت بەوەی بوو بە مقۆ مقۆیەك لەسەر ئەوە، بەڕێزان من لە نزیکەوە ئاگادارم، زۆریش لەخانەوادەی ئەو ئەنفال کراوانە پەیوەندیان پێوە کردووم، بێجگە لەوەی ئێستا بەشێکیشیان لێرەن، جاران لە یاساکەیا لە چوارەم شەهیدەوە، یەعنی یەکەم و دووەم و سێیەم، هەر یەك مووچەیان وەرئەگرت، لەدوای چوارەمەوە ئینجا دەبووە دوو مووچە، من دەست خۆشی لە لیژنەی موشتەرەك ئەکەم، ئەم ناعەدالیەتەی نەهێشت،

مانای ئەوەنیە عەدالەتی تەواوە، بەلآم هەوڵی داوە بۆ ئەوەی ئەو مەسەلەیە چارەسەر بكات، ئەگینا جاران چۆن بوو، یەكەم و دووەم و سێیەم یەك مووچە بوو، لە دوای چوارەمەوە ئینجا مووچەیەكی تری وەرئەگرت، بەم چاككردنە كە من لەگەڵیدام سەد دەر سەد، لەوانەیە تێنەگەیشتنێك هەبێ بۆ ئەو مەسەلەیە، بەم چاككردنەی ئەوان من سەد دەر سەد لەگەڵیدام، چونكە ئەم ناحەقیەی كە هەبووە لا ئەبرێت، جاران لەدوای چوارەمەوە ئینجا مووچەیەكی تر دائەنرا، سەبارەت بە هێنانەوەی روفات، من بەڕێزان ئەمەوێ باس لەوە بكەم ئەو روفاتانە ئەوە ئەركی حكومەتی عیراقە، ئەگەر كەمتەرخەمیشی كردووە، ئێمە دەبێ ئەوەمان لەبەرچاوبێ، یاسایەك دەرچووە بە ژمارە (16) لە عیراق، چ بۆ هێنانەوەی روفات چ بۆ باس لەوەی كە حكومەتی عیراق چۆن قەرەبووی شەهیدان و ئەنفال كراوان ئەكاتەوە، ئەم سەفەرەش حكومەتی هەرێمی كوردستان ڕۆیشتوون ، سەرۆكی حكومەت لە ڕاگەیاندنەكەی كە باس كرا، یەكەم خاڵ باسی قەرەبوو كردنەوەكەیە، قەرەبوو كردنەوەكە لە ڕووی مەعنەویەوە من نامەوێ حكومەتی هەرێمی كوردستان قەرەبووم بكات، ئەوەی كە غەدرەكەی لێ كردووم دەبێ قەرەبووم بكات، ڕژێمەكانی عیراق یەك لەدوای یەك میللەتی منیان وێران كردووە، كوشتوویینی، ئەنفالی كردوون، كیمیابارانی كردووین، لەسەریەتی وەكو واجبی ئەخلاقی ئەو دەبێ تەعویزەكەی بكات، دەبێ جێبەجێی بكات، بۆیە حكومەتی هەرێمی كوردستان یەكەم خاڵ باسی ئەوەی كردووە، من نامەوێ لەوە زیاتر قسە بكەم، بەلآم یەك خاڵ هەیە، كوڕە شەهیدێك پەیوەندی پێوە كردم، بابەتێك هەیە لەناو چوارچێوەی ئازادی ڕادەربڕین و هونەر و مۆسیقاو ئەو شتانە، من ڕێزی لێ ئەگرم، بەلآم هەندێ شاعیر هەیە سووكایەتی بە شەهید ئەكات، لەم یاسایە ئێمە مافمامە كەس و كاری شەهیدان دەبێ ئەم بابەتە یەكلا بكرێتەوە، شیعر هەیە شاعیر نووسویەتی، شەهید لە قەبرەكەی هەڵساوە ژنەكەی لە شوێنی لەش فرۆشی ئەبینێ، مناڵەكانی لەسەر جادە بۆیاغچیەتی ئەكەن، نەخێر، مناڵی شەهید ئەندام پەرلەمانە، بەڕێوەبەری گشتیە، خاوەن شەهادەیە، باشترین خزمەتی ئەم وڵاتە ئەكات، بۆی نیە ئەو شاعیرە ئەو جۆرە شیعرە بنووسێت، ئەوە مافی ئێمەیە، دەبێ لەناو ئەم یاسایە باس لەمافەكانمان بكرێ، تەنها لای مووچە نیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك فاضل بەشارەتی فەرموو.

**بەڕێز فاضل محمد قادر:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من چەند تێبینەكم هەیە لەسەر ماددەی (5) لە خاڵی (ج) هەرچەندە ئەندامانی بەڕێز بە تەواوی باسیان كرد، بەلآم ئەوەی منیش هەر تەئید كردن یان پێداچوونەوەیەكە بەو خاڵەدا، لەخاڵی (ج) باس لەوە دەكات دەڵێت ئەگەر شەهید هاوسەری هەبێ و منداڵی نەبێ، ئەمە بەڕاستی من مەبەستەكەم لێرە یەك خاڵە بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان، ئەم خاڵە زۆر گرفتی لە هەرێمی كوردستان دروست كردووە، داواكارم هەرچەندە خۆشم لە لیژنەی پێشمەرگەو شەهیدانم، بەلآم ئەمە ڕوونكردنەوەو تەوزیحاتێكی زیاتری پێ بدرێ،

چونکە شەهید ئەگەر هاوسەری هەبێ و منداڵی نەبێ، حەقە لێرە مەرجێکی بۆ دابندرێت، هەرچەند برای بەڕێزم کاك عبدالسلام باسی کرد، بەڕاستی شەهید هەمووومان ئەزانین ئازارەکەی چیە، هەمووشمان دەزانین شیرینترین شت ڕۆحە کە بەخشرا، ئیتر بە حەقیقەت بەهیچ شتێك تەعویز نادرێ، بەڵام لێرە بە دەرەجە یەك سێ تەرەفی ئەساسی ئازادی دەرەجە یەکیان بەر ئەکەوێ لە مەسەلەی شەهید بوون، ئەویش دایك و باوکە، منداڵ و هاوسەرە، لێرە مەبەستم ئەوەیە، چونکە ئەمە لێرە کێشەی دروست کردووە لە کوردستان، ئەڵێت ئەگەر شەهید هاوسەری هەبێ و منداڵی نەبێ، خانوو و ئەرزە بەسەر دایك و باوك و هاوسەرەکاندا دابەش دەکرێ، ئەو هاوسەرە ئەگەر شووی نەکردبێ و منداڵی نەبێ، بە تەئکید دەتوانم بڵێم ئەو ئەبێ وارسی یەکەم بێ، چونکە پێش هەموو کەسێ ئەو لێی شێواوە کە هاوسەرەکەی شەهید بووە، زۆر لەم گرفتەش لە هەرێمی کوردستان هەبە، هیوادارم ئەوە خاڵە چارەسەر بکرێ و ڕوون بکرێتەوە، ئەوەی لە خاڵی (3) کە باس لەوە دەکات ئەگەر لە خانەوادەیەك لە شەهیدێك زیاتر هەبێ، بەڕاستی هەمووومان دەزانین ئێستا مەسەلەی حکومەتی هەرێمی کوردستان ئیمتیازات دەدات، ئیمتیازات دابەش دەکات، بەسەر کەس وکاری شەهید و قوربانیاندا، بەڵام بە بڕوای من ئەویش دەبێ لێرە خاڵبەندیەکی بۆ بکری، چونکە ئەگەر منداڵی هەبێ بە حەقیقەت من لێرە دەڵێم ئەبێ ئیزافەیەکی تر یان کولفەیەکی تر، حکومەتی هەرێمی کوردستان یان وەزارەتی شەهیدان بیخاتە ئەستۆی خۆی بۆ ئەو دایك و باوکەی کە زۆر هەژارە، چونکە ئەگەر شەهیدێك منداڵی هەبێ، بە حەقیقەت دەبێ شەهیدانەکە بە منداڵەکان بدرێ، لەگەڵ هاوسەر و منداڵی شەهیدەکە، ئەگەر شەهیدەکە منداڵی نەبوو، ئینجا بدرێ بە دایك و باوك و هاوسەرەکەی، بۆیە ئەمەش لێرە گرفتێکە لە هەرێمی کوردستان، کە هەیە مەسەلەی دابەش کردنی ئەو بەرێزانەی کەوا لە بەشی شەهیدان یان لە لیژنە جۆر بەجۆرەکان کاریان کردووە، ئەم گلەیی و گازندەیان چۆتە لا کە چەند گرفت لەهەرێمی کوردستان لەسەر مەسەلەی دابەش کردنی مووچەو ئەرزەو خانوو و ئیمتیازاتی شەهید هەیە، من هیوادارم حکومەتی هەرێمی کوردستان چونکە ئێمە لە کوردستان زۆر ئیمتیازات بە یاسا بڕیاری بۆ دەرچووە، هیوادارم هەرچەندە لە ماددەی یەکی ئەم یاسایە ئیشارەتم بەوە کرد، بەڕاستی گەورەترین خۆبەخش شەهیدە، بەڵام دەتوانم بڵێم گەورەترین مەغدوریەتیش لێرە لە شەهیدانی هەرێمی کوردستان بەتایبەتی شەهیدانی سەنگەر کراوە، چونکە تاوەکو ئێستا شەهیدێکی سەنگەر 500 هەزار مووچەکەی هەیە، ئەمە بەڕاستیەکەی من بە مەغدوریەتی دەزانم، لەبەر ئەوەی هەمووومان دەزانین ئێستا ڕێژەی مووچە چەند چۆتە سەرەوە، لەهەموو پلە جۆر بەجۆرەکان، لەو پیشانەی کە لە هەرێمی کوردستان هەیە، بۆیە ئێستاش تەئکید دەکەمەوە داواکارم کە حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی شەهیدان مەسەلەی چارەسەر کردنی مووچەی شەهید لەبەرچاو بگرێ، بەو مەغدوریەتە نەمێنێتەوە، چونکە شەهید حەقی لەسەر تەوقی سەری هەر هەمووومان هەیە، خاڵێکی تر، لە خاڵی (3) باس لەوە دەکات کە حکومەتی هەرێم و وەزارەتی شەهیدان موکەلەف دەبێ بەهێنانەوەی روفاتی شەهیدان، لێرە خاڵێکی تر هەیە باسی دەکەم، هەمووومان دەزانین بەهۆی ئەو حەربە گەورەو جۆر

بەجۆرانـە، یـان ئـەو حەربـە دوەلییـەی کـە پێچـرایە هـەرێمی کوردسـتان، بەحەقیقـەت چـەکی کوشـندەو کاریگەر لەهەرێمی کوردسـتان دانـراوە، ئێسـتا ئـەو چەکە کوشـندانە نەخۆشـی جۆراو جۆری لـە هـەرێمی کوردستان دروست کردووە، ئەو هاوولاَتیەی کە ئەو نەخۆشیە کوشندەیەی گرتووە پێشمەرگە نیـە، یـان لـە سەنگەری خەبات و پێشمەرگایەتیدا نەبووە، کـەس و کارەکـەی چـەندین قـەرز دەکات دەینێرێتـە دەرەوەی هەرێمی کوردستان، هەرچـەندە مـن پێموایـە ئـەوە دەرچوونیش نیـە لەیاساکە، بـەلاَم ئەمـە حەقێکـە مـن هیوادارم حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەم ئەرکـەش لـە ئەسـتۆی خـۆی بگـرێ، چـونکە ئـەو کەسـانەی کـە بەهۆی ئەو چەکە کوشندانە لە هـەرێمی کوردسـتان تووشـی نەخۆشـی کوشـندە دەبـن، بەهـەر قـەرزێك بـێ دەچنە دەرەوەی هەرێمی کوردستان بۆ عیلاج، لە دەرەوەی هەرێم وەفات دەکەن، داواکارم حکومەتی هەرێم هێنانەوەی تەرمی ئەو مردووانەش کـە لـە دەرەوە وەفـات دەکـەن لەئەسـتۆ بگـرێ، چـونکە بەڕاسـتی ئەمـە گرفتێکـی گەورەیـە، پێشـمولیە ڕێژەکـە زۆر نیـە، تـا بلێـی حکومـەت ئەمەشـی پـێ نـاکرێ، بـەلاَم ئـەو هاوولاَتیانەی کە کەس و کاریان بەو هۆیەوە لە دەرەوەی هەرێمی کوردستان و لەئەوروپاو لـە ولاَتـانی تـری دونیا وەفات دەکەن، ئەمە گرفتێکە یان بابلێین ئـەرکێکی مـاددیش بـۆ ئـەو کـەس وکارانـە دروسـت دەکات، حکومەتی هەرێمی کوردستان هێنانەوەی ئەو کەسانەش لە ئەستۆی خۆی بگرێ، لەگـەلّ ئـەو بـاقی روفـاتی شەهیدانەی کە بۆتە واجب و ئیلتیزاماتێك بۆ حکومەتی هەرێم و وەزارەتی شەهیدان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك عمر عبدالرحمن فەرمووو.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیـارە خـەم خـۆری و دلّسـۆزی هـەموو ئـەو بـرادەرە بەڕێزانەیـە کـە ئەوەنـدەیان قسـە لەسـەر حقـوق و ئیمتیازاتی شـەهیدە سـەربەرزەکان کـرد، دیـارە ئـەو سـەربەرزانە زۆر لـەو زیـاتر ئـەهێنن، چـونکە خـوێنی ئەوانە کە ئێمەی هێناوەتە ئێرە کە بـە ئـازادی قسـە ئەکـەین، مـن نامـەوێ زۆر تەفسـیلی پـێ بـدەم، تـەنیا لەسـەر ئـەو مینحەیـەی کـە بـۆ قیتعـە ئەرزەکـە باسـی لەسـەر کـرا، ئـەوە لـە لیژنـەی یاسـایی کـاك عـونی تەوزیحێکی پێیدا، لە بەشە کوردیەکە هەیە، هەروەها من دەست خۆشـی لـە جـەنابی وەزیـریش دەکـەم کـە ئـەوە ئیزافـە بکـات(قطعـة الارض والمنحـة) بـەواتا سیاغەکە ببێتـە وەحدەیـەکی سـەکەنی، (او قطعـة ارض والمنحة) بەنیسبەت فەقەرە ئەلفـەوە بـاس لـە والیـدەین دەکـات، ئـەلّێت ئەگـەر شـەهید ئـەعزەب بـوو ژن و منالّی نەبوو، ئەی ئەگەر یەکێکیان لەوانە مابوو، ئـەرکێکی تریـان مردبـوو، بـاس لـە خوشـك و بـرا ئـەکات، ئەگەر هاتو دایك و باوك نەبوو بۆ خوشك و برایەکە، جائیزە لەم خوشـك و برایانەشـی نـەبێ شـەهیدەکە، وەچەی تری هەبێ لە دوای خوشك و برا، برازاو خوشکە زای هەبێ، من پێموایـە بڕگـەی (أ) و بڕگـەی (ب) زۆر باش هاتووە، دەستی لیژنەی موشتەرەك خۆش بێ بۆ سیاغە کردنی، بەلاَم من پێموایە ئەمە بۆیـەباس دەکەم بۆ ئەوەی وەزارەت بە هەند وەری بگرن لە کاتی دەرکردنی تەعلیماتێکی تایبەتی ئەو کێشەیە حـەل

بکەن، ئەگەر والیدەین یەکێکیان مابوو، یاخود ئەگەر خوشك و برای نەبوو، بەلاّم وەك لەقانونی ئەحوالی شەخسی باسی لەسەر ئەکات، وە ئیعالە و ان نزل بەرەو خوار و بەرەو ژوور، برازاو خوشك و خوشکە زای هەبوو، دواتر من پێموایە لە بڕگە (3) باس لەوە ئەکات ئەگەر لە عائیلەیەك لە شەهیدێك زیاتری هەبوو، تەوزیعی ڕاتبی تەقاعودی باس ئەکات، بەنیسبەتی ڕاتبی تەقاعودی د.ڕۆژان لەم یاسایە تەوزیحێکی پێیدا، وابزانم کرا بە شەهیدانە، من پێموایە ئەبێ بکرێ بە شەهیدانە، یاخود بە ئیستیحقاق، چونکە ناکرێ باس لە ڕاتب بکەین، چونکە ڕاتب نیە، ئەوە مینحەیەکە، ئەوە شەهیدانەیە، ئەدرێ بەو کەسانەی کە زەرەرمەند بوون لە ڕۆیشتنی یاخود لە شەهید بوونی کەس و کاریان، تەبیعی ئەوە بە گوێرەی یاسا دوو جۆر زەرەر دەکەن، زەرەرێکی ماددی ئەکەن و زەرەرێکی مەعنەوی ئەکەن، زەرەرە ماددیەکە ئەوەیە کە موعیلەکانیان لە دەست چووە، کەس نەماوە بیانژیێنێ، زەرەری مەعنەوی ئەو موعانات و خەفەتەیە کە بەڕای من بەهیچ مەبلەغێك تەقییم ناکرێ و تەعویز ناکرێتەوە، لە لایەکی ترەوە بە گوێرەی یاسا ناکرێ باس لەوە بکەین بڵێین ئەمانە ڕاتبی تەقاعودی وەرئەگرن، چونکە هەندێکیان لەوانەیە موەزەف بن لەحکومەت ڕاتب وەربگرن، لەبەر ئەوە ناکرێ جەمعی دوو ڕاتب، بەلاّم ئەکرێ ڕاتبە ئەسڵیەکەی خۆی بمێنێت، ئەمەش وەکو مینحەیەك ناو بنرێت، ئەو مینحەیەی تری ئیلغا بوونیشی نیە بە ڕای من، هەتاوەکو ئەم یاسایە بەردەوام بێت و بەرقەرار بێ و لە ئیش دا بێ، لەبەر ئەوە پێویستە وەکو د.ڕۆژان پێشتر تەلمیحێکی پێیدا، موستەحەقین یاخود وارس ئەگەر موستەحەقین موعیلی مابێ پێشی یاساکە، باس لەوە کراوە ئەڵێ ئەو کەسانەی کەوا موستەحەقن ئەتوانن غەیری دایك و باوك و خوشك و برا و ژن و منالّ، داوای حقوقی خۆیان بکەن، بە واتە موعیل، یەعنی شەهید یەکێکی بەخێو کردبێ لەکاتی ژیانی خۆی، ئەگەر ئەوە مابێ ئەبێ موستەحەقین بێ، ئەگەر ئەوە نەمابێ ئەبێ بە وارس بێ، لە ماددەی (6) لە لای ئێمە زەوی شەهیدمان تەحدید کردووە، دایك و باوك و ژن و مێرد و خوشك و براو کچ و کوڕەکانی خۆی، بڕگە (3) باس لەوە ئەکات ئەڵێ ئەگەر لە عائیلەیەك زیاتر لە یەك شەهیدیان هەبوو، دایك و باوك ژن و منالّەکە هەموو ڕاتبەکە وەرئەگرن، زۆر باشە ئەمە، بەلاّم ئەمە لێرە تناقض دروست ئەکات لەگەڵ فەقەرە (ج) ئەڵێ ئەگەر هاتو هەردوو باوك و دایکەکە شەهید بوون، منالّی ئەم دایك و باوکە شەهیدە یەك ڕاتبی تەقاعودی وەرئەگرن، ئێ ئەوە تناقض ئەکات لەگەڵ فەقەرەی (د) کەجەنابی وەزیر باسی لەسەر کرد، من دواتر دێمە سەری باسی ئەکەم، دەست خۆشی لێ ئەکەم لەوەی کەوا ئەگەر چەند شەهیدێکی هەبووە، هەرکەسەیان بە جیا ئیستیحقاقاتی خۆیان وەرگرن، حەقی خۆیانە، بەلاّم ئەبێ ئەم دوو فەقەرەیە گۆڕانکاری بەسەردا بێ، ئەگەر هاتو دایك و باوك هەردووکیان شەهید بوبون، ئەڵێ یەعنی ئەبێ یەك ڕاتب وەربگرن، یان هی دایکەکە یان هی باوکەکە، ئەمەش بەڕای من ئیجحافە بە حەقی منالّەکان، پێویستە مادام فەقەرە (د) وای لێ بێت کە هەموو شەهیدەکان، ئەبێ ئەمانیش دووجار ئیمتیازات و حقوقی دایك و باوکی خۆیان وەربگرن، بەنیسبەت فەقەرە (د) من دەست خۆشی لە لیژنەی موشتەرەك دەکەم لەکاتی خۆی ئەو تەسنیفەی بۆ کرد، بەشی یەك و دوو و سێ و چوار، ئەو نیسبەتانەی

کە بۆی دانراوە، هەرچەندە وێرای ئەوەی کە باسی لەسەر کرا لە تەعلیماتی پێشوو، ئەو عائیلەیەی سێ شەهیدی هەبووە یەك راتبی وەرئەگرت، دواتر لە سێ بەرەو ژوو ئەبوو بەدوو، حقوقێکی بۆ تەئمین کرد، بەنیسبەتێك کە جێگەی دەست خۆشیە لیژنەی موشتەرەك، لیژنەی شەهید و پێشمەرگە موقتەرەحەکەیان بەم شێوەیە گۆڕی و لیژنەی یاسایی هاوکاری کردن، بەڵام من پێموایە زیاتر دەست خۆشی لەوەدایە کە جەنابی وەزیر ئەمڕۆ باسی لەوەکرد کە شەهیدەکان جیاکاریان نەکەین، ڕاستە ئەگەر بێتو ئێمە باسی ئەوە بکەین لەماڵێك و لە عائیلەیەك چەند شەهیدێك هەیە، ڕاستە هەر شەهیدە و قووسایەکی خۆی و جێگایەکی تایبەتی خۆی هەیە لەعائیلەکەی خۆی، هەر شەهیدەو ئینسانێکی تایبەتە بۆ خۆی، هەر شەهیدە دوو جۆر موعاناتی بۆ کەس و کارەکەی بەجێهێشتووە، بۆ کەس و کارەکەی کە خەفەت و موعاناتی دوورکەوتنەوەو لەناوچوونی، جۆرێکیان هی لەناو بردنی موعیلی ئەوماڵەیە، کاسب کاریان بووە و ئیشکەریان بووە، بۆیە من داوام لەجەنابی وەزیر، زۆر دەست خۆشی لێ ئەکەم، نەشەهیدێك و نە دووان و نە سییان و نە چوار ونە پێنج، ماڵی وا هەیە شەش، حەوتێکی لێ شەهید بووە یەك کەسیان ماوە، دیارە جەنابی وەزیر تەئمینی ئەو حقوقانەی کردووە، بۆیە ئەمڕۆ وای بڕیار لەسەر داوە، من زۆر دەست خۆشی لێ ئەکەم، داوا دەکەم هەڵوەستەی لەسەر بکات، زۆر بە چاکی ئەم یاسایە بچێتە بواری جێبەجێ کردنەوە، بەنیسبەتی سەرفی موخەسەساتەوە، ئەوە لیژنەی یاسایی باسی لەسەر ئەوە کردووە کە وەزارەتی مالیە تەعلیماتێکی پێ دەربکات، منیش هاوڕام لەگەڵ ئەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

د.بشیر فەرموو.

**بەڕێز د.بشیر خلیل حداد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

قسەیەکی عەرەبی هەیە دەڵێ (لیست النائحة کالثکلا) واتە ئەوەی کە دەگریێ لەبەر ئەوەی جەرگی سووتاوە، زۆر جیاوازە لەگەڵ ئەوەی کە بۆ جەرگ سووتاوەکە دەگریێ، بۆیە بەڕاستی ئەمانە کە جەرگیان سووتاوە بەهەرحاڵێك بێ هەرچیان بۆ بکرێ هەر کەمە، بەڵام ئەگەر دوو لەوێ و سێ لەوێ و ئەوەندەو ئەوەندە، من قسەکەی کاك پێشەوا دووبارە دەکەمەوە، کەوا بڵێین حکومەت چی لەتوانادابێ بۆ ئەوانە بیکات بێ کەم و کوڕی، ئەمەش بەڕاستی هەرچەندیان بۆ بکرێ قەت ئەوە موستەحەقی ئەوەی ئەوان نیە، واتا ناکرێ بڵێین موستەحەقاتی ئەوان دەدەین، لەبەر ئەوەی ئەمە بەشێکی زۆر زۆر کەمی ئەوەیە کە ئەوان پێشکەشیان کردووە، ئەوان گیانی خۆیان پێشکەش کردووە، ئەگەر ئێمە دونیاش بدەین بەکەس و کاری ئەوان ناکاتە نینۆکێك لە نینۆکەکانی ئەوان، بۆیە بەڕاستی بەپێی توانا بڵێین حکومەت چەند لەباریدا هەیە ئەوەندە دەبێ ئیشیان بۆ بکات، لەمەسەلەی ئەوەی کە ئایا ناوەکەی مووچە بێ یان شەهیدانە بێ یان ئەوەبێ؟، من دەڵێم مووچە ناکرێ، هەروەها ناکرێ مینحە بێ، بۆیە شەهیدانە پڕ بە پێستی خۆیەتی کە ناوەکەی شەهیدانە بێ، لەمەسەلەی وەحدەی سەکەنی زەوی، بەڵێ، زەویەکە پێویستە

مینحەی لەگەڵ بێ، چونکە خانووی لەولاوە دروست کراوە، بەڵام وەحدەی سەکەنی بەبێ پارە چی لێبکات، بەڵام بە مەرجێك ئەو مینحەیە کە لەگەڵ زەویەکە دەدرێ، مانع نەبێ لە پێدانی سولفەی عـەقاری، بڵێـت تۆ مادام پارەت وەرگرتووە سولفەی عەقاریەکە وەرناگری، نا، دەبێ پێشینەی عەقاریەکەشی بدرێتێ، لەگەڵ مینحەکە و لەگەڵ زەویەکـە، لـە خـاڵی دووەمـدا دەڵـێ (اذا کـان الشـیهد متزوجـاً بـأکثر مـن واحـد فیکـون المستحقات لمن بقي مرتبطاً معه في حالة حیاة) کەواتە ئەگەر ئەو شـەهیدە دوو خێزانـی هـەبێ لـە حاڵـەتی شـەهید بوونـدا دوو خێزانـی هـەبووبێ، پێویسـتە موسـتەحەقاتی خێزانەکـە دابـەش بکـرێ بەسـەر دوو خێزانەکەی، یان بەسەر هەرسێ خێزانەکەی، لەبەر ئەوەی ناکرێ لەیەك حاڵەتدا ژن زیاتر لە یەك مێـردی هەبێ، بەڵام دەکرێ پیـاو لەیـەك حاڵەتـدا زیـاتر لـە ژنێکی هـەبێ، بۆیـە موسـتەحەقاتی ئـەو ژنـە دابـەش دەکرێ بەسەر هەردوو ژنەکە یان بەسەر هەرسێ ژنەکە، ئەگەر لە یـەك ژنـی زیـاتر هـەبێ لـەکاتی شـەهید بووندا، لـە خـاڵی یەکـەمی (ج) دەڵـێ (اذا کـان الشـیهد متزوجـاً ولـیس لدیـه اولاد فتسـجل الوحـدة السکنیة وقطعة الارض باسم زوجه و والدیه) ئەگەر شەهیدەکە منداڵی نەبوو، بەڵام ژنەکـەی هەیـە بـێ منـداڵ، بـۆ ئێمە ئەو وەحدە سکەنیە ئەم زەویە بە تەساوی لەنێوان ژنەکـەی و لـەنێوان دایـك و بـاوکی دابـەش بکـرێ، من ئەوە بە ئیجحاف دەزانم بەڕاسـتی، ئەمـە زوڵمـە، هـەتاوەکو لـە میراتیشـدا لـە شـەریعەتی ئیسـلامدا، لـە دابەش کردنی میرات، ئەو مێردە کە دەمرێ ژنەکە ئەگـەر منـداڵی نـەبێ بەشـی ژنەکـەی زیـاترە لـە بەشـی دایك و باوکەکەی، لەبەر ئەوەی موعاناتەکە ژنەکە زیاتر هەڵیدەگرێ، بۆیە من لێرە پێشنیار دەکەم ئەگـەر شەهید ژنەکەی منداڵی نەبوو یان شەهید منداڵی نـەبوو، ئەمـە لەگـەڵ دایـك وبـاوکی موسـاوی نـەبێ، ئـەم وەحدە سەکەنیە دابەش سێ نەکرێ، بەشێك بۆ ژنەکەی و دوو بەش بۆ دایك و باوکەکـەی، نـا، بـەلای کـەم نیوە بۆ ژنەکە بێ و نیوەکەی تر بۆ دایك وباوکی بێ، ئەمە بەشی ژنەکەی لە بەشی دایك و باوکەکە زیـاتر بێ، خاڵێکی تر باس لەوە دەکرێ کە بەڕاستی هەندێك رەخنە لە وەزارەتی شەهیدان دەگیرێن، مـن بـاس لـە وەزارەتی شەهیدان ناکەم، موعامەلـەش لەگـەڵ وەزارەتـی شـەهیدان نـەبووە، ئێمـە عیلاقـەمان پێیـدا نیـە، بـەڵام وەکـو ئینسـاف وادەخـوازێ، وا تەماشـاکەین ئـەو وەزارەتـە کـارێکی زۆری لەسـەرە، ئـەرکێکی گـران و قورسی بەسـەرەوەیە، ئـەوەی کـە لەبەردەستیشـیاندایە کەمـە، مـن دڵنیـام لـەوە کـە وەزارەتـی شـەهیدانیش موعانـاتی خۆیـان هەیـە، بۆیـە پێشـنیار دەکـەم و داوا دەکـەم لەکۆتایـدا وەزیـری شـەهیدان بـاس لـە موعاناتـەکانی خـۆی بکـات، ئـەو موخەسەسـاتانەی کـەوا سـەرف نـاکرێ کـێ رێگـرە، ئـەو زەویانـەی کـە لـە سلێمانی نـەدراون، کـێ نایـدا؟، کامـە وەزارەتـە؟، مـن دڵنیـام لـەوێ وەزارەتـی پێشـمەرگە هەیـە، وەزارەتـی شارەوانی هەیە، وەزارەتی دارایی هەیە، یـەعنی تـەنیا هـەموو ئیشـەکان لـە وەزارەتـی شـەهیدان نیـە، بۆیـە پێویستە وەزیر ئەمە بڵـێ کـە وەزارەتـەکانی تـر موسـتەحەقاتەکان کێیـە کـە جێبـەجێی ناکـات، لەکۆتایـدا پشتگیری لە سۆزان خان دەکەم لەوەی بەڕاستی ئەم یاسایە کەباس لـە مـاف و ئیمتیـازاتی شـەهیدان دەکـات تـەنیا مووچـە نیـە، ئـەوەی خانـەوادەی شـەهیدان دەیانـەوێ تـەنها مووچـە نیـە، بـەڵکو رێزێـك، بـەڵکو پێزانینێك بۆیان، بەڵکو سووکایەتی پێنـەکردنیان، لـەگۆرانی بـێ، لـە شـیعر بـێ، لـە ئـەدەب بـێ، بۆیـە مـن

دەنگی خۆم دەخەمە پاڵ دەنگی، پێویستە لەم یاسایەدا بە بڕگەیەك، بە شتێك ئەوە مەنع بكرێ، یان پرۆژە یاسایەكی تر پێشكەش بكرێ، هەروەها داواش دەكەم لیژنەی شەهیدان یان وەزارەتی شەهیدان داوایەكی یاسایی لەسەر ئەم بابەتە تۆمار بكات لە دادگا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك نەریمان فەرموو.

**بەڕێز نەریمان عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەڕاستی من ئەمەوێ بەوە دەست پێ بكەم، خۆزگە ئێمە یەكەم پەرلەمان دەبووین بە رەسمی و بە شێوەیەكی قانونی و بە یاسایەكی تایبەت، جینۆسایدو ئەنفال و كۆمەڵ كوژیمان دەناساند پێش وڵاتانی ئەوروپا، بەداخەوە لەم ئەركە كەم تەرخەمیەكمان هەیە، كە خۆشم یەكێكم لەو بەشداربوانە، بەهیوام بە زویی ئەم كارە بكەین، وەزارەتی مەعنی یاسایەكمان بۆ پێشكەش بكات، پێش كۆتاپی هاتنی ئەم خولە، من لە ڕاستی ئەو دەستكاریە تازەیە كە لە لایەن لیژنەی موشتەرەكەوە كراوە، بەداخەوە نوسخەی لای ئێمە نیە وەكو نوسخەی تەواو، بۆیە بڕگەو ماددەكانی ناتوانم وەكو خۆی دەست نیشان بكەم، بەڵام ئەوەی كە ئاماژەی پێ دەكەم تەمەننا دەكەم لیژنەی موشتەرەك بە دواداچوونی بۆ بكەن، لەو خاڵەی كە دەڵێ حكومەتی هەرێمی كوردستان روفاتی شەهیدەكان بێنێتەوە، من پێشنیار دەكەم بنووسرێ وەكو بڕگەیەك، بكرێ بە سێ بڕگە، لەو خاڵەدا( على حكومة اقليم كوردستان اعادة رفات الشهيد ومراسيم دفنة) مەراسیمی دەفنی تێدا نیە، تەمەننا ئەكەم كە زیاد بكرێ( بين داخل اقليم وخارجه وتتحمل تكاليف ذلك) (ب) ( انشاء متحف وطني خاص بالشهداء والمؤنفلين وضحايا الاسلحة الكيمياوية والجينوسايد في عاصمة اقليم كردستان) ئێمە ژمارەیەكی زۆر نوێنەری وڵاتان و سەرۆكی هەرێمی وڵاتان دێنە كوردستان، شوێنێكی دیاریكراو تایبەت و گشتگیر بە هەموو پرۆسەو زوڵم و زۆر و مەتحەف كە بەسەر گەلی كوردا هاتووە، شوێنێكی دیاریكراو نیە كە بیبەین لەبەرچاوی ڕوون ببێتەوە كە چی بەو گەلە كراوە، بۆیە ئەم مەتحەفە وەتەنیە زۆر گرنگە كە هەبێ، لە پایتەختیش بێ باشترە، لەبەر ئەوەی زۆربەی وڵاتان دێنە پایتەختی هەرێمی كوردستان، خاڵێكی تر كە بكرێ بە (ج) بنووسین پێویستە وەزارەتی شەهیدان و ئەنفال دەزگایەكی توێژینەوەو لێكۆڵینەوەی تایبەت بە ئەنفال و كیمیاباران و جینۆساید پێك بهێنێت، بۆیە بەڕاستی بەڕێزان ئێمە دەزگایەكی گەورەمان پێویستە بۆ توێژنەوە و لێكۆڵینەوە، كەتایبەت بێ بەو كارەساتانەی كە بەسەر گەلی كوردستان هاتووە، بۆ بەدیكۆمێنت كردنی، بۆ پاراستنی، دیاری كردنی هەموو ئەو نەهامەتیانەی، قۆناغەكانی و ساڵەكانی و ڕۆژەكانی، بۆیە ئەمە زۆر گرنگە وەزارەتی شەهیدان كارێكی لەو شێوەیە ئەنجام بدات، بۆ ئەوەی ئێمە بەرچاومان ڕوون بێ، هەركەسێ كە ویستی بتوانێ بە ئاسانی ئەو مێژوانەی دەست بكەوێ ئەو ڕووداوانەی كەبەسەر گەلی كوردا هاتووە، ئەو هەموو تەزحیەیەش كە دراوە، لە خاڵێكی تر من پشتگیری لە بەڕێز جەنابی وەزیر ئەكەم، بەتایبەت بە مینحەو پێدانی زەوی بە كەس

وكاری شەهیدان، بەڵام لە ڕاستیدا ئەوەی من ئاگادار بم حكومەتی هەرێمی كوردستان دەیەوێ سیاسەتێكی نوێ لە دابەش كردنی زەوی لە هەرێمی كوردستان بگرێتە بەر كە ئەویش دروست كردنی یەكەی نیشتەجێبوونە، بۆ ئەوەی بتوانین ئەم یاسایە جێبەجێ بكەین، من پێشنیار دەكەم ئیزافەی پێشنیاری بەڕێز جەنای وەزیر، پاش ئەوەی دەڵێ زەوی و مینحەیەك دەدرێ بەكەس و كاری شەهید یان یەكەیەكی نیشتەجێبوونیان بۆ دروست بكرێ، ئەگەر هاتو لە سیاسەتی حكومەتی هەرێمی كوردستان دابوو، كە زەوی دابەش كردن بە جۆرێك لە جۆرەكان بۆ گۆڕانكاری لە نەخشەی هەرێمی كوردستان، ئەگەر ئەوە نەكرا زەویەكی پێ بدرێ، یەكەیەكی نیشتەجێبوونیان بۆ دروست بكرێ، لەلایەن حكومەتی هەرێمەوە، ئەوە پێشنیارێكی ترە، بۆ تاقانەكان زۆرێك لە بەڕێزان لە پێشی من باسیان كرد، من پشتگیری ئەو داوایانە دەكەم، بە حەقیشی دەزانم، بەنیسبەتی ئەو نیسبانەی كە دانراوە بۆ شەهیدان، من لەگەڵیدا نیم، شەهید هەر شەهیدە، من داوایەكی تریشم هەیە كە ئەو خاڵە زیاد بكرێ بۆ ئیمتیازاتی مناڵی شەهیدان بەتایبەتی، پێموایە پەروین خانیش ئاماژەی پێی كرد، پشتگیری دەكەم، موخەسەساتی خوێندن بدرێ بە مناڵی شەهیدان، ئەوانەی كە لە زانكۆ ئەهلیەكان ئەخوێنن، ئەوەكانی تر پێیان دەدرێ، بەڵام زانكۆ ئەهلیەكان بەدەرن لەمە، بۆیە من داوا دەكەم ئەو موخەسەساتەیان پێ بدرێ، من داوایەكی تریشم هەیە بەڕێزان، ئێمە ڕاستە ناتوانین بە هیچ ئیمتیازێك و بەهیچ ماددەیەك لەسەر ئەم زەمینە بتوانین تەعویزی ڕۆحی شەهیدانە بكەینەوە، ئەمە تەنها لە ڕووی ماددیەوە هەندێ شتیان بۆ دەكەین، بەڵام وەكو سۆزان خانیش ئاماژەی پێی كرد، زۆر پێویستیان بەوە هەیە كە ئاسوودە بكرێن تاوەكو ئەوەندەی ئەكرێ، ئەگەرچی ناتوانین بە تەواوەتی، داوا دەكەم بەتایبەتی وەزارەتی شەهیدان كە ڕیزەكانی شەهیدان پوخت بكەنەوە، بەڕێزان ئەوەی زیاتر كەس و كاری شەهیدان نیگەران دەكات و ئازاریان دەدات، كە زۆربەمان كەس و كارمان شەهیدە ئاگاداری ئەوە هەین، زۆرێك لە ڕیزەكانی شەهیدان كۆمەڵە خەڵكێك بەهەر قۆناغێك، بەهەر بوارێك و بەهەر سەبەبێك كە بەشەهید حیساب كراون نیگەرانی كردوون، كە شایەنی شەهید نین و لە لیستی شەهیدەكان نین، داوا ئەكەم لە وەزارەتی شەهیدان بەوە دابچێتەوە، لیستی شەهیدان پاك بكاتەوە، من مەبەستم ئەوەنیە مووچەی كەس یان ئیمتیازی كەس ببڕێ، بەهەر ناوێك بێ یارمەتی كەس و كاری ئەوانە دەدرێ، با بدرێ من هیچ كێشەیەكم نیە، بەڵام بەناوی شەهیدانەوە كاریگەریەكی دەروونی هەیە لەسەر كەس و كاری شەهیدان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك گۆران فەرموو.

**بەڕێز گۆران ئازاد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەما.**

ئەگەرچی زۆربەی قسەكانم كران، من پشتیوانی لەهاوڕێكانم دەكەم، تەئكید لەسەر یەك، دوو خاڵ دەكەمەوە بەتایبەتی لەسەر مەسەلەی دابەش كردنی مووچەكە كە بكرێ، بە تەسەلسولەكە دابەش بكرێ،

لەخاڵی (أ) مەسەلەی ژن ئیزافە بکرێ لەناو ئەو کەسانەی کە وا شایستەن بۆ وەرگرتنی مووچەکانیان، لەخاڵی (9) دا مەسەلەی موخەسەسات، ئێمە مەسەلەی موخەسەسات وەك دافعێکە بۆ ئەوەی مووچەیان پێ زیادبێ، بە هەمان شێوە نەبێ بابڵێین خدمەی مەدەنی بەسەر موەزەفدا جێبەجێ دەبێ، پشتگیری ئەو خاڵانەش دەکەم کە باس کرا لەسەر نەهێشتنی ئەو جیاوازیەی لەسەر مەسەلەی ژمارەی شەهید هەیە، ئاخیر خاڵ کە دەمەوێ قسەی لەسەر بکەم، مەسەلەی ئەو مینحەیە کەوا بدرێ بە شەهیدان بۆ خانوو کردن، بەڕاستی من لێرە پرسیارێك دەکەم لە بەڕێز وەزیری شەهیدان، ئەمە قانونی وەزارەتی شەهیدانە بابڵێین مافی ئیمتیازاتەکە دەرچووە، لە بڕگەی (1) ئەڵێ خێزانی شەهیدی خەباتگێڕو ئەنفال کراو یەکەیەك یان پارچەیەکی زەوی نیشتەجێبوونی پێ دەدرێت، لەمەدا بەهیچ شێوەیەك باسی مینحەکە نەکراوە، بەڵام لە تەتبیق حکومەت بە بڕیارێك چوار ساڵە نزیکەی جێبەجێ دەبێ، مینحەیەکی 27 ملیۆنی بەناوی خۆکرد دەداتە کەس و کاری ئەنفال، پرسیار ئەوەیە، چ مانایەکی هەیە ئەمە بۆ شەهیدان بکرابوایە؟، ئەگەر ئەوەی کەس و کار موخالەفەی ئەو قانونەیە نەدەبوایە بکرێ، ئەگەر موخالەفە نیە بۆ بۆشەهیدان ناکرێ، ئەگەر دەمانەوێ لە قانونەکە جێگەی بۆ بکەینەوە بۆ لە ئەسڵی مەشروعەکە نەهاتووە، کە ئەم مەشروعە لە ئەنجومەنی وەزیران ئامادەکراوە، لەگەڵ لیژنە ئیزافە کراوە، کە قسەکەی من لەسەر ئەم خاڵەیە، ئێمەی ئەندامانی پەرلەمان هەندێجار مەشروعێکمان دەخرێتە بەردەست، ئەوەندە قسەی لەسەر دەکەین کە ئیزافاتێکی لە ئەنجامی ئیزافاتێکی تازەیە کە ئەنجام دەدرێ، لەکاتێك لە خودی قانونەکە هیچ شتێکی وای تێدا نیە بۆ ئەنفال، هەندێ شت لێرە باس دەکرێ بە بڕیاری حکومەت دەکرێ، کراشە، هێنانەوەی تەرمی روفاتی ئەنفال کراوەکان هاتۆتەوە، پارەی مەراسیمە، کراوە، کۆمەڵێك شت هەیە کراوە، بەڵام ئێمە دەمانەوێ کۆمەڵێك شت هەیە لەناو قانونەکە جێگەی بۆ بکەینەوە، سەرەڕای ئەو تێبینیەم ئەگەر کرا، بۆ کەس و کاری شەهیدان ئەوەی باس کرا، پێموایە حکومەت یەکەم بەرنامەی کەهەیبووە لەساڵی 1992 بۆ ئەوەی خەڵك ئەگەر زەوی وەرگرێ، تا شەهیدان هەبووبێ کەس نەبووە، کەواتە ئەو زوروفە زروفێك بووە دەتوانم بڵێم کەس پارچە زەویەکانی نەماوە، بۆیە ئەمە هەر بەوە ناکرێ تۆ بڵێی مینحەیەك، ئێمە گرفتی ڕابردوومان بۆ دروست دەبێ، دەبێ ئەم مەسەلەیە بە وردی بیری لێ بکرێتەوە، بە ووردی چارەسەر بکرێ، ئەوەی کە هەیە ئێستا بە پێی ئەو ئامارە ڕەسمی نیە بابڵێین وەك تەقریبی بۆ منیان نووسیوە، ئێمە نزیکەی 40 هەزار شەهیدی سەنگەرمان هەیە، ئەنفال و جینۆسایدی لێ بینە دەرێ، بەو پێیەی بەتایبەتی مەعلوماتم هەیە لەسەر ئەنفال وەردەگرن ئەوان بۆ مەسەلەی خانوو، چۆن ئەمە موعالەجە دەکەن، بەتایبەتی بەشێکیشی کراوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك شڤان فەرموو.

**بەڕێز شڤان احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێشەکی پێم باشە لیژنەی هاوبەش، تێبینیەکان هەندێك بنووسن، حەقیقەتەن من گوێم لە زۆر شت بوو، کە پێشتر تەسویتمان کردووەو دەنگمان لەسەری داوە، وەکو مەسەلەی تاقانە، یان زۆر تێبینی تر هەن کە دەبێ ئەوانە وەلاّم بدرێنەوە، من پێم باشە وەلاّم بدرێنەوە ئەوانە، من شاهێدی ئەوەم ماددەیەکی تێك هەڵکێشە زۆر لە ڕووی تەتبیقیەوە گرفتی زۆری تێدایە، بە حوکمی ئەوەی ئەو تەجروبەیەی لە خزمەتی کەس و کاری شەهیدان دابوو ماوەیەکی زۆر، هەموو کێشەکان و گرفتەکانی شەهیدان بە ئاسانی چارەسەر ناکرێن، من شاهێدی ئەوە دەدەم بۆ وەزارەت ئەرکیان قورسە لەو بارەیەوە، لە بارەی خاڵی یەکەم کە دەڵێ (یمنح زوج الشیهد المناضل او الضحایا الابادة الجماعیة وحدة سكنیة او قطعة ارض) من پێم باشە کە نەهاتووە تێدا ( مع منح مالیه) ئیزافە بکرێ، بەلاّم لێرە دوو گرفتی ترمان بۆ دێتە پێش، کە ئەم بڕگەیە یان ئەم یاسایە چارەسەری بۆ نەدیتیتەوە یان بەلایەوە نەچووە، یەکەم، ئەو شەهیدانەی کە پێشتر ئەرزیان وەرگرتووە و فرۆشتوویانە بۆ ئەسبابێك، ئەوان بە هەر شێوەیەك بێ موستەحەقی ئەو مینحە مالیەنە وەکو حەقێکی خۆیان، کە دەبێ پێیان بدرێ، چونکە ئەرزەکەیان فرۆشتووەو، ئەگەر پارچە ئەرزێکی تریان پێ نەدەین بە ئیستیسنا، دەبێ ئەو مینحەیان پێ بدرێت کە حەقی خۆیانە، ئەمە یەك، دووەم، گرفتێکی ترمان هەیە کە هیچ لە ڕووی تەتبیقیەوە دێتە پێش، بە دەیان شەهیدمان هەیە لە پارچەکانی تری کوردستان، لە ڕووی تەملیکەوە ناتوانین پارچە ئەرزێکیان بدەینێ و تەملیکیان بکەین، بەلاّم من پێم باشە ئەوها بنووسرێ ئەوانەی کە شەهیدی پارچەکانی تری کوردستانن(یمنح قطعة ارض او منحة مالیة یعادل قیمة الارض) ئەمە دەکرێ بەو شێوەیە عیلاج بکرێ، ئەوانیش حەقی خۆیانە شەهیدیان هەیە، موستەحەقن و شەهیدی فیعلین، لە بڕگەی (3) دا هاتووە لە ( اذا كان في العائلة اكثر من شهید واحد یكون توزیع الراتب) ئەوە بەو شێوەیە هاتووە کە (مستحقات التقاعدی بالتسلسل التالی) بەو شێوەیە بێ، کاك عبدالسلام زۆر جوان باسی کرد، لە (أ) کە هاتووە(یستلم الوالد والوالدة) من پێم باشە (الزوجة) بخرێتە پێش(الزوجة واولاد الشهید والوالد والوالدة) (الراتب التقاعدی مع مراعات البانك...) لە بڕگەی (ب) هاتووە، ئەوە هەر زۆر ئاڵۆز دیارە زۆر دەقیق نیە، (یحصل كل من اخوة و اخوات الشهید المناضل او المواطن على الراتب التقاعدي) بە موستەحەقاتی تەقاعودی هاتووە دروستە، زۆر بەجێیە، چۆن دەبێ هەر براو خوشکێکی شەهید هەر یەکێ راتبێك بە جودا وەربگرێ، ئەمە لە ڕووی عەمەلیەوە بە هیچ شێوەیەك ناکرێ، دەبێ بەو شێوەیە بێ بە ڕەئی من، ئەگەر نیەتی موشەریع ئەوەبێ هەر یەك حیسەی خۆی وەربگرێ، دەبێ بنووسین (على حصته من مستحقات التقاعد) نەوەك (كل على حده) نەوەك هەموو مووچەکە بێ، بەس لێرە گرفتێکی تر دێتە پێشەوە، چونکە لە (أ)کە تەسەلسولەکەمان دانا، (في حالة عدم وجود مستحقین في بند (أ) دەبێ ئیزافە بکرێ لە پێش ئەمە، ئەوجا ئەمە موستەحەق دەبێ، خوشك و برا لە حیسەکەی خۆی، بۆیە من پێم باشە تەعدیل بکرێتەوە بەو شێوەیە (في حالة عدم وجود المستحقین في البند الاول (أ) دەست خۆشی لە لیژنەی هاوبەش دەکەم کە بەو شێوەیە کە نیسبەی 100٪ و 75٪ تاوەکو 25٪ بۆ ئەمە ئیزافە بکرێ، لە شەهیدی چوارەم، یەعنی کە شەهیدی پێنجەم و شەشەم و سەرەوەش

دەگرێتەوە، من زۆر زۆر دەست خۆشیان لێ دەکەم، جێگای دەست خۆشیە، تەخسیسی نیسبەی 5٪ لە کەس و کاری شەهیدان جێگای دەست خۆشیە کە ئەمە بە نەزەری ئیعتیبار وەرگیراوە، ئێمە وەکو حکومەت و پەرلەمان و دەزگاکانی تر هەموو بەشێوەیەك لە شێوەکانی تر، زیاتر مولزەمین بەرامبەر بە کەس و کاری شەهیدان، کە خزمەتیان بکەین، بەتایبەتی لە ڕووی دامەزراندنیانەوە، لە بڕگە (9) دا هاتووە لە ئەخیر ئەوە( ینظم صرف مخصصات الزوجیة و اولاد الشهید بتعلیمات) من داوا دەکەم ئەگەر تەئیدیش نەکەم، چونکە کەسێك نەماوە لە دوای من تەئید بکات، ئەمە بە تەعلیمات جێگیر نەکرێت، ئەمە موخەسەساتێکە دەبێ بە خێزانی شەهید بدرێت، بە کەس و کاری شەهید بدرێت وەکو ئیمتیاز، موخەسەساتی زەوجی نیە ئەمە، ئیمتیازێکە بەو شێوەیە بێ، هەمیشە وەکو ماددەیەکی قانونی لە قانون تەسبیت بکرێ، بە تەعلیمات بێ، بەو شێوەیە بێ، (ینظم صرف مخصصات لزوجة و لاولاد الشهید بالشکل التالي) خێزانی شەهید 100 هەزار، بۆ هەموو منداڵێکی شەهید 30 هەزار، بۆ ئەوەی جیاواز بێ لەگەڵ خێزانی کەسێك کەوارسی شەهید نیە، یان خێزانی شەهید نیە وەکو موەزەف، لەگەڵ خێزانی موەزەفێك، لەگەڵ منداڵی موەزەفێك، ئەمە ئەم ئیمتیازە دەبێ بە وارسی شەهید بە خێزان و ئەوە بدرێ، ئەمە ناچێتە بابی ئەوەی کە بچێتە سەر مووچەی شەهید، وەختێك کە خێزانی نەبێت، بەو سیغەیە هاتووە کە تەعمیم دەبێ، هەبێ و نەبێ ئەم زەوجە دەبێ پێ بدرێت، ئەمە بەو سیغەیە لێرە هاتووە بە شێوەیەك هاتووە کە زۆر دەقیق نیە، بۆیە سەرف موخەسەسات بۆ زەوجە، نەوەك زەوجیە، للزوجە ولاولاد الشهید بالشکل التالی) بەو شێوەیە تەنزیم بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك عمر هەورامی فەرموو.

**بەڕێز عمر صدیق هەورامی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێزان وائەزانم ئەو هەموارەی کە هاتووە بەشێکی زۆر لەو قسانەی کە کران، هەموو دەربڕینی ئەو هاوسۆزی و کارکردنە بۆ ئەوەی خزمەتی زیاتری خانەوادەی سەربەرزی شەهیدان و ئەنفال بکرێ، بەڵام بۆ هەر یەکێك لەو بڕگانەی کە دائەڕێژرێت پێویست ئەکات ئێمە چەند پرسیارێك پێش ئەوە بکەین، ئەوجا بڕگەکان دابڕێژین، بۆ نموونە، لە یەکەم، ئەوترێ وەحدەیەکی سەکەنی یان پارچە زەویەك و مینحەی پێ بدرێ، هاوشان بەمە، چەند پەرلەمانتارێك پێشنیاری ئەوەیان کرد کە ئەوانەی کە لەکاتی بارودۆخی هەرێمی کوردستان خراپ بووە پارچە زەویان وەرگرتووە یان سوودمەند بوون، جارێکی تر وەربگیرێتەوە، من پرسیار لەبەڕێز وەزیری شەهیدان دەکەم، چەندن ئەوانەی کە سوودمەند بوون؟، چەندین ماوە سوودمەند ببن؟، بۆ ئەوەی بتوانین ئێمە لەکاتی داڕشتنی بڕگەکان بە شێوازێك ئەم بڕگەیە دابڕێژینەوە هەم لە توانای حکومەت بێ، هەمیش جۆرێك لە عەدالەتی تێدابێ، کاتێك کە بڕگەیەك دادەنێین یان دادەڕێژین، دواتر بڕیاری لەسەر دەدەین، بەجۆرێك بێت عەدالەت دەستەبەر بکات، نەوەك ببێتە هۆی

ئەوەی کەنایەکسانی دروست بکەین یان ناعەدالەتی دروست بکەین لەنێوان خانەوادەی شەهید و ئەنفال، بەهەمان شێوە لە بڕگەی (3) لە ئەوەلەن، نووسراوە (توزیع الراتب التقاعدی) ئەگەر ئێوە مەبەستتان هەموو مووچەکانی خانەنشینیە بکرێ بە رەواتب، وابزانم باشترە، خاڵی (ج) منیش هاوڕام لەگەڵ بەڕێز کاك عمر عبدالرحمن، باسی لەوە کرد ئەگەر باوك و دایك شەهید بن، نووسراوە یەك مووچەی تەقاعودیان پێ بدرێ، یان شەهیدانەیان پێ بدرێ، خۆی کۆستەکە یان ئەو کارەساتە ئەو کاتە گەورەترەکە دایك و باوك بەیەکەوە شەهید ببن، بۆیە ئەکرێت بەو شێوەیە بێ کە هەردووکیان بێت، یەعنی راتبی هەردووکیان بێ، نەوەك تەنها یەکیان، بۆ بڕگەی (د) بە هەمان شێوە پرسیارێك ئاراستەی بەڕێز وەزیر ئەکەم، ئەوەی کە پەیوەندیدارە بە بڕگەی (د) چەند کەس سوودمەند دەبن لەو بڕگەیە ئەگەر بەو شێوەیە دابڕێژرێتەوە، یەعنی ئەوانەی کە تەنها یەك وارس ماوەتەوە وە زیاتریش لە شەهیدێکیان هەیە، بۆ ئەوەی ئێمە بەشێوەیەك دایبڕێژین ئێمە ئەم بڕگەیە، بتوانین باشترین خزمەت بەو خانەوادانە یان بەو وارسانە بکەین، واتە ئێمە بەبێ داتا و بەبێ ئامار بڕیارێك نەدەین بۆ ئەوەی حەجمی تەعویزەکە بزانین، یان قەرەبووەکە یان خزمەتەکە، یان ماف و ئیمتیازەکە بزانین، بۆ ئەو خانەوادانە یان ئەو کەسانەی کە وارسن، یان ئەوەی کە حکومەتی هەرێمی کوردستان پێشکەشی ئەکات، خاڵی ئەخیرم تایبەتە بە پێدانی دەرماڵەیەکی تایبەت بە هاوسەر و منداڵی شەهید، من لەگەڵ ئەو داڕشتنەم کە بەڕێزان لە لیژنەی یاسایی دایانڕشتووە، بۆ؟، لەبەر ئەوەی ئێمە لێرە مرونەتێك بە دەست کراوەیی ئەدەین بە حکومەت یان دەسەلاتی جێبەجێ کردن، بۆ ئەوەی لەگەڵ ئەو واقعەی کە خانەوادەکەی تێدایە، یان ئەو کەسەی تێدایە، بتوانێت هاوکاریان پێشکەش بکات، بۆ نموونە، منداڵەکە ئەگەر تەمەنی لە 15 ساڵ یان 20 ساڵ کەمتر بێ ئەکرێ مینحەکەی کەمتر بێ، یان بەشێوازێکی تر بڵێین، ئەگەر منداڵ لە خوێندنی سەرەتایی و بنەڕەتی و ئامادەیی بێ، ئەکرێ ئەو دەرماڵەیەی کە پێی ئەدرێ کەمتر بێ بە بەراورد لەوەی کە ئەگەر منداڵەکە منداڵی شەهید لە زانکۆ بێت یان لە خوێندنی بالا بێ، بۆیە من لەگەڵ ئەوەم بەو شێوەیە دابڕێژرێت، هاوسەرو منداڵی شەهید بێ دەرماڵەیەکی تایبەتی پێ دەدرێ، بەڕێنمایی لە لایەن وەزارەتی داراییەوە دەست نیشان ئەکرێت وخەرج ئەکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

هاژە خان فەرموو.

**بەڕێز هاژە سلیمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەرەتا من پشتگیری لەو تەرحەی بەڕێز وەزیری کاروباری شەهیدان دەکەم بەپێدانی مینحەکە لەگەڵ پارچە زەویەکە، چونکە بەڕاستی وەکو هاوکارانیشم باسیان کرد، یەعنی بابەتەکە پێویستی بەوە هەیە مینحەکە لەگەڵ پارچە زەویەکە هەبێ، بەلام ئەگەر وەحدەی سەکەنی بێ من پێموایە ئەوە مینحەکە ناکرێ، تەنها لەگەڵ پارچە زەویەکە ئەبێ بدرێ، دەربارەی خاڵی دووەم، ئەوەی کە هەندێ لە هاوکارانم

باسيان كرد، كە دەڵێ (اذا كان الشهيد متزوجاً باكثر من واحدة او واحد) ديارە نازانم پێموايە هەڵەيەك لێرە هەيە، دەكرێ شەهيد لە رابيتەى زەوجى دەكرێ دوو ژنى هەبێ، ئەوە بۆ پياو، بەڵام بۆ ژن، چونكە لێرە (واحد) كەباس كراوە، وابزانم بۆ ژنەكەيە، چونكە ناكرێ ئەو رابيتە زەوجيە كە ژن دوو مێردى هەبێ، يەعنى ئەو شتە وابزانم بە هەڵە هاتووە، منيش پشتگيرى لەو هاوكارانەم ئەكەم كە باسى ئەوە ئەكەن، (يستلم الوالد والوالدة و الزوجة) (الزوجە)ى بۆ زياد بكرێ، بەڵام لێرە (مع مراعات حكم الفقره الفرعيه(3) لێرە ديارە لە فەقەرەى فەرعى سێيەمدا هاتووە باس (ابن) و (بنت) بنتەكە بە تەنيا هاتووە، لێرە كەباسى ئەولاد ئەكات، پێموايە (بنت) و (ابن) هەردوو ئەگرێتەوە، بۆيە وابزانم پێويست ناكات ئەوە لە كۆتايى دێرەكەدا ئەوەبمێنێتەوە، واتە (مع مراعات حكم الفقره الفرعيه(3) بە هەمان شێوە ئەوەى خاڵى ج كە زۆر لە هاوكارانم باسيان كرد، (اذا كان كلا الوالدين شهيدين) پێموايە ئەوە كە حەقى زياتر لە راتبێكى تەقاعودى هەيە، دەربارەى هێنانەوەى روفاتەكان، ديارە هاوكارانم بەڕێز كاك سالار و تاراخانيش پشتگيرى كرد لە مەسەلەى هەڵدانەوەى گۆڕە بە كۆمەڵەكان، من پێم باشە بۆ دەوڵەمەند كردنى ئەو پرۆژەيە، ئێمە ئيشارەتێك لێرە بەهەڵدانەوەى گۆڕە بە كۆمەڵەكان بكەين، كەلەسەر حكومەت بێ بە تەنسيق ياخود بەهاوكارى كردن لەگەڵ حكومەتى ناوەند، چونكە بەڕاستى ئەركى حكومەتى ناوەندە كە گۆڕە بە كۆمەڵەكان هەڵبداتەوە، وابزانم وەزارەتيش تاوەكو ئێستا بەو كارە هەڵساوە، هاوكارى ياخود تەنسيقى كردووە لەگەڵ حكومەت، بەڵام بۆ دەوڵەمەند كردنى پرۆژەكە پێم باشە ئەوە ئيزافە بكرێ، دەربارەى پێشنيارى كەس و كارى ئەنفال كراوەكان ئەوەى باسى مەسەلەى بابەتى تاقانە كرا، منيش پشتگيريان لێ ئەكەم بەڕاستى ئەوە جێگاى خۆيەتى، دواى ئەوەى كە تاقانەكە خۆى لە ژيان نەمێنێ ئەو مووچەيە ياخود مينحەيە بۆ مناڵەكان بمێنێتەوە، لە فەقەرەى (6) لەسەرفى موخەسەساتى زەوجى من پێموايە ئەو تەعليماتەى كە دەردەچێ تەعليمات لە وەزارەتى شەهيدان خۆى دەربچێ نەوەك لە وەزارەتى ماليە، ئێمە باسمان لەوە كردووە كە ئەو ياسايە تايبەتە بە كەس و كارى شەهيدان و ئەنفال كراوان، بۆيە وا پێويست دەكات چونكە ئەوان زياتر ئاگادارن لە وەزعى كەس و كارى شەهيدو ئەنفال كراوان، ئيحسائيەيان لەبەردەستە هەموو شتێكيان لەبەر دەستە، بۆيە من پێم باشە كە ئەو تەعليماتە لە وەزارەتى شەهيدان ياخود بە هاوكارى كردن يان تەنسيق هەبێ لەنێوان هەردوو وەزارەتەكە دەربچێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگرى سەرۆكى پەرلەمان:**

كاك لقمان فەرموو.

**بەڕێز لقمان سليمان:**

**بەڕێز سەرۆكى پەرلەمان.**

هەرچى بكرێ بۆ كەس و كارى شەهيدان و ئەنفال كراوەكان بەڕاستى هەر كەمە، منيش وەكو هاوكارانم داوا ئەكەم كە چەند شەهيد و ئەنفال كراو هەيە لە خێزانێكدا، هەموويان مووچەى تەواويان بۆ ببڕدرێتەوە، من لەگەڵ ڕێژەكەدا نيم، پێشنيار ئەكەم كە مەدالياى ڕێزلێنان تايبەت بە ئەنفال كراوان و

شەهیدان دروست بکرێ، بدرێت بە کەس و کارەکانیان، هەروەها پێشنیار ئەکەم بۆ تاقانەکانی ئەنفال کە ژمارەیان کەمە گەڕەکێکیان بۆ دروست بکرێ، خانووی تایبەتیان بۆ دروست بکرێ وەکو سونبولێك کە شوێنیان دیار بێ، ئەمەش داوای تاقانەکانی ئەنفالە، هەروەها پشتگیری لە قسەکانی نەسرین خان دەکەم سەبارەت بەوەی دوای مردنی تاقانەکانی ئەنفال مووچەکانیان بمێنێتەوە بۆ منداڵەکانیان، چاو بخشێندرێتەوە بە مووچەی شەهیدان، شەهیدی وا هەیە پێشمەرگەی دانەبڕاوەو مووچەکەی کەمە، حەق وایە چاوی پێدابخشێندرێتەوە، حەقە دەزگایەك هەبێ بۆ توێژنەوەو لێکۆڵینەوە لە جۆینۆساید، هەندێك لەکەس و کاری ئەنفال کێشەی نفوسیان هەیەو ئێستا ماڵ و منداڵیان هەیە، لەم یاسایەدا ئەم کێشەیە چارەسەر بکرێ، لەم ڕووەوە پشتگیری لە قسەکانی پەیام خان ئەکەم، هەروەها داوا ئەکەم ئەو شەهیدانەی کە هاووڵاتی هەرێمن و لە شەڕی ڕزگاریخوازی پارچەکانی تری کوردستاندا شەهید بوون بەشەهیدی سەنگەر ئەژمار بکرێن، چونکە ئەوانیش حەقیان لەسەرمان هەیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك محمد شارەزووری فەرموو.

**بەڕێز محمد احمد شارەزووری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من سەرەتای قسەکانم بە دوو پرسیار لە جەنابی وەزیر دەست پێ دەکەم، حەز دەکەم وەکو لیژنەی پێشمەرگە و وەکو بەرپرسی لیژنە حەز دەکەم یەکەمجار جوابی ئێمە بداتەوە، چونکە بەڕاستی کۆمەڵێك شت ووروژا لەناو قاعە، مەسەلەی ئەو ڕێژەیە، من پرسیار لە جەنابی وەزیر ئەکەم، ئەوانەی ئەنفال و کیمیا باران بە تایبەت ئەوەندەی ئێمە بەدواداچوونمان بۆی کردووە وەکو لیژنەی پێشمەرگە بەسێ شەهید یەك مووچەتان داونەتێ، بەڵام جەنابت ئەڵێرە ئەڵێی حیسابمان بۆ کردوون، ئایا ڕاستە بەسێ کەس مووچەیەکتان داونەتێ یان هەرکەس مووچەی خۆی وەرگرتووە ئەوانەی یەك وارسیان ماوە؟، چونکە لە لیژنە موناقەشەی ئەوەمان کرد بۆ ئەوەی زوڵمێك لەسەر کەس و کاری ئەوانە نەمێنێت، بۆیە ئێمە ئەو ڕێژەیەمان دانا، حەز دەکەم جەنابت وەڵامی ئەو پرسیارەمان بدەیتەوە، ئەوانەی یەك وارسیان ماوە، چۆن مووچەتان بۆ تەوزیع کردوون، مەبەستم ئەنفال و کیمیا بارانە، دوو، لە بڕگەی (3) لەخاڵی (أ) لە پڕۆژەکەی جەنابتان هاتووە باوك و دایك و باسی ژنتان نەکردووە، حەز دەکەین ڕوونکردنەوەیەك بدەن، ئایا مەسەلەی ناونەهێنانی ژن شتێکی قانونی هەیە جەنابتان باستان نەکردووە؟، ئەوەی پێشنیارەکەشم ئێمە لە لیژنەی پێشمەرگە بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، دیارە ئەمە یاسایەکی تایبەتە دەرئەچێ بۆ کەس و کاری شەهیدان، ئێمە باسی موخەسەساتێکمان کردووە بدرێت بە کەس و کاری شەهیدان، بە ژن و منداڵی شەهید بدرێ، بۆیە ڕێژەکەمان دیاری کردووە، گوتمان تایبەتمەندیەك بدرێ بە کەس و کاری شەهیدان، وەکو لیژنەی پێشمەرگە و شەهیدان ئەو بڕەمان دیاری کردووە بۆ ئەوەی کە هیچ نەبێ تۆزێك مووچەی کەس و کاری شەهید زیاد بکات، بۆیە ئێمە داوامان کردووە ژن 100 هەزار دیناری بۆ سەرف بکرێ، منداڵ

25 هەزار دینار بەپێی ئەو تەعلیماتەی بۆ منداڵ ئێمە کردوومانە 100 هەزار بۆ ژن، ئەم یاسایەکی تایبەتە بۆ کەس و کاری شەهیدان تایبەتمەندیەك بدرێ بە کەس و کاری شەهیدان، سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر ئەگەر تێبینیت هەیە؟، ئەگەر وەڵامت بۆ قسەی پەرلەمانتارە بەڕێزەکان هەیە؟، یان ڕوونکردنەوەیەك؟، فەرموو.

**بەڕێز صباح احمد(ئارام)/ وەزیری شەهیدان و ئەنفالکراوان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

زۆر سوپاس بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، بۆ هەموو ئەو گفتوگۆیە تێرو تەسەلە، کە جێگەی بایەخە، سەرەتا بەوە دەست پێ دەکەم تەئکید کردنەوەیەك لەوەی کە وەکو بەڕێزتان پێشنیارتان کرد ئەوەی مووچە کرا بە شەهیدانە(موستەحەقات) شەهیدانە ئەوە تەسبیت بوو، زۆر باش چارەسەر کرا، جێگەی سوپاسە، ئەوە زۆر کێشە چارەسەر دەکات، سەبارەت بە کێشەی زەوی، ئێمە ماوەیەك لەمەوبەر بەڕێنمایی ئەوەمان چارەسەر کرد ئەوەی کە زەویەکەی فرۆشتووەتەوە، بەڵام زەویەکی تری هەبێ، یان خانوویەکی تری هەبێ بۆ نۆژەنکرنەوە، بێت مینحەکە وەربگرێ، مینحەکەی بۆ دەردەچێ، ئەوە ئێستاکە پەیڕەو ئەکرێ، بەڵام سەبارەت بە بوونی زەوی، پەیوەندی بە زەویەوە هەیە، بەتایبەتی شەهیدانی سەنگەر زەویان وەرنەگرتووە لە شارەکان، لەهەولێر هەیە، لە سلێمانی هەیە، لە شوێنی تر ئەو کێشانە  هەیە، لەو شارە گەورانە ئێستا زەوی کەم بۆتەوە، ماوەیەك لەمەوبەر لە یەکێك لەدانیشتنەکانی ئەنجومەنی وەزیران بە تێری باسی ئەوە کرا، پشتیوانی ئەوە کرا لە لایەن بەڕێز سەرۆکی حکومەت و وەزیری شارەوانیش گوتی دەبێ کار لەسەر ئەوە بکرێ، ئێمە لەگەڵ بەڕێز وەزیری شارەوانیش دانیشتین بۆ چارەسەر کردنی ئەوەی کە زەوی دابەش بکرێ، وتیان خۆیان وەکو وەزارەتی شارەوانی بەرنامەیەکیان هەیە، کاری لەسەر دەکەین و ئێستا لە موتابەعە کردنداین، هیوادارین زەوی پێویست هەبێ بۆ شەهیدانی سەنگەر لە هەموو لایەك، سەبارەت بە هێنانەوەی روفاتەکان، بەراستی ئەوە یەکێکە لە کێشەکان یەعنی کارێکی ئاسان نیە، یەك، دیار نیە، دوو، دەسەلاتەکە، یاسایەکە هەیە، تاوەکو ئێستا هەر حکومەتی هەرێمی کوردستان پێیەوە خەریك بووە، سۆراغ ئەکەین، ئەمە یاسایەکە، یاسای عیراقی دەسەڵاتی داوە بە وەزارەتی مافی مرۆڤ، ئەوان دەسەڵاتیان هەیە دەسەڵاتی یاسایی، لە ڕووی جوگرافی و ئەمنیشەوە، ئێوە خۆتان ئەزانن هەیە لە بیابانەکان لەبەر دەستی ئێمە نیە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئێمە تیمەکانمان بە بەردەوامی لە سۆراغ کردنداین، ئێستا تیممان هەیە چووە بۆ بیابەکانی عیراق بلأومان نەکردۆتەوە لە ڕاگەیاندنەکان، خەڵکمان ناردووە عەشایەر ڕامان سپاردووە بچێت پشکنین بکات، ڕامان نەگەیاندووە، بۆ؟، سیاسەتی ئێمە ئەوەیە بە گشتی خەم کەم بکرێتەوە زیاد نەکرێ، هەموو ڕۆژێك ئێمە باسی گۆڕی بەکۆمەڵ و ئەو خەمانە نەخەینەوە بەتایبەتی بۆ کەس و کاری شەهیدان، کە برینیان ئەکولێتەوە، کە لەگەڵیان قسەمان کردووە، ڕۆژەکانیان لێ تاڵ ئەکرێ، بەتایبەتی داوامان لە کەناڵەکانیش کردووە، بەڵام ئێمە جاری وا هەیە

تیمەکانمان کار دەکەن، ئەگەر شتێکی وا هەبێ ئێمە بلاّوی ئەکەینەوە، بەشێوەیەك کە ئەو مەسئولیاتەی کەم کردنەوەی خەم، ئێمە زۆر بە گرنگی ئەزانین، بەلاّم لەگەڵ ئەوەشدا ئەبێ کاری باشتر بکرێ، بۆ ئێمە گرنگە ئەو یاسایەی عیراق هەموار بکرێتەوە، کە دەسەلاّتی وەزارەتی شەهیدان و یان حکومەتی هەرێمی کوردستان زیاتر بکرێ، ئەوە هەموارێك پێشکەش کراوە ماوەیەکە، هێشتا لە پەرلەمانی عیراقی ئەوەی تەبەنی نەکردووە، سەبارەت بەوەی ئەو پێشنیارەی کە کراوە بەڕێژە، خۆی ئێمە کەدەستمان بەو یاسایە کرد ساڵێك زیاتری پێچووە، ئەو برادەرانە هەمووی ئەزانن، ئێمە کۆنفرانسێکمان گرت، بە هاوبەشی لەگەڵ کۆمەڵێك پەرلەمانتاری بەڕێز، بەتایبەتی لیژنەی شەهیدان و کەس و کاری شەهیدان، ئەوکاتە ئێمە یەکێك لەو خالاّنەی لامان گرنگ بوو پێداچوونەوەی پێدا بکرێ بۆ دادپەروەری زیاتر، وارسی شەهیدانی جینۆساید بوو، کە بەپێی ڕێنماییەکانی کۆن، دیارە هەر شتێك بۆ کات و شوێنی خۆی ئەگەڕێتەوە، حوکمەکەی، ئەو کاتە وا دیاری کراوە ئەوەی یەك شەهیدی هەیەمووچەیەك لە 100٪ وەرئەگرێ، ئەوەی چواری هەیە دوو مووچە وەرئەگرێ، بەلاّم لێرە ئەوەی دوو شەهیدی هەیە، سێ شەهیدی هەیە، پێنج، شەشی هەیە، ئەوە تۆزێك نا دادپەروەریەکی تیا بوو، ئێمە پێشنیارمان کرد ئەو کاتە ئینسافێك هەبێ، یەعنی تۆ ئەڵێی ئینساف بە توانای ئەو کاتە بیر ئەکەیتەوە، بیرمان کردەوە چۆن چارەسەری بکەین، بەلایەنی کەم ڕێژە، چونکە ئێمە گەیشتووینەتە ئەو قەناعەتەی لە هەل و مەرجی ئێستا هەر شەهیدێك مافێکی خۆی هەبێ، ئێستا ئەوانەی وارسی شەهیدانی سەنگەر وەری ئەگرن، هەر شەهیدێك، ئینجا شەهیدی جینۆساید ماوە، ئەوە سەبارەت بەوەی ئێستا پێمان وایە و قەناعەتمان وایە هەر شەهیدێك مافی خۆی هەبێ، سەبارەت بە سندوقی هاوکاری وەزارەتی کاروباری شەهیدان، حکومەتی هەرێمی کوردستان خۆی پشتیوانی ئەکات، ئەو هاوکاریە بە مانای هاوکاریەکە، هاوکاری تەندروستی هەیە، هاوکاری بابڵێین ئەوەی بەخێوکەر، ئەگەر بۆ خزمەتکردن بێ ناوەکەی بگۆڕدرێت، سندوقی هاوکاری هەیە دابەش ئەکرێ، ئەوەی جێگەی ئەو سندوقە بگرێتەوە، سەبارەت بە موخەسەساتی هاوسەرگیری و دەرماڵە، بەڕاستی ئێمە پێشنیارمان کرد لە ماددەکە لە بڕگەی (9) ڕێنمایی لە لایەن وەزارەتی شەهیدانەوە دەربکرێ، یەعنی کار ئەکەوێتە نێوان دوو، سێ وەزارەت و لایەنی جیا جیاو ئالۆزی زیادی تێئەکەوێ، کار دوا ئەکەوێ، بەلاّم ئەمە لەبەر ئەوەی وەکو ئیمتیازێکی تیایە، وەکو ئەوەی کاك شڤان باسی کرد، وەکو ئیمتیازێکە ئەبێ بکرێ بە ئیمتیاز، ئەگەر وەزارەتی شەهیدان بێ ئاسانتر و زووتر کارەکە جێبەجێ ئەکات، نەوەك ئێستا ئەو کێشەیە ماوەیەك کێشە کەوتە ئەو بڕیارەی کۆنتر دەرکراوە، سەبارەت بە تەندروستی دەروونی، ماوەیەکە چوار سەنتەر کراونەتە سەنتەری دەروونی، ئێمە ڕێکەوتنێکمان هەیە لەگەڵ وەزارەتی تەندروستی، کەستافی پێویست و شارەزا دابین بکەن بۆ ئەو سەنتەرانە، لە یەکێك لەوانە کراوە، ئەوەی شۆڕش، داوا کراوە لە شوێنەکانی تریش، ئەوەی بابڵێین شۆڕشە، کەلارە، بارزانە، لە بادینانیش هەیە، کە ستاف دابین بکەن بۆ ئەوەی ئەو لایەنە دەروونیە ڕەچاو بکەن، بەڕای ئێمە بەشی لایەنی دەروونی چاك کردنی باسی ماددیە، باری ماددی کە چاك بوو زۆر پەیوەندی بە لایەنی دەروونیەوە هەیە، لەگەڵ ئەوەشدا هەندێ

حاڵەت هەیە ئەوەی کە تووشی سەدمە ئەبێ، ئەوە پێویستی بە چاودێری تایبەت هەیە، ئەو ستافانە لەلایەن وەزارەتی تەندروستیەوە دابین بکرێ، سەبارەت بە دەرماڵەی خوێندن، تازە بۆیان دەرکراوە، ئێمە پێشنیارمان کرد هەم کرێی خوێندن کرایە 100٪، هەمیش دەرماڵەکەیان ئێستا بۆ دەرکراوە، لە بواری جێبەجێ کرندایە، بەلاٚم لە یاسا کۆنەکەدا ئەوە خۆی دەست نیشان کراوە، یەکێك لە ئەرکەکان ئەوەیە مەسەلەی خوێندن دابین بکرێ بۆ کوڕ و کچی شەهید، لە چوارچێوەی یاسا کۆنەکە ئەوانە ئەکرێ جێبەجێ بکرێ، بۆ ئەوەی یارمەتی کوڕ و کچی شەهید بدرێ، سەبارەت بە تاقانەکان، هەڵبەتە تاقانەکان لە یاسا کۆنەکان ئیمتیازێکیان هەیە، ئێمە پێمان وایە لێرەش ئیمتیازێکیان هەبێ باشە، ئێستا کە ئەکرێ بە شەهیدانە ئەو ئیمتیازە کۆنەکەیان نامێنێ، بۆیە ئیمتیازی تازە سەبارەت بەوەی هەل ومەرجێکی زۆر تایبەتی هەیە، کەسانێکی دیارن، بەڕاستی موعاناتی زۆریان هەیە، ئێمەش پێمان باشە ئەو شەهیدانەیە بمێنێتەوە بۆ ئەو نەوەی کە هەیانە، پشتیوانی ئەوە ئەکەین، سەبارەت بە لۆجیکی دارایی، ئێمە پێمان وایە لەسەر دوو مەبدەئ مەسەلەی ماف و ئیمتیازات کاری لەسەر بکرێ، یەکیان یەکسانی و دادپەروەریەکەیە، ئەوەی تریان ئینسافە، یەعنی یەکسانی ئەوەیە بڵێین هەموو شەهیدانی سەنگەر یەك مووچەی بنەڕەتیان هەیە وەکو یەك، شەهیدانی جینۆساید بەیەکسانی یەك مووچەی بنەڕەتیان هەیە، شەهیدانی هاووڵاتی مووچەی یەکسانیان هەیە، یەکسانیەکە لەو پۆلەیە، بەلاٚم مەسەلەی ئینساف ئەوەیە بابڵێین شەهیدی پێشمەرگە، پێشمەرگە پلەی هەیە، تێکۆشانی هەیە، ساڵانێکی زۆر خەباتی هەیە، بەشێك لە مووچەکەی یان ئەو شەهیدانەیە پەیوەندی بە مووچەی بنەڕەتیەوە نیە، پەیوەندی بە پێشمەرگایەتی هەیە، تەنانەت ئەگەر لە وەزارەتی پێشمەرگەش نەبێ، ئەو مافەی هەیە، بۆیە تێکەڵ نەکرێت، ئەوە شەهیدانە نیە، ئەوەی پلەکەی، ئەوەی ساڵانی پێشمەرگایەتیش ڕەچاو بکرێ باشە، یەکێ لەو پلانانەی ئێمە هەمانە ئێستا، بەرنامەیەکە لە ئەنجومەنی وەزیران ماوەیەکە بۆ ڕێکخستنەوەی پلەی شەهیدانە، هیوادارین ئەوە پەسەند بکرێ، بۆ ئەوەی ئێمە پێداچوونەوە بکەین بە پلەی شەهیدان، ئەو مافانەی هەیانە ڕێك بخرێتەوە، ئەو ئینسافەش لەوێ بەڕاستی بۆ ئەو پێشمەرگانە هەبێ، ئەوانە پێشمەرگەی دێرینن و ساڵانێکی زۆر خزمەتیان کردووە، سەبارەت بەو مافانەی کە بۆ شەهیدی سەنگەر و جینۆساید و هاووڵاتی، هەر لە دەقی یاسا کۆنەکە هاتووە، بەشێ لەو مەسەلەی زەوی بەتایبەتی، وا نووسراوە کە بەتەنیا بۆ شەهیدی سەنگەر و جینۆسایدە، ئەوەی مافی زەوی، ئەوە لەدەقە کۆنەکەی یاسادا هاتووە، ئێمە دیاریمان کردووە، سەربارەت بە وەزارەتی شەهیدان هەڵبەتە ئێوە دەزانن ئێمە ئاواتمان ئەوەیە موعاناتی ئێمە و ئەرکی ئێمە، ئێمە ئەرکمان هەیەو موعاناتیشمان هەیە، وەکو هەموو پیشەو هەموو کارێك، ئاواتی ئێمەیە باشترین خزمەتگوزاری پێشکەش بکرێ بە کەس و کاری شەهیدان، پێمان خۆشە وا دەست کراوە بین هەموو مافێك و هەموو موستەحەقاتێك بکەین، بەلاٚم ئێوە خۆتان واقیعەکە ئەزانن، حکومەتی کوردستان، ئێمە پێمان وایە زۆر پێداگری بکەین لەوەی کە حکومەتی عیراق ئەو قەرەبوو کردنەوە دابین کرا، یەعنی بیکەین بە خواستێکی جەماوەری، پەرلەمانی، حکومی، گوشارێکی زۆر زۆر دروست بکەین، ئەمجارە باش بوو

خۆشبەختانە حکومەتی هەرێمی کوردستان، ئەو داخوازیەی لە ڕیزی یەکەم کردووە، ئەبێ هەموومان پشتیوانی بکەین، وا بکەین ئەو قەرەبوو کردنەوە ببێ، چونکە لە ڕووی یاساییەوە لە ڕووی سیاسیەوە ئەبێ حکومەتی عیراق ئەو مافانە دابین بکات، هیوادارین بتوانین ئەمانەی ئێستاش کە هەیە، هەر داوا بکەین حکومەتی عیراق بیکات، بەڕاستی نەوەك لەسەر ئەو بودجە دیاری کراوەی کە حکومەتی کوردستان وەری ئەگرێ، ئینسافیەکەش بابڵێین یەکسانی و ئینسافی، ئێمە کوردستان شەهیدێکی زۆرمان هەیە، گوندێکی زۆر ڕووخاومان هەیە، زیانێکی زۆرمان لەو جەنگانەی کۆمەڵ کوژی و دژی مرۆڤایەتی، هەموو جەنگەکان بینیوە، ئەگەر بەراوردی بکەین لەگەڵ حکومەتی عیراق، شوێنەکانی تری عیراق شەهیدیان کەمترە، وێرانیان کەمترە، بەڵام بودجەیان لە 83٪یە، ئێمە 17٪ ش ناگاتە دەستمان، بۆیە ئەبێ ئێمە ماف و حەقی شەهیدان بخەینە سەر سندوقێك، وەکو پڕۆژەیەك کە ئێستا هەمانە پڕۆژەی قەرەبوو کردنەوە، عیراق دیاری بکات، لەوێ مافی کەس و کاری شەهیدانی ئێمەو هەم زیان لێکەوتوانی کوردستان بدرێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان دیارە دەزانن ماوەی سێ سەعات و نیوە ئەمڕۆ بەتەنیا یەك ماددەمان موناقەشە کرد، بیرو بۆچوونی جیاواز، پێشنیاری جیاواز، پرسیار، ئەوانە هەمووی دیارە پێویستی بەکاتە لیژنەی هاوبەش، تاوتوێیان بکات، بۆ ئەوەی پوختەیەکی باش دابنێ، بۆئەوەی تەعبیر لە ڕەئی هەموویان بکات، بۆیە دانیشتنەکە دوا دەخەین تا بەیانی سەعات (11) پێش نیوەڕۆ بە خواتان دەسپێرین.

| | | |
|---|---|---|
| فرست احمد عبدالله | د.حسن محمد سورە | د. ارسلان بایز اسماعیل |
| سکرتێری پەرلەمانی | جێگری سەرۆکی پەرلەمانی | سەرۆکی پەرلەمانی |
| کوردستان – عێراق | کوردستان – عێراق | کوردستان - عێراق |

# پەرلەمانی کوردستان - عێراق

**پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (15)**

**سێ شەممە ڕێکەوتی 7\5\2013**

**خولی سێیەمی هەڵبژاردن**

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (15)

## سێ شەممە ڕێکەوتی 2013/5/7

کاتژمێر (11)ی پێش نیوەڕۆی ڕۆژی سێ شەممە ڕێکەوتی 2013/5/7 پەرلەمانی کوردستان - عێراق بە سەرۆکایەتی د.ارسلان بایز اسماعیل سەرۆکی پەرلەمان و، بە ئامادەبوونی بەڕێز د. حسن محمد سورە جێگری سەرۆك و، بەڕێز فرست أحمد عبداللە سکرتێری پەرلەمان, دانیشتنی ژمارە (15)ی خولی سێیەم, ساڵی (2013) ی خۆی بەست.

**بەرنامەی کار:**

بەپێی حوکمەکانی بڕگە (1)ی مادده (20) لە پەیڕەوی ناوخۆی ژمارە (1)ی هەموارکراوی ساڵی 1992ی پەرلەمانی کوردستان - عێراق, دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان بڕیاری درا دانیشتنی ژمارەی (15)ی خولی سێیەمی هەڵبژاردن لە کات (11)ی پێش نیوەڕۆی ڕۆژی سێ شەممە ڕێکەوتی 2013/5/7 دا بەم شێوەیە بێت:

1- بەردەوامبوون لەسەر خستنەڕوو و گفتوگۆ کردنی پێشنیاری یاسای هەموار کردنی سێیەمی یاسای ماف و ئیمتیازاتی کەسوکاری شەهیدو ئەنفالکراوەکان لە هەرێمی کوردستان.

2- خستنەڕوو و گفتوگۆ کردنی پرۆژە یاسای پاراستنی تەندروستی دەروونی لە هەرێمی کوردستان – عێراق.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

بەناوی گەلی کوردستان، دانیشتنی ئەمڕۆمان دەست پێ دەکەین، پەرلەمانی کوردستان ـ عیراق، خولی سێیەمی هەڵبژاردن، ساڵی چوارەم، خولی گرێدانی دووەم، ژمارەی دانیشتن (15)، ڕۆژی دانیشتن 2013/5/7، بەرنامەی کار:

بەپێی حوکمەکانی بڕگە (1)ی مادده (20) لە پەیڕەوی ناوخۆی ژمارە (1)ی هەموار کراوی ساڵی 1992ی پەرلەمانی کوردستان - عێراق، دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان بڕیاریدا بەرنامەی کاری دانیشتنی

ژمارە (15)ی ئاسایی خولی سێیەمی هەڵبژاردن لە کاتژمێری 11ی پێش نیوەڕۆی ڕۆژی سێ شەممە ڕێکەوتی 2013/5/7 بەم شێوەیە بێت:

1- بەردەوامبوون لەسەر خستنەڕوو و گفتوگۆ کردنی پێشنیاری یاسای هەموار کردنی سێیەمی یاسای ماف و ئیمتیازاتی کەسوکاری شەهیدو ئەنفالکراوەکان لە هەرێمی کوردستان.

2- خستنەڕوو و گفتوگۆ کردنی پرۆژە یاسای پاراستنی تەندروستی دەروونی لە هەرێمی کوردستان – عێراق.

بەخێرهاتنی بەڕێز وەزیری شەهیدان و وەفدە یاوەرەکەی دەکەین، داوا لە لیژنەکانی پێشمەرگەو یاسایی دەکەین بفەرموون بۆ سەکۆی لیژنەکان. فەرموو کاک کاردۆ.

**بەڕێز کاردۆ محمد پیرداود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە لە ماوەی رابردوو بەپێی پەیڕەوی ناوخۆ لە ماددەی (54) چەندین یاداشتمان داوەتە سەرۆکایەتی پەرلەمان، کەمترین وەڵاممان وەرگرتووە بەشێوەیەکی فەرمی، یەکێك لەو یاداشتانەی کە لەو ماوەیە دامان وەکو فراکسیۆنەکانی ئۆپۆزسیۆن پەیوەندار بوو بە خستنە بەرنامەی کاری دە پرۆژە یاسا، کە پێمانوایە یاسای گرنگن، ئەگەر گرفتەکە لەسەر سازان، یان تەوافوق بێت، پێویستە بەپێی پەیڕەوی ناوخۆ ئەو پرۆژە یاسایانە بێنە بەرنامەی کار، یان بچنە لیژنەکان لەوێ گفتوگۆ لەسەر تەوافوق بکرێت، نەك نەخستنە بەرنامەی کار، نە پشتگوێ خستنی، بەڕاستی ئەوە ماوەیەکی دیارە رووبەڕووی ئەو کێشەیە دەبینەوە، پێمان خۆشە لێرە پەرلەمانتاران بەپێی پەیڕەو ئەم مەسەلەیە یەکلا بکەنەوە، لەبەرچی سەرۆکایەتی کە یاداشتەکە دەدەین بۆ ئەو پرۆژانەی ئەهمیەتیان هەیە بۆ رێکخستن، یان بۆ رێگرتن لەو کێشانەی کە هەن پەیوەندی بە ژیانی هاووڵاتی هەیە، بە سیستەمە سیاسیەکەی هەیە، نە بە رەسمی وەڵام دەداتەوە، نە دەیخاتە بەرنامەی کارو دواییش دەبیستینەوە کە گوایە پێویست بە سازانە، سازان لە شوێنێك دەکرێت کە گفتوگۆی لێ بکرێت، یان لەناو قاعە، یان لە ناو لیژنەکان، سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

لەڕاستی دا ئەمە لە دەرەوەی بەرنامەی کارە ئێمە ناتوانین خاڵێکی کە جەنابت ئێستا تەرحی دەکەی بیخەینە بەرنامەی کار، بەڵام دەکرێ لەدوای ئەم کۆبوونەوە یان سبەی بەیانی جەنابشت لەگەڵ ئەم برادەرانەی کەوا سەرۆکی فراکسیۆنەکانن بفەرموونە سەرۆکایەتی پەرلەمان و وەڵامی خۆتان وەرگرنەوە، زۆر سوپاس، لیژنەی یاسایی بۆ سیاغە کردنی ماددەکە فەرموون.

کاك عونی فەرموو.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە دانیشتنی دوێنێ ئەندامانی پەرلەمان ڕاوبۆچوونی خۆیان سەبارەت بە ماددەکە و پێشنیارەکانیان پێشکەشی پەرلەمان کرد، لە ئەنجامدا لیژنە ئەو پێشنیارانە کە فیعلەن پێشنیاری ڕێك و پێك بوون مەبەستی ئەوە بوو یاسایەکە دەوڵەمەند تر بکرێت، لەو پێشنیارانەش هەندێ برادەران بەڕاستی مولاحەزاتی باشیاندا، بە تایبەتی خوشکە ئاهەنگ خان کە مولاحەزەیەکی جوانیدا بەنیسبەت باب و دایك و چۆنیەتی ناو هێنانیان یان نەهێنانیان لە قانونەکەدا، هەندێ برادەرانی تریش بەهەمان شێوە، ئیجاب ناکات ناویان بێنین سوپاسی هەموویان دەکەین، لە ئەنجامی ئەو ڕاوبۆچوونانە، ئێمە سیاغەی ماددەکەمان بەم شێوەیە دارشتووە کە ئێستا دەیخوێنمەوە.

المادة 5:

اولا/ تعدل الفقرة اولا من المادة السابعة من القانون وكالاتى:

اولا/ يتمتع ذوي شهيد خندق النضال (سەنگەر) وضحايا الابادة الجماعية بالحقوق والامتيازات الاتية:

1/ يمنح زوج شهيد خندق النضال (سەنگەر) وضحايا الابادة الجماعية منحة مالية وقطعة ارض سكنية أو وحدة سكنية وعلى النحو الاتى:

أ/ الشهيد الاعزب: فتسجل الوحدة السكنية أو قطعة الارض باسم والديه أو بأسم احدهما فى حالة وفاة اي واحد منهما.

ب/ الشهيد الاعزب و والداه متوفيين فتسجل الوحدة السكنية أو قطعة الارض باسم اخوته واخواته.

ج/ الشهيد المتزوج اذا لم يكن لديه اولاد فتسجل الوحدة السكنية او قطعة الارض باسم زوجه ووالديه او باسم احد الوالدين فى حالة وفاة اي واحد منهما.

د/ اذا كان الشهيد متزوجا ولديه اولاد فتسجل الوحدة السكنية او قطعة الارض باسم زوجه واولاده.

2/ اذا كان الشهيد متزوجا باكثر من واحدة أو واحد فيكون لمن كان فى عصمة الشهيد وقت استشهاده و لاولادهم من الشهيد او لاولاد الشهيد من زوجه المتوفي قبل استشهاده او الغير الباقى على عصمته نفس الحقوق والامتيازات المقررة فى هذا القانون.

3/ اذا كان فى العائلة اكثر من شهيد يكون توزيع المستحقات الواردة فى هذا القانون على النحو الاتى:

أ/ يستلم الزوجة أو الزوج والاولاد والوالدة والوالد كل المستحقات مع مراعات احكام المادة الخامسة من هذا القانون.

ب/ يستلم كل من اخوة واخوات شهيد خندق النضال (سەنگەر) وشهيد المواطن المستحقات كل على حدة.

ج/ اذا كان كلا الوالدان شهيدين من شهداء خندق النضال (سەنگەر) أو شهيد المواطن فيمنح لاولاد الشهيد مستحقات الشهيد الواحد استثناءا من احكام المادة الخامسة من هذا القانون.

د/ بالاضافة الى ما وردت فى الفقرة ثالثة اعلا فاذا بقي فى العائلة مستحق واحد فيصرف له منحة الشهيد (شەهیدانە).

ثانيا/ يلغى البندان (الرابعة والثامنة) من الفقرة ثانياً من المادة ويحل محلهما مايلى ويعدل البند ثالثا منها ويضاف بند بتسلسل تاسعاً اليها وكالاتي.

3/ على الحكومة اعادة رفات الشهيد والمؤنفل من داخل الاقليم وخارجه الى محل اقامة عائلته، وتتحمل تكاليف ذلك.

4/ تخصص نسبة 5٪ من التعيين فى الوظائف العامة لاولاد الشهداء وفقا لقانون مجلس الخدمة العامة فى الاقليم.

9/ ينظم صرف المخصصات (الزوجية والاولاد) لزوجة وزوج واولاد الشهيد بتعليمات تصدرها الوزارة.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

پێش هەموو شتێك (اذا كان الشهيد متزوجا باكثر من واحدة او واحد) ئەو كەلیمەی واحد مومكینە ئەشكالاتێك دروست بكات، ئەندامانی پەرلەمانیش باسیان كرد، ئەو واحدە حەلێكی بۆ ببیننەوە، یا بڵێین (اكثر من واحد)، تەعبیرەكە قەسدمان لە سیاغەكە باش نەهاتووە، كاك د.بشير فەرموو.

**بەڕێز د.بشير خليل حداد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەو كەلیمەی (واحد) دەبێ لابچێ، لەبەرئەوەی دەكرێ (اكثر من واحد) ەی هەبێ، بەڵام ناكرێ لە حاڵەتێك ئافرەت (اكثر من واحد)ی هەبێ، ئەوە یەك، دوو/ دوێنێ زیاتر لە.... .

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

مەبەستی (اكثر من مرة)یە.

كاك د.بشير فەرموو.

**بەڕێز د.بشير خليل حداد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

دوێنێ زیاتر لە چوار، پێنج ئەندام پەرلەمانی بەڕێز پێشنیاری ئەوەیان كرد كە لە حاڵەتێك ئەگەر هاتو شەهید ئافرەتەكەی مابوو و منداڵی نەبوو ئەم موستەحەقانە لە مابەینی ژنەكە و دایك و باوكی بە یەكسانی دابەش نەكرێ، لەبەرئەوەی موتەزەرری زیاتر ئافرەتەكەیە، بۆیە نیسبەیەكی زیاتر بۆ ژنەكەی بێ، نیسبەكەی دیكە بۆ دایك و باوكەكە بێ، ئێمە ئیقتراحمان كرد كە بەلای كەم 50٪ بۆ ژنەكە بێ، ئینجا لە 50٪ یەكەی دیكە بۆ دایك و باوكەكە بێ.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

پەیام خان فەرموو.

**بەڕێز پەیام احمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمە ئەمە چەند جارێكە ئەمە بەدی دەكەین، لەگەڵ ڕێزم بۆ لیژنەی هاوبەش، چەند كەسێك لە چوار كەس زیاتر، لە 10 كەس زیاتر پێشنیاری بابەتێكی كردووە، بەڵام بەداخەوە دوای ئەوەی كە سیاغەی دەكەن ئەوانەی تر ناخرێتە دەنگدانەوە .......... .

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

هێشتا نەچووەتە دەنگدانەوە، چ ئەشكالێك هەیە دەتوانن ئەندامانی پەرلەمان باسی پێشنیارەكەی خۆیان بكەن، پەیام خان فەرموو.

**بەڕێز پەیام احمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەبێ هەموو پێشنیارەكانیان باسكردابایە، چەند كەس لە ئێمە باسمان كرد، لەگەڵ ڤیتعە ئەرزەكە مینحەیەك بوایە، چەند كەسێك باسی كردووە، ئەو مینحەیە دەبووایە بكرایە، بۆ تاقانەكان هیچ باسێك نەكراوە، تەقریبەن زۆربەی زۆرمان قسەمان كرد لەسەری، نا باس نەكراوە، موخەسەساتەكە بە پێی قسەی وەزیری دارایی ئەو وتی لە پەرلەمان بۆم دیاری بكرێ، چوار كەس و پێنج كەس زیاتر باسی ئەوەی كرد وتی بۆ خێزان 100 هەزار و بۆ مناڵ 25 هەزار بیخەنە دەنگەوە بزانین دەنگ دەهێنێ یان نا، دوای ئەوە ئەگەر یەكێك چەند شەهیدی هەبوو، یەعنی شەهیدەكان زیاتر بوون لێرە نیسبەكان پێشنیار كراوە، بەڵام لەوێ كە پێشنیاریش نەكراوە بۆمان دیاری بكرێ ئەگەر (اكثر من شهید) چی بەسەر دێت، یەعنی ئەوانەی كە 4 شەهید و 5 شەهیدیان هەیە چۆن حساب دەكرێ؟، مووچەكان چۆن زیاد دەكرێ؟ دەبێ دیاری بكرێ، نەك بە نیسبەكان، چونكە ئێمە زۆر كەس دەیوت ئەو ...... .

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

پەیام خان ئەمەش حەل كراوە، ئەوەشی باس كرد، فەرموو.

**بەڕێز پەیام احمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئاخر بە وازحی نەهاتووە، یەعنی چۆن هین دەكرێ؟.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

مینحەكەی تێدایە، هەموو شەهیدێك موستەحەقاتی خۆی هەیە، ئەوەشی تێدایە، كوێستان خان فەرموو.

**بەڕێز كوێستان محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

وەڵڵا منیش پشتگیری قسەکانی پەیام خان دەکەم، پێویستە پێش ئەوەی ئەو بەڕێزانە لەسەر سیاغەیەك ڕێك بکەون پێشنیاری ئەندامان بخرێتە دەنگدانەوە، من تەئکید دەکەمەوە لەسەر هەندێك لەوانەی کە پەیام خان باسی کرد، بۆ نموونە تاقانەکان بەشێکی زۆر لە ئەندامانی پەرلەمان باسیان کرد، دەرماڵەیەك بدرێ بە هاوسەر بە 100 هەزار، دەرماڵەکان 25 هەزار، ئەوەش بەشێکی زۆر لە ئەندامانی پەرلەمان باسیان کردو و بەڕێز وەزیریش پشتگیری کرد، وەزیریش و چەند ئەندام پەرلەمانێك باسیان کرد مەسەلەی ئەوە بوو بڕگەیەك زیاد بکرێ، لە کاتی هەر زیاد کردنێك بۆ مووچە خۆرانی هەرێمی کوردستان نیسبەیەکیش بۆ شەهیدان زیاد بکرێ کە تا ئێستا ئەمە نەکراوە، بۆیە داوا دەکەین یەك، یەك ئەمانە بخرێنە دەنگدانەوە، دوایی ئەخیر سیاغە بخوێنرێتەوە، بە کوردیش، زۆر سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

تیکرار نەبێ سیوەیل خان، باشە عەزیمە فەرموو.

**بەڕێز عظیمة نجم الدین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من تێبینیم لەسەرئەوەی شەهیدی سەڵت هەیە، بە پێی سیاغەکەی ئەمان بێ کە لیژنەی یاسایی و لیژنەی مەعنی ئیشی لەسەر کردووە، یەعنی شەهیدی سەڵت تەنها بۆ دایك و باوك، ئەگەر دایك و باوك مرد بێ، یەعنی هیچ مینحەیەك یان پارچە زەویەکە نەوتراوە بۆ خوشك و برا، دەڵێ (احداهما)، یەعنی یان دایك یان باوك یان کێی تر؟ من وای تێ گەیشتم.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

عەزیمە خان ئەوەش هاتبوو، ئەمەش لە سیاغەکە هاتبوو، داوا دەکەین گوێتان لە تەوزیحەکان بێ بۆ ئەوەی تیکرار نەبێتەوە، سۆزان خان فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، بەش بە حاڵی خۆم مەسەلەی نەوە و ئەو شتانە من لەوەیا بیر کردنەوەیەکی جیاوازم هەیە، بۆیە حەز دەکەم ئەم بابەتانەی کە ئەو بەڕێزانە باسیان کرد کە بە عەرەبی خوێنراوەتەوە بەکوردیش بخوێنرێتەوە، ئەو بابەتانەی ئەوان باسیان کرد بیخەنە دەنگدانەوە بۆ ئەوەی مەسەلەکە ببڕێتەوە، زۆر ئاساییە.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

پەروین خان فەرموو.

**بەڕێز پەروین عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیاره ئێمە سێ کەس دوێنێ داوامان کرد کە موخەسەساتی مانگانە بۆ کوڕ و کچی شەهید ئەوانەی لە زانکۆ ئەهلیەکان دەخوێنن سەرف بکرێ، لە یاسای وەزارەتی شەهیدان ئاماژە بە تێچووی سالانەی خوێندنی کوڕ و کچی شەهید دەکات، ئاماژە بە موخەسەساتەکە ناکات، دوایی جەنابی وەزیر لە کاتی کۆبوونەوە گوتی ئێمە 200 هەزار دادەنێین بۆ ئەوەی کە هەم بۆ قسمی داخلیەکەی هەم بۆ موخەسەساتی مانگانە، نازانم هیچ ئاماژەی پێ نەکرا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سوره/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك عماد ئاخر کەس و لیژنەی یاسایی تکایە وەڵامی ئەوانە بدەنەوە، فەرموو.

**بەڕێز عماد محمد حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەڵڵاهی بەس من تێبینم لەسەر فەقەرەی 3 (ب) هەیە، ئەگەر تەماشا بکەن دەڵێت (یستلم کل من اخوة واخوات شهید خندق النضال (سەنگەر) وشهید المواطن المستحقات کل علی حده) باشە ئەگەر مەسەلەن ئەم موستەحەقاتە هی شەهید بێ، چەند خوشك و برا هەبێ، تۆ ئەو موستەحەقە دابەش دەکەی یان ژی هەر کەسەك لەوانە (علی حده) وەربگریت، ئەم دەقە عەرەبیە بەڕاستی فەزاحەتە ئەگەر بەم شێوەیە بێ، جا داوا لە لیژنەی یاسایی دەکەم دووبارە تەماشای ئەم دەقە بکەن، سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سوره/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی؟ کاك عونی فەرموو.

**بەڕێز عونی کمال بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان باسی ئەوە دەکەن کە مینحە، ئێمە مینحەمان تەسبیت کردووە لە ماددەکان ولە فەقەرەکان، لە بیدایەتی خوێندمەوە دووبارەی دەکەمەوە (یمنح زوج شهید خندق النضال (سەنگەر) وضحایا الابادة الجماعیة منحة مالیة) واتە ئەوە جێگیر بووە پێشتر کە تەقدیم کرا، سەبارەت بە چۆنیەتی دابەش کردنی موستەحەقاتەکان د.بشیر ئاماژەی پێی کرد ماددەیەکمان هەیە لە قانونەکە ماددەی دوایی لە ماددەی 6 فەقەرەی 1، (توزع الحقوق المالیه علی المستحقین بالتساوی) واتە ناتوانین ئێستا ئێمە لێرە یان دەبێ ئەویش هەموار بکەینەوە، یان ئەوەیە بەو شکلەیە ناتوانێ سیاغەیەکی ماددەیەکی بکەین تەعاروز بکات لەگەڵ ماددەی دیکە کە تەسبیتە و گۆڕانکاری لەسەر نەکراوە و داوای هەموارکردنیان بۆ نەکراوە، بە نیسبەت شووکردنی ژن، ژنێکی پێشمەرگە ئەگەر مێردەکەی شەهید بوو و دووبارەی شووی کردەوە ئەوە مافی خۆیەتی و کەس ڕێگر نیە لێی، مەبەستمان لە سیاغە کردنەکەی (لاکثر من واحد) هەر ئەوەیە، یەعنی ئەگەر هاتو شووی کردەوە بۆ جارێکی دیکە مێردی پێشووی ئەمری خوای کردبوو و شەهید بوو، موخەسەسات لە قانون ئەگەر دیاری بکرێ وابزانم زەرەری کەسوکاری شەهیدانە، چونکە موخەسەسات قابیلی گۆڕانکاریە، حکومەت بەین بەین خۆی ماوە ماوە بە گوێرەی زروف موخەسەسات زیاد دەکات، ئەو

مافـەمان داوەتـەوە حکومـەت کـە پێشـنیار کـرا تـەنها وەزارەتـی شـەهیدان و ئـەنفالکراوەکان ئـەوان مـافی ئەوەیان هەبێ تەعلیمات دەربکەن، تەعلیماتەکەش حەسر کرا لەسەر پێشنیارەکانی ئەندامانی پەرلەمان بە تایبـەتی وابـزانم ڤیـان خـان و کوێسـتان خـان بـوون ئـەو پێشـنیارەیان بـە نـەزەری ئیعتبـار وەرگـرت و تەسبیتمان کرد لە پرۆژەکە کە ئێستا خوێندمانەوە.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك عونی ئەگەر تەحدید بکرێ، چونکە موخەسەساتێکی زەوجی ئیستسنائی هەیـە، یـەعنی مـەربوت نیـە بە راتب، جەنابی وەزیر موافقە لەسەر ئەوەی تەحدید بکرێ، پێشتر قسـەت لـەو بابەتـە کـردووە، جـەنابی وەزیر فەرموو.

**بەڕێز صباح احمد محمد (ئارام) (وەزیری شەهیدان وئەنفالکراوان):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بەو خاڵەی موخەسەسات ئێمـە پێمـان باشـە، چـونکە ئـەوە ئیمتیازێکـە، بـەڵام لێـرە ئەگـەر هـەر شتێك تەبیعاتی دارایی هەبێ ئەبێ لەگەڵ وەزارەتی داراییش قسە بکرێ، یەعنی موافەقەتی ئـەوان بـزانین و توانای حکومەت لەم قۆناغەدا چەندە؟ وە دیاری کراوە کە وەزارەت کە ئێمە پێشنیارمان کرد کە وەزارەت ڕێنماییەکان دەربکات و بە پێی ڕێنمایی ئێمە لەگەڵ وەزارەتی دارایی دەتـوانین دابنیشـین و ئـەو داواکاریـە بخەینە بەرچاو، ئەوە سەبارەت بەو خاڵە.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

لەڕاسـتی دا خـۆی نـاکرێ، نـاکرێ، چـونکە ئـەو وەختـە پـرۆژەی ئـەو کەسـە نـامێنێ کەتەقـدیمی کـردووە، لەحاڵەتێك دا دەبێتە پرۆژەی ئەندامانی تر، لەو حاڵەتە پێویستە بە پرۆژەیەکی جیـاواز تەبعـەن تەقـدیم بکرێ، بۆیە دەکرێ لەسەر ئەسڵی ئەو تەعدیلەی کە ئێستا هـاتووە قسـە بکـرێ، هـیچ ئیزافـات و کـەمی بـۆ ناکرێ تەنها لەڕووی سیاغە و لەڕووی مەعناوە، کاك عونی فەرموو.

**بەڕێز عونی کمال بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەنیسبەت تاقانە، تاقانە لە یاسایەکەدا معالەجە کراوە، لە فەقەرەی پێنجەم (یـؤول الاسـتحقاق الى الابـن او البنت طلیـة حیـاتهم اذا کـان ای منهمـا المسـتحق الوحیـد)، وابـزانم بـۆ موخەسەسـات جوابمـان داوە، گوتمـان ئەگەر هاتو تەحدید بکرێ رەقەمەکەی قابیلی گۆڕانکاری بـە گـوێرەی زروفـی مەعاشـی، بـەگوێرەی زروفـی ئیقتیصادی، ئەگەر هـاتو تەسـبیت کـرا گۆڕانکاریەکـەی دەبـێ قانونەکـە تەعـدیل بکـرێ، بـەڵام ئەگـەر ئـەو

مافەی بدەینە وەزارەت بە گوێرەی تەعلیماتی خۆی بەین بەینە زیادی دەكات ئەوە شتێكی باشترە لە مەسڵەحەتی كەسوكاری شەهیدانە.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر فەرموو.

**بەڕێز صباح احمد محمد (ئارام) (وەزیری شەهیدان وئەنفالكراوان):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بە نیسبەت هەندێ خاڵ كە باسكرا، ئێمە پێمان وایە ئەوەی كە تەبەعاتی مالی هەبێ، یەعنی ئێمە خۆ هەر تەوەقوعی ئەوەشمان كردووە، مەبدەئیەن ئێمە موافقین، بەڵام دەبێ ئەنجومەنی وەزیران و وەزارەتی دارایی لەبەرئەوەی ئێستا بودجە تەتبیق كراوە، پرس و ڕا بەوانە بكرێ توانای مالیەكە بزانرێ، ئەو كاتە ساغ بكرێتەوە، یەعنی هەر شتێك كە تەبەعاتی مالی هەبێ، لە خاڵی (د) ئەوە تەبەعاتی مالی هەیە، ئەوەی موخەسەساتەكەش هەروا، سەبارەت بەوەی نێوان هاوسەر حاڵەتی وا هەیە، هاوسەر ئەگەر ژنیش و ئافرەت هەیە دوو مێردی هەبووە، بەڵام لە دوای یەك، یەعنی مێردەكەی شەهید بووە، دوایی شووی كردووەتەوە، مێردەكەی تریشی شەهید بووە، وەكو حاڵەت هەیە ئەوە بۆ بەرچاو ڕوونی، بۆ دابەش كردنی ئەوەی لایەنی ئینسافەكە هەبێ كە ژنەكە شووی كردەوە، ڕێگری لێ نەكرێ، حەوافزی ماددیش هەبێ، هەروەها دایك و باوكەكەش زۆر زۆر گرنگە، ئێمە باسمان كرد پێشمەرگایەتی ئێمە چۆن بووە ئەو دایك و باوكانە زۆربەی زۆریان زۆربەی معاناتی منداڵەكان ئەوان بینیویانە، سجن كراون و دەربەردەر كراون و ئیشیان لەدەست چووە، خەم و خەفەتی مناڵیان هەبووە، یەعنی دەبێ ئینسافەكە بەرامبەر بە دایك و باوكیش هەبێ، حاڵەتێكی دیكە هەیە جاری واهەیە لەگەڵ هاوسەرەكەی كە شوو دەكاتەوە منداڵەكانی لەگەڵە یان لەگەڵی نیە، ئەوەش دەبێ ڕەچاو بكرێ، ببوورە ئەوەی دەرماڵەی خوێندن، یاسا كۆنەكە خۆی بڕگەیەكی تیایە بۆ ئەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك محمد فەرموو.

**بەڕێز محمد احمد علی(شارەزووری):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەوەی كە جەنابی وەزیر باسی دەكات تەبیعاتی مالی پێویستی بە پرس دەبێ، ئەم پرۆژەیە خۆی لە حكومەتەوە هاتووە، دیراسە كراوە، لە وەزارەتەوە چووەتە ئەنجومەنی وەزیران و موناقەشەی لەسەر كراوە و هاتووەتە ئێرە، یەعنی من نازانم تەبیعاتی مالی و جارێكی دیكە بیگەڕێنینەوە بۆ حكومەت، لەوەیان نازانم، باش ئەوەیە كە دەڵێم ئەم پرۆژەیە لە حكومەتەوە هاتووە و، سوپاستان دەكەم.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

موقتەرەحەكە چیە؟ فەرموو.

**بەڕێز محمد شارەزووری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من دەڵێم بخرێتە دەنگدانەوە، چونکە کەسوکاری شەهیدان یەك ساڵ و حەوت مانگە چاوەڕێی تەسدیقی ئەو پرۆژەیەن.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێستا وازحە زۆربەی ئەو شتانەی باستان کرد لەناو سیاغەکە داهەیە، بەکوردیەکەی بیخوێنەوە تکایە بابزانین، کاك عونی فەرموو.

**بەڕێز عونی کمال بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تەنها بە عەرەبی حازرە سیاغەکە.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

ڤیان خان فەرموو.

**بەڕێز ڤیان عبدالرحیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

چەند پەرلەمانتارێك هەستان، داوا دەکەین ئەو پێشنیارانەی کە پەرلەمانتاران کردوویانە یەکە یەکە بخرێتە دەنگدانەوە بۆ ئەوەی لە ڕێگەی دەنگدانەوە یەکلایی بێتەوە، کە ئەم پێشنیارانە تەسبیت دەبێ یان نا؟ پێشنیارەکان باس کراوە سێ پێشنیارە، ئەوەی دەرماڵەکە کە دیاری کراوە، بڕگەیەك بۆ زیادکردنی تاقانەکان، سێیەمیش زیاد کردنی بڕێك لە مووچە بۆ کەسوکاری شەهیدان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك عونی جارێکی تر بیخوێنەوە توخوا، فەرموو.

**بەڕێز عونی کمال بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دووبارە دەیخوێنمەوە، بەس پێم خۆشە ئەندامانی پەرلەمان بە دیقەت ئینتباهی لێ بکەن.

المادة 5:

اولا/ تعدل الفقرة اولا من المادة السابعة من القانون وتقرأ كالاتي:

اولا/ يتمتع ذو شهيد خندق النضال (سەنگەر) وضحايا الابادة الجماعية بالحقوق والامتيازات الاتية:

1/ يمنح زوج شهيد خندق النضال (سەنگەر) وضحايا الابادة الجماعية منحة مالية وقطعة ارض سكنية أو وحدة سكنية وعلى النحو الاتي:

أ/ الشهيد الاعزب فتسجل الوحدة السكنية أو قطعة الارض باسم والديه أو بأسم احدهما فى حالة وفاة اي واحد منهما.
ب/ الشهيد الاعزب و والداه متوفيين فتسجل الوحدة السكنية أو قطعة الارض باسم اخوته واخواته.
ج/ الشهيد المتزوج اذا لم يكن لديه اولاد فتسجل الوحدة السكنية او قطعة الارض باسم زوجه ووالديه او باسم احد الوالدين فى حالة وفاة اي واحد منهما.
د/ اذا كان الشهيد متزوجا ولديه اولاد فتسجل الوحدة السكنية او قطعة الارض باسم زوجه واولاده.
2/ اذا كان الشهيد متزوجا باكثر من واحدة أو الشهيدة متزوجة اكثر من مرة، فيكون لمن كان فى عصمة الشهيد وقت استشهاده و ولاولادهم من الشهيد او لاولاد الشهيد من زوجه المتوفي قبل استشهاده او غير الباقي في عصمته نفس الحقوق والامتيازات المقررة فى هذا القانون.
3/ اذا كان في العائلة اكثر من شهيد يكون توزيع المستحقات الواردة فى هذا القانون على النحو الاتى:
أ/ يستلم الزوجة أو الزوج والاولاد والوالدة والوالد كل المستحقات مع مراعات احكام المادة الخامسة من هذا القانون.
ب/ يستلم كل من اخوة واخوات شهيد خندق النضال (سەنگەر) وشهيد المواطن المستحقات كل على حدة وفق الفقرة اولا من المادة سادساً من هذا القانون.
ج/ اذا كان كلا الوالدان شهيدين من شهداء خندق النضال (سەنگەر) أو شهيد المواطن فيمنح لاولاد الشهيد مستحقات الشهيد الواحد استثناءا من احكام المادة الخامسة من هذا القانون.
د/ بالاضافة الى ما وردت فى الفقرة ثالثاً اعلا فاذا بقية في العائلة مستحق واحد فيصرف له منحة الشهيد (شەهيدانە).
ثانيا/ يلغى البندان (الرابعة والثامنة) من الفقرة ثانياً من المادة ويحل محلهما مايلي ويعدل البند ثالثاً منها ويضاف بند بتسلسل تاسعاً اليها وكالاتي.
3/ على الحكومة اعادة رفاة الشهيد والمؤنفل من داخل الاقليم وخارجه الى محل اقامة عائلته، وتتحمل تكاليف ذالك.
4/ تخصص نسبة 5٪ من التعيين في الوظائف العامة لاولاد الشهداء وفقا لقانون مجلس الخدمة العامة في الاقليم.
9/ ينظم صرف المخصصات (الزوجية والاولاد) لزوجة وزوج واولاد الشهيد بتعليمات تصدرها الوزارة.
داوا لە سەرۆكايەتی پەرلەمان دەكەم، بخرێتە دەنگدانەوە.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگرى سەرۆكى پەرلەمان:**

بەڕەئى من وازحە دەيخەينە دەنگدانەوە، زۆر زۆر وازحە و هەموو پێشنيارەكانى تێدايە، تەحەمولى مەسوئليەتيش دەكەم كە هەموو پێشنيارەكان كە كراون تێيدايەتى، بەو نەسەى كە هاتووە كێ لەگەڵ دايە

دەستی بەرز بکاتەوە؟ 62 ئەندام لەگەڵە، کێ لەگەڵ دانیە؟ بە کۆی دەنگ ئەم ماددەیە قبوڵ کرا، فەرموون بۆ ماددەیەکی تر، کاك صباح فەرمووو.

**بەڕێز صباح بیت الله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة السادسة

تعدل المادة الثامنة وتقرا کالاتی:

للوزیر اصدار التعلیمات اللازمة لتسهیل تنفیذ احکام هذا القانون.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

ماددەیەکی پرۆتۆکۆڵیە، بۆیە کێ لەگەڵە دەستی بەرز بکاتەوە؟ کێ لەگەڵ دانیە؟ 3 کەس موعارز بوو، بە زۆرینەی دەنگ قبوڵ کرا، فەرموون بۆ ماددەیەکی تر، جەنابی وەزیر پێشنیارێکی هەیە، فەرمووو.

**بەڕێز صباح احمد محمد (ئارام) (وەزیری شەهیدان وئەنفالکراوان):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە دەقە کۆنەکە یەکێ لەو ئاماژانەی کرابوون کە بڵێین هەندێ موستەحەقاتی کەسوکاری جینۆساید بدرێ تاوەکو قەرەبوو دەکرێنەوە، ئەوە لابرا، ئێستا کە ئێمە هەم زەمینەکەشی ساز تر بووە پێشنیار دەکەین وەکو ماددەیەك زیادبکرێ کە هاوکاریە موستەحەقات و هاوکاری ئەوەی چی پێ دەوترێ لە ماف و ئیمتیازاتی شەهیدان بە جینۆساید و هەموو جۆرە شەهیدەکانەوە، زیندانی سیاسی و زیان لێ کەوتووانی هەموو تاوانەکانی ڕژێمە یەك لە دوای یەکەکانی عیراق بەرامبەر بە گەلی کوردستان بخرێتە سەر حکومەتی عیراق، ئەمە بە پێی دەستووری عیراقیش ماددەی 132 دەڵێ (اولا/ تکفل الدولة رعایة ذوی الشهداء والسجناء السیاسین والمتضررین فی الممارسات التعسفیة للنظام الدکتاتوری البائد) یەعنی حکومەت خۆی لە دەستوورا ئەوەی چەسپاندووە کە دەوڵەت بە مەعنای دەوڵەتی عیراقی ئەو قەرەبوو کردنەوە، نەك هەر قەرەبوو کردنەوە کە دەڵێ ریعایە هەمووی دەگرێتەوە، ماددەی 2 دەڵێ (تکفل الدولة تعویض اسر الشهداء والمصابین نتیجة الاعمال الارهابیة).

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

لەڕاستی دا پێشنیاری زیاد بۆ پرۆژەکە دەبێتە هۆی دەرچوون لە پەیڕەو، کاك عونی فەرمووو.

**بەڕێز عونی کمال بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو پێشنیارەی کە جەنابی وەزیر ئاماژەی پێیدا ئێمە دوێنێ دەنگمان لەسەری دا، ماددەکەی فەقەرەی 6 سیاغەکەی بەو شکلە بوو (سادسا/ أ/ یستثنی اولاد واخوة واخوات ضحایا الابادة الجماعیة من الشرط الوارد فی ثانیا اعلا لحین التعویض من قبل الحکومة الاتحادیة، (ب) یستثنی أولاد شهید خندق النضال (سەنگەر) من الشرط الوارد فی اثنین من ثانیا اعلاه) واتە پێشنیارەکە دوێنێ دەنگی لەسەر درا و تەسبیت بووە وەکو فەقەرەیەکی قانونی لەو قانونەی کە ئێستا لەبەردەممانە بۆ موناقەشە کردن.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کەواتە لە پرۆژەکە هاتووە، بەڕێز سکرتێری پەرلەمان ئیزافەیەکی هەیە، فەرموو.

**بەڕێز فرست احمد (سکرتێری پەرلەمان):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەڵڵا تەعقیبەکم هەیە لەسەر قسەی جەنابی وەزیر نە بەس سەنەدی قانونی یان دەستووری ئەوەیە نیە کە لە ماددەی 132 ی دەستوور هاتووە، لە دەستووری عیراقی کە حکومەتی ئیتحادی تەحەمولی تەعویزات و نەفەقات و موکافەئات و مینەحی شەهیدەکان و ئەوانەی زەرەریان دیت بێت لە سیاساتی حکومەتەکانی پێشوو، سەنەدی ڕەئیسی ئەوەیە ئەوەی لە ماددەی 104 یش هاتووە کە موئەسەسەی شەهیدیان دروست کردووە، مەربوتە بە مەجلسی وەزیرانی ئیتحادی، مەعنای ئەوەیە نەفەقات و مەساریفی ئەو موئەسەسەیە و مووچەی ئەو مووچانەی ئەوەی دەیداتە شەهیدەکانی عیراق لە نەفەقاتی سیادی دێتە وەرگرتن، یەعنی بە مەفهومەکی تر ئێمە تەحەمولی نەفەقاتی سیادی دەکەین بە نیسبەی 17٪ لەلایەك ئێمە نەفەقاتی شەهیدەکانی عیراق دەدەین، لەلایەکی تر بەخۆمان نەفەقاتی شەهیدەکانی خۆمان دەدەین، بۆ ئەوە مەفروزە حکومەت وابزانم ئەو وەفدەی چووە بەغدا ئەگەر غەڵەت نەبم تەرکیزی لەسەر ئەو نوقتەیە کردووە، کو حکومەتی ئیتحادی بە حوکمی دەستوور تەحەمولی ئەو نەفەقاتانە و ئەو تەعویزاتانە بکات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی بۆ ماددەیەکی تر، کاك صباح فەرموو.

**بەڕێز صباح بیت الله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة الثامنة

لایعمل بای نص قانونی أو قرار یتعارض مع احکام هذا القانون.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ لەگەڵ دایە تکایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ کێ لەگەڵ دانیە؟ بە کۆی دەنگ قبوڵ کرا، بۆ ماددەیەکی تر کاك صباح فەرموو.

**بەڕێز صباح بیت الله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**المادة التاسعة**

**على مجلس الوزراء والجهات ذات العلاقة تنفيذ احكام هذا القانون.**

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك سالار نوقتەی نیزامیت هەیە؟ فەرموو.

**بەڕێز سالار محمود:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، لەڕاستی دا وەكو لەسەرەتای ماددەكاندا كە ئێمە موناقەشەمان كرد، بەڕێز وەزیری شەهیدان بەناوی حكومەتی هەرێمی كوردستانەوە، باسی ئەوەی كرد ئەم ئیمتیازانە كە بۆ كەسوكاری شەهید و ئەنفالكراوەكان و بەدیوێكیش دا بۆ سەرجەم كۆمەڵانی خەڵكی كوردستانە، چونكە پەیوەندی بە مەسەلەی بە فەرمی ناساندنی جینۆسایدە، ئێمە هەوڵ بدەین ڕەهەندە نێودەوڵەتیەكەی مەسەلەی جینۆساید لەبەرچاو بگرین، بۆیە لەماددەكانی پێشوو كۆمەڵێك تەرح كرا زیاد لە 10 پەرلەمانتار بە تایبەتیش بڕگەیەك كە پەیوەندی بە مەسەلەی ئیلتزام كردنی حكومەتی هەرێمی كوردستان بۆ گەڕان و هەڵدانەوە و دۆزینەوەو هێنانەوەی ئێسك و پروسك و مەسەلەی گۆڕە بە كۆمەڵەكان، ئەگەربە ماددەیەكی ئیزافی جێی بكرێتەوە، كارێكی زۆر زۆر گرنگە، با یاساكە پڕ نەبێ، هەموو ماددەكانی كە تەبەعاتی مالی بەرجەستەی هەیە، بەڵكو ئەم تەبەعاتەی كە پەیوەندی بە ئیمتیازاتی مەعنەویەوە هەیە بۆ هەموو كۆمەڵانی خەڵكی كوردستان و مەسەلەیەكی جیهانیە، مەسەلەیەكی ئینسانیە، هیوادارم وەكو ماددەیەك جێی بكرێتەوە، سوپاستان دەكەم.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

دەست خۆش كاك سالار، بەس وەڵلا وابزانم ئەو فەقەرەیە دەنگیشی هێنا، یەعنی تێیدایە، كاك صباح جارێكی تر ئەو ماددەیە بخوێنەوە، فەرموو.

**بەڕێز صباح بیت الله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**المادة التاسعة**

**على مجلس الوزراء والجهات ذات العلاقة تنفيذ احكام هذا القانون.**

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

كێ لەگەڵ ئەو ماددەیە دەستی بەرز بكاتەوە؟ كێ لەگەڵ دانیە؟ بە كۆی دەنگ قبوڵ كرا، بۆماددەیەكی تر، فەرموو.

**بەڕێز صباح بیت الله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

المادة العاشرة

ينفذ هذا القانون اعتبارا من تاريخ نشره فى الجريدة الرسمية (وقائع كوردستان).

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ لەگەڵە تکایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ کێ لەگەڵ دانیە؟ بە کۆی دەنگ قبوڵ کرا، بۆ ئەسبابی موجبە، فەرموو.

**بەڕێز صباح بيت الله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**الاسباب الموجبة**

بغية تسهيل وتأمين ايصال الحقوق الى المستحقين من ذوي الشهداء والمؤنفلين وضحايا الابادة الجماعية وتعويضهم ورفع الاذى عنهم فقد شرع هذا القانون.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ دەیەوێ قسە بکات؟ ئاهەنگ خان و هاژە خان، ئاهەنگ خان فەرموو.

**بەڕێز ئاهەنگ عارف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، من ئەگەر لێم قبوڵ بکەن یەك وشەم هەیە و زیادی دەکەم و دەڵێم (تسجيل وتأمين وتنظيم)، چونکە کە تەنزیم بۆ عەوائیلی شوهەدا دەکەی هیچ موشکیلەی لە دوا نامێنێ، ئەو قانونە ئەوەی باشترە، چونکە تەنزیمی موستەحەقاتەکەشی دەکا و ئەگەر لێم قبوڵ بکەن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

هاژە خان فەرموو.

**بەڕێز هاژە سليمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من مولاحەزەم لەسەر ئەوە هەیە (رفع الاذى عنهم) یەعنی ئێمە ئیعتراف دەکەین کە ئەو خەڵکەمان ئەزیەت داوە، ئێستا هەڵدەستین کە ئەو ئەزیەتەیان لەسەر هەڵ دەگرین، یەعنی بەڕاستی بە عەرەبیەکە نازانم چۆن واهاتووە، ناکرێ لێرە بڵێین (رفع الاذى عنهم) یەعنی ئێمە ئەزیەتمان داون ئێستا ئەو ئەزیەتەیان لەسەر هەڵدەگرین، بۆیە بەڕاستی پێویست دەکات کە ئەوە هەڵبگیردرێ، دواتر (فقد شرع هذا القانون) دەبێ بڵێین (فقد عدل هذا القانون)، چونکە ئەوە تەعدیلی قانونەکەیە و زۆر سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی تكایە؟ فەرموو.

**بەڕێز عونی كمال بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سیاغەكە بەو شێوەیە بۆ ئەسبابی موجبە.

**الاسباب الموجبة**

بغية تسهيل وتأمين وتنظيم الحقوق الى المستحقين من ذوي الشهداء والمؤنفلين وضحايا الابادة الجماعية وتعويضهم وتخفيف معاناتهم فقد شرع هذا القانون.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

ئێستا كۆی پرۆژەكە و لەگەڵ ئەسبابی موجبە دەخەینە دەنگدانەوە، كێ لەگەڵە تكایە دەستی بەرز بكاتەوە؟ كێ لەگەڵ دانیە؟ تەنها 3 كەس لەگەڵ نیە، كاك عونی فەرموو.

**بەڕێز عونی كمال بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەلاحیەت بدە لیژنەی هاوبەش و لەگەڵ سكرتاریەتی پەرلەمان بۆ ڕیز كردنی ماددەكان، دوو/ لە دیباجەكە ئەگەر ئیشارەت بدەین ئەوا بە پێی ماددەی 28 لە یاسای بودجە ئەو پرۆژەیە پێشكەشی پەرلەمان كراوەتەوە كە ماددەكە بەو شكلەیە (على حكومة الاقليم تقديم مشروع بتعديل قانون حقوق و امتيازات ذوي الشهداء والمؤنفلين رقم 9 لسنة 2007 بالشكل الذي ينسجم مع نظالهم وتضحياتهم) ئەوە لە دیباجەكە بنووسرێتەوە، چونكە قانونەكە ئیستنادەن لەسەر ئەو ماددەیەی قانونی لە بودجە كە باسكرا تەقدیم كراوەتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

لە كۆتایی دا دەست خۆشی لە یەكە یەكەی ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمان دەكەین، دەست خۆشی لە هەردوو لیژنەی یاسایی و لیژنەی پێشمەرگە دەكەین، دەست خۆشی لە حكومەتی هەرێمی كوردستان دەكەین بۆ پرۆژەی هەموار كردنەوەی یاسای ئیمتیازی شەهیدانی سەربەرز و خۆشحاڵین و شانازی پێوە دەكەین كە لە پەرلەمان توانیومانە ئەم یاسایە بە كۆی دەنگ دەربكەین، هیوادارین توانیبمان كە بەشێك لە مەینەتیەكانی ئەو كەسوكاری شەهیدە سەربڵندانە كەم بكەینەوە، ئێستا بەڕێز جەنابی وەزیر فەرموو.

**بەڕێز صباح احمد محمد (ئارام) (وەزیری شەهیدان وئەنفالكراوان):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمەش بەناوی وەزارەتی شەهیدان و ئەنفالكراوان زۆر سوپاسی سەرۆكایەتی پەرلەمان و هەموو لیژنەكان و هەموو ئەندامانی پەرلەمانی بەڕێز بكەین، یەك بۆ پێشخستنی یاساكە لەم كاتەدا دەزانین كۆمەڵێك یاسای تر هەیە ئەوە بایەخدانە بە كەسوكاری شەهیدان و زیندانیانی سیاسیش، سوپاس بۆ ئەو ڕاوبۆچوون

و گفتوگۆیانەی کە ئێستا یاسایەکە دەوڵەمەند تر بووە، هەنگاوێك خزمەتی کەسوکاری شەهیدان دەچێتە پێشەوە، هیوادارین بتوانین لە داهاتووشدا پێکەوە ئەو خزمەتانە زیاتر بکەین و زۆر زۆر سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

نیو سەعات پشوو دەدەین، دەگەڕێینەوە بۆ قاعە بۆ بەرنامەی کاری خاڵی دووەم. لەبەر ئەوەی نیصاب تەواو نییە دانیشتنەکەمان بۆ سبەینێ سەعات (11) ی بەیانی دوا دەخەین، خواتان لەگەڵ.

## دانیشتنی دووەم

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان، لەبەر ئەوەی نیسابمان تەواو نییە، دانیشتنەکەی ئەمڕۆمان بۆ سبەینێ سەعات (11)ی بەیانی دوا دەخەین، خواتان لەگەڵ.

**فرست احمد عبدالله**
**سکرتێری پەرلەمانی**
**کوردستان – عێراق**

**د.حسن محمد سورە**
**جێگری سەرۆکی پەرلەمانی**
**کوردستان – عێراق**

# پەرلەمانی کوردستان - عێراق

**پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (16)**

**چوار شەممە رێکەوتی 8\5\2013**

**خولی سێیەمی هەڵبژاردن**

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (16)

## چوار شەممە رێكەوتی 2013/5/8

کاتژمێر (11)ی پێش نیوەڕۆی ڕۆژی چوارشەممە ڕێکەوتی 2013/5/8 پەرلەمانی کوردستان - عێراق بە سەرۆکایەتی بەڕێز د. حسن محمد سورە جێگری سەرۆك و، بەڕێز فرست أحمد عبداللە سکرتێری پەرلەمان, دانیشتنی ژمارە (16)ی خولی سێیەم, ساڵی (2013) ی خۆی بەست.

**بەرنامەی کار:**

بەپێی حوکمەکانی بڕگە (1)ی مادده (20) لە پەیڕەوی ناوخۆی ژمارە (1)ی هەمووارکراوی ساڵی 1992ی پەرلەمانی کوردستان - عێراق, دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان بڕیاری درا دانیشتنی ژمارەی (16)ی خولی سێیەمی هەڵبژاردن لە کات (11)ی پێش نیوەڕۆی ڕۆژی چوار شەممە ڕێکەوتی 2013/5/8 دا بەم شێوەیە بێت:

1-خستنەڕوو و گفتوگۆ کردنی پرۆژە یاسای پاراستنی تەندروستی دەروونی لە هەرێمی کوردستان – عێراق.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

بەناوی گەلی کوردستان، دانیشتنەکەمان دەست پێ دەکەین، خولی سێیەمی هەڵبژاردن، ساڵی چوارەم، خولی گرێدانی دووەم، ژمارەی دانیشتن (16)، ڕۆژی دانیشتن (2013/5/8)، بەرنامەی کار:

بەپێی حوکمەکانی بڕگە (1)ی مادده (20) لە پەیڕەوی ناوخۆی ژمارە (1)ی هەموار کراوی ساڵی 1992ی پەرلەمانی کوردستان – عێراق، دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان بڕیاریدا بەرنامەی کاری داینشتنی ژمارە (16)ی ئاسایی خولی سێیەمی هەڵبژاردن لە کاتژمێر (11)ی پێش نیوەڕۆی ڕۆژی چوارشەممە ڕێکەوتی 2013/5/8دا بەم شێوەیە بێت:

1-خستنەڕوو و گفتوگۆ کردنی پرۆژە یاسای پاراستنی تەندروستی دەروونی لە هەرێمی کوردستان – عێراق.

لیژنەی هاوبەش ئەسڵی پرۆژەکە بخوێننەوە، دوایی ڕەئی خۆتان لەسەر بدەن، فەرموون.

**بەڕێز بێریڤان اسماعیل سەرهەنگ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**قانون الصحة النفسية في أقليم كوردستان –العراق**

**الباب الاول**

**(لتعاريف ونطاق سريان القانون)**

**الفصل الاول**

**التعاريف**

المادة (1):

يقصد بالتعابير والمصطلحات الاتية – لاغراض هذا القانون – المعاني المبينة أزاء كل منها:-

**اولا: الوزارة : وزارة الصحة.**

**ثانيا: الهيئة: الهيئة لعامة للصحة النفسية.**

**ثالثا: الصحة النفسية: حالة من الاستقرار النفسي والتوافق الاجتماعي والتفكير السليم والقدرة على التعامل الايجابي مع الضغوط ومواجهة التغيرات التي تفرزها الحياة واستثمار القدرات العقلية بما يفيد الفرد والمجتمع.**

**رابعا: المريض النفسي: هو المريض المصاب بواحد او اكثر من الاضطرابات الذهنية او العصابية او الاضطرابات الاخرى التي يحددها الطبيب الاختصاصي.**

1- **يقصد بالاضطراب الذهني هو اضطراب في قوى عقلية اساسية ناجم عن اعتلال شديد ذي منشاء عضوي او وظيفي يؤثر في ارادة المريض وبصيرته وادراكه وتفكيره وسلوكه وشعوره وقدرته على التكيف الاجتماعي تبعا لشدة الاضطراب ومراحله.**
2- **يقصد بالاضطرابات العصابية او اضطرابات القلق حالة من الكرب الشخصي والقلق النفسي والسلوك يعوزه التكيف الاجتماعي وضعف القدرة على مواجهة الضغوط من دون تأثيرها في القدرات العقلية الاساسية.**

**خامسا: الطبيب النفسي: الطبيب الحاصل على درجة تخصصية في الطب النفسي والمسجل في نقابة الاطباء في جدول الاخصائين أو الاستشاريين أو الطبيب الممارس في الصحة النفسية.**

**سادسا: الطبيب غير المختص في الطب النفسي:الطبيب المرخص له بمزاولة المهنة، او المتخصص في اي فرع من فروع الطب، ولم يحصل على درجة علمية في الطب النفسي.**

**سابعا: الطبيب النفسي المسؤول عن المرض: هو الطبيب النفسي المناط برعاية المريض.**

**ثامنا: الاختصاص النفسي: هو حاصل على شهادة الماجستير او الدكتوراه بعلم النفس في اختصاص الصحة النفسية او الارشادات النفسية.**

**تاسعا: الدخول الطوعي: دخول المريض احدى مؤسسات الصحة النفسية بناء على موافقته الصريحة المبنية على ارادته الحرة.**

**عاشرا: الدخول غير الطوعي: ادخال المريض الى احدى مؤسسات الصحة النفسية دون ارادته في الاحوال التي يحددها هذا القانون .**

**حادي عشر: الطوارىء النفسية: حالة نفسية سريرية حادة تصيب المريض النفسي وتهدد سلامته بخطر او سلامة الاخرين وتطلب التدخل الطبي العاجل.**

**ثاني عشر : الوحدة العلاجية: يقصد بها وحدة مغلقة تتوافر فيها وسائل المعالجة والاجراءات التحفظية او الاحترازية المناسبة.**

**ثالث عشر: فريق الطب النفسي: يتألف من طبيب نفسي أو أكثر وباحث نفسي وباحث اجتماعي وممرض نفسي.**

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو نیشتمان خان.

**بەڕێز نیشتمان مرشد صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**یاسای ژمارە (   ) ی ساڵی 2011**

**یاسای تەندروستی دەروونی لە هەرێمی کوردستان –عێراق**

**دەروازەی یەکەم**

**(پێناسەکان وسنووری بەکاربردنی یاساکە)**

**بەشی یەکەم**

**پێناسەکان**

**مادەی (1):-**

**مەبەست لە دەربرینی و زاراوەکانی دادێ – بۆ مەبەستەکانی ئەم یاسایە ئەو واتایانە کە بەرامبەر بە هەریەکێکیان روونکراوەتەوە:-**

**یەکەم: وەزارەت: وەزارەتی تەندروستی.**

**دووەم: دەستە: دەستەی گشتی تەندروستیی دەروونی.**

**سێیەم: تەندروستیی دەروونی: بارێکی جێگیر بوونی دەروونی وهاوسەنگی کۆمەڵایەتی وبیرکردنەوەی دروست وتوانای مامەڵەکردنی ئەرێنی یە لەگەڵ فشارو رووبەرووبوونەوەی گۆڕانکارییەێك کە ژیان دەیانهینێ وەبەرهێنانی توانەکانی ژیری کە سوود بە تاك و کۆمەڵ دەگەیەنن.**

**چوارەم: نەخۆشی دەروونی: ئەو نەخۆشە تووشبووەیە بەیەکێك یان پتر لە شڵەژانەکانی، بیری، دەماری، یان شلەژانەکانی تر کەپزیشکی پسپۆر دەست نیشانی دەکات.**

1- **مەبەست لە شڵەژانی بیری، شڵەژانە لە توانەکانی ژیریی بنەرەتی کەلەئەنجامی سستبوونی توندی سەرچاوەی ئەندامی یان ئەرکییەوە دەبێ، کار لە بەرێوەچوونی نەخۆش و بەرچاو روونی و درك کردن وبیرکردنەوەی هەست و رەوشت و , توانای بۆ خۆگونجاندنی کۆمەلایەتی دەکات، بە گوێرەی سەختی شلەژانەکەو قۆناغەکەی.**
2- **مەبەست لە شڵەژانی دەماری.یان شڵەژانی رارایی، حاڵەتێکە لەسەر کوتکردنی کەسی و رارایی دەروونی و هەڵس و کەوتێك کە خۆگونجاندنی کۆمەڵایەتیی کەمەو ، بێ توانایی روو بە روو بوونەوەی فشارەکانی نییە بێ ئەوەی کاری لەسەر توانای ژیریی بنەرەتی نەبێت.**

**پێنجەم: پزیشکی دەروونی:** ئەو پزیشکەیە کە پلەیەکی پسپۆریی لە پزیشکی دەروونیدا وەدەستهێنا بێ و لە سەندیکای پزیشکاندا وخشتەی پسپوڕان یان راوێژکارییەکان یان پزیشکی شارەزا لە تەندروستی دەروونیدا ناوی هەبێت.

**شەشەم: پزیشکی ناپسپۆر لە پزیشکی دەروونیدا:** پزیشکی مۆڵەت پێدراوە بۆئەوەی پیشەکەی بکات، یان پسپۆر لەهەر لقێك لە لقەکانی پزیشکی وپلەیەکی زانستیی لە پزیشکی دەروونیدا وەدەس نەهێنابێ.

**حەوتەم: پزیشکی دەروونیی بەرپرس لە نەخۆش:** ئەو پزیشکە دەروونییە یە ئەرکی چاودێرکردنی نەخۆش پێ سپێردراوا.

**هەشتەم: پسپۆری دەروونی:** بڕوانامەی ماستەر، یان دکتۆرای دەروونزانیی لە پسپۆری تەندروستی دەروونی، یان نماینکاری (مرشد) دەروونیدا وەدەس هێنابێ.

**نۆیەم: داخلبوونی بە ئارەزوو:** داخلبوونی نەخۆش بۆیەکێك لە دەزگا تەندروستییە دەروونیەکان بەپێیی رەزامەندیی ئاشکراو پشت بەستوو بە خواستی سەربەستیی خۆی.

**دەیەم: داخلبوونی بێ ئارەزوو:** داخلبوونی نەخۆش بۆیەکێك لە دەزگا تەندروستییە دەروونیەکان بە بێ خواستی خۆی کەئەم یاسایە دەست نیشانی دەکات.

**یازدەیەم: فریاکەوتنی دەروونی:** بارێکی دەروونی کەوتنی سەر جێیی سەختە، تووشی نەخۆشی دەروونی دەبێت و هەرەشەی ترسناکی لەسەر سەلامەتی خۆی یان کەسانی تر دەکات، وا دەخوازێ کە بەپەلە پزیشکی بێتە سەر.

**دوازدەیەم: یەکەی چارەسەرکردن:** مەبەست یەکەیەکی داخراوە کە هۆکارەکانی چارەسەرکردن ورێکاری خۆپارێزی وسڵەمێنەوەی گونجاوی تێدا بێت.

**سیازدەیەم: تیمی پزیشکی دەروونی:** لە پزیشکێکی دەروونی یان زیاتر پێك دێت ،لەگەڵ توێژەرێکی کۆمەڵایەتی نەخۆشکارێکی (ممرض) دەروونی.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆك:**

فەرموو د. رۆژان.

**بەڕێز د.رۆژان عبدالقادر دزیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

راپۆرتی هاوبەش لە نێوان لیژنەی تەندروستی ولیژنەی یاسایی هەیە سەبارەت بە مادەی یەکەم لە (13) برگە پێك دێت .

ماددەی (1):-

سەبارەت بە برگەی یەکەم پشتگیری دەکەین پێناسەی وەزارەتە.

سەبارەت بە برگەی دووەم کە باس لە دەستەی گشتی دەکات دوو رای جیاواز لەنێوان ئەندامانی لیژنەی یاسایی وە لیژنەی تەندروستی هەبوو بەشێکیان پشتگیری لەوە دەکەن کە دەستەیەکە گشتی دابمەزرێ لە

چوار چێوەی هەیکەلی وەزارەت وە بەشێکیان بەپێویستی نازانن دەستەیەکی گشتی دروست بکرێ، تەنها لۆجان هەیە چند لیژنەیەك لە ئاستی پارێزگا هەیە.

سەبارەت بە برگەی سێەم و چوارەم و پێنجەم ئەو سێ برگەیە پشتگیری لێ دەکەین وە هیچ تێبینیمان لەسەر نیە.

سبارەت بە برگەكانی شەشەم تاكو سیازدەهەم هەردوو لیژنەكان پێشنیار دەكەن كە ئەو بڕگانە لابدرێ وپێویست ناكا لە بەر ئەوەی پێناسەی چەند دەستەواژەیەكە ئەو دەستەواژانە ناسراون ومعلومن بۆ نموونە دكتۆری نەفسی، پێویست بە پێناسە ناكا، یان دخول تەوعی كەلەبڕگەی نۆیەم هاتیە ئەویش ماناكەی دیارە ئەو دەستەواژانەی لەبرگەی شەشەم تاكو سیازدەهەم هاتیە هەردوو لیژنە پیشنیار دەكەین كە لادرێ هەموو دەستەواژەكان مەعلومن و ئاشكرانە لەبەر ئەوە داوای پیشنیاری الغاء مان كردیە ئیتر سوپاس.

بەرێزان ئەندامانی پەرلەمان زۆر لەو موستەلەحاتەی علمی تەعریف كراون لە مەسائلی علمی بۆیە ئێمە لە پەرلەمان ناتوانین  بیانگۆڕین، تەنها چەند حاڵەتێك كەوا لیژنەی موشتەرەك قسەی لەسەر بكات،حەزدەكەین ئەندامانی پەرلەمان ناویان بنوسین.

ئاهەنگ خان، كاك كاردۆ، سۆزان خان، بەفرین خان، د.جیهان، سمیرە خان، كاك شوان، كاك فاضل، كاك نەژاد، بێریفان خان، د.رۆژان، كاك صباح بیت الله، كاك حەمە سعید.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆك:**

فەرموو ئاهەنگ خان.

**بەڕێز ئاهەنگ عارف رؤوف:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من لەو مادەیە لەگەڵ رەئی  دووەمم كە لیجان هەبێ لە پارێزگاكان ئەوە مەنتیقی ترەو وسەهل ترە، لە پێناسەی (الصحة النفسية حالة من الاستقرار النفسي) من پێم وایە ئەو حالە زیادە دەبی بڵێ (السعي الى الاستقرار النفسي) چونكە فیژنەكەی دیاری دەكەی حاڵە نیە بەخۆی یەعنی حاڵەیەكی نەخۆشی نیە ئەتۆ موهیمەكەی دیاری دەكەی (السعي الى الاستقرار النفسي والتوافق الاجتماعي والتفكير السليم)بەمن بێ ئەوە (السعي) بێ باشترە لە (حالة) چونكە ئەوە (پێنشن) نیە ئەوە (ڤیشنە) وەڤیشنەكەی توو دەڵێی (السعي الى الاستقرار النفسي) یەعنی موحاوەلە دەكەی، لەگەڵ هەردوو لیژنەی یاسایی وە لیژنەی تەندروستیشم كە لە شەشەم هەتا سیازدەهەم ئەو فەقەرەیە داعی نیە بنووسرێ،چونكە ئەو پێناسەیە زۆر مەعروفە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆك:**

فەرموو كاك كاردۆ.

**بەڕێز کاردۆ محمد پیرداود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە مادەی یەکەم دوو بۆچوون هەیـە،من پیشـتوانی بۆچـوونی دووەم ئەکـەم پـێم وایـە هەرچـەند ئەوە بڵێین یاسایەکە پەیوەندارە بە کاری پسپۆری، پێویستە بڵێین بۆچوون یان رەئـی وەزارەت لەبـەر چـاو بیگێری سەبارەت بە جێبەجێ کردنی یاسا، بەڵام پێم وایە ئێمـە هـەر یاسـایەك دەرکـەین هەیئـەتێکی بـۆ دابمەزرێنین بۆ جێبەجێکردنی ئەمە بارێکی قورسـتر دەخەینـە سـەر وەزارەتەکە وە رۆتـین زیاد دەکـەین، لەبەر ئەوە پێم وایە پێویست ناکا بـەوەی کـە ئـەو هەیئەتـە هـەبێ ئـەرکی وەزارەتـە ،وەزارەت ئەنجومـەنی هەیە وە لیجانی تەندروستی دەروونی هەیە لە لیجاکان بەو شێوازە کە بەخۆی رێنمایی دەردەکا وجێبەجێ یاساکەی دەکا، میکانیزمێك بدۆزری وەهەیئەتی نوێ دروست نەکرێ . سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆك:**

فەرموو سۆزان خان.

**بەڕێز سوزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بێگومان ئێمە گوێمان لە رای وەزارەت نەبوو کە بۆچی دەیـەوێت یـاخود رەئیـان چیە لـە سـەر بابەتەکە؟ ئەوان پێیـان باشـە هەیئـەت بـێ یـاخود لیژنـە بـێ بـۆ ئـەوەی ئێمـە بـەر چاومان روون بـێ، بـەڵام گرنگـی تەندروستی دەروونی لەوەدایە کە تۆ دەبێ حکومەت ئەو سیاسەتەی هەبێ لە بـاری پاراسـتنی تەندروسـتی دەروونی بۆ هاووڵاتیانی هەرێم لە قوتابخانـە، نـەك لـە قوتابخانـە بگـرە لـە داینگـەوە دەبێـت دەسـت پێبکا هەتاکو ناو دەوائیرو وەزارەتەکان، چونکە تەندروستی دەروونی مەرج نیە ئـەو کەسـە حاڵـەتی نەفسیەکەی ئـەعرازەکانی پێـوە دیـار بـێ، زۆر جـار هەیـە کامنـە لـە نـاخی ئـەو کەسـە بـە کۆمـەڵێك هەڵسـوکەوتدا دەردەکەوێت، بۆیە من ئەگەر گوێم لە بەڕێز وەزیری تەندروستی نەبێت بزانین هەتا ئێستا حکومەت چـی کردووە ئیشەکانی چۆن بـەرێوە رۆیشتووە، ئەگـەر هەیـە چۆن ئـەم کارانـەی بـەرێ کـردووە؟ چـونکە مـن مولاحەزەم کردووە قەت ئیهتمام نادرێ بەلایەنی دەروونی لـە هـیچ موئەسەسـەیەکی ئـەم وڵاتـەدا لـە هـیچ شوێنێکی ئەم وڵاتەدا، ئەسڵەن لایەنی دەروونی خراوەتەوە پشت گوێـوە ئەگـەر ئێمـە بمانـەوێ ئـەم یاسـایە ببێتە ئەو یاسایە ئیتر لەمە و دوا حکومەت دەبـێ حسابی تەندروسـتی دەروونـی بکـا بـۆ هاووڵاتیـان دەبـێ بزانین هەڵیسەنگێنین هەیئەت باشترە یان ئەم کارە لیژنە بیکا ؟مـن ئێسـتا نـاتوانم بڵێم واللە لیژنـە باشـە زۆر جار هەیـە هەیئـەت سیاسـەتێك دا ئەرێـژی بـۆ هـەموو مەرفەقـەکانی ئـەم وڵاتـە، بۆیـە پێویسـتە بـە هەیئەت ئەبێ جاریش وایە کارەکە بە لیژنە ئەڕوا ئێوە وەکو حکومەت رایتـان چییە ئـەوە بـۆ ئێمـە روون بکەنەوە بۆئەوەی ئێمە لەسەر ئەو ئەساسە ئێوە دەنگیان بۆ بدەن وەزۆر سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆك:**

فەرمووئاشتی خان.

**بەڕێز ئاشتی عزیز صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە مادەی یەکەم من پشتگیری لەوە ئەکەم کەدەستەکان بیمێنێتەوە یان بە کۆمەڵێك پشت ئەستوری ئەوەیە کەترس لە بوونی بەڕێوەبەرایەتێك وەترس لە زۆربوونی ڕۆتینات مانای وا نیە کە ئێمە هەمیشە دژی دروست کردنی بەڕێوەبەرایەتی ودەستە بین بە ناوی ئەوەی کە ڕۆتینەکانی ئیداری دروست دەبێ، زۆر جار زورڕەت وا ئەخوازێ کە سیاسەتێك لەژێر چەتری بەڕێوەبەرایەتێك یان دەستەیەکە باشتر ئیمکانی هەیە دا بڕێژرێ وەك ئەوەی ئیشی لیجان بێ بەتایبەت لە هەرێمی کوردستان کە ئاشکرایە بەزۆر دوخا ڕۆیشتووە کە حالەتی نەفسی جێگیر وترومای دەروونی لە هەرێمی کوردستاندا کە ڕێژەیەکی زۆر زۆرە پێوستی بە موعالەجە کردنە وە پێشتریش بە کۆمەك کردن بۆ سەقامگیری دەروونی لە هەرێمی کوردستانا لە ئاستێکی لاواز بووە لەبەر ئەوەی سیاسەتێکی گشتی نەبووە تێروانیەکەی هەمەلایانە نەبووە بۆ سەقامکیری دەروونی، بۆیە بەبڕوای من ئەم ئەرکانە کەلەدەستەکەیان نووسراوە زۆر زەحمەتە بتوانێ کە لیجان جێبەجێی بکا کە یەکێك لە بەڵگەکان ئەوەیە کە یەك سیاسەتی گشتی دابنرێ لە هەرێمی کوردستان بەبڕوای من سەرکەوتووتر ئەتوانێ دابڕێژرێ وە بەهەمان شێوە لە خاڵێکی تردا یەکێك لە ئەرکەکانی دەستە بریتیە لەدروست کردنی لیجانی فەرعی کە خۆی لیژنە بێت زۆر زەحمەتە بتوانێ کەجارێکی تر کۆنترۆلی لیجانە فەرعییەکان بکاتەوە لە ناوچە جیاجاکانەوە، بۆیە من پشتگیری لەوە ئەکەم کە لە ترس ڕۆتینیات لیستەکە ئیلغا نەکەین، کوردستان پێویستی بەوەیە کە دەستەیەك بۆ تەندروستی دەروونی کەبتوانێ ئیشرافی ئەو حالەتانە بکا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆك:**

فەرموو بەفرین خان.

**بەڕێز بەفرین حسێن خەلیفە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە ئێمەی کورد بەهۆی ئەو رابردووە کە لە زوڵم و وزۆر توندو تیژی وجەنگەکان بەتایبەت پرۆسەکانی جینۆساید وبە کۆمەلکوژی تێپەڕیوە دەتوانین بڵێین ئەمانە کەم تا زۆر ڕەنگدانەوەی لەسەر تاك بە تاکی کۆمەلگاکەمان و دەروون درووستی گۆمەلگاکەمان هەبووە خوا نەخواستە ئەمەش مانای وا نیە کەفایدەیەك لەئێمە پێویستمان بەوە هەبێت بچینە چوار چێوەی یاسایەکە بەلام ئەمەش بە حالی خۆیەوە ڕەنگدانەوەی لەسەر شلەژاوی دەروونی و زەبری دەروونی هەبووە، لەسەرتاك بە تاکی کۆمەلگای کوردەواری، بۆیە پێویست بوو کە پێشتر، زووتر وەزارەتی تەندروستی کارێکی بکردایە بۆ دەرکردنی، بۆ ناردنی یاسایەکی لەو جۆرە، بەلام ئێستاش نەچووە بچێت پێش هەموو شتێك لای ئێمە زۆر ئاسایە وەکو کۆمەلگا بلێینن نەخۆشی سەرەتانمان هەیە، وە گورچیلەیەکمان دەر هاتووە، دلمان نەخۆشە،بەلام زۆر لامان زەحمەتە کە بتوانین بە ئاشکرا سەردانی پزیشکێکی دەروونی بکەین و کێشە دەروونیەکانی خۆمان

چارەسەر بکەین و لە قسەو قسەلۆك و ئەگەرەکانی دوای ئەوانی تر ئەچین، بۆیە سەرەتا پێویستە کە هەموو وەزارەت هەم ئیعلامی هەم لایەنە پەیوەندی دارەکان هۆشیاری تاك یەعنی متمانە لای تاك دروست بکەین کە ئەمە نەخۆشییەکە وەك هەر شتێکی دیکە، هیچ فەرقێکی لەگەڵ نەخۆشیەکانێکی دیکە نیە کە تۆ بیشاریتەوە یان ترست لێ هەبێ کۆمەڵگا لێکدانەوە بۆ نەخۆشی تۆ بکا، بۆیە پرۆسەی متمانە لەگەڵ هۆشیاری تاك زۆر زۆر زوروره لەم یاسایە هەبێت وەکو وەزارت کاری لەسەر بکات.ئەوە خاڵێك، خاڵێکی دیکەش دیارە ئێمە ئەم یاسایە بۆ هەرێمی کوردستان دەرئەکەین هەموو یاساکانیش لە پێناسەو زاراوەکانەوە، پێناسەی هەرێم هاتووە راستە لەسەرەتا نووسراوە یاسای پاراستنی دەروونی بۆ هەرێمی کوردستان، بەلام باشتر وایە هەرێم بێتە پێناسە کردن، خاڵێکی دیکەش بەندە لەگەڵ بوونی ئەم دەستەیە، لەبەرئەوە کارەکانی باشتر بەرێوە دەبات تا وەکو لیژنە هەبێ یان لیژنەی فەرعی هەبێ لیژنە لەسەر ئاستی پارێزگاکان هەبێ ، خاڵێکی دیکە لە بوونی لیژنەی پزیشکی دەرونیی دایە کە شەش، حەوت جار لە یاساکە دا هاتووە، ئەهمیەتێکی زۆر زۆر گەورەی هەیە وە هیچ ئەهمیەتی کەمتر نییە لە بوونی ئەو دەستەیە کە لە یاسایەکە هەیە،چونکە ئەو بەشێکی گرنگی یاساکەدا پێك دەهێنێ لەدەست نیشان کردنی حاڵەتی دەروونی تاوان باران ئەوانەی کە پێیان سپێردراوە تاوەکو کەیسێکیان یەکلایی ببێتەوە ئەمەش وا باشترە لە نێو زاراوەکان بێتە پێناسە کردن، چونکە ئەهمیەتی زۆر زۆر گرنگی هەیە لەدەست نیشانکردنی تاوانەکانی نێو کۆمەڵگا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆك:**

فەرموو د. جیهان.

**بەڕێز د. جیهان أسماعیل بنیامین :**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەراستی ئەڤ پرۆژە یاسایە ژلای حکومەت بۆمە هاتیە تصدیق کرن، مەجلسی شور وەمونافقشات لیژنەت مە هەردوو لیژنە نوێنەرت حکومەت لەگەڵ مە هە بوون، دوو دکتور هەبوون، بەس بەراستی بۆ مە وازح نەبوو هەردوو ئەو نوێنەرت حکومەت کە هاتبوونە لیژنە هەر ئێك ژوانە بە رەئێك هات بوو، ئێك ژ وان لەگەڵ هەیئێ بوو یی دی نەلەگەڵ هەیئێ بوو، یەعنی بە راستی بۆ ئێمە وازح نەبوو، نووکە حکومەت وەك وەزارەتا تەندروستی دگەڵ هەیئەیا یان دگەڵ هەیئە نینە، ئەگەر لەگەڵ هەیئ نەبیتن ئەو بخۆ پرۆژە وانایە هەیئە تێدابوو بۆچی نووکە رەئی خۆیان بەدل کر دگەڵ هیئێ دا نین، ئەوی دی، نوقتە دی ئەگەر رەئی دووی مەسەلەن ئەم بێژین لیژنە هەبن لیژنە بەخۆیت هەن، یەعنی جەنابی وەزیر دزانیت لیژنەیت هەن ئەڤ لیژنەیانە شولی خۆ هەیە، تەقیما حالا نفسی نەساغ دکەن، تقاریر ددەن، هەندێ شولی دی هەن، نە ئەو شولە ڤێ هەیئی دکاتن یەعنی ئەڤ ئەرکن هەین سەر عاتقی ڤێ هەیئێ ئەو نین، ئەوێ ڤێ لیجانە دکەین، یەعنی پرسیارا من ژ وەزیرێ تەندروستی ئەوا بوو ئەڤ لیجانە دشێن ئەرکێ ڤێ هەیئێ بکەین یان ئەم هەر دهەیئێت دگەڵ ئەرکا هەمی الغاء کەین ژ ڤێ قانونێ، ئەگەر ڤان هەمی الغاء بوون،

برەئی من ئەڤ قانونە نایێت وەکو قانون ناڤێ سەخلەمیا دەروونی یعنی (الصحة النفسية) بەس دمینیتن چاوا ئەم دێ نەساغ داخل کەین ؟چاوا دێ علاج کەین؟ چاوا دێ مافێ وی بپارێزین؟ یەعنی مەعنای وی بەس دێ ئەو جوزئە دمینێت ئەوێ موتعەلیق بە ناسەغ و بەخۆ مەعنا وێ نافێ قانونا بخۆشی نامینێتن، نەکو صحە نفسی لازمە شتێکی شامل بیتن ڤێ قانونێ ڤێ پرۆژە یاسایا مە گەلەك کێماسیە هەی، بەحسێ تەسقیف نەفسی نەهاتیە کرن، بەحسێ وقایە، تەئهیل نەهاتیە کرن، بەحسێ حمایەتا ئەو کەسانە ئەوێ تەعامول دگەڵ ڤان نساغا دەکەن، چونکە ئەویش ئیحتمالە ختورە سەر حەیاتا وانە هەی، یەعنی ڤان تشتە دەبی هەمیا پرۆژە یاسا دا هەبن، ئەگەر ئەڤانە هەمی نەبن مەعنا وێ حەتا ناڤێ قانون لازمە بێتە بدل کرن بەس دمینیتن موتعەلیق بە نەخۆش بەخۆ، یەعنی پاراستنا مافێ نەخۆشی ئەڤێ دی مولاحەزا من بە راستی ئەڤێت هاتیە الغاء کرن وەکو تعاریف ئەز بخۆ وەك ئەندامێك ژ ڤێ لیژنا دا بەشدار بووم هەردوو ئیجتماعا بەحسێ هەندێ نەکرن وەکو بێنەالغاء کرن، یەعنی ئەز نەزانم چاوا هاتنە الغاء کرن ؟راستە ئەڤانە تعاریفی عیلمینە مادام تکراریە هاتیە کرن ئەز بێژم ئیعتیادیە ئەم تعریف کەین ئەڤان مەسلا نوقتە شەشێ حەتا سێزدێ، هەر ئەڤا بوون تێبینیت من وگەلەك مەمنون.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆك:**

فەرموو سمیرە خان.

**بەڕێز سمیرە عبداللە اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەنیسبەت ئەو قانونە ئەمن وای دەبینم قانونەکە زۆر کۆنە ئی سالی شێستەکانە ئێستا قانونی نوێ هەیە لەگەڵ مەعایری نێو دەوڵەتی ئێستا دەگونجێ پێناسەکان زۆر کەمی تێدایە هەموو بە تفصیلی نەهاتیە ئەگەر ئێمە بێینە سەر نەخۆشەکانی نەفسی دەبێ هەموو ئەقسامەکان تەحدید بکەین، جۆرەکانی نەخۆشی نەفسی گەلەك زۆرن، بەنسبەت ئەو رەئیە کە گوتیان هەیئە نەمینێ ئەمنیش لەگەڵ ئەوەمە هیئەکە نەمینێ، بەڵام بەرێوەبەرایەتی دروست بێ سەر بەوەزارەتی تەندروستی ئەوجا لیجانەکانیش ئیشی خۆیان بکەن لەگەڵ ئەوەشدا ئەلێرەدا داوا ئەکەم موستەشفایەك بکرێتەوە بەناوی موستەشفای تەندروستی نەفسی، ئێستا لە هەموو جیهان ئەو موستەشفایە هەیە پێویستە لە هەولێریش وەکو پایتەختی کوردستان ئەو موستەشفایە بکرێتەوە بەهەموو ئەقسامەکانیەوە بەنیسبەت تەعاریفەکان کە گۆتم کەم و کوڕی تێدایە وەنوقسانیش تێدایە بەڵام (یقصد بالاضطراب الذهاني) (الذهاني) ببیتە (الذهني) ئی دووەمیش (یقصد بالاضطرابات العصابية) ببێتە (الاضطرابات العصبية) نەك (العصابيه) وە زۆر سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆك:**

فەرموو تارا خان.

**بەڕێز تارا تحسين ئەسعەدی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مایەی خۆشحاڵیە کە پەرلەمانی کوردستان یەکێ لە یاسا هەرە گرنگەکان کە دەسپێکێکە ئەم یاسایە دەستپێکێکە بۆ بایەخدان بە تەندروستی مرۆیی یان بڵێین پەرەپێدانی تەندروستی مرۆیی، کەمیەی مەواردی بەشەری، چونکە ئەو بایەخ دانە بەو لایەنە دەروونیە وا ئەکا کە مرۆڤێکی تەندروست لە کۆمەڵگایەکا هەڵسوکەوت بکا ئەو کۆمەڵگایە ئێمە کە ساڵەهای ساڵە ئەزانین لەبەر ناخۆشی و بێ دەرامەتی و بوونی دوژمنی زۆر ئەو کێشە دەروونیانە بەسەر ئەو خەلقەی ناو ئەو هەرێمە هاتووە جێگای خۆیەتی کە ئێستا بایەخی تەواو بدرێ کە ئەگەر ئەوانەی بە کیمیا باران نەمردوون زۆری هەیە لە ماڵەکەی خۆیەتی، بەلاًم پێی شەرمە بچێ بۆ نەخۆشیەکی تایبەت لەناو نفسییایەتی بە نەخۆشی دەروونی دانانرێ، بەڵکو بە تێکچوونی باری تەندروستی دەروونیەوە وئیهتمام پێدان ،ئەوە لایەکی زۆ گرنگە، ئەوەی من مولاحەزەیەکم هەیە پێشتر وە پێش هەموو شتێك ئەزانین کە کۆنفرانسی زۆر کراوە لە وەزارەتی تەندروستی خەڵقانێکی پسپۆری زۆر هێنراوە کارێکی باشکراوە تاکو لەلایەن حکومەتەوە ئەم یاسایە بۆ ئێمە هاتووە، حەز ئەکەم روون کردنەوەیەك لەلایەن بەڕێز وەزیرەوە هەبێت کە بوونی ئەم دوو رئیەکە کە خۆشم هەر لەم ماوەیەی کۆتایی هاتوومەتە لیژنەی تەندروستیوە کە حازر بووم لە لیژنەکە هاوبەشەکە، بەلاًم بەدوو رەئیی هاتبووینە دەرێ ئەو دوو رەئیە تەنزیری دوو رەئیەکە با بەلایەن ئەندامان زۆر بایەخ پێنەدرێ هەیئە بێ یان لیژنە بێ گرنگ ئەوەیە قانونەکە تەتبیق بکرێ ،گرنگ ئەوەیە چۆن ئێمە ئەو شتانەی لە ناو ئەو قانونەیە بایەخی پێبدرێت و هەریەکێکیان قیمەتی خۆی بدرێتێ, بەڕێزان حەز ئەکەم بیزانین صحەی تەندروستی یان صحەی نفسی بەداخەوە من زۆر گوێم لێ ئەبێ لەگەڵ نەخۆشی نەفسی تێکەڵ کراوە، نەخۆشی نەفسی جیایە لەگەڵ صحەی دەروونی، صحەی دەروونی ،لە منداڵەکەی داینگاکەوە ئەگرێ تاکو ئەبێتە بەر پرسێك لە بەرزترین جێ، قەرارە هەر لایەنێك وچاك کردنەوەیەك بۆ لایەنی تەندروستی زۆر جار هەیە لە ولاًتێکی وەکوئەمریکا کە لە ساڵی نەوەدەکان چاکردنەوەی کۆمەڵێك لایەنی دەروونی بەچی کردوویانە بەوەی عەمەلێکی جماعی زراعی بکەین، واتا بایەخ بە زراعە هەیە ،بایەخ دان بە خوێندن هەیە، بایەخ دان بە لایەنی عیلم نەفس هەیە، بایەخ دان هەموو لایەنەکان ئەگرێتەوە، صحەی نەفسی، حەز ئەکەم ئیهتمام و یەعنی مەشغولبوونی زۆرهەیە، داوای لێبووردن ئەکەم کە زۆر ئیهتمام بدرێ کە ئێمە ئەم بوارە دەستپێکە بۆ ئیهتمام بە لایەنی شخصی ئینسان، کە ئەمە نەفسێکە لە ناو ولاًتەکەمان، بایەخی تەواوی پێنەدراوە، رێژەی ئینتیحارو و خۆ کوشتن و تیکتیئاب و ودڵتوندی لەناو هەرێمی کوردستاندا ئەبینین ساڵ بەدوای ساڵ بەداخەوە لە هەندێ بوارا زیاد ئەبێ، ئەوەش دیسانەوە نایڵێن نەفسی حکومەتە یان عەدەم ئیهتمامە، بەڵکو نەفسی سیاسەتێکە کە ئەبێ داخل سیاسەتی حکومەت بکرێت ئەم لایەنەی صحەی نەفسی ئەبێ بچێتە ناوی وەك لە هەر ولاًتێکی دونیا کە ئێستا لەبەر دەستمانایە، پێنج قانونی صحە هەیە کەلەلایەنی دەوروبەرەکانمان ئەگەر لە

توركیایە، لە دوبەیە، لە لوبنانە، لە ئوردنە هەر هەمووی حسابی لەسەر کراوە، وەکو لایەنێکی بەر پرس ئیشی لەسەر کراوە ئینجا ئەمە هەیئە بێ یان لیژنە بێ من لێرە بەجێی ئەهێڵم بۆئەندامان روونکردنەوەی جەنابی وەزیریش کەچی زیاتر خزمەتی زۆرترمان ئەداتێ، چی زیاتر ئێمە وامان لێ ئەکات کە ئەم قانونە بتوانین تەتبیقی بکەین و بیبەین بە رێوە، ئەخیر قسەم ئەڵێم ئینسان قیاسی هەیە بۆ زکاء یەعنی چەند زیرەکە بە چ پێوەرێك ئە پێورێ، ئەو کەسە چەند زیرەکە؟ بەلام صحەی نەفسی قەت قیاسی نیە، ناتونین قیاسی بکەین، چۆن بەختەوەری ناتوانی قیاسی بکەی، ئەوها ناتوانین قیاسی بکەین، ئەتوانین پێشی بخەین کە بتوانین بایەخی تەواوی پێبدرێ بە وجودی مەصەحەی تەواو، بەوجودی جێگای تەواو بۆ بایەخ دان بە تەتبیق کردنی ئەم قانونە، بە وجودی شتێکە، هەم دکتۆریەکە، هەم ئیرشادەکە، هەم لایەنە کۆمەڵایەتیەکە کە بریتیە لە ئینسان سلوك، ئینجا دکتۆری نەفسی کە ئیهتمامی چیە؟ لایەنی ئیجتماعی و کۆمەڵایەتی، لایەنە هەرە گرنگەکەیە بۆ بایەخ دان بە لایەنی نەفسی، سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆك:**

فەرموو جەنابی وەزیر.

**بەڕێز د.ڕێکەوت حەمە رەشید/وەزیری تەندروستی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە یاسای تەندروستی دەروونی، دیارە ئەم یاسایە لە ساڵی 2010 ئامادەکراوە، ئەم یاسایە خۆتان ئەزانن ئێمە ولاتێکین زۆر بە کارەسات و ئەنفال وکیمیا باراندا و هەموو تاکێکی ئەم ولاتە تووشی ترۆمای دەروونی بووە، تووشی ئەوە بووە کە کەسی لە دەست داوە، لەبەر ئەوە من ئەمە بە یاسایەکی زەروور ئەزانم، وە یەکێکە لەو یاسانەی کە فیعلەن تاو ئەدات بە خزمەت گوزاری تەندروستی دەروونی، ئەوەی کە موهیمە لێرە من کە باسی بکەم ئێستا ئێمە لەسەر ئاستی وەزارەتی تەندروستی لە ناو وەزارەت لیژنەیەکی نەفسی مان هەیە کە کۆبوونەوەکانی خۆی ئەنجام دەدات، من چەند کۆبوونەوەیەکم لەگەڵیان ئەنجام داوە، وەپزیشکی پسپۆری نەفسی هەیە کە بەڕێوەبەری ئەو بەشەیە کە سەر بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کاروباری تەندروستیە، وە لە هەموو شارەکانیشا، لە شارە گەورەکانا لە هەولێر و دهۆك و سلێمانی قسمی نەفسی مان هەیە، ئەو قسمە نەفسیە دکتۆرێکی پسپۆر سەرپەرشتی ئەکا وئێمە لە کابینەی حەوتا چەند بەرنامەیەکمان پێشکەش کردووە، لەوانەیە وەکو سمیرە خان وتی کەئێستا بڕیاری لەسەر دراوە نەخۆشخانەیەکی دووسەد قەرەوێڵەیی دەروونی بکرێتەوە کەهەموو بەشەکانی تێدا بێ، لە هەولێر نەخۆشخانەیەکمان هەیە، لە سلێمانی نەخۆشخانەی پیاوان شەهید صلاح ونەخۆشخانەی ئافرەتان سۆزی دەروونی و نەخۆشخانەیەکی بڵێین بۆ حاڵەتە کتوپڕەکانیشمان هەیە، لە دهۆك لە نەخۆشخانەی ئازادی بەشێك هەیە وە بەشێکی تەندروستی بڵێین منالانیش هەیە ئەوەی لێرەدا وەکو کابینەی حەوت پێشنیارمان ئەوەیە کە ئێمە لەگەڵ ئەوەداین کە ئەو یاسایە جێ بەجێ بکرێت، بەلام سەبارەت بە پێشنیاری ئەوەی هیئە بێت یاخود ئەنجومەن بێ، ئێمە لێرە خۆتان ئەزانن ئێمە قەیرانی داراییمان هەیە،

قەیرانی زیادبوونی پۆستمان هەیە، قیرانی زیادبوونی بەرێوەبەری گشتیمان هەیە، وەمن پێم باشە کە ئەگەر ئێمە دەستکاری هیکەلیەتی یاسای وەزارەتی تەندروستی بکەین ئێمە ئێستا پرۆژەی خواردن و دەرمانمان هەیە، پرۆژەی موئەسەسەی دەرمان خواردن، بۆیە من پێم باشە وەکو ئەنجومەنێکی دەروونی دەست بەکاربێت و لیجان هەبێ لە پارێزگاکان کە موتابەعە بکرێت، و زۆر سوپاس .

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆك:**

فەرموو کاك فاضل.

**بەڕێز فاضل محمد قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

را و تێبینی من بە راستی لەسەر مادەی یەکەم بەگشتی هەیە، بە بڕوای من ئەوەی کە زرورە حکومەتی هەرێمی کوردستان کە بیکا وە تا ئێستا نەی کردووە ئەویش کارکردن بۆ بەرگری کردن لە نەخۆشیە دوروونیەکان لە هەرێمی کوردستانە، چۆن بکرێ؟ پێم وایە ئەمە ئەولەویەتی حکومەتە وە زەروریاتە کە حکومەتی هەرێمی کوردستان پێش ئەوەی خەڵك تووشی حاڵەتی دەروونی بێ، بڵێ پێویستە رێنمایی یان پلانی هەبێت بۆ بەرگری کردن وە هەموومان دەزانین ئەمڕۆ لە هەرێمی کوردستان رێژەی حاڵەتی دەروونی بەرێژەیەکی زۆر بەر چاو زیادی کردووە، بۆیە پێویستە هەر چەند لەخاڵی سیازدەی ئەم مادەیە باسی تیمی پزیشکی دەکا، ئەو تیمە پزیشکانە تا ئێستا کێن وەکو تیمێکی گەڕۆك نەکەوتوونەتە کار کەمەفروزە ئەمە وەکار بکەوێ، هەمووما‌ن دەزانین لە زۆربەی وڵاتانی دونیا هەموو هاووڵاتیەك ئەزانێ پزیشکەکەی کێیە وە بەرنامەی سەردانی تایبەتی بۆ لای پزیشکەکەی هەیە، پێم وایە ئەگەر کاتێك ئینسان تووشی حاڵەتە خراپەکانی نەخۆشی دەروونی یان هەر کام لە نەخۆشیەکی تر بوو وەکو ئەو کاتە کار لە کار ترازاوە، بۆیە باشتر وایە وەزارەتی صحەی هەرێمی کوردستان وە ئێستاش پێم وایە لە زۆر کاتەکانی تر ئێمە زوروفی زۆر باش بۆ ئێمە رەخساوە کە بتوانین موسەیتر بین بەسەر هەموو نەخۆشیەکان بە تایبەتی نەخۆشی دەروونی، رۆژانە یان با بڵێین حەفتانە لە هەرێمی کوردستان راگەیاندنەکان ئیعلانی ئەوە دەکەن کەوا خەڵك لە تەمەنێکی منداڵی خۆی ئینتیحار دەکا بەهۆی نەخۆشی دەروونیەوە، یان چەند کەسێکی تر تووشی زیان و وزەرەری گەورە دەکا، بۆیە من پێشنیار دەکەم وەزارەتی صحەی هەرێمی کوردستان یەکەم تیمی گەڕۆکی هەبێ بۆ گەڕان بەسەر هەتا نەك لە گەڕەك و گوندەکان بەسەر ماڵاکانیشدا بۆ ئەوەی لە نەوعیەتی بیرکردنەوەکانی خەڵك بکۆڵێتەوە کە بەرگری لەو جۆرە نەخۆشیە بکرێ، من بەداخەوە دەڵێم حاڵەتێکی دەروونی لە لای خەڵکی کوردستان دروست بووە لە بەرئەوەی لەو ساڵەو لە ساڵانی رابردوو چەند گرفتێك لە ناو وەزارەتی صحە بەهۆی دەرمانی ئێکسپایر، بەهۆی دەرمانی جۆراو جۆر دروست بوو، ئەمە زیاتر خەڵك تووشی حاڵەتی دەروونی کرد، بۆیە ئەم جۆرە حاڵەتانە پێویستە حکومەتی هەرێم وە وەزارەتی صحە پلانی بۆی هەبێت ،بەرگری لەم جۆرە حالەتانە بکات، بۆ ئەوەی خەڵکی کوردستان پارێزراو بێ، هەمووما‌ن دەزانین رابردوویەکی تاڵ بەم وڵاتەدا گوزەری کردووە، ئەنواعی

بیرکردنـەوەی جـۆراو جـۆر لـە نـاو هـەرێمی کوردسـتان دروسـت بـووە، ئەمـە بـووە سەچـاوەی حاڵەتـە دەروونیەکان بۆ خەڵکی کوردستان، پێویستە پلان هەبێ بۆ بەرگری کردن لەم جۆرە حاڵەتانە وە لەم جۆرە بیرکردنەوانـە کـە خـەڵکی تێدەکـەوێ، پـێم وایـە وەکـو پێویسـت پـلان یـان ڕێنمـایی دەرکـردن بـۆ هاوولاتیان نییە کە بیرکردنەوەی تەندروستی بکا، باشترە لەوەی کە بیرکردنەوەیەکی نا تەندروستی تووشی هاوولاتیان ببێ، ئەمە زیاتر کارو بەرنامەی یان با بڵێین واجبی وەزارەتی صحەی هەرێمی کوردستانە کەوا خەم خۆری لەم بوارانە دەکا بـۆ بـەرگری کـردن لـەم نەخوشـیە یـان هـەر نەخۆشـیەکی تـر کـە لـە هـەرێما ئەمرۆ بە شێوەیەکی بەرچاو سەری هەڵداوە وتەشـنەی کـردووە و کاریگـەری خراپـی لەسـەر هاوولاتیـانی هەرێمی کوردستان کردووە و، زۆر سوپاس .

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆك:**

فەرموو جەنابی وەزیر.

**بەڕێز د.ڕێکەوت حەمە ڕەشید/وەزیری تەندروستی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە موبایل تیم، ئەوەی ئەو ئەندامە پەرلەمانە بەرێزە ئەڵێ موبایڵ تیم بۆ شوێنێك دا ئەنرێ کە ئەو نەخۆشە موزمنانەی کە ئێستا ئێمە بۆ نموونە لە سۆزی دەروونی لە سلێمانی، لەشەهید صلاح یـان لـە نەخۆشـخانەی هـەولێر کـە داخلیـان ئەکـەین دوای ئـەوەی کـە ئـەو نەخۆشـانە دەچـنە ماڵـەوە ئـەو موبایـل تیمانە ئەچـن سـەردانیان ئەکـەن، ئـەو موبایـل تیمانـە پێـك هـاتووە لـە توێـژەرەوەی کۆمەڵایـەتی سـەردانی وەزعیان ئەکەن، بەڵام ئەوەی ئێمە لەهەر ماڵێك بێین و بڵێین موشکیلەتان چییە؟ خـەڵك مـەجبوور نیـە کێشەی خۆی لۆمن باس بکا ئەسڵەن، یەکێك لە لە کێشەکانی نەخۆشی دەروونـی ئـەوەی کـە بـاس نـاکرێ ئەوەی کە نایەوێ خەڵك باسی بکات، بەڵام ئەوەی کە ئەو بەرێزە ئەڵێ ئەتوانێ بەشێوەیەکی چارەسەرکراو کـە ئێمـە دەسـتمان پێکـردووە ئەوەیـە کەئێمـە بەشـی وقایـەی صـحەی نەفسـیمان لـە دائـیرەی وەقایـەمان کردووتەوە، کە ئەمانە ڕێنمایی تەندروستی دەروونی بە خوێندنگاکان ئەدەن، بـە داینگـەکان ئـەدەن، بـەڵام ئەوەی ئێمە بچین لەماڵان بدەین بڵێین کێشەتان چییە؟ ئەوە کێشەی ئێمـە نیـە، بـەڵام ئێمـە موبایـل تـیم مان هەیە ئەگەڕێن بەسەر ماڵەکان، ئەو ماڵانەی کە نەخۆشیان هەیە، مەسـەلەن ئێمـە چـەندەها نەخۆشـی ئافرەتمان هەیە لە سلێمانی ئەیانبەین بۆ ئەو نەخوشخانەیە کە ماڵەکانیان لێیان بێزار بوون، چارەسـەریان ئەکەین و ئەیانبەینە ماڵی باوکیان یان ماڵی مێردەکەیان دوایی خۆمـان سـەردانیان ئەکـەین، حـەتا فێریـان ئەکەین کە چۆن بچن بۆ بازاڕ؟ چۆن بچن بۆ سەیران؟ چونکە هەموو شتەکانیان لەدەست داوە، بۆیە ئێمـە مەسەلەی موبایل تیم لە خوێندنگاکانـە لەوانـە تەندروسـتی دەروونـی، بـەڵام ئـەوەی بچـین بـۆ ماڵـەکانیان بگەڕێین تۆزێك زەحمەتە، وە زۆر سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆك:**

فەرموو کاك نەژاد.

**بەڕێز نەژاد عزیز سورمێ:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پێشەكی من تەواو لەگەڵ قسەكانی كاك فازڵ دا، بەحەقیقەت، بیلفیعل لە وەزارەت كەم و كوڕی هەیە، دەبێت دانی پێدابنێین ئەوەش مانای ئەوە نییە یەعنی ئەوە كەمیەی بۆ ئێمە ئەگەر دان بەو كەم و كوڕییانە دا بنێین بیلعەكس دەتوانین موعالەجەی بكەین وە تەصور دەكەم ئەو مەوزوعانەی كە لە دوای دوایە نەبوون بە تایبەتی ئەو موزوعی دەرزی ئاڤاستین وشتی تریش هەیە بەراستی، وەهەروەها مەسئەلەی دەرمان و ئەو مەوزوعانەو تەنانەت مەسەلەی داكردن، ئیدخالی دەرمان لە مەزخەرەكان، مەشاكلی زۆری بە حەقیقەت هەیە، ئەو مەشاكلانە دەبێت ئێمە دانی پێدابنێین بۆ ئەوەی بتوانین حەلی بكەین، بەراستی نەكو ببێتە مەسەلەی رەدود، ئەوانە بگاتە ئەو رادیەی بڵێین تەوافوقی لەسەر هەبێتن، بەنسبەت هەیئە و ئەوانە بەراستی من لەگەڵ ئاشتی خانیدام كە ئەو عەرزی كرد و گوتی هەیئە بێ باشترە، هەیئە لەبەرئەوە ئەزانی چۆنە جیا دەكرێتەوە نەك بەومەعنایە جیا دەكرێتەوە لە وەزارەت، بەڵام كیانێكی سەربەخویێ دەبێ ئەو كیانە سەربەخۆیە، چونكە نەخۆشی نەفسی ئەگەر ئێمە ئێستا من تصور دەكەم ئێمە هەموومان ، بە درێژایی مێژوو بە حەقیقەت میللەتی ئێمە بەخۆتان ئەزانن، یەعنی لە جوگرافییەكی زۆر بێ تام و بێ وەزع ژیاوە كە بە حەقیقەت بڕوا ناكەم ئێمە لە گەورەمان تا بچووكمان بە درێژایی مێژوو بڕوا ناكەم هیچمان كەم تا زۆر نەخوشی نەفسیمان نەبێ، یان حاڵەتێكی نەفسیمان نەبێ، ئەگەر بگەینە ئەو رادەیە لە شوێنێكی پرۆفێشینەڵ خۆمان فەحس كەین لەبەر ئەوە پێم وایە هەیئە دەستەیەكی سەربەخۆ هەبێ كەسەر بە وەزارەتی تەندروستی بێ باشترە لە لیژنە،لیژنەیەك بێ ئیش و كارەكانی ئەو بەوی دیكە بسپێرێ وە بەو شێوەیە بەنیسبەت مادەی یەكەم (الصحة النفسية حالة) من لەگەڵ ئەو باسم كردووە (السعي) بەس (السعی) ئاهەنگ خان بوو وا بزانم گوتی (السعی) پێویست ناكا (السعی) من پێم وایە بڵێ (يقصد بها الاستقرار النفسي واستثمار القدرات العقلية لمواجهة التغيرات بما يفيد الفرد والمجتمع)ئیتر ئەوەی ناوێ، ئەو نامەیە زۆر درێژە بە حەقیقەت لە(رابعا) یش دا بە حەقیقەت ئەوەی تێدایە با بڵێین زۆری حەشو تێدایە، ئەو حەشوە پێم وایە بە حەقیقەت لابچێ باشترە مەسەلا لێرەنەدا (يقصد بالاضطراب الذهاني هو الاضطراب في القوى العقلية الاساسية ناجم) یەعنی ئەوە تفسیریش دەكا لەچی پەیدابووە ئەوە لەقانوندا پێویست ناكا فلان نەخۆشی لەچ پەیدابووە بەس موهیم ئەوەیە تعریفی بكەی، ئەوانی تریش من لەگەڵ ئەوەدامە بمێنێتەوە كە لیژنەی هاوبەش بەحقیقەت من خۆم ئیمزام كردووە، راستە، بەڵام من لەگەڵ ئەوەدام بیمێنێتەوە نەك لابرێت لەبەر ئەوەی خۆ شەرت نیە ئەو تەعاریفانەی كە هەیە، موسەلەمە، نەمینێتەوە، یەعنی دەبێ تەسبیت بكرێ لە قانونەكە، وە زۆر سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆك:**

فەرموو بێریڤان خان.

**بەڕێز بێریڤان ئیسماعیل سەرهەنگ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

راستە خۆم لە لیژنەی تەندروستیمە، قسەی خۆم هەیە لەوێش ئەم قسەم کردووە ،بەلاّم لەبەر ئەوەی چونکە یەك دەنگ بووم قسەکەم نەچوویتە ناو بابەتەکە، بەنسبەت ئەوەی لەراپۆرتی لیژنەی یاسایی وتەندروستی هاوبەشی دا لە سەرەتای نووسینەکە نووسرایە دەستە، دەستەی تەندروستی دەروونی یان هەیئە، بەلاّم هێشتان ئەوە نازانین ئەوە هیئەیە, بۆیە ئەوە غەڵەتێکی مەتبەعی کرایە، پێشی نووسینەکەی بەنیسبەت ئەو پرۆژە یاسایە ئەگەر ناوەڕۆکی پرۆژە یاسایەکە بخوێنیەوە زیاتر لەسەر نەخۆشی عەقلیە، لەسەر دەروونی نیە، خۆ صحە نەفسیە وعەقلیە هەیە، بەلاّم کە دەخوێنمەوە زیاتر چارەسەر کردنە، بۆیە من حەزم لێیە روونکردنەوەیەك بدەم دەربارەی دەروونی، عەقلی، جیاوازیان چییە؟ هەردووکیان پەیوەندیان بەیەك هەیە، ناتونین لە یەکیان جیا بکەیەوە، بەلاّم تەندروستی دەروونی بە دەرمان چارەسەر ناکرێ، حالاّت هەیە دەبێ لەوەزارەتی کاروباری کۆمەلاّیەتی، لە ئەوروپا لە شارەوانیا تەندروستی دەروونی چارەسەردەکرێ بەتۆك فرەیی بەعیلاجی قسەکردن، بەلاّم دەبێ هەماهەنگی هەبێ لەگەڵ سایکاتری تەبیبی نەفسی، ئەو تەحویل ئەوەی دەکا بۆ دکتۆری نەفسی کە چارەسەر وەربگری لەو یاسایە کەزیاتر بۆ ئەو نەخۆشیانەی کە نەخۆشی عەقلیان هەیە داخل دەبن، عیلاج وەردەگرن، بەلاّم هیچ ئەوەی تێدا نیە کەباسی تەندروستی پێش وەخت بکات، ئێ دەروونی هێشتا تووش نەبووە نەچوویتە باری عەقلی، بۆئەوەی چارەسەر بکرێت راستە لێرە پەیوەندی هەیە بەوەزارەتی تەندروستی، هەیە لێرە حەزم لێیە وەزارەتی کاروباری کۆمەلاّیەتی دەوری هەبوایە، چونکە دەروون ناسمان هەیە، ئەوانە دەتوانن لەگەڵ نەخۆش دابنیشن قسە بکەن، چونکە بۆ تەندروستی دەروونی چەند نموونەیەکم هەیە کە پێویستی بە دەرمان نییە، ئەو حاڵەتانەی بەسەر کورد هاتیە مەسەلەن ئەوەی کوڕی لە ئیعدامە یان ئەوەی منداڵێکی، گەنجێك لە کارەساتێك یان رووداوێك رۆیشتیە تەندرووستی دەروونی خراپ دەبێ، پێویستی بە چارەسەرکردنە، بەلاّم چارەسەر کردن مانای ئەوە نییە کە تۆ بچی صەدمەی کارەبایی لێبدەی یانیش دەرمانی پێ بدەی یان داخیلی بکەی، بۆیە پێویستە تەندروستی دەروونی وعەقلی چییە یاسایەك هەیە بەو ناوە، بەلاّم من ئەوەی دەبینم تەنها عەقلییە، دەروونی نییە، بەنیسبەت پێناسەی صحە نەفسی پێناسەی تەندروستی دەروونی گەشەی کردیە زانستی پزیشکی رۆژانە لە پێشکەوتن دایە ئەو پێناسەی کە لێرە نووسرایە هی شێستەکانە زیاتر، ئەو یاسایەش لە میسر و وەلەعیراقی کۆن وەرگیرایە راستە (WHO)ە بەلاّم (WHO) چەند ساڵ جارەك پێناسە بۆ نەخۆش دەگۆڕێتن چۆن چارەسەر گۆڕانکاری تیادایە، تەشخیص گۆڕانکاری تێدایە، تەحلیلات زیادی کردیە بۆ دۆزینەوەی نەخۆشی، عەینەن پێناسەکەش گۆڕانکاری تێدایە، بۆیە ئەو گۆڕانکارییەی ئەو پێناسەی کە هەیە هی ساڵی 2001 تازەترین پێناسەیە ئەگەر حەزتان لێیە دەخوێنمەوە خوشم کردیتم کوردی و عەرەبی، چونکە تەندروستی دەروونی زیاتر حاڵەتە ناتوانین ئێمە پێی بڵێین ئەوە حاڵەت نییە، ئەوە حاڵەتێکە جێگیر بوونی دەروونیە، ئەوە کە

(WHO) کەئێستا تەعریفی کردیە دەڵێ (هي حالة يكون فيها الفرد يمكن ان تطور قدراته ويمكن ان تعمل مع التحديات اليومية والاجهاد ويستطيع العمل بشكل منتج ومثمر وقادر على تقديم المساهمة للمجتمع) بە کوردییەکەی خۆشم ئەگەر خراپیشە تەندروستی دەروونی چییە، بارێکە کە تاکێك دەتوانێ خۆی گەشە پێبدات، توانای مامەڵەکردنی هەبێ لەگەڵ هەموو ئەو فشارانەی کەبەرەنگاری دەبێتەوە، بەرهەم هێنەر بێ، توانای ئەوەی بێ بەشداری بکات لە کۆمەڵگە، لێرە یەك کەلیمە تەعریفەکە زۆر نزیکە لەگەڵ کۆنەکە، بەڵام یەك کەلیمە جیای کردۆتەوە مەعنای پێشکەوتنی تەندروستیە، ئەویش مەعنای ئەو کەسەی کە تەندروستی دەروونی تەواوە ساغە، دەبێ گەشە بەخۆی بدا، دەبێ چالاك بێ، دەبێ بچێتە ناو کۆمەڵگا, مانای ئەوە نیە ئەمن تەندروستیم باشە دەروونی وجەستەیی هەردووك باشە وهیچ ناکەم لە ماڵەوە، بەرهەمم نیە ئەوەش تەندروستی دەروونی ساغ نیە، بۆیە ئەو پێناسەی تازە لای من گرنکە بەنیسبەت ئەو بڕگەیە لەگەڵ لیژنەی خۆم ڕەئیم وەکو وانە لەبڕگەی شەشەم هەتا ئاخیر نەمینێ، بێینە سەر ئەو هەیئەیە، ئەو دەستەیە ئەمن لەگەڵ ئەوە نیم دەستە هەبێ بە هیچ شێوەیەك، لەگەڵ ئەوەمە سەنتەری دەروونی لە هەموو شارەکان هەبیتن وەچارەسەری دەروونی پێشکەش بکرێتن، چونکە ئەگەر ئەمە هەیئەێك دروست کەین مەسەلەن هیئەی دەروونی دروست کەین ئەو وەختەش چاویش هەیئەی عیونمان هەیە، ئەسنان مان هەیە، ددانمان هەیە ئەوانەش داوا دەکەن مانای وایە ئەرکی زیاتر دەکەین، رۆتین زیاتر دەکەین لە باتی ئەو پارەیە صەرف کەین بۆ ئەو هەیئەیە بینایەیان بۆ بگرین، سکرتێریان بۆ بگرین، سەیارەیان بۆ بگرین، چەند مدیر عامیان بۆ بێنن، دەستەی وەکیل وەزیریان بدەینێ ،ئەو کاتە.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆك:**

بێریڤان خان لە 3 دەقیقە زیاتر قسەت کرد.

**بەڕێز بیریڤان سەرهەنگ:**

ئاخیر ئەوە ئیشی منە، ببورە من موعارەزە نیمە، من لەگەڵ یاسامە بۆ تەندروستی دەروونی زۆر لام گرنگە ئەو یاسایە، بەڵام حەزیشم لێبوو عەقلی لەگەڵ دابوو ئەو هیئەیە لەبەر ئەوە رۆتین زیادئەکا ئەو پارەیە سەرف بکرێ بۆ چارەسەری ئەو کەسانەی نەخۆشی دەروونی لە یەك خاڵی زۆر رێکم لەگەڵ دکتۆرە جیهان، ئەو یاسایە کە دەخوێنیەوە ئەوەی تێدا نیە خۆپاراستن لە تەندروستی دەروونی ئەتو دەبێ پێش ئەوەی تووشی دەروونی بوویێ بزانی چییەو چ وا دەکا کە یەکێك تووشی دەروونی نەبێ مەسەلەن ئەگەر ژیانێك هەیە چەند، ئەسبابێك هەیە لێرە ئەوە روون نەکرایتەوە، و زۆر سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆك:**

فەرموو د. رۆژان.

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

تێبینی من تایبەتە بە دەستە گشتیەكان لەگەڵ بوونی ئەو دەستە گشتیانە ئەوەی ئێمە هەر یاسایەك موناقەشە دەكەین وا نیشان دەدەین كە بایەخ بە توێژێك دەدەین، بەڕێوە بەرایەتی گشتی لۆ دروست كەین یان دەستەی گشتی لۆ دروست كەین؟ بەپێی یاسای وەزارەتی تەندروستی كۆمەڵێك پێك هاتەی هەیە شەش مودیرەی عامەی هەیە، دەستەی گشتی عیاداتی توبی وعیاداتی شەعبی وئیستشاری هەیە جگە لەوەی مەجلسی ئیستشاری هەیە، جگە لەوەی وەزیر هەیە، لیژنەی تایبەتی ولیژنەی كاتی دابمەزرێنێ، ئەو دەسەلأتەی پێیدرایە بەپێی وەزارەتی تەندروستی ئێمە بێین لۆ جێ بەجێ كردنی، ئەو یاسایە دەستەیەكی گشتی دابمەزرێنین وەزارەت بەو هەموو پێكهاتەی كە هەیەتی ئێستا بەپێی یاسای خۆی یاسای پێكهاتەی وەزارەت نەتوانێ ئەو یاسایە جێ بەجێ بكات، دەستەیەكی گشتی یان بەڕێوەبەرایەتی گشتی ئەو یاسایەی چۆن پێی جێ بەجێ دەكرێت؟ ئەوەی گرنكە بەنسبەت یاسای تەندروستی دەروونی كە یاسایەكی گرنگە یەكەم جارە لە هەرێمی كوردستان كە ئەو بۆشاییە یاساییە پڕبكرێتەوە، یاسایەكی لەو جۆرە دەر بچۆیندرێ ئەوەی تووشی ئەو نەخۆشیە بووە هەولبدرێ لە ڕێگای یاساوە، لەرێگای كەناڵی راگەیاندن كۆمەلگا چۆن مامەڵەی لەگەڵ دەكا وە سەیری ئەو نەخوشییە بكا وەكو هەر نەخۆشیەكی تر وە شوێنی حەوانەوەی بۆ دابین بكا، ئەوجا ناوی لێدەنێن شوێنی حەوانەوە یان ناوی لێدەنێن نەخۆشخانە كە بەپێی پێویستی و چاودێری تەندروستی دابین بكرێ بۆ ئەو جۆرە نەخۆشییە وە چارەسەری تەندروستیشیان لەبۆ تەئمین بكرێ، ئەوە گرنگە بەنیسبەت وان ئەوەی تووشی نەخۆشی دەروونی بووە، تووشی ئەو جۆرە نەخۆشیە بوونە گرنگ نیە لای وی دەستەی گشتی بێ یان بەڕێوەبەری گشتی بێ ئەوە هیكەلی ئیدارییە وەزارەت كو ئەو یاسایە جێ بەجێ دەكا؟ لۆیە لەگەڵ ئیلغا كردنەوەی دەستەی گشتیمە وە پێشنیاری ئیلغا كردنەوەی دەكەم وە ئەگەر دەستەی گشتی لە مادەیەك ئیلغا كراوە، ئەوا مادەكانی دواتر تا مادە یازدەهەم هەموو ئیلغا دەبێتەوە، چونكە كە باس لە دەسەلأت و بەڕێوەبردن و ئەندامانی دەستەی گشتی دەكا وە ئەوەی وەزارەت وەك بەدیل پێشكەشی كردووە ئەنجومەنێكە، ئێمەش لەهەردوو لیژنە پێشنیارمان كردووە وە پێشنیارەكان لە یەك نزیكن ئەگەر ئەنجومەن بوو یان لیژنە بوو دەنگی هێنا لە حاڵەتێك ئەگەر دەستەی گشتی دەنگی نەهێنا یان ئەندامان دەنگیان بۆ نەدا ئەوا بەشێوەیەك بتوانین سەرۆكی ئەجومەنەكە دیاری بكەین لەگەڵ ئەندامانی ئەنجومەنەكە یان لیژنە دەنگی هینا, ئەوا دەسەلأتەكان بەپێی یاسایەكە دیاری بكرێت، پێویست بە مادەی دواتر ناكا ،و زۆر سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

**جێگری سەرۆكی پەرلەمان.**

بەرێزان زۆر قسە لەسەر هەیئە كرا ئەمە هەیئەیەكی، لەرووی شخصیەتی موستقل دانەنراوە ئەم هەیئە هەیئەتێكە كە لە ژێر ئیشرافی بەرێز وەزیر ئیش دەكا وەئەگەر لیژنە بێ پێویست ناكا ئەمە بێنینە سەر

قانونەكە، چونكە خۆی صەلاحییاتی دروستكردنی لیژنەی هەیە، بۆیە یەعنی ئیتجاهەكە بەوەیە، ئەوەیە كەئەم هەیئەیە هەمان ئەم تەعبیرە دەگرێتەوە كەجەنابی وەزیر باسی كرد ئەنجومەن وەكو ئەنجومەنێك وایە مەجلیس، فەرموو سیوەیل خان.

**بەڕێز سیوەیل عثمان احمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەنسبەت ئەو یاسایە، یاسایەكی گرنگە لە هەرێمی كوردستان دەرچێ، هەموومان دەزانین هەرێمی كوردستان بە وەزعێكی زۆر ناخۆش دا تێپەڕیە،كەباس لەو یاسایە دەكەین، كە دەڵێن یاسایەكی پێویستە هۆكارەكانیشی هاوكاران باسیان كرد لەبەر چی ئەو یاسایە پێویستە ئەمنیش رام لەگەڵ هاوكارانە ئەگەر لیجان بی یان وەكو بەڕێز وەزیری تەندروستی باسی كرد ئەگەر ئەنجومەنێك بێ باشترە، بەلام وەك هاوكارم دكتورە رۆژان باسی كرد ئەگەر دەستە بێتن ئەو مادانە هەموو ئیلغا دەبێتین، دەبێ سەر لە نوێ ئەوانە دابڕێژرێتەوە، چونكە پەیوەندی بە دامەزراندنی دەستەكە هەیە، ئیش و كار و موحامی ئەگەر دەستە دەنگی هێنا ئەوا یاساكان دەڕوا، ئەگەر دەنگیشی نەهێنا، لیجان دەنگی هێنا ئەوا مادەكان ئیلغا دەبێ وە دەبێ سەر لەنوێ دابڕێژرێتەوە، بەلام ئەگەر دەستە دەنگی هێنا، پێم باشە ئەگەر دەستەكە دەنگی هێنا لە بڕگەی شەشەم تا كو دوانزە ئەوانە پێم زیادە تەنها بڕگەی (ثالث عشر) بمێنێ (فریق الطب النفسي) كە دیاری ئەكا (فریق الطب النفسي) چێیە؟ بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان ئەگەر لیژنەش دەنگی هێنا دەڵێ لە هەموو پارێزگاكان بێ ئەمن پێم باشە لە ئیداراتی موستەقلیش هەمان لیژنە هەبێ، بەتایبەت لە گەرمیان، چونكە ئەوان زۆر زۆر پێویستیان پێیەتی، و زۆر سوپاس .

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆك:**

فەرموو د. عمر.

**بەڕێز د. عمر حەمە امین خدر نورەدینی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

قسەی من لەسەر مەسەلەی بوونی هەیئەیە، یەكێك لەو نەخۆشیانەی كە حكومەتەكان تووشی دەبن پێدەوترێت قەڵەوی موئەسەساتی، قەڵەوی موئەسەساتی دەبێتە مایەی خەرجی زۆری موئەسەساتی دووەم/ بیرو كراسیەتی سیلبی موئەسەساتی سێەم/ تێكگیرانی موئەسەساتی چوارەم/ سستی موئەسەساتی بەراستی من پێم وایە یەكێك لەو نەخوشیانەی حكوومەتی ئێمە تووشی ئەبێ بەراستی حالیەن ئەوەیە چارەسەرەكە ئەوەیە ئێمە هەوڵبدەین ئەوەی كە پێی دەگوترێ حكومەتی رەشیق، حكومەتی رەشیق ئەوەیە كە هەوڵ بدەین وردە وردە لە زۆرو زەبەندی موئەسەساتی ئەوەی كە پێدەگوترێ نەخۆشی قەڵەوی موئەسەساتی دەرباز كەین بۆیە، من لەگەڵ ئەوەم بەراستی ئەوەی كە جەنابی وەزیرباسی كرد ئەنجومەن ئەوەی كە د.رۆژان وباقی هاوكارانم تەئیدیان كرد ئێمە بڵێین كە ئەنجومەنی بالای تەندروستی دەروونی زیاتر سیفەتێكی راوێژكارانەی دارشتنی ستراتیجیەت و سیاسەتی نیشتمانی هەیە، پاشان وەزارەتی

تەندروستی بەپێی ئەو صیلاحیەتەی هەیەتی لیجانی پێویستی بۆ پێك دەهێنێ ،ئەم سیاسەتە، ئەم ستراتیجیەتە، یان ئەم تەگبیرانەی کە ئەنجومەنەکە دادەرێژێ دەکەوێتە بواری جێبەجێکردن، بەلاَم هیئەکە وەکو لێرەدا هاتووە مودیر عامی دەبێ هەیکەلی دەبێ و دیسان دەبێتە موئەسەسەیەکی تر کە پێمان وایە رەنگە نەشتوانێ ئامانجە سەرەکیەکەی ئەو قانونە کە تەحقیق کردنی باشتری ئیستقراری نەفسی و صحەی نەفسی بهێنێتە دی، بۆیە ئەمن بە کورتی وپوختی لەگەلْ ئەوەم بکرێتە ئەنجومەنی بالاَی تەندروستی دەروونی، جارێکی تر تەعریفەکەی صیاغە بکرێتەوە لەگەلْ مەهامەکانی کە بۆی دادەرێژێ و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆك:**

فەرموو کاك صباح.

**بەڕێز صباح بیت الله شکری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

راستە ئەم بابەتە بابەتێکی ئیختصاصیە ورەنگە لەم خولْە چوار پێنج بەرێز موختەس بن با بلْێین موختەس بن لە سیحە بەلاَم لە بەر گرنگی بابەتەکە رەنگە ئێمەش ئیستشارە وپرسیاری خەلْکی شارەزا، پسپۆرمان کردبێ، چونکە گرنگی بابەتەکە دەخوازێ، من دێمە بەحەقیقەت سەر بابەتەکە ئێك لە مادەی یەکەم خالْی هەشت کە دەلْێ (الاختصاص النفسي هو حاصل على شهادة الماجستير أو الدكتورا )بە رەئیی من بکالۆریۆس لە پێشەوە بۆی ئیزافە بکرێتن، مادەی تاسعا کەدەلْێ (الدخول الطوعي دخول المريض احدى مؤسسات الصحة النفسية بناءا على موافقته الصريحة المبنية على ارادته الحرة) من لەگەلْ ئەو صیاغە نیم، من داوای ئەوە دەکەم ئەم صیاغە لە جیاتی ئەوە بێتن (دخول المريض احدى المؤسسات الصحية بناءا على اقتراح الطبيب المختص و بعلم المريض وموافقة ولي امره) برگەی سێزدە کە باسی تەبیبی نەفسی و باحسی نەفسی وباحسی احتماعی ومومەرزی نەفسی دەکات ئەمە زیاتر روون کردنی پێویستە وە بەحەقیقەت ئەمانە لە یەکتر جیا بکرێنەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆك:**

فەرموو د. رێباز.

**بەڕێز رێباز فتاح محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێناسەی یەکەم هیچ تێبینیەك نەبوو ورای لیژنەکە وەکو خۆی بیمێنێتەوە تەنها لەسەر پێناسەی دووەم سێ بۆچوونی جیاواز هەیە بۆچوونێکیان ئەوەیە کە هەیئەت نەبێت تەنها ئەو لیژنەی تەندروستی دەروونی پارێزگاکان کە هەیە ئەرکەکە جێبەجێ بکات رایەکی دیکە ئەوە هەیە هەیئەتەکە وەك خۆ بیمێنێتەوە وە رای سێیەم هەندێك لە ئەندامان پشتگیریان لەبۆچوونی وەزیری تەندروستی کرد کە هەیئەتەکە ئەنجومەن بێت و ئەو ئەنجومەنە کاروباری دانانی سیاسەت و وپلانی تەندروستی دەروونی

لەئەستۆ بگرێت، ئەگەر ئەوە بخرێتە دەنگ دانەوە تەصەور ئەکەم زۆر شت بەلا ئەکەوێتەوە، ئاهەنگ خان تێبینی هەبوو لەسەر ئەوەی کە حاڵەتەکە بکرێتە (سعی) تریش کاک نەژاد رای وابوو کە هیچ کەمەیان پێویست ناکا، ئەمەی لەگەڵ لیژنەی یاسایی هەردوو لامان کۆکەین کە هەم حالەکە وهەم سعیەکە لابرێ وە لە (استقرار)ەکەوە دەست بە پێناسە بکا، پێویست ناکا تەفاصیلی تر بخوێنمەوە، کاك کاردۆ هەر لەسەر رەئی نەمانی هەیئەت بوو، بفرین خان رەئی وابوو کە هەرێم پێناسە بکرێت ئەوا لیژنەی یاسایی پێم وایە کێشەمان نیە ولیژنەی تەندروستی دەروونی دادی گرنکە پێناسە بکرێت، ئێمە لە هەردوو لیژنەکە پێمان وابوو پێویست ناکا پێناسەکان تەفاصیلیان هەبێ، رایەکی دیکە ئێمە ئاگاداری ئیلغا کردنی ئەو پێناسە نین، ئێمە لە لیژنەی هاوبەش لەگەڵ لیژنەی یاسایی هەردوو لیژنەی تەندروستی یاسایی یەکێك لە بۆچوونەکان کە ئەو پێناسانە ئیلغا بکرێت ئەوە کەسیش موخالیف نەبوو بۆیە لە ناو راپۆرتەکەش ناوی هاتووە وە تیکرار کردنیش زۆرینەی ئەندامان با بڵێین رەئیان وابوو کە هەر چەندە لەوێ کەس موخالیف نەبوو، یاسایەکە کۆنە پێم ئەوە نیە یاسایەکە کۆن بێ، لەبەر ئەوەوی کە ئەم یاسایە هەم رێکخراوی تەندروستی جیهانی وهەم ئەو رێکخراوانەی کۆمەڵەی مەدەنی لەم بوارە کاردەکەن وە هەم پزیشکەکانی سەنتەری تەندروستی دەروونی لە هەرێمی کوردستان بۆ خۆیان ئەم یاسایانە دارشتووە دواتر دایان داوەتەوە وەزارەتی تەندروستی ئەوانیش لە رێگای مەجلسی شورا دایانەتە پەرلەمان بۆیە، ئەو یاسایانە ئێمە قەناعەتمان وا نیە کۆن بێت، هەر بۆ ئەوەیە پەسندمان کردووە هێناومانە بەردەم ئەندامان (الذهاني والاعصابي) هیچ کێشەمان نیە، ئێمەش لەگەڵ ئەوەین ببێتە (الذهني العصبي) من لەسەر رەئی ئەوەی کەپێناسەی تەندروستی دەروونیەکە پێناسەیەکی کۆنە، پێناسەیەکی کۆن نیە، بەلاَم بۆ لەگەڵ پێناسەی رێکخراوی تەندروستی جیهانی هاوتا نیە لەبەر ئەوەی کە ئەم یاسایە وەك صحەی نەفسی هاتووە هەمان دەقی (مێڵتان هەڵسەکە) نیە، چونکە (مێڵتان هەڵسەکە) بەس تەنها بیرەکە ئەگرێتەوە، مەسەلە عەقلییەکە، بەلاَم (الصحة النفسية) هەم عەقلییەکە ئەگرێتەوە، هەم لە پێناسەش هاتووە، بۆیە دوو پێناسەیە تێکەڵ کراوەتەوە، هەم پێناسەی کێشە عەقلیەکانە، هەم پێناسەی لایەنە دەروونیەکانە، یەك رەئی تر هەبوو ئەوەی کە پێناسەی سیانزە بیمێنێتە، ئیتر ئەوە پێشنیارێکە نازانم دەخرێتە دەنگدانەوە یان نا؟ ئێمە تەنها تێبینمان ئەوە بوو کە بۆ دەنگدان پێناسەی دووەم کەئەو سێ رایە هەیە بخرێتە دەنگ دان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆك:**

فەرموو جەنابی وەزیر.

**بەڕێز د.رێکەوت حەمە رەشید/ وەزیری تەندروستی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بەوەی کە بڵێین لە برگەی پێنجەوە لابرێ،منیش لەگەڵ ئەوە دام ،چونکە بەراستی هەندێك شت هەیە بۆ نموونە (الطبيب الحاصل على الشهادة الماجستير أو الدكتوراه) ئێمە هەمانە دبلۆمی هەیە ئەو کاتە

ئەگەر ئەو قانونە دەرچوو ئەوەی دبلۆمی هەیە نابێتە دکتۆری ئەخصائی لەبەر ئەوە من پێم باشە خۆیان لە خاڵی پێنجەمەوە تا خاڵی سیانزدە نەدەن، چونکە ئەوە بەپێی قانونی صحەی عامە تەرتیب کراوە، خاڵی دووەم سەبارەت بەوەی کە تەندروستی دەروونی هەر دەرمان نیە بەڵێ وایە هەر دەرمان نیە ئێستا ئێمە بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفال کراوەکان دوو سەنتەر دەکەیتەوە، سەنتەرێکمان لەچمچماڵ کردووتەوە و سەنتەرێکیان لە بارزان ئەکەینەوە کە تەنها توێژەرەوەی کۆمەڵایەتی ئیشی تێدەکا وە دکتۆری نەفسە ئیشی تیاناکا وەدەرمانی تیا بەکار نایێ بە تەنسیق لەگەڵ کۆمەڵەی قوربانی ئەشکەنجەی ئەڵمان، بەڵێ وایە کە ئەبێ کەمتر دەرمان بەکاربێنن، تەنها بری ئینشورەنس کە پێی دەوترێ وە ئیشی تۆژینەوەی دەروونی وە کۆمەڵاتیەکان دەکات، و زۆر سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێستا زیاتر قسە لەسەر هیئەیە یاخود لیژنە یان ئەنجومەن ئەمە دەخەینە دەنگدان دوورترینیان بە تەصوری من مەجلیسە، ئێستا پێشنیارەك هەیە کە هەیئەکە بکرێتە مەجلیس یان ئەنجومەن کێ لەگەڵ ئەوەیە بکرێ بە مەجلیس یان ئەنجومەن دەستی با بڵند بیکا؟ پەنجا و دوو ئەندام لەگەڵ ئەوەیە بکرێتە مەجلیس، کێ لەگەڵ نیە؟ یەك کەس لەگەڵ نیە، دوو ئەندام لەگەڵ نیە، بۆیە هەیئەکە کرا، مەجلیس، موقتەرحەك هەیە لەمادەی پێنج تا ببورە لەفەقەرەی پێنج تا فەقەرەی سیانزە ئیلغا بکرێت لەبەر ئەوەی بەشێکی زۆری موستەلەحاتی عیلمیە، بەشێکی لە زمنی صەلاحیاتی وەزیرە بەشێکی ئیمکانیات و واقیعییە لە هەرێمی کوردستاندا، بۆیە لابرێ بۆ ئەوەی زۆر وەزارەت موفقەیەد نەکەین بە هەندێك مەسائیلەوە، بەڵێ د. رێباز.

**بەڕێز رێباز فتاح محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

یەك تێبینی تەنها لەسەر قسەی بەڕێز وەزیر، پزیشکی پسپۆر تەنها ئەو کەسانە ناگرێتەوە کە بۆردیان هەیە، ئەوشی دبلۆمی هەبێ، چونکە بەتەفاصیلی هاتووە، ئەوەش کە دبلۆمی هەبێ، ئەوەش کە ممارس بێ هەر پزیشکی پسپۆرە، بەلام لەپێناسەکە هاتووە، چونکە لەپێناسەکە باسی پزیشکی دەروونی هاتووە، یەعنی ئەبێ بزانی کە چێیە پزیشکی دەروونی.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆك:**

جەنابی وەزیر فەرموو.

**بەڕێز د.رێکەوت حەمە رەشید/وەزیری تەندروستی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

باسی ثامنا/ (الاختصاص النفسي: هو حاصل على شهادة الماجستير أو الدكتوراه بعلم النفس في اختصاص الصحة النفسية أو الارشاد النفسي) ئەی ئەوەی دبلۆمی هێناوە، پێنجەم بیمێنێ وهیچ موشکیلەمان نیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سوره/جێگری سەرۆكی پەرلەمان.**

**ئێستا موقتەرحی ئەوەی كە فەقەرە پێنج ئیلغا بكرێ، ڕەت كرایەوە، هەر لای ئەوەی كە پێشنیاریان هەبوو لەفەقەرەی شەشەوە تا فەقەرەی سێزدە موقتەرەحەك هەیە كە ئیلغا بكرێ، كێ لەگەڵ ئەوەیە دەستی بڵند كا؟ كێ لەگەڵ نیە؟ تەنها یەك ئەندام لەگەڵ نیە، بۆیە ئەم حاڵەتەش لەفەقەرە شەش تا سێزدە ئیلغا كرا، ئێستا صیاغەی نوێ بخوێننەوە بۆ ئەوەی مادەكە بیخەینە دەنگ دان:**

**بەڕێز د. ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**قانون الصحة النفسية في أقليم كوردستان –العراق**

**الباب الاول**

**(التعاريف ونطاق سريان القانون)**

**الفصل الاول**

**التعاريف**

**المادة (1):**

**يقصد بالتعابير والمصطلحات الاتية لاغراض هذا القانون المعاني المبينة أزاء كل منها:-**

**اولا: الوزارة : وزارة الصحة.**

**ثانيا: المجلس: مجلس الصحة النفسية في الأقليم.**

**ثالثا: الصحة النفسية: يقصد بها الاستقرار النفسي والتوافق الاجتماعي والتفكير السليم والقدرة على التعامل الايجابي مع الضغوط ومواجهة التغيرات التي تفرزها الحياة واستثمار القدرات العقلية بما يفيد الفرد والمجتمع.**

**رابعا: المريض النفسي: هو المريض المصاب بأحدى او اكثر من الاضطرابات الذهانية او العصابية او الاضطرابات الاخرى التي يحددها الطبيب الاختصاصي.**

1. **يقصد بالاضطراب الذهني هو اضطراب في القوى العقلية الاساسية ناجم عن اعتلال شديد ذي منشاء عضوي او وظيفي يؤثر في ارادة المريض وبصيرته وادراكه وتفكيره وسلوكه وشعوره وقدرته على التكيف الاجتماعي تبعا لشدة الاضطرابات ومرحلته.**
2. **الاضطرابات العصابية او اضطرابات القلق يقصد بها حالة من الكرب الشخصي والقلق النفسي وسلوك يعوزه التكيف الاجتماعي وضعف القدرة على مواجهة الضغوط من دون تأثيرها في القدرات العقلية الاساسية.**

**خامسا: الطبيب النفسي: الطبيب الحاصل على درجة تخصصية في الطب النفسي والمسجل في نقابة الاطباء في جدول الاخصائين أو الاستشاريين أو الطبيب الممارس في الصحة النفسية.**

**بەڕێز حسن محمد سورە/جێگری سەرۆکی پەرلەمان.**

مادەی یەکەم بەو صیاغەی کە خوێندراوەتەوە کێ لەگەڵی دایە با دەستی بڵند کا؟ کێ لەگەڵی نیە؟ بە کۆی دەنگ قبوڵ کرا. فەرمووو بێریڤان خان.

**بەڕێز بێریڤان أسماعیل سەرهەنگ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة (2) :

**حدود استعمالات القانون**

تسري احكام هذا القانون على:-

أولا: المريض النفسي الذي حدده هذا القانون

ثانيا: المستشفيات والمؤسسات المتخصصة في الطب النفسي سواء كانت عامة أو خاصة.

ثالثا: أقسام الطب النفسي في المؤسسات العامة والخاصة

رابعا: المراكز الطبية المرخص لها بالعمل في مجال الصحة النفسية

خامسا: العيادات الخاصة الخارجية غير الملحقة بمؤسسات الصحة النفسية المشار اليها , وغير المخصصة لحجز المرضى النفسيين.

**بەڕێز نیشتمان مرشد صاڵح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**بەشی دووەم**

**سنووری بەکاربردنی یاساکە**

مادەی(2)

حوکمەکانی ئەم یاسایە ئەمانە دەگرێتەوە :-

یەکەم: نەخۆشی دەروونی کە ئەم یاسایە دەست نیشانی کردووە

دووەم: نەخۆشخانە و دەزگاکا پسپۆڕییەکانی نەخۆشی دەروونی، چ گشتی بێت چ تایبەتی بێ

سێیەم: بەشەکانی پزیشکی دەروونی لە دەزگا گشتی و وتایبەتییەکاندا

چوارەم: ئەو بنکە تەندروستییانەی کە مۆڵەت پێدراون لەبواری تەندروستی دەروونیدا کاربکەن

پێنجەم: عیادەی تایبەتی دەرکی کە لە پاشکۆی دەزگای تەندروستی دەروونییەکان ئاماژە پێکراو نییە وتایبەت نییە بە دەست بەسەرکردنی نەخۆشی دەروونی.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆک:**

فەرمووو ئەڤین خان.

**بەڕێز ئەڤین عمر احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەرچەندە مادەی پێنجەم لە پێنج فەقەرە پێك هاتووە، بەڵام ڕەئی لیژنەی هاوبەش لەسەر هەر پێنج فەقەرە، مادەی دووەم هیچ تێبینەیەکی لەسەر نەبوو، بۆیە لا توجد ملاحظة عليها.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆك:**

جەنابی وەزیر فەرموو.

**بەڕێز د.ڕێکەوت حمە رشید/وەزیری تەندروستی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش لەسەر مادەی دووەم هیچ تێبینەیەکم نیە.

**بەڕێز حسن محمد سورە/جێگری سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەندامانی پەرلەمانی بەڕێز کێ قسەی لەسەر ئەو مادە هەیە؟ گەشە خان و کاك صباح وکاك جمال، فەرموو گەشە خان.

**بەڕێز گەشە دارا جلال:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من تەنها قسەم لەسەر ئەو سەنتەرانەیە کەلەبواری دەروونی کارئەکەن، موعالیجی نەفسین، دکتۆر فەرحەس ئەکات، وەزیر ئاماژەی بەوەدا، بۆنموونە سەنتەری قوربانیانی ئەشکەنجە کە ئەڵمانیا دەعمی دەکا، یاخود سەنتەری خۆماڵی خۆمان هەیە راوێژکاری خێزانی لە سلێمانی و دهۆك و هەولێر هەیە، ئەم سەنتەرانە هەیە لە مەجالی توبا ، بەس موعالجی نەفسین، پێویستە ئەم یاسایە مامەڵەیان لەگەڵ بکاو ئەم ئەنجومەنە کە پێك دێت لەبەرئەوە پێم باشە بکرێ بە نەخۆشخانە و دەزگا پسپۆڕەکانی نەخۆشی دەروونی چ گشتی بێت یان تایبەتی وە سەنتەرو ڕێکخراوە حکومیە نا بیانیەکان، چونکە ئەمە مۆڵەت دراون لەلایەن حکومەت مورەخەسن وتایبەتیشن لایەن ناگرێتەوە، چونکە تایبەت هەمیشە بەرامبەر ئەوەیە کە قازانج کات ئەمانە زۆری راوێژکاری یان موعالجی نەفسی خۆبەخشن، زۆر سوپاس .

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆك:**

فەرموو کاك صباح.

**بەڕێز صباح بیت الله شکری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەنیسبەت مادەی دووەم ثانیا/ دەڵێ المستشفيات المتخصصة في الطب النفسي بەرای من بکرێتە (الصحة النفسية )ثالثا (اقسام الطب النفسي في المؤسسات المتخصصة في المؤسسات العامة والخاصة) وشەی (مستشفيات) پێش (مؤسسات) بۆی ئیزافە بکرێت، و سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/جێگری سەرۆکی پەرلەمان.**

لیژنەی هاوبەش روون کردوەنەتان لەسەر ئەوە هەیە؟

**بەڕێز ڕێباز فتاح محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە وەکو لیژنەی تەندروستی هیچ کێشەیەکمان لەگەڵ زیادکردنی ئەو بڕگانە نیە کە ئەوان باسیان کرد، مەسەلەیەکی قانونیە.

**بەڕێز حسن محمد سورە/جێگری سەرۆکی پەرلەمان.**

عەزیمە خان ناوت نەنوسرابوو، ئەگەر دەتوێت قسە بکەی فەرموو:

**بەڕێز عظیمة نجم الدین حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە ئەو چوار خاڵەی کە هاتووە هەموو ئەوانە بۆ حاڵەتی چارەسەری، کە ئەوانە مۆڵەتیان پێ ئەدرێ یان ئەمانە بەشێوەیەکی یاسایی حوکمەکانی ئم یاسایە ئەیانگرێتەوە، ئێمە تەنیا کار لەسەر ئەوە ئەکەین کە نەخۆشە دەروونیەکان رێ و شوێنی بۆ بدۆزرێتەوە کە چۆن چارەسەر ئەکرێن، ئەی چۆن ئیش بکرێ؟ بۆ ئەوەی کە شوێنی پاراستن بۆ ئەوەی بڵێین کەسەنتەری وشیارکردنەوە، سەنتەری دەروونی، بۆئەوەی کە پێش بگرین بە حاڵەتی دروست بوونی نەخۆشی دەروونی، توێژەری دەروونی لەناو دام و دەزگاکان و موئەسەسەکانی پەروەردە لەهەموو دام و دەزگاکانی ناوخۆ با بڵێین راوێژکاری دەروونی لە هەموو ئەو جێگانە بۆ ئەوەی ئێمە دووربین لە حاڵەتی دروست بوونی نەخۆشی دەروونی، بۆیە من ئەڵێم پێویستە وەکو چۆن موحامیەك سەنتەرێك یان نووسینگەیەك دەکاتەوە بۆ ئەوەی کێشەی خەڵك چارەسەر بکا، سەنتەری دەروونی چەند توێژەوەیەکی کۆمەڵایەتی کە بتوانن کێشەی تەنیا کەس لە ناو خێزانەکان بتوانن لە خێزانەکان، کە کەسێك منالێکی نەخۆشە، حاڵەتێکی دەروونی خراپ لە ماڵەکەی هەیە بتوانێت هانا بۆ سەنتەرێك دیان جێگایەك ببا حەتا دەزگای حکومەتیش نەبێ، بۆیە من لێرە ئەڵێم بۆ ئەوەی رێگا بدەین بە توێژەرە دەروونیەکان بتوانن لەرێی سەنتەرەکانەوە وەکو لە زۆر وڵاتی پێشکەوتوو ئەو حاڵەتانە هەیە کە خێزانێك منالێکی نارەحەتە ئەچێت هانا دەبات بۆ سەنتەرێك دەبا لە دەرەوە، بۆ ماوەیەك تا چارەسەری حاڵەتەکەی بۆ ئەکا،بۆیە من ئەڵێم سەنتەرەی پاراستنی تەندروستی دەروونی بۆ زیاد بکرێ، سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆك:**

فەرموو جەنابی وەزیر.

**بەڕێز د.ڕێکەوت حەمە ڕەشید/وەزیری تەندروستی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت ڕەئی ئەم بەڕێزانە منیش پێم باشە کە زیاد بکرێ، سەبارەت بە بەرگری کردن و ورێ گرتن لە نەخۆشی دەروونی ئێمە وەکو وەزارەتی تەندروستی رێ و شوێنمان گرتۆتە بەر بۆ نموونە تەنسیقمان لەگەڵ وەزارەتی تەربیە هەیە, خەریکی پرۆژەیەکین کە راهێنان بە زیاتر لە 750 توێژەوەی دەروونی بکەین لە قوتابخانەکان کە کاریان هەم تەندروستی جەستە بێ وهەم تەندروستی دەروونی بێ، بەڵام کەم کردنەوەی نەخۆشی دەروونی ئەوە پەیوەندی بە ژیانەوە هەیە، پەیوەندی بە ئەرکی وەزارەتی تەندروستی نیە، پەیوەندی بە باری ژیانەوەیە هەیە، بە قورسی ژیانەوە هەیە، پەیوەندی بە ئەنواع و ئەشکال کارەساتەوە هەیە، کە تووشی ئەو میللەتە بووە، لەبەر ئەوە ئێمە وەکو وەزارەتی تەندروستی چەند رێ و شوێنێك دێنینە بەر، بەڵام بەرگری کردن لەم ئیشە مەسلەن هەتا مەسائیلی شەڕ زۆر بێتن خەڵك تووشی ترۆمای دەروونی دەبێ،هەتا ئەو ئەنفال و کیمیا بارانە مەسەلەن ئەنواع و ئەشکالی قورسی ژیانە، ئێستا ژیان خۆی قورس بووە، یەعنی لەبەر ئەوە ئەو شتانە بەرگری کردن لێی بەتەنیا هەر بە عام تەندروستی تەنیا ئیشی وەزارەتی تەندروستی نیە، خەلەل لە هەر شوێنێك بێت لای وەزارەتی تەندروستی دیارە،خەلەل لە سێکتەرە وەزارەتی تەندروستی دیارە،لە ئاو بێ وەزارەتی تەندروستی دیارە،لە ژیان بێ وەزارەتی تەندروستی دیارە،زۆر سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆك:**

فەرموو کاك ڕێباز.

**بەڕێز ڕێباز فتاح محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە جیاکردنی ڕێکخراوە ناوخۆیی و بیانیەکان کە ئێمە وتمان هەموو سەنتەرەکان نەخۆشخانە و بنکە تەندروستیەکان وا بزانم ئەوانەش لە چوار چێوەی بنکەی تەندروستیا ڕێکخراون، بەڵام ئاسایشە ئەگەر بۆی ئیزافە کەین، هیچ کێشەیەکمان نیە سەبارەت بە جیا کردنەوەی سەنتەری پاراستنی دەروونی پێم وایە لە کوردستان تا ئێستا سەنتەرێکی لەو شێوەیە نیە، ئێمە ئەگەر ئیزافە بکەین تەعبیر لە چی ئەکا ئەم سەنتەری پاراستنی دەرونییە، بەڵام ئەنجومەنەکە خۆی بۆیە دانراوە بۆئەوەی کە سیاسەتی گشتی دابنرێ، بۆئەوەی لە چوارچێوەی وەزارەت دامەزرا چۆن کاردەکات؟ هەم بۆ پاراستنی تووش بوو بە نەخۆشی دەروونی وهەم بۆ چارەسەرکردنیش یەعنی ئەکرێت لە داهاتوودا ئەم ئەنجومەنە ئەو بڕیارانە بدات .

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆك:**

د. ڕۆژان فەرموو.

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**الفصل الثاني**

**نطاق السريان**

المادة(2)

**تسري احكام هذا القانون على:-**

**أولا: المريض النفسي المعرف بموجب هذا القانون**

**ثانيا: المستشفيات والمؤسسات المتخصصة في الطب النفسي سواء كانت عامة أو خاصة.**

**ثالثا: أقسام الطب النفسي في المؤسسات العامة والخاصة**

**رابعا: المراكز الطبية المرخص لها بالعمل في مجال الصحة النفسية**

**خامسا: العيادات الخاصة الخارجية غير الملحقة بمؤسسات الصحة النفسية المشار اليها , وغير المخصصة لحجز المرضى النفسيين.**

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆك:**

**فەرموو جەنابی وەزیر.**

**بەڕێز د.ڕێکەوت حەمە ڕەشید/وەزیری تەندروستی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**بەڕێز گەشە خان ڕاست دەکا حاڵەت هەیە نەخاصە نە عامە مەسەلەن یەکێتی ژنان لە سلێمانی سەنتەرێکی دروست کردووە بە هاریکاری صحە، مەسەلەن ڕێکخراوەکانی ئەشکەنجە خاص نینە، ڕێکخراوێکی خێر خوایە، لەبەرئەوە ئەتوانی بنووسی کەرتی گشتی وتایبەتی یان هەر سەنتەرێکی تر کە خزمەت گوزاری دەروونی پێشکەش بکات، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز حسن محمد سورە/جێگری سەرۆکی پەرلەمان.**

**د.ڕۆژان جەنابی وەزیر ئەوەی هاتیە لە رابعا (المراكز الطبية المرخص) بها هەموو مەرکەزەکان ناگرێتەوە ؟ فەرموو کاك عبدالسلام.**

**بەڕێز عبدالسلام مصطفى صديق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**نیازم نەبوو قسە بکەم لەو یاسایە هەتا ئەخیر ئەوەی گەشە خان باسی کرد، حەقیقەت واقیعێکە کە هەیە فەندەك وەرئەگریت بۆ دوومانگ یان سێ مانگ ئەچیت پرۆژەیەك کە ئەچێتە بواری تەندروستی دەروونی و خەڵك ئەچنە لای، پاشان یەکێکی تر پرۆژەیەکی یەك ساڵی دوو ساڵی هەبێت نە موئەسەسەیە نە موستەشفایەکە نە ئیجازەی وەرگرتووە وە فیعلەن ئەوەی هەست پێئەکرێ هیچ نەبێت لە سەنتەری**

هەر سێ پارێزگاكان ئەمانە ڕۆڵێكی زۆر گەورە ئەگێڕن ئەمن هیچ ئەوە نابینم ئەگەر وا (منظمات المجتمع المدنی) شتێك وا بەسیت بخەنە ناوی، سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

**جێگیری سەرۆكی پەرلەمان.**

بەراستی ئەگەر ئیزافە بكرێت باشترە چونكە لێرەدا ئەحكام ئیعیقابی هەیە، ئەگەر لێرەدا تۆ تەحدید نەكەی ئیحتماله دوایی لەوانەیە مەشمول نەبن بەو سزایە كە بۆ ئێمە دانراوە، ئەگەر ناویان نەیێ، فەرموو د. رۆژان.

**بەڕێز د.رۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پێشنیارەكە ئەوەی ئەمن تێگەیشتووم لە بڕگەی دووەم زیاد بكرێ (المستشفیات والمؤسسات المتخصصة في الطب النفسي ومنظمات المجتمع المدني) ئەوەیە دەتانەوێ زیاد بكرێ ؟

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆك:**

فەرموو د. رێباز.

**بەڕێز رێباز فتاح محمود:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لە رووی فكرەوە بۆ بابەتەكە كێشەمان نیە كە ئەوانیش بگرێتەوە، بەس لە چوارەم كە هاتووە كە ئەڵێن بنكەی تەندروستی، لە كوردیەكە جیا كراوەتەوە مەوزوعی سەنتەرو وبنكەی هێناوە، بە عەرەبیەكەی هەر مەركەزە تۆ ئەڵێیت ئەو بنكە تەندروستیانە كە مۆڵەت پێدراون، خۆ ئەوانەی كە رێكخراوی بیانی بن هەر دەبێ مولەت وەربگرن، ئەو كاتە كاری تیادا بكەن، هەنگی نا خۆ ناكرێت كەسێك بێت لە خۆیەوە ئیش لەسەر تەندروستی هاوولاتی ئەم ولاتە بكات بەبێ ئەوەی مۆڵەتی وەرگرتبێ، ئەوە ناكرێ لەبەر ئەوە بنكەیەكی تەندروستیە هەر ئەكاتە سەنتەرەكە بە عەرەبیەكە، ئیتر نازانم ئەگەر ئەكرێ بنكەو سەنتەر ئەوە شتێكی دیكەیە ئەوەش ئەتوانی .

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆك:**

فەرموو گەشە خان.

**بەڕێز گەشە دارا جلال:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من كە مەراكزی توبی باس دەكەین یەعنی كە بڕگەی چوارەم ئەڵێ مەراكزی توبی، بەلام ئەم سەنتەراتە شەرت نیە پزیشكە پسپۆر كاری تیا بكەن، بەڵكو خەریجی بەكالۆریۆسە لە بواری دەروون ناسی، موعالجی نەفسیە دەوراتی بینیوە ئەزموونی هەیە، لەم بوارە لە بواری عیلاجی نەفسی كارئەكا ئەو بنكە تەندروستیانە لە بواری توبا ئیش دەكەن، لەبەرئەوە نایانگرێتەوە، ئێمە وا باشترە ئەگەر لەبرگەی دووەم

تا سیانزە بکەین بە سەنتەرو ڕێکخراوە ناو حکومیە بیانیەکان، نازانم چ ڕێگرێك هەیە لەوە،بەس (مراکز الطبیة) بەس پزیشکێکی پسپۆر ئەگرێتەوە،موعالجی نەفسی ناگرێتەوە. بڕگەی دووەم بە کوردیەکە ئەخوێنمەوە دوایی دکتۆر بە خۆت بیکە بە عەرەبی، ئەگەر زەحمەت نەبێ نەخۆشخانە ودەزگا گشتیەکانی نەخۆشی دەروونی چ گشتی بێت یان تایبەت وەسەنتەرو ڕێکخراوە ناحکومی بیانیەکان ، نازانم بۆ جەنابت نووسیم.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆك:**

فەرموو د. ڕۆژان.

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوەی مەبەستێتی گەشە خان هەر چەندە بە قەناعتم کە هەموو بڕگەکان دەگرێتەوە، ئەوەی داوای کردیە زیاد بکرێ ثانیا (المستشفیات والمؤسسات المتخصصة في الطب النفسي سواء کانت عامة أو خاصة ومراکز ومنظمات غير الحکومية والاجنبية).

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆك:**

فەرموو جەنابی وەزیر.

**بەڕێز د.ڕێکەوت حەمە رەشید/وەزیری تەندروستی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێم باشە (المستشفيات والمؤسسات المتخصصة في الطب النفسي سواء کانت عامة او خاصة او منظمات المجتمع المدني العاملة بهذا المجال)، زۆر سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆك:**

فەرموو بێریڤان خان.

**بەڕێز بێریفان اسماعیل سەرهەنگ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوەی گەشە خان باسی کرد کە دەڵێ دەروون ناسی، بەتەنیا مەعنای پزیشکی دەروون ناسی نیە، ئەخصائی تەندروستی لێ نیە، دەروون ناس کۆمەڵایەتیە، دەتوانن هەما هەنگی هەبێ لە تەندروستی ئێستا لەو ڕوون کردنەوە وا تێگەیشتم یەعنی دکتۆری ئەخصائی لەو بنکە تەندروستیە نیە، بۆیە ناچێتە بواری وەزارەتی تەندروستی، دەچێتە بواری وەزاەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی .

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆك:**

فەرموو د. ڕێباز.

**بەڕێز ڕێباز فتاح محمود**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من تەصور دەكەم بۆ چوارەم ئیزافە بكرێت باشترە، بەو شێوەیە ئەو بنكە وسەنتەرە تەندروستیە ناوخۆیی و بینایانە كە مۆڵەت پێدراون لە بواری تەندروستی دەروونی كاربكەن، بنكەو سەنتەری ناوخۆیی و بیانی كە لەبواری دەروونیا كار ئەكەن .

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆك:**

فەرموو د. ڕۆژان.

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

المادة الثانية تسري أحكام هذا القانون على

أولا / المريض النفسي المعرف بموجب هذا القانون.

ثانيا / المستشفيات والمؤسسات المتخصصة في الطب النفسي سواء كانت عامة أو خاصة .

ثالثا / أقسام الطب النفسي في المؤسسات العامة والخاصة .

رابعا / المراكز الصحية المحلية والاجنبية المرخصة لها بالعمل في مجال الصحة النفسية .

دكتۆر ڕێباز ئەوە مەبەستەكە بوو ؟

خامسا / العيادات الخاصة غير الملحقة بالصحة النفسية المشار اليها وغير المخصصة لحجز المرضى النفسين

تەنها برگەی رابعا دەستكاریمان كرد بەو شێوە بوو :

المراكز الصحية والمحلية والاجنبية المرخص لها بالعمل في مجال الصحة النفسية.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

**جێگیری سەرۆكی پەرلەمان.**

كێ لەگەڵیدا با دەستی بڵند كا؟ كێ لەگەڵ دا نیە با دەستی بڵند كا؟ تەنها دوو كەس لەگەڵ دا نیە، بەزۆرینەی دەنگ قبول كرا ،فەرموون بۆ مادەیەكی تر.

**بەڕێز بێریفان أسماعیل سەرهەنگ:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

المادة (3)

لا يجوز أدارة أو تشغيل أي مؤسسة من مؤسسات الصحة النفسية التي تسري عليها أحكام هذا القانون الا بناء على ترخيص يصدر من وزارة الصحة وتسجيلها بسجلات الهيئة العامة للصحة النفسية وفقا للشروط والاجراءات المبينة بالتعليمات الصادرة لتنفيذ هذا القانون, ويكون الترخيص لمدة خمس سنوات قابلة للتجديد.

وفي جميع الحالات يجب أن يتولى ادارة المؤسسة أحد الاطباء النفسيين، ويكون مسؤلا أمام الجهات المختصة عما يقع من مخالفات في هذه المؤسسة.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆك:**

فەرموو نیشتمان خان.

**بەڕێز نیشتمان مرشد صالح:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

نابێ بەڕێوەبردن و خستنە گەڕی هیچ دەزگایەك لە دەزگاكانی تەندروستیی دەروونی بكرێت كەحوكمەكانی ئەم یاسایە دەیانگرێتەوە.تەنیا بەپێی مۆڵەتێك نەبێ كەلەلایەنی وەزارەتی تەندروستیەوە دەركرابێ و لە تۆمارگەكانی دەستەی گشتی تەندروستی دەروونی دا.بەپێی ئەو مەرج و ڕێكارانەی پشت بە ڕێنماییە دەركراوەكانی جێبەجێ كردنی ئەم یاسایە دەبەستێت تۆمار كرابێت،

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو ئەڤین خان.

**بەڕێز ئەڤین عمر احمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمە لەبەرئەوەی كەوا لە ماددەی یەك هەیئە گۆڕابوو بە مەجلیس، لێرە تەنها ئەو تێبینیە هەیە كە ئەڵێین (تسجیلها في سجلات مجلس الصحة النفسیة)، تەنها ئەو گۆڕانكارییە، ئەوانی تریش تێبینیمان لەسەری نیە، ئیتر زۆر سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو جەنابی وەزیر.

**بەڕێز د.ڕێكەوت حەمە رەشید/وەزیری تەندروستی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەبێ هەر دكتۆرێكی نەفسی مەسئوول بێ، ئەوا تۆزێك ئیشەكە ئێمە ئەمانەوێ بە عەكسەوە لەدكتۆری نەفسی دەربینەوە، یەعنی توبی نەفسی شەرت نیە دكتۆری نەفسی بێ خەڵك هەیە توێژەرەوەی كۆمەڵایەتیە، خەڵك هەیە توێژەرەوەی دەروونییە، خەڵك هەیە معاون تبیە ئێستا، ئێمە زۆربەی خەستەخانەكانمان معاون توبی زۆر باش تەدریب پێ كراوە ئەیبا بەڕێوە، لەبەر ئەوە ئەوەی كە حەسر بێ بە دكتۆری نەفسی من مولاحەزەم لە سەری هەیە و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

ئەندامانی پەرلەمان كێ قسەی لەسەر ئەو مادەیە هەیە؟

بەڕێز د.احمد ابراهيم، بەڕێز جيهان اسماعيل بنيامين، بەڕێز سۆزان شهاب نورى، بەڕێز ئاشتى عزيز صالح، بەڕێز عەزيمە نجم الدين حسن، تارا تحسين ئەسعەدى، بەڕێز جمال طاهر ابراهيم، بەڕێز د.صباح محمد نجيب،بەڕێز شلێر محمد نجيب، بەڕێز عبدالسلام مصطفى.

**بەڕێز د. احمد ابراهيم:**

**بەڕێز سەرۆكى پەرلەمان.**

بەناوى خواى گەورە، سەبارەت بە مادەى سێيەم لێرە كە باس لە تەرخيصەكە ئەكا لمدة خمس سنوات قابلة للتجديد بەراى من پێنج ساڵ زۆرە بۆ ئەو مۆڵەتە سێ ساڵ بێ يان چوار ساڵ بێ، لەبەر ئەوەى خۆمان ئەزانين ئێستا كێشە لە موستەشفەيات هەيە، لە نەخۆشخانەكان هەيە، سزاى ئەوەى كەلێرە موئەسسەسات و وموستەشفەيات وسەنتەرەكان هەموو ئەوانە بەشێكن لە وانە كە ئەحكامەكانى ئەم ياسايە دەيانگرێتەوە، بۆيە ماوەى تەرخيصەكە، مۆڵەتەكە كەم بكرێتەوە بەڕاى من باشترە، بۆئەوەى حكومەت چاودێرى زياتر هەبێ لەسەر ئەم سەنتەرەو ئەم مراكزانە كە لە بوارى تەندروستى دەروونيا كارئەكەن،سەبارەت بە ئيدارەى موئەسسەسەكە كە ئەڵێ (أحد الاطباء النفسين) نازانم جەنابى وەزير و وەزارەت لايەنى تايبەتمەندن؟ پێم وايە هەر پزيشكى تايبەت لە بوارى دەروونيا ئيدارەى ئەو موئەسسەسە بكات باشترە لەوێوە ئەڵێ (ويكون مسؤلا امام الجهات المختصة) ئايا لێرەدا مەبەستى لە (الجهات المختصه)، كێيە ئەگەر بڵێ (ويكون مسؤلا امام الوزارة) باشتر نيە، وە زۆر سوپاس.

**بەڕێز جيهان اسماعيل بنيامين:**

**بەڕێز سەرۆكى پەرلەمان.**

بەراستى ژمادە سێدا هەر جەنابا وەزير بەحسى كر، ڤێرێ لە هەميا حالات (يجب أن يتولى ادارة المؤسسة أطباء نفسيين) مادده بەرى وێ مە بەحس كر كو رێكخراوێت هەن موعاليج نەفسى رێڤەبيتن ئەوەى ئەز تێگەيشتم لە پێشنيار هەڤالێت مە بەرى من گۆ موعاليج نەفسى ئەو موئەسەساتێنە يا ئەو مونەزەماتە بەرێڤە دبەن يەعنى تەناقوزەك چێدبيتن ما بەينى مادە دوێ و مادە سێيە،لازمە يەعنى باش تەحديد كەنە لڤێرێ يەعنى (أحد الاخصائين النفسين)هەر هەمى بگرێتن نەك بەس (اطباء النفسيين) باشتر بێتن ودێ مولائيم بێتن دگەڵ مادە بەرێ وێ (ويكون الترخيص لمدة خمس سنوات قابلة للتجديد) ئەگەر جەنابى وەزير تەوزيح بدات بۆچى پێنج ساڵ هاتيە ؟زۆر سوپاس.

**بەڕێز سۆزان شهاب نورى:**

**بەڕێز سەرۆكى پەرلەمان.**

من پێم باشە ئيدارەى موئەسەساكان لەلايەن دكتۆرى نەفسيەوە نەبێت زەمن گۆڕاوە ئێستا خەڵك هەيە بێ ئەوەى تەبيبيش بێ خوێندنەكانى تەندروستى دەروونى ئيهتمامى پێ هەيە، ئەچێ خوێندنى لەسەرى تازە ئەكا، ماجستير ئەهێنێ، دكتورا ئەهێنێ، من چەندين كەس ئەناسم لە نزيكى خۆم هەستاوە، بەبێ ئەوەى تەبيب بن لەم بوارەيا شەهادەى باڵايان هێناوە، لەبەر ئەوەى ئێستا عونصرێكى زۆر گرنگە موئەسەساتى

گەورە بەبێ بوونی صحەی نەفسی کاروبارەکانی خۆیان نابەن بەڕێوە، ئەوە مەرجێکە، بۆیە ئەوە ئەبێ لابچێ سەبارەت بە تەرخیصەکە لەبەر ئەوە جارێکی تر ئەڵێمەوە زەمەن گۆڕاوە وتکنۆلۆجیاو ئەسالیبی عیلاج و ئەم شتانەش زۆر زۆر سەریع ئەگۆڕێ، ترخیصەکە کە ئەدرێ بێگومان کۆمەڵێك مەرجی تێدایە لەوانەیە ئەگەر هاتو عیلاجی نوێ بە دەست بێنێ مەجبوور بێ ئیعادە بکاتەوە لە تەرخیصەکە، بۆیە پێنج ساڵ زۆر زۆرە ئەگەر بیکەین بە سێ ساڵ جارێك هەموو ئەو موئەسەسانە بتوانن سێ ساڵ جارێك تەرخیصەکەیان تازە بکەنەوە پێم وایە لەگەڵ زەمنەوە ئەتوانێ هین بێت، بۆیە ئەم دوو بابەتە ئەگەر لابرێ من سوپاستان ئەکەمەوە .

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆك:**

فەرموو مەلا بەشیر.

**بەڕێز د.بشیر خلیل حداد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتگیری لەو رایە دەکەم کە ماوەکە کەم بکرێتەوە، ماوەی تەرخیصەکە، لەبەر ئەوەی ئێستا تەرخیصی مزاوەلەی میهنە لە هەموو شوێنەکان وا بزانم ساڵێکە، لە نیهایەتی ساڵ دەبێ نوێ بکرێتەوە، بەڵام ئەگەر بڵێین ساڵێك کەمە بەلای کەمەوە دوو ساڵ یان سێ ساڵ بێ کە ئەو پێنج ساڵە کەم بکرێتەوە بۆ دوو ساڵ یان سێ ساڵ بێ هەروەها (أحد الاطباء النفسيين) من رایيشم لەگەڵ جەنابی وەزیرە بەڵێ ئەمڕۆ کە رۆژی ئەوەیە ئەم بازنەیە فراوان بکەین کە لە مادەی دوو دا هەندێك مەراکزی دیکەی هاوێشتووتە ناو مەوزوعەکە، ئەمە لە ئیختصاصی تەبیب دەربچێ، من رام وایە (يجب ان يتولى ادارة المؤسسة احد المختصين) مەرج نیە پزیشك بێ، من لە خاڵێکی دیکە پرسیارێکم هەیە ئەو پرسیارەش لە جەنابی وەزیر دەکەم، بەراستی لێرەدا باسی تەرخیصمان کردووە کە ئەمە کارێکی زۆر زۆر پێویستە بۆ ئەم بوارەو بۆ گشت بوارەکان، بەڵام ئێستا ئێمە تەماشا دەکەین زۆر شوێنمان هەیە زۆر کەسان و شوێنمان هەیە، کە ئەم کارە دەکەن بەناوی سیحەی نەفسیەو ئەم کارە دەکەن هیچ تەرخیص و مۆڵەتیان نییە، باشە ئەمە لە پاش دەرچوونی ئەم یاسایە چ لەوان دەکرێ؟ چونکە ئەم یاسایە لە رۆژی دەرچوونیەوە کاری پێدەکرێ باشە نەفەری وا هەیە دەیناسم ماڵی خوی ناو ناوە نەخۆشخانە، موراجیع پێشوازی ئەکا, پارە وەردەگرێ و عیلاجیش دەدا وکەسیش پێیناکرێ نەوەزارتی تەندروستی نە وەزارەتی ناوخۆ نە وەزارەتەکانی دیکە، بۆیە من ئەو پرسیارە ئەکەم ئایا مەصیری ئەوانە چی ئەبێ؟ وە زۆر سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆك:**

فەرموو.

**بەڕێز ئاشتی عزیز صالح:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەبارەت بەمادەی سێ من پرسیارێكم لەلا دروست بوو ئەم ئەنجومەنە تابیعە بۆ وەزارەتی صحە، وەزارەتی صحە سیاسەتێكی خۆی هەیە بۆ پێدانی مۆڵەت، هیچ بنكەیەكی تەندروستی ئەگەر ئیختصاصی صحەی نەفسیشی نەبێ، ئەگەر مۆڵەت وەرنەگرێ ئۆتۆماتیكیەن لە وەزارەتی صحەوە ناتوانێ بنكەكەی بكاتەوە، لیجانی موراقەبە كردنی هەیە بۆ لێپرسینەوە لە تازەبوون ولەبەسەرچوونی مۆڵەتی كردنەوەی هەموو بنكەیەك بۆیە بە بڕوای من ئەمە خاڵێكە و خاڵێكی تریش دواتر تێڕوانینی خۆم روون ئەكەمەوە زۆربەی ئەوانەی پێشتر مۆڵەتیان هەبووە لەوانەیە پێویستیان بەرێكخستن بێ، خۆیان رێكبخەن لەگەڵ یاسا تازەكەیا، لەگەڵ مۆڵەتە تازەكە، بۆیە بە بڕوای من مادام ئەنجومەن یا هەیئەتێكی سەربەخۆ بە خۆی نییە تابیعە بە وەزارەت، وەزارەت هەیئەتێكی سەربەخۆی هەیە چەند ساڵ لەسەری ئیشی كردووە، سجلاتی هەیە بە چ ناوونیشانێك ئەو بنكانە مۆڵەتیان پێدراوە؟ ئەمە بهێڵێتەوە ئەوانە بۆ دەسەڵاتی ئەنجومەنەكە خۆێ رێكی بخا لەگەڵ سیاسەتی وەزارەت خۆیا كە چەند ساڵە موتەبع بوو و ئیشی لەسەر كردووە بۆ ئەوەی ئەركی زیاد دروست نەكەین، ئەگەر هاتو هەر مایەوە ئەوانە بەڕای من جێگیر نەبوو، ئەوەلی گۆڕانكاری بەسەرا بكرێت كەبە نێگەتیڤ دەست پێبكا، نابێ بەرێوەبردن و خستنەبەری هیچ دەزگایەك بە بڕوای من ئەوە نابێ بۆ سەرەتای یاسا، ئەوە نابێ هەڵبگیرێ، ئەبێ رەت بكرێتەوە، بچێتە ناوەڕاستی صیاغەكەوە نەك لە سەرەتایا وە وشەی دەزگا بەكار هاتووە، هەموو ئەوانەداوای دەزگا دەكەن، داوای مۆڵەت دەكەن، دەزگا نین، كەواتە چۆن ئەوانی بنكە پێشتر ئاماژەی پێكرا كە رێكخراوە یان شوێنێكە لەوانەیە وەحدەیەكی صحەی نەفسی هەبێ، ئەمە تۆ چۆن مۆڵەتی پێدەدەی ئەو كاتە بۆیە باشتر وایە جارێكی تر بگەڕێتەوە بۆ دەسەڵاتی ئەنجومەنەكە خۆی وەزارەتی صحە، بۆئەوەی مۆڵەتە كۆنەكانی رێك بخا لەگەڵ یاساكەی وە صیغەیەكی موشتەرەك بدۆزێتەوە تووشی ئیشكالیەت نەبێ، وە سەبارەت بەوەی كە جارێكی تر ئەڵێم ئەگەر هەر مایەوە ئەوانە لەو فەرەزەن مایەوە من لەگەڵ ئەوەم لە هیچ كاتێك مۆڵەتەكە لە سێ ساڵ كەمتر نەبێ، چونكە ئێمە لەسەر دەزگایەك وبنكەیەكی ئیختصاصی ئەكەین، یەعنی دەگاتە سەر ئەوەی تەعبیر لە ئیشەكانی خۆی بكات و مۆڵەتەكەی لێبسینێتەوە، لەوانەیە گرفتی بۆ دروست بێ سەبارەت بەوەی كە بەرێوەبەری بنكەكە ئەكات دكتۆر نەبێ، من بڕوام وایە دكتۆر لەبەر سەرقاڵی زۆر زەحمەتە كاتی تەواو بدات بە بەرێوەبردن وە تەجروبەشمان زۆر جار هەیە، ئەوانەی لە مەجالی ئیدارە زیاتر تەفروغیان هەیە, زۆر سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆك:**

فەرموو عەزیمە خان.

**بەڕێز عظيمة نجم الدين حسن:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

دیارە من لەگەڵ ئەوەم كە مۆڵەتەكە بمێنێ، لەبەرئەوەی ئێمە كە ئەڵێین دەزگای گشتی تایبەتیەكان ئەگەر دەزگا گشتیەكان بێت، هەر مۆڵەتی ناوێ بدات، بۆیە دەزگای تایبەتمان هەیە، سەنتەرمان هەیە، رێكخراوی حكومی مان هەیە، كە ئەتوانن ئەوانە پێویستیان بەوە هەیە كە مۆڵەت هەبێ، بۆیە من داوا ئەكەم، پێشنیارەكەم كە ئەمە بۆماوەی دوو ساڵ بێ مۆڵەتەكان،خاڵێكی تر كە قسەی لەسەر بكەین یەكێك لە پزیشكانی دەروونی ئەوەی كە بۆ بەڕێوە بردنی وەزارەت دائەنرێت منیش لەگەڵ ئەو پێشنیارەی جەنابی وەزیرم پسپۆری دەروونی بێ نەك پزیشكی دەروونی، چونكە ئێستا زۆربەی سەنتەرەكان دكتورا یان هەیە ماستەریان هەیە لە بواری دەروون ناسیا، ئەوانە سەنتەرەكان بەڕێوەدەبن، بۆیە پێویستە پسپۆری دەروونی بێ، هەردوو لایەنەكە ئەگرێتەوە، وە زۆر سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سور/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

هەر لەبۆ تەوزیح دیارە مێژووی نەخۆشی نەفسی بە تاریخێكدا رۆیشتووە، پێشێلی مافی مرۆڤ زۆر كرایەتەوە لەسەر ئەو حاڵەتە وە لە هەندێك شوێن گەیشتۆتە حەددی خەرافیات، بۆیە بە یاساكردنی ئەم حالأتە، واتا توبی نەفسی شتێكی زۆر زۆر زەرورییە وە پێویستە مورەخەص بێ وە پێویستە ئەوەی كە تەجاوزی بكا عقاب بدرێ، بۆیە داوا دەكەم ئەم بەشەی كەوا پەیوەندی بە مەسائیلی كۆمەڵایەتیەوە هەیە، زیاتر روون ببێت ، سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرمووو ئاهەنگ خان.

**بەڕێز ئاهەنگ عارف رؤوف:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من سوئالێك لە جەنابی وەزیر دەكەم دەڵێم لۆ (لمدة خمس سنوات) وا بزانم لە پێشی منیش دكتۆرە جیهان ئەو سوئالەی كرد، بەڵام من بەفكری خۆم نازانم راستم یان نا؟ ئەو مودەیە (لیمتد) نەبێ یەعنی نە دوو بێ نە سێ بێ نە چوار بێ یەعنی كراوە بێ كراوەش بێ ئەگەر وارد بێ كە موراقەبەی ئەو هەیئەیە بكرێ یان ئەو مەصەحەیە بكرێ بزانین هەتا چەند ئەو ئیستیفادەی هەبووە یا چەند خۆی تەقدوم پێكردیە؟ یا چەند تكنۆلۆجیای تەقدوم بووە؟ لەسەر ئەساسی وەی ئیجازەكەی لۆ (تمدید) بكرێتەوە ئەوە یەك، دوو لەگەڵ جەنابتم كە دەڵێی ئیدارەی ئەو موئەسەسەی كە ئەتبائی تێدایە، شەرت نیە دكتۆر بێ، چونكە بە خۆم ئیمانم بە تیم وۆرك هەیە لە دونیایا، ئەو ئیشی ئەورۆ بە نیزامی موئەسەساتی بڕوا ناجح بێ تیم بەڕێوەی دەبا، حەتا لە عالەمی سیاسەتیش، زۆر سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرمووو پەروین خان.

**بەڕێز پەروین عبدالرحمن عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە ئیجازەدان بەو موئەسەساتانە کە هەڵدەستن بە بەڕێوەبردنی ئەو موئەسەساتانە گرنگی دان بەو ستافەی کە کار لەو موئەسەساتە دەکا شتێکی زۆر موهیمە، لەبەر ئەوەی ئێمە ئەگەر بچووکترین نموونە بێنین نەخۆشخانەی دەروونیمان لە هەولێر هەیە، دیارە ئەو ستافەی کە کار لەو موئەسەسە دەکات وەکو پێویست نیە، بەڵکو نەخۆشەکان لەژێر بارێکی دەروونی زۆر یەعنی فشارێکی دەروونی لەسەرە لەباتی ئەوەی کە چارەسەریان بۆبکرێ و جەوێکی مولائیم بۆیان برەخسێ، لەلایەنی دەروونیەوە باشتر بن، کە چی خراپتر بوونە، بۆیە گرنگی دان و ئیجازەدان بەو موئەسەساتانە شتێکی زۆر موهیمە بۆ ئەو ستافەی کە کاری تێدەکاتن و منیش لەگەڵ ئەوەم کە ئەو کەسەی هەڵدەستێ بە بەڕێوەبردنی ئەو ئیدارەیە دکتۆرێکی نەفسی نەبێ، بەڵکو کەسێك بێ کە بتوانێ ئەو لایەنە هەڵبسووڕێنێ، ئێمە کادری زۆر باشمان هەیە کە بتوانێ کار لەم بوارە بکا و بتوانێ بەڕێوەی ببیا وە بەنسبەت ئەو مودەی لۆی داناوە، منیش پێم باشە بکرێتە سێ ساڵ لەبەر ئەوەی پێنج ساڵ زۆر زۆرە, سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو تارا خان؟

**بەڕێز تارا تحسین ئەسعەدی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەراستی ئەو ماددەیە وەکو بڵێین دانانی ئەو بنکە یا ئەو شوێنەیە یان ئەو موئەسەسەیە کە (کێ)یە؟ ببێتە کەسێکی بەر پرس، بۆیە من دەڵێم ئایا تەوازونەکەی کە باسمان کردووە لە تەعریفەکە صحەی نەفسی بوونی ئەم موئەسەساتانە بۆ جێبەجێکردنی ئەو حالأتە کە ئایا تا چ رادیەك بتوانێ تەوافق مابینی ئەحکامی نەفسی بکا، هەر لە (پەرێنت ئیگۆ ستەیتەوە) وە (چایەڵد ئیگۆ ستەیتەوە) بۆ (ئەدێڵت ئیگۆ ستەیتەوە) کە هەرسێ حالأتەکە لەگەڵ یەکتری ئینجا تەوازونەکەیە، ئینجا ئەوەی ئێمە بمانەوێ تێگەین لەم قانونە، لێرەدا دەبێ ئەو کەسەی قیادەی ئەو شوێنە دەکات تا چ رادەیەك یان چ مستەوایەك بێ من تەرخیصی پێنج ساڵی بدەمێ، ئایا خۆی لەگەڵ خۆ تەعایوشێکی نەفسی سەلیمی هەیە، تاکو بتوانێ نەفسی شت لەگەڵ دەورو بەرەکەی تەعامول بکا، قەت شەرت نیە کەئیدارەی شوێنێك مانای لە هەموو لایەنێکەوە تەواوە، قەت ئیدارە لەگەڵ قیادە نییە، زۆر جار هەیە تۆ قیادەی بەلأم ئیدارەیەکی سەلیم نیت بۆ هەندێ شت، وە زۆر جاریش ئیداریت بەلأم لە روحی قیادیەوە بتوانی ئەوانەی کە لای خۆت هەیە بیگەیەنێ، بتوانی لە خەڵکی وەرگری وە تەقبولی ئاخیر بکەی کە ئەمانە هەمووی خۆی ئەبینێتەوە لە ناو ئەم قانونە (بشکل او بأخر) من وا بە باش ئەزانم یا ئەوەتا وەکو ئاهەنگ خان گوتی تەحدیدێکی تایبەت نەبێ، بەلأم بۆ ئەوەی قانونەکە زیاتر شوێنی خۆی بگرێ جەنابی وزەزیر لێرەیە باشتر لە بوارەکەیا، چونکە بە عەمەلی ئەزانرێ کامە لەگەڵ ولأتی ئێمە ئەگونجێ، من وا ئەبینم ساڵێك بێ (قابل للتجدید)، چونکە ئەگەر

بێت و ئەو ساڵە نەجاحەتی هێناو ورێك و پێك بوو ئەم وەسائیلە دەروونیانەی زانی تێپەڕ بێت و شێوەیەکی تایبەت لە تەشخیص کردن بێ بۆ ئیدارە کردنی ناجێگیر بۆ ئەمانە با تەجدید ببێت لە دووەم شت ئەو ئیدارە کردن (من قبل أحد المتخصصين للعلاج النفسی وله خبره لاتقل عن خمس سنوات) ئێمە تەبیب نەفسیمان ناوێ، هەر کەسێك بێ مختص بێ، با ئیختصاصی بێت، ئیختصاصەکەی بە دەورات وبە شەهاداتی تایبەت بۆ ئەم عیلاجی نەفسییە بەکار دەهێنرێ وەلەهەمان کاتیشدا خبرەی هەبێ، ئێمە مودیر عامێك دائەنێین لە شوێنێك بۆ ئیدارەکردنێکی تایبەت ئێمە (لایقل عن عشر سنوات) وە (خمس عشر سنه) بەکاری ئەهێنین ئەی ئێمە لە شوێنێکی نەفسی کە ئەساس و بنیات دا بۆ ئەوەی کۆمەڵگایەکی تەندروست، مروڤێکی تەندروست دروست کەین، بۆ ئەوەی لەو موعاناتانەی کەم بکەینەوە وا ئەزانم یەکێ لە شەرتەکانی ئەوە بێ ئەگەر مختص بێ لەهەمان کاتدا خبرەی هەبێت ئەو دوو پێشنیازە لەلای لیژنەی هاوبەشەوە ئەگەر وەرگیرا بنووسێتەوە، ئەگەر جەنابی وەزیریش وەڵامێکمان بداتەوە،ئیتر سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆك:**

فەرموو جەنابی وەزیر.

**بەڕێز د.ڕێکەوت حەمە رەشید/وەزیری تەندروستی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە نەخۆشخانەی دەروونی هەولێر، بەڵێ هەندێك کێشەی هەبوو، بەڵام چارەسەرمان کردووە، ئەمن حەز دەکەم لیژنەی تەندروستی پەرلەمان بچێ سەردانی بکاتەوە کەل و پەلی تازە وەرزشمان بۆ کڕیوە، خەڵکمان بۆ دامەزراندووە، ئیهتمام بە پاك و تەمیزی وشتی نەخۆشیەکان دەدەین، من حەز دەکەم خۆتان سەردانی بکەن و نەخۆشەکان بەرەو باش بوون دەچن، بەرەو خراپبوون ناچن، سەبارەت بەوەی ئێمە هیچ مۆڵەتێکمان نەداوە بە کەس لە ماڵ نەخوش ببێنێ، بە ڕاستی قوربان ئەوە مەوزوعێکە پەیوەندی بە هەمە لایەنەوە هەیە, وەزارەتی تەندروستی وەزارەتێکە تەنفیزی نییە، حەزدەکەم ڕۆژێك سەردانم بکەی چەند کتابێکت پیشان دەدەم، کیتابم کردووە بۆ جیهاتی موختەص ئەو شوێنە وا لێ بکەن دوای ئەوەش هیچ قوەتێك لە دونیا، هیچ دەسەڵاتێك لە دونیا ناتوانێ کابرایەك لە ماڵی خۆیا نەخۆش ئەبینێت تۆ مەنعی کەی؟ نازانم هەنگی نا خۆ دەکرێ مەسەلەن چەندەها نموونە هەیە لە سلێمانی لە کەڵەك هەمانە بەڕاستی ئەوەش پێم وایە ئیشی هەماهەنگی لە بەینی وەزارەتی تەندروستی و وەزارەتی ناوخۆ و وەزارەتی ئەوقافیش مامۆستا ئاینەکانیش پێویستە خەڵك ڕێنمایی بکەن کەئیشی مامۆستایانی ئاینی نیە چارەسەری خەڵك بکەن، سەبارەت بەوەی کە بۆ پێنج ساڵ مان داناوە، ئێمە عادەتەن سەقفی موڵەت، لای ئێمە دو سەقفی مۆڵەت هەیە، مۆڵەتێکی درێژ خایەن کە پێنج ساڵە وە مۆڵەتیش هەیە کە ساڵانە بۆ نەخۆشخانە ئەهلیەکان تازە دەکرێ کە یەك ساڵە ئەگەر ئێوە پێتان باش بێ بیکەین بە سێ ساڵ، ئێمە ئەکەین بە سێ ساڵ دەبێ لە قانونەکە بینووسین کە موتابەعەی دەوریان بۆ بکرێ، بەدواچوونی دەوریان بۆ بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز عبدالسلام مصطفى صديق:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پـێش ئـەوەی بچمە نـاوەڕۆكی مـادەی سێ وە مـاددەی چـواریش، سـەرنجی بـەڕێزتان وەبـەڕێزانی لیژنـەی هاوبەش بۆ خاڵی یانزەمی مادەی هەشت را ئەكێشم، دانانی پێوەر بۆوەرگرتنی ئیجازەو بـەكارهێنان و (الى اخره) واتا بزەبت جێگا تەبیعەكەیتی یەكێك لە موهیمەكانی ئەنجومەن پێوەر دانان و تەرخیص دانـە، تـۆ بەخۆت بەبێ تەعلیمات بیكەی، بۆیە (اولا) دەبینم ئەو ماددەی سێ و چوارە جێگایان تـەبیعی نیـە، دەبـوا پاش تەعریفی ئەنجومەن و ئەنجومەن بێن نە لەسەرەتاوە، چونكە ناوی فەصلەكە ئەصلەن ناوی ناگونجێت لەگەڵ ئەم دوو مادەیە( نطاق سريان القانون) كەچی دێتن راستەو خۆ پێمان ئـەڵێت نـابێ تەشغیل بكـرێ ودەبێ وا بێ، دەبێ یەك نسخە بێ، بۆیە پیشنیاری یەكەمم ئـەم هـەردوو ماددەیـە سـێیەم و چـوارەم بچـنە پـاش مـاددەی دەهـەم، ئەمـە یەكـەمین پێشـنیارم، پێشـنیاری دووەم چ بیمینێـت لێـرە و چ نـەمینێت؟ هەرچەندە من داعی نـابینم بـۆ هـەردوو ماددەكـە مـن تەئیـدی جـەنابی وەزیـر دەكەمـەوە دایمـەن ئـەوەی تحدید ئەكرێ (أحد الاطباء النفسيين) پاشان ئیدارەیە، من ئەتوانم ئیدارەیەكی باش بم، بەلاَم من مختـەص نەبم لەم بوارە ئەوە مەفهومێكی زۆر لە وەختی ئەرستۆوە، مـن ئـەتوانم ببمـە وەزیـری تەندروسـتی، باشـە ئەگەر ئیداریەكی باش بم ئەمە یەك و دووەمیان ئەم پێنج ساڵە دوو سـاڵە، بۆچـی ئێمـە ئـەم یاسـا (تقیـد) دەكەین هەر وەختێك لە رووی عەمەلییەوە زانیمان دەبێ یەك سـاڵ بـێ یـا دوو سـاڵ بێـت هەڵسین پـرۆژە یاسایەك پێشكەش كـەین ئـەم چشـتانە بـە تەصوری مـن تێـدا نـەبێتن، ئـەو (مـدە) چشتەكە، سـێیەمیان جارێكی تر ئەو پێشنیارەی گەشە خان كە ئەمن تەئیدم كرد لێرەش شەرحم كرد ئەگەر سەركەوتوو نەبین تووشی كێشەیەك ئەبین، لێـرە ئـەم یاسایە رێگا نـادات بـەو ماددەیـە كـە ئـەم سـەنتەرانە یـا ئـەو پرۆژانـە بەتەصوری من سەركەوتوو دەبن رێزم هەیە بۆ هەیكلیـەتی ئیـداری هەمیشـە ئـەو پروژانـە سـەركەوتووتر ئەبن، چونكە بنەمای ئیشی خێـر خـوازی وایـە یـەعنی ئەگـەر(لايجوز ادارة الا بنـاءا على تـرخيص وزارة) هەمووی ئەوانە جارێكی تر بابڵێم سەنتەری تۆژینەوە، مافی مرۆڤە یان پەرەپێدانی تواناكانە لە كوردستان فەندێكمان وەرگرت لە هەر جێگایەك خۆیان دكتۆریان پێیە ماددەیـان پێیـە، هـەموو چشـتیان پێیـە، مـاوە سێ مانگ ئێمە لە جێگایەك لە دهۆك دانیشن وە عیلاجی نەفسی دەكەین نە موسەجەلم نـە مەركـەزم نـە تیمم، بەلاَم ئیشەكە ئەكەین بەپێی بواری خۆم، بۆیە جارێكی تر رجا ئەكەم وەكو واتا پێشـنیاری مـن ئـەم ماددەیە بچێتە پاش ماددەی یەكەم ماددەی سێ و چوار، چونكە حەل جێگای تـەبیعی خۆیـەتی، دووەمیـان ئەگەر بكرێ ئەسڵەن هەر نەبن، چونكە بەندی یانزە لە مادەی هەشت زۆر سەریحە ئەوەی ئـەو ئیشـە دەكا با بە تەعلیماتی ئەنجومەن بە خۆی ئەو شتانە دانێت، چوار مانگ بێت، سێ ساڵ بێـت، مـدیر بێـت، مـدیر نەبێت، ئیتر ئەڵێم ئەو ئیدارەی (أحد الاطباء النفسيين) ئەوەی پێنج سـاڵ نـەبیت، وە موشـكیلەی ئەوانـەی كـە فیعلـەن تەسـجیل نـابن وەكـو موئەسەسـەی فیعلی حـەل ناكـات واتابـەو ماددەیـە رێگـا نـادەین بـەهیچ پروژەیەك لەم بوارە دا، سوپاستان ئەكەم.

**بەڕێز حسن محمد سور/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان**

من لێرە هەر ئەو صلاحییەتم هەیە بڵێم ڕێگای لیژنەی یاسایی و موشتەرەك هاوبەش دەدەین کە نیسبەی دفاع خۆیان پێدابچنەوە، ئەوانی تر بێ دەنگ وەربگرێ.

**بەڕێز نەژاد عزیز سورمێ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە هەندێك مادە هەر لەو قانونە هاتووە مستشفی لە هەندێك کراوەتەوە موئەسەسە، باسی مەراکز دەکرێ وباسی بنکە دەکرێ یەعنی بەراستی ئەوە داوا لە لیژنەی قانونی دەکەم ئەو مەوزوعانە توحید بکرێ، ئەوە یەك، ئەو ماددەیە بەراستی رەئی من بکرێتە دوو بەش

(أ، ب) چونکە نازانم لە قانوندا (و فی جمیع الحالات) تۆزێك وارد نییە نازانم دکتۆرە رۆژانیش باشتر لەمن دەزانی زۆر وارد نییە ئەو فکرەی (جمیع الحالات) مەسەلەن لە یەکەمیان أ* (لایجوز للادارة تشغیل اي مؤسسة من المؤسسات) جا تەبعەن بێجگە لە موستەشفەیات یان (المراکز الخاصە) مودەکە بەرەئی من لە (سنتین) زیاتر نەبێتن، یەعنی بە حەقیقەت پێنج ساڵ واز لەوە بینی بە راستی با بڵێین بەدواچوونێکی بەسەردا نەبێت خاصەتەن ئەو نەخۆشە نەفسییەش، یەعنی تۆزێك وەستاوە بە حەقیقەت، ب* (جمیع الحالات) نەمێنێ یەکسەر بکرێتە (یتولی ادارة المؤسسة او المستشفی او المراکز الخاصة احد الاطباء النفسیین) دوایش (الجهات المختصة عن ما یقع من مخالفات فیها) چونکە موئەسەسە هاتووە پێویست ناکا جارێکی تریش دووبارە بکرێتەوە.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو شلێر خان.

**بەڕێز شلێر محمد نجیب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەنسبەت ئەم مادەیە فیعلەن من تەئیدی زۆر لەبۆچوونەکانی کاك عبدالسلام دەکەم لەمادەی هەشت لەبرگەی یانزە حەلی کردووە ئەو مەوزوعی ترخیصەکە، ئەو مودەیەی کەباسیش کرایە بۆی بەو شێوەیە نەبێت، بەس ئێمە ئەنجومەنەکە هەتا ئێستا دیار نیە ئەو خەڵکە کە لەگەڵیان لەوەزارەتەکانی تر کە ئەچن یەعنی هەیکەلەکەیان لەبۆ روون کردۆتەوە ئەگەر لە وەزارەتەکانی تر بێ من بە بەڕێز جەنابی وەزیر ئەڵێم یەعنی خۆی فیعلەن ئەم دووانە هەر نەمێنێ بۆ ئەوەی ئەو ئەنجومەنە روون بێ لەبەر چاومان، تۆ ئەبێ لە وەزارەتێك پێشمەرگەی تیا بێ، وەزارەتی داخلی تیا بێ، عەدلی تیابێ، باشە هەر کەسێك بتوانێ بێ ئێمە خۆمان لە وڵاتێك دەژین کە مەوزوعی مەناصب و لەقەبی شهادە زۆر مهیمە یەعنی مەسەلەن لە جامیعەی ئەو دالە سحریەی پیوە نەبێ ئەوا قەت ئیحترامی ناگیرێ کەسیش بە گوێی ناکا، لەبەر ئەوەی ئێستا تۆ دانیشی لە وەزارەتی پێشمەرگە پیاوێکی عەسکەری دانێ قەت بڕوا ناکەم ئەو ئەنجومەنە پابەند بێ بە یەکێك، یەعنی مەسەلەن ئەوە پلەدار نەبێ دوای ئەوەی لەبەر دەمی جیهاتی

موختسا باسی موخالەفات دەکرێ دەبێ ئەو کەسە وابێ یان وا نەبێ بە توانا بێ کە موخالفەیەك کرا سبەینێ جهاتی موختصە جهاتی قەزاییە، ئەبێ ئەوەندە توانای هەبێ بتوانێ دیفاع لەو شتە بکا ئەو موخالفەیە چۆن بوو مەوزوعەکە لێرە نەفسی نییە، هەرچەندە لێرە مەسئولی قسمی مەسلەن توبی نەفسی لە جامیعەکە، چونکە وەزارەتی خوێندنی بالآی تیایە ئیحتمالە وەزیر لەگەڵمان نییە لەوە ئەڵێ هەر کەسێك نەفسی بێ هەر چەندە لێرە توێژەرەوەی کۆمەڵایەتی بتوانێ بەس بڕوا ناکەم بتوانێ بە باشی ئیش بکا و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك جمال.

**بەڕێز جمال طاهر أبراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەگەر بێت و سەیری ئەم یاسایە بکەین بەراستی زۆر ماددەو و زۆر فەقەرە هەیە ئیحتمالە لە شوێنێك بڕواتە شوێنێکی تر وەك ئیستا مامۆستا عبدالسلام باسی کرد، من پشتگیری دەکەم زۆر فەقەرات هەنە من نارۆمە تفاصیل ئەگەر بێن و سەیری ئەو ماددەیە بکەین ئەو ماددەیە بە باشتر دەبینم بکرێتە دوو بەش وەك هاورێ کاك نەژاد باسی کرد وە پێم باشە ئەگەر نەصێکی بەدیل بنووسی بڵێین ماددەی سێیەم أ*( ادارة وتشغیل اي مؤسسة من مؤسسات الصحة النفسیة وتکون بناءا علی ترخیص من وزارة الصحة، الغاء الترخیص او ادامته یکون بناءا علی تقیم وزارة الصحة لاداء المؤسسة) ئەمە یەك ب* (یتولی ادارة المؤسسة مدیر حاصل علی شهادة البکالوریوس أو فما فوق في اختصاص ادارة المستشفیات ویکون مسؤلا امام الجهات المختصة فیما یخص سیر العمل) نەك (في حالة حصول المخالفات)، وە زۆر سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆك:**

فەرموو کاك صباح.

**بەڕێزصباح بیت الله شکری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەنیسبەت مادەی سێ من مولاحەزەم لەسەر ئەوە هەیە (یکون الترخیص لمدە خمس سنوات قابلە للتجدید) من لەگەڵ ئەوە نیمە وەقت دابنرێ بۆ ئەمە چونکە موئەسەسەتێکە خزمەت پێشکەش دەکا چەندین ساڵ بەردەوام بێتن من لەگەڵ ئەوەمە (مدە خمس سنوات) نەمێنێتن ئەسلەن مودەکە نەمینێتن، مەفتوح بیتن چونکە موئەسەسەتێکە خزمەت پێشکەش دەکات، رەنگە زیاتر لە پانزە ساڵ بێ یان کەمتر بێتن پێویست بە وەختەکە ناکاتن کە دەڵێت (قابلە للتجدید) کێ مافی وی هەیە (تجدید) بکاتن وە دەبێ دیاری بکرێتن جەنابی وەزیریش ئەوەی گۆت حەسر ناکرێ بە دکتۆری مختەص یەعنی دکتۆری نەفسی کراوە بیتن چەند بەرێزی تریش پێشتر ئەوەیان کرد کە کراوا بیتن، و زۆر سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو د. صباح.

**بەڕێز د.صباح محمد نجیب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەشێك لەو قسانەی ئەم ویست بیکەم هاوکارانم پێشکەشیان کرد، تەئیدی بەڕێز کاك عبدالسلام ئەکەم کە باسی ئەوەی کرد کە ئەو ماددەیە تەنسیقی نیە لەگەڵ عینوانی یەعنی کە باس نیتاقی سەرەیانی قانون دەکەین ئەبێ هەموو ئەو ماددانە لە ژێر ئەو عنوانە کۆ دەبنەوە بچنە ئەو بابەوە، ئەمەیە لێرەیا موتابقە نیە لە بەینی عنوان وە لەبەینی معەنوەن لەلایەکی تریشەوە مادەکان هەر پێویست نین بەو شێوەیە،چونکە مەرج نیە ئێمە لە قوانینە بچینە ناو هەموو وردەکاریەکانەوە بەشێك لەو وردەکاریانە بە جێدەهێڵین بۆ تەعلیمات، بۆ ئەنزیمە، بۆ ئەو شتانە، بەلاّم ئەگەر ماددە بمێنێتەوە بەو شێوە ماددە صیاغەکەی موەفەق نییە، چونکە هەر من ئەیخوێنمەوە کەدەڵێ (لایجوز ادارة اي مؤسسة من مؤسسات الصحة النفسية وتسجيلها) ئەگەر تسجیلەکە عەتف کەینەوە سەر (لایجوز) یەعنی نابێ تسجیل بکرێ بۆیە لێرە نابێ بڵێین (وینبغي تسجیلها بسجلات عامة) یەعنی لێرەدا موەفق نەبوو صیاغەکە دێنە سەر وشە موئەسەسە، بەراستی لێرەدا مەعنای لوغەویەکەی مەبەستە هەر کام لە موستەشفەیات، عیادات، مراکز لەژێر عینوانی موئەسەسە کۆ دەبیتەوە نابێ بەرەخنە لەسەر مەوزوعەکە، دێینەوە سەر ئەو ساڵانەی دەڵێ(لمدة خمس سنوات قابلة للتجدید) لە راستیا تەئیدی ئەو رەئیە دەکەم کە ئێمە تەرخیصی موئەسەسە بۆ ماوەی پێنج ساڵ نەبێ، ئەم مەوزوعە لابرێ، بەلاّم ئەو حەقە بدرێ بەو جیهەتەی کە تەرخیص دەدا، هەر کاتێك کە موخالەفاتێکی بینی بەو ئوسلوبەو بەو رێکارانەی کە موتەبەعە رەنگە (انذار) بدات دوایی دایبخا بەو شێوانە، یەعنی حەقی سەحبی ئیجازە، سەحبی وترخیص بدرێ بەو جیهەتەی کەهەیە ئەوەش دەدرێ, تەئیدی ئەو رەئیە دەکەم کەبەڕێز کاك جمال باسی کرد کە ئەو کەسەی ئەبێ بە مەسئوول مودیری ئەو موئەسەسەیە تەنها مەسئوول نییە لە روودانی موخالەفات، وا نییە ئەبێ مەسئوول بێ لە هەموو کاروبارێك تەبعەن ئەمە وەکو تەحصیلی حاصل وایە, شتێکە لازمە، خاڵێکی تر کەپشت گیری لێئەکەم ئێستا لەمەسەلەی بەرێوەبردنی خەستەخانەو کاری مراکزی صیحەی نەفسی وەکو ئیختصاصێکی لێهاتووە, ئەوە نییە کە حەتمەن ئەبێ پزیشکی دەروونی بێ, حەتمەن بۆخۆی بووە بە ئیختصاصێك, ئەگەر ئەوەی حەتمەن لێرە تەسبیت بکەین کەسێك بێ کە موختەص بێ لە بەرێوەبردنی سەنتەری تەندروستی دەروونی کە ئەمیش وا ئەکا وەزارەتی تەندروستی لەگەڵ وەزارەتی خوێندنی باڵا تەنسیقێ بکەن بۆئیحداسی بەشێك بەو عینوانە بە عینوانی بەرێوەبردنی خەستەخانە وبنکەکانی تەندروستی دەروونی، کەواتە کورتی بیکەینەوە فیعلەن بەشێك لەو پیشنیارە پێشکەش کرا تەئیدیان ئەکەم وە دێنە سەر ئەوەی ئایا ئەو ماددانە کە بەخۆیان پێویستن یان پێویست نین فیعلەن لێرەدا نەبن، بەلاّم ئەگەر دوای رێکبخرێ لەلایەن لیژنەی هاوبەشەوە تەرتیبێکی تری بۆبکرێ جێی رەزامەندنی زۆرتر ئەبێ، وە زۆر سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو كاك ڕێباز.

**بەڕێز ڕێباز فتاح محمود:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

زۆرترین تێبینیەكان لەسەر ماوەی مۆڵەتەكەیە ئایا پێنج ساڵ بێت یا خود كەمتر بێ لەوە، هەرچەندە ئێمە وەكو لیژنە لە ڕاپۆرتەكەی خۆمان تەئیدی مادەكەمان كردووە وەك خۆی بیمێنێتەوە، بەڵام پێشنیاری ژمارەیەكی زۆر لە ئەندامان دەكرێت بیخەیتە دەنگدانەوە، سەبارەت بەوەی كە پزیشكی دەروونی بێت یاخود نا؟ پێشنیارێ تر هەبوو كە ئیدارەی موستەشفەیات خۆی ئەم ئەركە لەڕاستیدا ئەركی ئیدارەی موستەشفەیاتە بەڵام ئێمە لە كوردستاندا ئەم ئیختصاصەمان نییە لەبەرئەوەی ئەگەر هەشبێ زۆر كەمە بەشی ئەوە ناكەن كە ئەسڵەن نەخۆشخانەكانی شارێك بەڕێوەبەر لەهەرێمی كوردستان، لەبەر ئەوە بەدیل بۆ ئەوە دۆزراوە كەپزیشكە دەروونیەكان بێت، بەڵام ئەكرێت ناوی كەس نەهێنین ئەگەر لەداهاتوودا ڕێژەی ئەو كەسانەی لە ئیدارەی موستەشفیات گەیشتە ئەو ئاستەی هەموو نەخۆشەكان پێی بسپێرین، ئەو كاتە بدرێ بە ئەوان بەڵام ئەگەر بشڵێین پسپۆری دەروونی دیسانەوە غەلەتە، چونكە ئەركەكە لە ئەسڵەوە ئیدارەی موستەشفیاتە ئەكرێت ناوی كەس نەهێنین بۆ ئەوەی كە لەداهاتوو وەزارەت بۆ خۆی بە گوێرەی ئیختصاصی هەر كەسێك بۆ ئیشەكەی خۆی ئەوە دیاری بكات زۆرترین تێبینەكانی تر هەر لەسەر مۆڵەتەكانە، بەڵام پێشنیارێكی تر هەبوو كە سێ كەس تەئیدیان كرد ئەوەیە كە مادەكە هەر نەمێنێ پێویست ناكا، لەبەرئەوەی كە ئەمە دەسەڵاتی ئەنجومەنە یاخود دەسەڵاتی وەزارەتە كە دیاری بكات، ئایا سەنتەرەكە بۆماوەی چەند ساڵ ئەتوانێ بەو مۆڵەتە كاری خۆی بكات؟ ئەو پێشنیارەی ماددەیە بخرێتە دواترەوە، ئەگەر مایەوە ماددەكە كە بخرێتە دوای ماددەی دەیەمەوە، لەوە هیچ كێشەیەكمان نییە، ئەكرێ ئەگەر وا باشتر بێ دوایی ماددەكان دابرێژێتەوە، پێم وا نییە ماددەكان ڕێگری هەبێ لە مونەزەمات، چونكە نەك لێرە هەر لە وڵاتێكی پێشكەوتوو، هیچ كەسێك یان سەنتەرێك، یا نەخۆشخانە یا كۆمەڵە كەس ئەوەی ئێستا لە هە رێمی كوردستاندا ئیشێكی نائاسایە هەنگی نا لە هیچ وڵاتێك ڕێگا بەتەنها كەسێكی نادرێ كاری پزیشكی بكات ئیتر هەر بابەتێك بێت ئەنجام بدات كاری تەندروستی بێ ئەنجام بدات، ئەگەر مۆڵەتی ئەو وڵاتەی نەبێت تەنانەت زۆربەی وڵاتان ئەبێت تاقی كردنەوەی ئەو وڵاتە ئەنجام بدات ئەو كاتە تۆ بۆت هەیە كار لەو وڵاتە ئەنجام بدەی نەك ئەوەی ئێمە ڕێگا بدەین هەر مونەزەمەیەك بێت بە ئارەزووی خۆی بەبێ ئەوەی تەنسیق بكات لەگەڵ حكومەت یا لایەنی بەرپرس كار لەسەر تەندروستی هاووڵاتیان بكا ئەوە كارێكی غەڵەتە، بۆیە پێویستە مۆڵەت وەرگرن، بەبێ مۆڵەت نابێ كەسێك ئەو كار بەرێت بەڕێوە، تەصور دەكەم هەر تێبینیەكانی ئێمە ئەگەر تێبینی یاسایی بێت .

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێستاش چەند پێشنیارێك هەیە دەیخەنە دەنگ دان، یەکەم بەنیسبەت ئیدارەی موئەسەسەکە دکتۆری نەفسی بیکا رەئیەك هەبوو کە شەرت نییە دکتۆری نەفسی بیکا، دەیخەنە دەنگدان لەئەسڵی پرۆژەکە هاتووە ئەگەر دەنگە وەرنەگرت ئەم دێرە باسی ئیدارە دەکا لایدەبەین، کێ لەگەڵ ئەوەیە ئیدارەی موئەسەسەکە دەکا شەرت نەبێ کە تەبیب نەفسی بێ؟ کێ لەگەڵ نەبوو؟ تەنها یەك ئەندام بەزۆرینەی دەنگ قبول کرا شەرت نییە تەبیب نفسی بێ.حالاَتی دووەم مودەی روخصەتەکە رەئیەك هەبوو عەلەساس سێ ساڵ بێ وە پێنج ساڵ کەمتر بکرێ بۆ سێ ساڵ هەش بوو ئەڵێ تەحدید نەکرێ، جارێ ئێمە سێ ساڵەکەی دەخەینە دەنگ دان .

**بەڕێز د.رۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشنیارەکە ئەوەیە لەناو یاسایەکە تەحدید نەکرێ، بۆ نییە تەحدید نەکرێ، ئێمە هەردوو لیژنە دانیشتووە بەتەعلیمات یاخود مەجلیس مودەکە دانێ لەناو یاسایەکە، چونکە ئەگەر سێ ساڵەکە یان پێنج ساڵەکە بخەیتە دەنگدان، ئەگەر دەنگی هێنا دوای ئەو پێشنیارەی دواتر کەبە تەعلیمات رێك بخرێ، ئەوا هیچ قیمەتێکی نامینێ.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو جەنابی وەزیر.

**بەڕێز د.رێکەوت حەمە رەشید/وەزیری تەندروستی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێم باشە ئەگەر ئەندامانی پەرلەمان ئەوەیان پێ زۆرە لە پێنج ساڵەوە بکرێ بە سێ ساڵ، چونکە ئێمە هەندێ رێکخراوی نا حکومی هەیە سێ ساڵ ئیشکەن هەنگی نا مۆڵەتیان نادرێ مەسەلەن کابرایەك دێ ئێمە مەشغول بکا و مۆڵەتی بدەینێ دوومانگ بێ و بڕوا ئەو کاتە نابێ، بەلاَم ئەگەر تۆ ئەو مودەیە تەحدید کەی سێ ساڵ ئیش دەکا ئینجا ئەڕوا بۆ شوێنی خۆی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگیری سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێمە ئێستا سێ ساڵەکە دەخەینە دەنگدانەوە، کاك عبدالسلام جەنابی وەزیر تەوزیحی کرد ئەم سێ ساڵە بۆ صاڵحی نەخۆشی نەفسیە مەرکەزێ دێ بە حیلە دوو مانگ یان سێ مانگ مەرکەزێك بۆ تۆ دەکاتەوە ئەبێ روخسەتیش بدەی تۆ لەو حالەتە شروتەکە لە صاڵحی وەزارەتە، بۆیە لە سێ ساڵ کەمتر نەبێ پێنج ساڵ یان سێ ساڵ ئێوە قەرار دەدەن,کێ لەگەڵ ئەوەیە باسی مودەکە نەکەین بیست و حەوت ئەندام لەگەڵ ئەوەیە باسی نەکەین کێ دژە؟ دە ئەندام دژە لەبەر ئەوە باسی ناکەین. فەرموون صیاغەی ماددەکە بخوێننەوە .

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو دارشتنە لەلایەن هەردوو لیژنە کرا، مادەی سێیەم کرا بە دوو برگە

**المادة الثالثة:**

أولا: ادارة مؤسسات الصحة النفسية التى تسري عليها أحكام هذا القانون تكون و بناءا على ترخيص يصدر من وزارة الصحة على ان تسجل في سجلات مجلس الصحة النفسية وفق شروط وأجراءات تحددها المجلس .

ثانيا: تحدد بتعليمات تصدرها الوزارة شروط واجراءات منح و تجديد والغاء الترخيص.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەو صیاغەی کە خوێندرایەوە کێ لەگەڵە؟ بە کۆی دەنگ ئەو مادەیە قبول کرا . فەرموون بۆ مادەیەکی تر.

**بەڕێز بێریڤان ئیسماعیل سەرهەنگ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**المادة الرابعة:** يجب أن يكون لدى كل مواطن مؤسسة من مؤسسات الصحة النفسية سجل خاص للمرضى النفسيين أيا كان سبب دخولهم المستشفى على ان يكون من نسختين تتضمن البيانات الخاصة بكل مريض وتحدد التعليمات الصادرة لتنفيذ هذا القانون البيانات والمدة التى يجب الاحتفاظ بها في سجل لدى المؤسسة.

ويكون مجلس عامة للصحة النفسية الاطلاع على سجلات المشار اليها للعمل بها وفقا لاحكام هذا القانون مع الاحتفاظ بسرية المعلومات.

**بەڕێز نیشتمان مرشد صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**ماددەی چوار:** پێویستە هەر دەزگایەك لە دەزگاکانی تەندروستی دەروونی تۆمارێکی تایبەت بە نەخۆشە دەروونیەکانی هەبێت بە هەر هۆیەك هاتبنە دەزگاکەوە.بەمەرجێ بە دوو دانە بێت و ڕوونکردنەوەی تایبەت بەهەر نەخۆشێك لەخۆ بگرێت ڕێنماییە دەرکراوەکان بۆ جیبەجێکردنی ئەم یاسایە دەستنیشانی ڕوونکردنەوەکانی ماوەی پێویست بۆپاراستنی لە تۆمارەکانی دەزگادا بکات.

دەستەی گشتی تەندروستی دەروونی بۆی هەیە سەیری تۆمارەکانی ئاماژەپێکراو بکات بۆ کارپێکردن پێی بەگوێرەی حوکمەکانی ئەم یاسایە .لەگەڵ پاراستنی نەهێنی زانیاریەکان.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو ئەڤین خان.

**بەڕێز ئەڤین عمر أحمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە لەسەر ماددەی چوارم هیچ مولاحەزەیەك نییە.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو د. رۆژان.

**بەڕێز د.رۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە لە راپۆرتەکە هەردوو لیژنە وامان تۆمار کردیە کەوا تێبینیمان لەسەر نییە دوای ئەوەی کە ماددەی سێیەم بەو شێوە دا بڕێژرێ تەرخیصەکە درا تەعلیمات و یەعنی بە تەعلیمات رێکبخرێ ئەو بابەتەش کە سجلاتە تەنها باس لەسجلات دەکا باس لەوەی دەکا کە تەعلیمات دەردەچوێنرێ پێشنیاردەکەین کە ئەو مادەیە (الغاء) بکرێتەوە، پێویست ناکا مادام وەزارەت دەسەلأتی تەعلیماتی هەیە تەنها باس لە مەسکی سجلات دەکرێ ئەوە پێشنیاری الغاء کردنەوە دەکەین, وە زۆر سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو جەنابی وەزیر.

**بەڕێز د.رێکەوت حەمە رەشید/وەزیری تەندروستی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش پێم باشە (الغاء) بکریتەوە، ئیشی خۆمانە، سجلات لە هەموو شوێنێك هەیە نەك هەر لە نەخوشخانەی دەروونی لەهەموو شوێنێك سجلاتی نەخۆش هەیە وە تۆمار ئەکرێ، لەبەر ئەوە پێم باشە لاببرێ، وە زۆر سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ لەگەڵ ئەوەیە کە ئەو مادده (الغاء) بکرێ؟ کێ لەگەڵ نییە؟ تەنها یەك دەنگ بە زۆرینەی دەنگ (الغاء) کرا. بۆ مادەیەکی تر

**بەڕێز بێریڤان أسماعیل سەرهەنگ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**المادة الخامسة :**

**تأسيس مجلس للصحة النفسية**

**تأسس بقرار من الوزير مجلس تسمى ب (المجلس العامة للصحة النفسية) وتشكل على الوجه التالي:**

**اولا: رئيس الهيئة ويشترط أن يكون طبيبا نفسيا أستشاريا مختصا لاتقل خبرته عن عشر سنوات في مجال تخصصه.ويعين بدرجة مدير عام**

**ثانيا: اعضاء المجلس ويكون بمستوى مدير عام أو معاون مدير عام أو خبير يمثلون الوزارات والجهات الاتية:**

1- **البيشمركة**
2- **الداخلية**
3- **العمل والشؤون الاجتماعية**

4- الصحة:يمثلها طبيب استشاري او اخصائي اقدم في الطب النفسي
5- التعليم العالي والبحث العلمي
6- التربية
7- هيئة حقوق الانسان
8- نقابة الاطباء
9- العدل
10- أثنان من ذوى الخبرة والاختصاص في مجال الطب النفسي يختارهما رئيس المجلس لمدة سنتين قابلة للتجديد مرة واحدة

ثالثا: مدير مكتب المجلس ويكون مقررا لها

رابعا: للمجلس دعوة من تراه من الخبراء داخل الاقليم أو خارجه للأستعانة برأيه فيما يعرض عليها من موضوعات.

**بەڕێز نیشتمان مرشد صاڵح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دەروازەی دووەم :

دەستەی گشتیی تەندروستی دەروونی

بەشی یەکەم /

دامەزراندنی دەستەی گشتیی تەندروستی دەروونی

مادەی (5)بە بڕیاری وەزیر دەستەیەك بە ناوی (دەستەی گشتی تەندروستی دەروونی)دادەمەزرێت و بەم شێوە پێك دێت:

یەکەم : سەرۆکی دەستە مەرجە پزیشکی دەروونی راوێژکاری پسپۆربێت و شارەزایی لە دە ساڵ کەمتر نەبێ لە بواری پسپۆریەکەیداو، بە پلەی بەڕێوەبەری گشتی دابمەزرێت.

دووەم : ئەندامانی دەستە، بە ئاستی بەڕێوەبەری گشتی یان یاریدەدەری بەڕێوەبەری گشتی یان شارەزا دەبن، نوێنەرایەتی وەزارەتەکان وئەم لایانە دەگرێتەوە:

1- پێشمەرگە
2- ناوخۆ
3- کارو کاروباری کۆمەلأیەتی
4- تەندروستی: پزیشکێکی راوێژکاری یان پسپۆری پێشکەوتوو لە نەخۆشی دەروونیدا نوێنەری دەکات
5- خوێندنی بالأ وتوژینەوەی زانستی
6- پەروەردە

7- دەستەی مافی مرۆڤ

8- سەندیکای پزیشکان

9- داد

10-دوو شارەزاو پسپۆر لە بواری پزیشکی دەروونی ,سەرۆکی دەستە بۆماوەی دووساڵ هەڵیان دەبژێرێت، بۆی هەیە جارێك نوێ بکرێتەوە

سێیەم: بەرێوەبەری نووسینگەی دەستە، دەبێتە بڕیاردەری

چوارەم: دەستە بۆی هەیە داوەتی کەسان لەشارەزایانی ناوەوەو دەرەوەی هەرێم بکات بۆ پشت بەستن بەڕاکانیان بۆ ئەو بابەتانەی دەخرێتە دەمیان.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان.**

لەهەر شوێنێك هەیئە بێ دەکرێتە مەجلیس، لەراستی بەنیسبەت ئیعادەی صیاغە دوای قسەی ئەندامان دەکرێ، بۆیە پێویستە ئێوە قسەی لەسەر بکەن، راستە ئێمە ئێستا پێشتر ناوەکەمان گۆڕیوە، ئێستاش قسە لەسەر خودی ناوەڕۆکی مەوزوعەکە دەکەین چی دەهێڵنەوە؟چی(الغاء) دەکەن؟ ئەوە صیلاحیەتی ئێوەیە, دوای ئەوە ئینجا صیاغە دەکرێتەوە. با لیژنە رەئی خۆی بدا

**بەڕێز د.رۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بەو برگە مادانەی کە مایە لە ماددەی پێنجا تا ماددەی یانزە کە باس لەدەستەی گشتی دەکا ئەوەی لە ناوەڕۆکی پرۆژەی یاسا هاتیە ئەو دەستە گشتیە نییە کە وەکو وەزارەت و شەخصیە موستەقیلەی هەبێ میزانیەی موستەقیلی هەبێ، نەخێر ئەوە راستە بەناوی دەستەی گشتیە, بەلاّم بەشێکە لە پێکهاتەی وەزارەت، ئێمە داوای (الغاء) کردنمان کرد لەبەرئەوە بوو بە مدیرەیەتێکی نوێ, دروست بوو، بەلاّم ناوەرۆکی ماددەکانی ئەو دەستە گشتیە کە باس دەکرێ، باسی میزانیە و بودجەی سەربەخۆ ناکا، چونکە بەشێکە لە پێکهاتەی وەزارەت، ئەنجومەنەکەش بەشێکە لە پێکهاتەی وەزارەت تەنها هەندێك لە دەسەلاّتەکان دەستکاری پێبکرێت، پێکهاتەکان و ئەوە ئێمە هەردوو لیژنە دارشتنەوەی لە بۆ دەکەین تەنها دەسەلاّتەکان, ئەو ئەرکانەی بە هەیئەکە راسپێردراوە ئەوەی نە گونجا لەگەڵ ئەنجومەن (الغاء)ی دەکەینەوە وەراستی دەکەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێستا کاك فرست تێبینی هەیە، فەرموو.

**بەڕێز فرست أحمد عبدالله/سکرتێری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

حەقیقەت ئەو ئیلتیباسە پەیدابوو چونکە ناوی هەیئەت هاتووە نەفسی ناوی هەیئاتی ئەوەی پێیدەڵێن وەحدات لامرکزی مرفەقی، بەلاّم ئەو هەیئەیە ئەوەی لەو قانونە هاتووە فەرقی لەگەڵ ئەو مەجلیسە نیە،

چونكه بەدليلە، نە ميزانيەى هەيە, نە شەخصيەى مەعنەوى هەيە, لەبەر ئەوە ئەو هيئەيە هەر مەجليسە ئەسڵەن بەس تاكو ئيلتيباسەك پەيدا نەبێت  لە موستەقبەل وەك ئێستا ئەو ئيلتيباسە پەيدابوو ناوەكە بكەينە ئەنجومەن، يەعنى مەجليس باشترە وەكو خوى بيمينێت ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگرى سەرۆكى پەرلەمان:**

سوپاس، جەنابى وەزير فەرموو.

**بەڕێز د.رێكەوت حەمە رەشيد/وەزيرى تەندروستى:**

**بەڕێز سەرۆكى پەرلەمان.**

منيش هەندێك مولاحەزەم هەيە

1. يعين بدرجة مدير
2. پيشمەركە ,لێرە پێشمەرگە چ دەكا لێرە زيادە
3. نقابة الاطباء ، ئەوەش پێم زيادە سبەينێ نيقابەكانى تر ئەڵێن ئەى هى مـن وە نيقابـەى صيدليە دەڵێ ئەى هى ....ئيتر زۆر سوپاس.عەفوو جەنابى سـەرۆك ئـەوەى ئـەو شـەرتەش (طبيبـا مختصـا نفسيا) لەوانەيە ئەوەمان دەست نەكەوێت, زۆر سوپاس.

**بەڕێز رێباز فتاح محمود:**

**بەڕێز سەرۆكى پەرلەمان.**

لەسەر مادەى ئەسڵيەكە د.رۆژان لەسەر رەئى ليژنەى هاوبەش باسى كرد، بەلاَم لەسەر تێبينيەكانى بەرێز وەزير, نوێنەرێك لە سەنديكاى پزيشكان, ئێمە لە راپۆرتى خۆمان كارمەندمان جيا كـرد، بـەلاَم ئەگـەر راى وا بـێ كـە سـەنديكاى پزيشـكان لابرێـت ئێمـە كێشـەيەكمان نييـە سـەبارەت بـە بابـەتى ئـەوەى كـە ئەمـە هەيئەتە يان ئەجومەنە خۆى لە ئەسلاَ لەسەر شـێوازى ئەنجومـەن هـاتووە، بـەلاَم ناوەكـە بـە نـاوى هەيئـە هاتبوو، ئەگەر نا پێكهاتەى هەيئەتەكە هەر پێكهاتەى ئەنجومەنە راپۆرتى پێشتر ليژنەى تەندروستى ئێمە هەر باسى ئەوەمان كردبوو كەئەمە لەئەسلاَ ئەنجومەنە بـەناوى هيئـەت هـاتووە سـەبارەت بـە بەرێوەبـەرە گشتيەكە لەگەڵ ليژنەى ياسايى هەردوو لامان هاوڕابووين لەوەى كە پێويست ناكا پلەى بەرێوەبەرى گشتى هەبێ, ئيتر سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگرى سەرۆكى پەرلەمان:**

سـوپاس، بـەڕێزان ئێسـتاش دانيشـتنەكەمان دوا دەخـەين بـۆ رۆژى دوو شـەممەى داهـاتوو 2013/5/13 خواتان لەگەڵ.

**فرست احمد عبدالله**
**سكرتێرى پەرلەمانى**
**كوردستان – عێراق**

**د.حسن محمد سورە**
**جێگرى سەرۆكى پەرلەمانى**
**كوردستان – عێراق**